تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

ژیر

کوردایەتی
بیرو بزاڤە

منتدى إقرا الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

2006

زێر

کوردایەتی
بیرو بزاڤە

بەرچدانەوەکان بۆ بەڕێزان:

١- فرهاد رەواندزی
٢- د. کوردۆ عەلی
٣- شێرکۆ بێکەس
٤- ڕێبین هەردی
٥- د. کەمال مەزهەر
٦- ئەحمەد حامید
٧- د. حسەین عەزیز

وەڵامەکان بۆ بەڕێزان:

١- شۆڕش قادر
٢- هیمدادی حسەین
٣- گۆڤاری تایم
٤- گۆڤاری جەملوەر
٥- پەیامی مرۆڤایەتی
٦- ڕۆژنامەی هاوبیر
٧- د. جەمال نەبەز
٨- عەتا قەرەداغی
٩- د. عوسمان بەرزنجی
١٠- زانیار قرگەیی
١١- ئاسۆس هەردی
١٢- کاندێش
١٣- ڕۆژنامەی هەواڵ
١٤- رایة الحریة
١٥- سیروان کاوسی
١٦- مەلا بەختیار
١٧- جێنەر جۆلا
١٨- بۆتان جەلال

لەگەڵ شەش بابەت:

١- بارزانیو کاژیک
٢- خاوەن فایلەکان
٣- گەمەی عێراق
٤- دەستوری عێراقو کوردستان
٥- کێشەی کوردو یاسای نێودەوڵەتی
٦- خۆپیشاندنەکەی ٢٠٠٤/٢/١٤و شتی تریش

- ناوی کتێب: کوردایەتی بیرو بزاڤە
- نوسەر: کامیل ژیر
- ساڵ: ٢٠٠٦ زـــ ٢٧٠٦ ک
- مونتاژی کۆمپیوتەر: سەیران ئەمین
- چاپ: چاپخانەی بابان / سلێمانی / ٠٧٧٠١٤٤٤٠٠٠
- تیراژ: ١ـــ
- ژمارەی سپاردنی (١٨)
- لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێم چاپکراوە

- مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

وشەیەکی پێویست

پێشەکی سوپاسی هەموو ئەو رۆژنامەنووسە بەڕێزانە ئەکەم، کە هەریەکەو بەژمارەیـەك پرسـیارەوە، سـەردانیان کـردووم و وەڵامـەکان ئـەم بەرهەمـە بیرمەندییانەیەی خستە ناو بازاڕی هزری کوردییەوە.

لەڕاسـتیدا ژمـارەی پرسـیارو وتووێـژەکان زیـاترن. مـن هـەر ئەمەنـدەم بـۆ کۆکراوەتـەوە. هیـوادارم لەئاینـدەدا ئەوانیکـەش بـەکۆکراوەیی بخرێنـە بـەر دیـدی خوێنـەوەری خۆشەویست، سەرباری وتووێژە رادیـۆیی و تەلەفیزیۆنییـەکان، ئەگەر لەئەرشیفدا مابن.

شایانی وتنە، هەندێ (لەیەکچوون) لەوەڵامەکانمدا هەیە. هۆی ئـەوە ئەگەڕێتـەوە بۆ لەیەکچوونی ژمارەیەك لەپرسیارەکان کە هەر یەکەو لەکاتێك و لەبەرێزێکەوە بـۆ سەرچاوەیەکی بڵاوکردنەوەی جیاواز بووەو هەر سەرچاوەیەش خوێنـەرەوەی خـۆی هەیە، هەر چۆنێ بێ، عـەرەب واتـەنی: (فی الإعـادە إفادە) واتـا: دووبـارە کردنـەوەش سوودی خۆی هەیە.

لەلایەکیکـەوە، ئەشـێ تێکـەڵکردنی هەنـدێ لەوەڵامـەکان بەبەشـێك لەبیرەوەرییـەکانم لـەم بەرهەمـەدا ئـەویش سـوودی خـۆی هـەبێ، بەتایبـەتی بـۆ مێژونووسان، وەك سەرچاوەیەك.

بـۆ رونکردنـەوەش، بەهـەڵ ئـەزانم لێـرەدا ئـەوە بڵـێم کـە زۆربـەی بەرهەمـە چاپکراوەکانی من، سەرناوی (کوردایەتی)یان لەناو رۆژێکدا پێوەیە. وەك:

١. کوردایەتیی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیك و دوورمانە ١٩٦٠.

٢. هەڵبەستەکانی ژیر: کوردایـەتی، جـوانیی رەوشـت، جـوانیی سروشـت، جـوانیی ئافرەت ١٩٩٢.

٣. کوردایەتیی و دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ ١٩٩٤.

٤. کوردایەتیی‌و سەربەخۆیی ٢٠٠٢.

٥. کوردایەتی بیروبزاڤە ـ ئەم بەرهەمە.

ئەم پێداگرتنە لەسەر کوردایەتی، بەلای خۆمەوە، دۆگمابوون، واتا وشکەپێداگرتن نیە. بەڵکو من ئەوە بەپێویستییەکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و مێژوویش ئەزانم. چونکە وەك گەلێجار لەنوسینەکانی پێشوومدا روونمکردۆتەوە، هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، لەپلەی یەکەمدا، ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوون، یا نزمی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییمان کە کورد (نەتەوایەتی) بە (کوردایەتی) ناو ئەبا. لەراستیشدا، کوردایەتی جۆرە نەتەوایەتییەکی تایبەتە بەکورد خۆی‌و جیاوازە لەنازیێتی ئەڵمان‌و ناسیونالیزمی رۆژئاواو عروبەی عەرەب. بۆیە هەرچیچەندێ هەوڵبدەین بۆ بەرزکردنەوەی ئەو ئاستەو دەرخستنی رووەگەشەکانی کوردایەتی، هێشتا هەر کەمە. بەتایبەتی پێش رزگاربوون‌و سەربەخۆیی کوردستان. رۆژەکەش، بەنیشانەی گەشبینی ئەزانم‌و هێمایەکیشە بۆ رۆژەکەی ناو نالای کوردستان‌و ئەوە سەرگروشتەیەکیشی بەدواوەیە کە لەنێوان بیروەرییەکانمدا، بۆ رۆژنامەی تایم، ئەیخوێننەوە.

لەبارەی رێنووسەوە، هەوڵمداوە ئەوەندەی بۆم کرابێ، وشە لێکدراوەکان‌و وشەو پێشگرو پاشگرەکانیان، بەسەریەکەوە بنووسم‌و کورتیانکەمەوە. بەڵام هەندێ لەوتووێژەکان، لەسەرچاوەکانیانەوە بەچاپکراوی، گوێزراونەتەوە بۆ ئێرە، بۆیە وەك خۆیان ماونەتەوە. ئەشێ لەچاپێکی تری ئەم بەرهەمەدا، هەمووی بکرێ بە یەك رێنووس.

تایم
TIME

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی لیبراڵە
مانگی دوو جار دەردەچێت

NO. (26)- 4 Aug 2002

کامیل ژیر
یادگارە سیاسییەکانی
بیری نەتەوایەتی و
کازیک و
پاسۆک
دەگێڕێتەوە

لەزنجیرەیەک چاوپێکەوتندا لەگەڵ تایم ڕوناکبیرو پارێزەر (کامل ژیر) یادگارەکانی خۆی لەڕەوتی بزوتنەوەی کوردایەتی دڵو چۆنیەتی دروست بوونی کازیکو بیرو بۆچوونی ئێستای سەبارەت بەبزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد باس کرد، لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە چاوپێکەوتنانەدا بەچاوی ڕەخنەوە ئەو قۆناغانەی تاوتوێکردووە.

لەژمارەی داهاتووەوە تایم دەست دەکات بەبڵاوکردنەوەی ئەو گێڕانەوەیە چاوەڕوان بن.

مامۆستا کامل ژیر دەفتەرەکانی بیرەوەریی بۆ تایم دەکاتەوە:
گۆڤاری (گەلاوێژ) بیری نەتەوایەتیمانی گەلاڵە کرد

وەکو لەژمارەی پێشووی تایم بەڵێنمان پێ دابوون بەمەبەستی تۆمارکردنی یادەوەرییەکانی مامۆستا کامل ژیر چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژمان لەگەڵدا کردووەو بەزنجیرە ئەڵقەیەك بڵاوی دەکەینەوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا کامل ژیر رەوشی ئەو کاتەی کوردستانو دامەزراندنی کاژێك دەگێڕێتەوە، هەروەها هۆکارەکانی چوونی بەرەو بیری نەتەوایەتیو کوردایەتی روونده‌کاتەوە.

مامۆستا کامل ژیر هۆی چوونی گەنجو رۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بۆ ناو ریزەکانی حزبی شیوعی وا لێکدەداتەوەو دەڵێ کە:

((خەڵکانێ کە دەچوونە ناو حزبی شیوعیو من یەکێك بووم لەوانە وام دەزانی کەوا کلیلی مافی چارەنووسی کورد وا لەیەکێتی سۆڤیەتە)).

مامۆستا کامل ژیر لەو چاوپێکەوتنەدا ئاماژەی بەوە دا کە:

(نزیکەی ٨–٩ ساڵ گفتوگۆ بوو لەنێوان پارتیو حزبی شیوعی لەسەر ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیە یان نا؟)

لەگەڵ ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣٧ ڕۆژی ١٩/٨/٢٠٠٣

ماموستا کامل ژیر دەفتەرەکانی بیرەوەری بۆ تایم دەکاتەوە:

*** لەسەردەمی ئینگلیزدا تورکچیتی و ئینگلیزچیتی و کوردایەتی هەبو.**

*** گۆڤاری (گەلاوێژ) بیری نەتەوایەتیمانی گەلاڵە کرد.**

*** دەمانزانی روسەکان کۆماری مەهابادیان دروست کردووە، بەڵام نەماندەزانی هەر ئەوانیش بەگورگان خواردویان داوە.**

*** رەفیق حیلمی لەئاستی سەرکردایەتی کردنی حزبی هیوادا نەبو.**

چاوپێکەوتنی: شۆڕش قادر

(تایم) چاوپێکەوتنێکی دورودرێژی لەگەڵ ماموستا کامل ژیر کردووە بەمەبەستی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمی ژیانی سەبارەت بەهەست و سۆزی کوردایەتی و چۆنیەتی گەلاڵە بوونی بیری کوردایەتی و ڕەوشی سیاسی ئەو سەردەمەو ململانێی نێوان ڕێبازە سیاسیەکانی ئەو کاتەی کە لەناو کورددا و بەتایبەتی لەسلێمانیدا هەبون.

تایم بەمەبەستی خستنە بەرچاوی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بۆ خوێنەرانی کورد هەوڵدەدات ئەو چاوپێکەوتنە بەزنجیرەیەک ئەڵقەی یەک لەدوای یەک بڵاوبکاتەوە.

*** ماموستا کامل ژیر هەستی نەتەوایەتی لای جەنابت چۆن دەستیپێکرد، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو هەستە چی بون و چۆن و لەچ چوارچێوەیەکدا گەڵاڵە بوو؟**

– بەحوکمی ئەوەی نەتەوەی کورد نیشتمانەکەی داگیرو دابەشکراوە، هەمیشە زوڵم و چەوساندنەوەی لەسەربووە، تاکەکانی کۆمەڵگای کورد وەکو هاوڵاتی پلەدوو سەیرو مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا کە ئێستاش وەکو واقعێکی تاڵ ماوە، ئەمانە هەمووی وایانکردووە زۆربەی زۆری خەڵکی کورد، بەتایبەتی ڕۆشنبیران لە دەرگای سیاسەت بدەن و سەرەتاتییەکی لەگەڵدا بکەن و بگەڕێنەوە بۆ هەستی نەتەوایەتی.

ئەوەندەی خەڵکی کورد خەریکی سیاسەتە ئەوەندە خەڵکی ئەوروپا پێیەوە خەریک نییە، ئەویش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئەوروپی کێشەی نەتەوەییان نییە، خەڵکی خەریکی ژیان، سەنعەت، خوێندن و زانستە، بەڵام کوردەکە چاری نییە، بیەوێ و نەیەوێ دەبێ ڕوبکاتە سیاسەت، چونکە کێشەی نەتەوایەتی هەیەو سیاسەتەکەش لەکێشەی نەتەوایەتییەوە سەرچاوەی گرتوە.

زۆربەی ئەو کوردانەی دەستیان بەسیاسەت کردوە، بەبیرۆکەی مارکسیزم دەستیان پێ کردووە، هەرچەندە پاڵنەرەکە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و ئامانجیش چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی بوە.

من وەك بیرەوەری خۆم، کە لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٤م، رووداوێکی بچوکی ئەو کاتە سەرنجی راکێشاموو تا ئێستاش هەر لەیادمە، رەنگە یەکێك بووبێ لەو هۆکارانەی کە دواتر بەرەو ئاراستەی نەتەوایەتی بردم. ئەویش ئەوەیە کاتێ تەمەنم پێنج ساڵان بوو، ساڵی ١٩٣٩ فرۆکەیەکی ئینگلیز هاتە سەر سلێمانی، من ئەو کاتە لەدوکانەکەی باوکم دانیشتبوم، فرۆکەکە دەورەیەکی کرد بەسەر سلێمانیدا و سوڕایەوە، بەڵام هیچی نەکرد، کەچی کاتێکم زانی خەڵك دەرابی دوکانەکانی داڵەدایەوەو رایدەکرد، هەموویان شپرزەبوبوون‌و بەڕاستو چەپ خۆیان بەیەکتردا ئەکێشاو رایاندەکردو خۆیان ئەکوتا تا زوو بگەنەماڵەوە، هەندێکی تریان هەوڵیان ئەدا بچن بۆ دەرەوەی شار، ئێمەش بەهەمان شێوە بەرەو ماڵ کشاین، تا فرۆکەکە دوورکەوتەوە. دوای چەند ساڵێك ئەم رووداوەم هەر لەخەیاڵدا بوو، باشە ئەو فرۆکەیە هیچی نەکرد، بۆ ئەو خەڵکە شپرزەبوون؟! دواتر کە تۆزێ گەورەتر بوم وەڵامی پرسیارەکەمم دۆزییەوەو تێگەیشتم ئەو شپرزەیی‌و راکردنی خەڵك بەو فەرەباڵغییە رەنگدانەوەو درێژبونەوەی کارەسات‌و مەرگەساتی بۆردومانی فرۆکەکانی ئینگلیز بوو بۆ سلێمانی لەکاتی شۆڕشی شێخ مەحموددا، چونکە خەڵکەکە چاوی ترسابوو، ئەوانەی هەر لەبیرمابوو، ساڵی ١٩٣٩ش زۆر نەبوو، چونکە ساڵی ١٩٣٢ دوا بۆردومانی سلێمانی کرابوو. خەڵك وەها لەفرۆکە تێگەیشتبوو کە هات دەتکوژێ، ئەمە مۆرکێك بوو لەمێشکی منی منداڵیشدا چەسپی.

دەڵێن ئەوەی مرۆڤ لەکاتی ئاساییدا بەساڵێك فێری دەبێ، لەکاتی شەڕو ئاژاوەدا بەرۆژێك فێری دەبێ.

من چاوی منداڵیم، جگە لەو کارەساتی فرۆکەیە، بەدەنگوباسەکانی شەڕی جیهانی دووەم کە ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێکرد کرایەوە. کە شەڕ دەستی پێکرد من وردە وردە گەورە دەبوم، وەکو خەیاڵ لەیادمە خەڵك دائەنیشتن‌و باسی ئەو شەڕەیان دەکردو گوێیان لەرادیۆ دەگرت‌و دەنگوباسی شەڕیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

شتێکی خۆشی کە لەبیرم ماوە لەو بارەیەوە بیگێڕمەوە، کابرایەك هەبوو ناوی غەفور بوو، پێیان دەگوت (کەرەی شەریەت) بەحساب کەڕوڵاڵ بوو، شەربەتی دەفرۆشت لەبازاڕ، کوپەیەکی بەسەر سنگەوە بوو، ئەو کابرایە مەشهورە لەسلێمانی پێیی دەڵێن کەرەی شەربەت، ئێستاش مەسەلەی پێدەهێنرێتەوەو یەك بەیەکێ دەڵێ: (خۆی لێکردوم بەکەرەی شەربەت). ئەو کابرایە هەموو دەنگوباسەکانی شەڕی دەزانی، تەنانەت ئەوانەی گوێو زمانیان هەبوو ئەوەندەی ئەو دەنگوباسی شەڕیان نەدەزانی، ئەو هەموو بەیانییەك بەدەم فرۆشتنی شەربەتەوە دەهاتە بەردەم

---

* چاوپێکەوتنەکە، بەسەرپێوەو بەهۆی ریکۆردەرەوە بوو، شێوازی رێنووس‌و خاڵبەندییەکە، هی رۆژنامەکەیەو لێرەدا هەر وەك خۆی دووبارەی ئەکەمەوە.

دوکانی باوکمو بەئیشارەتو غەڵبەغەڵبو وردە دەنگێ کە دەری دەبڕی، گشت دەنگوباسەکانی ئەو شەوەی شەڕی بۆ باوکم دەگێڕایەوە.

*** مامۆستا وەکو لەیادەوەری فرۆکەکەدا باست کرد، وادیارە خەڵکی کورد بەرامبەر بەئینگلیز هەڵوێستیان هەبوە، ئایا ئەو کاتە خەڵکی سلێمانی لایەنگری ئینگلیزەکان بون یان بەرەکەی تر؟**

– لەڕاستیدا ئەو سەردەمە سێ ڕێباز هەبوو لەسلێمانی، ئەوانیش تورکچێتی، ئینگلیزچێتیو کوردلیەتی بون، ئەوانەی کە هەستی ئاینییان هەبو بەلای تورکچێتیدا ڕۆیشتبوون، خەڵکانێك هەبون مەلپەرست بون ئینگلیزو حکومەتی ئەوسای عێراق هەوڵی ڕاکێشانیان بۆ لای خۆی دەدلو چاویان لەکورسی بو، ئەوانە مقۆمقۆی ئەوەیان دەکردو ئینگلیزیان بەرزگارکەرو باش ناودەبرد، دەیانگوت ئینگلیزەکان چەندان وڵاتیان لەژێر دەستی عوسمانیەکان رزگار کردووەو سەربەخۆ کراون.

خەڵکانیش هەبون دەیانگوت ئێمە کوردینو دەمانەوێ سەربەخۆ بین، نابێ کلکی کەس بین، بەڵام بەدلخەوە ژمارەیان کەم بوو، کەسایەتییەکانی ئەم ڕێبازەش ئەمانە بوون، تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵای باوکی دلرا تۆفیقی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، تۆفیق قەزاز، بێکەس، رەمزی مەلا فەتاحو عەبدولواحید نوریو کۆمەڵێ خەلکی تر، لەڕاستیدا ئەمانە زۆر مەردانە لەقسەکانیاندا باسی کوردو سەربەخۆیی کوردیان دەکرد.

دوای ئەوە حزبایەتی وردە وردە پەیدابوو، سەرەتا، حزبی هیواو حزبی رزگاری هەبوو، دواتر گۆڕان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان.

* مامۆستا جەنابت چ کاتێك هەستت بەو ئینتمایە کردو بیرۆکەی نەتەوەو هەستی نەتەوایەتی بوو بەفکر لەلات؟

– دەتوانم بڵێم تا رادەیەك ژمارەیەك خەڵکی تریش، گۆڤاری گەلاوێژ، زۆر کاری تێدەکردین. گۆڤاری گەلاوێژ گۆڤارێکی چاك بوو، زۆر بابەتی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتی دەنوسیو ڕۆشنبیرییەکی باشی بڵاودەکردەوە، ئەمە بو بەهاندەرێکمان بۆ گەڵاڵە بونی فکری نەتەوایەتی لەلامان. فاکتەری دوەمیش دامەزراندنی کۆماری مهاباد بوو کە دەنگی دایەوە لەلای ئێمەو کاریگەری زۆری لەسەرمان هەبوو، چونکە شتێکی نوێ بوو لەناو کورددا، دەمانگوت خەریکە کورد ببێ بەشتو دەوڵەتی هەیە. هەرچەندە کۆماری مهاباد ساڵێکی خایاند، بەڵام خەڵك هەر دڵی خۆش بو بەوە، هەرچەندە ئەو کۆمارەش لەکیس چوو، بەڵام دامەزراندنی نیشانەیە کە بۆ ئەوەی کە سەر هەڵدانەوەی تریش دەبێ. فاکتەری سێیەم بۆ گەڵاڵە بونی ئەو بیری نەتەوایەتییە لەلامان، ڕەوی بارزانییەکان بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران دوای تێکچوونی کۆماری مهاباد، کە دەنگی دایەوەو خەڵك باسیان دەکرد، خەڵك چاوەڕوانی ئەوە بون ڕۆژێ لەوێڕا بگەڕێنەوەو سەر لەنوێ شۆڕشی کوردستان دەست پێبکاتەوە، بەتایبەتی لەکاتی چونیان بۆ سۆڤیەت توشی شەڕوشۆڕی زۆربونو وازانرا بوو کە هێزێکی دەست وەشێنو چەکدارو شەڕکەرو شارەزان.

جگە لەم هۆکارانەش شۆڕشەکانی شێخ مەحمود سەرچاوەیەکی دلهێنەری بیری نەتەوایەتی بوون بۆ سەردەمی خۆیو بۆ دوای خۆشی، ئێمە مانان نەوەی دوای ئەو قۆناغە بووین، بۆیە رەنگدانەوەی شۆڕشەکەی لەهەستو سۆزی ئێمەدا کاریدەکردو دەیبزواندینو دەیبورژاندینەوە.

لەلایەکی تریش چەندان گەلو وڵات لەژێر دەستی عوسمانیەکان ڕزگاریان ببو، بووبون بەدەوڵەت، ڕۆشنبیرو گەنجانی کوردیش چاویان لەوەوە بو، چاویان کرابوەوەو دەیانگوت خۆ کوردیش لەژێر دەستی عوسمانی ڕزگاری بوە، بۆ ئەویش حکومەتو دەوڵەتی خۆی نەبێ؟

• باشە مامۆستا ئەگەر وابێ، ئەی بۆچی (تحرر) کە نوێنەری حزبی شیوعی دەکرەو هێشتان حزبی شیوعی نەبو بو، لەسلێمانی بەهێزتر بوو پارتی خۆی هێڵی نەتەوایەتی گرتبووبەر، ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیری نەتەوایەتی لاواز بو؟

– نەخێر، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ دیاردەی تر کە لەو کاتەدا هەبوو، خەڵک ئەو سەردەمە یەکێتی سۆڤیەتیان بەڕزگارکەری میللەتان دەزانی، پروپاگەندەی کۆمۆنیستەکان لەو سەردەمەدا وەهابوو کە یەکێتی سۆڤیەت پشتوپەنای میللەتانەو حزبی شیوعیش خۆی بەتەولوکەری یەکێتی سۆڤیەت دەزانی، لەلایەکیتر دروستبونی کۆماری مهاباد تا ڕادەیەک بەپشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت شتێک بوو کە خەڵکی کوردی لەشیوعی نزیک دەکردەوەو خەڵک دەیگوت فەرموو یەکێتی سۆڤیەت فرسەتی هێناو کۆماریکیان بۆ کورد دروستکردوە، ئنجا ئێمەش ئەو کاتە دەمانزانی کەوا یەکێتی سۆڤیەت ئەو کۆمارەی دروستکردوە، بەڵام نەماندەزانی هەر یەکێتی سۆڤیەت بو بەگورگان خواردوی دا بۆ بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ قەوامی سەڵتەنەت سازشی کردو کوردی فرۆشت بەرامبەر بەپێدانی ئیمتیازاتی نەوتی ئێرانی بەیەکێتی سۆڤیەت، شایانی باسە ئەو سەردەمە قەوام سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو، بەڵام دواتر کاتێ کۆماری مهاباد روخێنراو ئێران گەڕایەوە بۆ ئەو ناوچانە، کۆمەڵکوژیو لەسێدارەدانێکی زۆری کردو قەوام دەستی لەکارکێشایەوە. یەکێتی سۆڤیەتیش بۆ ئەو پەیمانانەی کە لەگەڵ قەوام ئیمزای کردبو ملی ئێرانی گرت، ئەوانیش گوتیان ئەو پەیماننامانە کەسێک ئیمزای کردوە کە ئێستا لەسەر حوکم نییە، بەمجۆرە یەکێتی سۆڤیەت لەلایەک بەو سازشەی وازی لەکۆماری مهاباد هێناو لەلایەکی تریش ئیمتیازاتی نەوتی ئێرانی لەدەستچوو.

لێرەدا خاڵێکی تریش هەیە لەمەسەلەی کۆبونەوەی خەڵک لەدەوری (تحرر) ئەویش خەڵکی چوونی بارزانیەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت والێکدەدایەوە کە ئەمە یارمەتییەکی یەکێتی سۆڤیەتە بۆ کورد. ئەمانە هەمووی وایان کردبو کە خەڵک بەیەکێتی سۆڤیەتی خۆش بوێ، هەڵبەت دڵخۆش بونەکەش سەرچاوەکەی هەر بۆ هەستە نەتەوەییەکە دەگەڕێتەوە. کاتێک خەڵکیش دەچوونە ناو حزبی شیوعی کە من یەکێک بووم لەوانە وامدەزانی کەوا کلیلی مافی چارەنوسی کورد وا لەیەکێتی سۆڤیەتە. بەمانا بەو هۆکارەو مەبەستە من چووبومە ناو حزبی شیوعی، نەک بەوەی ببم بەکۆمۆنیستو خەباتی چینایەتی بکەم، ئەسڵەن چین لەکوردا نەبوە، ئێستاش چین بەپێی چەمکی مارکسیزم واتە چینی

کرێکارو چینی سەرمایەدار لەناو کورددا دروست نەبوە. لەم روانگەیەوە خەڵکانێ کە روویانـدەکردە ڕێکخستنی (تحرر) یان کۆمۆنیست زیاتر بەدافعی نەتەوەیی بوو.

• ئایا هیچ ململانێیەك لەو سەردەمەدا لەنێوان پارتی‌و (تحرر)دا هەبو، ململانێیەکە لەسەر چی بو؟

– بەڵێ، ململانێ زۆر بو، ئەویش لەسەر ئەوەی کە ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوە نییە، ٨–٩ ساڵیش خەڵك‌و گەنجانی کورد لەو سەردەمەدا لەسلێمانی بەوەوە خەریك بون ئایا کورد نەتەوەیە یان نەتەوەی نییە؟ چونکە ستالین بۆ پێناسەی نەتەوە کۆمەڵێ مەرج‌و پێوانەی دانابو، دەبێ خاکی هاوبەش، مێژوی هاوبەش، ئابوری هاوبەش، زمانی هاوبەش، مێژوی هاوبەش‌و هەستی هاوبەشیان هەبێ. بەکورتی ستالین ٥–٦ مەرجی لەم بابەتەی دانابو، ئەگەر هەر میللەتێك تێیدابولیە ئەوە نەتەوەو ئەگەر تێیدا نەبولیە بەنەتەوە دانەدەنرا. ئنجانەو سەردەمە بەپێی مەرجەکانی ستالین کورد دەبولیە بەنەتەوە دانەنرێ. چونکە هەر هیچ نەبێ کورد ئابوری هاوبەشی نەبوەو ئێستاش ئابوری هاوبەشی نییە، لەبەر ئەو پارچە پارچەییەو داگیرکراوەییەی بەدەست چەندان دەوڵەتەوە، بۆیە کۆمۆنیستەکان دەیانگوت کورد نەتەوە نییە. لەبەرامبەردا پارتی‌یەکان رایان وابوو کە کورد نەتەوەیە. بەلام لێرەدا شتێك هەیە پێویستە بگوترێ. سەیر لەوەدابوو پارتی‌یەکانیش بەگەزی کۆمۆنیستەکان چاوی کوردلیەتیان دەپێوا. یاخود بەمانایەکی تر بەتەرازوی ئەوان کێشەی کوردیان دەکێشا، ئەمانیش بەگوێرەی قسەکانی ستالین کۆمەڵێ بەلگەیان دەهێنایەوەو دەیانگوت نەخێر کورد نەتەوەیە. لەبیرمە ئەو کاتە من لایەنگری حزبی (تحرر) بوم، کە دەهاتینە سەر مەسەلەی ئایا کورد نەتەوەیە یان نا، من رام جیاواز بو لەکۆمۆنیستەکان‌و رام لەگەڵ پارتی‌یەکان بو کەوا بەڵێ کورد نەتەوەیە. ئەو کاتە من خۆم لەگەڵ خۆمدا بیرم دەکردەوەو دەمگوت کاتێ من خۆم بەکورد بزانم‌و ملیۆنانی وەکو من خۆیان بەکورد بزانن‌و هەموومان خۆمان بەیەك نەتەوە دابنێین‌و خاك‌و هەستی هاوبەشمان هەبێ، با ئابوری هاوبەشیشمان نەبێ، هەر نەتەوەین، لەگەڵ خۆشمدا دەمگوت: من هەقم چییە بەسەر سەنگ‌و تەرازووی ستالینەوە، خۆ ستالین دانەنیشتوە یاساکانی جیهان بەدەست ئەوبێ‌و ئەو دایبنێ.

• مامۆستا ئایا ئەو ململانێیەی لەسلێمانی هەبو لەشارەکانی تری کەرکوك‌و هەولێریش هەبو؟

– بەڵێ، بەلام کەمتر، چونکە بەڕاستی سلێمانی سەرچاوەی سیاسەت بو، سەرچاوەی دروستبون‌و سەرهەڵدانی ئەو حزبانە بو. هەروەها خەلکەکەی ئێرە کراوەترو رۆشنبیرتر بون، بەلام بێگومان درێژبونەوەی ئەم ململانێیە چوو بو بۆ شارەکانی تریش، بەتایبەتی لەکۆیەو ناوچەی بادینان، چونکە حەمزە عەبدوڵلای سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی بادینی بو لەسلێمانی دەژیاو ناوەندی ململانێکەش سلێمانی بو.

لەلایەکی تر وەکو ڕێکخستنیش پێش ئەو سەردەمە حزبی هیوا هەبو، کە حزبێکی زۆر فراوان‌و گەورەبو، دروشمەکەی سەربەخۆیی بو، سەرۆکەکەی خوالێخۆشبوو رەفیق حیلمی بو.

• مامۆستا کامل وا بزانم ئەو کاتە نامیلکەیەك دەرچو بو فەهد نوسیبوی لەسەر حزبی هیوا بەناوی (هل نحن بحاجة الی حزب عمل ام حزب آمل؟).

فاضل نظام الدين   كامل ژير

- بەڵێ، مەبەستی حزبی هیوا بو، ئەم بەحساب گوایە حزبی شیوعی حزبی عەمەلەو ئیش دەکاتو حزبی هیوا حزبی ئەمەلەو هەر بیردەکەنەوەو ئیش ناکەن. ئەمەی نوسیبو. لەڕاستیدا ئەو نامیلکەیە تارادەیەك دەنگدانەوەی هەبو تا ئاستێکیش ڕاستی تێدا بو، چونکە بەڕاستی سەرکردایەتییەکەی حزبی هیوا حاکم نەبو بەسەر ئەو خەڵکە زۆرەی کە ڕژابونە ناو حزبەکەوە، واتە وەکو فەهد دەیگوت ئەگەر سەرکردایەتی حزبی هیوا سەرکردایەتی عەمەلو لێهاتو بوایە ئەوە شتێکی زۆر گەورەی لێدەکەوتەوە، بەڵام بەدڵخەوە هەرچەندە ڕەفیق حیلمی وەکو شتێکی پیرۆز سەیری دەکراو پیاوێکی زۆر باشو لەڕوی فیکریشەوە ئاستی زۆرباش بو، بەڵام لەڕوی ڕێکخستنەوە ئەو توانا زۆرەی نەبو، کە سەرۆکایەتی ئەو حزبە گەورەیە بکات، بۆیە زۆری لەخایاند ئەوحزبە لەئاست خزیەوە توایەوەو هەرەسی هێناو لەجێی ئەو چەند حزبێکی تر دروست بون.

دواتر بزوتنەوەی کوردایەتی بو بەدوو کەرتەوە، کەرتێکی ڕوی کردە مارکسیەتو کەرتەکەی تریشی ڕوی کردە جۆرێك لەنەتەوایەتی کە ناتوانین بڵێین نەتەوایەتی تەواو (صرف)بو، چونکە تا دوەنگ کاتێکیش پارتی دیموکراتی کوردستان هەر مارکسیانە بیری دەکردەوە، لەپەیڕەوو پرۆگرامیاندا دەقێکی ئاشکرا هەبو بەعەرەبی دەیاننوسی (ننتفع من الماركسية ـ اللينية). تەنانەت تا کۆنگرەی پانزەی پارتیش کە ساڵی ١٩٩٣ لەهەولێر گیراو خۆم تێیدا بەشداریم کرد ئەو دەقە هەر مابوو کرابو بە (ننتفع من النظرية العلمية)و مەبەستیان مارکسیزم بو، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا من چومە لیژنەی پەیڕەووپرۆگرامو لامبردو نوسیمەوەو کەس نەبو تەدقیقی بکاتو پێیدا بچێتەوە، ئیتر بەم جۆرە ئەو دەقەم لەپەیڕەوو پرۆگرامدا نەهێشتو چاپ کراو تێپەڕیو لەو خاڵە ڕزگارمان بو.

رۆژنامەی (تایم) ژمارە ٢٨ رۆژی ٢٠٠٢/٩/٣

*** عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی نیشتمانیو دیموکراتیخوازبوو.**
*** شیوعیەکان بەمەعاریفی کوردستانیان دەگوت مەعاریفی قلیاسان.**
*** دە ساڵی تەمەنم لەناو حزبی شیوعی بەڤیڕۆدا.**
*** ویستیان بۆ بەسرە نەفیم بکەن، ئەبوغرێبم هەڵبژارد..**

لەم ئەڵقەیەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا بۆ تایم مامۆستا کامل ژیر باسی لەئەزمونی ١٠ ساڵەی خۆی لەناو حزبی شیوعیو رلو هەڵوێستی شیوعیەکان بەرامبەر بەکوردستان کرد.

لەمیانەی باسەکەیدا دەربارەی هێزو توانای ئەو سەردەمەی حزبی شیوعی دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ئاماژەی بەوە دا کە (یەکێك لەهەڵە گەورەکانی حزبی شیوعی دەیانتوانی بەئاسانی دەسەلات بگرنە دەست، بەلام سەرکردایەتیەکەیان بودەڵە بوو نەیکرد).

لەبەشێکی تری یادەوەریەکانیشیدا باسی لەدوکانەکەی بەشیر موشیرو بەشیریاتو بەشیرچییەکان کرد.

• مامۆستا کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بو، زۆربەی ئەوانەی هەستی کوردایەتیان هەبوو بەرەو پارتی چوونو خۆشت وازت لە (تحرر) هێنا. ئایا پارتی تا چەند توانی بەرجەستەی بیری نەتەوایەتی بکات؟ خوێندنەوەی خۆت بۆ ئەو قۆناغانە، واتە پێش شۆڕشی ١٤ای تەموزی ساڵی ١٩٥٨ چۆنە؟

– من لەساڵی ١٩٥٨ وازم لە (تحرر) هێنا. پێشتر لەساڵی ١٩٤٨ تەمەنم بچوك بو، ١٤ ساڵان بووم، بەلام بەحوکمی ئەوەی مامەکانم سەید نوری، سەید مەجیدو سەید تەها شیوعی بون، بەرەو حزبی شیوعی چومو بومە لایەنگریان، ئەو سەردەمە سەید تەها وتاربێژی شیوعییەکان بو، دەنگێکی زۆر چاکی پێوەبو. کامەران موکریش وتاربێژی پارتی بو، ئەم دوانە ئەو کاتە زۆر دەرکەوتوبون لەسلێمانی.

لەڕاستیدا من تا ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ حزبی شیوعی بوم، بەلام بەپچڕپچڕی، چونکە من لەساڵی ١٩٥٢ وە ئیتر ناسرام لەلایەن دەزگاکانی ئەمنەوە بەوەی کە کەسێکی سیاسی بزێوم، لەبەر ئەوەی هەر ناڕەزایی دەربڕینێك هەبوایەو ٤ کەس بگیرابایە من سەری پێنجەم بوم. بەم جۆرە تا ساڵی ١٩٥٤ چەند جارێك گیرام. ساڵی ١٩٥٤ کە لەقۆناغی ناوەندیدا بوم ٢٧–٢٨ قوتابی گیراینو خستینیانە ناو لۆری سەربازیو بردیانین بۆ شوعەیبە، لەوێ مەعسکەرێ کرابۆوە بۆ قوتابییە سیاسییەکان، کە سەیرمان کرد هەرچی قوتابی سیاسییە گیرابونو لەوێ کۆکرابونەوە. زۆرەی ئەو گرتنانەش بەو ناوەوە بون گوایە ئێمە عەسکەریمان لەسەرە، بەلام لەوێ خستینیانە زیندانەوەو یەکی ٧–٨ مانگ لەو زیندانە ماینەوە. کۆتایی ساڵی ١٩٥٥ گەڕامەوە بۆ سلێمانیو ماوەی ساڵێك زیاتر لەسلێمانی مامەوە. بەلام لەو

ماوەیەشدا چەند جارێك گیرام، یەك دو جار درام بەدادگا بەناوی کتێب گرتن لەماڵەکەمدا، بەڵام دادگای ئەو کاتە بەو توندییەی ئێستا نەبو.

• مامۆستا ئایا ئەو کاتەی لەناو تخرو بویت بیری نەتەوایەتیت بەتەواوەتی لەلا گەڵاڵە بو؟

– نەخێر، بەڵام هەزم پێدەکرد، ئەو سەردەمە جارجار دەکەوتمە ململانێ لەگەڵ خۆم‌و جارجار لەگەڵ حزبەکەشدا لەسەر مەسەلەی ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیە یان ناو لەسەر ئەوەی رێگای نەتەوایەتی نەگرینەبەر؟! ئەم جۆرە پرسیارانەم لەخۆ دەکردو گفتوگۆم دەربارەیان لەگەڵ حزبیەکاندا دەکرد. مێڵی حزبیش ئەو کاتە کەمتر بنەمای فکری هەبو، زیاتر مەسەلەی رێکخستن بو، چونکە ئەو چاپەمەنییانەی کە لەپێش ساڵی ١٩٥٨ وە دەهاتنە عێراق، بەتایبەتی ئەو هەمو کتێبەی لەلوبنان‌و دەرەوەی عێراق چاپدەکران لایەنگری بیری شیوعیەت بو، نەیاندەهێشت لەعێراق بڵاوببێتەوە، بۆیە ئێمە سەرچاوەی فکریمان نەبو، تەنها رۆژنامەی قاعیدەی سەر بەحزبی شیوعی بو لەگەڵ ئەو قسانەی کە رێکخراوەکەمان لەڕێگای رێکخەرەکانیانەوە بۆیان دەکردین، ئەوانەش بەگوێرەی دڵی ئێمە قسەیان دەکرد.

• مامۆستا دەتوانین بڵێین جەنابت بۆ گەڵاڵە بوونی زانستیانەی فکری نەتەوایەتی لەلات سوودت لەئەدەبیاتی مارکسیش وەرگرتووە؟

– بێگومان، یەکێ کە چووە ناو سیاسەتەوە، هەر بیروباوەڕێك هەڵبژێرێ زۆر دەخوێنێتەوەو موتابەعە دەکا، لەئەنجامی ئەمەشدا زانیاری زۆری لا کەڵەکە دەبێ‌و دەبێتە زەخیرەو سەرچاوی فکری بۆی. لەلایەکی تریش مرۆڤ بەبیرکردنەوەی خۆی دەگاتە رایەکی تایبەتی خۆی، کە لەوانەیە جیاواز بێت لەڕای ئەو رێکخستنەی کاری تێدا دەکا. ئنجا بۆ من مەسەلەکە وابوو، ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەو خۆپڕچەك کردنە بەزانیاری‌و رۆشنبیری، منی گەیاندە راوبۆچوونی جیاواز لەحیزبەکەم کە دواتر دێمەسەری‌و باسی لێوە دەکەم.

ساڵی ١٩٥٧ دایەرەی ئەمن ناردی بەشوێنما، ئەو کاتە پێیان دەگوت (شعبة التحقیقات)، دوو کەس بەرپرسیاربون تێیدا یەکێکیان ئەفسەر بو ناوی مەسعودو ئەوی تریان مفەوەز بو بەناوی تالیب‌و هەردوکیان عەرەب بون، ئەو دووانە دڵێرەی ئەمنی سلێمانیان بەڕێوە دەبرد، ئەوانە پێیان وتم: ئیتر ئێمە لەگەڵ تۆدا گەیشتۆتە تینمان، تۆ دەبێ چارەسەرێکی خۆت بکەی‌و واز لەهەموو شت بهێنی، یاخود سێ رێگات لەبەردەمدایەو خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە. وتم: کامانەن؟ وتیان یەکەم بەرائەت بکە لەحزبی شیوعی ئەگەر ئەوە ناکەیت ئەوە ٣-٤ ساڵ زیندانیت دەکەین، یان لەسلێمانی دوورت دەخەینەوە (نەفیت دەکەین)، ماوەشیان پێدام ٢-٣ رۆژ بیر بکەمەوەو وەڵامەکەیان لێ بگێڕمەوە.

من سەیرم کرد ئیشەکەیان جدییەو گاڵتە نییە، بۆیە چوومەوە لایان‌و پێیانم گوت، مومکین نییە من بەرائەت بکەم، چونکە بەرائەت کردن کارێکی زۆر عەیبە بو، خەڵکانێ کە بەرائەتیان دەکرد زۆر بەچاوی سووك تەماشا دەکران، جگە لەمەش بەرائەت نەکردن لەلای من مەسەلەیەکی مەبدەئی بو، بۆیە پێیانم گوت پەتیشم بۆ هەڵواسن بەرائەت ناکەم، ئەوەشی کە ئێوە کێشەم بۆ دروست بکەن‌و ٢-٤ ساڵ بمخەنە زیندانەوە خەیارێکی باش نییە، بەڵام بۆ نەفی کردنم کەیفی خۆتانە، ئەوانیش وتیان:

باشه نەفیت دەکەین. وتم: بۆ کوێ؟ وتیان: بۆ شوێنێکت نەفی دەکەین، لەوەشدا کەوتمە سەودلو معامەلە گەڵیاندا کە بۆ کوێم نەفی بکەن، لەدواییدا وتیان: خۆت بڵێ بۆ کوێت نەفی بکەین؟ وتم: بۆ بەغدا، وتیان: هەی وەڵڵا شتێکی جوانە، ئێمە لەسلێمانی نەفیت دەکەین، دەتوێ بچی بۆ بەغدا، وتیان بۆ بەسرە نەفیت دەکەین. منیش پێم گوتن: نا و پێشنیاری نەفی کردنم بۆ ئەبوغرێب کرد، ئەوانیش وتیان: باشە، ئەبو غرێب دوریشە لەبەغدلو کاتێ چوویتە ئەوێش لەژێر چاودێری پۆلیسدا دەبیتو بەیانیانو ئێواران دەبێ بچی لەپۆلیسخانە ئیمزا بکەیو نابێ بشچیت بۆ بەغدا، منیش گوتم: باشە.

من بۆیە ئەبوغرێبم هەڵبژارد، چونکە لەبەغدا نزیکەو ماڵە برایەکم فازڵ نیزامەدین ئەو کاتە لەئەبوغرێب بو، کاتێ کە نەفی کرام بۆ ئەبوغرێب لەڕێگاوە چووم بۆ ماڵی ئەوانو دواتر بۆ ڕۆژی دووەم چووم خۆم بەپۆلیسخانە ناساند، دیتم هەموو زانیارییەکیان لەسەر من لابو. ئەوانیش وتیان: زۆر چاکە ئیتر تۆ بزانە لێرە نەفیت، ناویان نوسیم، ئیمزایان لێ وەرگرتم، پەنجە مۆریان پێکردمو پێیان گوتم کە دەبێ هەموو ڕۆژێ بەیانیانو ئێواران بچم بۆ پۆلیسخانە ئیمزا بکەم.

بەم شێوەیە ماوەیەك بەیانیانو ئێواران ئیمزام کرد. دواتر وردە وردە وای لێهات ئێوارانەکەی نەدەچومو بەیانیەکان هەردوو ئیمزاکەم بەسەریەکەوە دەکرد.. وردە وردە ئەوانیش وایان لێهات زۆر بایەخدارنەبون بەئیمزاکردنو بەچوار پێنج ڕۆژ جارێ دەچوم ئیمزای هەموو ڕۆژەکانم دەکردو ئەوانیش چاوپۆشیان لێ دەکردم.

ئەم کەینو بەینە درێژەی کێشا، تا ڕۆژێکیان ڕۆژنامەی (ژین) کە لەسلێمانیەوە بۆیان دەناردم تیایدا گرەوێکی شیعریم بەرچاو کەوت بۆ جوانترین شیعر لەسەر بەهای کوردستانو خەڵاتیان بۆ دانابو. ناونیشانیشیان دانابو کە ئەو بەرهەمە گرەوە پێشبڕکێیە بۆ کوێ بەڕێ بکرێ.

من ئەو کاتە زۆر نەبو دەستم دابوە شیعر، هاتم هەڵبەستێکم دانا لەسەر بەهاری کوردستانو بەپۆست بۆم ناردن،

لەڕاستیدا من ئومێدی ئەوەم نەبو کە هەر بیخوێننەوە، چونکە تەمەنی ئەدەبیم ئەوەندە نەبو، کەچی سەیرم کرد دوای نزیکەی مانگو نیوێك تا دوو مانگ هەر بەپۆستە نامەیەکم بۆ هات تیایدا دەڵێ پیرۆزباییت لێ دەکەین، شیعرەکەی تۆ یەکەم دەرچوو، وەرە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەت، لیژنەی هەڵسەنگاندنی شیعری بەشداربوانی ئەو گرەوەش بریتی بوو لەعەلائەدین سجادی، ڕەشید عارف، ئەنوەر سائیبو شەماڵ سائیب، ئەوانە زۆر پیرۆزباییان لێ کردمو خەڵاتەکەیان دامێ. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەو شیعرە دەرگایەك بو بۆ من کرایەوەو لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەشدا لەبەغدا بەوانەم نەگوت کە من لەژێر چاودێری پۆلیسدامو بەدزی هاتوچۆی بەغدا دەکەم.

• مامۆستا بەحوکمی ئەوەی بەڕێزت هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوی، ئایا ئەڵوانی بەراوردێکمان بۆ بکەی لەنێوان هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی عێراق پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموز!

– لەراستیدا مەسەلەی دژایەتی کردنی کورد لەلایەن عێراقەوە، مەسەلەیکە لەو رۆژەی کە ولایەتی موسڵ لەساڵی ١٩٢٥ وە خرایە سەر عێراق دروست بوە، ململانێیەك لەنێوان کوردو عەرەب دروست بوە، چونکە تێکرای سیاسەتمەدارانی عەرەب بەهەموو رێبازەکانیانەوە چاویان لەوە بوە کورد لەناو خۆیاندا بتوێننەوەو مەرجەکانی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن. بەڵام دەتوانم بڵێم دەسەڵاتدارانی عێراق پێش ١٤ی تەمموز نەرمترو زیرەکانەتر لەوانەی دوای خۆیان سیاسەتی دژایەتی کردنی کوردیان پەیرەو دەکرد. ئەوانە هەر لەدوای ئەوەی کە ولایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق هاتن کۆمەڵێك خەڵکی کوردیان هێنایە پێشەوەو کردنیان بەوەزیرو بەناشب، لەوانە محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی‌و جەمال بابان‌و سەعید قەزازو مەحمود بابان.. هتد، تەنانەت جارناجار سەرۆك وەزیرانیش کورد دەبو، ئەمانە وایکرد کە تا ئاستێك خەڵك چەواشە بکرێو دەیانگوت: فەرموون، ئەو هەموو وەزیرە کوردن، جاری وا هەیە سەرۆك وەزیرانیش کوردە. دانانی ئەو وەزیرە کوردانە لەراستیدا وەکو دەرزییەکی سڕکەر وابوو کە لەکوردیان دەداو وای کرد کە کورد قەناعەت بەو وەزعە تاڵە بکا کە تێیی کەوتبو. بەشێکی خاکەکەی خرابوە سەر عێراق‌و بەو شێوەیە بەرەبەرەکانیی کوردو کوردایەتیان دەکردو ئەو مەسەلەیەیان لەبیر خەڵکی کورد دەبردەوە، بەڵام کاتێ شۆڕشی ١٤ی تەمموز رویداو عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم‌و لەدەستوری عێراقیدا نوسی کوردو عەرەب شەریکن لەو وڵاتەدا، کورد راپەرین‌و بوژانەوەیەکی بەخۆوە بینی‌و وترا کە کورد نەمردووەو ئەوەتا کابرا شۆڕشی کردووەو یەکەم قسەی دەڵێ: کوردو عەرەب شەریکن لەم نیشتمانەدا.

• ئەگەر بگەڕێینەوە سەر حەقیقەتەکان عەبدولکەریم قاسم شتێکی زیادی نەوتوە، چونکە کوردو عەرەب لەعێراقدا هەن، ئەمە واقیعێکە هەیە!

– بەڵێ، بەس شتێك هەبو پێویستە باسی لێوەبکرێ، ئەویش ئەوەیە عەبدولکەریم قاسم کە هاتە سەر حوکم خۆی بەتەنیا نەبو، عەبدولسەلام عارفیش بو، عەبدولسەلام زیاتر نوێنەرایەتی ئاراستە نەتەوەییە عەرەبییەکەی دەکرد، هەرچی عەبدولکەریم قاسم بو زیاتر کابرایەکی دیموکراتیخوازو نیشتمانی بو، بایەخی بەقەومیەتی عەرەبی نەدەدا، بۆیە خەڵکەکە، بەتایبەتی کورد پشتگیری عەبدولکەریم قاسمی دەکرد، شیوعیەکانیش ئەوەیان قۆستەوەو وتیان عەبدولکەریم لەخۆمانە، ئەویش بواری زۆری دا بەشیوعیەکان‌و حزبی شیوعی بو بەحزبێکی ئاشکراو چەندان وەزارەتیان پێدراو خەڵك بەگشتی رووی تێکردن.

لەراستیدا لەدوای ١٤ی تەمموزدا کتێبو بڵاوکراوەی زۆر رژانە عێراق‌و بەغدا دەربارەی شیوعیەت‌و مارکسیزم‌و هەندێکیشیان رەخنە بون لەسەر مارکسیزم؟ لەلایەکی تریش منیش لەو کاتەدا گەیشتبومە تەمەنێك کە بتوانم زیاتر لەشت تێبگەم‌و زیاتر شت بخوێنمەوە، عەرەبییەکەشم بەهێزتربو. کاتێ ئەو کتێبانەم خوێندەوە کە رەخنەبون لەمارکسیزم بۆم دەرکەوت کە ئەوەی من شوێنی کەوتوم بەهەڵەدا چوم، من بەئومێدی نەتەوایەتی شوێن حزبی شیوعی کەوتبوم، وام زانی لەو رێگایەوە کورد رزگاری دەبێ.

لەم بارەیەوە کتێبەکەی لینین (حق الامم في تقرير مصيرها) ڕۆڵی زۆری هەبو بۆ ئەو ڕایەی کە پێی گەیشتم لەوەی کە سەرجەم ئەمانە لەڕووی تیۆرییەوە شتێك دەڵێن‌و لەڕووی پراکتیکیشەوە شتێکی تر دەکەن.

لەلایەکی تر کردەوەو هەڵسوکەوتی شیوعیەکان دوای ساڵی ١٩٥٨ لەبەکارهێنانی زەبرو زەنگ بەرامبەر بەخەڵك‌و خەڵك ڕاکێشان‌و کوشتنیان‌و گاڵتەکردنیان بەکوردایەتی‌و دژایەتی کردنی زۆری کورد لەکوردستاندا چاوی بەرامبەر حزبی شیوعی کردمەوەو حەقیقەتەکانیانم درك پێکرد. بۆ نمونە کۆمەڵێك مامۆستای نەتەوەیی داوایان کرد مەعاریفی کوردستان دابنرێ. کەچی حزبی شیوعی دژی وەستاو کەوتنە گاڵتەپێکردنی‌و مەعاریفی کوردستانیان ناونابو مەعاریفی قلیاسان، وەکو گاڵتەپێکردن دەیانگوت: ئەوانە مەعاریفی قلیاسانیان دەوێ.

• **باشە مامۆستا شیوعیەکان پشتیان بە چ بیرۆکەیەك دەبەست لەمژایەتی کردنی کوردو داواکانی؟**

– شیوعیەکان لەو سەردەمەدا دەیانگوت کۆماری عێراق کۆمارێکی ساوا‌و کۆرپەیە، ئەگەر بێتو لەم کاتەدا نەعراتی قەومی بوروژێنین لەکوردستاندا ئەوە زیانی دەبێ بۆ ئەو کۆمارە ساوایە، کارێکی لەو بابەتە دەستودەسیسەی ئەمریکاو ئینگلیزە کە ئەوان هاندەری بزوتنەوەی کوردایەتین، ئیتر هەرچی قسەی خراپ‌و ناشیرین بو بەکوردایەتی‌و هەڵگرانی بیروباوەڕەکەی دەوترا.

• **ئەو سەردەمە سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی کورد بوا**

– بەڵێ، تا ماوەیەکی زۆریش، ماوەیەك بەهائەدین نوری‌و دوای ئەویش ماوەیەکی زۆر عەزیز محەمەد سکرتێری حزبی شیوعی بو. ئەمانە هەستی نەتەوایەتی کوردایەتیان نەبو. جگە لەمانەش خالید بەگداشیش لەسوریا هەر کورد بو. ئەوانە کاریان بۆ مەسەلەی چینایەتی دەکرد، بۆ شیوعیەت‌و مارکسیزم خەباتیان دەکرد، خۆ هەموویان وەکو من هەڵخەڵەتاوی ئەوە نەبون کە وابزانن مەسەلەکە کوردایەتییە. مەسەلەی کورد لای ئەوان هەرگیز مەبەست نەبو، ئەوانە بەمانای وشە گوێیان نەدەدایە مەسەلەی کورد، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر لەعەرەبەکان دژی بزوتنەوەی کوردایەتی بون، زیاتر لەمەلیك مەلەکیتر بون.

من کاتێ ئەوانەم بەچاوی خۆم بینی‌و درکم بەو هەڵوێستانەیان کرد توشی حاڵەتێکی سایکۆلۆجی خراپ هاتم، هەستم دەکرد کە ١٠ ساڵە ڕەنجم بەخەسار چووە، ١٠ ساڵە بەهەڵە لەو ڕێکخستنە تێکەیشتووم، بۆیە یەکسەر وازم لێهێنا، بەڵام حەز دەکەم هەموو کەس بزانێ من لەڕۆژێکدا وازم لەحزبی شیوعی هێنا. خەڵکانێکی زۆر هەوڵی دەدا بیبێتە شیوعی بۆ ئەوەی شوێنێك یان مەرکەزێك بۆ خۆیان پەیدا بکەن. چونکە ئەو کاتە خەڵك وای دەزانی کە ئیتر عێراق بەرەو شیوعیەت دەڕواو حوکم بەدەست خۆیانەوە دەبێ.

• **وا زانراوە ئەو کاتە کە تۆ وازت هێنا حزبی شیوعی زۆر بەهێز بو، دەیتوانی دەسەڵاتیش بگرێتە دەستا**

– یەکێك لەهەڵە گەورەکانی حزبی شیوعی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم ئەوەبو دەیانتوانی بەئاسانی دەسەلات بگرنە دەست، بەڵام سەرکردایەتیەکەیان بودەلەبو نەیکرد.

١٩٥٤

• بەڕای تۆ باش بو دەسەڵاتیان نەگرتەدەست، یان ئەگەر دەسەڵاتیان بگرتایەتەدەست باشتر بو؟

– ئەوەیان پیاو ناتوانێ ئاینده بخوێنێتەوە، ئایا ئەگەر ئەوان دەسەڵاتیان بگرتایەتە دەست وڵات بەرەو کوێ دەچو. یان چۆن دەبو، لەهەموو حاڵەتێکدا ئەوان بەڕای من باشتر دەبون لەرژێمی عەبدولسەلام عارفو رژێمی بەعس، لەو هەموو تاوانەی کەکران بەرامبەر بەکورد ئەوان بەمجۆرە نەدەبون، سەرەڕای ناکۆکیان بەرامبەر بەهەستو رێکخستنی نەتەوایەتی.

• باشە مامۆستا کە وازت لەحزبی شیوعی هێنا چیت کرد؟

– کە وازم هێنا، بێلایەن دانیشتم، ئەو کاتە لەبەغدا دەژیام. لەدوای ١٤ی تەممووزیش چاودێری پۆلیسم لەسەر لابرا، لەبەغدا ئیتر دەستم کرد بەئیشکردنو وەزیفە، ئەو کاتە دوکانی بەشیر موشیر لەبەغدا وەکو یانەیەکی فکری وەهابو، رۆشنبیرە کوردەکان بەهەموو جۆرەکانیانەوە سەردانیان دەکردو لەوێ کۆدەبونەوە. منیش لەگەڵ بەشیر موشیر زوو ئاشنایەتیم پەیدا کردو وام لێهات کە بتوانم لەو دوکانە دابنیشمو بوم بەموریدی بەشیر موشیر، چونکە ئەو رێگای بەهەموو کەسێك نەدەدا کە لەدوکانەکەی دابنیشێ. زیاتر رێی بەوانە دەدا کە کوردێکی ساغ بون.

ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە ٢٩ ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/١٨

*** من پێشنیاری ناوی کاژێکم کرد**

*** دکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسول لەبەشیرییات لایداوە**

*** موسا عەنتەر لەئەستەمبوڵ بینی**

لەدرێژەی ئەو چاوپێکەوتنەی کە تایم لەگەڵ مامۆستا (کامیل ژیر) کردویەتی‌و لەم بەشەیدا باسی لەدامەزراندنی کاژێک‌و چوونی بۆ تورکیاو سویسرا کردووە.

هەروەها ئاماژە بەوەدەدا کە لەئەستەمبوڵ چەندان جار موسا عەنتەری ڕۆژنامەنووسی بینیوەو لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆشنبیری تری کوردی دانیشتووی ئەستەمبوڵی تورکیا کۆبوونەوەی کردووەو باسی چۆنیەتی دامەزراندنی حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسی بۆ کردوون.

لەم ئەڵقەیەی چاوپێکەوتنی مامۆستا کامل ژیر، باس لەوە دەکات ئەوو جەمال نەبەز دەستپێشخەری دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەییان کردوەو لەسەر پێشنیاری جەمال نەبەز مامۆستا کامل گەڕاوەتەوە سلێمانی‌و دەستی بەدیتنی کەسانی هاوبیرکردوە.

هەروەها ئاماژە بەوە دەدا کە حزبی شیوعی‌و پارتی زۆر دژی دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەیی سەربەخۆخواز بون‌و لەحکومەتی ئەوسای عێراق زیاتر دژایەتیان کردوە.

*** مامۆستا کامل لەسەر بەشیر موشیر، باس لەوە دەکرێ ناکۆکی لەگەڵ زۆر لەموریدەکانیدا بۆ دروست بوا**

– هیچ ناکۆکی، یان ناتەباییەك ڕوی نەداوە، کەس ناتەبایی لەگەڵ بەشیر موشیر نەبوە، بێجگە لە د. عیززەدین هەر ئەو بەتاقی تەنیا لایداو ئەو کتێبەی دەرکرد کە ڕەنگە بەڕای خۆی بەشیرییات بێ، بەڵام لەڕاستیدا نیشەکەی دژی بەشیر بوو، چونکە لەزۆر شوێنی کتێبەکەدا بەشیری شکاندوەو هەقی خۆی نەداوەتێ، بۆیە زۆر کەس وەڵامی کتێبەکەی دایەوە.

بێجگە لە د. عیززەدین ئەوانی ترمان لەمام جەلالەوە بگرە تا دەگەیتە د. کەمال فوئاد، د. ئیحسان فوئاد، د. جەمال نەبەز، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی‌و عەلائەدین سجادی کە ئەم دوانەی دواییان مردون‌و خوا لێیان خۆشبێ، هەر هەموومان لەسەر بەشیرییاتی خۆمان ڕۆیشتین.

بەشیرییاتەکە زیاتر سەر پۆشێك بو بۆ کارێکی ترو لەو دەرگایەوە دەمانتوانی نەتەوایەتی بکەین، ئەو ماوەیەی کە من تێکەڵی ئەو ڕۆشنبیرانە بوم لەدوکانی بەشیر موشیرو لەگەڵ برای خۆشەویستم د. جەمال نەبەزو عەلائەدین سجادی‌و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی زیاتر ئاسۆی بیرم کرایەوە.

بەبیرم دێ ئەو سەردەمە ئێمە پێکەوە بەکۆمەڵ دادەنیشتین‌و ڕەخنەمان لەمارکسیزم دەگرت وەکو بیرو ڕەخنەمان لەحزبی شیوعی دەگرت وەکو ڕەفتارو هەڵسوکەوت. جگە لەمە لەو سەردەمەدا کەوتینە ڕەخنەگرتن لە (پارتی)یش، چونکە پارتیش ئەو کاتە لەئاستی ئەو کارەدا نەبو.

*** مامۆستا ئایا ڕەخنەکانتان لەپارتی ئەوە بو کە کەموکورت بو لەبواری مەسەلەو هەستی نەتەوایەتیدا؟!**

– بەڵێ کەموکورت بو، وەکو لەسەرەتاشەوە باسم کرد پارتی تا ٨–٩ ساڵ لەمەوپێش هەر ئەو نزعە مارکسیەی تێدابو. ئەمەش بەلای ئێمەوە هەڵەبو، بەڕای ئێمە ئەو کاتە پێویست بو پارتی دەست

لەو نزعە مارکسیە بەردات، هەرچەندە تا ئێستاش ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی وەکو پێویست بەرزنەبۆتەوەو لەئاستی پێویستدا نییە، کە دەبوایە زۆر لەوە زیاتر بوایە.

بەڕای من هۆکاری نزمیی ئاستی هۆشیاری، یان نەبونی هۆشیاری نەتەوایەتی بەئاستی پێویست دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، لەوانە: تۆوی دوویەرەکی کە بەدرێژایی ٢٧٠٠ ساڵەی داگیرکردنی کوردستان لەلایەن بێگانەوە لەکوردستاندا نراوەتەوە، ئەو ڕێبازو ئایدیۆلۆجیا غەریبانەی کە کەوتونەتە ناو نەتەوەی کوردو دەماری نەتەوایەتییان سرکردووە. بۆ نمونە ئایدیۆلۆجیای ئیسلام کە ڕێبازێکی ئینتەرناسیونالیستییە بەئسلوبی خۆی بەرەو نانەتەوەییت دەبا. چونکە ئەو ئایدیۆلۆجیایە وائێلێدەکا زیاتر گوێ بەئایینو ئاخیرەت بدەی، کەمتر بیر لەدنیا بکەیتەوە.

بەم شێوە کارلێکردنەش بمانەوێو نەمانەوێ بایەخو هەستی نەتەوایەتی لەناو میللەتدا کەمدەبێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەوە سەلاحەدینی ئەیوبییە، ئەو کابرا مەزنەی کە دنیای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیو ڕۆژئاوای راوناو قودسی سەندەوە لەخاچپەرستەکانو خزمەتێکی گەورەی ئیسلامی کرد، هیچ هەستێکی نەتەولیەتی نەبو.

• **باشە، ئەوە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئێمە رۆشنبیری نەتەوایەتیمان نییە!**

– رۆشنبیری نەتەوەییمان بۆ نییە؟ چونکە ئێمە دەرگای نەتەوایەتیمان پارتی بو، پارتیش هەر بەگەزی مارکسیزم دیاردەکانی دەپێوا، بۆیە هەستی نەتەولیەتی گەشەی نەسەند..

• **باشە، ئەی رۆڵی ئێوە چی بو؟**

– ساڵی ١٩٥٩ حزبی شیوعی دەستی خستە ناو سەرکردلیەتی پارتی، کۆمەڵێ کادری پێشکەوتوی شیوعی وەکو دارا تۆفیق، خەسرەو تۆفیق، ساڵح حەیدەری، هەمزە عەبدوڵا کە خۆی لەسەرەتاوە کابرایەکی بەبیر مارکسی بو چونە ناو لیژنەی ناوەندی پارتی.

هەروەها د. موراد هەبو کە کوردێکی سۆڤیەتو عەمیلی سۆڤیەت بو، لەوێوە ناردیانو کەوتە ناو مەکتەبی سیاسی پارتییەوەو بو بەئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، ئەو مارکسیەکی تەواو بو، خەریك بو پارتی بەتەواوی لەو تۆزە نەتەوایەتیەش بشواتەوە.

ساڵی ١٩٥٩ ویستیان ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان، یان قوتابیانی کوردستان کە ڕێکخراوێکی لاوانو قوتابیانی پارتی بو، هەڵوەشێننەوە، تا لەوێدا ئێمە گەیشتە تینمانو ئومێدمان بەپارتی نەما. بیرمان لەوە کردەوە کە کاتی ئەو هاتوە ئێمە خۆمان ڕێکخستنێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین لەو کەسانەی کە ئاڕاستەو ڕەوتی نەتەوایەتیان هەبو.

ئەو بیرۆکەیە سەرەتا لەمنو د. جەمال نەبەزەوە لەدوکانەکەی بەشیر موشیر دەستیپێکرد. ساڵی ١٩٥٩ ئێمە ئەو واقیعە تاڵەمان دەبینی لەناو پارتیدا، لەلایەکی تریش، رۆژنامەی (الثورة) ی عێراق کە هی یونس الطائي بو لەو کاتەدا کۆمەڵێ وتاری نوسی کە هەمووی بۆنی تواندنەوەی کوردی لێدەهات. لەڕاستیدا ئەوانە وەکو ڕێبازێکی قەومی کەوتنە دژایەتی کردنی کورد. بینیمان ڕێبازە قەومییە عەرەبییەکە دژی کوردە، هەروەها ڕێبازە چەپەکەش کە حزبی شیوعییە هەر دژی کوردە.

ئێمە تاکە ئومێدێکمان پارتی بو، پارتیش ئەوەبو شیوعی بەو جۆرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد دەستی تێخستو ئێمەی هیوابڕاوکرد. بۆیە ئێمە ساڵی ١٩٥٩ بڕیارماندا حزبێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین.

ئەوەی ڕاستی بێ سەرەتای بیرۆکەی دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەیی لەمنەوە. جەمال نەبەزەوە دەستپێکرد. من بیرۆکەکەم خستە بەردەم جەمال نەبەز، ئەو لەمن بەتەمەنترو ڕۆشنبیریشی زیاتربو. مامۆستای دواناوەندی بو، من ئەو کاتە لەقۆناغی خوێندنی ناوەندی بوم.

جەمال نەبەز بیرۆکەکەی منی بەدڵ بو، وتی: منیش بیرم لەشتێکی وەها کردۆتەوە، بەڵام چیبکەینو چۆن دەستپێبکەین. منیش وتم: هەموو شتێك لەهەنگاوێکەوە دەستپێدەکا، بڕینی هەزار میل بەهەنگاوێك دەستپێدەکا. ئەو وتی: کۆمەڵێ کەس لەسلێمانی هەن بیر لەشتێکی وەها دەکەنەوە، من ناتوانم ئێستا بچمەوە سلێمانی لەبەر دەوامی مامۆستایەتیم تا پشوی هاوین، تۆ بڕۆرەوە بۆ سلێمانیو پەیوەندی بەو کەسانەوە بکەو بەناوی منیشەوە قسەیان لەگەڵدابکە.

من هاتمەوە سلێمانیو ناوەکانیشم پێبو، لەوانە: ئەحمەد هەردی، عەبدوڵلا جەوهەر، ئیحسان فوئاد، فایق عارف، فەرەیدون عەلی ئەمینو کۆمەڵێ ناوی تریش هاتنە پێش کە پێویست نییە ناویان بێنم، پەیوەندیم پێیانەوە کردو بیرۆکەکەم لەگەڵدا باسکردن. ئەوانیش پێیان باشبو، وتیان کۆمەڵێ خەڵکی تریش هەنو ناوەکانیان پێدام، بەڵام من پەسەندم نەکردن، چونکە ئەوانە هەڵوێستی خراپیان هەبو، هەندێکیان بۆ نمونە، کتێبیان دەردەکرد، کتێبێکی وەکو ڕێزمانی کوردی وێنەیەکی مەلیکیان دەخستە لاپەڕەی یەکەمی. هەروەها وتم: کەسێ کوردێکی چاکبێ، بۆ ئەوە بشێ ببێتە سەرکردایەتیی حزبێکی نەتەوەیی، نابێ ڕابردوویەکی وای هەبێ لەکتێبێکدا وێنەیەکی مەلیکی خستبێتە لاپەڕەی یەکەمی، یاخود هەڵوێستێکی هەبوبێ ببێتە مایەی ئەوەی خەڵك ڕەخنەی لێبگرێ.

لەبەر ئەوە جگە لەو پێنج کەسەی کە ناوم بردن کەسی ترم پەسەند نەکرد.

دواتر لەگەڵ ئەو پێنج کەسە دەستمان کرد بەگفتوگۆو کۆبونەوە کە هەمان ڕەوتی ئێمەیان هەبو، پێکهاتین لەسەر ئەوەی حزبێکی نەتەوەیی دابمەزرێنین. لەدوا کۆبونەوەماندا ڕێکەوتی ١٩٥٩/٤/١٤ لەماڵی ئەحمەد هەردی لەسلێمانی بڕیاری دامەزراندنی حزبێکی نەتەوەییماندا.

بۆ ناوی حزبەکە کۆمەڵێ ناومان پێشنیار کرد، لەوانە: (حزبی نەتەوەیی کورد، حزبی ڕزگاری، حزبی سەربەخۆیی، بەڵام هیچ ناوێکمان هەڵنەبژارد، چونکە دەبوایە کۆبوونەوەی فراوانتر بکەین، ئیتر من گەڕامەوە بۆ بەغداد ئەو ئەنجامانەم گەیاندە جەمال نەبەز.

دواتر لەپشوی هاوین دا لەگەڵ جەمال نەبەز پێکەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانیو کەوتینە بەستنی کۆبونەوەی فراوانتر کە (٧) کەس بوین، لەو کۆبونەوانەدا کۆمەڵێك شتمان دیاری کرد.

بەڕاستی ئەو پشوی هاوینی ساڵی ١٩٥٩یە ماوەیەکی زۆر دەوڵەمەندو بەپیتو بەرەکەت بو بۆ کارەکەمان، چونکە یەکەم: ناوی حزبەکەمان ناونا (کاژیك) کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد، لەسەر پێشنیاری من ئەو ناوە هەڵبژێردرا. من وتم: با ناوی حزبەکەمان بنێین (کاژیك)، وتیان: کاژیك چییە؟ وتم: واتە (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد). ئەوانیش وتیان زۆر باشەو پێشنیارەکەیان پەسەند کردو وتیان ناوەکە خۆشەو مۆسیقییەو گوزارشت لەکۆمەڵێ شت دەکا کە دواتر لەنوسینەکانماندا باسمان لێوەکردو لێکمان دایەوە.

دواتر نامیلکەی (کاژیك نامە) مان نوسی. کاژیك نامە بەیانو بانگی یەکەمی حزب بو، (کاژیك نامە) زۆر بەنرخو بەهایە. دوای ئەمەش پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆمان دانا. شێوەی ڕێکخستنمان دانا، هەندێ لیژنەمان دروستکرد. لقی سلێمانیمان دامەزراند.

هەروەها لقی کۆیەمان دامەزراندو دلاوەری کوڕی کاکە زیاد بو بەبەرپرسیاری‌و منیش گەڕامەوە بۆ بەغداد بوم بەلێپرسراوی لقی بەغدا، لەئەنجامی کارو خەباتماندا بەماوەیەکی کەم گەشەمان کردو پەلمانهاویشت بۆ زۆر شوێن، تاولیلێهات برادەرێکمان کەسبکرد بەناوی (جەواد مەلا) لەکوردستانی رۆژئاوا کە ئێستا دکتۆرای هەیەو لەلەندەن نیشتەجێیە، سەرەتا جەواد مەلا هاتە بەغدا بۆ لای من. لەوێ دوای ئەوەی کە بیرۆکەکەمان زیاتر بۆ باسکرد باوەڕی هێناو بەگەڵمان کەوت. ئاراستەی ئێمە ئاراستەیەکی نەتەوەیی بو، بۆ هەر چوار پارچەکە بو، ئێستاش باوەڕمان وایە کە خەباتی کوردایەتی دەبێ رێکخستنێکی نەتەوەیی هەبێ بۆ سەرتاسەری کوردستان، نەک بەپچڕپچڕی ئەو سنورە دەستکردانەی دوژمنان دروستیان کردوە. پەککەکەش ئەو رەوتەی ئێمەی هەبو، بەلام لەو دواییەدا خۆی دۆڕاند، ئەویش هاتەوە سەر خەباتی ناوچەیی‌و وازی لەخەباتی سەرتاسەری هێنا.

• ئایا ئێوە پێش دامەزراندنتان بەئاشکرا کارتان دەکرد؟

– لەڕاستیدا ئێمە زۆر بەنهێنی کارمان دەکرد، چونکە چارمان نەبو، یەکێك لەهۆیەکانی کە (کاژێك)یش پێش نەکەوت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئسلوبی نهێنی کارکردنەمان، لەبەر ئەوەش خەڵك نەیدەزانی ئێمە کێین‌و چیمان دەوێ‌و بەرنامەو ستراتیجمان چییە.

• بۆچی ئێوە بەنهێنی کارتان دەکرد؟

– زۆر دژایەتی دەکراین، پارتی‌و شیوعی زیاتر لەحکومەتی ئەوسا دژمان بون، زۆریان بەریەرەکانی دەکردین، شیوعی دژی بیروباوەڕەکەی ئێمە بو، ئێمەش لەدوورەوە دژی شیوعی بوین، چونکە بیرۆکەی مارکسیزم لەگەڵ نەتەوایەتیدا ناگونجێ، نەتەوایەتی لەخەباتی چینایەتیدا دەتوێتەوە، بۆیە ئێمە وەکو بیرو وەکو رێکخستن دژیان بوین، چونکە هەڵسوکەوتی شیوعیەکان زۆر خراپ بو بەرامبەرمان.

لەلایەکی تر دەتوانم بڵێم پارتی، مردنی خۆی لەگەشەکردنی ئێمەدا دەبینی، ئەگەر ئێمە گەشەمان کردباو خەڵکە نەتەوەییەکە بەگەڵ ئێمە کەوتبا ئەوە پارتی چی بەدەستەوە نەدەما. بۆیە ئەویش زۆر بەتوندی بەریەرەکانی‌و دژایەتی دەکردین.

ئەم هۆکارانە هەمووی وایکرد ئێمە زۆر بەنهێنی کاربکەین، جگە لەوەی کە حکومەتی ئەوسا لەسەر داواکردنی حوکمێکی زاتی دەیانگرتی‌و ئازاریان دەدای، ئەی ئەوەی داوای رزگاربونی هەموو پارچەکانی کوردستان بکات چی لێدەکا؟ دیارە بەتوندوتیژتر لێی دەدا.

• مامۆستا کامل ئایا ئێوە چالاکیتان لەپارچەکانی تری کوردستان دەکرد؟ بۆ نمونە لەکوردستانی ئێران؟

– نەگەیشتینە ئێران، بەلام برادەرێك لەتورکیاوە هات (فەیا)ی ناوبو، ماوەیەك لەگەڵماندابو، هات لەبەغدا پەیوەندیی پێوەکردین‌و بیرۆکەکەی لێوەرگرتین‌و ئەو ماوەیەی لەلامانبو بەبیروباوەڕەکەمان گۆشمانکرد، بەلام پاشان شوێنبزربو، دواتر بیستمان کە ئەو فەیایە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە نێردراوەو موندەس بوە، گوایە موخابەراتی تورکیا بوە، ئەو کابرایە ئیتر نەهاتەوە بەلاماندا.

سالی ١٩٦٢ من چومە تورکیا، ئەو سەردەمە دیوانی شیعری کوردایەتیم پێشتر لەسالی ١٩٦٠ دەرچوبو، ژمارەیەکی لێ گەیشتبوە تورکیاو کوردەکانی ئەوێ خوێندبویانەوە، لەڕێگای کۆمەڵێك خوێندکاری سلێمانی‌و هەولێر کە لەوێ دەیانخوێند لەشیعرەکانم گەیشتبون‌و کاری تێکردبون.

لەتورکیا یەکێك بەناوی جەمال عەلەمدار هەبو لێپرسراوی ڕێکخراوی پارتی بو، برادەری خۆشم بو، دەمناسی، من کە چوم بینیم، وتی وەرە، فرسەتە، زۆر لەکوردە ڕۆشنبیرەکانی ئێرە دیوانە شیعرەکەی تۆیان خوێندۆتەوەو زۆریان پێباشە، وەرە لەگەڵیان دانیشە، جگە لەمەش ئەوانە دەیانەوێ ڕێکخراوێك، حزبێك دروست بکەن، بەس هیچی لێنازانن، تۆ ئەگەر یارمەتیان بدەی پێیان خۆشدەبێ. منیش ئەوەم پێخۆشبو، قۆستمەوەو لەوێ دەستیانکرد بەدەعوەت کردنی من، تەنانەت ئەو دو هەفتەیەی کە لەئیستانبول بوم، بەحساب دەبوایە بەرەو ئەوروپا بچم، بەڵام ئەو ماوەیە بێ شەویواردن هەر شەوەی لەماڵی یەکێك لەکوردە ناودارەکانی ئەوێ دەعوەت بوم، بەهۆی ئەمەوە گەلێك شەخسیەتی کوردی ئەوێ کۆدەبونەوەو باس لەمەسەلەی کوردو ڕێگاچارەسەرو دروستکردنی ڕێکخراوی کوردی کرا.

بەبیرمدێ دو کەس لەوانەی کە ناوداربون لەو کۆبونەوانە ئامادە دەبون، یەکێکیان ناوی موسا عەنتەر بو، ڕۆژنامەنوسێکی بەناوبانگبو، بەم دواییە شەهیدیان کرد، ئەویتریشیان مەمۆ ناوێك بو، نازانم مەمۆ چی بەسەر هات. ئەم دوانە زۆر ڕۆڵی سەرەکییان بینی لەو کۆبونەوانەدا کە بەمەبەستی حزب دروستکردن‌و کوردایەتی بو.

• باشە ئەوانە لەوێ بۆچی نەدەچونە ناو پارتی کە ئەو کاتە هەبو؟

– نازانم، بەڵام ئەوان هەر لەسەرەتاوە ڕەوت‌و ئاراستەیان زۆر نەتەوەییانەبو، لەوانەیە پارتیان بەدڵنەبوبێ، بەڵام کە شیعرو بیروباوەڕەکانی منیان بینیبوو خوێندبویانەوە، زۆر کاری تێکردبون.

• مامۆستا ئایا دەتوانین بڵێین دیوانی شیعری (کوردایەتی) گوزارشت لەبیری کاژێك دەکا؟

– بەڵێ، گوزارشتی لەبیری کاژێك دەکردو تەقینەوەیەکی بیری نەتەوەیش بو، واتە لەمەوپێش ئەو جۆرە قسانەیان نەبیستبو، زیاتر قسەی نەرمتر کرابون، بەڵام ئەوەی من بەبیروباوەڕو بەشێوازو گوفتاریش کوردایەتیەکی زۆر نوێ بو، ئەمە تەقینەوەیەك بو بەنسبەت کوردەکانی ئەوێ.

لەبەر ئەوەی من ئەزمونی حزبایەتیم زۆربو، پێشتر لەناو حزبی شیوعی‌و دواتریش لەکاژێك، کە خۆم دەستی باڵام تیایدا هەبو، دەمزانی ڕێکخستن چۆنەو حزب چییە، پرەنسیپ چییە، پەیڕەوو پرۆگرام چییەو چۆن حزب دروست دەکرێ. بۆیە هاتم لەسەر شێوازی کاژێکی شێوەی دروست کردنی حزبێکی نەتەوەیم بۆ داڕشتن. پێم گوتن ئەوە (کاژێك)یش هەیە. وتیان: باشە ئێمە ئیتر دەستپێدەکەین‌و بەشێك بین لەکاژێك یان خۆمان شتێکی سەربەخۆ دروست دەکەین.

منیش ئیشەکەم وابو نەمدەتوانی زیاتر بمێنمەوە، نەخشەو شێوازی دروستکردنی حزب‌و کارکردنم بۆ داڕشتن وەکو سەرەتاو پێم وتن ئیتر ئێوە خۆتان بەرپرسیارن لەکاری خۆتان‌و خۆتان ئیشەکانتان بکەن، ئیتر من ڕۆیشتم بۆ سویسرا بەمەبەستی چون بۆ فەرەنسا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو رادیۆ کوردییەی کە بڕیاربو لەپاریس دابنرێ، کە د. کامەران بەدرخان ڕەزامەندی دانانی ئەو رادیۆیەی لەفەرەنسییەکان وەرگرتبو، پێش منیش جەمال نەبەز چوبو بۆ سویسرا لەوێ د. کامەران بەدرخانی بینیبو.

ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣٠ ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٣

*** یەکەکە متمانەی نەتەوەی کوردو دۆستەکانی کوردیشی لەدەست دا.**

*** مادام برۆنزینۆ حەزی دەکرد شوو بەبەشیر موشیر کات.**

*** سەفارەتی عێراق لەسویسرا بەدەرکردنی داین.**

*** دەمانویست چارلی چاپلن ببینین.**

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی تایم مامۆستا کامیل ژیر ئاماژەی بەوەدا کە سەفارەتی عێراق لەسویسرا بەدەرکردنی دان. جگە لەوەش لەم ئەڵقەیەدا کۆمەڵێك یادەوەری پێکەنین ئامێزو سەرنجڕاکێشی گێڕاوەتەوە کە هەمووی پێکەوە دەتوانرێت تا ئاستێك ڕەوشی ئەو سەردەمەی کوردی دانیشتوی ئەورووپای تیادا ببینرێت.

لەم ئەڵقەیەی یادەوەرییەکانیدا مامۆستا کامیل ژیر باسی لەمانەوەی لەسویسراو دواتر دەرکردنیان لەوێ بەفشاری حکومەتی عێراقی و کۆمەڵێك سەرگوزشتەی خۆی بۆ کردووین.

• باشە مامۆستا تۆ شارەزاییت لەبەڕێوەبردنی کاروباری رادیۆدا هەبوو؟

– دوکتۆر کامەران بەدرخان و جەمال نەبەز، ساڵی ١٩٦٢ پێکهاتبوون لەسەر ئەوەی من بچم بۆ فەرەنسا بۆ بەڕێوەبردنی ئەو رادیۆ کوردییەی بڕیاربو لەپاریس دابمەزرێ. من هەندێك شارەزاییم هەبو لەکارەکانی ئیزگەی رادیۆدا بەهۆی ئەوەوە لەرادیۆی کوردیی بەغداد بەرنامەیەکم هەبو (لەهەر تەلەی دەنگێ) پێشتریش لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا چالاکیی هونەریم هەبو لەبواری شانۆدا وەك ئەکتەرێك و وەك نوسەرێکی شانۆنامەو وەك دەرهێنەرێکیش کە ساڵێك لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغداد بەشی نواندن و دەرهێنان خوێندبووم. یەکێکیش بوم لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵی ئاوازی کوردی لەگەڵ شەماڵ سائیب و ئەحمەد دەنگ گەورەو تایەر تۆفیق و کەسانیتر.

• کامیان تۆیان هەڵبژارد بۆ ئەو کارە؟

– جەمال نەبەز، ئەو پێش من بەشەش مانگ گەیشتبووە جنێف، بەو شەش مانگە فێری فەرەنسیەکە بوبو، ئەوەش بۆ من کار ئاسانییەك بو کاتێ گەیشتمە سویسرا.. ئەوەبو وەك وتم لەئەستەمبوڵ دوو هەفتە دواکەوتم، نازانم ئەو برادەرانەی ئەستەمبوڵ چییان کرد؟ بەڵام ئەوەی ئەمبیستەوە، هەستی نەتەوایەتی لەباکور لەپەرەسەندندا بو، دوای ساڵانێك پەکەکەش دروستبو. ئەمیش وەك جارانی پارتی، مارکێستی و نەتەوایەتیی تێکەڵ بەیەك کرد! کە ئەوە خاڵی لاوازی پەکەکە بو، راستە پەکەکە زۆر پەرەی سەندو بەهێزبو، بەڵام لەگەڵ ئەو شکستییەدا کە بەسەری هات بەهۆی گرتنی ئۆجەلانەوە، پەکەکە لەخەباتی سەرتاسەرییەوە بۆ هەموو کوردستان و بۆ سەربەخۆیی، بایداوە بۆ خەباتی ناوچەیی و ملدان بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ تورکدا! بەوە پەکەکە متمانەی نەتەوەی کوردو متمانەی دۆستەکانی کوردیشی لەدەسدا.

• بێنەوە سەر رادیۆکە، چی بەسەر هات؟

– بەڵێ، ئەو دواکەوتنەم لەئەستەمبووڵو سەفەرەکەشم بەشەمەندەفەریو لەبەغداوە، ئەوەش ماوەیەك دوایخستم. کاتێ گەیشتمە جنێڤ، دوکتۆر کامەران چوبو بۆ واشنتۆن بەنیازی ئەوەی دڵخوازییەکانی شۆڕشی ئەیلول بخاتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوو مانگی پێچو، منیش ئەو ماوەیە هەر لەجنێڤ مامەوە؛ سەفارەتی عێراقیش بەهەواڵی ئەو رادیۆیەی زانیبو، حکومەتی فەرەنسی لێپەشیمان کردبووەوە. هەر لەماوەی ئەو دواکەوتنەشدا، زەماڵەیەکی خوێندن لەزانکۆی سۆربۆن کە خێزانەکەی دوکتۆر کامەران بۆ منی وەرگرتبوو، براەرێکی کوردی رەوانەی بەخێزانەکەی دوکتر کامەرانی وتبوو کە گوایە من پەشیمانبوومەتەوە لەچوونم بۆ فەرەنسا، زەماڵەکەی منی بۆ خۆی پچڕیبوو!؛ ئیتر من لەکوردەکەی هەردوو جەژنە بووم، ئەرادیۆکەو ئەزەماڵەکە.

• ئەی چیت کرد؟

– ناچار لەجنێڤ مامەوە بەنیازی خوێندن لەسەر حیسابی خۆم، لەکۆلیجی ئابووری وەرگیرامو دەستمکرد بەهەوڵدان بۆ فێربوونی فەرەنسی، لەهەمان کاتدا، لەگەڵ ئەبەزدا دەستمانکرد بەچالاکیەکی زۆر لەدژی رژێمی عێراقو بڵاوکردنەوەی دەنگوباسەکانی شۆڕشی ئەیلول. ئێمە دەنگوباسەکانی شۆڕشمان بەوردیو بەدرێژی پێئەگەیشت. ئەویش بەهۆی ئەوەوەبو کە دکتۆر کامەران جۆرە مەرەکەبێکی دابوویننی لەشووشەی ئاوی (مقطر)دا بو. ناردبومانەوە بۆ رێکخستنی کاژێك لەبەغداد بۆ هاوبیرمان. (م.س) کە دولیی بو بەئەندازیارو بەڕێوەبەری گشتیی کارگەیەکو ئێستا بەهۆی ئەوەوە کە قاچەکانی لەکارکەوتوون، لەماڵەوە دانیشتووە. ئەو مەرەکەبە لەرەنگی ئاودایو، لەسەر کاغەزەکە دەرنەئەکەوت. هەموو هەفتەیەك نامەیەکمان لەو هاوبیرەمانەوە بەپۆستەدا بۆ ئەهات کە بریتیی بو لەچەند وشەیەك وەك هەواڵپرسین، ئیتر ئەوی تری بەو مەرەکەبە پڕئەکردەوە بەدەنگوباسەکانی شۆڕش. ئێمەش جۆرە مەرەکەبێکی ترمان لەلابو بەفڵچەیەك ئەماندا لەکاغەزەکەو هەموو نوسینە نهێنییەکانی دەرئەخست. بەو جۆرە هەموو هەفتەیەك دەنگوباسەکانی شۆڕشمان پێئەگەیشتو بڵاوئەکردەوە.

• چۆن و بۆ کوێ ئەو دەنگوباسانەتان بڵاو ئەکردەوە؟

– یەکەمجار، ئەو دەنگوباسانەمان لەنامەکەوە ئەگواستەوە بۆ سەر کاغەزی ترو رێکمانئەخستن. وێنەیەکیمان ئەنارد بۆ دوکتۆر بەدرخان لەپاریسو وێنەیەکیش بۆ عیسمەت شەریف وانلی کە ئەوسا لەشاری لۆزان ئەژیا. هەندێ لەکوردەکانی رۆژهەڵاتیش کە لەجنێڤ ئەژیان وەك حەبیبوڵای رەشیدیو فوئادی ئاسەفمان لێئاگادارئەکرد. دوای ئەوە ئەبەز وەرینەگێرانە سەر فەرەنسیو بریکاری دەنگوباسەکانو هەندێ رۆژنامەمان لێئاگادارئەکردن.

• ئەمە تاکەی درێژەی کێشا؟

– تا دەریانکردین لەسویسرا.

• بۆ دەریانکردن؟

ئەمەیان مەسەلەیەکی خۆشە، لەسویسرا یاسایەك هەبو، هەر بێگانەیەك پارەی پێ نەمایە. پۆلیس ئەچوو بەك سەلامی سەربازیانەی بۆ ئەکردو پێی ئەوت: ئەی گەورە، تۆ لەبەر ئەوەی پارەت پێنەماوە، کام سنور هەڵئەبژێری بۆ ئەوەی لەوێوە ئاودیوت بکەین؟

ئێمە لەنێو خۆماندا جارجار باسی ئەم یاسایەمان ئەکردو تێر پێئەکەنینو ئەمانوت: دەرکردنەکە بەهەرجا، ئەو سەلامە سەربازیو پێبەئەرزدانە بۆ؟!

بەو جۆرە ئەمانگوزەران، تا من لەپشوویەکدا سەردانێکی نەمسام کرد. لەوێ رەشید عارفو دوکتۆر وریا رەواندزیو دوریە محەمەد عەلی عەونیو سەرداری رەمزی فەتاحو عومەر دزەییم دی.

لەگەڵ ئەم دوانەی دواییدا، کۆڕو دانیشتنەکانمان خۆش بو، لەبەر ئەوە گەشتەکەم پازدە رۆژی خایاند. کە گەڕامەوە بۆ جنێف، کاك جەمال نەبەز پیاما هەڵشاخاو وتی ئەمە تۆ لەکوێیت؟ وتم بۆ واتوڕەییت؟ وتی پۆلیس هات سەلامەکەی بۆ کردم!! وتم بۆ؟ خۆ ئێمە پارەمان پێماوە. ئەوسا لەکەسوکارەوە پارەمان بۆ ئەهات. وتی لەبەر ئەوە نیە، نازانم هاتن وتیان ئەی گەورە: لەبەر ئەوەی سویسرا وڵاتێکی بچووکە، جێگەی ئێوەی تیانابێتەوە، کام سنور هەڵئەبژێرن تا خۆتو برادەرەکەتی لێوە ئاودیو بکەین!؟ لەگەڵ ئەو هەواڵە ناخۆشەدا، دامە پرمەی پێکەنین. وتم بۆچی جێگەی ئێمەی تیانابێتەوە. خۆ نەئاوساوین؟ وتی کاتی پێکەنین نیە، ئەبێ مشووری خۆمان بخۆینو بڕۆین. وتی زۆرم هەوڵداوە، بێسوودەو ئەبێ بڕۆین، تەنیا بەوە رازی بوون کە چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆ بکەنو خۆشمان بڕۆین نەك ئەوان بەپۆلیس دەرمانکەن. ئیتر ناچار رووما کردە نەمسا.

• بەر لەوەی بڕۆین بۆ پرسیار لەبارەی نەمساوە، ئاخۆ هەندێ یادەوەریتان هەیە لەسویسرا؟!

– بەڵێ وەك وتم نەبەز بەر لەمن گەیشتبووە، جنێف، لەناو ماڵێکدا ژوورێکی گرتبو بەکرێ، ماڵی مادام برۆنزینۆ. ئەم ئافرەتە مێردێكو کوڕێكو کچێکی هەبو، مێردەکەی لەشارێکیتر کاریئەکرد. کوڕەکەی کە ناوی کارلۆ بو، لەسەر ماتۆڕ پەڕیبوو، لەخەستەخانە کەوتبوو بۆ نەشتەرگەری. لەبەر ئەوە مادام پێویستی بەپارە بو، بۆیە ئەو ژوورەی دابو بەکرێ. کە منیش گەیشتم، ژوورێکی بەمنیش دا، بەڵام ئەو ژنە لەوە ئەچوو زۆرمان لێبترسێ. شەوان دەرگای ژوورەکەی خۆیان دائەخستو هەندێك شتیشی ئەدایەپاڵ. تومەز کوڕەکەی لەخەستەخانە پێی وتبو: بۆ ژوورت داوە بەکورد؟! ئەوانە میللەتێکی پیاوخۆرن! تۆ بیگوزەرێنە لەگەڵیاندا، کە من لەخەستەخانە دەرچووم ئەزانم چۆن دەریانئەکەم! ئێمە بەمەمان نەزانیبو.

بەبۆنەی دەرچوونیەوە لەخەستەخانە، چووینە لایو هەندێك گوڵیشمان پێشکەشکرد، دیمان گرژ بو لەگەڵماندا. تەختەیەکی شەترەنج دانرابو. من شەترەنجم باش ئەزانی. وتم باپارییەك بکەین. وتی ئەوە یاریی تۆ نیە، ئەوە یاریی ئەقڵە!! قسەکەم لاگران بو. وتم باشە با ئەقڵی خۆمان تاقیبکەینەوە. وتی بۆچی تۆ یاریی وا ئەزانی؟ یارییەکمان کرد زوو لێمبردەوە. یاریی دووەمو سێیەمیش بەو جۆرە. ئەو زۆری نەئەزانی. دوای چەند رۆژێك وتی من زۆری نازانم، بابچین بۆ گازینۆی شەترەنجزانەکان. ئەگەر لەوێ یارییەکت بردەوە، ئەوا من رام ئەگۆڕێتو دەعوەتێکیشتان بۆ ئەکەم. لەوێش بردمەوەو

دەعوەتەکەی بۆ کردمو تێکەڵاویمان زیاتربو، ئەو تەمەنی پازدەساڵێك بو، رۆشنبیرییەکی ئەوتۆی نەبو، ئێمە لەمریشکە رەشە بوبووینەوە.

ئنجا جارجار دوکتۆر کامەرانو عیسمەت شەریفو رەشیدیش ئەهات بۆ لامان، کارلۆ بۆی روون بوەوە ئێمە پیاوخۆر نین، بەڵکو لەزۆر خەڵکی ئەویش رۆشنبیرترین. ئیتر رۆژێك خۆی هات دڵنی پیانا کە هەڵە بووەو داوای لێبوردنی کرد. وتمان چی بووە؟ وتی من کتێبێکم لەسەر کورد خوێندبووەوە کە گوایە میللەتێکی کێویو پیاوکوژن. کەچی ئێستا بۆم دەرکەوت ئێوە لەئێمەش تێگەیشتوترن. ئنجا ئەوەشی کە وای کردبو مادام برونزینۆ زۆر لێمان بترسێ، کاك جەمال لەگران پاساژ (گەورەترین سوپەر مارکێتی جنێڤ) کێردێکی گەورەی پڕ لە نەخشونیگاری کڕیبو لەژوورەکەی خۆیدا هەڵیواسیبو. مادام برونزینۆ، بەوە ئەوەندەی تر روحی چوبو!

ئیتر ئەو خێزانە ئێمەیان زۆر خۆشویست. ئەوەندەش باسی بەشیر موشیرمان کردبو، مادام برونزینۆ رەسمێکی بەشیری لەژوورەکەی خۆیدا هەڵواسیو ئەیوت ئەگەر لەمێردەکەم جیابوومەوە، شو بەبەشیر موشیر ئەکەم.

ئێمەش بەپەلە ئەم هەواڵەمان نارد بۆ مامۆستا بەشیر. کە گەڕامەوە بۆ بەغداد، مامۆستا بەشیر زوو زوو هەواڵی مادام برونزینۆی لێئەپرسیم.

لەهەمان کاتدا، ئەوەندەی باسی نەتەوەی کوردو زوڵمی داگیرکەرانو شۆڕشی ئەیلولمان بۆ ئەو خێزانەکردبوو. کارلۆ لەگەڵ برادەرێکی خۆیدا کە ناوی تۆنی بو، بڕیاریاندا بچن بۆ کوردستانو ببن بەپێشمەرگە. یەکەم بۆ ئەوەی بەرگری لەکورد بکەن. دووەم ئەیانوت ئێمە لێرە لەم ژیانەی خۆمان بێزارین، حەز ئەکەین بچینە شاخو وەك فلیمی عەسابەکان بجەنگین!.. بەڵام دوانیمان ئەوانە هێشتا منداڵنو کەڵکی ئەوەیان پێوەنیە.

• **یادەوەری تریشت هەیە لەوێ؟**

– یادەوەریی دووەم، لەگەڵ رەشیدیدایە، ئەم برادەرە ناوی حەبیبوڵلا رەشیدییە. خەڵکی شاری سنەیە، ئەو پێش ئێمە بە دە ساڵ لەجنێڤدا ئەژیا. باوکی ناردبووی بۆ خوێندن. بەڵام یەك کۆرسی نەبڕیبو! چونکە وەك خۆی ئەیوت کچان لێی ناگەڕێن. راستیشی ئەکرد، کوڕێکی قۆزو زۆریش قۆشمەبو. لای پروتستانتەکان کە لەجنێڤدا کەمینەیەکنو هەمیشە لەگەڵ کاسۆلیکدا ناکۆکن، وتبووی من پرۆتستانتی سنەم. ئەوانیش شوقەیەکی پڕ لەکەلوپەلیان دابویە. شەوی سەری ساڵی ١٩٦٢ لەگەڵ پروتستانتەکانی ناو باڵەخانەکەیان تێکئەچن لەسەر ئەوەی ئەو شەوە تابەرەبەیان ئەوان هەر زەمی کاسولیکەکان ئەکەن. ئەمیش بەسەرخۆشی لێیان رائەپەڕێو لەوەش خۆی ئاشکرا ئەکات کە ئەم موسڵمانە!

ئەوانیش هەر ئەو شەوە دەرینەکەن. عیسمەت شەریف لەپۆڵۆنیا زەمالەیکی خوێندنی بۆ بەدەستخست. ئەو رۆژەی بەڕێمان کرد، زیاتر لەپەنجا کچی سویسری هاتبوونە ئیزگەی شەمەندەفەرو بەگریانەوە بەڕێیان کرد. کەچێ دوو هەفتەی نەخایاند بەفڕۆکە گەڕایەوە. وتی لایبە.. کەی ئەوە وڵاتە. وتمان ئەی پارەی فڕۆکەکەت لەکوێبوو؟ وتی کڵاوم نایەبان سەریان. پێموتن من پەیامنێری

ڕۆژنامەی لۆمۆندم. ئەگەر بەفڕۆکە نەمنێرنەوە، خرلپتان لەسەر ئەنوسم. ڕەشیدی زوو زوو لەو جۆرە کلاوانەی ئەدرو. خۆی پیشاندابو کە نوێنەری بارزانییە، جارجار تەلەفۆنی بۆ ئەو گازینۆیە ئەکرد کە لێی دائەنیشت.

پێیئەوتن ئەوە بارزانی لەفڕۆکەخانەی جنێڤ لایداوەو داوای ڕەشیدی ئەکات. دوای ماوەیەک ئەچوو بۆ گازینۆکە. ئەوانیش بەپەلە هەواڵەکەیان پێئەگەیاند. ئنجا لای ئێمە ئەیوت ئەوە کلاوم نایەبان سەریان!

ئەو ڕۆژەی بڕیار بو من بگەمە ئێزگەی شەمەندەفەری جنێڤ. ئەبەزو ڕەشیدیو چەند کەسێکیتر چاوەڕوانیان کردبووم. بەلام من ٢٤ کاتژمێری دواکەوتم تەفسیری ڕەشیدی ئەوەبو بو کە لەئیتالیا گوێنبیەکەیان لێفڕاندوم، منیش ڕامکردووە بەشوێنیدلو شەمەندەفەرکە بەجێیهێشتووم! تومەز خۆی ئەو لەجیاتی جانتان گوێنی پێبووە.

ئەبـــەز　　　　ژیـــر　　　　ڕەشیدی

• ئەی یادەوەریی سێیەم؟

– ئەمەیان یادەوەری نیە، بەلکو خەفەتێکە. ئێمە سەرباری خەفەتی دەرکردنەکەمان لەسویسرا، زۆر نیگەران بووین بەوەی کە نەمانتوانی چارلی چاپلن ببینین. چاپلن لەگوندێکی جنێڤ ئەژیا. بڕیارماندا ڕۆژێک سەردانێکی بکەین بۆ ئەوەی مەسەلەی کوردی تێبگەیەنین‌و داوای لێبکەین هەلبداتێ لەسەر کورد. بەلام ئەو دەرکردنە بواری نەدایین.

• ئێستا ئەكرێ هۆی دەركردنەكەمان پێڵێی!

– ئەی بۆنا.. بێجگە لەمن و نەبەز، كەسیتری باشور لەسویسرا نەبو، بۆیە سەفارەتی عێراقی لەسویسرا ئەو چالاكیانەی بەهی ئێمە ئەزانی و گوشاری خستبووە سەر حكومەتی سویسرا كە دەرمانكەن. ئەگینا پەیوەندیی دبلۆماسی ئەبڕن.

• وتتان ٢٤ كاتژمێر دواكەوتن، بۆچی!

– لەئەستەمبوڵ كە سواری شەمەندەفەر بووم، لەگەڵ گروپێكی بەریتانی، بوم بەبرادەر، ڕێگاكە دوو شەو دوو ڕۆژی خایاند پێشنەوەی بگەینە لۆزان، ئەوان وتیان ئەمشەو لەلۆزان لائەدەین، چونكە نامانەوێ بەم میلاكیەو ژاكاویە بچینە جنێڤ. تۆش وابكە، چونكە خەلكی سویسرا زۆر گوێ بەرێكوپێكی ئەدەن. با لەڕێوە سەرنجێكی خراپ وەرنەگرن بەرامبەرت. ئەمشەو لەلۆزان ئەچینە وتێلو خۆمان ئەشۆینو جل لەئوتو ئەدەین. سبەینێ بەنیو كاتژمێر ئەگەینە جنێڤ. وتم ئاخر من لەگەڵ لۆزان نەیارم. باسی پەیمانی لۆزانم بۆ كردن. وتیان هەقتە، بەلام ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ ئەمشەو بچینە ئوتێلێك.

ڕۆژی دوایی گەیشتمە جنێڤو ناونیشانی نەبەزم پێبو. هۆی دواكەوتنم بۆ باسكرد، ئەویش تەلەفۆنی بۆ ڕەشیدی كردو پێی وت ئەوە قسەكەی تۆ دەرچوو، ئێستا گەیشت، لەئیتالیا گوێنییەكەیان لێڕفاندووە، ڕەشیدی هاتو كردمان بەپێكەنین. لەقسە خۆشەكانی ڕەشیدی: ئەیوت من فرە قەشەنگم وەلێ سەرمدا ڕزیاگە (واتا سەری ڕووتاوەتەوە) لەجیاتی ئەوەی بڵێ گوێیگرە. ئەیوت گوێچكەبدە.. ژمارەی (٢١)ی زۆر لاپەسەند بو، بیوایە بەبرادەری هەر كچێك، ئەیوت تەمەنی (٢١) ساڵە. لەجنێڤ ئەوەندە ناویانگی هەبو، بەختیار ئەوەبوو بیولیە بەدەزگیرانی ڕەشیدی: كەچی ڕەشیدی تەنیا بریجد باردۆی لەدڵەوە خۆشەئەویست. هەموو شوقەكەی بەوێنەكانی ئەو ڕازاندبووەوە. بریجد باردۆ ڕێی كەوتە جنێڤ بۆ ئەوەی لەگوێ دەریاچەكەی جنێڤ فلیمێك دەركا. خەلكی جنێڤ باسی ڕەشیدیان بۆ كرد. ئەویش ناردی بەشوێنیدلو نیو كاتژمێر پێكەوە قسەیان كردبو. ئەم هەواڵە لەجنێڤدا دەنگی دایەوە. بەداخەوە ئێستا سۆراغی ڕەشیدی نازانم. با ئەوەش بڵێم ئێستا بیرم كەوتەوە: بە نەبەزی ئەوت ئەشێ ئەم جەماڵە پیاو ئەمریكا بێ. ئەموت بۆ؟ ئەیوت چونكە ئینگلیزییەكی فرە قەشەنگ ئەزانێ!

ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣١ ی ڕۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٢

*** کورد تەنیا لەڕوی سۆزەوە کوردایەتی کردوە.**

*** وانەی زمانی کوردیم بەباڵیۆزی یۆگۆسلاڤیا لەبەغدا دەوتەوە.**

لەم ئەڵقەیەدا مامۆستا زۆر باسی چوونی بۆ سوریاو گەڕانەوەی بەغداو هۆیەکانی هەڵوەشانەوەی کاژێک ئەکات.

• دوای دەرکردنتان لەسویسرا، بۆچی نەمساتان هەڵبژارد؟

– وەك پێشتر وتم، بەهۆی ئەو سەردانەمەوە بۆ ڤیەنا، هەندێك شارەزاییم پەیداکردبوو لەبارەی نەمساوە. لەگەڵ ئەبەزدا بڕیارماندا لەڤیەنا نیشتەجێببینو بخوێنین. بەلام ئەو کاتەی گەیشتینە ڤیەنا، زانیمان وەرزی خوێندنو وەرگرتن لەزانکۆکان تێپەڕی کردووە. ئەبوایە شەش مانگێك چاوەڕوانمان کردایە. ئەوەش بۆ ئێمە نەئەگونجاو. زانیشم کاك جەمال نەمسای لاخۆش نەبو. ئەو پێشنیاری ئەڵمانیای کرد. من تورکیا، لەئەنجامدا هەر وامان کرد، ئەو ڕوویکردە شاری میونیخ لەئەڵمانیا. منیش بۆ ئەستەمبوڵ. بەو جۆرە لەیەك جیابووینەوە، لەئەستەمبوڵیش پێیان ڕاگەیاندم کە کات درەنگەو ئەبێ چاوەڕوانی ساڵی تازەی خوێندن بکەم. هەر لەوێ بیستم کە تەنیا لەدیمەشق ئەشێ وەرگیرێم بۆ خوێندن. ئیتر لەئەستەمبوڵیش نەمامەوەو خێرا خۆم گەیاندە شام. کات هەندەی نەمابو بۆ بەهاری ١٩٦٢، کە چوومە زانکۆی دیمەشق لەوێش وەرنەگیرامو وتیان ساڵ زۆر درەنگە. ئیتر بەنائومێدی ویستم ڕوو بکەمە یانەی زانکۆ بۆ ئەوەی نانێك بخۆمو بیرێك بکەمەوە. لەگەنجێکم پرسی یانەکەتان لەکوێدایە، لەوەلامدا وتی: لەوەئەچێ تۆ عێراقی بیت؟ وتم بەڵێ، وتی خەڵکی کام شاریت، وتم سلێمانی، هەر کەوام وت باوەشی پیاکردمو ماچی کردم، زانیم هەردووچاوی پڕبو لەفرمێسك، لەگەڵما هات بۆ یانەکەو پێکەوە دانیشتین. هەواڵی کچێکی خەڵکی سلێمانی لێپرسیم کە ئەو کاتە لەزانکۆی بەغداد ئەیخوێند! وتم بەڵێ ئەیناسم. کوڕەکە کە ناوی (سمیر) بو، لەخۆشیدا شاگەشکەبو، وتی تۆ میوانی منیت. خێرا چوو خواردنی بۆ هێنام، وتی: من لەم زانکۆیەدا دەستم زۆر ئەڕوات. هەرچی پێویستییەکت بو بەمن بڵێ. کە بۆم باس کرد ئەوە یەکەم ڕۆژمەو وەریش نەگیراوم، وتی: کام کۆلیجت ئەوێ، وتم: یاسا، وتی ئەوە لەسەر من. ئەو شتانەی پێویست بون، لێی وەرگرتمو دوای کاتژمێرێك گەڕایەوە وەرەقەی قبوڵەکەی دایەدەستم.

• ئەوە کێبو؟

– منیش ئەو ڕۆژە هەر ئەم پرسیارەم لەخۆم ئەکرد، ئەمە کێیە؟ بەقسەکردنیدا سوری بو، لەوەش نەئەچو لەکوردەکانی ئەوێبێ، داوام لێکرد خۆیم پێبناسێنێت. هەرئەوەندەی پێوتم کە ناوی (سمیر)ەو وتی لەهەلێکی تردا زیاتر خۆمت پێئەناسێنم هیوام وایە زوو زوو یەکتر ببینین!

چوومە کۆلیجی یاسا، چەند لاوێك بەکوردی قسەیان ئەکرد، خۆم پێناساندنو زانیم ئەوان ناوی منیان بیستبوو لەڕێگەی هەڵبەستەکانمو نوسینەکانمەوە لەگۆڤاری هیوادا، ئەوان هەموویان خەڵکی

ناوچەی هەولێر بوونو لەئاغاکانی دزەیی بون، ناویان: (حاجی، موحسن، کاکە، خدر) بو. لەگەڕەکی (أبورمانە) خانویەکیان گرتبو، من لەئوتێل بوم، بەلام گەڵ شەو لەخانووەکەی ئەواندا کۆڕمان گەرم بو، هەواڵی سەمیرم لێ پرسین وتیان نایناسین.

• بەو درەنگ کاتە هیچ سوودێکت لەو ساڵەی خوێندن وەرگرت؟

– دەستوری ئەو کۆلیجی یاسایە وەک لای خۆمان نەبو، ئەو پۆلەی من زیاتر لەهەزار خوێندکاری تێدابو، وانەکانمان لەهۆڵێکی زۆر گەورەدا ئەخوێند. مامۆستا لەسەر شانۆیەکەوە بە میکرۆفۆن وانەکەی خۆی ئەوتەوە، ساڵی یەک ئیمتیحان هەبو وەک بەکەلۆریۆ. هەموو وانەو سەرچاوەکانی ئەو ساڵەم پەیدا کردو خۆم بۆ تاقیکردنەوە ئامادەکرد. بەلام بەر لەتاقیکردنەوەکە، لەبەغداد بڕیارێک دەرچوو هەموو خوێندکارانی عێراقی لەوڵاتە عەرەبیەکان ئەتوانن خۆیان بگوێزنەوە بۆ زانکۆی بەغداد. بەپەلە منو برادەرە دزەییەکانم خۆمان گواستەوە بۆ کۆلیجی ماف (حقوق)ی بەغداو لەوێ تاقیکرایەوەو دەرچووم بۆ پۆلی دووەم.

• هیچ یادەوەرییەکی سیاسیتان هەیە لەشام؟

– من وەک وتم، ماوەی مانەوەم ئەو ساڵە لەشام زۆر نەبو، بەلام لەگەڵ ئەو ماوە کورتەشدا، توانیم دۆستایەتی لەگەڵ ژمارەیەک لەخوێندکارە کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان کە لەدیمەشق ئەیانخوێند پەیدابکەم. بۆ ئاهەنگی نەورۆزی ئەو ساڵە بەنهێنی نزیکەی پەنجا خوێندکارێک چووینە ماڵێکو لەوێ دوای گوێگرتن لەهەندێک وتارو هەڵبەست لەبارەی نەورۆزەوە، بلاوەمان لێکرد.

• ئەی دوایی، ئەو سەمیرە ئاشکرا نەبوو کێیە؟

– بەڵێ لەگەڵ سەمیردا زوو زوو یەکترمان ئەدی، بۆی باسکردم کە ئەو عەرەبەو خەڵکی سووریایەو ماوەیەک لەزانکۆی بەغداد خوێندکاربووە، بەلام لەبەر هۆی سیاسی دەریانکردووەو ناردوویانەتەوە بۆ سوریا، ئنجا ئەوەشی بۆ باسکردم کە ئەو عاشقی ئەو کچەبووە کە یەکەم رۆژ هەواڵی ئەوی لێپرسیم! ! دیاربوو شەیدابیەکەی بۆ ئەو کچە، لەناخی دەرونیەوە بو، هەمو جارێک کە ناوی ئەهێنا، هەناسەیەکی سارییشی بۆ هەڵئەکێشا. لەڕاستیشدا ئەو کچە لەشاجوانەکانی زانکۆی بەغداد بو، قەدەریش وای کرد شوو بکات بەعەرەبێکی خەڵکی بەغداد! !

• چۆن وڵات بێتەوە بەغداد لەکاتێکدا بەدەسبەستەی سەفارەتی عێراقی لەسویسرا دەرکرابیت!!

– ئەو کاتەی قاسم فەرمانڕەوابو، دەزگا مخابەراتییەکانی رژێم، ئەوەندە هۆشیارو زانیار نەبو، گەڵ شتی وایان بەسەردا تێئەپەڕی. جگە لەوە، دەرکردنەکەی ئێمە تەنیا لەسەر بنچینەی گومانبو. هیچ بەڵگەیەکی نوسراومان لەسەر نەبو. ئنجا لەو تەمەنی لاوییەشدا، گەڵ موجازەفەی لەوە ترسناکترم ئەنجامئەدا بێئەوەی حسابێک بۆ سەلامەتیی خۆم بکەم.

• وەکو چی؟

– وەکو زۆرشت، لەوانە:

أ– ئەندامی سەرکردایەتی کاژێک بووم، لێپرسراوی بەغدادیش بوم، کە گەیشتمەوە بەغداد، ئیتر من نامە نهێنییەکانم بۆ ئەبەرز ئەنارد.

ب- هەندێك ئامێری چاپخانەیكی بچووكم بۆ كارێك كڕی و لەو ژوورەدا كە گرتبووم بۆ خۆم لەماڵێكدا لەناوچەی حەیدەرخانە، ماوەی دوو مانگێك دامنا. خاوەن ماڵەكەش خێزانێكی كەربەلایی بوون و بەوەیان نەزانی! تا هاوبیران فایەق عارف و مەحمودی حاجی و ئەنوەری كەریمە فەنی ڕۆژێك بەجێبێكی لاندرۆڤەرەوە لەسلێمانییەوە هاتن بۆ چاپخانەكە. هەر لەبەردەرگای ماڵەكەدا پارچەكانی چاپخانەكەمان لەجێبەكەدا قایمكرد، هەندێك پارچەیمان بەست بەژێر جێبەكەوە. ئەوانیش مەردانەو بێترس گەیاندیانەوە سلێمانی.

ج- ساڵی ١٩٦٠ كە دیوانی هەڵبەستەكانم بەناوی (كوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیك و دوورمانە)م چاپكرد. بەرگی ئەو دیوانەم بەئاڵای چوار ڕەنگی كوردستان ڕازاندەوە. دیوانەكەم لەچاپخانەی (النجاح) چاپكرد. لەڕێی كارمەندانی چاپخانەكەوە هەواڵی ئەو بەرگە گەیشتبووە مەبری. بەر لەبڵاوكردنەوەی دیوانەكە، خوالێخۆشبوو عەزیز خانەقا كە ئەوسا لێپرسراوی ڕەقابەی چاپەمەنیی كوردی بو لەوەزارەتی ئیرشاد، بەهەڵەداوان منی لەدوكانەكەی بەشیر موشیر دۆزییەوەو وتی ئەوە چینكردووە؟ ئیتر كە زانیم كارەكەی من بۆ ئەویش مەترسییەك دروست ئەكات، چوومە چاپخانەو بەرگەكانم گۆڕی، بەڵام ڕۆژی ئاڵاكەم هێشتەوە. لەو كاتەشەوە، هەموو چاپكراوەكانم بەوێنەی (ڕۆژ) ڕازاوەتەوە وەك هێمایەك بۆ ڕۆژی سەر ئاڵای كوردستان و وەك نیشانەیەكیش بۆ پیرۆزیی ڕۆژ لەئایینە دێرینەكانی نەتەوەی كوردو وەك سومبولێك بۆ گەشبینی. لەو بەرهەمانە: ١-جولنی ١٩٨٣ و ٢-هەڵبەستەكانی ژیر ١٩٩٣و ٣-گەورەپیاو ١٩٩٢ و ٤-كوردایەتی و دەوڵەتێكی كوردیی سەربەخۆ ١٩٩٤ و ٥-أفكار ٢٠٠٢ و كوردایەتی و سەربەخۆیی ٢٠٠٢.

بەو جۆرە لەبەغداد گوزەرانم تا كۆلیجی یاسام ساڵی ١٩٦٦ تەواوكرد.

كۆلیجی ماف لەبەغداد ١٩٦٦

• جگە لەخوێندن، خەریکی چیتر بوون لەبەغدادا؟

– گەلێ نیشیتر، ساڵەکانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ سەرپەرشتیی گۆڤاری هیوام ئەکرد لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا کەریم زانستی‌و مامۆستا محەمەد نوری عارف‌و مامۆستا حافظ قازی‌و ماوەیەکی کەمیش مامۆستا نەسرین فەخری. لەرادیۆی کوردی بەغداد بەرنامەیەکی وێژەییم هەبو، دوای ئەوە لەکۆمپانیای مەوادی بینائی دامەزرام وەك فەرمانبەرێك. ساڵێك لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداد خوێندم. بەدەم ئەو کارانەو خوێندنی کۆلێجیشەوە هەشت کۆرس زمانی ئینگلیزیم لەپەیمانگەی ئەمریکی لەبەغداد خوێند. یەك کۆرسی زمانی ئەڵمانی لەپەیمانگەی گۆتە لەبەغداد، ئنجا من لەو کاتانەدا کە بەو هەموو کارانەوە خەریك‌و ماندوبوم. خوالێخۆشبو رەشید عارف کە بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەمان بو، وتی بەڵێنمداوە بەبالیۆزی یوگوسلافی لەبەغداد کە تۆ دەرسی کوردیی پێبڵێیت! وتم کارم زۆرە ناتوانم. وتی بچۆ لەگەڵ خۆی قسە بکە، تازە من بەڵێنمداوەتێ. کە چووم بۆم ڕۆشنکردەوە من لەهەشتی بەیانیەوە تا درەنگکاتی شەو، بەکارو خوێندن‌و خوێندنەوەوە خەریکم. میستەر نیاز وتی من سووریم لەسەر فێربوونی زمانی کوردی، رەشید عارفیش ئەوەندە تاریفی تۆی بۆ کردووم. بەرۆکت بەرنادەم. وتم ئەی کەی کات؟ وتی: شەشی بەیانیان!! ناچار داخوازییەکەیم جێبەجێکرد، ئەویش لەئەنجامدا، مانگی ٢٠ دیناری پێئەبەخشیم کە ئەو کاتە بڕێکی باشبو. ئا بەوجۆرە ئەو هەموو کارانەم ئەنجام ئەدا سەرباری کارەکانی کاژێك.

کۆلیجی ماف لەبەغداد ١٩٦٥

• کەواتە بابگەڕێینەوە سەر کاژیك، کاژیك چی بەسەرهات؟

– کاژیك، ئەگەرچی لەسەرەتای دروستبوونیدا ژمارەیەك ڕۆشنبیرو خەلکی تری لێکۆبوبوەوە. بەلام ئەو ژمارەیە، ئەگەیشتە رادەیەك کە پارتییەکی وەك کاژیکی پێبپرێت بەڕێوەو سەرکەوتنی بۆ دەستەبەر بکات. هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم خالانە:

١– ڕاستییەکەی ئەو کاتەی کاژیك دامەزرا سالی ١٩٥٩ و ئێستاش زەمینەی سەوزبوون و گەشەکردنی پارتییەکی نەتەوەیی باوەڕدار (عقائدی) وەك کاژیك لەناو کوردا دروستنەبوە. تا ئێستا، بزوتنەوە سیاسیە گشتیەکان. لەناو ئێمەدا لەخولگەی موسولمانێتی و مارکسیێتی و سۆزی کوردایەتی و بۆرە دیموکراسییەکدا ئەسوڕێتەوە. ئەمانە هەر یەکەو پێشینەیەکی دێرینی هەیە. بەتایبەتی موسولمانێتی و مارکسیێتیەکە کە هەردووکیان دووبیرۆکەی نێونەتەوەیی (أممی)ن هەریەکەو ڕەگێکی قوولی بەناو بیری ژمارەیکی زۆر لەمرۆڤی کوردا داچاندووە. دیموکراسیش تەنیا وەك دەنگی دەهۆلێکی دوور بەخۆشی بەر گوێی خەلکی کوردستان کەوتووە. لەنزیکەوە کورد پێی ئاشنانەبووە. چونکە کورد خۆی ژێردەستەبوەو بواری نەدراوە دیموکراسی پیادەکات. سەردەستەکانیشی فریان بەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤو حوکمی یاساوە نەبووە، نەلەگەل ئێمەدلو نە لەناوخۆشیاندا. لەبەر ئەوە پیادەکردنی دیموکراسی لەپڕێکدا بێتەوەی کەشێکی گونجاوی بۆ ئامادەکەیت، ئەنجامدار نابێت، بۆیە من بەبۆرە دیموکراسی ناوم برد. بیری نەتەوەیش بەدەردێکی خراپتر لەدیموکراسی چووە لەناو کورددا لەدووڕووەوە:

یەکەم: رووە گەشەکەی نەتەوایەتی دوور لەشۆڤێنی و فاشیتی، لەڕووی بیریاری (فکری)شەوە سامانێکە بیریارمان نەبووە وەك ئەوەی بیریارەکانی ئەلمان نەتەوەی ئەلمانیای پێگۆشکرد بەرلەوەی بیرۆکەی نەتەولیەتی بخەنە قالبی رێکخستنی پارتیانەوە. یا وەك جوولەکە کە ئاینەکەیان خستە خزمەتی نەتەولیەتییەکەیانەوە. یا وەك عەرەب کە ئیسلامەتی گەورەترین خزمەتی نەتەوەییانەی عەرەبی کرد.

کورد تەنیا لەڕووی سۆزەوە کوردایەتیی کردووە. واتا بێپێشینەیەکی بیریاریی وەك ئەو نەتەوانەی تر. لەبەرئەوە خەلکی وەك پێویست لەدەوری کاژیك کۆنەبوونەوە.

٢– کاژیك خۆیشی خۆی کردبوە پارتیەکی هەلبژاردە (حزب نخبوی) کە بوونە ئەندام لەکاژیکدا بۆ هەموو کەس نەبوو، ئەبوایە ئەندامێکی کاژیك هەموو مەرجەکانی جوامێری و خاوێنی تیابوایە کە ئەو جۆرە کەسە میسالیانە کەمن. لەبەر ئەوە کاژیك نەبووە پارتێکی جەماوەری.

٣– ئەوسا و ئێستاش هەموو کەس ناوێرێ لەپارتییەکی وەك کاژیکدا کاربکات کە سەربەخۆیی و یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان لەئامانجەکانی بێ. خەلکی لەسەر داواکردنی مافێکی وەك ڕۆشنبیری ئەکوژران!

٤– سالی ١٩٦٤ کارەساتێکی دلتەزێن لەسلێمانی روویدا کە بەکارەساتەکانی کانی ماسی ناوئەبرێ. کانی ماسی گوندێکە ئەکەوێتە دامێنی سلێمانەوە، ئەوسالە شۆڕشی ئەیلول بەهۆی ئەوەوە لەوتووێژدا بو لەگەل ڕژێمی بەغداد، ئەو گوندە کرابووە بنکەیەکی شۆڕشو لێپرسینەوەی تیا ئەکرا

لەخەڵکی، هەر لەو ڕۆژگارەدا، ڕۆژێك ژمارەیەك شیوعی لەناو شاری سلێمانیدا بەناڕەوا کوژران. لەبارەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە، من لەلاپەڕە هەشتی ژمارە ١٩٩١ی ڕۆژی ٢/١١/١٩٩٩ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، ئەوەم ڕوون کردۆتەوە کە کاژیك بەهیچ جۆرێك دەستی نەبووە لەو کارەساتەو لەڕووداوەکانی کانی ماسیدا، خاڵە حەمەش (محەمەدی عەزیز) کە ئەندامێکی سەرکردایەتی کاژیك بو، لەژمارە ٣ی ساڵی ١٩٩٩ی گۆڤاری باسکاردا کە لەلەندەن دەردەچێت، بەدرێژی ئەو ڕووداوانەی ڕۆشنکردۆتەوەو ئەستۆپاکیی کاژیکی پیشانداوە تیایاندا. بەڵام ئەم ڕوونکردنەوانە لەدرەنگ کاتێکدا بون. سەردەمی ڕووداوەکانی کارەساتەکان بەپڕوپاگەندەی نەیاران خرانە ئەستۆی کاژیك. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی باری سەرنجێکی خراپ بەرامبەر کاژیك وەرگرێ‌و لێی کۆنەبنەوە.

٥- هەر نەیارانی کاژیك، ناوی گەلێ کەسی وەك دەریەگو کۆنەپەرستو پاشەڵپیسو گومانلێکراو پنیاوی بێگانەیان ئەخستە پاڵ سەرکردایەتی کاژیك. سەرکردایەتیە ڕاستیەکەی کاژیکیش، لەبەر تۆڕمی زۆری نەیارانی کاژیك، نەئەکرا ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن. لەلایەکیتریشەوە ئەو سەرکردایەتیە تا سەر لەپاڵ یەکدا نەمانەوە. ئیحسان فوئاد، بۆ گوزەرانندنی دوکتۆرا چو بۆ یەکێتی سۆڤیەتو پێشیراگەیاندین کە ئیتر ناتوانێ وەك ئەندامێکی سەرکردایەتیی بمێنێتەوە. جەمال نەبەزیش هەر بۆ دوکتۆرا ڕووی کردە ئەوروپا. خوالێخۆشبوان عەبدوڵلا جەوهەرو فەرەیدون عەلی ئەمین هەریەکەو لەناوەختێکدا وازیان هێنا. خوالێخۆشبو شێخ محەمەد هەرسینو محەمەدی عەزیز کە چوونە پاڵ سەرۆك بارزانی، کاژێکیان بیرچووەوە. بەوجۆرە سەرکردایەتیەکە مایەوە هەردێو عارفو زێر، منیش لەبەغداد بوم، ئیتر کارەکە بەتەنیا بەو دوانە نەئەچوو بەڕێوە، پلەی خوالێخۆشبو عەبدولکەریم عارف بەرزکرایەوە بۆ سەرکردایەتی، بەڵام کەلێنەکان بەویش پڕنەکرانەوە.

هەموو ئەوانەش کاریگەرێتی هەبو بۆ سەرنەکەوتنی کاژیك.

٦- لەڕووی داراییشەوە، کاژیك زۆر نەدارا بو جگە لەئابوونەی ئەندامەکانی، هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبو.

٧- دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول، برەوی کاژیك وەك پێش شۆڕشەکە نەما. ئەو ترسەش رەوییەوە کە پارتی لەکوردایەتی لابدات. بەتایبەتی سەرکردایەتی پارتی لەچەپەکان پاکرابوونەوە. کەسێتی سەرۆك بارزانیش شاکۆڵەکەیەك بو بۆ ڕاگرتنی پارتی. خەڵکیش بەچاوی خۆیان ئەیاندی کە بارزانی‌و پارتی شۆڕشی چەکدارانە ئەکەن بۆ مافی کورد. ئیتر قسەی ئەزەریی کاژیك نەئەچووە بیری خەڵکیەوە، کاژیك خۆیشی زیاتر کوردایەتی لامەبەست بو وەك لەپارتایەتی. بۆیە کاژیك هەموو تواناکانی خۆی تێکەڵ بەشۆڕشەکە کرد. ئەو تێکەڵبوونە درێژەی کێشا تا هاوینی ١٩٧٤ کە کۆنفرانسی کاژیك لەشاری نەغەدە بەسترلو بڕیاری هەڵپساردنی کاژیکی تیادرا.

ئەمانە بەکورتی هۆی گەشەنەکردنی کاژیك بو وەك ڕێکخستن، هیوادارم لەهەولێکی تردا بەدرێژی بەو لایەنانەدا بچمەوە. تەنیا ئێستا ئەوەندە ئەڵێم کە کاژیك ئەگەرچی وەك ڕێکخستن سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بەڵام وەك (بیر) سەرکەوتنی بەدەستهێنا. دوایی گەڕانەوەمان بۆ ئەم لایەنە ئەبێ.

رۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣٣ رۆژی ٢٠٠٢/١١/٣

وەڵامێکی کورت بۆ هاورێ ئەحمەد حامید

لەکامیل ژیرەوە

مامۆستا ئەحمەد حامد ـــ ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حیزبی شیوعی کوردستان کە برادەرێکی خۆشەویست و دێرینمە، لەبارەی دیمانەکەی من لەرۆژنامەی رێزداری تایم دا ئەڵێ: (چاوەڕوان نەبووم کاک کامیل کای کۆن بەبا بکات).

لەوەڵامدا ئەڵێم: من دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆمم بۆ تایم کردۆتەوە، دەی خۆکردنەوەی دەفتەرێکی لەو جۆرە، هەر ئەبێ کای کۆن بەبا کردن بێ، واتا گێڕانەوەی رووداوە کۆنەکان.. کاتێ رۆژنامەوانی بەرێز پرسیارێکم ئاراستە ئەکات، ناکرێ بەراستی و بەئەمانەتەوە وەڵامی نەدەمەوە. من لەو دیمانەیەدا، تەنیا وەک راگوزار بەلای حیزبی شیوعیدا تێپەڕم کردووە ژمارەیەکی کەم لەهەڵەکانیم باس کردووە، چونکە من تەنیا لەدەرگای هەندێ لەو لایەنانەم داوە کە پەیوەندیدار بوبون بەخودی خۆمەوە، وابزانم ئەوەش ئاشکرایە کە من باسی حیزبی شیوعی چلەکان و پەنجاکانم کردووە نەک هی دوای ئەو سەردەمانە، ئیتر ئەو حیزبە بەهەرناوێکەوە بوویێ، ئێمە کاتێ سەرکردایەتی پاسۆکمان، لەپێش ساڵەکانی راپەڕیندا، لەناوچەی نۆکان بو، دۆستایەتی و هەروەزییەکی زۆرمان هەبو لەگەڵ حیزبی شیوعیدا، هەموو لایەنە سیاسییەکانیش، هاوپەیمان و هاوسەنگەربون لەبەرەی کوردستانیدا. ئێستاش هاوبیرانی نەتەوەیی کە خەریکی پرۆژەی کۆنگرەی نیشتمانی باشووری کوردستانن، نامەی هاوکارییان ئاراستەی ژمارەیەک لایەنی سیاسی کردووە، یەکێک لەو لایەنانە، حیزبی شیوعی کوردستانە. لەبارەی ئەوەشەوە کە مامۆستا ئەحمەد ئەڵێ: (نەیبیستووە من شیوعیی بوویم و من هەر بەنەتەوایەتی خوازی توندڕەو ناسرابم)، ئەوە قسەیەکی راستە من خۆشم لەبیرەوەرییەکانمدا هەر وتوومە وەک بیروباوەڕ شیوعی نەبووم، بەڵام لەحیزبی شیوعیدا بوم. لەسەر ئەو حیزبە چەندجار زینداني کراوم، ساڵی ١٩٥٤/١٩٥٥ نەفی کرام بۆ شوعەیبە. ساڵی ١٩٥٧/١٩٥٨ نەفی کرام بۆ ئەبوغرێب. شایەتەکانی ئەم راستیانە، ئەوانەی کە ماون ئەم بەرێزانەن: قادری میرزا کەریم، جەزای میرزا حسەین، دکتۆر فوئادی مەجید بەگ، جگە لەوانە، بەرێز دکتۆر کەمال فوئاد کە ساڵی ١٩٥٦ لێپرسراوی سلێمانی حیزبی شیوعی بو، لەیادی چلوشەش ساڵەی کۆچی دوایی مەلیک مەحمودا لەلاپەرە (١١)ی ژمارە (٤٩٥)ی رۆژی ٢٠٠٢/١٠/١٨ رۆژنامەی الاتحادا ئەڵێ: "بعد ما علمت الشرطة بأن الطلبة ينشدون قصيدة كوران حول الشيخ محود من مكبرة الجامع الكبير بلحن شجي مؤثر استمر حتى المساء، حاولوا القاء القبض على المنشدين ومنهم الأستاذ (كامل ژير) الذي كان في ذلك الوقت مع التنظيم الطلابي للحزب الشيوعي، لكنهم استطاعوا الافلات من ايدي الشرطة، وحسبما اتذكر فأن الأستاذ (كامل ژير) القي القبض عليه في ذلك المساء نفسه). ئنجا هەموو ئەمانە رێگە لەوە ناگرن باسی هەڵەکانی رابوردومان بکەین. بەپێچەوانەوە، دەرخستنی هەڵەکانی رابوردوو، راستکردنەوە ئەنجام ئەدەن بۆ ئێستاو ئایندە. نەئەبو مامۆستا ئەحمەد بەرگری لەو هەڵانە بکات یا پاساویان بۆ بێنێتەوە، ئێمەش کە ئەو هەڵانەمان بەباکردووە، هەڵەکانی خۆشمان نەشاردۆتەوەو نایان شارینەوە. رێزیشمان

بۆ ئەو لایەنە ئیجابیانەی حیزبی شیوعی هەیە کە مامۆستا ئەحمەد لە وتارەکەی ژمارە ۲۱ی ڕۆژی ۱۸/۱۰/۲۰۰۲ی تایم دا هێمای بۆ کردوون. لەوانەش گرنگتر بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە شیوعیەکانی کوردستان خۆیان لەعێراقچێتی دەربازکردووەو بوونەتە حیزبی شیوعی کوردستان‌و یەکێك لەو ئامانجانەیان کە ئاشکرای ئەکەن، سەربەخۆیی کوردستانە. ئایا ئەم ئاڕاستە ڕاستکارانەی هاوڕێیانی شیوعی، ئەمانەش هەر بەلگەی ئەوە نین کە ئاڕاستە جیاوازەکانی ئەوسایان هەڵەبوون؟ بۆ نمونە: ئەوسا کورد بەپێی بۆچوونی ئەوان نەتەوە (أمة) نەبو، ئێستا نەتەوەیەکی ڕەسەنە. ئەوسا کوردایەتی قۆناغ بو، ئێستا ڕەوتێکی دروستی بەردەوامە، ئەوسا هاوڕێ حەمە کوردایەتییەکەی منی بەلاوە کۆنەپەرستی بو، ئێستا هاوڕێ ئەحمەد ئەڵێ: (بەش بەحاڵی خۆم لەسەر ئەو سووربوون‌و پێداگیرتنەی سەبارەت بەنەتەوایەتی خوازییەکەی پیرۆزبایی لێ ئەکەم)، ئەوسا حیزبی شیوعیی عێراقی، ئێستا کوردستانی، ئەوسا معاریفی قلیاسان، ئێستا سەربەخۆیی کوردستان.. ئیتر تا بەو جۆرە. خۆ ناشێ بڵێین ئەو ئاڕاستە جیاوازانە هەموویان هەر ڕاستبوون!! چونکە بانی کوردستان هەریەك هەوایەو هەر یەك هەوا بووە.

لەپێشوازی ڕۆژنامەنووسێکی بیانیدا لەبارەگای پاسۆك.

لەڕاستەوە:

*** مامۆستا سەعد**

*** د. مەحمود**

*** د. عەبدوڵلا ئاگرین**

*** کامیل ژیر**

هەرکات پارتی و یەکێتی لەیەکنزیکدەبنەوە، پارتییە بچوکەکان پشتگوێنەخەن، کە لەیەکیش دوورئەکەونەوە گرنگیان پێئەدەن.

لەم ئەڵقەیەشدا کامیل ژیر درێژە بەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ئەدات، باس لەکێشەکانی بەرەی م و پاسۆک و پاشان یەکگرتن ئەکات.

• باشەو پێک لەپاسۆکیش بدەینەوە!

– بەڵێ، بەلام باجارێ شتێکی تریش لەبارەی کاژیکەوە بڵێین.. دوای ئەوەی بەبڕیارێکی کۆنفرانسی نەغەدە، چالاکییەکانی کاژیکمان هەڵپسارد، ژمارەیەک کوڕوکاڵی بێ ئاگا لەو کۆنفرانسەو نەشارەزا لەسەرکردایەتی کاژیک، بەهاندانی حیزبی شیوعی قیادە مەرکەزی، بەیانێکیان لەدژی سەرکردایەتی کاژیک نوسیبیو بڵاوکردەوە. گوایە ئەوان سەرکردایەتی کاژیکیان لەکارخستووەو خۆیان کردۆتە سەرکردایەتی کاژیک. بەڵگە بۆ نەشارەزابیان، ناوی هەندێ کەسیان بردبو کە گوایە ئەوانە لەسەرکردایەتی کاژیکدان، کەچی لەڕاستیدا ئەوانە هەر پەیوەندیداریش نەبوون بەکاژیکەوە.

• ئەوەی ناوی ئێوەی تێدا نەبو؟

– با ناوی هەندێ لەئێمەشی تێدابو، بەلام نەک هەمومان.

• وەڵامتان دانەوە؟

– نەخێر، چونکە ئێمە لەلایەک کاژیکمات هەڵپساردبو، لەلایەکی تریشەوە نەمانزانی ئەوانە بڵێکی سەرئاوو هیچیتر. لەڕاستیشدا هەروادەرچوو. زۆری نەبرد لەناوخۆیاندا تێکچوون و هەریەک بەلایەکدا چوو، دوای ئەوەو هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، ژمارەیەک لاویتر، لە ١٩٧٥/٩/١١دا پاسۆکیان دامەزراند.

• بەپرسی ئێوە؟

– نەخێر، چونکە هەندێکیان لەوانەبوون کە بەیانەکەیان دژمان دەرکرد، ئەو چەند کەسە لەگەڵ پاسۆکیشدا زۆر نەمانەوەو بڵاوەیان لێکرد.

• وەکو کێ؟

– وەکو شێرکۆی هەژار، فەرهاد پاڵەوان، حسەینی شێخ محەمەد، ئەوانی تریان وەک ئازاد مستەفاو ملازم کەریم زۆری نەبرد، کەوتنە نامەناردن و پەیوەندی بەئێمەوە کە هاوکاریان بکەین. ئەو کاتە من و مامۆستا فایەق عارف گەڕابووینەوە سلێمانی، مامۆستا ئەحمەد هەردی هەر لەنەغەدە مایەوە. دکتۆر جەمال نەبەزیش لەئەڵمانیا. هەردی هاوکاری ڕاستەوخۆیکردن و ماوەیەکیش بو بەسکرتێری پاسۆک، بەلام لەگەڵیان نەگونجاو وازی لێهێنان. دووجار نامەیان بۆ من نوسی کە هاوکاریان بکەم، هەردوو نامەکە بەهۆی مەلا شوانەوە گەیشتە دەستم. منیش ئامادەیی خۆمم پیشاندا کە هاوکاریان بکەم، بەلام زۆ بەنهێنی، چونکە من لەو کاتانەدا بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای زیوتی نەباتی بوم لەسلێمانی.

ماوەیەکیش بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەفریقی و دوای ئەو ماوەیەک بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەوادی ئینشائی لەسلێمانی تا ساڵی ١٩٨٢ کە خۆم خانەنشین کردو بومە پارێزەر*.

• ئەو فەرمانبەرانەی دوای هەرەسی شۆڕش گەڕانەوە، زۆربەیان گواسترانەوە بۆ خوارووی عێراق. چۆن لەسلێمانی مایتەوەو بوویشیتە بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیانە!

–من بەر لەوەی پەیوەندیی بەشۆڕشەوە بکەم لەمانگی مارتی ١٩٧٤دا، خۆم هەر بەڕێوەبەری زیوتی نەباتی بوم لەسلێمانی. ئەو کاتە حاتم عبدالرشید کە زاوای احمد حسن بکر بو، بەڕێوەبەری گشتی زیوتی نەباتی بو لەبەغداد. حاتەم هاوکاری کۆلیجی حقوقم بو. برادەرایەتیشمان خۆشبو ساڵەکانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٦ لەبەغداد. پێکەوە حقوقمان تەواوکرد. هەر ئەویش کردمی بەبەڕێوەبەری زیوتی نەباتی لەسلێمانی ساڵی ١٩٧١. ئیتر ساڵی ١٩٧٤ کە بڕیارمدا پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە بکەم، هاتم هەرچی مەوادی زیوت هەبو فرۆشتم. سەرجەمی پارەکەی گەیشتە (١٣٠) سەدوسی هەزار دینار، ئەو کاتە ئەو پارەیە یەجگار زۆربوو، خەڵکی وا هەبو لەفەرمانبەران هەزار دینار لەقاسەکەی دائیرەکەیدا هەبوو ئەیخستە گیرفانی و ئەوسا ئەچووە ناو شۆڕش!

بەڵام من ئەو سەدوسی هەزارەم برد بۆ بانق. ئەوسا حاجی ئەکرەم و دلاوەر مەجید، ئەمین سندوق بون، زۆر سەریانسوڕما لەو هەموو پارەیە. ئنجا نامەیەکم بۆ حاتەم نوسیی لەگەڵ تەسیمەی پارەکەدا بەپۆستەدا ناردم بۆ حاتەم. لەنامەکەدا نوسیم: (من ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی پاڵی پێوەنام کە بچمە ناو شۆڕشی میللەتەکەمەوە. ئەرکی ئەخلاقی و برادەرایەتیش وای لێکردم کە خیانەت لەوەزیفەکەم نەکەم، بۆیە وا هەموو مەوادەکانی شەریکەم فرۆشتو پارەکەم بۆ خستنە بانقەوە). حاتەم نامەکەی بردبو بۆ خەزووری ئەحمەد حەسەن بەکرو پێی وتبوو من فەرمانبەری وا پاکم هەیە. ئیتر دوای گەڕانەوەم حاتەم هاتە سلێمانی و سەردانی کردم و وتی تۆ لەجێگەی خۆت ئەمێنیتەوەو نایەڵم نەقلت بکەن بۆ جنوب. هەرواش بو، ماوەیەک نەقڵ کرام بۆ شەریکەی ئەفریقی لەسلێمانی. دوایی گەڕامەوە بۆ زیوت، ئنجا زیوتو مەوادی غیزائی لەیەکدراو من گوێزرامەوە بۆ مەوادی ئینشائی لەسلێمانی.

لەو ماوانەدا بەردەوام مەلا شوان.لەهاتوچۆدا بو، چاپکراوەکانی پاسۆکی بۆ ئەهێنام و منیش راسپاردەکانی خۆمم ئەنارد بۆ سەرکردایەتی پاسۆک لەگەڵ هەندێک نوسینمدا. یوسفە لچە لەمەوادی ئینشائی پاسەوان بو، زوو زوو داوای مۆڵەتی ئەکرد. ئەمزانی ئەچێ بۆ سەرکردایەتی پاسۆک، رۆژێک پێموت بۆ ئەوێ ئەچیت. یوسف زۆر ترسا. وتم مەترسە منیش هەوم. ئیتر یوسفیش هەموو جارێ

---

* بەهەمان شێوە لەپاسۆکەوە نامەیان بۆ کاک عەبدوڵا ئاگرینیش نوسی، جێی خۆیەتی لێرەدا ئەو راستییە بڵێم کە ئەو قسانەی لەم دواییەدا، لەهەندەرانەوە، بۆ کاک عەبدوڵا هەڵبەسترا، دوور بوون لەراستییەوە، ئێمە (منو ئاگرینو کاک مژدە تایەر) لەناو شاری سلێمانیدا هەمیشە هاوبیرو هاوکاری یەکتر بووین تاڕاپەڕینیش، ئەوە بوو دوای ڕاپەڕین، لەگەڵ هاوبیران موڵازم کەریمو موڵازم شوان، مەکتەبی سیاسیی پاسۆکمان ئاشکرا کرد.

نوسینەکانی پاسۆکی بۆ ئەهێنام. فریای ژنبرام ئەندامێکی چالاکی پاسۆك بو لەناو شاری سلێمانیدا. لەگەڵ ئەویشدا لەیەك ئاشكرا بووین. جارێك کتێبێکی عەرەبی بۆ هێنام لای ئەوانەوە کە بۆیان وەرگێڕم بۆ کوردی. کتێبەکە ناوی (الأسس) بو لەنوسینی دکتۆر عصمت سیف الدولة. دوای تێکدانی گوندەکانو ئەنفال، بەحەمە ساڵح هۆشمەندا ئەو هەڵبەستەم بۆ ناردن کە لەسەر گوندەکانو ئەنفال وتبووم، ئەمە هەندێکێتی:

ئەو گوندانە مەڕوخێنن

ئەو گوندانە مەسووتێنن

بەبێ ورە، لەدووکەڵی ئەو گوندانە زیرە مەکەن

لەبەریووره، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن

ئەگەر سزای ئەو گوندانە سووتاندنە، چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن

کوڕە کوڕەی ئەو گوندانە، وان لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر مەردن

وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن

ئێمەین گیانو چاووەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەر بگرن

وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرنەکەوێ کێ سواریە، کێ پیادەیە.

کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا، یەك بەدەیە

ئەگەر کیشەی ناوەواتان، دەستەویەخە، لەمەیدانو کۆڕی جەنگدا

لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە، یا لەتاوان دەست هەڵگرتن، ئەنجام نەدەن

ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە، کە دەستێکیان پیادامێنان

لەکەللەی سەری پەڕیوتان، گوندی جوانو رازاوەتر دروست ئەکەن.

پێشبینیەکانی ئەم هەڵبەستە هاتنەدی، ئەوەبوو لەراپەڕیندا کەللەی سەریانیەڕیو گوندەکانیش تازەکرانەوە. ساڵی ۱۹۹۱ دوای راپەڕین، لەسلێمانی سەرکردایەتیەکی تازەمان پێکهێنا. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پاسۆك بریتی بوین، لە: مولازم کەریم، مولازم شوان، مژدە تایەر، عەبدوڵلا ئاگرین، کامل ژیر.

لەهەموو شاروشارۆچکەکاندا لەسلێمانیەوە تا دهۆك بارەگامان کردەوە. هەموو بارەگاکان پڕ چەكو پڕ پێشمەرگە بوون، ئەو کاتە ئێمە ٤٪ سەدی چواری دلعاتی گومرگمان بەرئەکەوت. بەو رێژە کەمە ئیدارەمان ئەکردو پاشەکەوتیشمان هەبو، بەڵام لەچاو پارتیو یەکێتیدا جەماوەرێکی ئەوتۆمان نەبو. بۆیە بۆ هەڵبژاردنەکەی ۱۹۹۲ لەگەڵ حسکدا لیستەیەکی هاوبەشمان پێکهێنا، کەچی تەنیا (٢,٥٧٢٪) دەنگمان هێنا.

• واتا نەبوونە خاوەنی هیچ کورسیەك لەپەرلەماندا؟

– ئەگەر مەرجە رێژەی ۷٪ نەبوایە، دوو تا سێ نوێنەرمان ئەبو لەپەرلەماندا، شیوعیش دوو نوێنەر، ئیسلامی چوار، گەل یەك تا دوو.

• ئەو ڕێژەی ٧٪ بۆ؟

– ڕاستییەکەی ئەوە پیلانێك بو دژی پارتییە بچوکەکان، بەڵام دوایی ئەنجامەکەی بەسەر پارتیو یەکێتیدا شکایەوە.

• چۆن؟

– ئەگەر ئەو ڕێژەیە نەبوایە، کێشەی پەدجا بەپەدجا دروست نەئەبو، ئاشکراشە کە یەکێك لەهۆکانی شەڕی ناوخۆ، کێشەی پەنجا بەپەنجا بو، تۆ تا دە نوێنەری ئەو حیزبانە لەپەرلەماندا بوونایە، کێشی هێزەکان ئەگۆڕرا. بەتاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە هەر کات پارتیو یەکێتی لەیەك نزیك ئەبنەوە، پارتییە بچووکەکان پشتگوێ ئەخەن، کە لەیەکیش دوورئەکەونەوە، گرنگیان پێئەدەن. ئەوەش دیاردەیەکی ڕاست نیە، ڕاست ئەوەیە هەمیشە یەك هەڵوێستی ئەگۆڕیان هەبێ بەرامبەریان.

• بەڵگەتان؟

– دوای هەڵبژاردنو ڕێکەوتنی یەکێتیو پارتی لەسەر پەدجا بەپەدجا، داهاتی گومرگیان لەپارتییەکانی تر بڕی. کە تێکچوون لەجاران زیاتر لایان لێکردنەوە. ئەو بڕینی پارەی گومرگە لەپاسۆك، کاریگەرێتییەکی خراپی کردە سەرمان. چونکە پاسۆك جگە لەو پارەی گومرگە، هیچ داهاتێکی تری نەبو بەپێچەوانەی هەندێ لایەنی ترەوە!! جگە لەوە، دیاردەی هەڵگێڕانەوەی هەندێ لەکادرە سەربازییەکانمان بەخۆیانو چەکو ئوتومبیلەوە دەستپێکرد. ئێمەش مەسرەفمان قورسی بەستبو. ناچار کەوتینە بیرکردنەوە بۆ چارەسەری ئەو تەنگژەیە. پێشنیاری من ئەوەبو کە لەو بارودۆخەدا تەنیا خەباتی سیاسی بکەین. وتم ئەو بڕە پارەیەی ماومانە لەگەڵ پارەی ئەو ئوتومبیلو چەکانەی هەمانە ئەگەر پێویستی کرد بیانفرۆشین، ئەوا چەند ساڵێك پاسۆکی پێئەژی. چونکە لەلایەك مەسرەفی ئەو ئوتومبیلو بنکەسەربازیانەمان لەسەر نامێنێ، لەلایەکی تریشەوە دیاردەی ئەو ئوتومبیلو چەك ڕفاندنەش نامێنێ. دەستیشمان ڕەهاتر ئەبێ بۆ خەباتی بیرمەندیانە بەتایبەتی ئێمە خۆمان هەر پارتییەکی نەتەوەیی باوەڕدار (عقائدی) بووین، بەڵام بەداخەوە ئەم پێشنیارە پەسەندنەکرا*.

• لەلایەن کێوە؟

– لەلایەن سەربازکارەکانمانەوە. ئنجا ئەو گوشارە خراپە سەرپارتییە بچووکەکانی تریش وەك حسکو گەل. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بیرۆکەی یەکگرتنی ئەو سێ پارتییە بێتەئاراوە بەتایبەتی دوای دەنگنەهێنانیان لەهەڵبژاردندا.

• ئایا ئەو دەنگە کەمانەی ئێوەو لەهەمان کاتدا ئەو دەنگە زۆرەی یەکێتیو پارتی، نیشانەی ئەوە نەبوو کە جەماوەر ڕەفزی ئێوەی کردووەو ئەوانی ویستووە؟

– تاڕادەیەك ئەشێ وابووبێ، بەڵام ئەوە هەموو نهێنیی مەسەلەکە نیە، ڕاستیەکەی ئەو سێ پارتیە بەو ڕادەیە بێجەماوەر نەبون، بەتایبەتی پاسۆك. پاسۆك ناوبانگێکی باشی هەبو. ئەو جەماوەرەش کە

---

* هەردو بەڕێز عەلی بەگی جافو بەختیاری شەوکەت، شایەتی ئەو پێشنیارەی منن.

لەدەوری پاسۆك بو، زۆر لەو دەنگانە زیاتر بون. بەلام بەربەربەكانی نێوان پارتی‌و یەكێتی بەرادەیەك لەناو جەماوەردا رەنگیدابووەوە كە تێكرای خەلكەكەشی كردبو بەدوو كەرتەوە بەجەماوەری پارتیبە بچوكەكانیشەوە. هەندێ لەخەلكەكە وای لێهاتبوو كە دەنگی بۆ ئەملا ئەدا بۆ ئەوەی ئەولا سەرنەكەوێ. یا دەنگی بۆ ئەولا ئەدا بۆ ئەوەی ئەملا سەرنەكەوێ. دوای هەلبژاردن من لەهەندێك لەئەندامەكانی پاسۆك‌و حسكم پرسی كە دەنگیان بۆ پارتی یا بۆ یەكێتی داوە؟ كە ئەچوومە بنچو بناوانی وەلامە سەیرەكە، بۆم دەرئەكەوت كە هۆ، هەر ئەوەبو كە باسم كرد. ئنجا دیاردەی تەزویرو چەندجار دەنگدان بەهۆی سرینەوەی مەرەكەبە بۆ كەلكەكەوە، ئەوەش تارادەیەك هاوكیشەكەی گۆری. با پالەپەشتۆكەشمان بیرنەچێ. من نەك هەر خۆم‌و خێزان‌و كەسوكارم، بەلكو ژمارەیەك لەپالێوراوەكانی تری لیستەكەی ئێمە، ئەوانیش خۆیان‌و خێزان‌و كەسوكاریان نەیانتوانی بگەنە سنوقەكان‌و دەنگبدەن. من كە ئەم قسانە ئەكەم. مەبەستم لەوە نیە كە بلێم ئەگەر ئەو كۆسپ‌و دیاردانە نەبوایە، ئێمەش ئەوەندەی یەكێتی‌و پارتی دەنگمان ئەهێنا. مەبەستم ئەوەیە كە بەو رادەیە دەنگمان كەم نەئەبو.

راستیبەكەی ئەو هۆكارە سەرەكیەی هێنام بۆ كرد لەبارەی بەئەنجامنەگەیشتنی كاژیكەوە، هەرهەمان هۆكاربو بۆ بەئەنجامنەگەیشتنی پاسۆكیش. ئەویش ئەوەیە كە بیروباوەڕی نەتەوایەتی هێشتا لەناو كوردا نەخەملیوە. ئەگینا ئەو هۆكارو رەخنانەی لەكاژیك ئەگیران وەك ئاشكرا نەبوونی سەركردەكانی، یا نەوێران بۆ چوونە ناو كاژیك، یا پروپاگەندەی كانی ماسی، یا كاریگەرێتی شۆرشی ئەیلول.. هتد، ئەوانە بەرەنگاری پاسۆك نەبوونەوە، كەچی هەروەك پێویست خەلكی لەدەوری كۆنەبوونەوە، چونكە بیروباوەڕەكە هێشتا بەتەواوی نەخەملیبو.

• ئەی دوایی.. پاسۆك چی بەسەرهات؟

– وەك وتم، پاسۆك‌و حسك زۆر لەیەكنزیكبوونەوە بۆ هەلبژاردن لیستی هاوبەشیان هەبو، لیستی شین. دوای هەلبژاردن، پارتی گەل بەسەرۆكایەتی بەرێز سامی عبدالرحمن، ئەوانیش هاتنە پال‌و بەهەرسێلا، حیزبی یەكگرتنمان پێكهێنا. حیزبی یەكگرتن هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، خۆرەی مردنی خۆی پێبو!

• خۆرەی مردنی خۆی!!

– بەلێ، بابزانین چۆن؟

یەكەم، یەكێتی بیر، لەناو سەركردەكانی سێ پارتیبەكەدا نەبو.

* دووەم: مەسەلەی سەرۆكایەتی (زەعامەت) كە دەردی زەبروەشێنەو زەبروەشێن بوە لەنەتەوەی كورد بەدرێژایی مێژووی سیاسیمان، لەحیزبی یەكگرتنیشدا كاری خراپی خۆی كرد. بەتایبەتی لەنێوان سەرۆكایەتی گەل‌و حسك دا. هەر دوای كۆنگرەی یەكگرتن رۆژانی ٢٠–١٩٩٢/٨/٢٧ ژمارەیەك لەوانەی دەنگیان كەمهێنا بۆ سەركردایەتی، وازیان لەحیزبە تازەكە (یەكگرتن) هێنا. ئەوانەش هەلبژێردران، بەلام لەچاو هەندێكی تردا، دەنگەكانیان كەم بو.

• وەکو کێ؟

– وەکو خوالێخۆشبو رەسوڵ مامەند، شێخ محەمەدی شاکەلی، شیروان شێروەندی کە دواییی تێکەڵ بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان بوون‌و هەریەکەشی ژمارەیەك لەکادران‌و جەماوەری حسکیان بەدواوەبو.

جێی خۆیەتی هەر لەمبارەیەوە نمونەیەکیتر بێنمەوە: لەکۆنگرەی یازدەی پارتیدا، دوای ئەوەی پارتی‌و یەکگرتن بون بەیەك، لەکاتی خۆپاڵاوتن بۆ سەرکردایەتی پارتی یەکگرتوو، یەکێك لەسەرکردەکانی حسك‌و یەکێك لەسەرکردەکانی گەل لێیان بو بەهەرا لەسەر ئەوەی ناوی کامیان لەسەر تەختەی رەش لەپێش ناوی کامیانەوە بنوسرێ!! هەر دوای کۆنگرەی یەکگرتن، بەڕێز دکتۆر مەحمود عوسمانیش وازی هێنا.

سێیەم: جگە لەوەی سەرچاوەی گومرگ لەهەریمێ حیزبەکە بڕابو، حسك‌و گەلیش بەگیرفانی بەتاڵەوە هاتنە ناو حیزبی یەکگرتنەوە. لەسەر ئەمە مشتومڕمان زۆربو. پاسۆك کە ڕێژەی گومرگی لەگەڵیو حسك زۆر کەمتربو، پاشەکەوتێکی باشی هەبو، کەچی ئەوان وتیان خاوەنی یەك فلس نین! لەوەڵامی ئەو قسەیەدا، من داوام لێکردن کە تۆماری حساباتیان بێنن‌و بەحساباتی هەرێمێ پارتییەکەدا بچێنەوە. کەچی گاڵتەیان بەقسەکەم هات‌و وتیان تۆماری چی؟ ئەوە لەکاتێکدا حساباتی پاسۆك هەمووی بەپێی تۆمارو وەسڵو واژوو بوو تا رادەی فلس. ئیتر گەلیو حسك چاویان بڕیە ئەو بڕە پارەیەی ئێمە مابوومان، ئێمەش بڕیارماندا کە یەك فلسیان نەدەینێ.

• ئەی دوایی چیتان لەو پارانە کرد؟

– ئێمە وەك وتم حساباتمان زۆر ڕێکوپێك بو، لەدوای راپەڕینەوە کە هاوڕێمان مولازم کەریم‌و مولازم شوان‌و ئەوانیتر لەشاخ هاتنەوە. ئەو پارانەی مابویان لەگەڵ خۆیان هێنایانەوە. دەستورێکی حساباتمان ڕێکخست. ماوەیەك هاوڕێ ئومێدو ماوەیەك هاوڕێ سمکۆ بوونە سندوق ئەمینی (خەزنەدار). دوای ئەوان خوالێخۆشبو مامۆستا هادی بو بەخەزنەدار. ئیتر پارەکان‌و هەندێك چەك‌و تەقەمەنی هەر لای مامۆستا هادی مانەوە تا دوای یەکگرتنیش لەگەڵ پارتیدا. ئەویش هەموو ئەوانەی لەماڵەکەی خۆیدا کە بەرامبەر لقی چواری سلێمانی بو، قایم کرد. خۆشی بو بەئەندامی لقی چواری پارتی، بەڵام لەکاتی شەڕی ناوخۆی مایسی ١٩٩٤دا، دایان بەسەر ماڵەکەی مامۆستا هادی دلو هەموویان برد. جگە لەو پارانە، پاسۆك نیوەی دەولجنێك‌و چاپخانەیەکەیشی لەسلێمانی کڕی. من ئاگاداری کڕینی دەواجنەکە نەبوم، بەڵام چاپخانەکە بەمن سپێردرلو لەلای دادنوسی سلێمانی بەناوی منەوە تۆمارکرا. من لەکاری چاپخانەدا شارەزاییم زۆربو، چاپخانەکەم هەستانەوە، هەر بەوردە دەستکەوتی چاپخانەکە، هەموو ئاتەوارییەکانیم تەواوکرد. وردە وردە یارمەتی ماڵە شەهیدەکانیشمان لێئەدا. ئێمە ئەو پارەو شتانەمان لای خۆمان هێشتەوە، وتمان بابزانین ئەو یەکگرتنانە بەچی ئەگات؟ بەڵام بەداخەوە دوای شەڕی ناوخۆ ئەوانە، بەچاپخانەکەشەوە، هەموویان دەستیان بەسەرداگیرا. بەڵام من چاپخانەکەم بەپێی لیستەو بەئیمزادا بەمامۆستا ئەحمەد لەیەکێتی نیشتمانی. ئەوانیش

چاپخانەکەیان گواستەوە بۆ گەڕەکی بەرلنان لەسلێمانیو ناویاننا (چاپخانەی کۆڕەو). شایانی وتنە من زۆر هاوارم کرد کە ئەوە هی پارتی نیە. بەڵام کەس نەیبیست هاوبیر سەلام عەبدول کە محاسبی چاپخانەکە بو، گرتیان. سەیرم کرد ئەگەر منیش لەسەری بۆشتمایە ئەگیرام. ئیتر لەو کاتەدا هەر ئەوەندەم پێکرا تکای بەردانی سەلامیان لێ بکەم. ئەوانیش بەریاندا. ئەشێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە پێش گرتنی چاپخانەکە. واتا لەسەرەتای ١٩٩٤ەوە هەموو شت بەرەو گرانیەکی خێراو زۆر ئەڕۆیشت، من لەگیرفانی خۆم بایی (١٢٠) سەدوبیست هەزار دینار کاغەزو کارتۆنم بۆ چاپخانەکە کڕی. وتم دوایی یا لەپاشۆکی وەرئەگرمەوە یا وردە وردە لەدەسکەوتی چاپخانەکە لەسەلام عەبدول وەرئەگرمەوە، بەڵام فریا نەکەوتم لەهیچیانی وەرگرمەوەو ئەو پارەیەی منیش تیاچوو. من کۆڵمنەدا، چەندجار هەوڵی وەرگرتنەوەی چاپخانەکەم دا. نامەم بۆ هەندێ لێپرسراوانی یەکێتی نوسی، لەوانە کاک نەوشیروان، کاک نەوشیروان وتی بچۆ شکاتیان لێ بکە!. منیش بەهۆی دادنوسی سلێمانیەوە ئینزارێکم بۆ مامۆستا ئەحمەدو بۆ لێپرسراوی بەشی دارایی نوسی، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدامەوە.

بەو جۆرە کۆتایی بەپاشۆک هات. حیزبی یەکگرتنیش لەگەڵ پارتی یەکیان گرتو بەبڕیاری کۆنگرەی یازدە وشەی یەکگرتو خرایە دوای ناوی پارتییەوەو بوو بەپارتی دیموکراتی کوردستان ــ یەکگرتو. منیش لەکاتی ئەو کۆنگرەیەدا، لەگەڵ پارێزەران شیروان حەیدەریو کاکەڕەشو هەڤاڵێکیتر بەناوی نەجمەدین یوسفیەوە، کراینە لیژنەی لێپێچانەوە لەو شکاتانەی لەکۆنگرەدا دژی هەندێ لێپرسراوان بەرزکرایەوە. دوای تەواوکردنی ئەو کارە، ئیتر نەمن لەپارتیم پرسیەوە نەپارتیش لەمنی پرسیەوە تا دوای ٣١ی ئاب کە لقی چوار هاتەوە سلێمانیو کاک بروسک داوای گەڕانەوەی لێکردم. منیش دوو مەرجم دانا. ناوی حەفتا نوسەری هەژارم دانێ کە ئەبێ مانگانەیان بۆ ببڕنەوە. داواشم لێکردن کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەلقی چوار بکەنەوەو من لەو سەنتەرەدا کاربکەم. بەڵام فریای وەڵام نەکەوتن. بروسکیش نامەکەی منی لەچاری مێزەکەیدا بەجێهێشت!! دوای ئەوە خۆم گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە من لەدەرەوەی حیزبایەتی ئەتوانم زیاتر خزمەت بکەم.

بەشیر موشیر هەرگیز درۆی نەکردووە، ڕاستیشی نەوتووە

• پرسیارەکان زۆرن، لەوانە: بۆچی کورد تائێستا قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی نەبووە؟ چی بکرێ بۆ ئەو مەبەستە بەڕای ئێوە؟ هەڵسەنگاندنی ئەو هەوڵانەی پێشتر دراون بۆ ئەو مەبەستە؟ ئایا سەربەخۆیی کوردستان کاریکردەیە؟ ڕاتان بەرامبەر بەفیدراڵی؟ گەلێ پرسیاری تریش. بەڵام با جارێ هەڵوێستەیەک لەسەر مرۆڤێک بکەین کە زۆر کات ناوەکەی و قسەکانی و بیرۆکەکانی لەسەر زمانی گەلێ لەسیاسەتکارانی کوردە، لەوانە بەڕێزان د. کەمال فوئاد، د. جەمال نەبەز، د. عیززەددین مستەفا ڕەسوڵ، د. ئیحسان فوئادو زۆر کەسیترو هەندێ گۆڤارو ڕۆژنامەش. بەتایبەتی گۆڤاری سیخوڕمە. لەلای ئێوەش بەهەمانشێوە. بەتایبەتی لەم دیمانەیەدا چەندجار ناوەکەی دووبارەبووەوە. ئەگەرێ ئێستا تیشکێکی زیاتر بخەنە سەر ئەم کەسێتیە؟ واتا بەشیر موشیر؟

– بەڵێ، من پارچەیەک هەڵبەستیشم بۆ وتووە.

• کامەیە؟

– ئەمە دەقەکەیەتی:

گەلێ ئازادیی لەیادو بیر بێ
خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ
بەشیر موشیر بێو کاملّو ژیر بێ
بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ
ئەو گەلە ئەبێ بگا بەئاوات
سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات

• بۆ؟

– چونکە بەشیر خاوەنی خواستو ویستێکی پۆڵایین بو بۆ ئایندەی نەتەوەکەی.

• چۆن؟

– ئەم مرۆڤە شایستەی ئەوەیە زۆری لەسەر بنوسرێ، وەڵامی ئەو چۆنە؟ هەروا بەئاسانی نادرێتەوە! من نزیکەی حەوت ساڵی تەمەنم، ڕۆژی چەند کاتژمێرێک لەگەڵ ئەودا بەسەربرد، جێی خۆیەتی لەم بیرەوەریانەمداو لەنێوان وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێزتانەوە، بەکورتی بەخوێنەرە بەڕێزەکانی ڕۆژنامەی ڕێزداری (تایم)ی بناسێنم.

* خەڵکی کوێ بوو؟

– سلێمانی، لەبنەماڵەی موتابچییەکان، بەپێی ئەو سەرگوزشتانەی کە خۆی ئەیگێڕایەوە. لەدایکبووی دەوروبەری ساڵی ١٨٨٠ بوو، ئەکرێ بەسەربازو لەسوپای عوسمانیدا تا پلەی (زابت قوماندلنی) ئەڕوات، دوای تێکچوونی عوسمانی، ڕوونەکاتە بەغداد، لەحەیدەرخانە دوکانێکی خەیاتی دائەنێ، وەستاو شاگردی چاک ڕائەگرێو ناوبانگ دەرئەکات بەخاوەنی مەقەستی زێڕین. وەزیرە کوردەکانو کەسێتیە کوردەکان لەبەغداد، لای ئەو جلوبەرگ ئەدەن بەدروون. کە تێی ئەگەن دوکانەکەی ئەکەن بەدیوەخان.

* بۆچی ئاسایی نەبوو؟

– چونکە دوو کەسێتی لەم مرۆڤەدا کۆبووبووەوە! یەکێکیان کەسێکی ئاساییو نەخوێندەوارو بەرگدرووێک، ئەویتریان: بەلای خۆیەوە کەسێکی هەڵکەوتووی بەهرەدار، گەورەی هەموو کورد، زانا، نووسەر، فەیلەسوف، ئازا، جوان، چەوامێر.

* دوو کەسێتی!

– بەڵێ، ئەوە لەدەروونناسیو پزیشکناسیدا پێی ئەوترێ، جوتکەسێتی، ئەوە نەخۆشییەکی دەروونیە، تووشی زۆرکەس ئەبێ، جا هەیە کاردانەوەی ئەو نەخۆشیەی ئێسکی سووک ئەکات وەکو بەشیر. هەیشە ئێسکی تاڵ دەکات وەك هەزاران (شێرە چەواشە)ی بەشەری ئەم زەمانەیە. تۆ سەرنج بدە: ڕۆژی دەیان کەس ئەبینی کە هەریەکەو بەوەزیفەیەك، یا بەپلەو پایەیەکی پارتایەتی، فووی تێئەکرێو لەخۆی ئەگۆڕێو کاردانەوەی ئەم بارە دەروونیەشیان بەزیانئەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی ترو بۆ کۆمەڵ. ڕۆتین زیادئەکەن. کۆسپ ئەخەنە ڕێی کاری ڕەوای خەڵکەوەو ئاوا لەم جۆرە ئەنجامانە، ئەوانەشیان کە هیچیان بەدەست نیە، یا هەر پۆزلێئەدەن، یا هەمیشە پیش ئەخۆنەوە.

* ئەی بەشیر؟

– بەشیر وا نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەو سوودی ئەگەیان، خۆشیو پێکەنینی ئەنجامئەدا.

* وەکو؟

– وەکو ئەوەی ئەو لەبەرگدروێتییەکەیدا دەسکەوتێکی زۆری هەبوو، پێی دەوڵەمەند بوو، خانووی پێکڕی. بەڵام چونکە خۆی بەگەورەی کوردو زاناو نوسەرو فەیلەسوف ئەزانی، ئەیویست بەهەر ڕێگەیەك بێ خزمەتی ئەتەوەکەی بکا. لەو پێناوەدا ولزی لەبەرگدروێتییەکەی هێناو دوکانەکەی کردە کتێبخانەیەك بۆ فرۆشتنی چاپەمەنیە کوردییەکان. لەهەمانکاتدا دوکانەکەی کردە ناوەندێکی کۆبوونەوەو یەکتربینینی سیاسەتکارانی کورد. ئنجا لاریی لەوەنەبو کە هەر کەسێك نەیوێرایە کتێبێك یا وتارێك یا هەڵبەستێك بەناوی خۆیەوە چاپو بڵاویکاتەوە، ئەو ئامادەبوو بەناوی خۆیەوە بڵاوی ئەکردەوەو لەسەر حسابی خۆی چاپی ئەکرد. ئەم پەڕاوانەی چاپکرد: سێپارەی هەق پەرستی ساڵی ١٩٣٠، بەدوای ئەودا: مصباح الدیوانو ناملکەی ناوی کوردیو دەیان وتارو هەڵبەستی نیشتمانیو نەتەوەیی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

* نموونەیەك لەو هەڵبەستانە؟

– فەرموو:

مەیل دیسان مەیل، دڵ پڕە لەمەیل
دڵ کەیلە لەخەم لەبەر مەیلی لەیل
لەیلی من وەتەن منم مەجنونی
هەردوولا توشی بووین کزیو زەبوونی
هەرگیز لانەچوو مەیلی لەناو دڵ
وەتەن، وەتەنە بشچمە ناو گڵ
ئادایکی وەتەن دیلو بەخسیرە
دڵپەستو خەمبار بەشیر موشیرە

• **ئەمە هی کێیە؟**

– هی هەژاری موکریانیە کاتێك کە تازە بەنهێنی هاتبووە بەغدادەوەو بەبارەگاکەی بەشیر موشیر ئاشنابوبو. ئنجا لەڕاستیشدا چاپەمەنی فرۆشتنەکەی؛ دەسکەوتێکی وەهای نەبو کە خۆیو خێزانی بژێنێ. بەلام ئەو هەر کۆڵی نەدا تا وایلێهات هەرچی لەوەوپێش دەستیکەوتبوو، دلنیابەوەو لەدوا سالانی ژیانیدا کەمدەستو هەژار کەوت. ئەوە سەرباری ئەوەی کە پرێی ستەمکاریەکانی رژێمی بەعس سالی ١٩٦٣ بەشیریشی گرتەوە. لەو سالەداو لەتەمەنی هەشتا سالێدا گرتیان! ئەو گرتنەی لەرۆژانێکدا بو کە زۆریەی ئەو کوردانەی ئەگیران، یا ئەشکەنجەی زۆر ئەدران، یا بێ سەروشوێن ئەکران. ئەو ئەگەرچی زوو بەربو، بەلام لەو خورپەیە نەخۆشکەوتو رۆژی ١٩٦٣/٦/٣٠ گیانی پاکی سپارد.

• **هیچ وەسێتیکی نەکردبوو؟**

– با، سێ وەسێت.

یەکەم: لەسلێمانی لەگردی مامەیارە لەتەنیشت پیرەمێردو مامەیارەوە بینێژن. بەلام بەدلخەوە رۆژانی نەخۆشکەوتنو مردنەکەی قەدەغەی هاتوچۆیو لەنێوان کەرکوکو سلێمانیدا. لەبەر ئەوە لەگۆرستانی شێخ مەعروف لەکەرخ سپێردرا. ئێستاش ئەو وەسێتە لەئەستۆی رۆشنبیراندایە، بەتایبەتی حەوتەی مژدەبەرو بەشیر ویستەکان کە لەسەرمانە ئێسکوپروسکەکانی بهێنینەوە بۆ مامەیارە لەدەرفەتێکدا.

دووەم: پێشگرتنەکەی، من داوام لێکرد کە خانووەکەی وەقف بکات بۆ ئەوەی کرێی سالانەکەی تەرخان کرێت بۆ یەکەمەکانی ئامادەییەکانی سلێمانی، ئەویش رازی بو، بەلام فریای وەسێت نوسینەوەکەی نەکەوت.

سێهەم: سنوقەکە.

• **سنوقەکە چیە؟**

– ئەوە نهێنییەکی ترسناکە! لەبەشی پشتەوەی دوکانەکەیدا سنوقێکی گەورەی هەبو هەمیشە قفڵی لێدرابو. وادیار بوو چاپەمەنیو بەیانە نهێنییەکانو هەر بەڵگەنامەیەکی تری ئەخستە ئەو سنوقەوە. وەسێتی کرد کە دوای مردنی کەس ئەو سنووقە نەکاتەوە هەتا جەمال نەبەز ئەگەڕێتەوە وڵاتو تەنیا ئەو بۆی هەیە بیکاتەوە، سنوقەکە برایە ماڵی فەوزیە خانی کچی لەگەڕەکی ئیسکانی رۆژئاوای بەغداد. چەندجار داوامان لەفەوزیە خان کرد رێگەمان بدا ئەو سنوقە بکەینەوە، وتی من خۆشم نایکەمەوە، ئەوە وەسێتی باوکمە، ئەبێ جەمال نەبەز بیکاتەوە.. ئەویش تا ئێستا هەر لەئەڵمانیایەو نەهاتۆتەوە.

• ئەی کوری نەبو!

– با، سێ کوڕ، شاملو هشامو نزار، بەڵام لێیان رازی نەبو، چونکە ئەیوت ئەمانە هیچیان وەکو خۆم فەیلەسوف دەرنەچون!

• فەیلەسوف!

– بەڵێ، ئاخر هەر لەسەر ئەوە لەگەڵ هەژار تێکچو، رۆژێك ئەبێتە مشتومڕیان، هەژار پێی ئەڵێ: تۆ فەیلەسوف نیت، بەشیریش لەوەڵامدا ئەڵێ: رۆحەکەم تۆش شاعیر نیت، تۆ شەعیریت. لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەداریش لەسەر ئەوە تێکچو، بەشیر وتی لەتارانەوە بەپاپۆڕ چوم بۆ ئەنکەرە. دکتۆر وتی ئەمە راست نیە، چونکە لەنێوان تارانو ئەنکەرەدا دەریا نیە! بەشیر وتی تۆ من بەدرۆ ئەخەیتەوە!!؟ بۆ من نازانم ئێستا لەنێوان ئەو دووشارەدا دەریا نیە؟ من باسی ئێستا ناکەم، باسی پێش سەفەربەر ئەکەم!! کەسێکی تریش دڵی ئێشاندبو، ئەوسا شەڕی ساردی نێوان سۆفیێتو چین لەگەرمیدا بو، هەریەك بەجۆرێك هۆی ئەو شەڕەی نێوان سۆفیێتو چینی هاوسێو هاوبیروباوەڕی لێکئەدایەوە. ئەو واتا بەشیر وتی: ئێوە نایزانن ئەوە من ئەزانم هۆی ئەو شەڕە چیە.. هۆکەی ئەوەیە، فلان کەس لەمۆسکو بێ، چۆن شەڕی نێوان چینو رووس بەرپا نابێ؟

• ئەوە کێ بو!

– برادەرێکی خۆمانە، ناوی نابەم، چونکە دڵی زۆر ناسك بووە، نوکتەش بگێڕێتەوە، ئەو هەر توڕە ئەبێ.. من مەبەستم لەگێڕانەوەی ئەو شتانە ئەوەیە کە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشیردا لێزانینی ئەویست، نەئەبو دڵی بئێشێنیت. چونکە ئەو شتانەی کە ئەیوت، بەلای خۆیەوە راستبو، ئەبوایە بەلای تۆشەوە راست بولیە. محەمەد تۆفیق وەردیش جارجار بەرپەرچی ئەدایەوە، بەشیریش بەوە تۆڵەی لێئەکردەوەکتێبەکانی وەردیی لەسەر رەفەکان دائەگرتو ئەیدایەوە بەسەریدا ئەیوت بڕۆ ئیتر کوردلیەتی ناکەمو کتێبی تۆ نافرۆشم! لەنوسەرێکیش توڕەبو، پێیوت: تۆ نابێ دیماغت هەبێ؟ ئەتەوێ من کتێبیشت بۆ بفرۆشمو پارەشت بدەمێ!؟

• وەك ئەو خۆی ئەو قسانەی بەلاوە راست بو!!

– بەڵێ، من لەوەڵامی وتارێکی دکتۆر ئیحسان فوئاددا کە ساڵی ١٩٨٠ لەگۆڤاری نوسەری کورددا بڵاوی کردبوەوە، وتومە: بەشیر هەرگیز درۆی نەکردووە، راستیشی نەوتووە.

• چۆن چۆن!!

– ئێوە ئەم قسەیەتان بەلاوە سەیر نەبێ، من هەر لەو وەڵامەدا وتومە: ئەم قسەیە هیچ ناکۆکیەکی تێدانیە، زانستی تازە، دوای بیردۆزەکانی ئەنیشتاینو پشکنینەکانی ڕوزەرفورد، سەلماندی کە ڕەش پێچەوانەی سپی نیە، چونکە توانرا ماددە لەسوکەوە بگۆڕێت بۆ قورس، لەشلەوە بۆ تونگە، لەڕەشەوە بۆ سپی، لەساردەوە بۆ گەرمو هەموشیان بەپێچەوانەوە، بۆ تاقیکردنەوە: هەندێك ماددە بەگۆڕینی ژمارەو ڕێکخستنی تۆخمی گەردیلەکانیان، گۆڕان بۆ جۆرە ماددەیەکیتر. وەك گۆڕینی هەندێك گەردیلەی نیترۆجین بۆ گەردیلەی ئۆکسجین، هی پلاتین بۆ ئالتون،.. هتد، فەلسەفەی بەشەریش دەریخست کە ڕاستیو درۆ پێچەوانەی یەك نین. ئنجا ئەم دیاردەیە لەم ڕۆژانەدا زیاتر ئەبینرێ، بەتایبەتی لەبواری سیاسەتدا، تۆ بڕوانە ئەو هەموو درۆیانەی تێکەڵاو بەژمارەیەك ڕاستی ئەکرێن لەدنیای سیاسەتداو کەسیش نقەی لێوە نایەت. گوێ لەو هەموو چەپڵەیە بگرە کە هیچیان لەدڵەوە نیە، دەی خۆ ئەوانەی بەشیر هەمووی لەدڵو دەروونی سافی خۆیەوەبو، ئەو بەهرەیکی سروشتیی هەبوو کە خەوخەیاڵی لێئەبو بەڕاست، خۆی لەبەسەرهاتی خەڵکیدا ئەدیەوە، خۆی لێئەبو بەپاڵەوانی داستانە جەنگیەکان، وێنە بینراوەکانو دەنگە بیستراوەکانی لێئەبوو بەهی خۆی، ئەگەر لەخەویدا، بۆ نمونە: زانایەکی فەڕەنسی پرسیارێکی لێبکردایە، ئەو بۆ ڕۆژێ دوایی لێیی ئەبوو بەڕاستو وایئەزانی ماوەیەك لەومو بەر ئەوەبووەو ئەویش وەڵامی داوەتەوە. ئەگەر باسی نەبەردێتییەکی پێشمەرگە بکرایە ئەویش نەبەردێتییەکی خۆی ئەگێڕایەوە کە لەزەمانی عوسمانیدا کردوێتی وەك ئەوەی وتی جارێك لەشکرێکی ئینگلیزی بەخاکەناز بەزاند.

• بەخاکەناز!

– بەڵێ، وتی ئێمە کەمو بێتفاق، ئەوان زۆرو پڕچەك، ناچار دیماغم بەکارهێنا، بەسەربازەکانم وت مەترسن، خاکەنازەکانتان بگرن بەڕووتانەوەو هێرشبەرنو خاکەنازەکانتان بدەنە بەرگولەکانی ئەوان، ئیتر کە ئینگلیزەکان ئەم پیلانی شەڕەیان بینی، ئەو هەڵاتنەی هەڵاتن، ئێستاش خۆیان بۆ نەگیراوەتەوە. تا بەو جۆرە خەوخەیاڵی لێئەبو بەڕاستو ڕوونەداوی لێئەبو بەڕوودلوو لەدیمەنێکی پێکەنینهێنەرو خۆشدا ئەیدایەوە بەخەڵکی، ڕاستیەکانیشی هەر لەخزمەتی نەتەوەکەیدا بو، ئیتر لەمەوە ژیانو جیهانی بەشیر موشیر بۆ ئەوە ئەشێ کە زۆر زیاتر لەکەسێتیەکی وەك دۆنکیشۆت گرنگی پێبدرێو بکرێتە چیرۆكو فلیم.

• ئێوە لەو بارەیەوە چیتان بۆ کردووە!

– من گەلێ وتارم لەسەر نوسیوە، لەکۆڕەکاندا توێژینەوەم لەسەرکردووە، شانۆنامەیەکم بەپەخشان لەسەر نووسیوە، هێشتا بڵاونەکراوەتەوە. شانۆنامەیەکم بەهەڵبەست لەسەر نوسیوە، ساڵی ١٩٩٢ لەسوید بەناونیشانی (گەورەپیاو) چاپکراو بڵاوکرایەوە.

لەوانەدا زۆربەی ژیانو هەڵوێستەکانیو قسە خۆشەکانیم نوسیوە کە لێرەدا لەمە زیاتر ماوە نیە لەسەری بدوێم، ئەگەر دەرفەت بو، ئەوانەو گەلێ شتی تریش هەمووی لەبەرگێکدا بەچاپ ئەگەیەنم، بەوێنتانەشەوە کە نووسەرە بیانییەکان لەسەریان نوسیوە.

• وەکو چی! ئەگەر بەکورتیش بێ، نموونەیەك!

- بەڵێ.. ئەمە هەندێ ڕستەی هەڵبژاردەیە لەنوسینی نوسەرێکی ئەڵمانی: (هەندێ لەمیللەتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ستەمدا ئەناڵێننو بەگەلێشیەوە تێتەکۆشن تابتوانن بیێننەوە بیئەوەی کە ڕێگای زەبروزەنگ بەکاربهێنن. چیکەکان بۆ ئەم مەبەستە سەرپازە ئازاکانیان بەکارئەهێنا کە پێیان ئەوتن شفیچك، بەڵام کوردەکان بەشیر موشیریان هەبو. لەهەموو جیهاندا قسەکانی وەکو قسەی سەفیرێکی گەورە وابو.. دەسەڵاتی ئەم پیاوە لەوەدا دەرئەکەوت کە بۆچوونەکانی زۆر نایاب بو.. ئەو ڕێگەیەی کە ئەو خەڵکی بۆ هان ئەدا تا ئێستاش هەر خەڵکی لێوەی ئەدوێنو دڵودەرونیان بۆ کوردایەتی بەهێز ئەکات).

لەچەپەوە: ڕەئیس مەدحەت ، بەشیر موشیر، جەمال نەبەز.
ڕیزی پشتەوە: د. عەلی تۆفیق، د. محەمەد نوری عارف، کامیل ژیر

لەچەپەوە: عەزیز عەلی، کامیلی کاکەمین، رەشید سدقی، ئیحسان شێرزاد ، بەشیر موشیر

• ناوی ئەوانی تر نازانرێت.

لەگەڵ ڕۆژنامەی (تایم) دا ژمارە ٣٤ ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٤

مامۆستا کامل ژیر دەفتەرەکانی بیرەوەری بۆ تایم دەکاتەوە:

کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران، جارێکی تر هانیانـدام بگەڕێمەوە بۆ هەڵبەستی سیاسی و نەتەوەیی

لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ (تایم) لەم ژمارەیەدا کامل ژیر زیاتر باسی شیعرو هەڵبەستو ژیانی ئەدەبی خۆی دەگێڕێتەوە.

• با لایەك لەمێژوو هەڵبەستیش بکەینەوە، یەکەمجار بەکام هەستیارەوە سەرسام بوویت؟

– وەك ڕاستییەك، کوێرانە بەهیچ هەستیارێکەوە سەرسام نەبووم، زیاتر هەڵبەستێك یا چەند هەڵبەستێکی هەستیارێك، کاریان تێکردووم. لەهەستیارانی کۆن، ژمارەیەك لەهەڵبەستەکانی نالی و مەولەوی و کوردی و مەحوی و شێخ ڕەزاو ئەحمەد موختار کاریان تێکردووم.

• خزمایەتی و ئاوەڵێتیت لەگەڵ هەستیاراندا؟

– شێخ سەلام خاڵی باوکمە. أ . ب. هەوری ماممە، من وەك منداڵێك و ئەوان خاڵ و مام، ئاوەڵێتیم لەگەڵیاندا نەبووە. پەیوەندیم لەگەڵیاندا پەیوەندیی خاڵ و خوارزایی و مام و برازایی بووە. ژمارەیەکیش لەهەڵبەستەکانیان کاریان تێکردووم، هەردووکیشیان وەك دوو مرۆڤ و دوو هەستیاری نەتەوەیی، کاریگەرێتیان زۆر بووە بەسەرمەوە لەفێربوونی سەرەتاکانی وانەی کوردایەتیدا، بەتایبەتی لەنێوان قسەو ڕاو بۆچوونەکانیانەوە لەدانیشتنە خێزانییەکانماندا.

• ئەی هەستیارانی تر؟

– زێوەرو پیرەمێردو فایەق بێکەسم دیوە، هەندێك لەهەڵبەستەکانیان کاریان تێکردووم. بەڵام بەهۆی جیاوازیی تەمەنەوە، ئاوەڵێتیم لەگەڵیاندا نەبووە.

• ئەی گۆران؟

– گۆران یەکەم هەستیارێکی گەورە بوو کە ئاوەڵێتیم لەگەڵیا پەیدا کرد، ئەویش بەهۆی ڕۆژنامەی ژینەوە کە ئەوسا، لەپەڕەکانیدا سەرپەرشتی ژینی ئەکرد، من ئەو کاتە تازە وام لێهاتبوو کە هەڵبەستەکانم دەرخەم. ڕۆژێك چووم بۆ بارەگای ژین و هەڵبەستێك بەناوی (هەژار لەجەژنا)م دایە دەستی، چاوێکی پیاخشاند و وتی دانیشە. هەستم کرد هەڵبەستەکەی بەدڵە. ڕێزی لێگرتم و هانیدام بەردەوامبم، کە ژینی ئەو هەفتەیە دەرچوو، هەڵبەستەکەی تیابڵاوکردەوە. ئەوە هانیدام کە دوای ئەوە هەڵبەستی تری چیرۆك و نووسین بەرەم بۆ ژین و ئەویش هەمووی بڵاوئەکردەوە. بەو جۆرە برادەرایەتیمان پەیدا کرد ئەگەرچی جیاوازیی تەمەنیشیان هەبوو، بەر لەوەش، من ژمارەیەك لەهەڵبەستەکانی گۆران کاریان تێکردبووم و لەبەرم بوون، بەتایبەتی سروودە نەتەوەییەکانی و ئەو هەڵبەستانەی بۆ وەسفی سروشت و ئافرەت وتبوونی.

• ئەی هەڵبەستەکانی تری؟

– نەخێر، بەڕای من گۆران بەهەڵبەستە سیاسییەکانی، ئاستی هەستیاریێتی خۆی کەمکردەوە، ئەمە لەسەر رۆیشتنێکی زیاتری ئەوێ کە رەنگە لێرەدا ئەو ماوەیەمان نەبێ.

هەردی دووەم هەستیاری گەورەبوو کە لەنزیکەوە ناسیمو بووینە برادەرو هاوڕێ. بەر لەناسینی، زۆربەی هەڵبەستەکانی کاریان تێکردبووم‌و لەبەرم بوون. ئنجا بەهۆی ئەوەوە کە ساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ بوومە سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیوا لەبەغداد، ئاوەڵێتیم لەگەڵ زۆربەی نووسەران‌و هەستیارانی ئەو سەردەمەدا پەیداکرد، لەوانە: جەمیل رۆژبەیانی، هەژاری موکریانی، شاکیر فەتاح، دیلان، کامەران، فەرەیدون عەلی ئەمین کە بۆ چلەی هەریەکێکیان هەڵبەستێکم بۆ وتوون، دوکانەکەی بەشیر موشیریش کردمی بەبرادەرو هاوڕێی جەمال نەبەزو گەلێ نوسەرو هەستیاری تر.

• بیری نەتەوایەتی، لەکەیەکەوەو تا چ رادەیەك لەهەڵبەستەکانتدا رەنگی داوەتەوە؟

– لەرۆژانێکەوە کە هێشتا لەسەر میلاکی حیزبی شیوعی بووم! بۆ نموونە: لەهەڵبەستی (بەهاری کوردستان)دا ساڵی ١٩٥٧ وتوومە:

تاکو ئەوسا کە کوردستان

بۆ خۆمان بێ‌و هەر بۆ خۆمان

هەروەها لەهەڵبەستی (بۆ جوانێکی دیل)دا

ساڵی ١٩٥٧ بانگەشەی راپەڕین‌و شۆڕشم کردووە.

بۆ ئازادبوون‌و مافی کوردستان:

چار نیەو ئەبێ رەوان، پڕ بەدەم

بەنەڕەی پڵنگ شارو دێ پڕکەم

بۆ راپەڕینێ، هەوڵێ، کۆششێ

لەخەو هەڵسانێ، دەنگێ، شۆڕشێ

بۆ ئازادبوون‌و مافی کوردستان

زۆردار، دەرمەبگ لەگێڕو چاڵنان

سەرجەمی ئەم دوو هەڵبەستە لەبەشی یەکەمی دیوانی هەڵبەستەکانمدا، ساڵی ١٩٥٧ چاپ‌و بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لەگۆڤاری هیوایش دا لەو ساڵەدا، ساڵی ١٩٥٨ پێش چواردەی تەموز وتوومە:

من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی

ئاڵای کوردستان

تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی

ئەستێرەی بەیان

ئەو کاتە هیوای ئامانجی دووردم

هەردوو پێکەوە

ئەبن بەپرشنگ، گوڵاڵەی سوورم ئەگەشێنەوە

ئنجا دیوانی (کوردایەتی) یەکەم، کە ساڵی ١٩٦٠ چاپکرا هەڵبەستەکانی لەنێوان ١٩٥٨-١٩٦٠ دا وترلون، ئەوە وەك پێشتر وتمان، بانگی ئاشکرای بیرێکی نەتەوەیی نوێ بوو لەکوردستاندا.

• **ئەی دوای دیوانی کوردایەتی؟**

- راستییەکەی، دوای دیوانی کوردایەتی، چەند ساڵێك چالاکیی وێژەییم کزبوو، ئەویش زیاتر بەهۆی ئەوەوە بوو کە سەرقاڵی کاری پارتایەتی بووم لەکاژێکدا. ئەوە هەر وایە. گەلێ جار سیاسەتو پارتایەتی، هەستیارانی لەوێژە دووردەخستۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کارەساتەکانی ئەنفال کیمیاباران، جارێکی تر هانیان دام بۆ هەڵبەستی سیاسیو نەتەوەیی، بێ ئەوەی سڵ لەکاردانەوەی رژێمی بەغداد بکەمەوە. وەکو ئەو هەڵبەستەی لەسەر روخاندنی گوندەکانو ئەنفال پێشتر بۆم خوێندنەوە. جگە لەوە، بەبۆنەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەشەوە هەڵبەستی (بزێوی) م وتو هەر ساڵی ١٩٨٨ ناردم بۆ رۆژنامەی هاوکاری لەبەغداد، بەلام بلاویان نەکردەوە. هەڵبەستەکە ئەگەرچی بەرەمزەوە بوو، بەلام دیاربوو کە بۆ ئەو بۆنەیە وتبووم، بۆیە بلاویان نەکردەوە.

• **بەشێك لەو هەڵبەستە!**

- دریژەی هەڵبەستەکە لەلاپەرە ١٧٧-١٨٠ی دیوانی هەڵبەستەکانمدا کە لەسوید ساڵی ١٩٩٣ چاپکراوە، بلاوکراوەتەوە، ئەمە نموونە یەکێتی:

لەپر هەورە بروسکە

کەوتە گرمەو تروسکە

کارژۆلەکەو ئەفراسیاو

تێ ڕلئەمان ناو بەناو

ئەم گرمەو ئەم بارانە

کەی وەکو هی جارانە؟؟

شتی زل زل ئەبارێ

بە لێشاو دێتە خوارێ

بۆنێکی وەکو لیمۆ

باشە بۆنی وەها بۆ!؟

• **جگە لەو دوو هەڵبەستە، چی ترتان وتووە؟**

- زۆری تر، با جارێ ئەمەتان بۆ باس بکەم کە بیرەوەرییەکی لەگەڵدایە: ساڵی ١٩٨٦ یەکێتی نوسەرانی کورد میهرەجانێکی بۆ هەڵبەست سازدا بەناوی سێهەم میهرەجانی هەڵبەستی کوردییەوە. میهرەجانەکە رۆژی ١٩٨٦/٩/١٠ لەهۆڵی میدیا دەستی پێکرد، لێپرسراوانی ئەو رۆژەی رژێم لەهەولێر بەئەمین عامەکانو ژمارەیەك جاشو موستەشارەوە ئامادەبوون. هەڵبەستەکەی من بەناوی (گورگانە

شەوێ)وە بوو، هەمووی تانەلێدان بوو لەوانە کە جاشێتیو سیخوڕیو نۆکەرێتی ئەکەنو خزمەتی بێگانە ئەکەن. هەڵبەستەکە زۆرە، لەلاپەڕە (٢٤٤-٢٥٠)ی دیوانی هەڵبەستەکانمدا کە لەسوید چاپکراوە، بڵاوکراوەتەوە، ئەمە هەندێك کۆپلەیە لەو هەڵبەستە:

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ سوورکەوێ
بچێتە ماڵی کەری گوێ درێژ
دێزی گێژو وێژ
بڵێ لەپای چی تۆ وا ئەزەپی
خۆ نەبووی بەسەگ بەمانگ بوەڕی
تۆ دیارە شێتی مەرگی خۆت ئەکەی
بۆ ئەوەی زیان لەخێوت بدەی
کەری کەللە بۆش
گەلۆری بێ هۆش
ئێستا بۆ پەندی رۆژو زەمانە
ئەتکەمە شێوی شەوی گورگانە
* * *

بگرە شەپازلەی ئامۆژگاریی من
ئیتر وازبێنە لەپاسی دوژمن!
* * *

گورگانە شەوێ، گورگانە شەوێ
گورگە بۆرەکە لەتۆ دورکەوێ
دەردو بەڵای تۆ لەوانە کەوێ
نازانن ژیان ئەوە ناهێنێ
مرۆڤ بایەخی خۆی بدۆڕێنێ
ئەوانە رسواو سووکو ناپیاون
شێر بەگوێ بگرن هەر گێلە پیاون
کەسێ گێل نەبێ ئەبێ بزانێ
لەوە زیاترە بۆ کورسیو نانێ
ببێ بەپوار، بەدێز، بەسیخوڕ
یا تەنیا بژی بۆ ورگێکی پڕ
گێلە پیاوەکان
بێگانەی دژی باوە کوشتەتان
نابێ بەپەنا، بەجێگە باوەڕ
چاوتان نابینا، هەردوو گوێتان کەڕ
* * *

نابێ بەپەنا، بەجێگە باوەڕ
چاوتان تابینا، هەردوو گوێتان کەڕ

* * *

منداڵەکانتان پاکوخاوێنن
هەیانڕازێنن
سبەی کە چوونە قوتابخانەوە
منداڵانی تر نەیانناسنەوە
پەنجەی گومانیان بۆ درێژ نەکەن
لەگۆڕەپانا کەناریان نەخەن
نەڵێن ئەوانیش ئەبا وەک ئێوە
لەپێشبڕکێدا بچەمێنەوە

دوای تەواوبوونی میهرەجانەکە، فەرمانی گرتنی منو لەتیف قەرەداغی‌و حەمەوەمین پێنجوێنی دەرچوو. ئەو کاتە دوکتۆر نافع ئاکرەیی سەرۆکی نووسەرانی کورد بوو، کەوتە هەوڵدانێکی زۆرو فەرمانی گرتنەکەمانی هەڵوەشاندەوە.

راستە ئەوانەی لەشاخ شۆڕشیان ئەنجام ئەدا، گیانفیدابوون، بەڵام ئەوانەی لەشارەکاندا خەباتی ژێرزەمینی‌و کاری رووبەڕووبوونەوەیان ئەنجام ئەدا، لەوان گیانفیداتربوون. ئێمەومانان چارەنووسی دەیان کەسی وەک شاکیر فەتاح‌و دلشاد مەریوانیمان بەچاوی خۆمان ئەدی، ئنجا لەگەڵ ئەوەشدا بەنووسین‌و هەڵبەست‌و هەڵوێستەکانمان درێغیمان نەئەکرد، ئەوە جگە لەخەباتی ژێرزەمینیمان هەریەکەو بۆ حیزبەکەی خۆی، من هەر وەک هەندێ نمونەی تر، هێما بۆ ژمارەیەک بەرهەمی وێژەیی ترم ئەکەم کە هەریەکێکیان بایی ئەوەندەبوون کە لەسەریان بگیرێم‌و بکوژرێم. بەتایبەتی ئەوانەی لەرۆژە ترسناکەکانی ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٠ بڵاوم کردوونەتەوە، لەوانە هەڵبەستەکانی:

١- بۆ جوانێکی هەنگاری- ل٧٦ دیوانی جوانی، چاپی ١٩٨٢.
٢- بۆ کچێکێ مهابادی- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٣ ساڵی ١٩٨٥.
٣- تۆپەرێتی تازە - گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٦.
٤- بۆ خاوەن شەهید - لەکۆڕێکی وێژەییدا ساڵی ١٩٨٧ لەدهۆک خوێندراوەتەوە.
٥- پۆلێک فریشتە ئەکوژرێ - رۆژنامەی عێراق ١٩٨٧/٢/٢٦.
٦- رازی باخەوان - گۆڤاری کاروان - ژمارە ٦٨ ساڵی ١٩٨٨.
٧- باوەڕو بەرگە - گۆڤاری بەیان، ژمارە ١٣٢ ساڵی ١٩٨٧.
٨- هەندێک راستی- پاشکۆی عێراق- ژمارە ٥٥ رۆژی ١٩٨٨/١٠/٥.
٩- لەبیرەوەرییەکانی ساڵانی دێرین- گۆڤاری بەیان ژمارە ١٥٢ ساڵی ١٩٨٩.
١٠- من خاوەنی پۆلێ یارم - رۆژی ١٩٨٦/٣/٢١ لەکۆڕێکی وێژەییدا لەهۆڵی جەماوەری سلێمانی خوێندرایەوەو لە ل٢٥٩ی دیوانی هەڵبەستەکانمدا بڵاوکراوەتەوە.

١١- پەردەیەك لەچیرۆكی دڵدارێكی كۆن بۆ چلەی شاكیر فەتاح وتراوە ـ رۆژنامەی هاوكاری ژمارە ١٠٦٢ رۆژی ١٩٨٩/٣/٢٧.

١٢- بۆ چلەی ماتەمی نیلان ـ لەچلەی نیلاندا ساڵی ١٩٩٠ خوێنرایەوە.

• هەندێك نموونە لەو هەڵبەستانە؟

- خۆی لەراستیدا، ئەو هەڵبەستانە هەركامێكیان بگریت، ئەبینی سەرجەمی هەڵبەستەكە یەكەیەكی نەپچڕاوە لەیەك. واتا بەخوێندنەوەی هەموو هەڵبەستەكە ئەنجامو مەبەست بەدی ئەكرێ. من بۆیە هێنام بۆ سەرچاوەكان كرد، بۆ ئەوەی ئەگەر كەسێ مەبەستی بێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانە، لەگەڵ ئەوەشدا، فەرموون ئەمە هەندێك نموونە:

لەهەڵبەستی بۆ كچێكی مهابادی:

بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من باوەڕم، من پیرۆزم
من پەیكەری كوردایەتیم، چرای دلستانی نەورۆزم
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من ئەوینم بۆ كوڕی كورد
بۆ پێشمەرگە هاوبیرەكەم، لاوی ئازای بەدەستو برد
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: من وەك جوانم نیازیشم پاك
سەرچاوەی بیرو فەلسەفەم خۆماڵییەو كردەوەم چاك
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: هەرچەن لەسەر رووی ئەم ئەرزە
لەسەر خاكێك ئەژیم بێ شێل، بێ دروشمەو بەبێ مەرزە
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: لەوەش زیاتر خۆشم دیلم
بەڵام شادم چونكە بەهەست كچە كوردی وریاو ژیرم
بەم گوارە شۆڕەوە ئەڵێ: كە من هەستم هەبێو نەمرێ
رۆژێ ئەبێ داری ئێمەش بەری رەنجو گەنجی بگرێ
بەم گوارە شۆڕەوە ئەی جوان، ئەی كچە كورد، ئەی شۆخو شەنگ
بەقوربانی بەری پێت بێ هەزار سەری بۆشو دەبەنگ

لەهەڵبەستی (بیرەوەرییەكانی ساڵانی دێرین)دا وتوومە:

لەبیرم دێ بۆ ئیمزایەك بۆ (پاكانە) گەڵێ گەڵێ سزادرام
لەوەڵاما، نەكو سزا، خنكاندیش چاتر بوو لام
تێكۆشەرێك نینۆكی ریشەكێش كرا
پشكۆی ئاگر بەهەردوو دەستیدا نرا
نە وتی ئاخ، نەپاچەنی، نەدانەوی، نەناوی وت
نە جێگەی دا بەدەستەوە
لەئاستی ئەو بەرگەیەدا، دیلەوانان ئەلەرزینو
پەنجەی خۆیان ئەگەستەوە

بارەگای دژ، بەهەڕەشە، بەترساندن، بەسامان و پایەو پیلان
تەقەلای دا کاریکاتە هەستی پاکی هەژارێکی بێ دەرەتان
هەر بۆ ئەوەی جاریەجارێ
بەنهێنی لەکەنارێ
هەواڵێکی ئەو مەردمە بەسەر پێوە بەرێ بۆیان
ئەو هەژارە جەوامێرە، تفی کردە پایەو سامان
وتی مردن بەخاوێنی بۆ نەتەوە لەبرسانا
نەکو ژیان بەناپاکی بۆ سامان یا لەترسانا
وێنە زۆرە، وێنە دیارە
مشتێ نمونەی خەروارە
ئێستاکە ـ ئێ ی
ئێستاکە .. مێ ی
گەر لەکوێیەو کوێنە لەکوێ
لای کەسانی ئەڵقە لەگوێ
لەلای ئەوەی، یا لەترسا، یا بێ شەرم
لەپێناوی پایەو سامانی ناپاکی
ئەکەوێتە پێشی دوژمن، بۆ تێکدانی
لانەی خۆی‌و باپیران و لانەی کاکی
تۆ ئەزانی باپیرانی جەوامێرو قارەمانت
لەمەیدانی نەتەوەدا، چ مەردێ بوون؟
تۆ ئەزانی دراوی ئەم سەرزەمینە، پلەو پایە
نابێ بەپارسەنگی تۆزێ لەئابڕوچوون!
ئەمانە نمونەی هەڵبەستەکانی بەر گرەی ئاگری سالانی پێش راپەرینن کە بەناوی ئاشکرای خۆمەوە لەگۆڤارو رۆژنامەکاندا بڵاوم ئەکردنەوە، نەک هی ژێر سێبەری ئەمڕۆی ناوچەی ئازادی رزگارکراو!

• **پێجگە لەبواری سیاسی، لەبواری تردا هیچ بیرەوەریەکتان هەیە لەنێوان هەڵبەستەکانتەوە!**

ـ سالی ١٩٧٤ دوای پەیوەندیکردنم بەشۆڕشی ئەیلولەوە، وەک پشکنەرێکی دادوەری، لەبابەکرئاواوە هاتم بۆ ناوچەی سلێمانی بۆ پشکنینی دادگاکانی شۆڕش لەناوچەی بیارەو شارباژێڕ، لەگەڕانەوەدا کە گەیشتینە شاری مهاباد، لەشەقامێکدا لاوێکی مێرمنداڵ بەرەو روومان هاتو وتی جەنابتی ئاغای کامیل ژیر؟ وتم بەڵێ، وتی بابم دەفەرموێ ئەمشەو لای میوان بن. وتم بابت کێیە؟ وتی محەمەدی ماملێ. وتم بەسەرچاو زۆرم پێ خۆشە، ئەو شەوە تا بەرەبەیان من بەهەڵبەست و ئەو بەگۆرانی.

• ئەو لاوە چۆن تۆی ناسی؟

– ئەوە لای منیش سەرەتا پرسیارێك بوو، دوایی دەركەوت برادەرێكم پێی وتبوو كە من لەمهابادم، ئەویش كورەكەی راسپاردبوو كە شەقامەكان بگەڕێ‌و لەسەر وەسفی ئەو بمدۆزێتەوە.

دوای چەند مانگێك، رۆژێك لەگەڵ مامۆستایان ئەحمەد هەردی‌و مستەفا ساڵح كەریم‌و فوئاد حەمە خورشید، لەئەغەدموە سەردانێكی مهابادمان كرد، بۆ دیدەنی سەرێكی ماڵی مامڵێشماندا، كورەكەی وتی بابم لەزەماوەندەو بەزۆر بردینی بۆ زەماوەندەكە، بەڕاستی زەماوەندێكی زۆر گولستنەوەی قەشەنگ بوو، لەچەند لاوە جوانەكانی مهاباد كۆڕی رەشبەڵەكیان گەرم بوو، بەڵام جگە لەماملێ، كێ ئێمەی ئەناسی؟! بەتایبەتی ئافرەتێكی زۆر جوان سەرنجی راكێشام، كەچی ئەو هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە، منیش وتم:

دڵشكاوم ئەمڕۆ جوانێ وەك پێم بڵێ بەهارت چوو
تەلی هەستی ئالۆزانم، هەناسەم سوار، گەرووم پڕبوو
روم تێكرد‌و رووی لێ نەنام، تێگەیشتم كە ئەهریمەن
دەرگای بەختم لێ دائەخا، سەرئەكەوێ پلەی تەمەن
ئەی یادگار، كوا رۆژانی بەختەوەریم؟ من لاوێ بووم
بەنیگایە، رووم بنایە لەڤینۆسێ، ئەكەوتە دووم!
بەهەشتێ بوو جیهانی من، فراوان‌و بەبێ سنوور
پڕ فریشتەی قژی خاوو بەژنی رێك‌و لەشی بلوور
پیاڵەی مەیم بۆ هەرجارە چاوی مەستی نازدارێ بوو
مەزەی خۆشم، بزەی لێوو ماچی تەڕی ناو زارێ بوو

نیتر دوای ئەوەی هەر لەم هەڵبەستەدا هەموو یادەوەرییەكانی خۆم لەڤیەنا‌و بەرلین‌و جنێڤ‌و ئەستەموڵ‌و شام‌و بەغدا‌و سلێمانی‌و گەلێ جێگەی تر دێنەوە پێش چاوم‌و ئەیانگێڕمەوە، ئنجا ئەڵێم:

گەلێ گەڕام، لەزۆر باخا بۆنی خۆشی گوڵانم كرد
سەوزو زەردی بەری تازەی ئەونەمام‌و چڵانم برد
جێگەی داخە، درەنگ هاتم بۆ مهاباد، هەمووێ پەڕی
بریا لێرە خونچەی دڵم بكرایەوە، گەڵای وەری!!

ڕۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣٥ ڕۆژی ١٩/ ١٢/ ٢٠٠٢

ساڵانی زوو کۆبوونەوە لەتاریکیدا دەکراو چراکان تا دوای کۆبوونەوە دەکوژێنرایەوە

کورد ئێستاش ناکوتەرایەك نەبێ، کچ بەعەرەب نادەن، ئیتر ئەم هەموو شێخە چۆن پەیدابوو؟!

لەم بەشەی بەسەرهاتەکانی ژیانیدا کامل ژیر باسی باوویاپیرانی خۆی دەکات و هەروەها ئەو ماوەیەش دەگێڕێتەوە کە تێیدا بەزۆر لە بەسرە سەربازی پێکراوە، ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە، ژیر لەبواری نمایش کردنیشدا ڕۆڵی خۆی بینیوەو ئەسپی خۆی ناودلوە کەچی لەخۆشەویستیدا و هەر بەهۆی سیاسەتەوە دڵدارەکەی لەدەستچووەو شووی کردووە.

• ئێوە هیچ باسی بنەماڵەکەتا نەکرد، چین و خەڵکی کوێن؟

– باوکم، شێخ نیزامەدین، ئەگەرچی هەموو ژیانی لەشاری سلێمانی بەکاسبیەوە بەسەربرد، بەڵام خوێندەوارێکی باشبوو، بڕوانامەی شەشی سەرەتایی زەمانی عوسمانیی هەبو، ئەوەندە خوێندەواری بۆ ئەو سەردەمە زۆربو، ماوەیەکیش فەقێیەتی کردبو. خەتی زۆر خۆشبو، ئەو ئەگەرچی دوکانداربو، بابەتی عەتاریی ئەفروشت، بەڵام سکاڵا (عریضة)شی بۆ خەڵکی ئەنوسی و کومپیالەی بۆ پڕئەکردنەوە، باپیرم، شێخ جەلال، موفتیی شارباژێر بو، کوڕی شێخ تەهای شێخ سەلامی قازیی شارباژێر بو، باپیرانم، بەوەزیفە لەشارباژێر بون، بەڵام خۆیان خەڵکی چنارەی لای دەربەندیخان بون. ئارامگای باپیرە گەورەم کە ئەویش ناوی شێخ نیزامی بو، لەو گوندی چنارەیەیە خەڵك ئێستا زیارەتی ئەکەن. دایکیشم لەشێخەکانی قەرەداغە.

• کەواتە ئێوە شێخی تەواون!

– من نازانم مەبەستت لەشێخی تەولو چیە؟ شێخی تەولو ئەگەر ئەوەبێ بەرەگەز بچێتەوە سەر پەیامبەری ئیسلام، بڕواناکەم شێخ لەکوردستاندا ئەوەندە هەبێ وەك ئێستە هەیە. کورد ئێستاش ناکوتەرایەك نەبێ، کچ بەعەرەب نادەن، ئیتر ئەم هەموو شێخە چۆن پەیدا بوون!؟ ڕاستییەکەی، ئەو سەردەمانەی شێخێتی زۆر لەبرەودابو، گەلێ کەس لەناو کورددا خۆیان کردووە بەشێخ، ئەویش یا لەڕێگەی بەرماڵەوە، یا کابرایەك پشتوێنێکی سەوزی بەستوەو ڕووی کردۆتە گوندێکی دوور. خەڵکە ساویلکەکەش کە بەو پشتوێنە سەوزەوە دیویانە، زۆر ڕێزیان لێگرتووەو دەستیان ماچکردووەو تەکێ، یا مزگەوتیان بۆ دروستکردووەو خێری دنیایان بەسەردا ڕشتووەو کچیان داوەتێ و کردویانە بەشێخی گوندەکەی خۆیان.

• بنەماڵەی ئێوە لەکام جۆریانە؟

– نازانم. ئەوەندە ئەزانم، لەباوکەوە ئێمەو بنەماڵەی (مەولەوی) ئەچینەوە سەر (پیر خدری شاهۆ) کە خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووە، ئەوانەش کەوشەی (پیر) کەوتۆتە پێش ناوەکانیان، زۆریەیان لەپیرەکانی زەردەشت بون.

بنەماڵە



شێخ نیزامەدین
حەلاوە عەبدوڵا
عەبدولکەریم
فازیل
دولبەر
ئەحمەد
هیوا
جەمیل
جەمال
کامیل
نەجات
چیا
چرا
ئارا
شارا

• سەرەتای خوێندنت؟

– لەحوجرەوە دەستمپێکرد، پێش تەمەنی شەش ساڵیم، ماوەیەك لەحوجرەکەی مەلا نەجمەدین لەبەرخانەقا خوێندم، دوای ئەوە ماوەیەکی تر لەحوجرەکەی مەلا بەکر لەگومرگە سوتاو. ئنجا بوم بەشاگرد خەیات. باوکم، ئەگەرچی خۆی خوێندەوارێکی باشیش بو، بەڵام وای بەباش ئەزانی، کورەکانی، نیوەیان کاسبی بکەن‌و نیوەشیان خوێندن. من بەر کاسبییەکە کەوتم. خۆم ئارەزووم لەخوێندن بو، بەڵام دەسەڵاتم نەبو، تارۆژێك نانەوایەکی دراوسێی وەستاکەم، دەروێش عارفی خەیات، خەریکی گواستنەوە بو. وەستا عارف غیرەت گرتی‌و فەرمانی دا بەشاگردەکانی کە یارمەتیی نانەواکە بدەین. کەسیش نەیئەتوانی قسەی وەستا بشکێنێ، چونکە باوکی شاگرد بەوەستاکەی ئەوت: گۆشتەکەی بۆ تۆو ئێسقانەکەی بۆ من. یەکێك لەو شتانەی من گواستمەوە، لوولە دوکەڵکێشێکی رەشبو، نیوەڕۆ کە چوومەوە ماڵێ دایکم وتی ئەوە بۆ سەرتاپات رەشبووە؟ بۆمگێڕایەوە. ئەویش سوێندی خوارد کە ئیتر نابێ ئەو شاگردییە بکەم. باوکیشمی رازیکرد. منیش لەخوام ئەویست.

بەو جۆرە، چەند ساڵێك لەخوێندن دواکەوتم لەچاو هاوتەمەنەکانی خۆمدا. سەرەتا لەپۆلی دوو وەلیانئنام، مودیری خالیدیە مستەفا فەنی، ناسراو بەمستەفا گاڕووت، وتی پۆلی سێ، بەڵام یونسە فەنی وتی با پۆلی دوو بێ، بۆ ئەوەی بناغەکەی بەهێزبێ، لەپۆلی سێدا ئەبولیە من یەکەمبوومایە، بەڵام نەجاتی کچی مستەفا فەنیان کرد بەیەکەم لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە باوکی کۆچی دوایی کردبو ویستیان بەوە دڵخۆشیی بدەنەوە.

ئەوە زۆر نیگەرانی کردم، باوکیشم ئەو مەلەی قۆزتەوەو هانیدام کە ئیتر لەو قوتابخانەیە نەخوێنم‌و بچمە قوتابخانەی زانستیی شەو. بەڕۆژیش بوومەوە بەشاگردی مەحمودی حەمە بانەیی خەیات لەو شەقامەی ئێستا پێی ئەڵێن مەولەوی. ئیتر لەو ساڵەوە من هەموو خوێندنم هەر بەئێواران بو. خەیاتییەکەشم گۆڕی بەشاگرد پێڵاودروو. ماوەیەك لای عەبدوڵڵا زوهدی. ماوەیەکیش لای مەجید سوڵتان. دواتر برای گەورەم، شێخ کەریم دوکانی پێڵاو دروێتی داناو بووم بەشاگردی ئەو تا ساڵی ١٩٥٤ کە گیرام‌و ناردیانم بۆ شوعەیبە.

• بۆچی گیرایت؟

– ئەوە یەکەمجار نەبو بگیرێم، پێش ئەوە هەر موزاهەرەیەك بکرایە، من ئەگیرام لەسەری، چونکە وەك پێشتر وتم، ئەندامێکی چالاکی حیزبی شیوعی بوم، ئەندامی یەکێتی قوتابیان‌و نیقابەی کرێکارانی سەر بەحیزبی شیوعی بوم.

• کێ رێکخەرەکەت بو لەحیزبی شیوعیدا؟

– یەکەمجار برایمی مەلا عەبدوڵڵا، ناسراو بەبلەجۆرج. دوای ئەو وەستا عارفی خەیات. ماوەیەکی کورتیش، وەستا عەولی بەنا. جارجارێکیش عوسمان خۆشناو کە ماوەیەك مەسئولی سلێمانی بو، کۆبوونەوەی پێئەکردین. ئەو کۆبوونەوانە، تەنیا بۆ کادرە پێشکەوتووەکان بو، هەرجارەی لەماڵێکدا. ئەویش بەمەرجێ، ئەبوایە چرای ماڵەکە بکوژایەتەوە، ئنجا ئەو بەتاریکی ئەهات، دوای ئەوەی قسەکانی تەواوئەکرد، ئەڕۆیشت، ئەوسا چرامان دائەگیرسانەوە.

• وتتان گیراینو ناردیانیت بۆ شوعەیبە؟

– بەڵێ. ئەو ساڵە عومەر عەلی متەسەریفی سلێمانی بو، پۆلیسی سەرشەقام گرتمی، عەلی والی بەگ معاونی پۆلیسی سەرشەقام بو، عەلی بەگ خزممان بو، وتم بۆچی منتان گرتووە. وتی باوەڕبکە نازانم. هەرئەوەندە ئەزانم کە ئەبێ ئێستا بتنێرین بۆ سەکەنەی عەسکەری، لەوێ فەحسی پزیشکیانکردمو دەفتەری خزمەتی عەسکەریان بۆ پڕکردمەوەو خستمیانە پشتی لۆرییەکی عەسکەرییەوە. کە سەرکەوتم، روانیم چەند کەسێکی تریش لەلۆرییەکەدان، لەو کەینوبەینەدا پرسیمانو پێیان وتین ئێوە عەسکەریتان لەسەرە! وتمان ئێمە قوتابین، عەسکەری چی!؟ لۆری کەوتەڕێ بۆ کەرکوک، بۆ ئێزگەی شەمەندەفەر، بۆ بەغداد، بۆ سەر ئێزگەی شەمەندەفەری بەسرە. گەیشتینە بەسرە، لەوێوە براین بۆ شوعەیبە! بۆ کۆنە سەربازگەیەکی ئینگلیزەکان کە بریتیبو لەچەند کۆنە بەنگەڵەیەک، زیاتر لەزیندان ئەچوون، پاناییەکەی شەش مەترێکو درێژییەکەی نزیکەی سەدو هەشتا مەتر. نیوەی لەژێرزەمیندا بو، تەنیا لەپەنجەرە بەرزەکانەوە روناکیمان بۆ ئەهات. تا نزیکەی چوار مانگ دەرەوەی سەبازگەکەمان نەدیو مواجەهەشمان قەدەغە بو. جگە لەئێمە لەهەندێ شاری تریشەوە، بەهەمانشێوە، قوتابیی سیاسی تریان ئەهێنا، لەهەموو رێبازە سیاسییەکان: شیوعی، پارت، بەعسی، نەتەوەیی، ئیسلامی. سەرەتا نەئەبوو قسە لەگەڵ یەکبکەین، پاشتر هەمووومان بووینە برادەر. لەعەرەبەکان، دولیی هەندێ کەسیان لێهەڵکەوتو چوونە سەرکردایەتیی بەعسەوە وەک عەبدولخالق سامەرائی، زوهێر قادریو مەعاز عەبدولڕەحیم.

لەم بەندیخانەیەدا کە بەناوی سەربازگەوە بۆ ئێمەی قوتابی کرایەوە، زیاتر چاوم کرایەوەو بەڕێبازە سیاسیەکانی تر ئاشنابوم. لەسەرەتاوە باری ژیانمان زۆر خراپبو، وەک خواردنو جێگەی نووستنو گەرماو بێخزمەتی، ئەوە جگە لەوەی نە ئێمە هەواڵی کەسوکارمان ئەزانیو نەئەوان هی ئێمە، بەڵام چونکە ورەمان بەرزبوو، دەربەست نەبووین، دوای چوار مانگ، رێگەیاندا کەسوکار سەردانمان بکەن. هەفتەی جارێک سەری بەسرەمان ئەدا. خۆشمان بۆ هەموو بۆنەیەک، ئاهەنگمان ئەگێڕا. بەبۆنەی نەورۆزەوە، شانۆنامەیەکم ئامادەکرد، هەندێ کەسمان کردە لیژنەی سەرپەرشتیی ئاهەنگەکە، ئەکتەرەکانمان دیاریکرد، لەسەرپەرزاییەکی نزیک دوور لەقاوشەکەمان، شانۆمان رێکخست، عەبە عفریت دەوری ئەژدەهاکی بینی. شانۆگەرییەکەمان تێکەڵ سروودی نەورۆزو ئەی رەقیب کرد. باسی شوعەیبەو ناخۆشیو خۆشییەکانی باسێکی درێژە. کاک قادری میرزا کەریم کردوێتی بەکتێبێک بەناوی (بیرەوەری مێژوویەکی پڕ لەشانازی) ساڵی ٢٠٠١ لەسلێمانی چاپی کردووە.

• قوتابییە کوردەکان کێوکێبوون؟

– ئەوانەی بیرم ماونو ناوەکانیانم لەپەڕەیەکدا نوسیوە، ئەمانەن: ئەحمەد محەمەد، بابا عەلی بەرزنجی، بەشیر رەشید، بەهادین کابان، جەلالی مەلا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، جەزای میرزا حسەین، جەلال عەزیز، جەودەت مستەفا، حسەینی حاجی ئەمین، حسەین عارف، حسەینی مەلا حەکیم، خالید سەعید، خەسرەو رۆستەم، رەئوف محەمەد ئەمین، روشدی عەلی شەریف، سدیقی شێخ مەحمود، سەلاحی حەمەی شێخەلی، سەلاحی عەلی ئایشەخان، سلێمانی مەجید بەگ، سمکۆ عەزیز،

عەبدوڵڵا بەرزنجی، عەبدوڵی سۆران، عەبە عفریت، عوسمان بەکر، فەرەیدون ئەمین، فوئادی نوری خەفاف، قادری میرزا کەریم، کەمال مستەفا قادر، کەمال نوری، لەتیف خەزنەدار، محەمەد کاکە، محەمەد عەلی شەریف، محەمەد عەتا رەشید، مستەفا عەبدولڕەحمان.

• چەندی لێمانەوە؟

– من ڕۆژی ١٩٥٤/١٠/٢٤ گیرامو ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٥٥ دوای ئەوەی سەد دینار بەدەلیان لێسەندم، بەربووم، ئەو پارەیەش بۆ ئەو ڕۆژە زۆربو! ئەوانی تریش، بەرودوا هەر بەوجۆرە.

• دوای ئەوە؟

– هاتمەوە سلێمانی، بوومەوە بەشاگردی کاکم. ئێوارانیش خوێندن چەندجارێتر گیرام، جاری وابەبوو تا سێ مانگ لەگرتوخانەدا ئەمامەوەو بەرئەدرام. ئێمە قوتابیانی ناوەندیی ئێواران، هەموو ساڵێك شانۆگەرییەکمان ئەکردو قازانجەکەیمان ئەدا بەکرێی ئەو قوتابیانەی ئێواران کە نەیانئەتوانی ئەو کرێیە بدەن. کرێکە ساڵی دە دینار بو، ساڵی ١٩٥٦ دەستمانکرد بەپرلوەی شانۆگەریی ئۆتێلۆ (عطیل). پراوەکە نزیکەی سێ مانگی خایان. مامۆستا ئەنوەر تۆفیق دەرهێنەرەکەی بو، نوری وەشتی دەوری ئۆتێلۆی بینی، منیش دەوری (یاجۆ) کە ئەمیش وەك دەوری (ئۆتێلۆ) دەورێکی سەرەکی بو، ئەوسا، شانۆگەری هەمیشە یەکەم ڕۆژ بۆ ئەشراف بو. کەچی من دەمەو ئێوارەی ڕۆژی پێش ئەو ڕۆژە، دایان بەسەر ماڵمانداو ژمارەیەك کتێبی قەدەغەکراویان گرتو خۆمیان راپێچی گرتووخانەکرد. من خەمی شانۆگەرییەکەم بو، ئەنوەر تۆفیش سەری دنیای لێهاتبووەوە یەك، بەڵام تەها خەلیل، مەردانە، کێشەکەی چارەسەر کردبو، ئەو دەورێکی کومبارسی هەبو، تومەز بەدەم پراوەوە، هەموو دەورەکەی منی لەبەرکرد بو، یەکسەر دەورەکەی منی بەسەرکەوتوویی بینیبوو، لەوەوە تەها بەئەکتەرێکی سەرکەوتوو ناوی دەرکرد. هەر لەو سەردەمەدا، وا باوبوو لەگەڵ هەر شانۆگەرییەکی گەورەدا، شانۆگەرییەکی بچووکی قۆشمەش ئەکرا. من بۆ ئەو مەبەستە، شانۆنامەی (ئافرەتو نوشتە)م نوسیبوو. ئەویش پێشکەش کرابو، هەر ئەو ساڵە چاپیشم کرد، مامۆستا حەمە کەریم هەورامیش لەکتێبەکەیدا (دراماى کوردی) ئەڵێ ئەوە یەکەم شانۆنامەی کوردیی کۆمێدی چاپکراوە.

دیمەنێکی شانۆیی

ساڵی ١٩٥٤

• ئەو گرتنەت چەندی خایاند؟

– سێ مانگ، درام بەدادگای کەتن (جنح)و ئیفراج بوم، بەڵام کتێبەکانیان نەدامەوەو دەستیان بەسەرداگیرا. ئنجا بەهۆی ئەو گرتنانەوە، نەك هەر ژمارەیەك کتێبم لەدەستچوو، بەڵکو خۆشەویستێکیشم لەکیسچوو!

• چۆن!

– بەر لەگرتنم بۆ شوعەیبە لەگەڵ کچێکدا کە ناوی سەبری بو، من ناوم نابوو نازەنین، سەرەتا دڵدارییەکمان دەسپێکردبو، ماڵەکەیان نزیك دوکانی کاکم بو، لەخێزانێکی هەژار بو، جوان و وریابو، دڵداریی ئەو کاتەش، بەزۆری بریتی بوو لەوەی لەدوورەوە سەیری یەکمان ئەکردو جارجارێکیش زەردەخەنەیەك، دووجار فرسەتی هێنا کە من بەتەنیا لەسەر دوکانی کاکم بووم، هات و هەندێك قسەمان کرد. ئەوە بو من گیرام و حەوت مانگو بیست رۆژ لەشوعەیبە مامەوە. کە گەڕامەوە سلێمانی، رۆژێك هەر لەسەر دوکانی کاکم بەتەنیا بوم، ژنێك بەعەباو پەچەوە هات و زەرفێکی دایە دەستم کە هەندێك شیرینی و شوشەیەك عەترو دەسەسرێکی جوانی تێدابو، کە پەچەکەی لابردو رووی نازەنینم دییەوە، شاگەشکەبووم، بەڵام کاتێ دەستی چەپی دەرخست ئەڵقەیەکم لەپەنجەیدا بینی، نەك هەر هاتمەوە سەر سفر! بەڵکو خورپەیەکی نیمچە کوشندە لێیدام! ئەویش گریاو وتی چیبکەم، تۆ دیارنەمایت و بەزۆریش دلیانم بەکەسێك بەهیچ جۆرێك ناچێتە دڵمەوە!.

• دوای ئەوە!

– دوای ئەوە، وەك پێشتر بۆم گێڕانەوە، ساڵی ١٩٥٧ نەفی کرام بۆ ئەبوغرێب، لەبەغداد یەکەم دیوانی هەڵبەستەکانم چاپکردو ناومنا: نازەنین.

دیمەنێك لەشانۆگەری ئافرەت و نوشتە

رۆژنامەی (تایم) ژمارە ٢٦ کانونی دووەمی ٢٠٠٢

بەئێرانییەکانم وت کەی شۆڕش دەکەن وتیان هەرکات شا فەرمانی دا

لەم ئەڵقەیەدا کامیل ژیر هەندێ لایەنی شاراوەی ژیانی سیاسی خۆی دەگێڕێتەوە

• زۆرمان ماندوکردیت. ئەشێ پێویستمان بەوچانێک هەبێ. لەم وچانەدا من هیچ پرسیارێک ناکەم ئەگەر بکرێ، بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە، هەندێک سەرگروشتەی خۆشیناو دەفتەری بیرەوەرییەکانت بخەینەوە سەرلاپەڕەیەکی تایم؟

–ئەمە گوایە وچانە!؟

ئەشێ وچانی رۆژنامەنووس و نووسەر، هەروابێ!!

– باوابێ. فەرموو ئەمە ژمارەیەک لەو سەرگروشتانە:

١–ئێستا لەم کاتەدا، نایەتەبیرم کە پیرەمێردی نەمر، لەچ ساڵێکەوە دەستیکرد بەبوژاندنەوەی نەورۆز. بەڵام لەبیرمە ئەو دووساڵەی لەحوجرە ئەمخوێند، ١٩٣٩ و١٩٤٠؛ مەلای حوجرەکان لەمانگی نەورۆزدا ، نەورۆزنامەیان ئەنووسییەوە بۆ قوتابیەکانیان. دەستورەکەشوابوو، هەر قوتابیەک قاپێکی فەخفوری ئەبرد بۆ مەلا. ماڵی واش هەبوو هەندێک دیارییان لەو قاپەدا ئەنارد بۆ مەلای حوجرەی منداڵەکەیان. مەلاش بەقەڵەم و ئووچ و مەرەکەب، نەورۆزنامەیەکی لەسەر قاپەکە ئەنووسیەوەو بەمنداڵەکەدا ئەینارددەوە بۆ ماڵەکە، ئیتر ئەو قاپە بۆ ماوەیەک هەڵئەگیرا بۆ موبارەکی. یا بەئاوێک ئەشۆردراو ئاوەکە بۆ هەندێک مەبەستی پیرۆز بەکارئەهێنرا. ئیتر ئەوەبو پیرەمێرد دەستیکرد بەبوژاندنەوەی نەورۆز بەجۆرێکی تر. هەموو ساڵێک لەگردی مامەیارە لەسلێمانی، سەیرانێکی گەورەی ساز ئەکرد بۆ خەڵکی شار، یاپرلخی بۆ ئەکردن، ئەبو بەشایی و هەڵپەڕکێ. دوای ئەمانە ئەهاتە سەر مەبەستە سەرەکییەکەی کە هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی بو. ئەویش بەبەستنی کۆڕی وتارو هەڵبەست خوێندنەوە.

یەکێک لەو کۆڕانە، ئەو کۆڕە بو کە فایەق بێکەس هەڵبەستی (بیست و حەوت ساڵە)کەی تیا خوێندەوە. بیرمە، ئەو ساڵانە زۆر ئارەزوی سەیرکردن و بیستنی ئەو کۆڕانەم ئەکرد. ئەو ساڵە چادرێک هەڵدرابو، لەبەردەم چادرەکەدا ژمارەیەک کورسی لەشێوەی نیوە ئەڵقەیەکدا دانرابو. ئەدمۆنز لەسەر کورسییەک لەناوەڕاستی کورسییەکانی تردا دانیشتبو، جگە لەدانیشتوانی سەر کورسییەکان کە لەبیست، سی کورسییەک تێپەڕی نەئەکرد، خەڵکەکانی تر هەموو بەپێوەبون بەدەورو لەبەردەم کورسییەکاندا. من کەوتمە پشت کورسییەکەی ئەدمۆنزەوە. ئاوڕێکی لێدامەوەو بەکوردی لێی پرسیم: کوڕی کێیت؟ وتم فلان. وتی: نایناسم. وتم: برازای أ . ب. هەوریم، وتی: بەڵێ ئەیناسم. لەو کاتەدا بێکەس هەڵبەستەکەی خوێندەوەو دەستوپەنجەی (وەک هەڕەشە) راتەوەشاند. لەبیرمە جۆرە پشێوی و غەڵبەغەڵبێک کەوتە ناو ئامادەبوانەوە. من هەڵبەستەکەو دیمەنەکەی بێکەسم ئەوەندە پێخۆشبوو، هەر لەوێدا هەندێک لەهەڵبەستەکەم هاتەبەر.

بەو جۆرە جەژنەکانی نەورۆز درێژەی کێشا تا حیزبایەتی تێکەڵ بەو ئاهەنگانەی نەورۆز بو. یەکێک لەحیزبەکان کەوتە تاوانبارکردنی پیرەمێرد بەوەی (جاسوسی ئینگلیزە!!(منیش ئاهەنگەکانی نەورۆزی قەدەغەکرد. پیرەمێرد بەوە زۆر نیگەران بو. داماوە هەر ئەوەی بۆ مابوەوە، ئەیوت: " حیزبی حیزباب، ئاگری نەورۆزیشیان لێکردین بەسیاسەت!".

٢- پێشتر باسی ئەوەم کرد کە سەردەمێك دەمەقاڵێی پارتیو شیوعی لەسەر ئەوەبو کە ئایا کورد نەتەوە (أمە)یە یا (أمة) نیە، ڕۆژێك لەنزیك سەرقەبرانی سلێمانی، ئەحمەدی ئەوڵێ، ناسراو بەئەحە قاژوو، لەکاتێکدا کە بەدلسێك گیای بۆ ئەسپەکەی ئەبڕی، گوێی لەو مشتومڕە بو لەنێوان دوو کەسدا، ئەویش ئەچێ داسەکەی لەملی کابرای شیوعی گیرئەکاو ئەڵێ: ئێستا قسە بکە، کورد ئوممەیە یا ئوممە نیە!؟ کابرای داماو لەتاو گیانی خۆی ئەڵێ: بەقەبری باوکم ئەوەنی کورد هەیە، هەر ئوممە بووە!

٣- هەر لەو بارەیەوە، هەڤاڵێکی پارتی، بەڕێکخەرەکەی ئەڵێ: کاکە ئێمەش هەر بەگەزی مارکسیەکان جاوی ئەم کێشەیە ئەپێوین! من بەم گەزە دەرەقەتی ئەوان نایەم. ئەرموو ئەوە ستالین کۆمەڵێ مەرجی داناوە بۆ نەتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەبێ نەتەوە ئابووریەکی هاوبەشی هەبێ. دەی نەتەوەی کورد کوا ئابوری هاوبەشی هەیە؟ ڕێکخەرەکەش، کەسێکی قۆشمەئەبێ، ئەڵێ ئەمجارە بچۆ بڵێ: من بەڵگەی زانستیم هەیە، ئەمەش بەڵگەکەیە:

یمامة في أعلى الشجرة

آمنة في عشها مستترة

واتا: کۆترێك لەسەر درەختەکە

دڵنیاو پارێزراوە لەهێلانەکەیدا

هەڤاڵەکە، عەرەبی نازانێ، بەتووڕەییەوە ئەگەڕێتەوە بۆ لای ڕێکخەرەکەیو ئەڵێ: تۆ بەمن ڕائەبوێری!؟ من چوم ئەوەم وت، ئەوانیش تێر پێکەنین، ئنجا مانای ئەو قسانەیان پێوتم!

٤-لەپەنجاکاندا کە ئێمەومانان تازە دەممان لەوێژەوە ئەدا، عەسران ئەچووینە ئەکێ، کە باخی قەرەجیشی پێئەوترا، نزیك گردی سەیوان لەسلێمانی. بەدەم پاقلەو چاخواردنەوە، دەستمان ئەکرد بابەسی وێژەییو شەڕەهەڵبەست. گەلێجار لەدەوری ئەورەحمانی خامەش کۆئەبووینەوەو گوێمان لەقسە خۆشەکانی ئەگرت. من پێموایە ئەگەر بمانەوێ چالاکییەکی وەك ئەوەی (مربد)ی عێراق ئەنجام بدەین، ئەوا ئەو جێگەیەی باخی ئەکێ گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە. لێرەدا، لای من سەرگوروشتەکە ئەوەیە: کە هەڵبەستێکی تازەی خۆمم بۆ ئەخوێندنەوە، ئەیانوت: خراپ نیە! بەڵام ئەگەر بموتایە ئەمە هەڵبەستێکی تازەی گۆرانە، یا هی هەردییە، ئەیانوت: بەڕاستی جوانە!

٥- هەر لەپەنجاکاندا، لەسلێمانی، ماوەیەك شیوعیو پارتی، کاری سیاسی هاوبەشیان ئەنجام ئەدا وەك بەرەیەك. ڕۆژێك لەماڵی ئەژادی ئەحمەد عەزیز ئاغا لەگەڕەکی سابونکەران، کۆبوونەوەیەکی بەرەییمان ئەنجامدا. من نوێنەری کرێکاران، ئەژاد نوێنەری گەنجان، حیلمی عەلی شەریف نوێنەری پارتی، وەستا عەول نوێنەری شیوعی. ماڵی ئەژاد، مۆبێلەیان هەبو، ئەوسا کەم ماڵ مۆبێلەی هەبو،

وەستا عەول لەسەر مۆبێلەکان دانەنیشت. چولر مشقی لەسەر زەوییەکە دانیشت. وتمان فەرموو لەوێ دانیشە. وتی: نا، من نەفسیەتی پیتی بۆرجوام نیە، لەسەر مۆبێلە دانانیشم!

٦- دیارە ئەم سەرگوزشتانەی ئێستا ئەیانگێڕمەوە، زیاتر بۆ خۆشیو پێکەنینن. هەر لەپەنجاکاندا، کە من زوو زوو ئەگیرام لەدوای هەموو خۆپیشاندانێك. جارێك لەگرتوخانەی سلێمانی کە لەپشت سەرای سلێمانیەوە بو. ژمارەیەك گیراوی سیاسی بووین، بۆ ژەمی نیوەڕوانو ئێواران، لەکەسوکارەوە خواردنی باشمان بۆ ئەهات. بەلام ژەمی بەیانیانمان، هەندێ جار نیسکێنەکەی گرتوخانەکە بو، ئەو خواردنانەی ڕۆژی پێشوو بۆمان ئەهات، هەندێکی ئەمایەوە بۆ ژەمی بەیانیانی ڕۆژی دووەم. برادەرێکمان (ف.ك) ئەو ڕۆژانەی بیزانیایە نیسکێنەیە، زوو لەخەو هەڵئەساو خواردنەکانی ڕۆژی پێشووی سفر ئەکرد! کە ئەکەوتینە سەرزەنشتکردنی، ئەیوت: من حەزم لەنیسکێنە نیە، ئەگەر لەبرسانا بمرم نایخۆم! بەیانییەك خواردنەکانی ڕۆژی پێشووم لێ شاردەوە. کەنیسکێنەکە هات، تویژاڵێکی تەنك ناوی سەروپێی ڕۆژی پێشووم بۆ کرد بەسەر قاپێك نیسکێنەدلو وتم براینە ئەم سەروپێیە بۆ کاك (ف). ئەویش هەمووی هەڵقوڕان. کردمان بەپێکەنینو خۆمان سەروپێکەمان خواردو ئیتر دزەخواردنی بەیانیانمان لێ قەدەغەکرد!

٧- ساڵی ١٩٥٤ کە گیراینو ناردیانین بۆ شوعەیبە، سەربازی ئەوەی ئێمە قوتابی بووینو نەئەبوو سەربازیمان پێ بکرێ، ئەشیاندایین بەبلدگای سەربازی بەتۆمەتی ئەوەی دواکەوتوو (متخلف)ین! داڵگای سەربازیش لەشاری دیوانیە بو. هەر جارەی دە دوازدەیەکمان ئەکراینە فارگۆنی سەربازیی شەمەندەفەری نێوان بەسرەو دیوانیەوەو لەگەڵ پاسەواندا بەڕێئەکراین. ئێمەش ئەوەمان بەهەلئەزانی بۆ ئەوەی ئەو سەربازە ئاساییانەی تر کە لەفارگۆنەکەدا ئەبون، ڕۆشنبیر بکەینو بیانخەینە سەر بیری سیاسی دژی ڕژێم. گروپەکەی ئێمەش هەروایکرد تا باس هاتە سەر بەراوردکردنی یەکێتی سۆڤێتو ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بێ ئەوەی هیچمان ئەو دوو ولاتەمان دیبێ، هەرچی زیادەپیاهەڵدان هەیە بەسەر یەکێتی سۆڤێتو تانەوتەشەر هەیە لەئەمریکا، ئەمانوت، هەندێ جار ئەوان بەسەرسامیەوە سەیری یەکیان ئەکرد وەك ئەوەی باوەڕ بکەنو نەکەن. بەو جۆرەو بەدەم ئەو قسانەوە، شەمەندەفەر ڕێگەی بڕی تا گەیشتینە کەناری شاری دیوانیە. شەمەندەفەرەکە دای بەلای خانویەکی دووقاتدا. خالید سەعید وتی: یەکێتی سۆڤێت ئەوەندە مەزنە، فڕۆکەی هەیە ئەتوانێ لەپەنجەرەی ئەو خانووەوە خۆی بکا بەژوورداو چەند دەورەیەك بەناو ژوورەکەدا بکاتو لەپەنجەرەکەی ئەو دیوەوە دەرچێت!! سەربازەکان وتیان کەواتە ئێوە ئەمە چەند سەعاتە بەئێمە رائەبوێرن! هەستانو دووریکەوتنەوە لێمان.

لەسلێمانی، هاوڕێ (غ) بەنهێنی نێردرابو بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بیست ڕۆژێکی لێبربو، کە گەڕایەوە، کەوتە کۆڕبەستنی نهێنی لەماڵاندا. هەر جارەی پڕ بەژوورێك خەلکی بۆ کۆئەکرایەوە. ئەویش دەستیئەکرد بەگێڕانەوەی گەشتەکەی خۆی. قسەکانی وائەکرد، ئەتوت لەبەهەشت گەڕاوەتەوە. هەندێ جار قسەکانی لەقسەکانی ناو شەمەندەفەرەکەی ئێمە ئەچو! سەیر ئەوەبو، بەجۆرێك وەلامی پرسیارەکانی ئێمەی ئەدایەوە وەك دە ساڵ زیاتر لەیەکێتی سۆڤێت ژیابێو شارەزای هەموو قوژبنو

یاساو ژیانی ئەو خەڵکەی ئەوێ بن. قسەکانی، لەقسەی ئەو وشکە موسوڵمانانە ئەچوو کە هەموو وەڵامێك لەبارەی ئەو دنیاوە ئەدەنەوە! بەڵام باشە مامۆستا (غ) ئێستا ئەویش وەك من بیرئەکاتەوە.
ئنجا دوای چواردەی تەمموز، هەندێك بانگهێشت ئەکران بۆ یەکێتی سۆڤێت، لەوانە دوکتۆر عەبدولرەزاق محێدین، کە گەڕابوەوە، لەڕۆژنامەی (الحریة)ی بەغدادا وتارێکی بەناونیشانی: ئەو نەتەوەیەی لەیەك ژووردا ئەخواو ئەنوێو خۆی ئەشوات! (الأمة التي تأكل وتنام وتستحم في غرفة واحدة!).
ئنجا قسە قسە ئەهێنێ، من لەسەرەتای شەستەکاندا، لەگەڵ ئەو دوکتۆر عەبدولرەزاقە بووم بەبرادەر، ئەویش بەهۆی مامۆستا مەسعود محەمەدەوە کە هەردوکمان لەبەغداد ئەموانبەر بووین لەکۆمپانیای مەوادی بینائی، دوکتۆر، مامۆستای زانکۆ بو، ماوەیەکیش بو بەسەرۆکی کۆڕی زانیاری (المجمع العلمي) لەبەغداد. ساڵی ١٩٦٣ هەرچی بکەوتایەتە بەر شاڵاوی بەعس، ئەگەر نەکوژرایە، بەمیلاك ئەچو! بەیانیەك زوو پێش دەوام، رەفعەت ئەحمەد کە ئەویش لەکۆمپانیاکەی ئێمە فەرمانبەرێك بو، پێشتر لەسەردەمی پاشایەتیدا بەڕێوەبەری ئەمنی بەغداد جدیدە بو، دیم لەسەر رێگای من وەستابو، وتی کامل من وای بۆ ئەچم ئەمڕۆ دێن ئەتگرن!.. وتم چۆن ئەزانی؟ وتی دوێنێ هەواڵی تۆیان لەمن پرسی، پرسیارەکانیان هی ئەوەبو بتگرن. منیش بەپەلە خۆم کرد بەناو کۆمپانیاکەداو دلولیەکی مۆڵەتی هەفتەیەکم نوسیو لەسەر مێزی سکرتێر دامناو چوومە دەرەوە. کە گەیشتمە سەر شەقامەکە، هێزێکی چەکدار دای بەسەر کۆمپانیادا. منیان نەناسی. سواری تەکسیەك بومو ئەو رۆژە خۆمم شاردەوە. رۆژی دوایی بەهۆی هەندێك برادەرمەوە، کەوتمە سۆراخی رووداوەکە، وتیان بەڵێ ئەوانە بۆ گرتنی تۆ هاتبون، بەڵام سکرتێر پێی وتبوون ئەوەتا لەڕۆژێك لەوەوپێشەوە داوای مۆڵەتی کردووە.
دوای دوو رۆژ، دوکتۆر عەبدولرەزاقم بیرکەوتەوە، رۆژی سێهەم، بەیانیەکەی پێش دەوام چووم بۆ ماڵیانو بۆم گێڕایەوە. ئەویش وتی من رەشید ئەناسم، جارێ دانیشە بادەوام دەسپێبکا، مەبەستی رەشید موسلح بو، حاکمی عەسکەری کە قسەی لەگەڵ کرد، لەوەڵامدا وتبووی ئێستا هیچ لەبارەی کێشەکەی ئەوەوە نازانم، بینێرە بۆ لام. دوکتۆر گلتی ئەوەی لێ وەرگرت کە ئەگەر نەشتوانێ رزگارم کا، نەمگرێت، کە چووم هەندێك خەڵکی سلێمانی لەوێ بوون. یەکێکیان خزمی خۆم بوو (ئافتاو خانی میرزا غەفور) وتی: تۆش ئەتەوێ بچیت بۆ سلێمانی؟ تومەزلەو رۆژانەدا هەرچی بچولیە بۆ کوردستان، ئەبوایە رەزامەندییەکی لەدائیرەی حاکمی عەسکەرییەوە وەرگرتایە!
کە چوومە ژوورەوە بۆ لای حاکمی عەسکەریو باسی کێشەکەی خۆمم بۆ کرد، ناردی ئەفسەرێك هاتو وتی بزانە ئەگەر فەرمانی گرتنی لای ئێمەوە دەرچووە، فایلەکەیم بۆ بێنە، زۆری پێ نەچوو، فایلەکەی هێنا، حاکم بەدەم خوێندنەوەیەوە سەری رلەوەشان! ئنجا وتی: ئەو رۆژەی لەموعەسکەر رەشید هەوڵی ئینقلابێك درابو، تۆ لەناو کۆمپانیاکەی خۆتاندا هاوارت کردووە: وا بەعس رووخا!! جگە لەوە کە مەلا مستەفای بارزانی گەڕاوەتەوە، تۆ قەمەرەیەکت بەدیاری بۆ بردووە! کە ئەوەی وت، خۆم بۆ نەگیراو دامە پرمەی پێکەنین!، وتم: من فەرمانبەرێکی بچووکم، بارەپکە ئەگەر بمبولیە،

پاسکیلێکم بۆ خۆم ئەکڕی بۆ ئەوەی هاتوچۆی کۆمپانیای پێبکەمو لەچاوەڕوانکردنی پاس رزگارم بێ. ئنجا وتم: تکایە پرسیارێکت لێ ئەکەم؟ وتی: گوول. واتا بڵێ وتم ئەوەی ئەو راپۆرتەی لەسەر من نووسیوە، هادی عەزاوی نیە؟ وتی: شمدریك!؟ واتا چۆزانیت!؟ وتم من جگە لەوەی لەکۆمپانیاکەماندا بەڕێوەبەری ئیدارەو زاتیەم، سەرۆکی لیژنەی موشتەریاتیشم. ئەم هادی عەزاوییە کە لێپرسراوی حەرەس قەومیەکانی کۆمپانیایە، دەمێکە هەوڵەدات بۆ ئەوەی ئەو ببێ بەسەرۆکی لیژنەی کڕین. وتی: خاطر ییووگ، واتا بۆ ئەوەی بەدزێت، وتم: باوەڕ بکە من چەند جار داوام لەمودیری مفەوەز کردووە کە ئەو ئیشەم لەکۆڵ بکاتەوە، بەڵام ئەو (کە لەو کاتەدا رەشید عارف بوو) رازی نابێو ئەڵێ من باوەڕم بەتۆیە، چونکە دز نیت، ئۆتومبیلەکەش لەڕاستیدا رەشید عارف کڕیبووی بۆ بارزانی.

دیاربوو، رەشید موسڵح، باوەڕی بەقسەکانم هێنا، تۆزێکیش لەبەرخۆیەوە وردە جوێنی بەبەعس داو وتی ئاوا ئەیانەوێ ملی خەڵك بشکێنن! وتی: بچۆرەوە سەر ئیشەکەی خۆت، بعد ماکو گواد یلزمك! واتا ئیتر گەوادێك نیە بتگرێ. وەرەقەیەکیشی بۆ نووسیم کە ئامادەبوومو بەردراوم. کەچی دوای نزیکەی مانگێك گیرامو بردیانم بۆ ئەمنی عامە. شەوێکی تیابووم، گیراوەکانی تر، هەموو کەلەپاچە کرابوون ئەوەندەیان ئەشکەنجەدابوون. بۆ رۆژی دوایی کە بانگیان کردم، گیراوەکان وتیان سەعاتەکەت لای ئێمە بەجێبێڵە با لەکاتی ئەشکەنجەداندا نەشکێ.

دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لەگەڵمدا. وتیان ئەزانین تۆ بەفەرمانی حاکمی عەسکەری بەردراویت. بەڵام پێمانبڵێ ئەو رۆژەی هاتین بۆ گرتنت، تۆ چۆن زانیبووت، وا داوای مۆڵەتت کردبوو. وتم من نەمزانیبوو، رۆژێك پێشتر داوای مۆڵەتم کردبوو بۆ ئەوەی خۆم ئامادەکەم بۆ ئیمتیحانێکی کولیە (ئەو کاتە لەپۆلی دووی کۆلیجی ماف، ئێواران ئەمخوێند) چیرۆکەکەی هادی عەزاویشم بۆ گێڕانەوە. ئەوانیش بەریاندام.

٨- ساڵی ١٩٧٤ منو دوکتۆر کەمال مەزهەر، پێکەوە پەیوەندیمان بەشۆڕشی ئەیلولەوە کرد، من لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای زیوتی نەباتی بووم لەسلێمانیو لەماوەتو قەلادزێو سەنگەسەر وەکیلمان هەبو، لەو سێ شارۆچکەیە بێ خانەخۆی نەبووین، لەماوەت عەزیز محێدین، لەقەلادزێ حاجی بابەکرو لەسەنگەسەر حاجی کاکەڕەش زۆر خزمەتیان کردین. بۆ رێگەی نێوان ماوەتو قەلادزێ، کەرێکو یەسترێکمان بەکرێگرت. دوکتۆر کەمال وتی من ناوێرم سواری یەستر ببم، بەڵام لەرێگە هەموو جارێك دووبارەی ئەکردەوە ئەیوت: خوالێبێداو بەسواری بەسترەوەنو منیش کەرسوار!!

لەو ماوەیەدا کە من کەوتمە ئەمانەتی عەدلو ئەوقافو کرام بەموفەتیش عەدلو زوو زوو ئەچووم بۆ پشکنینی دادگاکانی شۆڕش لەناوچەکانی سلێمانیو هەولێرو بادینان، گەلێ سەرگوزشتەی خۆشم لاکۆبووەوە، لەوانە:

- کە مامۆستا ئەنوەر تۆفی هاتە ناو شۆڕش، لێی کۆبووینەوەو پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەمان لێکرد وەك هەڵوێستێکی نیشتمانیو نەتەوەیی. ئەو لەوەڵامدا وتی: ئەوانە هیچیان نیە. راستییەکەی من لەدەس ژنەکەم هەڵاتووم!

– لەبابەکر ئاوا کە جێگەی کارو نوستنی ئێمەبو. شەوێك لەدرەنگ کاتێکدا لەدەنگە دەنگی داىوەرەکانی دادگای تەمیز خەبەرمان بووەوە کە خۆیان ئەماویشتە کونە تەیارەکانەوەو ئەیانوت تەیارە هات! دوایی دەرکەوت یەکێکیان بەدەم خەوەوە، وڕێنەی کردووەو وتوویەتی: هات هات!!

– لەشەوێکی بەهاردا، بایز ئاغای ئەندامی دادگای تەمیز هاواری مەغدیدی ئەکرد، بەلام هاوار هاوارەکەی لەوەئەچوو کە شتێکی لێقەومابێ. هەموو بەهەڵەداوان، لەگەڵ مەغدیدا، خۆمان گەیانە ژوورەکەی بایز ئاغا. مەغدید وتی فەرموو قوربان. بایز ئاغا وتی: ئا بزانە هەورە یا سایەقەیە!

– کە لەئێرانییەکانمان ئەپرسی: ئەی ئێوە کەی شۆڕشێك ئەکەن، لەوەڵامدا ئەیانوت: هەر کات شا فەرمانی دا، ئێمەش شۆڕش ئەکەین!! تومەز ئەوە تەقەبوو لەئێمەیان ئەکرد، گوایە ئێمە بەفەرمانی شا ئەو شۆڕشە ئەکەین!.

– لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد هەردیدا، لەشاری شنۆ خانویەکمان پێکەوە بەکرێگرتبوو، خۆمان لەمدیو بووین و خێزان لەوێو جارجار سەرمان ئەدان. روانیمان خێزان زۆر بێزارن لەدەس جۆرە کرمێکی ورد لەژوورەکاندا کە ژیانی پێتاڵکردبوون!.. بڕیارماندا بگوێزینەوە. من وتم بابچین بۆ شاری نەغەدە. وتیان بیستوومانە لەوێ بەهیچ جۆرێ خانوو دەسناکەوێ لەبەر ئەوەی بەهۆی بنەماڵەی بارزانییەوە کە لەوێن، خەڵکەکەی تریش هەموو رژاوەتە ئەوێ. وتم من سەرێك ئەدەم بەشکم دەستمکەوێ. کە چووم وتیان بچۆ بۆ لای حاجی سەید مستەفا، ئەو موڵکی زۆرە. چوومە سەر دوکانەکەیو داوای خانووم لێکردو باسی خانووەکەی شنۆم بۆ کرد. ئەویش دەستیکرد بەگریان! تا ئەبوو گریانەکەی زیاتر ئەبو، من لەدڵی خۆمدا ئەموت: ئەوە بۆ ئاوارەییو دەربەدەریی کورد ئەگری! هەرچۆنێبو، تۆزێك هاتەوە سەرخۆیو لەچاوی مێزەکەیدا هەندێ کلیلی دامێو وتی فەرموو ئەوە خانوو. وتم کرێکەی چەندە؟ جارێکیتر

دایەوە پرمەی گریانو وتی: کرێ بەکەیفی خۆتە. هەرچەندت لەتوانادابێ ئەوەندە. ئەگەر نیشە، بەخۆڕایی. زۆر سوپاسم کردو دیسان لەدڵی خۆمدا وتم: میللەتێك ئەوەندە هەستو هۆشیاریی نەتەوەیی هەبێ، چۆن سەرناکەوێو رزگاری نابێ. ئەو هەڵوێستەی حاجی ئەوەندەی تر دڵی بەشۆڕشەکەمان پێخۆشکردم. لەکاتی رۆیشتنمدا، جارێکیتر حاجی دەستی کردەوە بەگریان. منیش کەوتمە دڵخۆشیدانەوەیو پێموت: حاجی گوێیمەدەرێ، خۆزگەی خەبات بەگوڵو ریحانە ئەچێنرلوە، ئەری بیەوێ میللەتەکەی رزگار کات، ئەبێ تاڵیو سوێریش بچێژێت. تکات لێئەکەم ئیتر مەگری. وتی چۆن نەگریم!؟ دنیا وای لێبێ سەیدێکی وەك جەنابت، ئەولادی پێغەمبەر، رۆحم بەقوربانی بێ، ئاوا دابمێنێ بۆ خانوویەك! ئاخر چۆن نەگریم!!؟

بەو جۆرە هێنامیەوە سەر سفر، من بیرم بۆچی ئەچوو، ئەو بۆچی ئەگری!؟ دوایش بۆم دەرکەوت ئەر بۆیە پێی ئەوتم سەید، چونکە من پشتوێنێکی زەیتونیم لەسەر رانکوچۆغەکەم بەستبوو!.

رۆژنامەی (تایم) ژمارە ٣٢ رۆژی ١٨/١/٢٠٠٣

هەرچی رێکەوتننامەو بەڵێن بۆ مافی کورد لەژێر سایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بکرێت تەنیا مەرەکەبی سەرکاغەزەو هیچی تر

لەدرێژەی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا لەم ئەڵقەیەدا کامل ژیر بەدوورودرێژی باسی چوارچێوەی بیری نەتەوەیی کاژێک دەکات

• ئێوە هەمیشە وەک (قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی) ناوی کاژێک ئەبەن، هۆو بنچینەی ئەو قوتابخانەیە چیبوو؟

– هۆو بنچینەی ئەو قوتابخانەیە، مەترسی تولانەوەی نەتەوەی کورد بو لەناو ئەو نەتەولانەی کوردستانیان دابەش‌و داگیرکردووە، لەناوەڕاستی چلەکانی چەرخی بیستەمەوە، بیرۆکەیەکی تازەی پڕلەمەترسی، کەوتە ناو دنیای بیرو سیاسەتی کوردییەوە. ئەویش بیرۆکەی پێکەوە ژیانبوو لەگەڵ داگیرکەراندا! ئەم بیرۆکەیە، لەسەر هەڵدانی لقێکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەکوردستان (١٩٤٤) بەناوی یەکێتی تێکۆشین (وحدة النضال)و حیزبی رزگاری کوردستان (١٩٤٥) لەرۆژهەڵات‌و پارتی دیموکراتی کورد کە دوایی بو بەکوردستان (١٩٤٦) هەر لەباشوری کوردستانەوە، هاتە ئارلوە.

بەپێی ئەم بیرۆکەیە، ستراتیجی کورد، لەسەربەخۆییەوە گۆڕا بۆ ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمیش بۆ هەر پارچەیەکی کوردستان، واتا رازیبوون بەداگیرکردن‌و بەدابەشکردنی کوردستان.

• ئەوە لەئەنجامی چیەوە بوو؟

– ئەشێ کۆمەڵێ ئەنجام لەیەکیان دابێ‌و ببنە هەوێنی دروستبونی ئەو بیرۆکەو ستراتیج گۆڕینە، لەوانە:

١– پەیدابوونی جۆرێك لەنائومێدی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەناو دڵو دەرونی سیاسەتکارانی کوردا لەئەنجامی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی کورد بەگشتی‌و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بەتایبەتی.

٢– سەرهەڵدانی بیرۆکەی نێونەتەوەیی مارکسیانە لەجیهاندا بەگشتی‌و لەیەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی کە ئەم بیرۆکەیە هاندەرێکی کاریگەر بو بۆ پێکەوە ژیانی میللەتان لەناو یەك دەوڵەتدا، بگرە بۆ بەزاندنی سنور لەهەموو جیهاندا لەپێناوی بەرژەوەندی چینی کرێکاراندا بەپێی دروشمی (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن). هەر لەچوارچێوەی ئەم بەرئەنجامەدا، هاتنە ئارای کۆماری کوردستان لەمهاباد بەپشتگیری یەکێتی سۆڤیەت، گوڕوتینێکی زیاتری دا بەبیرۆکەکە. مەبەستم بیرۆکەی پێکەوەژیانەکەیە بەتایبەتی دەورەی سەرکردایەتییەکانی ئەو حیزبە کوردییانەی ئەو رۆژگارە، موتوربە کرا بوون بەبیرۆکەی مارکسیتی!.

٣– ئەم ستراتیج گۆڕینەو بیرۆکەی پێکەوەژیانە، لەبەرژەوەندی رۆژئاوا بەگشتی‌و بەریتانیا بەتایبەتی بو کە ئەوان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، باشوری کوردستانیان بەزۆر لکان بەعێراقی عەرەبییەوە بۆ ئەوەی لەو عێراقە نوێیە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەو فرەئاینی دروستبکەن تا خەڵکەکانی

ناو ئەو دەوڵەتە لەبەر نوبەرەکی و ناکۆکیی نێوان خۆیان، نەپەرژێنە سەرلێدانی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بەپێی سیاسەتی کوتیکەو کۆنیکە (فرق تسد)، لەهەمانکاتدا، ئینگلیز ویستی عەرەبی عێراق بکات بەپاسەوان بەسەر چاڵە نەوتەکانی کوردستانەوە.

٤- بیرۆکەی پێکەوە ژیان، لەبەرژەوەندی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانیش بو کە هەریەکەو پارچەیەکی پڕ لەخێروبێری کوردستانیان کەوتبوە ژێر چنگ.

ئاوا بەو جۆرە، کۆمەڵێ ئەنجام لەیەکیاندلو بونە هەوێنی دروستبونی بیرۆکەی پێکەوە ژیان و دەستبەرداربون لەبیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان.

• هیچ لەو باروبۆخ و هەڵکەوتە تاڵانە، گۆڕابو، تا قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کاژێکی بۆ بێتەئاراوە؟

- بەڵێ، زۆر شت لەوانە:

١- بەکردەوە دەرکەوت کە ئەو دروشمی پێکەوە ژیانە، بۆ کورد، لەماڵوێرانی بەولاوە هیچی تری لێ سەوز نابێ، ئاشکرابو هەرچی رێکەوتننامەو بەڵێنو پەیمانو یاسایەك بۆ مافی کورد لەژێرسایەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بکرێت، تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزەو هیچی تر، بەڵکو دەرزیی سرکەرو بێهۆشدلەرەوە.

ئێمە ئەیزانین، کە کاتی خۆی باشوری کوردستان بەکۆمەڵێك مەرجەوە خرایە سەر عێراقی عەرەبی وەك: (ئەبێ کورد خودموختارییەکی هەبێ و داهاتی چاڵەنەوتەکانی کەرکوکیش بۆ کوردستان خەرج بکرێت). دوای سەرنخون (انقلاب)ی چواردەی تەموزیش، لەدەستوری کاتیدا نووسرا: (عەرەب و کورد هاوبەشن لەنیشتمانی عێراقدا). بەلام ئەوانە هیچیان لێ سەوز نەبو.

٢- دوای سەرنخوونەکەی چواردەی تەمموز، ئیتر ئەو پەرۆشیەی رۆژئاوا و ئینگلیز بۆ یەکێتی خاکی عێراق نەما. نەك هەر پەرۆشی نەما، بەڵکو لەوەوە کە بەچەکو فرۆکەکانی ئینگلیز، شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو بەرزان سەرکوتنەکران، کەوتنە هاندانی کورد بۆ دژایەتیکردنی عێراق.

٣- تاقیکردنەوەکەی کۆمای کوردستان لەمهاباد کە ئەویش تەنیا ئۆتۆنۆمییەك بوو، کرایە قوربانی بەڵێنی چاڵە نەوتێك بۆ سۆڤیەت، ئەگەرچی ئەو چاڵە نەوتەشی دەستنەکەوت و ئێران دەستی سۆڤێتی بڕی!

٤- هەر دوای چواردەی تەمموز، هەل بۆ ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی کوردو رۆشنبیرانی عێراق رەخسا کە سەردانی یەکێتی سۆڤیەت بکەن، لەئەنجامدا ئەوانە بۆیان دەرکەوت کە پێکەوەژیانی گەلانی سۆڤیەت، لەزۆرەملێ و حوکمی ئاگرو ئاسن و کولونیالستی کۆمۆنیستی و روسی بەولاوە، چی تر نیە.

٥- هەر دوای چواردەی تەمووز، شەپۆلی رەگەزپەرستانی عەرەب لەعێراقدا، بەجۆرێك تەوژمی ئەدا، کە مەترسی بەزۆر تواندنەوەی کوردی لێ ئەکرا لەعێراقدا. ئەوەش وەك لەوتارەکانی رۆژنامەی (الثورة)ی بەغداو پرۆگرامی حیزبی بەعسدا بەدیارنەکەوت.

٦-لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا، کە ئەو کاتە تاکە حیزبێکی کوردستانی بو لەباشووردا، مەترسی لەناوچوونی ئەو نیمچە ئاراستە نەتەوەییانەیەش کە تیاهەبو، پەیدابو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ژمارەیەك کۆمۆنیست خۆیان کوتایە ناو سەرکردایەتی پارتییەوەو دەستیانکرد بەهەوڵدان بۆ

نەهێشتنی ڕێکخراوە کوردستانییەکانی وەک لاوان و قوتابیان بەتێکەڵکردنیان لەگەڵ ڕێکخراوە عێراقییەکاندا! هەموو ئەوانە، بوونە هاندەرو پاڵپێوەنەر بۆ ئەوەی کاژیک، وەک قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی و وەک حیزبێکیش بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بیرە بێتە ئاراوە.

• تایبەتمەندێتییەکانی کاژیک چیبوون؟ مەبەستم ئەوەیە کە کاژیک لەڕووی بیروبۆچوونەوە، بەچی جیاکرابۆوە لەحیزبەکانی تر؟

– ئەتوانم بڵێم تایبەتمەندێتییەکانی کاژیک، لەهەموو ڕوویەکەوە، جیاکەرەوە بون لەحیزبەکانی تری ناو کوردستان، لەو ڕۆژانەداو ئێستاش لەوانە:

١– کاژیک ڕێکخستنێکو بیرۆکەیەکی سیاسی بو بۆ هەموو نەتەوەی کوردو بۆ سەرتاسەری کوردستان، واتا سنوری چالاکییەکانی کوردستانی گەورە بو، نەک تەنیا پارچەیەک یا هەرێمێک وەک ئەو حیزبانەی تر. ئەوەش بەپێی مادەی دووەم لەپەیڕەوی ناوخۆکەی کە ئەڵێ: (مەیدانی کارگوزاریی کاژیک هەموو کوردستانە، بەڵام لەسەرەتاوە بەشێکی کوردستان ئەکات بەبنکەی ئیشکردن و لەوێوە پەلەهاوێ بەهەموو کوردستاندا).

٢– مەسەلەی (برایەتی) بەلای کاژیکەوە ئەوەبوو کە برایەتی پەیوەندییەکی نەژادیی نێوان کوردو کوردە، پەیوندیی نێوان نەتەوەی کوردو نەتەوەیەکی تر، ئەشێ پەیوەندییەکی دۆستانەبێ. ئەمەش بەپێچەوانەی دیدی حیزبەکانی ترەوە کە هەمیشەو لەبەرییورە باڵورەی برایەتی کوردو عەرەب و کوردو هەرچی دژەکورد هەیە لێئەدەن و جەنگی کوردو کورد ئەکەن!

٣– کاژیک مەسەلەی کوردی لەسەرتاسەری کوردستانداو لەهەر پارچەیەکیدا بەیەک مەسەلە ئەزانی، بەپێچەوانەی حیزبەکانی ترەوە، بەتایبەتی حیزبەکانی ئەو سەردەمە، کە مەسەلەی کوردیان لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا، بەمەسەبەی نیشتمانی ئەو دەوڵەتە ئەزانی کە ئەو پارچەیەی کوردستانی داگیرکردووە! ئەمە خاڵێکی گرنگەو شیکردنەوەی زۆر هەڵئەگرێ کە ڕەنگە لێرەدا ئەو ماوەیە نەبێ، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم کە مەسەلەی کورد، بۆ نمونە، لەعێراقدا هەرگیز وەک مەسەلەی عەرەب بەگشتیو مەسەلەی عەرەبی شیعەو عەرەبی سونە نیە. هەروەها مەسەلەی کورد لەئێراندا، وەک مەسەلەی ئازەری و بلوش و عەرەب و فارس نیە. بەو جۆرە لەتورکیاو سوریاو سۆڤێتی جارانیشدا.

٤– کاژیک تاوانی پارچە پارچە کردن و داگیرکردنی کوردستانی ئەخستە ئەستۆی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە هەرێمییەکانی دەوری کوردستانیش. هەروەها ئەو تاوانە، کەم تا زۆر، لەئەستۆی فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتەو گەلەکانیشیاندایە. کەچی حیزبەکانی تر، ئەم تاوانەیان ئەخستە تەنیا ئەستۆی ئیمپریالیزم.

٥– ئیمپریالیزم بەلای کاژیکەوە، تەنیا ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا نەبو. ئیمپریالیزمی ڕۆژهەڵاتیش بو کە خۆی لەئیمپریالیزمی کۆمۆنیستدا ئەنواند، لەوەش زیاتر، کاژیک ئەو دەوڵەتانەشی بەداگیرکەرو کۆلۆنیالیست ئەزانی کە کوردستانیان داگیرکردووە. کەچی بەلای پارتییە کوردستانییەکانیترو پارتییە مارکسییەکانەوە لەکوردستاندا، ئیمپریالیزم تەنیا ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بو!

لەم بارانەوە، کاژیکنامە، جەخت لەسەر ئەو لایەنانە ئەکاتەوەو ئەڵێ: (کاژیک داگیرکەرانی کوردستان بەیەک چاو تەماشا ئەکات و کوردستان تەنیا بەموڵکی کورد ئەزانێ و ئەبێ کورد هەر خۆی

فەرمانڕەوا بێ لەکوردستاندا. لەبەر ئەوە بڕوای بەو بڕیاتیە دروژنەیە نییە کە لەرێگەیەوە سەروەتو سامانی کوردستان بەتالآن ئەبرێو لەکەمترین مافی مرۆڤانە بێبەش ئەکرێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەوایەتی هەموو ناکوردێك بەسەر کوردستاندا بەکارێکی ناشەرعی ئەزانێ).

٦- کاژێك وەك ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی کوردی، خۆی بەنوێنەری سەرجەم نەتەوەی کورد ئەزانێ، نەك نوێنەری تەنیا چینێك یا توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری بەپێچەوانەی پارتییە مارکسیەکانەوە کە خەباتیان خەباتی چینایەتی بوو، بۆ ئەو مەبەستەش، هەمیشە گڕی ئاگری شەڕی چینایەتیان خۆش ئەکرد. لەم خاڵەشەوە هەندێك ئەنجام ئەکەوێتەوە:

أ- بەرژەوەندی هەموو تاکو کۆمەڵانی کورد لەسەربەخۆیی کوردستاندایە بەر لەوەی لەخەباتی چینایەتیدا بێ.

ب- هیچ چینێکی کۆمەڵ مافی ئەوەی نیە خۆی بکاتە پێشرەوو سەرکردەی چینەکانی تر.

ج- کێشەی نێوان چینەکان بەشەڕی چینایەتی چارەسەرناکرێ، بەڵکو بەنەهێشتن یا کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی چارەسەر ئەکرێ.

د- داگیرکەرانی کوردستان، ڕژێمی فەرمانڕەوایەتیان هەرچی بێ، هەمیشە بەیەك چاو سەیری چینەکانو تاکەکانی نەتەوەی کورد ئەکەن.

لەو بارانەوە، دروشمی کاژێك: (کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل) هەموو ئەو ڕاستییانەی تێدا ڕەنگئەداتەوە.

٧- مەسەلەی ئازادیی نەتەوەی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، مەسەلەیك نیە سازشی لەسەر بکرێ بەهیچ بیانوویەکەوە، تەنانەت بەبیانووی دیموکراتیو ڕای زۆریەشەوە. بۆ نموونە: ئەگەر زۆریەی نەتەوەی کورد لەجیاتی ئەوەی دەنگبدا بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دەنگبدا بۆ چوونە پاڵ هەر دەوڵەتێکی تر، ئەوا ئەو دەنگدانە ناڕەوایە کاژێك دژی ئەوەستێتەوە. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو پارتیانەوە کە مافی چارەنووسی کورد بەڕای زۆربەوە، یا بەڕای پەرلەمانێکەوە، یا بەڕای خۆیانەوە گرێ ئەدەن. یا ئەوانەی مافی چارەنووسی کورد لەناو چوارچێوەی هەر کام لەدەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەدا ئەهێڵنەوە ڕایەکی زۆربەی لەو جۆرە بێگومان ڕایەکی نائازاد، یا ڕایەکی چەواشەکراوو ناوهۆشیارانەو نەخۆشەو هیچ بینایەکی لەسەر ناکرێ.

٨- بەلای کاژێکەوە بەپێچەوانەی پارتییە مارکسیەکانو کۆمۆنیستەکانەوە، نەتەوایەتی (بەکوردایەتیشەوە) ئەدەسکردی چینی بورژوای هیچ نەتەوەیەکەو نەئۆناغێکیشە لەمێژوودا. بەڵکو هەستێکی سروشتی مرۆڤە لەرۆژی پەیدابوونی هەر نەتەوەیەکەوە، تا مرۆڤیش بمێنێ ئەو هەستە هەر ئەمێنێ ئەگەرچی نەتەوایەتی وەك هەر دیاردەیکی تر گەشە (تطور) ئەکاتو تەنیا لەیك قاڵبدا نامێنێتەوە.

٩- بەلای کاژێکەوە، بەپێچەوانەی ڕای مارکسیەکانەوە، مەرج نیە بەرژەوەندیی ئابووری چینی کرێکار لەهەموو جیهاندا وەك یەك بێ، بەڵکو گەلێ جار بەرژەوەندی ئابووری چینی کرێکار لەوڵاتێکدا لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابووری چینی سەرمایەداری هەمان وڵات ڕێك ئەکەوێ دژی بەرژەوەندی ئابووری چینی سەرمایەداری هەمان وڵات ڕێکئەکەوێ دژی بەرژەوەندیی ئابووری چینی کرێکاری وڵاتێکی تر. بۆ

نمونـه: بەلگەنەویستە کـە بەرژەوەنـدیی چـینی سـەرمایەدارو چـینی کرێکـاری وڵاتـە داگیرکـەرەکان لەوەدایە کە خوێنی وڵاتە داگیرکراوەکان بمژن، بەخوێنی چینی کرێکارانیشیانەوە.

١٠- هـاوبیرانی کاژیـك، هـەرگیز باوەڕیـان بـەو دروشـمەی پارتییـەکانی تـر نـەبووە، کـە ئـەڵێن: (دیمـوکراتی بـۆ عێـراق یـا بـۆ وڵاتـە داگیرکـەرەکانی تـری کوردسـتانو ئۆتۆنـۆمی، یـا فیـدراڵی بـۆ کوردستان).

١١- بەلای هاوبیرانی کاژیکەوە، پشت بەسـتن بەهـەر کـام لەداگیرکـەرانی کوردسـتان، لـەماڵوێرانی کورد زیـاتر، هیـچی تـری لێدەسـگیرنابێ. ئەمـەش بەپێچەوانەی ئـەو پارتییانـەی ئـەم دەوڵـەتو ئـەو دەوڵەتی داگیرکەرانی کوردستان بەدۆست ئەزانن‌و پشتیان پێ ئەبەستن!

• ئاخۆ لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، مەبەستم لەدروستبوونی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کاژێکـەوە، کـە ئەمڕۆ (٤٤) ساڵە، راستیی هیچ کـام لەبیرۆکـەکانی ئـەو قوتابخانەیە لەمەیـدانی کـاردا، دەرکـەوتێکو هاتنەدیەکی بووبێ؟

- بێگومان.. لەبارەی بەڵێنو پەیمانو رێککەوتننامەکانەوە: کوا ئەنجامی ئەو مەرجانەی باشـوری کوردستانیان پێ خرایە سەر عێراق؟ چی لەدەستورەکەی قاسم سەوزبوو کە گوایە عـەرەبو کـورد شەریکن لەعێراقدا؟ ئایا رێککەوتننامەی یازدەی ئـازاری ١٩٧٠، ئـەوە ئۆتۆنـۆمی بـو؟ یـا پیلانبـوو بـۆ کوشتنی بارزانیو شۆڕشی ئەیلول؟ ئایـا ئـەنجامی پێکـەوەژیانی کـوردو نەتـەوە سەردەسـتەکانی تـر، قەدەغەکردنی زمانی کوردیو کوشتنی بەکۆمەڵو ئەنفالو کیمیابارانو کورد تواندنەوە نەبوە؟

لەبارەی بەستنەوەی مەسەلەی کـورد بەمەسـەلەی نیشـتمانی نەتـەوە سەردەسـتەکانی کـوردەوە، لـەماوەی ئـەو چلـوچـوار سـاڵەدا چـەندین رژێمـی ئـەو نەتـەوە سەردەسـتانە گـۆڕانو هـەر رژێمـەش بەشێوازێکی خۆی مەسەلەی نیشتمانی نەتەوەکەی خۆی چارەسەرکرد بێئەوەی هیچ کامیان مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن.

لەبارەی تـاوانی پارچەپارچـەکردنی کوردسـتانەوە، لـەو ماوەیـەدا، ئیمپریـالیزم لـەعێراقو سـوریاو ئێرانو ئەو بەشەی کوردستان کە ئەکەوێتە یەکێتی سۆڤێتی جارانەوە، ئـەما، ئـەی بۆچـی کوردسـتان هەر بەپارچەپارچەکراوی ماوەتەوە؟

لەبارەی دیدی کاژێك بـۆ ئیمپریـالیزمی کۆمۆنیسـتی.. هەڵوەشـاندنەوەی یـەکێتی سـۆڤێت ئـەوەی سەلماند کە ئەوانیش هەر جۆرێك بون لەئیمپریالیزم.

لەبارەی ئەو سەرنجەی کاژێکەوە کە داگیرکەرانی کوردستان هەموو بەیەك چاو سـەیری چینەکانو تاکەکانی نەتەوەی کورد ئەکەن.. هەموومان، لەو ماوەی چلوچـوار سـاڵەدا بەچـاوی خۆمـان بینیمـان چۆن چەکی ژاراوی ئەکرێت بەسەر هەموو کوردێکدا‌و چـۆن کـورد کۆمـەڵکوژ ئـەکرێت بێگوێدانـە تـەڕو وشك. لەبارەی نەمرێتیی نەتەوایەتییەوە بۆ ئەوەش کـە نەتەوایـەتی قۆناغێـك نیـە لەمێژوودا، دیسـان هەڵوەشـاندنەوەی سۆڤێت بەڵگەیـەکی زینـدووە بـۆ راسـتیی ئـەو بۆچـوونەی کاژێـك، چـونکە بـەپێی بۆچوونی مارکسیتی، ئەبوایە لەقۆناغی سوسیالیستیدا، هەستو دەماری نەتەوایـەتی تـەواو سڕبوایە. کەچی بەزۆری هەر ئەو هەستو دەمارە بو کە یەکێتی سۆڤێتی هەڵوەشاندەوە، بۆ وەڵامی ئەوانەش کە ئەڵێن سـەردەمی نەتەوایـەتی بەسەرچـووەو بـۆ ئـەو قسـەیەشیان بـازاڕی ئـەورووپی هاوبـەشو پـارەی (یۆرۆ)و جیهـانگیری (عولمـە) بەبەڵگـە ئەهێننـەوە.. ئـەڵێین: کـام لـەو دەوڵەتانـەی ئـەورووپا وازیـان

لەزمان و کەلتوور بەستن خالو سەروەری و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان هێناوە؟ بەپێچەوانەوە، یەکگرتنی ئەو وڵاتانەی ئەورووپا لەو بازاڕە هاوبەشەو لەیۆرۆدا، ئەوە گوڕوتەوژمێکی تازەکارانەی نەتەوایەتی ئەو وڵاتانەیە بۆ خۆڕاگرتن لەبەردەم مەترسیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا بۆ سەریان.

لەبارەی دروشمی (دیموکراتی بۆ ئەوانو ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی بۆ ئێمە)وە. یا بەدەربڕینێکی تری ئەو پارتیانە کە ئەڵێن دیموکراتی لەو وڵاتانەدا چارەسەری کێشەی کورد ئەکات کە هاوبیرانی کازیك باوەڕیان بەو دروشمو قسانە نەبووە.. ئەڵێین: ئەوە هەرگیز وانیە، بەبەڵگەی ئەوەی لەسەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا جۆرێك دیموکراتی و حوکمی یاسا هەبووە. لەتورکیاشدا، بۆ نەتەوەی تورك خۆی، دیموکراتی هەیە، کەچی کێشەی کورد، نە لێرەو نەلەوێ چارەسەر نەکراوە. لەعێراقی پاشەڕۆژیشدا کە ئەگەر دیموکراتییەکانی وەك ئۆپۆزسیۆنی عێراقی فەرمانڕەوایەتی بگرنەدەست، نەك هەر کێشەی کورد چارەسەر نابێ، بەڵکو فیدراڵیش دەستەبەر نابێ. ئەوەش لەئێستاوە دیارە، بابزانین چۆن؟

لە ١٤/ بۆ ٢٠٠٢/١٢/١٧ لەلەندەن کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەسترا. ئەم کۆنگرەیە ئەگەرچی بەشی زۆری لەسەر شانی لایەنە کوردییەکان بوو، ئەگەرچی تاڕادەیەك لەسەر پارەو خەرجی کورد بوو، ئەگەرچی دوابڕیاریش ئەوە بوو کە لیژنەی بەدواداچوون و هەماهەنگی، پێگەی خۆی لەکوردستاندا جێگیر بکات کە دوور نیە لەو پێناوەدا باشووری کوردستان بەر مەترسی و زیانێکی گەورە بکەوێ، هەروەها ئەگەرچی جگە لەلایەنە کوردییەکان، زۆربەی ئەوانی تر هیچ کامیان لەدوکانی یەکرو دوو قاڵب سابوون زیاتر نین و ئەشێ بەخەویش کورسی فەرمانڕەوایی عێراق نەبینن. دیسان لەگەڵ ئەوەدا کە کوردستان دە ساڵ زیاترە سەربەخۆو ئازادە.. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، وەك پێویست دانیان بەقەوارەیەکی فیدراڵیدا نەنا بۆ باشووری کوردستان. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەمان: لیوا ڕوکن حەسەن نەقیب وتی: (مەسەلەی فیدراڵی جارێ وازلێبێنن بۆ ڕەئی گشت گەلی عێراق)! ئەحمەد چەلەبیش وتی: (داڕشتنی کۆتایی بۆ چوارچێوەی سیستمی فیدراڵی و سنووری ناوچەکان و درێژەی ئەوانی تر دەسەڵاتە جیاوازەکان، ئەوانە دوایی گەلی عێراق بڕیاری لەسەر ئەدات ئەو کاتەی بڕیار لەسەر دەستووری هەمیشەیی ئەدات کە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق دەنگی لەسەر ئەدەن). پێشتریش ئەوە بڕیار درابوو کە دەستووری هەمیشەیی دوای دوو ساڵ دەنگی لەسەر ئەدرێ بەرامبەر بەم قسانەش، هەموو ئامادەبووان بەلایەنە کوردییەکانیشەوە بێدەنگ بوون. ئەو بێدەنگیەش ڕەزامەندیی ئەگەیان! ئا بەو جۆرە، ئەو ئۆپۆزسیۆنە زۆر دیموکراتیخوازانە، لەئێستاوە لەو فیدراڵیەش دەرچوون. چونکە ئاشکرایە دواخستنی دەنگدان لەسەر فیدراڵی، ئەوە مردارکردنەوەی ئەو فیدراڵیەیە. بڕیاردانی فیدراڵیش ئەگەر بخرێتە دەس هەموو ڕۆڵەکانی عێراق، ئەوا بێگومان دەنگنەدان ئەبێ بۆ فیدراڵی. گریمان دەنگدانیش بێ بۆی، ئەوا ئەو فیدراڵیە، لەحوکمە زاتیەکەی بەعس چاکتر نابێ.

لەنێوان بارزانی و کاژێکدا

١- سەرۆک بارزانی
٢- ئدریس بارزانی
٣- محەمەد عەزیز ـ ئەندامی سەرکردایەتی کاژێك.

لەوەڵامی پرسیارێکی بەڕێز زانیار سەردار قرگەییدا بۆ ژمارە ١٧٢٢ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/١ی ڕۆژنامەی ڕێزداری خەبات

* بارزانی نەمر لەدیدوبۆچوونی بەڕێزتانەوە؟

- پێم خۆشە وەڵامی پرسیارەکە، لەدوو دیدوبۆچوونەوە، بدەمەوە:

یەکەم: وەك هەستیارێك: دوای گەڕانەوەی بارزانی نەمر لەیەکێتی سۆڤێت، بۆ یەکەمجار ڕووبەڕوو بەڕێزیانم لەوتێل سەمیر ئمیس لەبەغدا بینی، پشتبەست بەو زانیاریانەی پێشتر هەمبوو لەسەر خەبات و تێکۆشانی و کە ڕووبەڕووش خۆیم بینی، لەناو ئاپۆرەی ئەو خەڵکە زۆرەدا کە ڕژابوونە وتێلەکە، بەهەڵبەستێك ڕووم تێکردو وتم:

ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە
بزەی لێوی تێکۆشەرە

مەبەستم لەتێکۆشەرەکە، بەڕێزیان بوو، درێژەی هەڵبەستەکەش لەدیوانی هەڵبەستەکانمدا بڵاوبۆتەوە.

دووەم: وەك سیاسەتکارو ئەندامێکی دامەزرێنەرو سەرکردایەتی کاژێك: پێم وایە بارزانی سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد بوو، لەتەنگژەترین ڕۆژانی نەتەوەکەماندا، ئەو نەمرە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بەپاکی و بەچاکی و بەلێهاتوویی کردوە.

ڕێکخراوەکەشمان، کاژێك، لەدامەزراندنیەوە، بەبایەخ و ڕێزەوە ڕوانیویەتە ئەو سەرکردەیەو هەرەوەزی لەگەڵدا کردوەو لەهەندێ بۆنەدا ڕای خۆی پێشکەش کردوە، لەوانە:

١- لەبارەی ڕای کاژێکەوە بۆ پشت نەبەستن بەداگیرکەرانی کوردستان، هێما بۆ بیرخەرەوەیەکی کاژێك ئەکەم کە لەبەرواری ١٩٦٤/٥/١٢ دا پێشکەش بەسەرکردەی شۆڕشی ئەیلول بارزانی کرد کە ئەمە بەشێکێتی: (ئێران دووەمین دەوڵەتە کە پارچەیەکی گەورەی لەنیشتمانی بەنرخمان داگیرکردووەو ئەزانێ کە سەرگرتنی بزوتنەوەکەمان، هیواو ئاواتی براکانمان لەوێ بۆ ڕزگاری و بەرەڵابوون لەبەندایەتی ئەژێنێتەوە. لەبەر ئەوە سەختنەگیریی ئێران لەگەڵمان لەهەندێ کاروباردا، هیچ نیە هەوڵدانێك نەبێ لەلایەن ئێرانەوە بۆ خەریك کردنی حکومەتی عێراق و بێهێزکردنی بۆ ئەوەی بەوە ڕێخۆشکات تاکو ئەو دلرودەستانەی سەر بەڕۆژئاوان بێنە سەر حوکم لەعێراقداو ئەو دەمە ئەبینین کە ئێران دەستدرێژ ئەکات بۆ ئەو حکومەتە تازەیەی عێراق و ڕێکئەکەوێ لەگەڵیدا بۆ لێدانمان) ئەوە بوو پێشبینییەکەی کاژێك لە ١٩٧٥/٣/٦دا هاتەدی.

٢-بەیانی کازیك ١٩٧٠/٦/٢٥ لەبارەی ڕێکەوتننامەی ١١ ی ئازارەوە.

٣- بەیانێکی تر ١٩٧٠/٩/١١ لەبارەی هەمان ڕێکەوتننامەوە.

دریژەی ئەو دوو بەیانە لەلاپەرەکانی ٣٣ تا ٤٠ لەنامیلکەی (حقیقه کازیك)دا بلاوکراوەتەوە، هەر لەلاپەرە (٢٥)ی ئەو نامیلکەیەدا، کازیك لەوەلامی (لیدوانێکی گۆڤاری الثورة العربية ژمارە ٩ ساڵی ١٩٦٩ کە گۆڤارێکی ناوخۆی نوسینگەی رۆشنبیریی سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوو بەعەرەبیو ژمارەیەك تۆمەتی ناڕەوای خستبووە پاڵ کازیك) کازیك لەبارەی بارزانیەوە بەمجۆرە وەلامی ئەداتەوە:

لیدوانەکە ئەڵێ*: (مەلا لەسەرەتاوە لەم بزوتنەوەیە ـ مەبەستی کازیکە ـ زۆر بەگومانبوو، لەبەر ئەوە بەرەنگاریان وەستا، دوایی گەڕایەوەو هەڵوێستێکی ئاشتیانەی بەرامبەریان وەرگرت بەمەبەستی مژینیان).

لەوەلامدا کازیك ئەڵێ: (پەیوەندیی کازیك بەهەر کەسێکی دیاریکراوەوە، هەڵوێستی ئەو کەسە دیاریی ئەکات بەرامبەر بزوتنەوە رزگاریخوازە کوردییەکەو بەرامبەر کازیك.

بارزانی سەرکردەیەکی کوردی شۆڕشگێڕە، گوڵی لارێتی خۆی بۆ ڕاژەی پرسی کورد وەرلاو رێگەی خەباتی چەکدارانەی گرتەبەر، لەبەر ئەوەی کازیك پارتییەکی باوەڕداری شۆڕشگێڕە، هەر ئەبێ بۆ سوودی کورد لەگەڵ بارزانیدا هەروەزی بکا، ڕاستە بارزانی لەسەرەتادا بەگومانەوە ئەیڕوانیە ئێمە، لەوەشدا لەسەر ڕەوابوو، بارزانییەك ساڵانێکی زۆری بەخەباتێکی دژوارەوە بردەسەرو زۆر کەسی تاقیکردەوە، مافی خۆیەتی لەخودی خۆشی بەگومانبێ، سەرکردەیەك گوماندار نەبێ، ناتوانێ رابەرایەتی بزوتنەوەیەکی سیاسیو سەربازی بکات، لەساڵانی شۆڕشی کوردا، ئەوە بۆ بارزانی دەرکەوت کە کازیك بۆ پارەو پلە پشتگیری ئەو ناکات، کازیك ئەو سەربازە نابیارە بوو کە بەرگریی لەبارزانیو ئەو بزوتنەوەیە ئەکرد کە ئەو لەتەنگژەترین رۆژگاردا رابەرایەتی ئەکرد، کازیك هەرواش ئەمێنێتەوە تا بارزانی کار بۆ پرسی کورد بکات. پەیوەندی کازیك بەبارزانیەوە، پەیوەندییەکی خەباتکارانەیە. ساڵی ١٩٦٤ کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان دوو لەت بوو، باڵە جیابووەوەکە بارزانیی بەجۆرەها تۆمەتی هەڵبەستراو تۆمەتبار ئەکرد، لەو کاتەدا کازیك بەیانێکی مێژوویی دەرکرد بەناونیشانی (لەبارەی ناکۆکیەکانی ئەم دواییەوە لەنێوان بارزانیو سەرکردەکانی پارتیدا و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان)، لەو بەیانەدا ئەوە هاتبوو کە بارزانی لەو جۆرانە نیە کە ویژدانی بکڕرێت، ئەگەر وابوایە، خۆی بەنوری سەعید ئەفرۆشت کە ئامادەبوو بەملیۆن بیداتێ بۆ ئەو مەبەستە. هەموو ئەوانەی بارزانی ئەناسن، ئەزانن ئەو کەسێکی پاکژو دیوڵە (زاهد)ەو گوێ بەماڵی دنیا نادات، ئەوەی بارزانی ئەنجامی ئەدات، ئەوە بەشێکە جیانابێتەوە لەئامانجەکانی کازیك، ئیتر چۆن ئەبێ کازیك هاوپەیمانی بارزانی نەبێ؟ ئێمە بارزانی بەبرایەکی گەورەمان ئەزانێنو رێزی لێئەگرینو پشتی ئەگرین تا ئەو لەپێناوی پرسی گەلەکەماندا چەکی لەشاندابێ).

---

* لیدوانەکەو وەلامەکە بەعەرەبیە ئەوە کوردییەکەیەتی.

لەگۆشەنیگای ئەو باری سەرنجەوە بەرامبەر بارزانی، کاژیك هەمیشە لایەنگریی بارزانی کردووە بێئەوەی رۆژێ لەرۆژان پوولێ یا پلەیەکی لەبارزانیو پارتییەکەی وەرگرتبێ، بەپێچەوانەوە، پارتییەکەی بارزانی (پ.د.ك) بەردەوام دژایەتی کاژیکی ئەکرد. کاژیکیش هەمیشە جیاوازیی لەنێوان بارزانیو پارتیدا ئەکرد. ئێستاش بەلای هاوبیرانی نەتەوەییەوە، جیاوازی لەنێوان بنەماڵەی بارزانیو (پ.د.ك) دا هەیە، ئەمە بارێکی سەرنجەو هەر کەسیش ئازادە لەدەربڕینی باری سەرنجی خۆیدا. هەر ئەم دیدوبۆچوونەش بوو کە پالی بەمنەوە نا دوای کۆنگرەی یازدەی پارتی، بەبێ دەنگ، خۆم بکشێنمەوە لەپارتیو بێلایەن دانیشم، چوونە ناو پارتییەکەشم، بە حوکمی تێکەڵاوبوونی حیزبی یەکگرتنو پارتییەوە بوو.

کە ناوی خۆشم لەسەر تەختەی رەش بینیەوە وەك پاڵێوراوێك بۆ لیژنەی ناوەندی لەو کۆنگرەیەدا، ئەوە هەر بەحوکمی ئەوەبوو کە یەکێك بووم لەئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی یەکگرتن، ئەگینا بەخواستی خۆم، خۆم نەپالاوتبوو، لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمدا بۆ (پ.د.ك).

هەڵوێستی ئەرێنی کاژیك بەرامبەر بارزانی، ئەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دێرین، بۆ هەموو ئەو شۆڕشانەی ئەو بنەماڵەیە بەرپایان کردوون، کاتێکیش دووبەرەکیەکەی ١٩٦٤ روویدا، کاژیك لایەنی بارزانی گرت. چاوخشاندنەوەیەك بەژمارەکانی گۆڤاری چرای کوردستان ـ گۆڤاری یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد کە دروشمەکەی: (کوردستانێکی یەکگرتوو، کوردێکی سەربەخۆ) بوو، هەروەها گۆڤاری نەوەی کورد ـ گۆڤاری یەکێتی قوتابیانی نەتەوەیی کورد کە دروشمەکەی: (خوێندەوارییەکی کوردی، پەروەردەیەکی نەتەوەیی) بوو لەساڵەکانی ١٩٦٥ و ١٩٦٦ دا کە لەسلێمانی دەرئەچوو، ئەو راستیە ئەسەلمێنن.

ئدریس بارزانی و کاژێک

لەناو بنەماڵەی بارزانیدا نزیکترین کەسێك بەکاژێك شەهیدی جوانەمەرگ ئدریس بارزانی بوو، خوالێخۆشبوو لەهەموو باوەڕو بنەماکانی کاژێك گەیشتبوو باوەڕی پێهێنا بوو بەرگریی لێئەکرد بەجۆرێك زۆر کەس بەکاژێك ناویان ئەبرد.

لەیەکێك لەڕۆژەکانی کۆنگرەی یازدەی پارتیدا لەهەولێر، بۆ ماوەی کاژمێرێك منو کاك نێچیرڤان بارزانی کەوتینە تەنیشتی یەکەوە.

سەیرێکی ئەو باجەی کرد کە بەیەخەمەوە بوو، دوای ئەوەی ناوەکەمی لەسەر باجەکە خوێندەوە، پرسی: ئەم ناوە بەلامەوە غەریب نیە، ئەگەرێ جەنابت خۆتم زیاتر پێبناسێنی؟ دوای قسەکردنێکی زیاتر، هاتینە سەر باسی کاژێك، لێرەدا کاك نێچیر وەك شتێکی بیربکەوێتەوە کە باوکی هەمیشە لەناو ماڵدا باسی کردبێ‌و شانازیی پێوەکردبێ، بەڕوویەکی خۆشەوە رووی تێکردمەوەو وتی: بەڵێ.. بەڵێ.. ئەوەی بابم، من ئەوسا منداڵ بووم.. بابم زۆرجار باسی کاژێکی بۆ دەکردین.

هەر لەبواری هەرەوەزیی بارزانی‌و کاژێکدا، سەرکردایەتی کاژێك، دوو ئەندامی سەرکردایەتییەکەی: هاوبیر محەمەد عەزیزو هاوبیر شێخ محەمەد هەرسینی ناردە ناو شۆڕش‌و نزیك بارزانی. سەرۆك بارزانیش، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دژایەتیان ئەکردن‌و بەدگۆییان لەبارەیانەوە ئەوت لای بارزانی، ئەو تا ئەبوو زیاتر ئەوانی لەخۆی نزیك ئەخستەوەو کاری گرنگی پێ ئەسپاردن. ئەوە بوو دوای کۆچی دوایی بەهەشتی بارزانی ئەمر، شێخ محەمەد شەهید کرا، من رۆژێك لەدوای کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی حیزبی یەکگرتن، بەیەکێك لەکۆنە ئەندامەکانی سەرکردیەتیی پارتیم وت: تۆ تۆمەتباری بەکوشتنی شێخ محەمەد هەرسین؟! بەڵام ئەو زۆر پاکانەی کردو سوێندی بۆ خواردم کە دەسی ئەوی تیا نەبووە!

لەمارتی ١٩٧٠ دا رێکخراوی نوکسەی سەر بەکاژێك لەدەرەوەی وڵات لەبەیانێکدا گومانی خۆی پیشاندا بەرامبەر بەعس کە ئەو رێکەوتنە جێبەجێ بکات، ئەگەرچی نوکسە پشتگیری رێکەوتننامەی ئازاریشی کرد.

ئەڵقەیەکی تر لەزنجیرەی بیرەوەرییەکان

رۆژنامەی ڕێزداری (تایم)، بۆ ئەڵقەیەکی کە لەزنجیرەی بیرەوەرییەکانم، ژمارەیەك پرسیاری تری ئاراستە کردم، لەوەئەچێ گۆڕانێك لەستافی رۆژنامەکەدا کرابێ، زۆری نەبرد رۆژنامەکەش لەکار وەستا. لەبەر ئەوە ئەو ئەڵقەیە بڵاونەکرایەوە، منیش ناوەڕۆکی ئەو ئەڵقەیەم دەستکەوتەوە تا وەك خۆی لێرەدا بڵاوی بکەمەوە.

وەك دێتەوە یادم، پرسیارێك لەبارەی رۆڵی من لەبواری یاسادا بوو؟ ئەشێ ئێستا وەڵامێك بدەمەوە:

ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ سەرۆکایەتی کۆمەڵەی یاساناسانم کرد لەسلێمانی، ئەو کۆمەڵەیە، ئەگەرچی ناوەندەکەی لەبەغداد بوو، بەڵام ئێمە لەسلێمانی، دوای ڕێکەوتننامەی ئازار، دروستمانکرد، ناوەندیش دانپیانانێ، وەك دێتەوە یادم، دەستەی دامەزرێنەر بریتی بوو لە: کامل ژیر، مەحمود بابان، ئەکرەم عیزەت نەجیب، فوئاد تۆفیق، کەمال رەشید، فەوزیە فەتێ رەشید، گەلاوێژ سەعید، گەلاوێژ رەشید، محەمەد نوری فەتاح، ئازاد تاڵەبانی و نوری نانەکەلی.. لەگەڵ داوای لێبوردن لەو بەڕێزانەی لەیادم نەماون.. ئامانجی سەرەکیمان، جگە لەبەرگری لەمافی یاساناسان، بڵاوکردنەوەی هوشیاریی یاساییو لەکوردستاندا، بۆ ئەو مەبەستە، زنجیرەیەك دیمانەی تەلەفزیۆنیمان لەتەلەفزیۆنی کەرکوکەوە ئەنجامدا، دوای بەرپابوونەوەی شەڕی نێوان کوردو ڕژێم ساڵی ١٩٧٤، من چوومە شاخ و کۆمەڵەکەش کەوتە دەس ژمارەیەك یاساناسی سەر بەڕژێم.

لەرۆژنامەی (الاتحاد)ی یەکێتیدا، بەعەرەبی ژمارەیەك وتارم نووسی بەم ناونیشانانە: ١- النظام القانوني والجهاز القضائي في كوردستان ٢-الدستور ٣- لغة المحاكم في كوردستان کە تا رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە ١٩٩٩/٧/٩ زمانی دادگاکانی کوردستان هەر عەرەبی بوو! ! دوای ئەوەو لەگەڵ هەوڵی ژمارەیەك دادوەرو هەندێ لەکارمەندانی پۆلیس لەبنکەکانیاندا، کوردیمان کردە زمانی دادگاو دادبینیو لێکۆڵینەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە، لەگۆڤاری (ناوخۆ)شدا وتارێکم نووسی.٤- قانون ايجار العقار ٥- قانون الاحوال الشخصية ٦- قانون المرافقات ٧- قانون التنفيذ، کە لەهەموو ئەو وتارانەدا داوای گۆڕانکاریم کردووە بەجۆرێك لەگەڵ باروودۆخی کوردستاندا بگونجێ.

هەر بۆ ئەو مەبەستەش، بەشداریم لەو دەستە یاساییانەدا کرد کە یاسای بەکرێدانی خانووبەرەو یاسای باجەکانو یاسای باری کەسێتیمان تیا گۆڕی، لەدەستەیەکیشدا، گەلاڵەی یاسای رۆژنامەنووسیمان لەکوردستان دارشت.

دەستەی دارێژەرانی گەلاڵەی یاسای رۆژنامەوانی ٢٠٠٢

لەچەپەوە: دانیشتوان: عبدالباسط، کامیل ژیر، فەرید ئەسەسەرد، عبدالكريم حيدر، ئاسۆ سەردار رشید.

لەپشتیانەوە: سامان فەوزی، عبدالواحد علاف، عبدالهادي مهدي، مصطفى صالح كريم.

لەبارەی پرۆژەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ دەستوری عێراق و کوردستان، وەك بەرپرسی سەرکردایەتیی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، رای کۆنگرەم نووسی، دەستەکەشمان پەسەندیان کردو رۆژنامەی ریزداری خەباتیش لەژمارە ١٠٨٥ رۆژی ٢٠٠٢/٩/١٣ بلاویکردەوە.

ئەمەش دەقەکەیەتی: هەروەك خۆی بەعەرەبی:

الهيئة المعدة لمشروع المؤتمر الوطني لجنوب كوردستان
تبدي رأيها في مشروع الحزب الديمقراطي الكوردستاني
لدستوري العراق و كوردستان

صدر المشروع ضمن ملحق العدد (١٠٨٩) في ٢٠٠٢/٨/٢ لجريدة (خەبات) الغراء، وهو مشروع في غاية الأهمية في الظرف الراهن وذو صلة بالجميع، لذا لرتأينا أن نبدي آرائنا حوله وتقيمه سلباً وإيجاباً مشاركة منا في جعل المشروع حقيقة متطابقة للواقع ومنسجمة مع المبادىء القانونية التي بنيت عليها الدساتير الاتحادية والاقليمية في دول اتحادية أخرى.

جاء في ديباجة الدستور الأول، دستور الجمهورية الفيدرالية المقترحة، ان دولة العراق الحديث ومنذ قيامها في اعقاب الحرب العالمية الأولى، لم تنعم بالأمن والاستقرار والسلام، وان هذا يعود في جانب كبير منه الى وجود خلل في تنظيمها الدستوري وطبيعة نظامها السياسي.. لان النظام يتسم بالمركزية الشديدة، ثم تمضي الديباجة الى ان تصل الى الفيدرالية والديمقراطية كصنوان متلازمان.

يفهم من ذلك التفسير ان دولة العراق لو سلكت الديمقراطية والفيدرالية منذ تأسيسها لأنعمت بالأمن والأستقرار والسلام، بينما الحقيقة هي ان السبب في ذلك يعود الى الحاق جنوب كوردستان بالعراق العربي قسرا بقرار من عصبة الأمم في ١٩٢٥/١٢/١٦ ونتيجة للمساومات التي جرت بين بريطانيا وتركيا والعراق العربي على جنوب كوردستان او ما كان يعرف بولاية الموصل دون اعتبار لمعاهدة (سيفر) المتضمنة وضع خطة لاستقلال كوردستان الكبرى، وليس لأسباب ديمقراطية أو دستورية، فلو كانت الديمقراطية مسلكا للدولة العراقية الحديثة لما تأسست تلك الدولة بشكلها الحالي اصلا، لان الديمقراطية تعني اول ماتعنيه، احترام الرأي الأخر. وقد أبدى الكورد رايه الرافض لقيام تلك الدولة والحاق كوردستان بها، وقد جاء ذلك الرفض من خلال حكومة الملك محمود التي سبقت قيام الحكومة العراقية ومن خلال ثوراته ومواجهات شريف باشا للمؤتمرات الدولية والعصبة، كذلك من خلال انتفاضة السادس من ايلول ١٩٣٠ وثورات بارزان ونهضة الكورد بعد الرابع عشر من تموز ١٩٥٨ ثم ثورة ايلول ١٩٦١ الممتدة لغاية انتفاضة آذار وأخيراً وليس أخرا تحرير ما تم تحريره من جنوب كوردستان وغيرها من الحركات والأفكار التي تعبر جميعها عن استحالة الجمع بين تلك الاضداد التي تكونت منها الدولة العراقية الحديثة من العرب والكورد والسنة والشيعة وغيرها من المتناقضات الجغرافية والتأريخية والبيئية والنفسية بالاضافة الى العملية الغريبة وغير الطبيعية المتمثلة في استيراد ملك عربي من خارج العراق والقضاء على الملك الكوردي الاصيل في كوردستان وفيما يسمى بالدولة العراقية الحديثة. أما الفيدرالية، فانها لاتلقي أذانا صاغية من العرب حتى في عصرنا الحاضر الا ما ندر ناهيك عن عقليات عشرينات القرن الماضي. فلو كانت الفيدرالية صيغة الحكم عند تأسيس الدولة العراقية الحديثة (جدلا) لنالت تلك الفيدرالية نفس المصير الذي آل اليه التصريح المشترك من حكومتي بريطانيا والعراق في ٢٥/ كانون الثاني /١٩٣٢ وفحواه الأعتراف بحق

الكورد في اقامة حكومة لهم، كذلك مصير الشروط المعلنة في البيان الدستوري العراقي الصادر في ٣٠/٥/١٩٣٢ وفحولها التزام العراق باحترام حقوق الأقليات وحماية آبار نفط كركوك الكوردية و وجوب صرف واردتها الى الشعب الكوردي، وإذا خالف العراق تلك الشروط، فعلى العصبة ومحكمة العدل الدولية ان تتخذ ماتراه مناسبا من الاجراءات وفق احكام المادتين (١٠) و (١٦) من البيان المذكور والمادتين (٣٦)و (٣٧) من القانون الأساسي لمحكمة العدل الدولية. كذلك مصير دستور قاسم المتضمن شراكة العرب والكورد في العراق ثم لنالت تلك الفيدرالية المفترضة نفس المصير الذي آلت ليه اتفاقية الحادي عشر من آذار ١٩٧٠.

اذن لم تكمن المعضلة في الدستور، انما تكمن المعضلة في العقليات والنيات والنفسيات المتعالية التي تخرق الدساتير والقوانين وتناقض الديمقراطيات وتحطم الفيدراليات لأجل التجاوز على حقوق الغير كلما وجدوا الى ذلك سبيلا، ثم المعضلة هي معضلة الكيانات غير المتجانسة التي تنافي الطبيعة البشرية التواقة نحو الحرية والاستقلال دوما بغض النظر عن حساب الأرباح والخسائر.

مع ذلك ومهما كانت الأسباب، فان الدولة العراقية الحديثة قد تكونت على علاتها وان هذه الدولة تواجه الأن مصيراً مجهولاً وقد انفصل منها قسم من جنوب كوردستان واستقل، وان الأمر يتطلب الآن حماية وترسيخ هذه الاستقلالية وتوسيعها لتشمل بقية الأجزاء الكوردستانية غير المحررة وهو أفضل خيار كي تعود المياه الى مجاريها الطبيعية وتنعم شعوب الدولة العراقية المفتعلة بالأمن والأستقرار والسلام والوئام كل في بيته.

اما اذا هبت الرياح بعكس هذا الخيار وتحولت الدولة العراقية الى جمهورية فيدرالية وكتب على الكورد البقاء ضمنها، عندئذ ولزاء خيار كهذا، لابأس من التخطيط لدستور او دساتير تلك الجمهورية الفيدرالية كما في مشروع دستوري الحزب الديمقراطي الكوردستاني مع ملاحظة مايلي:

أولاً: وردت عبارة (المتكونة من قوميات أو أديان أو لغات) في السطر السادس من الديباجة، والأصح هو (المتكونة من قوميات أو أديان أو مذاهب) لأن كلمة القوميات تعوض اللغات فلا مبرر لتكرار الكلمتين.

ثانياً: يلاحظ ان محافظة الموصل (نينوى) وفق المادة الثانية من الدستورين، اصبحت من نصيب الأقليم العربي بعكس حقيقتها التي لم تكن تابعة للعراق العربي طوال التاريخ، بل انها جزء من كوردستان منذ أن أتخذ الكورد هذه الأرض موطناً له وقد سبق للميديين ان استردوا هذه البقعة من كوردستان من الأشوريين سنة (٦١٢) قبل الميلاد بعد استيلائهم عليها فترة من الزمن ثم اصبحت مدينة الموصل عاصمة لولاية الموصل الكوردية في العهد العثماني وان وجود اعداد من العرب فيها، مهما قلت أو كثرت، لايغير من حقيقتها الجغرافية الكوردستانية شأنها شأن محافظة كركوك التي يجري العمل فيها على قدم وساق لتعريبها وهي عاصمة اقليم كوردستان حسب الدستور الثاني المقترح، دستور اقليم كوردستان، ولايوجد أي تبرير للتمييز بين الموصل و كركوك في ذلك الدستور كما ليس من حق أي كان، حكومة أو حزبا أو برلمانا أو فرداً، التنازل عن شبر واحد من الوطن مهما كان التبرير. ثم تحدد حدود الأقاليم عادة على الأساس الجغرافي وليس على الأساس السكاني ونوعه، واذا وجدت قومية أخرى في أي من الأقليمين غير قوميته بصورة مشروعة، فانها تعتبر أقلية في ذلك الأقليم تتمتع بحقوقها المشروعة كأقلية قومية

فقط. والمتواجدون فيه بصورة غير مشروعة يطردون مع تحميلهم التعويض لما أحدثوه من الأضرار بالغير.

ثالثاً: ورد خلط في بعض الجوانب من الدستور الأول بين الدولة الفيدرالية والدولة البسيطة التي تمنح حكماً ذاتياً لبعض مناطقها، اذ تتطلب الدولة الفيدرالية، من الناحية الدستورية، وجود حكومة وبرلمان مركزي وحكومات وبرلمانات اقليمية بقدر عدد الأقاليم الت تتكون منها الدولة الفيدرالية، غير أن الدستور المقترح، ولن أشر الى الأقليمين العربي والكوردي، لكنه لم يشر الى حكومة وبرلمان الأقليم العربي. وقد أدى هذا الخلط بواضع الدستور لن ينص في مادته الرابعة على ان (يتكون الشعب العراقي من قوميتين رئيسيتين هما القومية العربية والقومية الكوردية، ويقر هذا الدستور حقوق الشعب الكوردي القومية وممارستها في اقليم كوردستان على أساس الفيدرالية .. الخ) بينما الصحيح هو (ويقر هذا الدستور حقوقهما القومية وممارستها في الأقليمين..الخ).

رابعاً: لامبرر لكلمة (للاتحاد) في المادة الثامنة مادامت تنص هذه المادة على (اللغة العربية هي اللغة الرسمية للاقليم العربي..الخ).

خامساً: يجب أن يعتبر المرشح لعضوية المجلس الوطني مستقيلاً من الوظيفة العامة من تاريخ ترشيحه وليس من تاريخ ادائه اليمين كما في المادة (٣٠ ـ ثالثا) والا فانه يستغل وظيفته لمصلحته في هذا المجال.

سادساً: لم تشر المادة (٣٤) الى كيفية تقديم الأقليم ممثليه الى مجلس الأقاليم وعزلهم مما يتطلب اعادة صياغة هذه المادة كالآتي: (يقدم كل أقليم ممثليه الى مجلس الأقليمين بترشيح من برلمانه ومصادقة رئيس الأقليم).

سابعاً: تكتنف المادة (٣٥) الغموض مما يتطلب اعادة صياغتها كالآتي: (يتخذ المجلس الوطني قراراته بالأكثرية ومجلس الأقليمين بالاجماع) وهذا يعني ان مشروع القرار بعد بدءاً من قبل المجلس الوطني ثم يرفع الى مجلس الأقليمين الذي يصادق عليه أو يرفضه أو يغير منه وفي هذه الحالة الأخيرة يعاد مشروع القرار الى المجلس الوطني الذي بدوره يقوم بإعادة النظر في ذلك التغيير فاذا اخذ به، يرفع المشروع الى رئيس الجمهورية. اما اذا أصر المجلس عليه، عندئذ يعيده الى مجلس الأقليمين ثانية الذي له قول الفصل في المشروع أما بالرفض نهائياً فيفشل المشروع أو بالمصادقة عليه بالاجماع فيرفعه الى رئيس الجمهورية لاصدار القرار النهائي عليه.

ثامناً: فيما يخص لختصاصات البرلمان الأتحادي موضوع المادة (٣٦) يجب مراعاة ما جاء في (سابعاً) اعلاه أي موافقة مجلس الأقليمين بالاجماع وليس الثلثين أو الأكثرية كما ورد في تلك المادة.

تاسعاً: جعل مدة انتخاب رئيس الجمهورية وكذلك رئيس الأقليمين اربع سنوات بدلا من خمس سنوات مع جواز وتكرار انتخابهما لمرة واحدة فقط ومع وجوب التناوب في الترشيح والأنتخاب لمنصب رئيس الجمهورية بين العرب والكورد كل (٨) سنوات. وبخلاف ذلك يكون اشغال هذا المنصب حكرا على العرب نظراً لزيادة نسبتهم على الكورد. هذا ويفضل أن يكون نائبه من الاقليم المقابل دائماً.

عاشراً: عند ممارسة رئيس الجمهورية صلاحيته في تحريك القوات المسلحة وقوى الأمن الداخلي، موضوع المادة (٤٣–سابعاً) يستوجب استحصال موافقة برلمان الأقليم الذي يشمله ذلك التحرك.

حادي عشر: فيما يخص اتهام أو إدانة رئيس الجمهورية موضوع المادة (٤٤) يفضل ان يدخل ذلك ضمن اختصاص المحكمة العليا على أن يكون خاضعاً للتمييز لدى مجلس الأقليمين الذي يكون قراره باتا.

ثاني عشر: حذف ضريبة التركات المنصوص عليها في المادة (٧٣-ثانيا) من الدستور الأول لالغاء هذا النوع من الضريبة في العراق لان الضريبة تؤخذ من الكسب ولاكسب في التركة بل تصيب العائلة بالنكبة في موت مورثهم.

ثالث عشر: تنظم قوات البيشمركه في جيش محلي لحماية حدود اقليم كوردستان وليس ضمها الى القوات المسلحة للجمهورية الفدرالية العراقية كما ورد ذلك في المادة (٧٨) من الدستور الأول.

رابع عشر: اضافة ما يلي الى آخر المادة (٧٩): واعادة الفيليين المهجرين الى مناطقهم واعادة ممتلكاتهم.

خامس عشر: استبدال المادة (٨٣) بما يلي: يحق لشعب أي من الأقليمين ممارسة حق تقرير مصيره بنفسه بالاستفتاء العام في الأقليم.

سادس عشر: استحداث مادة في الدستور الثاني تبيح لاقليم كوردستان ممارسة تبادل التمثيل الدبلوماسي والقنصلي وحق الأنضمام الى المنظمات الدولية في امور تقتضيها طبيعة الشعب الكوردي ومصالحه وبما لايتعارض مصالح الأقليم العربي. وقد أخذ بهذا المبدأ دستور المانيا سنة ١٨٧١ ودستور الاتحاد السوفيتي الذي اجاز لبعض دول (اوكرانيا و روسيا البيضاء) حق الانفراد بتبادل التبديل الدبلوماسي وحق الانضمام الى المنظمات الدولية وبموجب ذلك اصبحت هاتان الدولتان عضوتين في الأمم المتحدة ولهما اصواتا مستقلة في جميع فروع هذه الهيئة.

سابع عشر: وضع مادة اخرى في الدستور الثاني تبيح لاقليم كوردستان حق عقد بعض المعاهدات لتنظيم شؤون الجوار والحدود وغيرها بما لايتعارض مع معاهدات عقدها الاتحاد. وقد قضى بذلك الدستور السويسري في مادته/ الثامنة.

ثامن عشر: اضافة مادة أخرى الى الدستور الثاني مفادها علم وشعار ونشيد لاقليم كوردستان بقانون من برلمان كوردستان.

باستثناء هذه الملاحظات، فان مشروع الدستورين لهما ما يبررهما حسب توجهات الحزب الديمقراطي الكوردستاني وبعض الأحزاب الأخرى التي ترى الفيدرالية حلا مناسبا لاقليم كوردستان في الظرف الراهن. والجدير بالذكر، و من باب التقدير والتثمين، هو ما نصت عليه المادة الخامسة من الدستور الثاني بجعل مدينة كركوك عاصمة لاقليم كوردستان. وبذلك اسدل الدستور الستار بوجه كل الأغيار الذين لهم الطموح غير المشروعة في هذه المدينة بالاستيلاء عليها او النيل من كورديتها او يقلل من شأنها الكوردستاني، ونرجو ان يكون هذا التوجه من التوجهات المبدئية التي لاتقبل المساومة بأي حال من الاحوال.

مع الشكر والتقدير

ئەم بیرەوەرییەش

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لەھەرایەکدا

رۆژێک لەرۆژەکانی سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، لەئەنجامی نامەیەکی کراوەی لیژنەکەمان، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، بەبەرواری ١٩٩٤/١٢/٢٦ ئاراستەی سەرکردایەتی دوو لایەنەکەمان کرد، بەتەلەفۆن بانگ کراین بۆ ناو خانوویەک لەسەر شەقامی سالم ــ بەرامبەر مەلبەندی سلێمانیی یەکێتی، وتیان گوایە کاک نەوشیروان ئەیەوێ قسەتان لەگەڵ بکات، کە چووین ناوبراوی لێ نەبوو، بەڵکو لەلایەن چەند کەسێکەوە ئابلۆقە دراین، ئنجا کەسێک بەناوی (ع.ف)ەوە کەوتە گرمەگرم و ھەڕەشەو سوکایەتی کردن.

سەرەتا رووی کردە خوالێخۆشبوو رەفیق قەزازو پێیوت: تۆ کێیت؟ تۆ ئەوە نیت من وەک بەڵێندەرێک ئەو بینایەم دروست کردووە، بەلام من ھەرگیز لەژیانمدا جاشێتیم نەکردووە!

ئنجا رووی کردە دوکتۆر نھاد فاضل و پێیوت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ برای ئەو کەسەنیت کە لەبارەگای تورکمانەکان کار ئەکات؟ ئێوە کەس نازانێ کوردن یا تورکمان! لەوەلامدا دوکتۆر وتی: براکەی من کاسبە، چێشتخانەی ئەو جێگەیەی بەقونتەرات وەرگرتووە، ئێمە کوردین. من چەند ساڵ پێشمەرگە بووم، نازانم تۆ ئەو کاتە لەکوێ بوویت!؟

دوای ئەوە زۆر بەقینەوە رووی کردە من، بێ ئەوەی ھیچ قسەیەک بکات، تەنیا سەرێکی لێ بادام و دەستێکی لێ راوەشاندم!! لێرەدا برامان جمال شالی راپەڕی و نەڕنی بەسەریدا و پێیوت: ئەی تۆ کێیت؟ تۆ ئەزانی ئێمە کێین؟ من کاتێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بووم، تۆ کەس نەیئەزانی کێیت، کاک جەمال بۆی ھەستا، برادەران ھێوریان کردەوە، دوای ئەوە خوالێخۆشبوو وشیار بابان رووی تێکردو وتی: من نازانم ئێوە کێن؟ ئێوە ئەمنن یا پۆلیسن یا چین!؟ لەولاوە کاک جلال سام ئاغا رووی تێکردو وتی ئێمە بۆ لای کاک نەوشیروات ھاتووین بمانزانیایە وا نیە ھەر نەئەھاتین، ئنجا لەوەلامی قسەیەکیدا کە وتی ئێمە دوانتان بەچاکی ئەنرخێنین: کاک جلال و کاک ھوشیار، کاک جەلال وتی: من بەرتیلی قسە قبوڵ ناکەم، ئێمە ھەموو یەکین، ئێمە بەسیفەتی میوان ھاتووین حەز ئەکەم ئەگەر کۆبوونەوەی دووەممان ھەبێ، بێنیت بۆ لامان بۆ ئەوەی فێری ئوسوڵی میوانداریت بکەین وتی من ئەمە ئەگەیەنم بەکاک نەوشیروان.

گەلێ قسەی تری پێ وت، جارێکی تر کاک جەمال شالی نەڕانیەوە بەسەریدا. (م) ئوورەکەی بەجێھێشت کەسێکی تر ھات و کەوتە ھێورکردنەوەمان. دوای نزیکەی دە دەقیقەیەک (م) گەڕایەوە، من پێم وت: ئێمە نازانین تۆ لەسەر چی ئەمە ئەکەیت؟ ئەگەر لەسەر نامەکەمانە، ئێوە رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنتان ھەیە، ئەتوانن وەلامان بدەنەوە، کاک جەلال کەوتەوە سەرزەنشت کردنی. (م) ھاتە بەردەمی و داوای لێبوردنی لێکردین و سەری دانەوان و وتی ئەمە پشتی منو ئەوە (......)ی ئێوە، بەلام پزیشکەی لێ قبوڵ نەکراو بێ خواحافیزی چووینە دەرێ.

ئنجا پیاو قسەیەکی هەقیش بۆ ئەوان بکا، نامەکەی ئێمە ئەوەندە توندوتیژ بوو کە هەر ئەو دوولایەنە بوون قبوڵیان کرد، ئێمەش تەنیا لەدڵسۆزیمانەوە بوو، پێشەکیش چاوەڕوانی هەموو کاردانەوەیەکمان ئەکرد لەدژمان.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

نامەیەکی کراوە لەلیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە

بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) و جەماوەری گەل

وا جارێکی تر خوێنی کورد بەدەستی کوردکوژە کوردەکان رژێنرایەوە.

رێکەوتننامە ستراتیجیەکانتان کە دواهەمینیان رێکەوتننامەی ۱۹۹٤/۱۱/۲۱ بوو و ئەبوایە تا کۆتایی ئەم چەرخە بڕی بکردایە، لەدوای یەك مانگ پێشێل کرا.

ئێستاش ئەشێ بپرسین کێ خەتابارە؟ بەهەموو پێوانەیەك خەتابار ژمارەیەك لەنێوەی سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبەن کە دەستتان گرتووە بەسەر:

١- بەرهەمی راپەرینەکەی جەماوەری کوردستاندا.

٢- پارەی بانقەکانو ئامێرو کەلوپەلو کەرەسەی فەرمانگەکانو گومرکی کوردستاندا.

٣-ماڵو موڵکی خەڵکی دا بەبیانووی ئەوەی سەر بە ئەم لا یا ئەولان، یا بەناوی پیتاکەوە.

٤- کۆنەجاشو موستەشارو بەعسیو ئەمنو موخابەراتەکانی رژێم، لەنێو خۆتاندا بەش ئەکەن.

٥- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانتان تەزویر کردو رێژەی ٧٪ پیلانێك بوو دژی حیزبەکانی تر.

٦- بازرگانی بەخوێنی شەهیدانەوە ئەکەنو لەدوای راپەرینەوە پێشبڕکێ ئەکەن لەسەر ئەوەی زیاترین رۆڵەی کورد بکوژن یا بەکوشت بدەن.

٧- دیموکراتیەتو ئازادیو مافی مرۆڤو حوکمی یاسا پێشێل ئەکەنو هەوڵ ئەدەن لەرێگەی هێزو پیلانو تەزویرو چەواشە کردنو ویژدان کڕینەوە دەست بەسەر دەسەڵاتی حوکمدا بگرن.

٨- گوللەتان بە P.K.K و بزوتنەوەی ئیسلامیو حیزبی شیوعیەوە ناو بەربەستێکن لەبەردەم پەرەسەندنی هێزە سیاسیەکانی تردا و رێگرێکن لەبەردەم کەسانی شارەزاو بەتوانادا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات.

٩- فەرمانگەکانتان کردووە بەتەمەڵ خانەی لایەنگرەکانتان بێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتیو میلاكو پێویستی.

١٠- گوێ لەڕاو تەگبیرو هاناو هاواری کەسانی دڵسۆزی ئەم نەتەوەیە ناگرنو لەبەردەم هێمایەکی بێگانەدا ملکەچو دەستەوستانن.

١١- یاری بەبازاڕو بەدراوو بەدۆلارو بەئابووری وڵات ئەکەن.

١٢- ناوچە رزگارنەکراوەکانی کوردستانتان لەیاد کردووە.

١٣- پەنا ئەبەنە بەر تۆقاندنو کوشتنو گرتنو ئازاردان لەسەر بیروباوەڕ.

١٤- بوونەتە هۆی نائارامیو لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی ئەوەش وای کردووە خاوەن تواناکان کوردستان بەجێبێلن.

١٥- گرنگی بەپرۆژەی ئابووریو گەشەسەندن نادەنو بیر لەگوزەرانی خەڵکیو دادی کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی برسێتی هەژارانو فەرمانبەرانو خانەنشینان ناکەنەوە.

١٦- لەکاتێکدا کە نەخۆشخانەکان بێ دەرمانو بێ کەرەسەو بێ ئامێرن، بەبێ حساب پارەی ئەم میللەتە ئەدەن بەچەکو کوردی پێ ئەکوژن.

ئێوەی سەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە کە ژمارەیەکتان بەخوێنی ئەم میللەتە بوونەتە سەرمایەداری گەورەو پەساپۆرتی هەڵاتن لەگیرفانتانایەو خێزانو منداڵتان لەئارامیو رابواردنی هەندەرانن.. یا هەر لەسەرەتاوە رێکەوتننامەکانتان بەراست نیەو بۆ چاوبەستو چاوەڕوانکردنی هەلێکی لەبارترە بۆ شەڕێکی تر، یا بەهۆی لەزمەو خاڵە لاوازەکانتانەوە دەسەڵاتتان بەسەر کورد کوژەو هەلپەرستو جەردەو ئاودیوکەرو پیاوانی رژێمو پیاوانی بێگانەی ناو حیزبەکانتان نیە، بۆیە بەناوی جەماوەری ستەمدیدەی کوردستانەوە دلواتان لێ ئەکەین کە چیتر یاریی بەچارەنووسی ئەم میللەتە نەکەنو ئەم تاقیکردنەوەیەی کوردستانی باشووریش لەدەست نەدەن.

دلواش لەبەڕێزان سەرۆکو سکرتێری گشتی ئەو دوو حیزبەو تێکۆشەرانو دلسۆزانی ناو ریزەکانیان ئەکەین کە لەم قۆناغە ناسکەی کوردستاندا بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بەلاوەنێنو کوردایەتی پێش حیزبایەتی بخەنو بەدەستێکی پۆلایین ریزەکانی حیزبەکانیان لەشەڕخوازو پیاوخراپ پاک بکەنەوەو بۆ بنەبرکردنی شەڕی براکوژیو چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم ئەم خاڵانە جێبەجێ بکەن:

١-راگرتنو قەدەغەکردنی هەموو شەڕێکی براکوژی.

٢- بەشداری کردنی کەسی یەکەمی ئەو دوو حیزبە لەدەستەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمدا.

٣- کۆتایی هێنان بەنیاردەی پەنجا بەپەنجاو سپاردنی کار بەکارامەو دلوێن پاك.

٤- هەڵوەشاندنەوە میلیشیای هەموو حیزبەکانو دروستکردنی سوپای کوردستان لەرێگەی تەجنیدی زۆرەملێوەو سپاردنی چەکی حیزبەکان بەو سوپایە.

٥-جێبەجێ کردنی یاسای حیزبەکانو یاسای چەك.

٦- تەرخان کردنی ٩٠٪ی گومرگو باجو داهاتە گشتییەکانو دەستکەوتەکان بۆ حکومەتی هەرێمو ١٠٪ی بۆ حیزبەکان.

٧- پێکهێنانی وەزارەتێکی هەمەلایەن لەگەڵ حیزبەکانی تری ناو کوردستاندا.

٨- یەکخستنی رێکخراوە جەماوەرییەکانی خوێندکارانو قوتابیانو لاوانو ئافرەتانو ژنانو..هتد هەریەکەو لەتەنیا یەك رێکخراودا.

٩-سپاردنی هەموو نیزگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن بەوەزارەتی رۆشنبیری.

١٠- ئەنجامدانی ئاماری گشتی پێش هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانو هەڵبژاردنی داهاتوو لەسەر شێوازی دائری بێت نەك رێژەیی.

بەباوەڕی ئێمە ئەو هەنگاوانە لەمڕۆدا چارەسەری کێشەکان ئەکەن. چونکە ئەگەر گومرگ درایە حکومەت ئەوسا شەڕ لەسەر چی ئەکەن؟ ئەگەر میلیشیا نەما ئەوسا بەکێ شەڕ ئەکەن؟

ئەگەر چەك ڕامالرا ئەوسا بەچی شەڕ ئەکەن؟ ئەگەر حکومەتێکی هەمەلایەنی بەهێز دروست بوو ئەوسا حوکمی یاسا ئەچەسپێ‌و ڕێگە لەیاسا لادەران ئەگیرێ.

جا ئەگەر برادەرانی سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتی گوێ بەم چارەسەرییانە نەدەن ئەوا چوار ڕێگەیان ئەکەوێتە بەردەم: یا واز بێنن‌و هەلێك بڕەخسێنن بۆ دوای خۆیان، یا بەردەوام بن لەسەر شەڕو بەیەکدادان لەشارەکان دوورخەنەوە تا لایەکیان لاکەی تر تەواو ئەکات، یا ببن بەیەك لەیەك حیزبدا، یا چاوەڕوانی غەزەبی جەماوەر بن بەراپەڕینێکی ترو هاتنە سەرجادەو مانگرتن.

هیوادارین نامەکەمان ڕاستیەکانی خستبێتە ڕوو چاوەڕوانی وەڵامین

لەگەڵ ڕێزمان

کامل ژیر

رفیق توفیق قزاز

شێخ سالار حفید

خالد محمد حاڵ

جلال سام ئاغا

د. نهاد فاضل

هوشیار بابان

جمال شالی

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

۱۹۹٤/۱۲/۲٦

ئەم ڕاگەیاندنەمان لەرۆژنامەی (ئالای ئازادی) ژمارە ۲٦۹٤ ڕۆژی ۱۹۹٥/۱/۲۲ ل٤و لەنامیلکەی پەرلەمانی شەهید ل۲۸۲-۲۸٥ بڵاوکرایەوە، خەڵکیش سەدان وێنەیان لەبەرگرتنەوەو لەناوەوەو دەرەوەی وڵات بڵاویان کردەوە. ئەبوایە من ئەم بەسەرهاتو نامەیەم لەنامیلکەی (کوردایەتی‌و سەربەخۆیی) کە ساڵی ۲۰۰۲ چاپکرا بڵاوکردایەتەوە. بەڵام لەو ساڵەدا پارتی‌و یەکێتی لەیەکتر نزیك بوونەوە منیش وتم: با لەم کاتەدا برینەکانیان نەکولێنمەوە، بەشکم دوو ئیدارەکە یەکخەنەوە، بەڵام ئەوە هەر نەبوو، بۆیە ئێستا لەناو ئەم بیرەوەریانەدا، ئەم جێگەیەم بۆ کردەوە وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی. ئەوەش وێنەکانی لیژنەی کۆششی نەتەوەییە:

لەوەڵامی داوایەکی بەڕێز هیمدادی حسەیندا بۆ نامەی ماجستێرەکەی

پێشنیوەڕۆی ١٩٩٤/٩/١٢ لەهۆڵی دادگای سلێمانی، مژدەی ئەوەت دامێ کە نامەی ماجستێر ئەگوزەرێنێت، شادمان بووم‌و هیوادارم سەرکەوتووبێت.

چۆنیەتی پەیوەندی من بە گۆڤاری هیواوە، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرەوەی ساڵی ١٩٥٧، بۆ جوانترین هەڵبەست لەسەر بەهاری کوردستان سازکرا، ئەو کاتە من دوورخراوەیەکی سیاسی بووم لە ئەبوغرێب، لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ژینەوە هەواڵەکەم خوێندنەوەو بەپیر گرەوەکەوە چووم‌و ئەنجام بەپۆستەدا نامەیەکم بۆ هات کە هەڵبەستەکەی من یەکەم دەرچووە. نامەکە خەم‌و پەژارەی دوورخراوییەکەمی ڕەواندەوە. بەتایبەتی بۆ ئەوسای منێك کە تەنیا سێ ساڵ بو بەهەڵبەستوتن ئاشنا بوبووم!

لیژنەی گرەوەکە، بەڕێزان: ڕەشید عارف‌و عەلائەدین سوجادی‌و ئەنوەر سائیب‌و شەماڵ سائیب بوون. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە، ڕووی ئەوەشیان لێنام کە سەرپەرشتی‌و سەرنەنووسەریی گۆڤاری هیوای یانەی سەرکەوتن بکەم کە تازە ڕەزامەندیی بۆ وەرگیرابوو، کاك شەماڵیش ڕووی ئەوەی لێنام کە لەرادیۆی کوردیی بەغداد گۆشەیەکی وێژەیی وەرگرم، هەردوو داواکەم پەسەندکرد، بێنەوەی ئەوە بدرکێنم کە من دوورخراوەیەکی سیاسیم‌و بەدزی پۆلیسەوە هاتوچۆی بەغداد ئەکەم.

کاتێ بۆ گۆڤارەکە دەست بەکاربووم، زوانیم مامۆستا کەریم زانستیش بۆ هەمان مەبەست ڕووی لێنراوە، پێکەوە نەخشەی کارمان کێشاو مانگی تەممووزی ١٩٥٧ ژمارە (١)مان خستەبەر دیدەی خوێنەرانی ئازیزەوە. مامۆستا کەریم بەزۆری کاری ئیداری‌و ژمێریاری‌و سەرپەرشتیی چاپی گرتە ئەستۆی خۆی، دوای ماوەیەك برای خۆشەویست‌و دڵسۆزم محمد نوری عارف (د. محمد نوری عارف) هاتە پاڵمان‌و ئەویش دەس بەکاربوو لەگەڵماندا، چەند مانگێکیش خوشکی بەڕێزم نەسرین خان (د. نەسرین مەخری) کاری لەگەڵدا کردین، بەڵام مامۆستا کەریم زانستی لەدوای ژمارە (١١)ی ساڵی (١)ەوە خۆی کشانەوە، مامۆستا حافظ مصطفی قازیش مدیری مەسئول گۆڤارەکە بوو، مامۆستا حافظ خۆی ژمێریاربوو لەکۆمپانیاکەی مامۆستا رشید عارف. بەو هۆیەوە کە ئەوسا ئەو لەدەرچوانی کۆلیج بو، کرابو بە مدیری مەسئول، هەندێك پارەتیشی ئەدایێ، بەتایبەتی لەهەڵبژاردنی ئەو نوسینانەدا کە بەبادینی بۆمان ئەهات، خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەش یانەی سەرکەوتن بو لەبەغداد.

ڕاستییەکەی یانەی سەرکەوتن نیوەندێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەییانەی کوردی بوو، زۆربەی ئەو کوردانەی لەخۆگرتبوو کە لەبەغدا ئەژیان. ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەپەرەپێدانی هەستی کوردایەتیدا، جگە لەکۆڕو کۆبوونەوەکان، قوتابخانەیەکیش بو بۆ وتنەوەی وانەی زمانی کوردی، جگە لەو کوردانەی زمانەکەی خۆیان لەیاد نەمابوو، ژمارەیەکیش عەرەب ئەهاتنە ئەو دەورانەوە کە بۆ فێربوونی کوردی ئەکرایەوە، یانە جێگەی کۆبوونەوەی قوتابیە کوردەکانیش بوو لەبەغداد، ئەو قوتابیانە کۆبوونەوە سیاسیەکانی خۆیان لەیانەدا ئەنجام ئەدا. بەهۆی یانەوە کوردە فەیلیەکانیش لەبەغداد بەکوردانی سۆران‌و بادینان ئاشنا ئەبوون. یانە گەلێ چالاکیی تریشی ئەنجام ئەدا.

گۆڤاری هیواش قوتابخانەیەکی کوردایەتی گشتی بو بۆ ئەو ڕۆژە. پێنووسی نووسەرە گەورەو ناودارو بەپرشتەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆگرتبوو، جگە لەنووسەرو هەستیارە لاوەکان، لەزۆربەی

ژمارەکاندا ناوی ئەم نووسەرە بەڕێزانە دووبارە ئەبوونەوە: عبدالقادر قەزاز، جمیل ڕۆژبەیانی، أ. ب. هەوری، شاکر فتاح، محمد مصطفی کوردی، احمد خواجە، شێخ حسن شیخ حەمە مارف، محمد توفیق وردی، کاکەی فەلاح (بەناوی روناك محمد)ەوە (کە سەری لێتێکدابووینو وامان ئەزانی کچە کوردێکە کە لەو ڕۆژەدا نوسەری ئافرەت کەم بوو، منیش بۆ هاندان لێکۆڵینەوەیەکم لەسەرکرد)، عثمان رضا علی، کاردۆخی، محمد سعید جاف، شیخ محمدی خاڵ. ت.ب مەریوانی، ج بابان، شارەزا، حوێزی، ناکام، احمد غفور.

لەنووسەرە لاوەکانیش: شەماڵ سائیب، مصطفی صالح کەریم، فاضل نظام الدین، عبداللە مهدیا، غەمبار، غەمگین، محمد نوری توفیق، مەم، نوری ئاڵەبانی، فۆاد زکی مەناری، محمدی مەلا کەریم، فاتح عبدالکریم، پرشنگ، ساجد ئاوارە، بیمار، هۆشیار، وەرزێر، فۆاد عزت، ئەمینی میرزا کەریم.

لەهەستیارانیش: کامەران، کاکە شوان، دلزار، صالح یوسفی، هەوری خالد دلێر، شاربازێڕی، دیلان، خالد رشید، ئەسرین فەخری، د. رەسول، غەمبار، مدهوش، قدری جان.

لەپزیشکەکانیش: د. عبدالرحمن عبداللە، د. ئامق نادر، د. قادر شال، د. مەریوانی، د. انور کریم، د. وریا رەواندزی.

جگە لەوانە، ژمارەیەك نوسەرو هەستیاری تریش کە بەناوی خوازراو، یا بەپیت بەرهەمەکانیان بلاوئەکردەوە نوسینەکانیان دووبارە ئەبوونەوە. نوسەرو هەستیاری تریش هەبوون کە کەم کەم بەرهەمیان لەهیوادا بلاوئەکردەوە.

منیش بەناوی کامل، ژیر، هێمنو زۆرجاریش بەبێ ناو بەرهەمم بلاوئەکردەوە، داخم ناچێ کە من ئاگادار نەبووم لەوەی هەر جارێ بەناوی (هێمن)ەوە ئەمنووسی، لەئێران هەستیاری بەڕێز هێمنی مهابادیان ئەگرتو تووشی لێپرسینەوەو ئەشکەنجەدان ئەبوو! کە هاتە ئەمدیو، بەدەم شەرەوە یەکترمان ناسی، بەلام من داوای لێبووردنم لێکرد.

هیوا گەلێ بابەتی گرتبووە خۆی، وەك: ئەدەب، زانست، زمان، تەندروستی، کشتوکاڵ، کۆمەلایەتی، مێژوو، چیرۆك، هەڵبەست، توێژینەوە، هونەر، رەخنەسازیو.. هتد.

هیوا ئەگەرچی گۆڤارێکی سیاسی نەبوو، بەلام ئێمە لەو دەرگایەشمان هەر ئەدا، بگرە هەندێ جار شتی وامان ئەوت کە ئێستاش هەموو نوسەرێك زات ناکا بیڵێ، بۆ نمونە من لەپێشەکی ژمارە -٢- سالی -٢- نوسیبووم: پێویستە ئەدەبەکەمان ئەرخان بکەین بۆ سوودی شۆڕشو ئازادکردنی کوردستانی تورکیاو ئێرانو یەکخستنی ئەم پارچانە لەژێر ئالایەکی یەکگرتوودا. لەهەڵبەستی کوردستانی من دا ل ٦٣ ژمارە -٤- سالی -٢- ئەڵێم: ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان وەك گولاڵەی بەهاری جوان، کوڵمی سوورو چاوی گەشە، تومەزبیرێکی بێ خەشە، تیابلاوەو ئەڵێ دەی زوو، بۆ کوردستانی یەکگرتوو.

لەهەڵبەستی (بۆ جوانێکی دیل)دا وتوومە: چار نیەو ئەبێ رەوان، پڕ بەدەم، بەنەرەی پڵنگ شارودێ پڕکەم، بۆ ڕاپەڕینی هەوڵێ کۆششێ، لەخەو هەڵسانێ دەنگێ جۆششێ، بۆ ئازادبوونو مافی کوردستان، زۆردار، دەرەبەگ لەگۆڕو چاڵنان. کە لەژمارە -٣- سالی -١- لاپەڕە ٢٦ دایە.

هەڵبەستی (بەهاری کوردستان)یش ئەگەرچی دوای سەرکەوتنەکەی، لەڕۆژنامەی ژیندا بلاوکرایەوە، بەلام لەسەر داخوازیی لیژنەکەو لەسەر داخوازیی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی سەرکەوتن،

لەژمارە -١- ساڵی -١-ی هیوادا جارێکیتر بڵاوکرایەوە، واتا ئەمووزی ١٩٥٧ کە لەو هەڵبەستەشدا هاتووە: زرمەی پڕ بڕو چریکەی دەنگ، دەنگی بیرێك قووڵو زۆر مەنگ، لێی بێتەدەر ئاوازی خۆش، ئاوازێ گشت بێنێتە جۆش، زەماوەندێ وەها ساز کەن، داڵە کەرخۆر پەرەوازکەن، تاکو ئەوساکە کوردستان، بۆ خۆمان بێ و هەر بۆ خۆمان.

جگە لەوانە، لەناواخنی هەندێ گۆشەدا، وەك گۆشەی: (چیت نەزانی پرسیار بکە) کە نوسەری ئەم دێڕانە سەرپەرشتی ئەکرد، بۆ ئەوەی کوردایەتیەکەی دڵداری هەستیار بخەمەوە یادی خوێنەران، پرسیومە: ئەم هۆنراوەیە هی کێیە؟ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان، کە لەلاپەڕە -١٣- ژمارە -٢- ساڵی-٢- بڵاوکرایەوە، هیوا گرنگیەکی زۆری ئەدا بەرەخنەسازی، لەژمارە -١- ساڵی -٢- لاپەڕە (٨٠)دا گۆشەیەکی تازەی کردەوە بەناونیشانی (لەژمارەی پێشوودا)، ژمارەی پێش ئەم ژمارەیەی سپارد بەژمارەیەك نوسەر بۆ رەخنەو لێکۆڵینەوە. من کە خۆم سەرپەرشتی ئەم بەشەم ئەکرد، مامۆستا سعید ناکام رەخنەی لەو هەڵبەستەی من گرتبوو کە وتبووم: من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی ئاڵای کوردستان، تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان، ئەو کاتە هیواو ئامانجی دووریم هەردوو پێکەوە. ئەبێ بە پرشنگ گوڵاڵەی سووریم ئەگەشێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەمانەتەوەو بەسنگێکی فراوانەوە، رەخنەکەیم بڵاوکردەوە، بێ ئەوەی وەڵامێکی بدەمەوە، ئەگەرچی رەخنەکەشی لەجێی خۆیدا نەبوو.

گۆڤاری هیوا بۆ هاندانی نوسەران، گرەوی ساز ئەکرد، لەژمارە -١٢- ساڵی -١- لاپەڕە (٧١)دا، مەدالیای هیوا، مەدالیای زیوین، تەرخان کرد بۆ یەکەمی ئەو نوسەرانەی لەگرەوەکانی هیوادا سەرئەکەون، خەڵاتی تریش بۆ دووەمەکان تەرخان کرد. لەو ژمارەیەدا گرەوی (چیرۆك بۆ شانۆ) بڵاوکرایەوە بۆ جوانترین شانۆنامەی خۆماڵی و شانۆنامەی وەرگێڕراو.

وەك راستییەك ئەشێ ئەوەش بدرکێنین کە گۆڤاری هیوا ئەتوت لەکوردستانێکی ئازاددا دەرئەچێ! هیچ رۆژێك لەرۆژان وێنەیەکی مەلیکی تێدا بڵاونەکرایەوە لەکاتێکدا هەبوو لەلاپەڕەی یەکەمی کتێبێکی زمانەوانیدا یا کۆمەڵایەتیدا یا مێژووییدا وێنەی مەلیکی عێراقی بڵاوئەکردەوە، هیچ وشەیەکیش یا دێڕێك لەهیچ بۆنەیەکی ئەو رژێمەدا بڵاونەکرایەوە لەهیوادا.

یانەی سەرکەوتن و گۆڤاری هیوا، لەگەڵ دەسکورتی و کەمدەرامەتییەکەشیدا چەندجار بڵاویکردەوە کە ئامادەیە بۆ چاپکردنی بەرهەمی نوسەران لەسەر ئەرکی یانە خۆی، ئەوەبوو مێژووی کوردو کوردستان دانەری شێخ محمدی مەردۆخ، وەرگێڕی محمد قیدامان چاپکرو بڵاوکردەوە.

بیرەوەرییەکانی من لەگەڵ گۆڤاری هیواو یانەی سەرکەوتندا دەگەڕێتەوە بۆ تەنیا دوو ساڵی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ دوای ئەوە لەگۆڤارو یانە کشامەوە.

لەگەڵ رێزمدا

بەدواداچوونێك لەسەر وتارێكی كاك فریاد رەواندزی لەبارەی یەكگرتنەوە

بیرۆكەی یەكگرتنی حیزبە كوردستانییەكان، بیرۆكەیەكی دێرینە، بەكردەییش هەنگاوی بۆ نراوە، پارتی دیموكراتی كوردستان پێكهاتەی پاشماوەی دڵرەكەرو شۆڕش و رزگاریو هیوایە، یەكێتی نیشتمانی كوردستانیش پێكهاتەی شۆڕشگێڕان و رەنجدەرانە.

نووسەرانی كوردیش هەمیشە داوای یەكێتیان كردووە، ئێستا خواستی جەماوەر یەكێتی ریزەكانە، بەهەر چاویلكەیەكیش بروانرێتە كێشەی كورد، لەپلەی یەكەم دا چارەسەر لەیەكێتیدا ئەبینرێت، بەتاقیكردنەوەش دەركەوتووە، بێ یەكگرتن یەكێتی تاسەر نابێ، هەڵبەت ئەوەش دیاردەیەكی تارادەیەك تایبەت بەكوردە بەهۆی نەبوونی قەوارەیەكی سیاسییەوەو بەهۆی ئەو زیانانەوە كە لەكورد كەوتووە لەئەنجامی دووبەرەكیدا، ئەگینا ئەم پەرۆشییە بۆ یەكگرتن نەئەبوو، بگرە هەر پێویستیشی نەئەكرد.

لەدوای راپەڕینەوە، هەوڵێكی كردەیی بۆ یەكگرتن، لەنووسەری ئەم دێڕانەوە دەستی پێكرد، درێژەو ئەنجامی ئەو هەوڵانە لەنامیلكەیەكدا بڵاوكراوەتەوە[1]. لیژنەی كۆششی نەتەوەییش كۆششێكی زۆری لەم بارەیەوە هەیە، لەم دواییەشدا مامۆستا فلك الدین و د. رۆژ گزمەكەیان سەر لەنوێ شڵەقاندەوە، بەدوای ئەواندا ژمارەیەك نووسەری تریش. وا بۆ یەكەمجار كاك فریاد رەواندزیش لە (كوردستانی نوێ)وە لەدەرگای ئەم باسەیدا كە ئەمەیان سەرنجێكی تایبەتیی ئەوێ، چونكە خەڵكی چاوەڕوان بوون كە لەلایەنی یەكێتی نیشتمانیشەوە شتێك ببیستن. ئەوەی مایەی دڵخۆش بوونە، نوسینەكەی كاك فریاد، یەكگرتنی رەت نەكردۆتەوە، بەڵكو مەرجێك بۆ یەكگرتن دائەنێ و ئەڵێ: (پێویستە لەخاڵە لەیەك جیاوازەكانەوە دەست پێ بكرێ، نەك لەخاڵە هاوبەشەكاندا[2]). ئەمەش مەرجێكە باوەڕ ناكەم كەس لاریی لێ هەبێ. بەڕێز مام جەلالیش هەر هەمان بۆچوونی هەبوو كە رۆژی ١٩٩٤/٣/٢٣ لەقەلاچوالان دیدەنیم كردو پێشنیاری یەكگرتنی یەكێتیو پارتیم بۆ كرد، رۆژی ١٩٩٤/٣/٣٠ كە ئەو بۆچوونەو پێشنیارەم بە بەڕێز كاك مەسعود گەیاند، ئەویش پێشنیارو بۆچوونەكەی پەسەند كرد.

لەراستیدا خاڵی جیاواز نەك لەنێوان دووپارتیەدا، بەڵكو لەنێوان دوو كەسیشدا هەر ئەبێ، بەڵام كاتێ ژمارەیەك لەتاكەكانی كۆمەڵ یەك ئەگرن بۆ دروستكردنی حیزبێك ئەوا بێگومان ئەبێ لەسەر خاڵە جیاوازەكان پێك بێن.

بۆ نموونە: ئێستا من و كاك فریاد رامان جیاوازە لەسەر هەندێك بابەت كە لەو وتارەی ئەودا هاتووە:

١) ئەو ئەڵێ: دوای هەڵبژاردن حیزبی گەل و پاسۆك و سوسیالیست یەكیانگرت بۆ ئەوەی دڵڕاندنی خۆیانی لەو هەڵبژاردنەدا پێ بشارنەوە.

---

[1] بڕوانە كامل ژیر: كوردایەتیو دەوڵەتێكی كوردیی سەربەخۆ، چاپی سوید، ئابی ١٩٩٤.

[2] ئەم وتارەم رۆژی ١٩٩٤/١٢/١١ نارد بۆ رۆژنامەی (كوردستانی نوێ)، بەڵام بڵاوی نەكردەوە.

من ئەڵێم: پاسۆك‌و سوسیالیست پێش هەڵبژاردن یەکیانگرت‌و بەیەك لیست (لیستی شین) چوونە هەڵبژاردنەوەو د. مەحمود عوسمانیش پاڵێوراویان بوو بۆ رابەر. کەواتە هەر هیچ نەبێ بەلای ئەو دوو حیزبەوە مەسەلەی دۆڕاندن هاندەری یەکگرتن نەبووە.

٢) ئەو ئەڵێ: هەر بۆیەش یەکگرتنەوەکە سەری نەگرت‌و حیزبە نوێیەکە لێکهەڵوەشایەوەو خوالێخۆشبوو رسوڵ مامەند جارێکی دیکە سوسیالیستی دروست کردەوە.

من ئەڵێم: یەکگرتنەکە سەری گرت، جیابوونەوەی چەند کەسێکیش نابێتە بەڵگەی هەڵوەشاندنەوە، خوالێخۆشبوو رەسول مامەند هەتا رۆژی هەڵبژاردنی سەرکردایەتی حیزبی یەکگرتن لەگەڵ یەکگرتندا بوو، بەڵام دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان، یەکسەر خۆی جیاکردەوە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات کە ئایا کارلێکی کیمیاوی یا فیزیاوی دروست ئەبێ یا نا؟ لەگەڵ ئەوەشدا کاك رسول یەکگرتنی بەرەهایی رەت نەکردەوە، بەڵکو یەکگرتنی لەگەڵ (ی.ن.ك)دا کرد، ئەوەش ئاساییەو مرۆڤ ئازادە لەهەڵوێست‌و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا، منیش بەو بۆنەیەوە کە ئەوسا ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی یەکگرتن بووم، خواستم ئەوەبوو کە کرداری یەکگرتن زۆربەی حیزبە کوردستانیەکان بگرێتەوە، بۆیە دوای یەکگرتن لەگەڵ پارتیدا درێژەم بەکۆششی یەکگرتن دا، لەگەڵ (ی.ن.ك) یشدا، ئەوەبوو سەرەتا بەتەنیا باڵ‌و دوایی لەگەڵ لیژنەی کۆششی نەتەوەییدا بۆ ئەو مەبەستە هەوڵماندا‌و ئەو هەوڵانەش شاردراوە نین، بەڵام وەك مەولەوی ئەڵێ:

من لەرێی زەحمەت نوختەم ئەکرِان
بەرێی رەحمەتا مێشێ پیا ریان!

ئێمە لەسەرەتای ئەو کۆششەدا بووین، مێردەزمەی شەڕی خۆکوژی کارەکەی ئێمەی دواخست‌و وانیازمانە لەنووکەوە دەس پێ بکەینەوە.

٣) ئەو باس لەوە ئەکا کە ئەشێ بەیەك گرتن حیزبەکان واز لەبەشێکی گرنگی سەروەری‌و مێژوویان بهێنن.

من ئەڵێم: سەروەری‌و مێژووی نەتەوە لەهی حیزبەکان گرنگترە ئەگەر ئەو راستیە رەچاوبکرێ کە حیزب هۆکار (وسیلە)یەو نەتەوە مەبەست (غایە)یە، بەگەڵنەویستیشە ئەگەر حیزبێك پێچەوانەی ئەم راستیە بێ، ئەوا نە خۆی سەروەری بەدەست ئەهێنێ‌و نە نەتەوەش خۆی ئەکاتە هۆکار بۆی.

لەگەڵ ئەو خاڵە جیاوازانەشدا، من‌و کاك فریاد یەك ئەگرینەوە لەو راستیەدا کە هەر یەکگرتنێك ئەگەر ئاکامەکانی بەرەو ئاقاری سەرکەوتن بچێت، ئەوە لەئەنجامی پێشکەوتوویی‌و لەیەك گەیشتن‌و لەخۆبوردنیەوە دێت‌و بەلەمی یەکگرتنیش ئەگەر لەناو شەپۆلەکانی دەریایەکی بێ ئامانیش بێ، ئەوا نقوم نابێ‌و دەگاتە کەناری ئاواتەکانی.

ئەوەش کەوابوو، هیچ کام لەو حیزبانەی یەك ئەگرن سەروەری‌و مێژووی خۆیان ون ناکەن، بەڵکو ئەو سەروەری‌و مێژووانە ئەبنە سەروەری‌و مێژووی هاوبەش بۆحیزبە تازەکە.

لەکۆتاییدا سوپاس بۆ کاك بریاد رەواندزی کە ئەم هەلەی رەخساند بۆ ئەم بەدواداچوونە، ئەم باسە هەرچەندو هەرکەس لەسەری بنوسێ چاکەو سوپاس بۆ خەمخوارانی یەکێتی ریزەکانی نەتەوەی کورد.

لەوەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری ڕێنداری (تایم ـ Time)دا ـ ژمارە ٦ ساڵی ١٩٩٨

رەفیق حیلمی ـ زێـــــر

بەسەرهاتی قەڵەمێک

کامل ژیرو ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی

لەسەر وتارێکی ڕەخنە ئامێزی من، ڕەفیق حیلمی لەئیبراهیم ئەحمەد زویر بوو

ڕاستە بەهرە زگماکییەکە پاڵپێوەنەرە، بەڵام هەندێ جار ڕێکەوتیش ئەبێتە هاندەرو ئاڕاستەکەری مرۆڤ بۆ پیادەکردنی جۆرێك یا چەند جۆرێك لەچالاکییەکانی ژیان. من بیرم لەوە نەکردبووەوە کە بکەومە بواری ڕۆژنامەنووسییەوە، زیاتر بەسیاسەتەوە خەریکبووم. جارجاریش هەڵبەستم ئەوت و لەدەرگای چیرۆك و شانۆنامەنووسین و بەشداربوون لەشانۆگەریم ئەدا.

ساڵی ١٩٥٧ کاتێ دوورخراوەیەکی سیاسی بووم لەئەبوغرێب، بەشداریم لەگرەوێکی وێژەییدا کرد کە بۆ جوانترین هەڵبەست لەبارەی بەهاری کوردستانەوە سازدرابوو، ئەو کاتە تەمەنم ٢٣ ساڵ بوو؛ بەتەمای سەرکەوتنێکی ئەوتۆ نەبوم لەو گرەوەدا کە لەرۆژنامەی ژین دا بڵاوکرابووەوەو بەرێکەوت ئەو ژمارەیەی ژینم بەرچاوکەوت. کەچی بەپۆستەدا نامەیەکم بۆ هات مژدەی ئەوەی تێدا بوو کە هەڵبەستەکەی من بەیەکەم دانراوە لەلایەن لیژنەی تایبەتی گرەوەکەوە.

کاتێ چووم بۆ وەرگرتنی پاداشتی گرەوەکە، رواتیم درزی هەندێ دەروازە خەریکە لەرێمدا ئەکرێتەوە! منێك کە لەوەوپێش هەر خۆپیشاندانێك یان چالاکییەکی گشتی سیاسی لەسلێمانیدا ئەنجام بدرایە، بەشداری ببومایە یا نا؛ چەند مانگێك لەسەری ئەگیرام و جارێکیش بۆ ماوەی حەوت مانگو بیست رۆژ لەسەربازگەی شوعەیبە خرامە زیندانەوەو دواجاریش نەفی کرام بۆ ئەبوغرێب و لێرەش دەسبەسەرێکی سیاسی بووم، کەم کەس ئەیانوێرا قسەم لەگەڵدا بکەن، ئەوە جگە لەباری خراپی ئابووریم، بەڵام کە بەدزیی پۆلیسەوە چوومە بەغدا بۆ وەرگرتنی پاداشتی هەڵبەستەکەم، روانیم لیژنەکە بایەخێکی تایبەتیم پێئەدەن.

مامۆستا ڕەشید عارف داوای لێکردم ببمە ئەندامی یانەی سەرکەوتن و وتیشی یانە، تازە ئیمتیازی گۆڤارێکی بەناوی (هیوا) وەرگرتووە، ڕوویلێنام من ئەو گۆڤارەیان بۆ دەرکەم، شەماڵ سائیب وتی مامۆستا کاملی کاکەمین بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی لەبەغدا وتویەتی گۆشەیەکی ئەدەبی وەرگرم لەئیستگە، هەردوو داواکەم پەسەندکرد، دوای ماوەیەکیش هەر ڕەشید عارف لەکۆمپانیای کەرەسەی خانوبەرە دایمەزراندم و سەفیری یۆگسلافیش داوای لێکردم وانەی کوردی پێبڵێمەوە کە بەم کارانە دەسکەوتی مانگانەشم گەیشتە ١٤٥ دینار کە ئەو کاتە مانگانەی فەرمانبەرێکی مامناوەندی لە ٢٥ دینار تێپەڕی نەئەکرد. بەو جۆرە تێکەڵ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕادیۆکاری بووم.

لەمێژووی رۆژنامەنوسی کوردیدا؛ بەدوای کوردستانەکەی یەکەم رابەر میقداد مەدحەت بەدرخان

ئیبرا هیم ئەحمەد

دا، گەلێ رۆژنامەو گۆڤاری کوردی روناکیان بینی، بەڵام لەرووی قەوارەو بەردەوامیتیو تەمەن درێژیو بایەخی مێژوویی و ئەدەبییەوە، ئەگەر گۆڤاری گەلاوێژ بایەخێکی تایبەتی هەبێ، ئەوا گۆڤاری هیواش چراوگی گەشی رۆژگاری خۆیەتی. ئەم گۆڤارە لەچاو سەردەمەکەی خۆیدا قوتابخانەیەکی کوردایەتی بوو، پێنوسی نوسەرە گەورەو بەبڕشتەکانی ئەوسای کوردی لەخۆگرتبوو، لەدەرگای ئەدەبو زانستو زمانو تەندروستیو کشتوکاڵو کۆمەلایەتیو مێژوو و چیرۆکو

هەڵبەستو توێژینەوەو هونەرو رەخنەسازیی ئەدا. لەڕووی سیاسیشەوە، ئەگەرچی گۆڤارەکە سیاسی نەبو، بەڵام ئێمە لەو دەرگایەشمان ئەداو هەندێ جار قسەمان لەئازادکردنی کوردستانو یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستانو ئاڵای کوردیو کوردستانی یەکگرتوو ئەکرد بەتایبەتی لەدوو توێی نوسینو هەڵبەستەکانی منەوە کە لەژێر ناوی کامل ژیر، ژیر، هێمن، هەندێ جاریش بەبێ ناو پەخشم ئەکردن.

بیرەوەرییەکانی من لەگۆڤاری هیوادا، وەك رۆژنامەنوسێك، ئەگەڕێتەوە بۆ تەنیا دوو ساڵی ١٩٥٧. ١٩٥٨. دوای ئەوە خۆم لە گۆڤاری هیواو بانەی سەرکەوتن کشانەوە. ئنجا ساڵی ١٩٥٩ لەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە داوایان لێکردم کە پاشکۆی رۆژنامەی (خەبات) بەکوردی هەفتەی جارێك دەرکەین، بۆ ئەم کارە سەرەتا تەنیا مامۆستا حیلمی عەلی شەریف یاریدەی ئەدام. بەهۆی ئەو رۆژنامەیەوە لەگەڵ هەستیاری گەورەی عەرەب محەمەد مەهدی جەواهری یەکترمان ناسی، چونکە رۆژنامەکەمان لەچاپخانەیەکدا چاپ ئەکرا کە ئەویش رۆژنامەیەکی بەعەرەبی تێدا چاپئەکرد. گەلێ جار لەو چاپخانەیەدا شەومان رۆژ ئەکردەوەو بەدەم کارەکەمانەوە لەوێژەو سیاسەت ئەدواین.

لەیادەوەرییەکانی ئەم رۆژنامەیەدا، دوای ئەوەی مامۆستا رەفیق حیلمیو مامۆستا گۆران بەشداریی کۆنگرەی ئەدیبانی عەرەبیان کرد لەکوێت ساڵی ١٩٥٩، من وتارێکی رەخنە ئامێزم ئاڕاستەی ئەو دوو بەڕێزە کرد بەرامبەر بەو بەشداری کردنەیان، چونکە بەشداری کردنەکەیان وەك دوو ئەدیبی عێراقی بوو نەك وەك دوو ئەدیبی کورد. وتارەکەم بەناوی (هـ)ەوە بڵاوکردەوە، لەدوای گەڕانەوەیان مامۆستا رەفیق حیلمی لەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد زویر بوو، رۆژێك لەدوکانەکەی مامۆستا بەشیر موشیر باسی ئەو وتارەی بۆ ئەکردمو ئەیوت من بەشێوازی نوسینەکەدا ئەزانم ئەوە وتاری ئەوە. پێموت مامۆستا من بەوتاری ئەوی نازانم، بەڵام نەشموێرا بڵێم وتاری منە !

ساڵی ١٩٩١ وەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی، لێپرسراوی راگەیاندنی پاسۆك بووم،دەرکردنی رۆژنامەی (سەربەخۆیی) لەئەستۆی مندا بوو، ئەو ساڵە رۆژنامەکەمان بەتایپو ئامێری لەبەرگرتنەوە

←

لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری ڕێبازداری (کۆنگرە)دا ژمارە ٢٣ نەورۆزی ٢٧٠٢

وتووێژێك لەگەڵ هونەرو نیشتمانپەروەرو سیاسەتکاری لەمێژینەی کورد مامۆستا کامیل ژیر

ئا/ سیروان کاوسی - سەرنوسەری کۆنگرەی

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

بڵاوکراوەی بیری نەتەوەیی کوردی - نەرویج

ئەوە ناونیشانی وتووێژەکە بوو کە چەند پرسیارو وەڵامێکی گرتبووە خۆ لەبارەی بنەماڵەو بەرهەمەکانو کاژێكو بیری نەتەوەیی کورد لەچاو شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو و هۆی نەبوونی هوشیاریی نەتەوەییو باری سەرنج بەرامبەر داهاتووی کورد.

لەم بەرهەمەدا کە ئێستا لەبەردەست خوێنەرەوەی بەڕێزدایە، لەو دەرگایانە چەندجار دراون، دووبارەکردنەوەیان جارێکی تر لێرەدا، گونجاو نیە. تەنیا هێمایەك بۆ دوا وەڵام ئەکەین:

بەرامبەر داهاتووی کورد، گەشبینم، هیوادارییم حیزبایەتی تێکی نەدا.

بەباوەڕی من نەخشەکانی نێوچەکە گۆڕانیان تێدا دەکرێ.

←—— چاپ ئەکرد، لەکاتی ڕەوەکەدا کە خەڵکی شپرزەی دەرچوونی خۆیان بوون، منو هەندێك لەهاوبیرانی دەزگای ڕاگەیاندنی پاسۆك شپرزەی ئەو ئامێرانە بووین؛ دوو تایپو دوو ئامێری لەبەرگرتنەوەو چەند رۆنیۆیەكو هەرچی کاغەزو ستێنسڵو مەرکەبمان هەبوو لەگەڵ موەلیدەیەکی بچووکی کارەبادا نامان لەپیکابێكو گەیاندمانە بیارە، لەوێ لەو کاتی ڕەوەدا دەستمان کردەوە بەدەرکردنی ڕۆژنامەی سەربەخۆیی کە لەو کاتەدا تاکە ڕۆژنامەیەکی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی بوو، دوای چەند مانگێك گواستمانەوە بۆ قەلاچوالان، لەدوای کشانەوەی ڕژێمیش لەکوردستان، گەڕاینەوە سلێمانیو تا یەککرتنی پاسۆكو سوشیالستیش سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەکە بووم.

لەئەزمونی ڕۆژنامەنووسیمدا باری سەرنجم بەرامبەر ڕۆژنامەنووسی ئەوەیە کە کارێکی ماندووئامێزە، لەکاتێکدا خەڵکی بەڕۆژ گەشتو سەیرانو بەشەو ئاوەڵی مێزو مەین، ڕۆژنامەنووس پشتی بەسەر مێزی نوسینو پیاچوونەوەدا چەماوەتەوەو هەرگیزو لەباشترین ڕۆژگاریشدا پاداشتەکەی بەپەرێزی ماندوبونەکەیدا ناچێ، بەلام لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکدا لەبەرهەمەکەی، هەناسەیەکی سەرکەوتن ماندووبوونەکەی ئەڕەوێنێتەوە.

بۆ ئاینده ئەگەر تەمەن بەدەمیەو بمێنێ، هەوڵ ئەدەم ئیمتیازی ڕۆژنامەیەك وەرگرم بەو مەبەستەی تەرخانی کەم بۆ خزمەتی بیروباوەڕی کوردایەتی وەك ڕۆشنبیرێکی بێ لایەن. بەتایبەتی ئێستا هیچ ڕۆژنامەیەك نابینم کە سەر بەحیزبێك نەبێ لەم کوردستانەی ئێمەدا. خۆ ئەوەش ئاشکرایە ژمارەی کەسانی بێلایەن لەهەموو کونجێکی جیهاندا زیاترە لەلایەندارانی حیزبەکان. جا کەوابێ بۆچی ئەبێ ڕۆژنامەیەك یا چەند ڕۆژنامەیەك گوزارە لەبیرو بۆچوونی ئەوانیش نەکات!؟

لەرازیخدا بۆ گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی ژمارە ٨ ساڵی ١٩٩٩

مافی مرۆڤی کورد لەبیرەوەرییەکانمداو تێڕوانینێک لەسەر کێشەی کورد

شێخ مەحمود

لەیادمە ئەیانوت وا شەڕ ئێمەشی گرتەوە! کات ساڵی ١٩٣٩ بوو، نازانم چ ڕۆژێک بوو؟ بەڵام لەئەیلولی ئەو ساڵەدا، شەڕی دووەمی جیهانیی بەرپا بوو، ئەو کاتە چوار ساڵو نۆ مانگێک بەسەر تەمەنی مندا تێپەڕبوو بوو کە ئەیکردە ١٩٣٤/١٢/٢٠.

ئەڵێن ئەوەی مرۆڤ لەکاتی ئاساییدا بەساڵێک فێری ئەبێ، لەکاتی جەنگدا بەڕۆژێک فێری ئەبێ، منیش گوێی منداڵیم بە دەنگوباسی ئەو شەڕە ئاشنابوو، کە شەش ساڵێکی خایاندو گەورەترین کارەساتێکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا.

لەبیرمە خەڵکی لەچاپخانەکاندا گوێیان لەرادیۆ ئەگرت بۆ هەواڵەکانی شەڕ، نرخی شتومەك بەدرێژایی ئەو شەش ساڵە لەبەرزبوونەوەدا بوو.

بەپێی سەرچاوەکان لەم شەڕەدا ٧٢ دەوڵەت بەشداریان تێداکردووەو ١١٠ سەدو دە ملیۆن چەکدار تیا بەشدار بوون و ١٣٨٤ هەزارو سێ سەدو هەشتاو چوار ملیار دۆلار زیانی داوەو نزیکەی ٥٠ پەنجا ملیۆن کەس تیاکوژراوەو ٢٨ بیستو هەشت ملیۆنێک سەقەتو کەم ئەندامی لەپاش بەجێماوە!

ئەو ڕۆژەی ساڵی ٣٩ کە فڕۆکەکە بەئاسمانی سلێمانیدا تێپەڕی، من نەم ئەزانی خەڵکەکە بۆچی وا شپرزەبوون بێ ئەوەی ئەو فڕۆکەیە هیچ بۆردومانێک بکات، دوایی زانیم کە خەڵکی ئەم شارە مارانگازی فڕۆکە بوون و مارانگازیش لەخشەی گوریس ئەسڵەمێتەوە! هەمووی ١٦ ساڵێك لەوەوبەر فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆ یەکەم جار ئەم شارەیان بۆردومان کردبوو کە ڕێکەوتی ١٩٢٣/٣/٣ بوو، وەك باوکم بۆی ئەگێڕامەوە هەر لەو ساڵەدا ماڵی باپیرم لەسیتەك شێخ جەلال کە لەو کاتەدا موفتیی شارباژێر بوو، بەر بۆردومانی فڕۆکەکانی ئینگلیز کەوتبوو، دوای ئەوەش سەدان جاریتر ئەو فڕۆکانە بۆردومانی سلێمانیو دەوروبەرەکەیان کردووە بەمەبەستی کوژاندنەوەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر. تا ئەمڕۆش تەمەن درێژەکانی ئەم ناوچەیە مەرگەساتەکانی ئەو بۆردومانەیان لەیادە کە چۆن تەپو وشکی مرۆڤی کوردی پێکەوە تیا ئەسوتێنراو تیا ئەکوژرا. سەرچاوەو بەڵگەنامەکانی ئینگلیز خۆیشی باس لەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی کورد ئەکات لەو سەردەمەدا، وەك مێژوونووس بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر لەنوسینەکانیدا باسی ئەکات کە چۆن بەهۆی پەرەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆڵی فڕۆکە جەنگیەکانی ئینگلیز لەکوردستاندا زیاتر ئەبوو، ئەم ڕاستیە لە بەسەرهاتو ڕوداوەکانی ڕۆژانی قۆناغی دووەمی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودا تەواو خۆ ئەنوێنێ. ئینگلیز ئەیویست ئەو ڕژێمەی شێخ مەحمود لەتشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا دایمەزراند، زوو بەزوو زیندەچاڵ بکرێ، ڕۆڵی فڕۆکەکانی ئینگلیز لەجێبەجێکردنی ئەو کارەدا گەورەبوو.

ڕۆژی ١٩٢٤/٥/٢٠ ئەو فڕۆکانە بەخەستی بۆمبارانی شاری سلێمانیان کردۆتەوە. بەر لەوەش فڕۆکەکانی ئینگلیز ناوچەی بادینانیشیان بۆردومان کردووە. لەڕۆژانی شۆڕشی بیستیشدا ئینگلیزەکان چەند جارێك فڕۆکەیان ناردۆتە سەر گەلیّ ناوچەی کوردستان بۆ هەڕەشەو چاوترساندن. ناوەندی ئەیلولی ١٩٢٠یش دوو فڕۆکەی ئینگلیز بۆردومانی بارام ئاواو بەلّخەو چەند گوندێکی تری ناوچەی هەورامانیان کردووە بۆ دامرکاندنەوەی دزلّیەکان کە هەمیشە لایەنگری شێخ مەحمود بوون، دوای ئەوانە ڕۆژی ١٩٣١/١٢/٢٤ دیسان فڕۆکەی ئینگلیز لەدوو جێگەوە پەلاماری هێزەکانی شێخ مەحمودیان داوە، بەر لەوەش ڕۆژی ١٩٣١/٣/٩ چوار هەزار گوللە ڕەشاش و بیست و پێنج بۆمبایان لەناوچەیەك لەدووری سلێمانیەوە گرتۆتە شۆڕشگێڕانی کورد. لەڕۆژی ١٩٣١/٣/٢٢یشەوە بۆمبهاوێژەکانی ئینگلیز بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لەسەر یەك کەوتوونەتە گیانی گوندو شارۆچکەکانی دەوروبەری خانەقین، بەتایبەتی هۆرێن و شێخان و کانی کرمانج و شاموڵزی و باخ هەنارو بێلولەو قورەتوو گوندەکانی عوسمان بەگی سەرەك هۆزی شەرەف بەیانی و چیای سورخ و ناوچەکانی سەر ڕوباری عەبباسان، ڕۆژی ٣٠ مارتیش ژمارەیەك لەو گوندانەی کەوتوونەتە باشووری دامێنی زنجیرە چیای قەرەداغەوە، بۆمباران کراون، بەپێی بەلگەنامەکانی ئینگلیز خۆیشیان تەنها ئەو ڕۆژە ئەوەت و پێنجَ هەزارو دووسەد گوللەرەشاشیان گرتۆتە تەنها سێ لەو گوندانەی باشووری قەرەداغ، لە ١٩٣٢/٤/٥ یشدا هێزی ئاسمانی شاهانەی بەریتانی، بەتوندی و بێبەزەیی بۆمبارانی ناوچەی ئاوباریکیان کردووە، ڕۆژی ٤/٥یش فڕۆکەوان گ.گاردنەر کە لەگەلّ هێزە دەستوەشێنەکەی خۆیدا لەسلێمانیەوە فڕیبوو، دەوروبەری شەست تا سەد لەشۆڕشگێڕان و ژمارەیەك ولاخی قەلّتاخ کراوی لەناودارو درەخت و جۆگەکانی باشووری ئاوباریکدا بەدی کردووەو هێرشی بردوونەتە سەر، گشت فڕۆکە بۆمبا هاوێژەکانی پۆلی (٣٠ و ٥٥) بەدرێژایی دوا ساتەکانی ئەو ڕۆژە خەریکی بۆمبارانی ئەو ناوچەیە بوون، هەر ئەو گاردنەرە یەکەم کەس بووە کە ڕۆژی ٣/٣٠ شۆڕشگێڕانی لەگوندی بانی مورت دۆزیوەتەوەو بەهاوکاری لەگەلّ چەند فڕۆکەیەکی تر بۆردومانیان کردوون. سەرەتای نیسان دیسان دەستەیەك شۆڕشگێڕی تری لەگوندی دەروازملك بەدی کردووەو ڕابەریی هێرشی ئەولنی کردووە، هەر ئەمیش بوو ڕۆژی ٤/٥ شوێنی شێخ مەحمودی لەئاوباریك دەستنیشان کردووەو پەلاماری داون. ڕۆژی ٤/١٧ یش ڕابەریی هێرشی فڕۆکەکانی بۆ سەرکان کردووەو دوای چوار ڕۆژ واتە لە ٤/٢١دا لەسیاگوێز ژمارەیەکی تری لەشۆڕشگێڕان بەدی کردووەو بۆردومانی کردوون. ئنجا بەرامبەر ئەو هێرشە درندانانەی گاردنەر بۆ سەر نەتەوەیەکی لێقەوماوی بەش بەش کراوی لاوازو بێ چەکی هاوتا، گاردنەر مەدالیای خزمەتی بالاّی دراوەتێ.

جگە لەو گاردنەرە لە لیستەی ڕاپۆرتەکانی ئەوسای شەڕدا، نمونەی تر لەم بابەتە بەرچاو ئەکەوێ، ئەفسەری فڕۆکەوان سیدنی جۆزێف کار ١٨٥ کاتژمێر فڕینی تەنها لەکاتی هێرشەکانی ئاوباریك و بانی مورت و گوندەکانی ئەو دەوروبەرەدا تۆمارکردووە، لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٣٠یشدا ئەم فڕۆکەوانە ١٤٩٦ کاتژمێر تەنها بەسەر سورداش و دەوروبەرییەوە بووە. جونسن ولیەمزیش کە دوایی بووە یەکێك لەهەرە فڕۆکەوانەکانی جیهان، لەو هێرشەدا بەشدار بووە کە مارشالّی فڕۆکەوان جێمس

رۆژ لەجەژنی کریسمسدا ساڵی ١٩٢٢ کردبویەتیە سەر ماڵی شێخ مەحمود لەسلێمانی، بەکورتی فڕۆکە جەنگیەکانی ئینگلیز بەهەزاران کاتژمێر لەئاسمانی کوردستاندا دژی شۆڕشگێڕانی کورد جەنگاون[٢].

کەواتە ئەو رۆژەی ساڵی ١٩٣٩ کە ئەو فڕۆکەیە هاتە ئاسمانی سلێمانیەوە، خەلکەکە ناهەقیان نەبوو بەو جۆرە شپرزەبوون، منیش مەبەستم لەگەڕانەوە بۆ شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو دەوری فڕۆکەکانی ئینگلیز لە لەناوبردنی ئەو شۆڕشەدا هەندێك وانەو پەندە، بەر لەم نووسینەشم لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەناونیشانی (حکومەتەکەی شێخ مەحمود بۆ سەرنەکەوت؟) کە لەیادی حەفتاساڵەی دامەزراندنی ئەو حکومەتەدا (٣ تا ١٩٩٢/١١/١٠) لەهۆڵی رۆشنبیریی جەماوەر لەسلێمانی پێشکەشم کرد[٣]، بەدرێژی لەو بارەیەوە دوامو ئەشێ ئێستاش هەندێ وانەو پەند لەبەسەرهاتەکانی رابوردومانەوە وەربگرین وەك:

١- تا کورد نەبێتە خاوەنی چەکی بەرگری تەواوی خۆی، یا پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی وەك ئێستای باشووری، نابێ جارێکی تر سەرلی کورد، خەڵکی شارەکانی کوردستان بخەنە ژێر مەترسی بۆمبابارانەوە، بەڵکو چاکتر وایە تەنیا پەنا بۆ شەڕی پارتیزانی ببرێت کە ئەتوانرێ بەژمارەیەك جەنگاوەری کەم زیانی گەورە لەدوژمن بدرێ. شەڕی پارتیزانیش بەبێ دەسوەشاندن لەناو پایتەختو شارەکانی دوژمندا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ.

٢- گرنگترین زەبرێك کە لەشۆڕشەکانی شێخ مەحمود کەوت، بەهۆی فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بوو، حکومەتەکەی شێخ مەحمودو شۆڕشەکانی بەهێزی ئەوسای دەسەڵاتدارانی عەرەب لەناو نەئەبرا، ئێستاش هەروایە، هیچ کام لەداگیرکەرانی کوردستان، بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی پێ لەناونابرێ ئەگەر زلهێزەکانی دنیا پاڵپشتیان نەکات، لەم دیدو بۆچوونەوە پێویستە کوردیش هەمیشە لەهەوڵدابێ بۆ زامن کردنی دۆستایەتی لەگەڵ ئەو زلهێزانەو دابینکردنی پاڵپشتیان بۆ کورد. چیتر لەوە زیاتر بەبیرکردنەوەی چەپەکان هەڵسوکەوت نەکاتو دنیای هێزو دەسەلات نەکاتە دوژمنی خۆی.

٣- ئینگلیز هەر لەسەرەتاوە، لەو رۆژەوە کە ویلایەتی موسڵ لەدەوڵەتی عوسمانی دابڕاو پێش ئەوەش نەیویستووە کورد ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەو بوارانەش کە دای بەشێخ مەحمود بۆ دروستکردنی حکومەتەکەی، یا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شێخ مەحموددا، ئەوانە تەنیا کار تی گوشار بوون بۆ سەر عەرەبی عێراق کە ملیان پێ کەچ کات بۆ خواستەکانی خۆی، ئەگەرچی نەشی ئەویست کورد بێبەشبێ لەمافێکی وەك ئۆتۆنۆمی.

٤- ئینگلیز لەپێش دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە، چاوی لەنەوتەکەی کوردستانەوە بووە. مەبەستیشی لەدروستکردنی دەوڵەتی عێراق بەم شێوەیەی ئێستا لەعێراقی کۆنو باشووری کوردستان، ئەوە بووە کە عەرەبی عێراق بکاتە پاسەوان بەسەر نەوتی کوردستانەوە، هەروەها بەدەوری ئەو نەوتەدا کۆمەڵگایەکی فرە نەتەوەییو فرەئاینی هەبێ بۆ ئەوەی ئەوانە بەکێشەو ئاژاوەو دووبەرەکی خۆیانەوە، نەیانپەرژێتە سەر ئەو، لەڕاستیدا بەریتانیا بەر لەکورد، دەستی فەرەنسای ماوپەیمانی خۆیشی بڕی بەپێی رێککەوتننامەیەك لەمانگی ١٢ی ساڵی ١٩١٨ کە بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە فەرەنسا ولایەتی موسڵی بەجێهێشت بۆ بەریتانیا، جا بەریتانیاش کە دەستی

فەرەنسای هاوپەیمانی پێشووی خۆی‌و کوردی تازە ئاشنای برِی‌و شۆرش‌و حکومەتەکەی شێخ مەحمودی هەڵوەشاندەوە، ئەوە لەئەنجامی ئەوەوە نەبووە کە ئینگلیز لەناخیا دوژمنی فەرەنسەو کوردو شێخ مەحمود بووە، هەروەها کە ویلایەتی موسڵی خستە سەر عێراقی عەرەبی، ئەوەش لەبەر خاتری چاوی رەشی عەرەب نەبووە، بەڵکو ئەوانە هەمووی بۆ سوودو بەرژەوەندی خۆی بووە.

بەڵێ بەرژەوەندی، جا با لێرەدا وشەی بەرژەوەندیمان لەبیر نەچێ، لەراستیدا دنیای سیاسەت بریتیە لەبەرژەوەندی، بەرژەوەندی پێوەری کردەوەو بریارەکانە لەجیهانی سیاسەتدا. هەر لایەنێکی سیاسی هەوڵ ئەدات زیاترین بەرژەوەندی بۆ خۆی دابین بکات، لەبواری پەیوەندیی نێودەوڵەتیشدا، هەر دەوڵەتەو هەوڵ ئەدات زیاترین بەرژەوەندیی بۆ خۆی راکێشێ ئەوەندەی لەتوانایدا بێ. کاتێکیش کارەکە ئەگاتە سنوری کۆتایی توانا، ئەوسا بەرژەوەندی هاوبەش دروست ئەبێ.

جێی خۆیەتی لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەین کە بەدەستخستنی بەرژەوەندیی گشتی، واتا بەرژەوەندیی نەتەوەیی، وابەستەیە بەهوشیاریی نەتەوەییەوە. کاتێ هوشیاریی نەتەوەیی ئەگاتە ئاستێکی بەرز، بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەوەندەی بەرزی ئەو ئاستە، زیاتر بەدەست ئەکەوێ، ئەگەر رێگری لاوەکی نەبێ.

بنچینەی هوشیاریی نەتەوەییش هەستی نەتەوەییە. هەستی نەتەوەیی وەکو هەستەکانی بینین‌و بیستن‌و بۆنکردن‌و بەرکەوتن‌و تامکردن، لەناخی هەموو مرۆڤو نەتەوەیەکدا هەیە، کاتێ ئەو هەستە بەهۆی پیادەکردن‌و پەروەردەکردنەوە پەرە ئەسێنێ، ئەگۆرێ بەهوشیاریی نەتەوەیی، بەداخەوە کورد وەك تاكو وەك کۆمەڵیش هوشیاریی نەتەوەییەکەی لەئاستێکی نزمدایە، چونکە بواری بۆ نەرەخساوە پیادەی بکات، (مومارەسەی بکات) یا پەروەردەی بکات.

نزمی هوشیاریی نەتەوەیی کورد دیاردەیەکی بەڵگەنەویستە. بەبەراوردکردنێکی لەگەڵ نەتەوەکانی وەك ئەڵمان‌و جولەکەو عەرەب کە ئەوانیش وەك کورد بەش بەش کراوبوون، ئەو راستیە دەرئەکەوێ.

نەتەوەی ئەڵمان، لەگەڵ ئەوەدا کە نیشتمانەکەی کرابوو بەچەند پارچەیەکەوە، دوو جەنگی جیهانیی گەورەشی دۆراند، توانی ئەو پارچانە یەکخاتەوەو جارێکی تر قەوارەی نەتەوەیی خۆی دروستکاتەوەو شانازییە نەتەوەییەکان‌و ئابووریەکەش بژێنێتەوە.

هەروەها جولەکەش.. بەڵام چونکە عەرەب هوشیارییەکەی لەوان کەمترە، تا ئێستاش نیشتمانەکەی بیست‌و دوو پارچەیە ئەگەرچی بیست‌و دوو حکومەتیان هەیە. ئەو حکومەتۆکەیەی لەباشووری کوردستاندا رەخسا، ئەویش کرا بەدوو بەشەوە دوای ئەوەی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە بەربوونە گیانی یەکتری‌و ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەشەرەکانی نێوان ئەو دوو پارتەدا بەکوشت دراون، لەژمارەی ئەو پێشمەرگانە زیاترە کە لەشەرەکانی دژ بەرژێمی بەغدا شەهیدبوون!.. دابەزینی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی ئەم دووپارتە لەوەدا دەرئەکەوێ کە شەر لەسەر دەسەڵاتێك ئەکەن کە هێشتا بەتەواوی بەدەست نەهاتووە. لەوەش شەرم ئامێزتر ئەوەیە بەبێ پەردە باس لەدابەش کردنی داهاتەکانی ناوچەکە ئەکەن لەنێوان خۆیاندا، لەکاتێکدا ئەو داهاتانە نە هی ئەمیانەو نە هی ئەویشیانە هەرچی چەندێك دەنگیان هێنابێ لەهەڵبژاردندا. لەهەموو دنیادا کە حکومەت لەناوچەیەکدا دروست بوو

هەموو داهاتی ئەو ناوچەیە ئەچێتە گەنجینەی ئەو حکومەتەوەو ئەویش بەپێی یاساو میزانیەو بیاچوونەوەو لێپرسینەوە، هەڵسوکەوت بەو داهاتە ئەکات، لەم هەرێمەی ئێمەدا هیچ پارتێك بۆی نییە هیچ پارەو شتێك لەموڵکی میللەت بۆ خۆی لابدات، ئەگەر لایدا، ئەوا ئەو پارتە هیچ جیاوازییەکی نابێ لەگەڵ ئەو فەرمانبەرەدا کە زێرە دزی (اختلاس) ئەکات و هەردووکیان وەك یەك بەرپرسیار ئەبن بەپێی ماددەکانی ٣١٥ تا ٣٢١ لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ و گۆڕانکارییەکانی[1].

لەرابوردووشدا نزمی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی کورد، لەتێکچوونی دەوڵەتی ماددەوە دەرئەکەوێ کە گەورەترین دەوڵەتی ناوچەکانی دەوروبەری خۆی بوو، ئەو دەوڵەتە گەورەیە بەوە رووخا کە کابرایەکی فارسی وەك کۆرش هەلێکی بۆ هەڵکەوت و بەژمارەیەك لایەنگری کەمەوە هەڵەکەی قۆزتەوەو دەوڵەتی فارسی لەجێی دەوڵەتی کورد دامەزراندو کەوتە قەلاچۆکردنی کوردو ڕاوینان بۆ شاخەکان.
کەچی کەسانێکی وەك سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریمخانی زەندو ئەبو موسلیم و بەکر سدقی نەیانتوانی ئەو هەلە زێرینانەی دەستیان کەوت بیانقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەیان و دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئێستا کەس نازانێ نەوەکانی سەلاحەدین و لەشکرە کوردیە زۆرو بەمێژەکەی چییان بەسەرهات و چۆن توانەوە!؟ کەچی تورك بەخەلافەت و فارس بەشیعەگەرێتی قەوارەی خۆیان پاراست.

ئەگەر هوشیاریی نەتەوەیی کورد لەئاستی پێویستدا بووایە، میرنشینە کوردییەکان یەکیان ئەگرت و دەوڵەتی عوسمانی نەیئەتوانی بیانڕوخێنێ، دەوڵەتی عوسمانی، ئەو دەوڵەتە نەبوو کە محەمەد عەلی پاشای والی میسر لێی ڕاپەڕی و سەربەخۆیی بۆ میسر دابین کرد؟ ئایا (بەنی بۆیە)ی فارس دەستی نەگرت بەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا و بەخواستی خۆی نەکەوتە یاری کردن بەئەمیری موئمنین لەساڵی (٩٤٥)ەوە؟ ئایا یۆنان و سربیا ساڵی (١٨٣٠) لەدەوڵەتی عوسمانی جیانەبوونەوە؟ دوو مەلای وەك مەلا ئیدریسی بەتلیسی و مەلای خەتێ چی بوون ئەو هەموو میرنشینە کوردیانە بەگورگان خواردوو بدەن؟

وەك مێژوونووس سدیق دەمەلوجی لەکتێبەکەیدا (امارە بهدینان الکردیە لاپەڕە ٤٩) ئەڵێ: (ئەگەر محەمەد عەلی پاشای میسر یەکێتی میرنشینە کوردیەکانی ببینیایە، لاپەڕەیەکی تر لەمێژوودا ئەکرایەوە).

لەراستیشدا محەمەد عەلی پاشا ئەیویست یارمەتی میرنشینەکانی ئەو سەردەمەی کورد بدات بۆ جیابوونەوە لەدەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد، چونکە ئەو خۆیشی کورد بوو، بەڵام کە ئەیبینی ئەو میرنشینانە نەك هەر یەکگرتوو نین، بەڵکو لەیەکیش ئەدەن ئیتر وازی لەو کارە هێنا!

بەداخەوە تا ئێستا کورد کەمتر لەمەسەلەی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی گەیشتووە. زیاتر خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی گەلانی تر بووە. هەمیشە کورپی خۆی کردۆتە قوربانی کچی دراوسێکانی، هەر لەبەربووەو بێ دیاریکردن و دابینکردنی مافێك بۆ خۆی، خۆی کردۆتە برای هاوپشتی داگیرکەرەکانی، لەوەش خراپتر دڵی دوژمنی دوژمنەکانی لەخۆی ئێشاندووەو هیچ پەندێکی

لەوە وەرنەگرتووە کە دوژمنی دوژمن دۆستە، یا ئەشێ بکری بەدۆست، بۆ نموونە لەسەر تورك دڵی یۆنانمان لەخۆمان ئێشاندووە، لەسەر عەرەب دڵی جولەکەو هەموو دنیای گاورستانمان لەخۆمان رەنجاندووە، ئێستاش نەتەوەی کورد باجی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەدات! تۆ بزانە ئەم کوردە چ دەمڕلێکی بۆ یەکێتی سۆڤیێتی کوتا بێ ئەوەی چلەپۆشێکی لەو یا لەمارکسیێتی دەسکەوتبێ، بەڵکو زیانی زۆریشی لێکەوتوە لەوەوە کە لینین پشتی ئەتاتورکی گرت دژی بزوتنەوەی رزگاریی کوردو ستالین کوردەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پەرش‌و بڵاوکردەوەو زۆربەیانی توانەوەو کۆماری مەهابادیشی بەگورگان خواردبوودا!

٥- هەر لەبواری وەرگرتنی پەند لەرابوردومانەوە بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانی تەرازووی قازانج‌و زەرەربین، پێویستە بەر لەوەی بڕیارێك بدەین یا هەڵوێستێك بنوێنین، ئەبێ بچینە بنج‌و بناوانی‌رووداوەکان‌و کێشەکانەوە.

لەم گۆشە نیگایەوەو وەك تێڕوانینێك لەکێشەی نەتەوەییمان، بابڕوانینە خراپەکارییەکانی ئینگلیز بەرامبەر بەکورد، چ لەوەدا کە ولایەتی موسڵ، یا راستتر بڵێین باشووری کوردستانی خستە سەر عێراق یا لەتێکدانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، یا لەو هەموو بۆردومانانەی فڕۆکەکانی، ئەبینین هەمووی لەپێناوی دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بووە لەچاڵە نەوتەکانی کەرکوك، کەواتە کێشەی کێشەکانی باشووری کوردستان، چاڵە نەوتەکانی کەرکوکە، لەرابردوو ئێستاشدا، بۆیە ئەبوایە لەجیاتی ئەوەی کورد چ کاتی شێخ مەحمودو چ دوای ئەویش، ئەو هەموو شەڕانەی ناو شاخەکانی کوردستان بکات، قورسایی خەباتەکەی بخستایەتە سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوك‌و بەردەوام بەهەر شێوەیەك بۆی رێك کەوتایە، لەو چاڵە نەوتانەی بدایە، یا لەو بۆریانەی بدایە کە ئەو نەوتە لەکەرکوکەوە کێش ئەکەن، ئەوسا بێگومان ئینگلیزو هاوپەیمانەکانیشی ئەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی بەبێ دابینکردنی مافی کورد، ئەو پارووە چەورەیان بۆ قووت ناچێ.

دوور نییە هەر ئینگلیز خۆیشی ئەم بیرو بۆچوونەی هەبووبێ، بەبەڵگەی ئەوەی کاتێ ویلایەتی موسڵی خستە سەر عێراقی عەرەبی ساڵی ١٩٢٥، کۆمەڵێ مەرجی بۆ عێراق دانا کە ئەبێ کورد جۆرە حوکمێکی خۆیی (ئۆتۆنۆمی) هەبێ، ئەو مەرجانە لەلایەن کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبە الامم) یشەوە دووبارە کرایەوە. هەروەها عێراق بەپێی هەندێك مەرج لەکۆمەڵی نەتەوەکاندا وەرگیرا دوای ئەوەی راسپاردەیی (وصایە)ی لەسەر لابرا، ئەو مەرجانەش لەبەیانی دەستووری عێراقیدا کە رۆژی ١٩٣٢/٥/٣٠ دەرچوو، ئاشکراکراوەو تا ئێستاش کاریگەریتی ماوە. ئەو مەرجانە بریتییە لەوەی ئەبێ عێراق مافی کەمینەکان بپارێزێ‌و موڵکی تایبەتیش بپارێزێ بەتایبەتی نەوتەکانی کەرکوکەوە کە موڵکی کوردەو پێویستە داهاتەکانی بۆ گەلی کورد خەرج بکرێ. لەسەر عێراق پێویستە ئەوپەڕی گرنگی بەوە بداتو پێش هەموو یاسایەکی بخات. ئەگەر عێراق سەرپێچی لەوانەو لەئەرکەکانی سەرشانی کرد، ئەوا ئەبێ کۆمەڵەی نەتەوەکان‌و دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئەوەی پێویستە بیکات بەپێی هەردوو ماددەی (١٠ و ١٦)ی جاڕنامەی عێراقی ١٩٣٢/٥/٣٠ و هەردوو ماددەی (٣٦ و ٣٧) لەیاسای بنچینەیی دادگای

دادی نێودەوڵەتی، ئنجا بەپێی بڕیاری ١٩٤٦/٤/١٨ کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارە لەهەموو ئەرکەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان تا ئێستاش.

هەروەك بەڵگەیەکی تریش، چەرچڵ لەوەڵامی بروسکەیەکی سێر برسی کۆکسدا کە باری سەرنجی فەیسەڵی پاشای عێراقی تیا پیشان ئەدات کە گوایە فەیسەڵ مەبەستی لەوەی کوردستان بخرێتە سەر عێراق، ئەوەیە ژمارەی سوونی زیاد بکات لەئەنجومەنی تەئسیسیەدا کە نیازبوو لەو کاتەدا دابمەزرێنرێت، چەرچڵ ئەڵێ: (بروسکەی ژمارە ٥١٣ ی رۆژی ٩/٢٠تان بەجێیە بەمەرجێك کورد نەخرێتە ژێر دەستی عەرەبەوە ئەگەر خۆیان پێیان خۆش نەبێ)، ئەو بەڵگەنامانە تا ئێستاش ماون لەئەرشیفی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانداو ئێستا هەمووی لەناو ئەنتەرنێتدا پارێزراون.

بەڵام کاتێ بەریتانیاو هاوپەیمانەکانی‌و عێراقیش زانیان کورد هیچ مەترسییەکی نییە بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی کەرکوك‌و بۆرییەکانی‌و ئەوپەڕی کارێك کە بیکەن تەقوورتوقی ناوشاخەکانە، ئیتر هەموو ئەو مەرج‌و مافانەی کورد پشتگوێ خرا.

ئێستاش وا جارێکی تر مێژوو خۆی ئەگێڕێتەوە، تورك چاوی بڕیوەتەوە نەوتەکەی کەرکوك بەناوی ئەوەوە کە ویلایەتی موسڵ هی خۆی بووەو ئەبێ بدرێتەوە بەو، ئەمریکا وەك کەڵەگای جیهان ئەیەوێ دەست بگرێ بەسەر هەموو نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەوەی کەرکوکیشەوە، ئینگلیز بەشوێن رۆژانی زێڕینی لەدەست چوویدا وێڵە. فەرەنسا شوێن دەفتەری کۆنی قەرز کەوتووەو ئەشیەوێ بەشێکی ئەویش لەسامانی نەوتی ئەم ناوچەیەدا هەبێ. رژێمی عێراق بەتەمایە ببێتەوە بەعێراقەکەی جاران‌و ئابلۆقەکەی لەسەر لاچێت‌و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت. ئەوەی لەم ناوەدا بەدەس بەتاڵی ماوەتەوەو هیچ جووڵەیەکی تیادا نییەو دەستپێشکەرییەك ناکات کە بیسەلمێنێ ئەو خاوەنی راستەقینەی نەوتەکەی کەرکوکەو بەبێ دابینکردنی مافی نەتەوەیی ئەو جارێکی تر هیچ لایەنێك ناتوانێت خێر لەو نەوتە ببینێتەوە، ئەوە کوردە! ئێوە بڕوانن، دوای ئەو هەموو راستیانە کورد لەقسەی زل ناو رۆژنامەو کۆبوونەوە بۆ کەرکوك بەولاوە هیچ کردەوەیەکی کاریگەر ناکات کە بۆ جیهانی بسەلمێنێ ئەو خاوەنی نەوتی کەرکوکەو بێ دابینکردنی مافی نەتەوەیی ئەو، کەس خێر لەو نەوتە نابینێ‌و پێویستە سازش‌و رێککەوتن لەگەڵ کوردا بکرێ لەبارەی ئەو نەوتەوە.

سەرچاوەو پەراوێز:

١- د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم ل٢٧٩.

٢- د. کەمال مەزهەر، گاڵتەوگەپ بۆ گەمەکانی نێوان شێخ مەحمودو فرۆکەوانە ئینگلیزەکان: گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە ١٣٦ ساڵی ١٩٩٥ ل٦ تا ٢٢، لەو وتارەدا هێماکراوە بۆ ئەو سەرچاوانەی ئەو ژمارانەیان لێ وەرگیراوە.

٣-کامیل ژیر: کوردایەتی‌و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بنکەی چاپەمەنی رۆژ، سوید ئابی ١٩٩٤ ل٧٣ تا ٨٧.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە: ١٩٩٠ بەرواری ١٩٩٩/١١/٢

وەڵامێکی دۆستانە بۆ بەڕێز دکتۆر کوردۆ علی

کاژیك وەك حیزبێك لەپێناوی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتیی کوردداو بەدروشمی کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل و سەربەخۆیی کوردستان و فەلسەفەیەکی نوێی کوردایەتییەوە، لەدایکبوو و شۆڕشێکی بیرمەندییانەی بەرپاکرد.

ئێستا کاژیك، وەك ڕێکخراوێکی سیاسی لەکاردا نەماوە، بەڵام وەك بیرێکی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی، ئێستاش ماوە، لەڕووی پێکهاتەوە، کاتێخۆی، لەڕۆڵە هەرەپاك و بەرەوشت و نیشتمانپەروەرەکانی کورد پێکهاتبوو.

لەدوو ژمارەی ١٩٧١ و ١٩٧٢ی کوردستانی نوێ دا بەڕێز سالار یاسین گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر عەلیدا ئەنجامدابوو، لەژێر ناونیشانی کۆچی پێچەوانەی عەقڵی کوردی بۆ ناوەوە.

گفتوگۆکە، جگە لەو کۆچی پێچەوانەیە، گەلێ بابەتی تری گرتۆتەخۆ کە هەندێکیان جێگەی بایەخن و هەندێکیشیان جێگەی گلەیی.

وەڵامەکانی دکتۆر لەبارەی گەڕانەوەی خاوەن بڕوانامەکان لەدەرەوە بۆ ناوەوەی کوردستان و لەبارەی زمان و وەرگێڕان و یەکگرتنی زمانی کوردی و سەرەنجەکانی دەربارەی کارڵ مارکس و بەرهەمی هەندێك ڕۆژهەڵاتناس و کارل پۆپەر، بایەخێکی تایبەتیان هەیە، بەڵام ئەوانەی لەبارەی کاژیك و هەندێ شتیش لەبارەی دکتۆر جەمال نەبەزەوە وتوونی، جێگەی وتووێژو گلەیین، بابزانین چۆن؟

دکتۆر کوردۆ دەڵێ: (پەشیمانم لەوەی کە ئەو فەترەیەی لەکاژیکدا کارم کرد عەقڵم ئەوەندە تەسك بوو هەستم بەو کەموکوڕییانە نەدەکرد)، لەجێگەیەکی تری گفتوگۆکەدا دەڵێ: (کارل پۆپەر لەعەقڵەوە کۆمۆنیست بوو، بۆیە لەعەقڵیشەوە لێی دوورکەوتەوە، بەڵام من لەعەتفەو سۆز بوومە کۆمۆنیست.. بەڵام کە فامم کردەوە بۆم دەرکەوت ئەو ڕێبازە لەخزمەت مەسەلەی میللەتەکەمدا نییە، بۆیە بوومە دژی ئەو بیرە).

جا بەرامبەر بەم دووجار هەڵخەڵەتانەی دکتۆر، ئەشێ پەنا بەرینە بەر ئەو پەندە کوردییەی ئەڵێ: ئەگەر جارێك هەڵخەڵەتام خوا بەرامبەرەکەم بگرێ، ئەگەر بوو بەدووجار، خوا خۆم بگرێ. ئنجا ئەگەر پاساوی دکتۆر بۆ بوونە کۆمۆنیستەکەی ئەوەبێ کە ئەوسا منداڵ بووە، ئەی خۆ بەگەورەیی بوو بەکاژیکەو پاسۆکەو کاری تیا ئەکردن! کە تا ساڵی ١٩٨٧ واتا هەتا تەمەنی ٣٧ ساڵەی لەکاژیك و پاسۆك دا بردەسەر.

دکتۆر کوردۆ لەوەڵامی ئەوانەدا کە پێیان وتووە ئەبوایە ئەو یەکێك بوایە لەوانەی بیری کاژیکیان ڕزگاربکردایە، ئەڵێ: **(بیرێك کە خۆی لەخۆیدا نەبێ چۆن ڕزگار دەکرێ؟!)** منیش بەدکتۆری بەتەمەن کامڵو ڕۆشنبیرو نووسەرو لەئەورووپادا ژیاو دەڵێم: ئەگەر کاژیك بیرێك نەبوو، ئەو شوێن چی کەوتبوو! ؟ ئەی بۆ هەر خۆی وشەی (ماوبیر) بۆ برادەرەکانی کاژیکی بەکاردێنێ؟ ئەی بۆ ئەڵێ

(کاژێك بەدوای من نەگەڕا، من خۆم بەفتری کاژێك بووم، کاژێك بەمانای ئەوەی کوردم خۆشبوێ). ئەم قسەیەی چۆن لەگەڵ ئەو قسەیەیدا دەگونجێ کە دەڵێ: (کاتێك کە عەقڵم کرایەوەو چاوم کرایەوە لەتەمەنی سی‌وحەوتساڵیدا ــ نوسەر ــ تێگەیشتم فریودراوم)؟!

ئێستا کاژێك وەك ڕێکخراوێکی سیاسی لەکاردا نەماوە، بەڵام وەك بیرێکی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی ئێستاش ماوەو دوایی دێمە سەر شیکردنەوەی ئەم قسەیەم، هۆی نەمانی کاژێك وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، ئەوە نەبوو کە **(کاژێك ملۆتکەیەك بوو بەمردوویی لەدایکبوو)** وەك دکتۆر دەڵێ (دوایش گەڕانەوەم ئەبێ بۆ ئەو لەمپەرانەی هاتنە ڕێگەی گەشەنەکردنی ڕێکخراوی کاژێكو بوونە هۆی وەستانی ـ زیر).

دکتۆر دەڵێ: (کاژێك لەسلێمانی تێنەپەڕیوە تەنانەت لەگەڕەکێکی سلێمانی تێنەپەڕیوە) من بەپرسیارێکی زیندوو بەرپەرچی ئەم قسەی دکتۆر کوردۆ ئەدەمەوەو ئەڵێم ئەگەر وایە، ئەی فەرهاد عەبدولقادری کەرکوکی‌و دلاوەری کاکە زیادی کۆیی‌و شێرکۆ هەژاری موکریانی‌و جەواد مەلای سووری چی بوون؟ ئایا ئەوانیش هەر خەڵکی سلێمانی بوون؟ کە هەریەکەیان لەناوچەی خۆیاندا ژمارەیەك لایەنگری کاژێکیان بەدەوردا بوو، ئنجا ئەی دکتۆر تۆ خۆت یەکێك نەبووی لەئەندامانی لقی ئەورووپای کاژێك؟

دکتۆر دەڵێ: **(من شەرمم پێیە لەو حزبە ئیشم کردبێ)**، منیش داوا لەدکتۆر ئەکەم هۆی ئەو شەرمەمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

ڕاستییەکەی مرۆڤ کاتێك شەرمی پێدێ لەحزبێکدا ئیشی کردبێ، کە ئەو حزبە بێگانە پەرستییەکی کردبێ، یا بەدڕەوشتییەکی تێدابووبێ.

جا دکتۆری بەڕێز تۆ کە (خۆت بەفتری کاژێك بویت)و بەمەزەندەی خۆت نزیکەی بیست ساڵێك لەکاژێکدا کارتکردووە، هیچ شتێکی لەو جۆرەت هەست پێکردووە؟

ڕاستییەکەی لەڕووی پێکهاتەوە، کاژێك لەهەرە ڕۆڵە پاكو بەڕەوشتو نیشتمانپەروەرەکانی کورد پێکهاتبوو، ئەوەش لەدامەزرێنەرەکانییەوە دەرئەکەوێ کە بریتیبوون لەئەحمەد هەردی‌و جەمال نەبەزو عەبدوڵڵا جەوهەرو فەرەیدون عەلی ئەمین‌و ئیحسان فوئادو فایەق عارفو نووسەری ئەم چەند دێڕە کە لە ١٩٥٩/٤/١٤دا پێکهاتن لەسەر دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە سیاسییە بەناوی کۆمەڵەی ئازادی‌و ژیانەوەو یەکێتی کورد ـ کاژێکەوە، هەتا ئێستاش من دەست ئەکەم بەچاوی هەر کەسێکدا بڵێ بەری چاوی ئەو دامەزرێنەرو سەرکردانەی کاژێك کلی پێوەیە، بەدوای ئەوانیشدا هەموو ئەندامانی لق‌و ناوچەکان‌و کادیرە پێشکەوتووەکانی کاژێك هەر بەو جۆرە. لە هەڵێکدا ناوی هەموویان، دوای ڕەزامەندییان، بڵاوئەکەمەوە، بۆ ئەوەی بەبەڵگەی زیندوو قسەکەم بسەلمێنم نەك وەك دکتۆر لەبەریووڕە.

لەڕووی تیوریشەوە، کاژێك بۆیەکەمجار کوردایەتی لەسۆزەوە گواستەوە بۆ بیرو فەلسەفە، وەك لەنوسینەکانییەوە دەرئەکەوێ، ئێستاش بەباوەڕی من، ئەگەر خەڵکانێك هەبن نوسینەکانی ئەو کەسانەو ئەوانەی پێشووی دکتۆر کوردۆشیان لەلا پەسەند بێ، ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەو نوسینانە لەو بیرو فەلسەفەیەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە.

ئێستا کاژیك نەماوە تا بڵێین من بەم قسانەم پڕوپاگەندەی بۆ ئەکەم، من ئەم قسانەم وەك ڕاستییەکی مێژوویی ئەڵێم کە وردە وردە خاڵ ئەخەمە سەر پیتەکان‌و جارێ لێرەدا ئەڵێم: ئەوە هیچ جوامێرییەك نییە مرۆڤ بەرد بخاتە سەرچاوەیەکەوە کە ئاوی لێخواردبێتەوە.

کاك کوردۆ زۆر ساکارانە ئەڵێ: **(حزبێك، ڕێکخراوێك، گروپێك لەهەموو ژیانی خۆیدا کۆنفرانسێك کۆنگرەیەك نەگرێ، چۆن بەحزب ناوی دەبەی)**. ڕاستە گرتنی کۆنگرەو کۆنفرانس کارێکی باشە بۆ حزبێك، بەڵام بەنەگرتنیان ئەو حزبە لەحزبایەتی ناکەوێ، زۆر حزب بووەو هەیە کە کۆنگرەو کۆنفرانسیان نەگرتووە، یا دوای بیست سی ساڵ گرتوویانە، ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەبارودۆخەوە هەیە، کاژیك هەل گرتنی کۆنگرەیەکی بۆ نەڕەخساوە لەبەر ئەوەی زۆر بەنهێنی کاری ئەکرد، زۆربەی ئەندامەکانی لەناو حزبەکانی تردا کاریان ئەکردو تەنیا پەیوەندیی فەردییان هەبوو بەکاژیکەوە، بەتایبەتی لەناو پارتیەدلو بەزۆری لەناو هێزی خەباتدا کە بەئامر هێز فەتاح ئاغاو جێگرەکەی نوری حەمە عەلی‌و زۆربەی زۆری پێشمەرگەکانی ئەو هێزەوە کاژیك بوون‌و نەئەکرا لەکۆنگرەیەکدا خۆیان ئاشکرا بکەن، دوو ئەندامی سەرکردایەتیش شێخ محەمەدی هەرسین‌و محەمەدی عەزیز لەبارەگای بەرزانیەدا کاریان ئەکرد، ئەم دوو هاوبیرە دوایی بوون بەئەندامی سەرکردایەتی کاژیك لەئەنجامی یەکگرتنی کاژیك‌و پارتی گەلی کوردەوە. هەر لەئەندامانی سەرکردایەتی: ئەحمەد هەردی‌و فەرەیدون عەلی ئەمین تێکەڵ بەشۆڕشی ئەیلول بوون، جەمال نەبەزیش لەساڵی ١٩٦١ەوە چووە ئەورووپاو کامیل ژیریش ساڵی ١٩٦٢ ڕووی کردە سویسراو دوایی لەشام گیرسایەوە بۆ خوێندن‌و پاشتر گەڕایەوە بەغدا، دکتۆر ئیحسان فوئادیش چوو بۆ یەکێتی سۆڤێت بۆ گوزەراندنی دکتۆراکەی‌و پەیوەندی ئەما بەڕێکخستنەکانی کاژیکەوە، جگە لەوانە، کاژیك زۆر بەتوندی بەریەرەکانی ئەکرا نەك هەر لەلایەن ڕژێمی بەغداوە، بەڵکو لەلایەن هەردوو حزبی شیوعی‌و پارتیشەوە، لەبەر ئەوە کاژیك نەك هەر دەرفەتی بەستنی کۆنگرەی نەبوو، بەڵکو سیاسەتی بانگدان لەکوولەکەیدا پەیڕەو ئەکرد.

من تێناگەم دکتۆر کوردۆ بەڕاستێتی کە ئەڵێ **(لە هەموو ژیانی سیاسی کاژیك دا چوار پێنج بەیاننامەی دەرکردووە کە هیچ ئەهمیەتێکی نییە)**. ڕاستییەکەی کاژیك لەڕووی تیۆرییەوە دەوڵەمەندترین حزبی کوردی بووە لەسەردەمی خۆیدا، کاژیك جگە لەپەڕاوی (کاژیك نامە)و پەیڕەوو پرۆگرام‌و گۆڤاری چرای کوردستان‌و نەوەی کوردو بانگی کاژیك‌و حەقیقەتی کاژیك‌و دەیان نامیلکەیتر، ژمارەیەکی زۆریش بەیاننامەی دەرکردووە، چەند جاریش نامەی ئاڕاستەی بارزانی کردووەو لەو نامانەدا باری سەرنجی خۆی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلول‌و پەیوەندیی شۆڕش لەگەڵ ئێران‌و شۆڕش‌و دانوستانەکانی لەگەڵ بەغداد پیشانداوە، نامیلکەی (کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو ڕژێمە ــ ئەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا) هی سەرکردایەتی کاژیکە، سەرەتا جەمال نەبەز دایڕشت‌و دوایی سەرکردایەتی پیاچووەو لێی زیادو کەم کردو بڕیاری لەسەردا‌و پاشان بەکامیل ژیر سپێردرا سەرلەنوێ بینوسێتەوەو بەچاپی بگەیەنێت، ئەمیش بەشێوازی خۆی وەك ئەدەبێکی گاڵتەئامێزانە (سخریة) دایڕشتەوەو لەڕیقابەی بەغداد کە ئەوسا بەڕێز عەزیز خانەقا لێپرسراوی بەشی کوردی بوو تیایدا، ڕەزامەندی بۆ وەرگرت بەناوی ئاشکرای خۆیەوە لەڕیقابەو بەناوی زەردەشتەوە لەسەر کتێبەکەو ٢ هەزار دانەی لێچاپکراوە کە لەماوەی دوو مانگێکدا هەمووی فرۆشراو دوایی خەڵکی کەوتنە لەبەرنوسینەوەی، جگە لەوە بەشێك لەهەڵبەستەکانی کامیل ژیر لەگەڵ

پێشەکییەکی نەبەزدا کە هەمووی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی کاژیک بوو بەناوی (کوردایەتی — کوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیکو دوورمانە) بە ٣ هەزار دانە چاپکراو دوایی کتێبخانەی سەیدیان لەسنە (٥)جار چاپکردەوە، ئێستا هەموو بەرهەمە بیرمەندییەکانی کاژیک لەلای بەڕێز دکتۆر جەمال نەبەز پارێزراونو دکتۆر کوردۆ عەلیش هەمووی دیونو زۆریشیان لەمەکتەبەی شوقەکەی دکتۆر کوردۆدا لەئەڵمانیا هەن، من بەچاوی خۆم ساڵی ١٩٨٢ ژمارەیکی زۆر لەنووسراوەکانی کاژیکو پاسۆکم لەشوقەکەی دکتۆر کوردۆ عەلی لەڤیەننا دی کە بەمیوانی دوو شەو لەو شوقەیەدا لای ئەو مامەوەو ماڵی ئاوابێ ئەرکی خانەخوێیەتی کوردانەی بەجێهێنا.

کاک کوردۆ ئەڵێ: (**کۆمەڵێک شاعیرو نووسەر بەخەیاڵێکی رۆمانسیانەوە شتێکیان دروستکردووە کە رووشیان نەهات بینێژن**) جارێ هیچ خەوشێك لەوەدا نییە کە کۆمەڵێك شاعیرو نووسەر حزبێك دروستبکەن، بەڵکو ئەنجامدانی کارێکی سیاسیو ئایدیۆلۆجی لەو جۆرە، هەر لەکەسانی بیرمەندی وەك نووسەرو شاعیر بوەشێتەوە باشترە وەك لەژمارەیەك نەخوێندەوارو عەشایەر. من لەو باوەڕەدام ئەگەر چەند سەرەك هۆزێك دەستێکیان هەبوایە لەدروستکردنی کاژیکدا، ئێستا دکتۆر کوردۆ ڕەخنەی ئەوەی لێئەگرتێ کە کۆمەڵێك دەرەبەگو کۆنەپەرست کاژیکیان بەخەیاڵێکی دەرەبەگانە دروستکردووە! دوای ئەوە کاژیك تا ئێستاش نەمردووە تا لەڕووبان هاتبێ یا نەهاتبێ بینێژێن، کاژیك بەبڕیاری کۆنفرانسێك لەشاری بەغدە لەهاوینی ساڵی ١٩٧٤دا چالاکییەکانی خۆی لەناو کوردستاندا ڕاگرتو وەك ڕێکخستنێك هەڵپەسێردراو تا ئێستاش هەروایە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە لەو ساڵەدا زۆربەی حزبە کوردییەکان، بەوانەشەوە کە ئەوسا بەناوی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلالەوە ناو ئەبران، چوونە ژێر باڵی شۆڕشی ئەیلولەوەو هەوڵی سەرخستنی ئەو شۆڕشەیان ئەدا، جگە لەوەش کاژیك هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە، کوردایەتی زیاتر لەلا مەبەست بووە وەك لەحزبایەتی، ئنجا دەستدانە کارێکی وەك دروستکردنی حزبێك کە بۆ ڕزگاریو سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی کوردستان خەبات بکات، ئەوە خەیاڵێکی ڕۆمانسیانەیە یا کارێکی ترسناکی جوامێرانەیە؟.. تا ئێستاش کەس بەمارکسییەکانی نەوتووە ڕۆمانسی کە بۆ یەکگرتنی هەموو کرێکارانی جیهانو هەموو حکومەتو میللەتانی دنیا هەوڵئەدەن، کەسیش بەعەرەبە نەتەوەییەکانی نەوتووە ڕۆمانسی کە بۆ یەکگرتنەوەی (٢٢) پارچەی عەرەبنشینان هەوڵ ئەدەن.

پێشتریش کەس بەجوولەکەی نەوتووە ڕۆمانسی کە بەهەموو کونجێکی دنیادا بڵاوکرابوونەوەو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی جولەکە هەوڵیانئەدا.

هەردوو لایەنی گفتوگۆکە، سالارو کوردۆ، لەسەر ئەوە پێکهاتبوون کە (**بوونی کاژیك ڕێگەی ئەوەی بەستەوە کە بیرێکی نەتەوەیی ڕاستەقینە بێتە کایەوە، بیرێکی ڕێكوپێكو خەملیوی شیاوو گونجاو**)!!

هەویری ئەم قسەیە حەوت بەرمیل ئاو دەکێشێت:

١- کاژیك دەستی کەسی نەگرتبوو کە حزبێکی تری نەتەوەیی دروست بکەن. کاژیك نەدەوڵەت بوو، نە دەزگایەکی پۆلیسی هەبوو کە ڕێگە لەخەڵکی بگرێ بۆ دروستکردنی هەر جۆرە حزبێك یا بۆ داڕشتنی هەر جۆرە بیرێك.

ئەوەتا ئێوە خۆتان ئەڵێن: (کاژیك بەردەوام لەپەراوێزدا ژیاوەو هیچ کاریگەریو قورساییەکی نەبووە.. هیچی پێنەکرا.. هیچیان نەکردووە) پێشتریش دکتۆر کوردۆ وتی (کاژیك لەگەڕەکێکی

سلێمانی تێنەپەڕیوە)، ئیتر بەرامبەر بەو هەموو هیچو تەنیا گەڕەکە بۆ ئەبێ ئەو کوردستانە گەورەیە دەستەوستان دانیشتبن‌و بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەیان نەهێنابێتە کایەوە؟ کەواتە ئەم دوو برادەرە خۆیان وەلامی خۆیان ئەدەنەوەو ئەنجامی قسەکانیان ئەوە ئەگەیەنن کە کاژیك شت بووەو قورسایی خۆی هەبووە لەسەر جەماوەرو لەسەر دەوروبەرو لەسەر سیاسەت!

٢- دوای کۆنفرانسەکەی ئەغەدە، هەر لەساڵی ١٩٧٤دا، ژمارەیەك ئەفەری پەراگەندەو ژمارەیەکیش کە هەرگیز پەیوەندییان بەکاژیکەوە نەبووە، بەیاننامەیەکیان بەهاوکاریو یارمەتی قیادەی مەرکەزیی حزبی شیوعی دەرکرد، تیایدا قیادەی کاژیکیان دەرکردو خۆیان کردە سەرکردایەتی تازەی کاژیك‌و ئەوانیش هەر لەم جۆرە قسانەی ئەو دووبرادەرەیان ئەوتەوە، کەچی زۆری نەخایاند وەك بلقی سەر ئاو هەر لەخۆیانەوە نە ناویان ماو نە ناوەڕۆك.

٣- دوای ئەوان پاسۆك دروستبوو، پاسۆك نە لەپەراوێزدا بوو، نە لەکولەکەشدا بانگی ئەدا، بەڵکو دەستیدایە چەکو چووە شاخیش کەچی لەساڵی ١٩٧٥ەوە تا راپەڕینی ١٩٩١یش هەر بریتی بوون لەکۆمەڵی مەنجەڵە یاپراخەکەو کەسێکی ئەوتۆیان لێکۆنەبووەوە، دوای راپەڕینیش‌و لەجادەی ئەختیشدا جەماوەرەکە هەر رووی نەکردە ئەوان بێئەوەی خەوشێکیان هەبێ، تەنانەت لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیشدا، بەپاسۆك‌و بەسۆشیالیستیش تەنیا ٢,٥٧٢٪ دەنگیان هێنا.

٤- بەرمیلی چوارەمی ئاوی هەویرەکەی ئەم دووبرادەرە، بەراشکاوی ئەوە ئەگەیەنن کە ئێستاش هیچ کام لەو حزبانەی لەکوردستاندا هەن (هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی راستەقینە نین، بیرێکی رێك‌وپێك‌و خەمڵیوی شیاوو گونجاو)، ئەوەش قسەیەکی راستەو منیش لەگەڵ ئەواندام.

٥- ئەی کەواتە ئێستا بۆچی حزبێکی (هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەی رێك‌وپێك‌و خەمڵیوی شیاوو گونجاو) دروست نابێ، خۆ ئێستا نەکاژیك هەیەو نەپاسۆك کە ببنە داهۆڵ‌و رێگە لەبیرێکی لەو جۆرە بگرن؟

٦- خوالێخۆشبوو دکتۆر کامیل بەصیر، هەموو جارێك ئەیوت (کاژیك چاکترین حزب‌و بیروباوەڕە، بەلام میللەتی کوردی هێنی ئەو بارە نییە).

٧- ئێستا لەم خاڵی هەوتەمەوە نۆرە ئەدەم بەخۆم، رایەك دەربڕم لەبارەی هۆکانی سەرنەکەوتنی کاژیك‌و پاسۆکەوە:

أ- هۆی یەکەم کە هۆی سەرکییە: کاژیك لەرووی رێکخستنەوە پێش رۆژگاری کورد کەوت، لەرۆژێکدا لەدلیکبوو کە بیروباوەڕی چەپی نانەتەوەیی بەسەر مێشکی مرۆڤی کوردا زۆر زاڵ بوو، ئەو بیروباوەڕە هەر هی حزبی شیوعی نەبوو، بەڵکو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق‌و ئەوەی ئێران‌و کوردەکانی باکووری رۆژئاواو زۆربەی بێلایەنەکانیش پێشبڕکێیان لەگەڵ حزبی شیوعیی عێراق‌و ئێران‌و سوریاو تورکیادا ئەکرد لەسەر مارکسیتی.

زۆربەی خەڵکە ناسیاسییەکەش وەك وشکە موسوڵمانێك بیریان ئەکردەوە، بێگومان رێکخستنێکی نوێی وەك کاژیك بەبیروباوەڕێکی نوێی نەتەوەییانەی دژ بەمارکسیتی، ئەوەندەی پێویست خەڵکی شوێن ناکەوێ، ئەوسا ئەبوایەو ئێستاش بۆ سەرکەوتنی رێکخستنێکی نەتەوەیی وەك کاژیك یان وەك ئەو دوو برادەرە ئەڵێن (بیرێکی نەتەوەیی راستەقینەی رێکوپێك‌و خەمڵیوی شیاوو گونجاو) پێویستە پێش ئەوە ئەو بیروباوەڕە بچێتە قاڵبی رێکخستنێکی حزبییەوە، مێشکی ئەو خەڵکە بشۆردرێتەوە

لەهەموو خلتەو خەوشێكی نانەتەوەییانەو لەجێی ئەو خلتەو خەوشە خۆراكی بیروباوەڕی نەتەوەییان بدرێتێ، ئەوەش بەچالاكیەكی ڕۆشنبیرانەی ئاشكرای بەرفراوان دێتە ئەنجام، نەك بەڕێكخستنێكی حزبیانەی نهێنیی فرە دوژمندار كە ناچارین بانگ لەكولەكەی تەڕدا بدات، هەر كات ڕۆشنبیرە نەتەوەییەكانی كورد توانیان ئەو ئەركە ئەنجام بدەن، ئەوسا ڕێكخستنێكی حزبی نەتەوەییانە سەركەوتوو ئەبێ، ئەوەش كاری نەكردە نیەو پاشەڕۆژ هەر بۆ كوردایەتییە.

ب- هۆی دووەم: سەرەتای دروستبوونی كاژیك، لە ١٩٥٩/٤/١٤ەوە تا ١٩٦١/٩/١١ ژمارەیكی باش لەكاژیك كۆبوونەوە.

بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولدا ئەوە تارادەیەكی زۆر وەستا، چونكە كاتێ خەڵكەكە بینی ئەوا پارتی بەگوللە شەڕ بۆ كورد ئەكات، ئیتر ئایدیۆلۆژیای كاژیك ئەو كاریگەرێتییەی نەماو هەرچی دڵی بۆ كورد لێی ئەدا، چووە پاڵ پارتیو شۆڕشەكە، بەتایبەتی كەسێتی بارزانی ئەوەندە بەهێز بوو كە سەركردایەتی هەر حزبێكی بكردایە، خەڵكی روویان لەو حزبە ئەكرد. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەو كاتە بارزانی تازە لەسۆڤێتی قیبلەی ماركسییەكان گەڕابووەوە.

ج- هۆی سێهەم: ئەوەبوو كاژیك زیاتر كوردایەتی ئەكرد وەك لەحزبایەتی، لەبەر ئەوە هەموو تواناكانی خۆی خستەپاڵ شۆڕشی ئەیلول كە بمانویستایەو نەمانویستایە ئەوە بەسوود بۆ پارتیو بەزیان بۆ كاژیك ئەشكایەوە، بەڵام دەربەستی ئەوە نەبووینو ئاواتمان سەركەوتنی شۆڕشەكەبوو.

د- هۆی چوارەم: مەسەلەی كانی ماسی بوو كە ناڕەوا لەو سەردەمەدا بەسەر كاژیك دا شكایەوە، كە لەڕاستیدا كاژیك بەهیچ جۆرێك دەستی لەخراپەكارییەكانی، كانی ماسیو كوشتنی شیوعیەكاندا نەبوو، ڕاستی مەسەلەكەش بەم جۆرە بوو:

لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە لاوێك لەسلێمانی بەناوی عوسەی ئامەوە ناوبانگی دەركرد بەئازایەتی، ئەم لاوە چەند سیخوڕێكی ڕژێمی بەغدای كوشتووە، خۆی ئەندامی پارتی بوو، لەهەمان كاتدا ئەندامی لاوانی نەتەوەیی سەر بەكاژیكیش بوو، لەناو خەڵكدا نەتەوەییانە ئەدوا.

لەبەر ئەوە زیاتر لەسەر كاژیك ماڵ بوو، ڕۆژێك لەگەڵ یەكێك لەبرادەرە چەكدارەكانی خۆیدا شەڕێكی ئەبێو ئەیكوژێو دوایی بۆ داپۆشینی ئەو تاوانەی، ئەیكا بەدیعایە كە شیوعیەكان كوشتویانە.

ئنجا خۆیو برادەرەكانی تری ئەچن لەناو بازاڕدا چەند شیوعییەكی بێئاگاو بێتاوان ئەكوژن، گوایە ئەوە لەتۆڵەی برادەرەكەی عوسماندایە، بێگومان تاوانەكە زۆر چەپەڵ بووەو پارتی بۆ ئەوەی لەخۆی دوورخاتەوە، ئەیخاتە پاڵ كاژیك، شیوعیەكانیش ئەوەیان بەهەلزانی بۆ سووككردنی كاژیكو ئەوانیش تاوانەكەیان خستە پاڵ كاژیك، عوسەی ئامەش چونكە زیاتر بەكاژیك ناسرابوو، رەمەكی خەڵكەكەش باوەڕیانكرد. هاوبیرانی كاژیكیش لە سلێمانی بەیانێكیان دەرنەكرد كە تاوانەكە لەخۆیان دوورخەنەوە، كە ئەوە هەڵەیەكی گەورە بووە، من ئەو كاتە لەبەغداد لەكولیجی ماف ئەمخوێندو فەرمانبەریش بووم لەبەغداد، دوای چەند مانگێك سەری سلێمانیم دایەوە، تا ئەو كاتەش ئەو ڕاستیانە بەتەواوی ڕوون نەبووبۆوە بۆ سەركردایەتی كاژیكو بەتەواوی نەیانئەزانی ڕاستیو مەبەستی ئەو تاوانە چیبووە، دوایی ساغكرایەوە، كاتێ كە وەخت تێپەڕی كردبوو بۆ دەركردنی بەیانێكی لەو جۆرە بەڕای هەندێك

لەهاوبیران، بەلام هەر ئەبوایە لە دوای تاوانەکە کاژێك لەبەیانێکدا ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەو تاوانە دەربڕیایە.

منیش بەبێ هیچ پرسیارو وەلامێك، ئەمزانی ئەوە کاری کاژێك نەبووە، چونکە هەموو کاژێك لەو کاتەدا خاوەنی دەمانچەیەك نەبوو، خاوەنی سەد دینار نەبوو، ئنجا ئەگەر کاژێك تواناشی هەبوایەو بشیویستایە دەستێك لەدوژمنەکانی بوەشێنێت، نەئەچوو ئەو خەلکە بێدەسەلاتە بێتاوانانە بکوژێ، بەلکو کێشەی خۆی لەگەل سەرکردەکانیاندا یەکالا ئەکردەوە، کە لەڕاستیدا ئەو کاتە جگە لەجیاوازیی بیروباوەڕ، هیچ کێشەیەکی تر لەئارادا نەبوو، هیچ دەسدرێژییەکیش نەکرابووە سەر کاژێك کە شایانی تۆلەیەکی لەو جۆرەبێ، بەلام خەلکی ئەم ڕاستیانەیان نەئەزانیو ئەو کارەساتە ناوبانگێکی خراپی بۆ کاژێك بەجێهێشتو بووە لەمپەرێك لەڕێگەی گەشەکردنیدا.

هـ- جگە لەوانە، ژمارەیەکیش لەهاوبیرانی خۆمان، کەموکورتیو ئەمەلیو ناوابەستەییی هەبووە، کە ئەوانە لەهەموو حزبێکی تریشدا هەیە، ئەوانە بەکورتی هۆی سەرنەکەوتنەکە بوون.

لەبارەی وازهێنانی دکتۆر کوردۆوە لەکاژێکو سۆکسەو پاسۆك، ئەوەبو بینیمان هەرچی خراپە بەکاژێکو پاسۆکی وت، کەچی دوایی ئەڵێ: (**بە جەمال نەبەزم وت لەداخی ئێو واز ئەهێنم**)، کەواتە مەسەلەکە بوو بەمەسەلەیەکی کەسیە، نەك مەسەلەیەکی مەبدەئی!

کاك کوردۆ لەمەش زیاتر خۆی ئاشکرا ئەکاتو ئەڵێ: (**پێموت ئەگەر تۆ نەبایە من وازمنەدەهێنا**) باشە ئەم قسەیە چۆن ئەگونجێ لەگەل ئەو قسانەی تریدا بەتایبەتی ئەوەی ئەڵێ (**من شەرمم پێیە لەو حزبە ئیشم کردبێ**)، ئنجا مامۆستا جەمال نەبەزێك کە هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبێ بۆ کوردایەتیو دەریایەك بێ لەزانستو خاوەنی زیاتر لەشەست بەرهەمی چاپکراوو زیاتر لە (٣٠) بەرهەمی چاپنەکراوی ئاست بەرزو کەم وێنە بێ لەبوارەکانی کوردایەتیو سیاسەتو مێژوو زمانو وێژەو زانستو فەرهەنگدا بێئەوەی داوای پاداشتێکی لەهیچ کەسو لایەنێك کردبێ.. چۆن ئەبێ ڕۆشنبیرێکی وەك کاك کوردۆ لەدلخی ئەو واز لەرێکخستنێکو بیروباوەڕێك بێنێ؟!

کە ئەو وازهێنانەش (**لەو کاتەدا بووە کە دکتۆر نەبەز دەعوەتی بەیانیی بۆ دکتۆر کوردۆ کردووە لەبەرلین**)!

من نالێم دکتۆر نەبەز هیچ کەموکورییەکی نییە، هیچ مرۆڤێ لەم دنیایەدا نیە بێ کەموکوڕی، گریمان لەهەندێك سیدو بۆچووندا نەپێکابێ، یا (٣٨) ساڵی غەریبیو تەنیایی تۆزێك دلی ناسك کردبێ، ئەوانە چین لەچاو کارە مەزنەکانی ئەو بەڕێزەدا؟ بێینەوە سەر کاژێك کە دکتۆر کوردۆ ئەڵێ: (**هەوری چی بووە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردیدا**)، منیش لەسەرەتای ئەم نوسینەمدا وتم ئێستاش بیرۆکەی کاژێك ماوە، برادەر سالار یاسینیش ئەڵێ: (**کاژێك هیچ کاریگەریو قورساییەکی نەبووە**).

ئێمە تۆزێ لەمەوبەر ئەو لەمپەرانەمان پیشاندا کە لەڕێگەی پێشکەوتنی کاژێکدا بوون، ئەوانە سەرباری نزمیی هوشیاریی نەتەوەیی لەناو کوردا، لەگەل ئەوەشدا کاژێك لەهەموو ڕووەوە، کەم تا زۆر دەوری هەبووە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردیو کاریگەریو قورساییشی هەبووە لەم بوارانەدا:

یەکەم/ پەردەهەلمالین لەڕووی بیروباوەڕی نانەتەوەییانەی وەك مارکسیتی، ئەوەش لەڕێگەی ئەدەبیاتەکانی کاژێکو نوسینەکانی نەبەزو هەردیو جەوهەرو فەرەیدونو زیرەوە.

دووەم/ پەردەهەلمالین لەڕووی شۆڤێنیتی فارسیو عەرەبیو تورکیەوە بەهەمان ڕێگە.

سێیەم/ گەشەدان بەبیروباوەڕی نەتەوەیی کوردیو گواستنەوەی کوردایەتی لەسۆزەوە بۆ بیربەهەمان ڕێگە، من خۆم لەچەندین ئەندامانی پارتیو یەکێتیو ڕۆشنبیری تریش ئەبیسمو ئەڵێن ئەوەی جاران ئێوەی کاژێك ئەتانوتو ئێمە بەتاوانمان ئەزانی، ئێستا ئێمەش ئەوانە ئەڵێینەوەو ئەشی نووسین، کاژێك یەکەم کۆمەڵو کەسانێك بوون کە سەلماندیان کوردایەتی قۆناغ نیە، بەڵکو ڕاستیەکی مێژوویی هەمیشەییە، کاژێك توانی بیرۆکەی برایەتیی داگیرکەرو داگیرکراو ڕەتکاتەوەو ئەوە بسەلمێنێ کە ئۆتۆنۆمی چارەسەری کێشەی کورد ناکاتو سەربەخۆیی کوردستان وەك ستراتیجێك ڕابگەیەنێت.

بەر لەکاژێك بۆشاییەکی فکری لەکوردستاندا هەبوو، ئەو بۆشاییە هەمیشە بەبیروباوەڕی نامۆی وەك تورکچێتیو بەناوی ئیسلامەوە عەرەبچێتیو لەو دواییەشدا مارکسێتی پڕ ئەکرایەوە، بەڵام بەپەیدابوونی کاژێك بیروباوەڕی ڕەسەنی کوردایەتی دروستبوو، هەر بەهۆی کاریگەرێتی کاژێکەوە، پارتی وازی لەبنەمای (سود لەمارکسێتی لینینی وەرئەگرین) هێنا، یەکێتیش خەریکە وردە وردە لەمارکسێتی دوور ئەکەوێتەوە.

کاژێك لەئاستی ئەوروپادا خاوەنی ڕێکخراوێکی وەك سوکسە بوو کە ئەوسا گەورەترین ڕێکخراوێکی سیاسی کوردانی خوێندکاری ئەوروپابوو.

کاژێك بۆ یەکەمجار مەسەلەیەکی گرنگی ووروژان، ئەویش مەسەلەی ئابوریی کوردستان بو لەژێر فەرمانڕەوایەتیی داگیرکەراندا کە پێی وابوو سامانی کوردستان لەژێر فەرمانڕەوایەتیی ئەو داگیرکەرانەدا هەر بەشێوەی خام بمێنێتەوە چاکترە نەك ئەوان بیخەنە کارو خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەنو بیکەن بە بۆمباو بیشکێننەوە بەسەر کوردا، لەبەرئەوە هانی پرۆژە ئابوورییەکانی داگیرکەرانی ئەدا لەکوردستاندا، کاژێك بۆ یەکەمجار مێژووی کوردی باسخوازیانەو شۆڕشگێڕانەو زانستیانە لێکداوەتەوەو هۆی سەرنەکەوتنی بزوتنەوەکانی پێشووی کوردی شیکردۆتەوە لەکاژێکنامەو نوسینەکانی تریدا.

کاژێك بۆ یەکەمجار لەناو کوردا بیرۆکەی نێونەتەوەیی (أممی) ڕەتکردۆتەوە، ئەو بیرۆکەیەی سەرجەمی نەتەوەکان ئەکاتە یەکەیەك بۆ خاڵی دەسپێکردنو دەربڕینی خۆی، بێگوێدانە باروبۆخو جیاوازیی چەندێتیو چۆنێتی هەر نەتەوەیەك.

هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە کاژێك خاڵی دەسپێکردنو دەربڕین لەچینێکی تایبەتی کۆمەڵەوە ڕەتئەکاتەوەو هەموو نەتەوەی مەبەستەو هەوڵیش ئەدات بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی، بەدوو دروشمی نوێشەوە هاتەپێشەوە.

دروشمی کوردستان بۆ کورد، یەکسانی بۆ گەل، بەپێی دروشمی یەکەم، ژێر دەستەیەتی ڕەتئەکاتەوەو باوەڕی بەچارەسەری نیوەناچڵ نییە بۆ کێشەی کورد، مەگەر بەشێوەیەکی کاتی، ئەویش بەمەرجێك هەنگاوێك لەسەربەخۆییەوە نزیکمان بخاتەوە.

یەکسانییەکیش لاسایی کردنەوەی هیچ کام لەسۆشیالیستەکانی وڵاتانی تر نییە، بەڵکو یەکسانییەکی گونجاوە بۆ کوردستان.

هەر لەبواری کاریگەرێتی کاژێك بۆ سەر لایەنەکانی تروگۆڕینی باری سەرنجیان بەرامبەر دیاردە بیرمەندیو لۆجیکیو کۆمەڵایەتییەکانو لەوەڵامی ئەو دوو پرادەرەدا، ئەم نموونەیە باس ئەکەین:

مارکسییەکان بەگشتی لەو باوەڕەدابوون کە بەرژەوەندیی ئابوریی چینی کرێکار هەرگیز لەگەڵ بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار ڕێکناکەوێ، هەروەها بەرژەوەندی ئابوری چینی کرێکار لەهەموو جیهاندا هەریەك بەرژەوەندییە.

بەڵام کاژێك پێی وابوو بەرژەوەندیی ئابوریی چینی کرێکار لەوڵاتێکدا، گەلێجار لەگەڵ بەرژەوەندی ئابوریی چینی سەرمایەداری ئەو وڵاتە ڕێکدەکەوێ دژی بەرژەوەندی ئابوری چینی کرێکاری وڵاتێکی دی، ئنجا بیست ساڵ دوای ئەوە، کۆمەڵەی ڕەنجەران کە کۆمەڵەیەکی مارکسی کوردی بوو، دانی بەوەدا نا کە بەرژەوەندیی ئابوریو سیاسیو کولتوری چینی کرێکاری کوردستان بەهیچ جۆرێ لەگەڵ بەرژەوەندیی ئابوریو سیاسیو کولتوری چینی وڵاتانی عێراق تورکیاو سوریاو ئێران، واتە چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە یەك نینو زۆر ناکۆکن، چینی کرێکاری کورد لەلایەن چینی کرێکاری عەرەبو تورکو فارسەوە دەچەوسێنرێنەوەو تەنگ بەژیانی هەڵدەچنرێ، هەروەها ئەم کۆمەڵە مارکسییە لینینیە دوای بیست ساڵ وەك کاژێك دان بەوەدا ئەنێن کە ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەشکردووە، داگیرکەرو کۆلۆنیالیستنو کرێکارەکانیشیان بەبیری شۆڤێنیانەو داگیرکەرانەو ڕەگەزپەرستانەو خۆبەزلگرانەوە پەروەردە دەکرێن دژی کرێکاری کورد.

جگە لەوە، هەموان ئەزانن کە لەدروستبوونی حزبی رزگاری کوردەوە (١٩٤٥–١٩٤٦) لەباشور خواستی سەربەخۆیی کوردستان بەلاوە نراو دروشمی ئۆتۆنۆمی سەریهەڵدا، بووە جێگری سەربەخۆیی لەکوردستاندا، لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش، حزبی دیموکراتی کوردستان لەتشرینی دووەمی ١٩٤٥ ەوەو جارێکیتر لەباشووری کوردستانەوە، پارتی دیموکراتی کورد لە ١٩٤٦/٨/١٦ەوە ئۆتۆنۆمیان کردە ستراتیجی خۆیان، ئەوەش جێگەی ڕەزامەندیی حزبی شیوعی عێراقیو کۆلۆنیالیستەکانی جیهان بوو، هەروەها ئەم دروشمە لەبەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستانیش بوو، لەچاو سەربەخۆیدا، دوای هەڵگێڕانەوەکەی قاسم لە ١٤ تەموزی ١٩٥٨دا، خواستی سەربەخۆییو باسکردنی، بەیەکێك لەناپاکیی نیشتمانی ئەژمێردرا، نەك هەر لەلایەن داگیرکەرانو کۆمۆنستانەوە، بەڵکو لەلایەن حزبو ڕێکخراوە سیاسیە کوردەکانیشەوە.

بەجۆرێك وایلیهات ژمارەیەك کۆمۆنیست کەوتنە ناو سەرکردایەتی پارتیەوەو ویستیان ڕێکخراوی لاوانی کوردستان لەناو ڕێکخراوی گەنجانی عێراقی سەر بەکۆمۆنیستەکاندا بتوێننەوە، ئەو کۆمۆنیستانە دەستیانگرت بەسەر ڕۆژنامەی خەباتی پارتیداو چاویان بڕیبووە ئەوەی پارتی بکەنە فۆتۆکۆپی حزبی شیوعی، کار گەیشتە ئەوەی گاڵتە بەهەموو کەلەپووری سەروەرییەکانی کورد بکرێت، بەمعاریفی کوردستانیان ئەوت معاریفی قلیاسان*، لەوەڵامی ڕۆژباشدا، تاکە کڵاش ئەوترا، ماڵی ژمارەیەك لەوانەی دەسبەرداری کوردایەتی نەبوون، نیشانەکرا بۆ ئەوەی ئەوانیش وەك ئەوانەی کەرکوك ڕاکێشرێن (سحل) کرێن.

ئا لەو بارودۆخەدا، کاژێك وەك حزبێك لەپێناوی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کوردداو بەدروشمی سەربەخۆیی کوردستانو فەلسەفەیەکی نوێی کوردایەتیەوە لەدایکبوو و شۆڕشێکی بیرمەندیانەی

---

* لەبارەی معاریفی کوردستانەوە، لەنزیك کۆتایی ئەم بەرهەمەدا، بەدواداچوونو بەڵگەنامەیەك بخوێنەرەوە.

لەڕێگەی نوسینەکانییەوە وەك حزبێك و لەڕێگەی پێنووسی ژمارەیەك لەدامەزرێنەرەکانییەوە بەشێوەی هۆنراوەو پەخشان بەرپاکرد.

ئنجا ئەگەر کاژیك وەك ڕێکخستنێك سەرکەوتوو نەبووبێ و دوای ١٦ ساڵ ڕاگیرابێ، ئەمڕۆ، واتا دوای تێپەڕبوونی چل ساڵ وەك بیرێکی نەتەوەیی ڕەسەنی کوردی، لەبەردەوام بووندایەو پاشەڕۆژیش لەکوردستاندا بۆ بیروباوەڕی کوردایەتییە. بەتاقیکردنەوەی ئەم چل ساڵەش دەرکەوتووە بزاف و بیروباوەڕی کوردایەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبرەوێکی زیاتردایە، ئەوەش خواست و مەبەستی هاوبیرانی کاژیکەو جێگەی شانازییانە بێنەوەی ئەو هاوبیرانە چاویان لەپارتایەتی و پاداشتی مادییەوە بێت، ڕۆژانی خەباتی کاژیکانەشیان وەك ڕێکخستنێك بەڕۆژانی جەوامێری ئەزانن، نەك بەشەرم و پەشیمانی، کاروانی بیروباوەڕەکەش بەردەوامە، کاژیك واتا: ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد، ئیتر ئەوە چ پێویست بە (براءة) ئەکا لەکوردستانێکی ئازادا؟!

کامیل ژیر

ئەحمەد هەردی

جەمال نەبەز

عەبدوڵا جەوهەر

ئیحسان فوئاد

فەرەیدون عەلی ئەمین

فایەق عارف

دامەزرێنەرانی کاژیك ١٩٥٩/٤/١٤

لەوەڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی ڕێزداری (هاوبیر)دا
ژمارە "١" سێ شەممە ١٤ ڕەشەمێی ٢٧٠١ ٢٠٠٢/٣/٥ ل٥

کامیـــــل ژیـــــر: کاژیـــــک وەک بیرمـــــاوەو ڕۆژێـــــک نـــــەبێت بچێتەوە قاڵبی ڕێکخستنەوە

• سەبارەت بەچۆنێتی کۆتایی هاتنی کاری سیاسی کاژیک چی دەڵێن؟

– زۆر بەکورتی ئەڵێم: کاژیک خۆی کرد بەقوربانی شۆڕشی ئەیلول، ئەوەش لەو بارەڕەوە بوو کە نەتەوە لەحیزب گرنگترە. ئێمەی دامەزرێنەرانی کاژیک نەک هەر نەمانویست ببینە کۆسپێک لەبەردەم ئەو شۆڕشەدا، بەڵکو بوینە مۆمێک بۆ ئەو شۆڕشە سوتاین، کارەکەشمان وەک کاری سەربازێکی نادیاربو.

ڕاستییەکەی کاژیک قورساییەکی باشی هەبو لەناو ئەو شۆڕشەدا، هەندێکیان لەدەوری بارەگای بەرزانی کۆبوبونەوە. هێزی خەبات لەشۆڕشی ئەیلول، بەفەرماندەکەی و زۆربەی زۆری ئەندامەکانیەوە کاژیک بون بەبێئەوەی ئەو نهێنییە بدرکێنن، گرنگ بەلای کاژیکەوە ئەوەبو شۆڕشی ئەیلول سەرکەوێ و سەربەخۆییەک بەدەستبێنێ بۆ کورد.

ئەم بارە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ دەستی پێکردەوە، لەو ساڵەدا کاژیک لەشاری نەغەدە کۆنفرانسێکی بەست، ئەنجام ئەوەبو کە تێکەڵبوونی کاژیک لەگەڵ شۆڕشدا بەجۆرێک چڕوپڕ بوە، جیاکردنەوەی ئاسان نیە کە ئامانجیش هەر کوردایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش بێ، ئیتر پێویست بەو جیاکردنەوەیە ناکات لەو کاتەدا، لەبەر ئەوە بڕیاری کۆنفرانس ئەوەبو کە کاری سیاسی کاژیک هەڵپەسێردرێت تا ئەنجامێکی شۆڕش بەدیارئەکەوێ. دوای هەرەسی شۆڕشیش هەندێک هەوڵدرا بۆ کەوتنەوەکار، بەڵام لەولاوە پاسۆک دروستبو، ئیتر بەلای هەندێک لەهاوبیرانەوە پێویستی بەوە نەما کاژیک بخرێتەوە کار، ئێستاش کاژیک وەک بیروباوەڕ هەر ماوەو، ئەو بیروباوەڕەش ڕۆژێک نەبێ بچێتەوە قاڵبی ڕێکخستن بەهەر ناوێکەوە.

• بۆچی پاسۆک بەیەکگرتن لەگەڵ حیزبی سوسیالیست کۆتایی بەژیانی خۆی هێناو، پاشان هۆی شکستی حیزبی یەکگرتن چی بوو؟

– پاسۆک بەیەکگرتن لەگەڵ حیزبی سوسیالیست، کۆتایی بەژیانی خۆی نەهێنا، بەڵکو ویستی هێزو گوڕێکی زیاتر بدات بەخۆی، هۆی ئەوەش ئەوەبوو کە لەدوای ڕاپەڕینەوەو دوای وەرچەرخانی خەباتی چەکدارانە بۆ کۆبوونەوە لەدەوری سنوقی هەڵبژاردن، ئیتر مەسەلەی (ژمارە) مەسەلەیەک بوو کە ئەبوایە حسابی بۆ بکرایە، بۆیە ئەو یەکگرتنە دروستبو، پارتی و یەکێتیش هەمان حسابیان بۆ (ژمارە) کرد، بەڵام ئەوان بەوە چارەسەری کێشەی ژمارەیان کرد کە هەموو جۆرە کەسێکیان لەخۆیان

کۆکردەوە بەجاشو باشەوە. ئەوە بەپاسۆک هەزم نەنەکرا، ئەوەبو دوایی (گەل)یش هاتنە ناو یەکگرتنەوە، واتە حیزبە تازەکە لەپاسۆکو سوسیالیستو گەل دروستبوو بەو نیازەی ببنە هێزی سێیەم.

هۆی شکستی حیزبی یەکگرتن ئەمانە بوو:

١- دەنگنەهێنانی پاسۆک ـ سوسیالیستو گەل لەهەڵبژاردندا هۆی ئەوەش بەزۆری ئەوە بوو کە بەریەرەکانی نێوان پارتیو یەکێتی بەرادەیەک رەنگی دابووەوە لەناو خەڵکیدا کە زۆربەی ئەندامانو لایەنگرەکانی ئێمەش دەنگیان بۆ پارتی یا بۆ یەکێتی دا!!

٢- پارتیو یەکێتی هەریەکەیان بەجۆرێك کەوتنە زەبرلێدانمان، سەرچاوەی داراییان لێبڕین، ئێمە لەهەموو شارو شارۆچکەو ناوچەیەك بارەگاو پێشمەرگەو ئەندامانو لایەنگرانمان هەبو، ئەوانیش هەموو پارەو مەسرەفو ژیانیان ئەویست، جگە لەوەی کەوتنە ئەوەی شەڕیان پێنەفرۆشتین، هەوڵیان ئەدا دەست بەسەربارەگاکانماندا بگرنو ئوتومبیلو تەقەمەنیەکانمان ببەنو.. هتد.

٣- ماوەی یەکگرتنی ئەو سێ حیزبەش ماوەیەکی کورتبوو، هێشتا لەناو یەکدا نەتوابونەوە، یەك رەئی نەبو بەرگەی ئەو ئەو گوشارەیان نەگرت، بۆیە سێ رەئی پەیدابو: ١- بمێنینەوە، ٢- خۆ حەل کەین، ٣- تێکەڵ بەو دوو حیزبە ببین، لەئەنجامدا رای سێیەم زیاتر لایەنگری هەبوو.

• هۆکارەکانی نەرسکانی پارتێکی نەتەوەیی رادیکاڵی لەدوای پاسۆك بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– لەپلەی یەکەمدا، بۆ نزمی ئاستی وشیاری نەتەوەیی لەناو کورددا. پارتێکی نەتەوەیی ئەبێ پارتێکی عەقائیدی بێ، کەواتە ئەبێ لەپێش رێکخستندا، زەمینە بۆ بیروباوەڕێکی نەتەوەییانە خۆش بکرێت، ئەو دنیایەش هەروابووە، ئاینەکان پێش ئەوەی ببنە رێکخستنو فەرمانڕەوایەتی، بیروباوەڕبوون، مارکسیتی زۆر لەپێش حیزبە شیوعیەکانەوە بووە، بیریارە ئەڵمانیو جولەکەو عەرەبەکان، زۆر لەپێش حیزبە نەتەوەییەکانەوە بوون ئەوانە ساڵانێکی زۆر خەریکی گۆشکردنی نەتەوەکانیان بوون بەبیروباوەڕەکانیان ئینجا ئەو بیروباوەڕانە چوونە قاڵبی رێکخستنی حیزبیانەوە، بۆیە ئێستا نەتەوەی کورد پێویستی بەقوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی هەیە بەر لەحیزبێکی نەتەوەیی. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە بیریارە نەتەوەییە کوردەکان لەیەکنزیك ببنەوەو لەیانەیەکی رۆشنبیری، یا لە کۆمەڵەیەکی رۆشنبیریدا یەکبگرن، یا لەدەوری گۆڤارو رۆژنامەیەکی نەتەوەییانە کۆببنەوەو گەشە بەبیروباوەڕی کوردایەتی بدەن، دوای ئەوە ئیتر رێکخستنی سیاسی خۆی دروستئەبێو ئەو کاتە سەرکەوتووش ئەبێ.

لەرۆژنامەی ڕێزداری هاوڵاتیدا، ژمارە (٢) ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/٧ بڵاوکرایەوە

کوردایەتی نەک پارتایەتی

لەژمارە (١)ی ئەم ڕۆژنامەیەدا (هاوبیر) وتم: ئێستاش کاژێک، وەک بیروباوەڕ، هەر ماوە، ئەو بیروباوەڕەش، ڕۆژێک ئەبێ بچێتەوە قاڵبی ڕێکخستن بەهەر ناوێکەوە.

قسەکە لای هەندێك واڵێکراوەتەوە کە ئێمە خوازیاری ئەوەین جارێکی تر کاژێك، لەئێستادا هەستێنینەوە وەك پارتییەك بیخەینە کار. ڕووبەڕووش هەندێك سیاسەتکاری بەڕێز پیرۆزباییان لێکردم.

ڕاستییەکەی بەرجەستەکردنی بیروباوەڕی کوردایەتی، جارێکی تر لەپارتییەکی وەك کاژێکدا، ئەوە خولیایێکی پیرۆزی منە؛ بەڵام کارێکی لەو جۆرە، بۆ هەڵکەوتەو بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی نەتەوەی کوردمان دەست نادات. ئەوە نەك هەر پارتییەکی وەك کاژێك، بەڵکو هەموو ئەو پارتیانەی تریش کە ئەمڕۆ لەسەر پانتایی کوردستان کار ئەکەن، بوونیان هەر زیادەیە، بەڵکو زیانبەخشیشە، چونکە نەتەوەیەك کە هێشتا لەقۆناغی ڕزگاریدا بێ، پێویستی بەیەکخستنی وزەو توانای تاکەکانیەتی، نەك بەش بەشکردنی ئەو وزەو توانایانە.

ڕاستە فرە پارتی دیاردەیەکی شارستانیەو ڕێگەدانە بەدیدو بۆچوونی جیاواز جیاوازو نەهێشتن یا کەمکردنەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوی‌و دیکتاتۆریانەیە،بەڵام ئەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی هوشیارە کە واتای دیموکراتیتی بزانێ‌و ڕێز لەڕای بەرامبەر بگرێ‌و کێشەکانی تەنیا لەڕێگەی سندوقی هەڵبژاردنەوە چارەسەر بکات.

. کۆمەڵگەی کوردی هێشتا بەدەست ژمارەیەك کۆسپ‌و تەگەرە لەڕێگەی فرە پارتایەتیدا ئەناڵێنێ، وەك: پارچە پارچەکردنی خاکەکەی، داگیرکردن، نەزانین، نەخوێندەواری، گیانی تیرەگەری‌و ناوچەگەری، گیانی تۆڵە سەندنەوەو.. هتد، کە ئەوانە هەمووی پێویستیان بەیەکخستنی وزەو تواناکانە، نەك لەیەك ترازانیان بەهۆی فرە پارتایەتییەوە.

لەم ڕووەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (تریتشکە) ئەڵێ: فرەپارتاییەتی بۆ گەلانی ئازاد پێویستە، بەڵام ئەو نەتەوانەی هێشتا لەقۆناغی تێکۆشاندان بۆ سەربەخۆیی، ئەوانە بۆ فرە پارتایەتی ناشێن، بەڵکو پێویستیان بەتەنیا یەك ڕێکخستنی نەتەوەییانە هەیە، وەك بەڵگەیەکیش ناوچەی (بیدمۆنت) بەنمونە ئەهێنێتەوە کە چۆن لەژێر کاریگەرێتی (کاڤور) دا هەموو پارتەکان یەکیان گرت لەساڵی ١٨٥٩دا.

ئێمەی کوردیش زیانەکانی فرەپارتایەتیمان بەچاوی خۆمان بینی، بەهۆی فرەپارتایەتیەوە کوردستان لەپێنج پارچەوە بوو بەشەش پارچە. خوێنی هەزاران لاوی کورد بەناهەق ڕژاو بەفیڕۆچوو، هەزاران خێزانی کورد ئاوارەبوون، چەندین ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان ناکاو کوژکران. لەبری ئەوان جاش‌و پاش جاش بەسەر پارتەکاندا دابەش بوون، ڕێ لەکەسانی خاوێن‌و بەتوانا گیراوە، ماڵ‌و موڵکی ئەو میللەتە تەرخانە بۆ دەسکەوتی پارتایەتی، لەپەنای ئاژاوەی فرە پارتیدا چەندین نۆکەرو

بەکرێگیراوی نەیارانی نەتەوەکەمان کاری گێرەشێوێنیو سیخوڕیو تیرۆر ئەنجام ئەدەن. هەر بەناوی فرە پارتیەوە گەلێ گروپو تۆڕی سیخوڕی دروست بوون. هەر پەنای فرە پارتیەو وایکردووە هەر پارتەو پەنا بۆ داگیرکەرێکی کوردستان ببات، یا ناچاربن کە ئەو داگیرکەرانە ناوبژیوانیان بن. بەگشتی پارتییە کوردیەکان زیاتر لەڕێکخراوی سوپایی ئەچن بۆ گیانی یەکتر، کەس نازانێ داهاتی کوردستان چەندەو چۆن بەخت ئەکرێو ..هتد.

کەواتە هەلکەوتەو بارو دۆخی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان بۆ فرە پارتایەتی دەست نادات، بەلکو پێویستی بەخەباتێکی سیاسیی یەکگرتوو هەیە. ئەویش یا بەتێکەلبوونی هەموو پارتییە نیشتمانییەکان، بەتایبەتی هاوڕێبازەکان، یا بەکۆبوونەوەیان لەژێر چەتری بەرەیەکی کوردستانی، یا کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانیدا، ئەشێ بوترێ ڕۆژگاری بەرەی کوردستانی بەسەرچوو، بەلام کۆنگرەیەکی نیشتمانی، ئەوە کاتیەتیو ئەشێ لەڕۆژگارێکی وەك ئەمڕۆدا هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانو کەسایەتییە سیاسییە بێ لایەنەکانیش لەژێر چەتری کۆنگرەیەکدا کۆببنەوەو تواناکانیان یەکخەنو ستراتیژی نەتەوەی کورد داڕێژنو دیاری بکەنو بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەباتی ئەمڕۆمان دانێن.

ئێستاش سێ کۆنگرەی سەرەکی لەو جۆرە هەیە، بەلام هەرسێکیان لەدەرەوەی کوردستاندان. ئاشکراشە یەکێك لەو سیانە سەربە پارتییەکی زانراوە. بەلام دوانەکەی تر، کۆنگرەی نیشتمانی کورد لەئەمریکاو کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەئەورووپا، لەکەسانی بێلایەنو نەتەوەیی پێکهاتوون. بۆیە ئەگونجێ گەشەیان پێ بدرێو بکرێنە چەترێك بۆ کۆبوونەوەی پارتییەکانی ناو کوردستانیش.. لەم بیدو بۆچوونەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەر کام لەو دوو کۆنگرەیە، بوونی لەکوردستاندا هەبێ بۆ ئەوەی نەك هەر کەسایەتیە بێلایەنەکان، بەلکو پارتییە نیشتمانییەکانیش لەیەك نزیك بخاتەوە، یا کۆبکاتەوە. یا هیچ نەبێ هەندێك ئەرکی نەتەوەییانە ئەنجام بدات وەك کۆششێکی نەتەوەیی بۆ یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەی هەولێرو سلێمانی، سەرپەرشتی هەلبژاردنی گشتی دووەم، دانانی دەستوورێك، ڕێگرتن لەوەی ناکۆکیەکان تەشەنە بکات، هەموو یا زۆربەی نەتەوە پێك بهێنێت لەسەر ستراتیژێك بۆ ئایندەی کوردو بەرنامەڕێژی بۆ ئەو مەبەستەو هەر ئەرکێکی تر.

بەکورتی، ئەمڕۆی نەتەوەکەمان، ڕۆژی کوردایەتییە نەك پارتایەتی، ئەرکی ڕۆشنبیرانو هاوبیرانی نەتەوەیش، کۆششێکی لەو جۆرەیە لەم بارودۆخەدا.

فرە پارتی ڕەوایەتییەکی نابێ تا نیشتمان ڕزگاری نەبێ

هاوبیری هێژامان دوکتور جەمال نەبەز لەژمارە (٢٣)ی نەورۆزی (٢٠٠٢)ی گۆڤاری (کۆنگرە)ی ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ـــ بڵاوکراوەی بیری نەتەوەیی کوردی ـ لەژێر سەرناوی (ئازادیی حیزبایەتی)دا پرسیارێکی بەجێی کردووە:

بزانین حیزب نوێنەری بەرژەوەندیی کێیە؟

بۆ وەڵامی پرسیارەکەی ئەڵێ: پێویستە بزانین ڕەوایەتی حیزب لەکوێوە دێ؟ ئەڵێ لەوەوەدێ کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەك هەموو لەباری بەرژەوەندییەوە وەك یەك نەبێ ئەوانەی بەرژەوەندییان وەك یەکە، پێویستییان بەوە هەیە پێکەوە کار بکەن، ئەوەش پێویستی بەرێکخستنو بەرنامەو پێوەندی هەیە، کە ئەمانە بەهۆی حیزبێکەوە نەبێ ناکرێ؛ ئنجا دوای ئەوەی بەرپەرچی بیردۆزەی چەپەکان ئەدات‌ەوە لەبارەی (بەرژەوەندی)یەوە، ئەڵێ: (بەرژەوەندیی وەك یەك لەبارونۆخی وەك یەکەوە دروست ئەبێ.. جا لەبەر ئەوەی سنووری چینایەتی هەموو کاتێ بەڕوونی دیار نیە، بەشکردنی ئەوانەی یەك پیشەیان هەیە بەسەر یەك چیندا شتێکی ڕاست نیە.. دوای ئەوەی دێتە سەر لایەنە خراپەکانی حیزبایەتی ڕێنمایی هاوبیرانی نەتەوەیی ئەکات کە بۆ ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵ هەوڵ بدەنو بیرۆکەی حیزبی تاقانەو حیزبی پیرۆزو حیزبی سەرکردەو پێشڕەو لەمێشکی خەڵك بکەنە دەرەوەو لەئەندامانی حیزبەکان بگەیەنن دوژمنایەتی یەکدی نەکەنو لەڕێی گرێنەوەی بیروڕاوە بگەنە باشترین چارە بۆ کێشەکانی کۆمەڵگە.

نەبەز ئەو وتارەی وەك بەشێك لەپەرتوکی (هێندێك لەکێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سوسیالیزم ـــ لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا نوسیوە، خۆشبەختانە لەکۆتایی هەشتاکاندا، بەرەی کوردستانی هاتە بەرهەم، ئەم بەرەیە، ئەگەرچی خولستی دەوڵەتی ئێرانیشی تیابوو بەمەبەستی دژایەتیکردنێکی زیاتری دەوڵەتی عێراق لەکاتی جەنگەکەیاندا، بەڵام سێ ئەنجامی سەرەکیی باشی لێکەوتەوە، یەکەمیان: ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆی کوردکوژانەی نێوان حیزبە کوردییەکانو ئاشتبوونەوەی گشتی، دووەمیان: یەك هەڵوێستیو هاوکاریان لەکاتی ڕاپەڕینە پیرۆزەکەی جەماوەری کوردستاندا ساڵی ١٩٩١. سێیەمیان: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو دروستکردنی حکومەتی باشووری کوردستان. دیارە ئەنجامی سێیەم تێکەڵ بەکاریگەرێتی کۆڕەوەکەو بڕیاری ٦٨٨و ناوچەی ئارامو چەکوشی ئامادەش بوو.

ئێستا، دوای زیندەبەچاڵکردنی بەرەی کوردستانیو بەرپابوونەوەی شەڕی ناوخۆی کوردکوژیو دوولەتکردنی ئەو حکومەتە.. ئەشێ بپرسین ئاخۆ ئەو هەموو حیزبانەی ئەمڕۆ لەسەرتاسەری کوردستاندا بەگشتیو لەباشووری کوردستاندا بەتایبەتی قوتکراونەتەوە، ڕەوایەتییان هەیە؟!

بێگومان نەء. چونکە ڕەوایەتی، وەك دوکتور نەبەز ئەڵێ، لەوەوە دێ کە هەر حیزبەو بەرژەوەندییەکی جیاوازی هەبێ لەبەرژەوەندیی حیزبەکانی تر. دەی ئاخۆ ئەبێ بەرژەوەندیی جیاوازی چوارده حیزبی کوردی لەبەشێکی بچووکی وەك ڕۆژئاوای کوردستانی پاڵ سووریە چی‌بێ! ؟ هەروەها حیزبە زۆرو زەبەندە کوردییەکانی تری باکورو باشوورو ڕۆژهەڵات؟

ڕۆژنامەنووسی شارەزاو بەناوبانگی عەرەب حوسنی مەحلی لەژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٢/٢/١٨ی ڕۆژنامەی (ئایم)ی سلێمانی دا ئەڵێ: (دووبەرەکیی نێوان کوردو کورد لایەکی گرنگی مەسەلەکەیە، لەهەولێرو سلێمانی یەکەمین پرسیار لەسەرکردەکانم پرسی، ئەوە بوو چەند حیزبتان هەیە؟ بەداخەوە ڕاستە ئەزموونێکی دیموکراتییە، بەڵام ئێمە ئەزانین کە خیلافێکی قووڵ لەنێوان هەموو حیزبەکاندا هەیە لەکوردستان, ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، تەنها کێشەی کوردی عێراق نیە، لەسووریە چوارده حیزبی کوردی هەیە، لەتورکیا چەندین ڕێکخراوی جیاواز هەیە، هەروەها لەئێران، داوا لەبرا کوردەکانم ئەکەم چاوێك بخشێنن بەمەسەلەکانداو سوودێك لەئەزموونەکانی ڕابوردوو ببینن، هەموویان هەڵەیان کرد، نامەوێ بڵێم فلانە حیزب هەڵەی کرد. خۆیان دەزانن، من بۆ مێژوو ئەڵێم: سەرکردایەتییە سیاسییەکان هەڵەی زۆریان کرد، کاتی ئەوە هاتووە جارێکی دیکە تاووتوێی هەموو سیاسەتەکانیان بکەن).

بێینەوە سەر کرۆکی مەبەستەکەمان کە مەسەلەی (بەرژەوەندیی)یە، بێگومان بەرژەوەندی گەلێ جۆری هەیە، بەرژەوەندیی گشتی‌و بەرژەوەندیی تایبەت، بەرژەوەندیی گەورەو بچووك. بەرژەوەندیی نەتەوەو بەرژەوەندیی چینەکان، هی کۆمەڵو هی تاکە کەس‌و.. هتد، بەڵگە نەویستنشە هیچ کام لەو بەرژەوەندییانە بەنەولوەتی دابین نابێ، نە بۆ گشت‌و نە بۆ تایبەت‌و نە هی گەورەو نە هی بچووك‌و نە هی کۆمەڵو نە هی تاکە کەس‌و نە هی چینەکان‌و نە هی ئاین‌و ئاینزاکانیش لەنیشتمانێکی داگیرکراوداو بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست، لەبەر ئەوە بوونی فرە حیزبی هیچ ڕەوایەتییەکی نیە تا نیشتمان ڕزگاری نەبێ لەداگیرکردن‌و تا نەتەوە سەربەخۆیی بەدەست نەهێنێت، وتەی (چەپکە گوڵ)یش هیچ کاریگەرێتییەکی نابێ ئەگەر پشتوێنێکی گونجاو بۆ ئەو چەپکە گوڵە نەبەستێتەوە بەیەکەوە.

ئەمڕۆ ئەو فرە ڕێکخراوە سیاسیانەی لەکوردستاندا هەن، بەهیچ جۆرێك نوێنەرایەتی فرە بەرژەوەندی ناکەن، یان بەواتایەکی تر، ئەتوانین بڵێین: ئەوە ئاسنی سارد کوتانەو هیچی لێ نایەتە بەرهەم، ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی خۆیان بەنوێنەرو خۆیان بەپارێزگاری چینێك، یا ئاینێك، یا ئاینزایەك، یا ڕەگەزێك، یا بەشێك لەکۆمەڵگەی کوردستان ئەزانن یا ئەدەنە قەڵەم، چیان پێ ئەکرێ لەئاستی فەرمانی لێپرسراوێکی ئیداری یا سەربازیی یەکێك لەڕژێمەکانی ئەنکەرەو تاران‌و بەغداو دیمەشق دا؟

چۆن ئەتوانن ئەو بەرژەوەندییانە بپارێزن؟ بۆ نمونە: حیزبێك کە پاشگری (دیموکراتی) نابێ بەخۆیەوە لەقامیشلیدا، چۆن ئەتوانێ سیستمی دیموکراتی لەڕۆژئاوای کوردستاندا بچەسپێنێ لەکاتێکدا ڕژێمی دیمەشق ڕژێمێکی نادیموکراتی بێ؟ حیزبێکی ئاینی لەدیار بەکردا چۆن ئەتوانێ ئەو ئاینە بکاتە فەرمانڕەوا لەباکوور لەکاتێکدا ڕژێمی ئەنکەرە عیلمانی بێ؟

ئایا حیزبێکی کۆمۆنیستی یا سۆشیالیستی لەسنەدا، ئەتوانێ سیستمی کۆمۆنیسی یا سۆشیالیستی لەرۆژهەلاتدا ئەنجام بدات ئەگەرچی هەموو خەلکی رۆژهەلاتی کوردستانیشی لەگەلدا بێ لەکاتێکدا رژێمی تاران رژێمی ئاخوندەکان بێ؟ لەباشووری کوردستاندا حیزبە کوردییەکان چینگیان نابووە خوێنی یەکترییەوە، گوایە هەر یەکەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی، لەکاتێکدا رژێمی بەغداد هەموویانی پێکەوە ئەنفالو کیمیا باران ئەکرد، ئینجا کوێرەوەرییە زۆرەکەش لەوەدایە، بۆ هەر کام لەو بەناو بەرژەوەندییانە، چەندین حیزبو رێکخراوی سیاسی هەبێ، چەندین حیزبی دیموکراتی، نەتەوەیی، ئاینی، رەگەزی، ئاینزانی (مزهبی)، هەروەها چەندین جۆر رێکخراوی قوتابیان، ئافرەتان، ژنان، لاوان، کرێکاران، جوتیاران!!

ئەوانە هەر هەموویان وەك دەوەن بەئاش بکەن، یا شوێن کلاوی بابردوو کەوتبن، یا ئاسنی سارد بکوتن وایە، هەتا کوردستان رزگارو سەربەخۆ نەبێ.

بۆیە ئەتوانین بلێین هیچ کام لەو رێکخستنانە رەوایەتییەکیان نیە یا نابێ تا قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆو ئارام گرتوومان نەبێ.

ئەوە وا.. لەلایەکی تریشەوە، بمانەوێ یا نەمانەوێ، چاك بێ یاخراپ، ئەمڕۆ لەکوردستاندا حیزبێکی زۆر هەیە، لەوەش ناچێ هیچ کامیان بەدڵی خۆی بڵێ ترشە! یا لەکەلی حیزبایەتی بێتە خوارێ، بۆیە چارەسەرێکی مام ناوەندی ئەوەیە، ئەو حیزبانە، لەژێر چەترێکدا کۆببنەوە، بەرەی کوردستانی کە لەپێش راپەڕیندا چەترێکی لەو جۆرە بوو، ئەمڕۆ ئەو چەترە گونجاوە نابێ، بەتایبەتی لەباشووری کوردستاندا، چونکە بەرەی کوردستانی چەترێك بوو تەنیا بۆ حیزبەکان، ئەمڕۆ لەباشووری ئازادا، مەوداکە فراوان بووە، جگە لەحیزبەکان، چەندین رێکخراوو کۆڕو کۆمەڵو لیژنەو کۆمیتەی سیاسی تر هەن، خەلکی سیاسیی بێلایەنیش هەیە، نەتەوەییەکانیش، دوای هەڵپساردنی کاژێكو تێکەڵبوونی پاسۆك لەگەڵ (پ.د.ك) دا، بەتاكو بەکۆمەڵ، لێرەو لەوێ هەن، ئەوانە هەمووی پێویستییان بەچەترێکی فراوانتر هەیە وەك لەچەتری بەرەی کوردستانی بەتایبەتی ئەرکەکەش زیاترو فراوانتر بووە، بەرەی کوردستانی تەنیا لەنێوانی حیزبە شۆڕشگێڕەکانی شاخدا بوو بۆ بەرەو رووبوونەوەی رژێمی بەغداو هێرشەکانی بەیەکگرتوویی، ئەمڕۆ ئەرکەکە لەوە زیاترە، دیاریکردنی ستراتیجی نەتەوەی کوردو پەیوەندیی نێوان پارچەکانی کوردستانو پاراستنی ئاسایش نەتەوەو زمانێکی کوردیی ئەدەبیو زانستیی یەکگرتوو و پێکهێنانی لوبییەکی کوردی لەدەرەوەی وڵاتو گەلێ کاری تری چۆتە سەر، ئەوانەش پێکەوە لەژێر چەتری کۆنگرەیەکی هەمیشەییدا ئەنجام ئەدرێن. ئیتر با بەسبێ خۆبادان بەفرە پارتایەتییەوە، ئەوە تێکەیشتنێکی هەڵەیە.

نەتەوایەتی

لەسیاسەتەوە بۆ ئەدەب

گفتوگۆیەك لەگەڵ (کامل ژیر) دا

ئا/ عەتا قەرەداغی

کامیل ژیر:

- هەر هەستیارێك ئەگەر بەهرەمەندبێ و هەڵبەستەکانی زادەی بیری خۆیبن، ئەوە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی ئەبێ.

- پێویستە هەستیار خۆی بدۆزێتەوە لەبوارێکدا کە زیاترین دەسەڵاتی هەبێ تیایدا.

- من وەك هەستیارێکی نەتەوەیی، چارەسەری کێشەکان، لەمرزکاری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بۆ سەرتاسەری کوردستان ئەبینم.

- کوردایەتی و هەموو نەتەوایەتی لەگەڵ، قۆناغێك نیە لەمێژوودا، بەڵکو راستیەکی هەمیشە زیندوو و هەمیشە ئاوەڵی مرۆڤایەتیە.

- خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی، تەنیا سۆز (عاتیفە)ی رووت نیە، بەڵکو بەرئەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستیی ژیانی کوردیشە.

- سەرەکیترین هۆ بۆ گەشەنەکردنی ئەو ئاڕاستە نەتەوەییانە، خۆشنەکردنی زەمینەی لەباربوو بۆ پارتێکی لەو جۆرە (کاژێك) بەر لەدروستبوونی.

- هەستی نەتەوەیی، بەهێزترین کۆڵەکەی راگری بوون و مان و ئایندەمانە.

- بەهێزترین بنەمای کلتوری نەتەوەییمان، هەستی هاوبەشمانە بەوەی ئێمە کوردین و نەتەوەیەکی جیاوازین لەنەوەکانی تری جیهان.

- ئەم گرنگیدانەی مەحوی بەزمانی کوردی، بەڵکو ئەم شەرکردنەی مەحوی لەسەر زمانی کوردی، کوردایەتیە.

- رێبازی نەقشبەندی، رێبازێك بوو کە ژمارەیەك لەبیریارانی کورد ویستیان وەك هەڵێك بیتۆزنەوە بۆ هەمان ئەو مەبەستەی فارس و تورك، بەشیعەیەتی و خەلافەت خۆیان پاراست، بەلام بەداخەوە هەلێکی درەنگکاتبوو.

- نوسەرێك لەنێوان نوسینەکانیەوە، ئەوە دەرکەوێ کە خۆی بەکورد ئەزانێ و بۆ خزمەتی لایەنێك لەلایەنەکانی نەتەوەی کورد ئەنوسێت، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت، هەر مڵکی کوردە.

- بەشارو لوتفی و بەرەکات موڵکی کوردن، چونکە خۆیان بەکورد ئەزانن، ئەو نوسینانەشیان کە تەرخانن بۆ کورد، موڵکی کوردن.

عەتا قەرەداغی:

مامۆستا کامیل ژیر یەکێکە لەو قەڵەمە دیارانەی کە ماوەی چل ساڵە لەخزمەتی ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی کوردا بەردەوامە، چ وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی نەوەی دوای گۆران، چ وەك نوسەرێك لەبواری نوسینی نەتەوەیی و گفتوگۆکردنی بیروباوەڕی نەتەوەییدا جێگای دیاری هەیە، بۆ ڕێزنان لەئەزموونی ئەم نوسەرە بەهەڵوێست و دڵسۆزەی میللەتەکەمان، پێمان خۆشبوو ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا سازبکەین و خوێنەرانی خۆشەویستی گۆڤاری ئایندەش زیاتر بەبۆچوونەکانی ئاشنابن.

• لەکوێوە دەستتان پێکرد؟ لەشیعرەوە یان لەسیاسەتەوە؟ یا هەردووکیان پێکەوە؟

– لەسیاسەتەوە، هێشتا تەمەنم چواردە ساڵ بوو، واتا ساڵی ١٩٤٨ بوومە لایەنگری حیزبی تەرر (حیزبی شیوعی عێراقی ئەوسا)، ئەم لایەنگیرییەم بەهۆی مامەکانمەوەبوو، بەتایبەتی سەی تەها کە ئەوسا وتاربێژی ئەو حیزبەبوو، براکانی تریشی، بێجگە لە أ. ب. هەوری، ئەوانیش لەئەندامە چالاکەکانی ئەو حیزبە بوون، لایەنگیرییەکەشم زیاتر چاولێکەری بوو، واتا بێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ لەبارەی بیروباوەڕی شیوعێتییەوە بزانم.

لەبارەی هەڵبەست و نوسینەوە.. یەکەم هەڵبەستم لەرۆژنامەی ژیندا بڵاوکردەوە کە ئەوسا مامۆستا گۆران سەرپەرشتیاری بوو. ساڵی ١٩٥٤ بو، خۆم هەڵبەستەکەم بۆ برد، کە خوێندییەوە، زۆر ڕێزی لێگرتم و هانی دام کە بەردەوام بم. دوای ئەو هەڵبەستە ژمارەیەك چیرۆك و نوسینم هەر لەژیندا بڵاوکردەوە.

• ئێوە نەوەیەك بوون لەدوای گۆران.. ئایا چی ئێوە لەنەوەی گۆران جیادەکاتەوە؟ بەڕای جەنابتان کام لەنەوەی دوای گۆران توانیویەتی ببێتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی؟

– وەك وتم هێشتا گۆران مابوو کە من بەوێنژە ئاشنابووم، بوویشین بەبرادەر، ئەگەرچی ئەو بەتەمەن لەمن زۆر گەورەتر بو، لەبەر ئەوە من ئەوەی سەردەمێکی گۆران و ئەوەی دوای ئەو سەردەمەش بووم و هەم. بۆیە جیاکەرەوەیەکی ئەوتۆ نابینم مەگەر لەڕووی بیروباوەڕی سیاسیمانەوە. کە من لەساڵی (١٩٥٨)ەوە وازم لەحیزبی شیوعی هێناو ڕێبازی کوردایەتیم گرتە بەر، ئنجا بوون بەخاوەنی دەنگی تایبەتی.. ئەوە لەڕووی هەڵبەستەوە، بەندە بەهەستیار خۆیەوە، هەر هەستیارێك ئەگەر بەهرەمەندبێ و هەڵبەستەکانی زادەی بیری خۆی بن، ئەوە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی ئەبێ. بەلام ئەگەر هەستیارێك هەر خەریکی چاولێکەری و وەرگرتن بێ لەمولەوەوە، ئەوە نابێتە دەنگی تایبەتی خۆی، مەگەر مۆرکی تایبەتیی خۆیانی لێدەن.

• راتان چیە لەسەر ئەوەی کە هەندێ کەس پێیان وایە لەدوای گۆران دەنگێکی شیعری ئەوتۆ دروست نەبووە کە لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێت؟

– ئەو بەراوردە، هەر خۆی لەخۆیدا هەڵەیە، چونکە وەك وتم هەر هەستیارێ خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیەتی، واتا جیاوازە لەهەستیارێکی تر، تۆ ناتوانی سێوێك و پرتەقاڵێك و هەنارێك و هەرمێیەك بەراورد بکەی لەگەڵ یەکتریاندا، چونکە هەریەکە و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و هەریەکەشیان جۆرە کاریگەرێتییەکی لەسەر بخۆرەکەی هەیە. هەستیاریش هەروایە. لەبەر ئەوە گۆران، نە لەگەڵ هەستیارەکانی پێش خۆی، نە ئەوانەی سەردەمی خۆی، نە لەگەڵ هەستیارانی دوای خۆشیدا بەراورد ناکرێ. ئنجا هەر هەستیارەو جەماوەری تایبەتیی خۆی هەیە وەك چۆن هەر دەنگخۆش و گۆرانیبێژێك جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم قسانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن کە هەستیاری چاك و چاکتر و چاکترین نیە، بەلای منەوە گۆران لەهەستیارە چاکترینەکانە. پێش گۆران و لەسەردەمی گۆرانیشدا نالی و خانی و مەولەوی و مەحوی و پیرەمێرد و هەردی لەهەستیارە چاکترینەکانن، بەڵام نیسان هەر ناتوانین بەراوردیان بکەین لەگەڵ یەکدا. ئنجا ئەمانە بۆچی ئەبن لەهەستیارە چاکترینەکان بن بەڕای من؟ چونکە بەهرەی هەستیارێتییەکەیان زۆرە، ئاستی رۆشنبیرییان لەزانستی هەڵبەستدا بەرزە، وردبوونەوەیان لەهەڵبەستیتر زۆرە، لەوەئەچن کە بەچاکی بەهەڵبەستەکانیاندا چووبنەوە و پۆشتەو پەرداخیان کردبن ئنجا دەریانخستبن کە ئەوانە مەرجەکانی هەستیاری چاکترینن بەتایبەتی مەرجی یەکەم کە بەهرە زۆرەکەیە، بەڕای من مەرجێکی تریش گرنگە، ئەویش ئەوەیە پێویستە هەستیار خۆی بدۆزێتەوە لەبوارێکدا کە زیاترین دەسەڵاتی هەبێ تیایدا، بۆ نمونە: گۆران تەنیا لەهەڵبەستی وەسفدا لەهەستیارە چاکترینەکانە.

• کامەران گرنگییەکی زۆری پێدرا.. ئایا ئەو گرنگیپێدانە هەوڵی پارتی نەبوو بۆ ئەوەی کامەران لەبەرامبەر گۆراندا بەرز بکەنەوە لەکاتێکدا گۆران لەسەر شیوعیەکان حساب دەکرا؟

– دوورنیە، هەمان قسە بەرامبەر گۆرانیش هەروایە، گۆرانیش شیوعیەکان گرنگییەکی زۆریان پێداو هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی بەزوویی بەکوردو بەجیهانیشی بناسێنن، بەڵام گۆران بەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە خۆشی هەستیارێکی بەرزو بەهرەکەشی لەهی کامەران زۆر زیاتر بو.

• جەنابت وەکو شاعیرو رۆشنبیرێك کە لەباڵی نەتەوەیی بوویت.. ئایا تا چەندێ شیعری کوردی قۆناغەکەی ئێوە دەربڕی ئازارو لەخەمانکاتدا خواست و ویستە نەتەوەییەکانی کورد بووە؟

– من ئێستاش هەر نەتەوەییم، قۆناغەکەشم بەسەرنەچووە، پێنووسەکەشم هەمیشە لەکاردایە لەبواری نەتەوایەتیدا، خاڵێك کە شایەنی روونکردنەوە بێ لەوەڵامی پرسیارێکی ئاوادا، ئەوەیە کە هەڵبەستی کوردی، لەبواری نەتەوایەتیدا، دوو قۆناغی بەخۆیەوە دیوە، تائێستا، قۆناغی یەکەم قۆناغی پێش قوتابخانەی بیری نەتەوەییە لەکوردستاندا، بەر لەم قوتابخانەیە، کوردایەتی نەخرابووە چوارچێوەیەکی فکریی رێکخراوەوە. سەرەتای ئەم قوتابخانەیە لەدروستبوونی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد (کاژیك)ەوە دەستپێئەکا، واتا ١٩٥٩/٤/١٤ بەر لەم قوتابخانەیە، هەستیارانی کورد، وەك سۆزێك کوردایەتیان پیادەئەکرد، واتا نەچوبوونە ناو قوڵایی کێشە نەتەوەییەکەمانەوەو لەرەگو ریشەوە پیا بچنەوەو لەبیروباوەڕە نامۆکان بەکوردایەتی جیای بکەنەوەو بەوردی بەشوێن رێگە چارەکاندا بگەڕێن و ئامانجە دوورەکانی وەك ستراتیجێك دیار بکەن و خاڵ بخەنە سەر پیتەکانی

دۆست و دوژمن و هەوڵێکی بەکۆمەڵ بدەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی کوردایەتی، تۆ بڕوانە ئەم هەڵبەستە:

هورمزگان رمان ئاتران کژان   ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکار ئارەب کردنە خاپوور   گنای پاڵەیی هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وەدیل بشینا   میرد ئازا تلی وەڕووی هوینا
ڕەوشت زەردشترە مانوە بێ کەس   بزیکا نەکا هورمز وە هیچ کەس[1]

واتا:

مزگەوتان رمان، ئاگران کوژان   خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆردای عەرەب کردنی خاپوور   دێی کرێکاران هەتا شارەزوور
ژنان و کچان بەدیل ئەگیران   پیاوانی ئازا لەخوێنا ئەتلان
ڕەوشتی زەردەشت مایەوە بێ کەس   یەزدان بەزەیی نەهات بەهیچ کەس

ئەمە هەڵبەستی هەستیارێکی کوردە، ناوەکەی نازانرێ*، لەسەر پارچە چەرمێك دۆزراوەتەوە لەیەکێك لەئەشکەوتەکانی جێشانەو هەزارمێردی سلێمانی، هی ڕۆژانی داگیرکردنی کوردستانە، لەلایەن عەرەبەوە بەناوی فتوحاتی ئیسلامیەوە، ئەبینین هەڵبەستەکە بریتیە لەتەنیا دەربڕینی سۆزێکی ڕووت و هیچیتر بەرامبەر کارەساتێکی زۆر گەورەی پڕ لەزۆرو ستەمی داگیرکردنی نەتەوەو نیشتمانێك لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە. هەڵبەستەکە دەربڕی ئازارەکەی ئەو کارەساتەیە. بەڵام دەربڕی هیچ خواست و ویستێکی نەتەوەیی کورد نەبووە لەو ڕۆژەدا وەك مەبەستی پرسیارەکەی بەڕێزتان، یان بەدەربڕینێکیتر هەستیارەکە نەیزانیوە چارەسەری ئەو کێشەیە بەچی ئەکرێ کە لەو ڕۆژەدا ڕووی کردۆتە نەتەوەکەی.

ئەوە نمونەی هەڵبەستێکی کۆن، با نمونەی هەڵبەستێکی تازەش هەر لەو بوارەدا، هەڵبەستێکی گۆران بێ، کە وەك وتمان یەکێکە لەباشترین هەستیارانی کورد، ئەویش هەڵبەستی (شەهید)ە، کە بەبۆنەیەکی وەك بۆنەی ئەو هەڵبەستەی سەرەوە وتراوە کە شەڕی بەردەرکی سەرای شەشی ئەیلولی (١٩٣٠)ە لەسلێمانی کە ئەمیش هەر لەلایەن زۆردارانی عەرەبەوە ئەنجام دراوە بەرامبەر نەتەوەی کورد و کوردستانی داگیرکراومان، ئەبینین ئەم هەڵبەستەش هەر تەنیا وەك سۆزێك دەربڕی ئازارەکەی

---

[1] عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی دی.ل (١٣٠).

* هاوڕێ باخەوان (لەئاڵای کوردا ــ ل ٢٦ـ چاپی دەزگای سەردەم ــ ٢٠٠١) پێی وایە هەڵبەستی پیرشالیاری زەردەشتییە، بەلای هەندێکی ترەوە، هەڵبەستێکی دروستکراوەو بوونی نەبووە! من پشتگیری ئەم ڕایەی دوایی ناکەم، چونکە سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکانیش، هەمان مەرگەسات ئەگێڕنەوە ــ ژێر.

ئەو کارەساتەیە بینەوەی خواستو ویستێکی نەتەوەیی پیشان بدات کە چارەسەری تەواوی کێشەی کوردمانی پێبکرێ:

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستڕێژو هەڵمەتی سونگی
بەخوێنی وردی بێ تاوان شەپۆلی خستە سەر جادە
ئەما جوانێ کە سونگی ئەیسمێ سەد کەرەت سنگی
ئەما پیرێ لەریزی گوللە بووبێ قەلبی ئازادە

تەنیا چارەسەرییەك کە گۆران بۆی چووە، سەندنەوەی تۆڵەیەکی ئەو کارەساتەیە:

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پێت هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە
لەمن فرمێسکی ویست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە[٢]

کە لەراستیدا چارەسەری ئەو رووداوانە تەنیا بەسەندنەوەی تۆڵەیەك ناکرێ، واتا ئەوان چەندیان لێکوشتووین ئێمەش ئەوەندەیان لێبکوژینەوە. بۆیە من لەهەڵبەستێکمدا کە بۆ هەمان بۆنەی شەڕی بەردەرکی سەرا وتوومە، بەم جۆرە بۆ چارەسەری کێشەکە چووم:

ئەی شارەکەی عەولە سیسە
بەڵێن بێ ئەو دەستە پیسە
کە هەروا بەدەستی ئانقەست
جۆگەلەی خویناوی هەڵبەست
ئەبێ ئێمەی دلسۆزی تۆ
ئێمەی کوردی ئەوەی ئەمڕۆ
بۆ تۆڵەی خوێنی رژاوت
کوردستانی زەوت کراوت
پشتێنی تۆڵە ببەستین
ئەیکەینەوەو رانەوەستین
تا تێکڕا ئەم خاکە پاکە
خاکی ئەم کوردە چالاکە
ئەخەین بەدیار، یەك تەنوێژ
بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ[٣]

واتا من وەك هەستیارێکی نەتەوەیی چارەسەری ئەو جۆرە کێشانە لەرزگاریو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ بۆ سەرتاسەری کوردستان ئەبینم. نمونەی تریش زۆرە، بەلام وابزانم ئەوە بەسە بۆ وەلامی پرسیارەکەی بەڕێزتان کە تا چەندێ هەڵبەستی ئێمە دەربڕی ئازارو

---

[٢] دیوانی گۆران، ل ٢٦٦.

[٣] دیوانی هەڵبەستەکانی ژیر، چاپی یەکەم ـ سوید ـ ستۆکهۆلم، ل٤٧.

پێشبینیەکی ترمان لەو نامیلکەیەدا: کاریگەریێتی رەخساندنی هەلی چونیەکە لەبەردەم هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردستانیدا، ئەوەش بەئازادیو بەئابووریی ئازاد ئەبێ، دوور لەچەوساندنەوەی چینایەتیو چەوساندنەوەی پارتایەتیو هی حکومەتی، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە رۆژ لەدوای رۆژ پەیرەوکەرانی زیاتر ئەبێو سەرکەوتنی دیارو بەرچاو بەدەست ئەخات. شیکردنەوەو لەسەر رۆیشتنی ئەم دیدوبۆچوونە زۆری ئەوێ کە لێرەدا ئەو ماوەیەمان نیەو بۆ هەڵیئەگرین.

• جەنابتان وەکو سیاسەت لەکاژێکو پاشانیش لەپاسۆکدا شوێنی دیارتان هەبوو.. ئایا گەشەنەکردنی ئەو ئاراستە نەتەوەییە بۆچی دەگێڕنەوە؟ لەکاتێکدا ئەو پارتانەی کە وەکو ئەو ئاراستەیە نەتەوەیی ئەبوون بەشێوەیەکی بەربڵاو لەڕووی جەندایەتییەوە گەشەیان کردووە؟

– دیارە بەڕێزتان ئەزانن کاژێکو پاسۆک، دوو رێکخراوی سیاسی بوون؛ وەک دوو پارتی، لەسەر بنچینەی بیروبایدیای نەتەوەییانەی کوردی دامەزران. سەرەکیترین هۆ بۆ گەشەنەکردنی ئەو ئاراستە نەتەوەییانەیە، خۆشنەکردنی زەمینەی لەبار بوو بۆ پارتێکی لەو جۆرە بەر لەدروستبوونی.

ئەوەی لەڕووی کردەییەوە پیادەکراوە، ئەوەیە رێکخراوێکی لەو جۆرە، سیاسی، یا ئاینی، لەپێشدا زەمینە هزرییەکەی بۆ ئامادەکراوە، واتا بیروباوەڕەکە بەخەڵکی ناسراوەو لایەنگرانی بۆ پەیداکراوە، یا بڵێین باوەڕیان پێهێناوە، ئەوسا، رێکخستنی بۆ کراوە لەشێوەی پارتییەکدا، یا لەشێوەی شۆڕشێکدا، یا فەرمانڕەوایەتییەکدا، بۆ نمونە: ئاینەکان لەپێشدا بەکتێبە پیرۆزەکانیان وەک ئاوێستا، تەورات، ئنجیل، قورئان بەخەڵکی ئاشنابوون. دوای ئەوەی ژمارەیەک لایەنگری گونجاویان لێکۆبوونەوە، ئەوسا چوونە قاڵبی رێکخستنەوەو دەسەڵاتیان بۆ دروستبو، هەروەها بەر لەپێکهێنانی حیزبە شیوعیەکان، بیریارەکانی وەک مارکسو ئینگلس بیرۆکەکانیان خستە سەر کاغەزو خەڵکیان پێئاشناکرد، ئەوسا حیزبە شیوعیەکان دروست بوون، لەئەڵمانیاش بەر لەرێکخستنێکی نەتەوەییانە، بیریارەکانی وەک فیختەو هیگڵو هێردەرو نوفالیسو مویلەرو تریتشکەو نیتشە، بەنووسینە نەتەوەییانەکانیان زەمینەیان بۆ رێکخستنێکی نەتەوەییو دوایی بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی رەخساند، بەڵێنی بلفۆریش دەیان ساڵ پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بو، بەڵام کاژێکو پاسۆک پێش زەمینەخۆشکردنێکی لەو جۆرانە بۆ بیروباوەڕی نەتەوەییانەی کوردی، هاتنە ئاراوە. لەبەر ئەوە وەک پێویست خەڵکیان لێکۆنەبووەوە، کە شۆڕشی چەکدارانەش بەرپابوو، بەتایبەتی بەڕابەرلیەتی بارزانی، ئیتر نوسراوە بیرمەندییەکانی کاژێکو پاسۆک، لەلایەن جەماوەری گەلەوە، لایان لێنەئەکرایەوە، بیروباوەڕەکەش زۆر ترسناک بوو، خەڵکی لەسەر داواکردنی مافێکی وەک رۆشنبیری ئەگیرانو ئەکوژران، جاوەی لەوەی دلوای جیابوونەوەو سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستانی ئەکرد. لەبەر ئەوە خەڵکی نەیانئەوێرا تێکەڵ بەو دوو پارتییە ببن ئەگەرچی باوەڕیان بەبیروباوەڕەکانیشیان ببولیە، گوشاری شیوعیو یەکێتیو پارتیشیان لەسەربوو، هیچ پاڵپشتێکی دەرەکیو ناوەکیشیان نەبوو، جگە لەوانە هەندێ هۆی خۆیی (زاتی)ش هەبوو کە لێرەدا ناوتری.

هەموو ئەوانە بوونە هۆی گەشەنەکردنی کاژێکو پاسۆک وەک دوو رێکخراویی سیاسی. ئەوەبوو کاژێک خۆی هەڵپساردو پاسۆکیش تێکەڵ بەهەندێ حیزبیتر بوو.

بەڵام بیروباوەڕەکەیان هەر ماوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش لایەنگرانی زیاتر ئەبێو کاژێکو یا پاسۆکێکی تر دروست ئەبێتەوە ئەگەرچی بەناوێکی تریشەوە بێ.

• ئایا ڕەگەزەکانی گوتار (خطاب)ی نەتەوەیی کوردی لەکام شاعیرەوە بەئاشکرا دەستپێدەکات؟

—ئەوە زیاتر کاری ڕەخنەسازانە، من ئەوەندە لەهەڵبەستی هەستیاران ئەکۆڵیمەتەوە.

• ئایا دەکرێت ئێمە هەر لەسنوری شیعردا بۆ بنەماکانی نەتەوەییمان بگەڕێین؟ ئایا هەست ناکەیت ئێمە جگە لەشیعر بنەمای بەهێزتری کەلتوریشمان هەیە کە دەشێ بکرێنە سەرچاوەی ڕابوونەوە (نهضة)ی نەتەوایەتیمان؟

—بێگومان.. بەهێزترین بنەمای کەلتوری نەتەوەییمان (هەستی هاویەش) مانە بەوەی ئێمە نەتەوەیکی جیاوازین لەنەتەوەکانی تری جیهان، ئەو هەستە (هەستی نەتەوەیی) بەهێزترین کۆڵەکەی ڕاگری بوون‌و مان‌و ئایندەمانە. کۆڵەکەی دووەم زمانی کوردیمانە، بۆیە پێویستە گرنگیی زۆر بەو دوو کۆڵەکەیە بدرێت، واتا گەشە بەهەستەکە بدرێت بەرەو هوشیاری، کورد هەستی نەتەوەیی بەهێزە. بەڵام هوشیاریی نەتەوەیی لاوازە، کورد ئەزانێ خۆی بپارێزێ، بەڵام نازانێ چۆن پێشکەوتن‌و سەرکەوتن‌و گەشەکردن بەدەستبێنێ، هۆی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییمان.

جگە لەهەستو زمانەکە.. نیشتمانەکەمان، قەوارە فەرمانڕەواییەکانی وەك دەوڵەتی مادو میرنشینەکانمان، شۆڕشەکانمان، ڕاپەڕینەکانمان، نەریتەکانمان.. ئەوانە هەمووی بنەمای بەهێزی کەلتوری نەتەوەییمانن کە ئەکرێ بکرێنە سەرچاوەی ڕابوونەوە بۆ ئایندەی شکۆداری نەتەوەکەمان. بێگومان بنەمای تریش هەن بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ئەوانە سەرکیەکانن لەپاڵ هەڵبەستو چیرۆكو لاوكو داستان‌و پەندی پێشینان‌و تێکڕای مێژوومان.

• ئێوە پێتانوایە مەحوی شاعیرێکی نەتەوەییە ئایا دەتوانین لەناو شیعرەکانی مەحوی بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بدۆزینەوە؟

— ئەی من تا ئێستا چیم کردووە؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، داواکارم بەڕێزتان‌و خوێنەرەوەی بەڕێزیش بگەڕێنەوە بۆ وتاری (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بووە) لاپەڕە ١٢٤ تا ١٦٥ لەکتێبی (لەبارەی مەحودی لوتکەوە) چاپی یەکەم ١٩٨٦ چاپخانەی سۆمەر. هەروەها وتاری (مەحوی لەدیدی نەتەوەییانەوە) لاپەڕە ٢٤ تا ٣١ لەگۆڤاری ئایندە ١٨ شوباتی ٢٠٠١ کە من لەو دوو وتارەدا نزیکەی چل لاپەڕەم لەسەر نەتەوەیی بوونی مەحوی نوسیوە. دیارە لێرەدا مەودای دووبارەکردنەوەی نیە، بەڵام ئەوە ڕێ لەوە ناگرێ لێرەدا شارایەکی تر بخەمە سەر ئەو خەرمانە.

هەر لەم وەڵامانەدا، تۆزێ لەمەوپێش وتم: (بەهێزترین بنەمای کەلتوری نەتەوەییمان، هەستی هاوبەشمانە بەوەی ئێمە کوردین‌و نەتەوەیەکی جیاوازین لەنەتەوەکانی تری جیهان)، دیارە مەحوی هەستی بەم ڕاستییە کردووە بۆیە وتریەتی:

بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیطاعەم کرد
لەئیبتداوە کە بەیتی موناسیبی دیوان

گەدایەکی وەکو (مەحوی) قەلەندەرێکی کورد
میثالی پادشەهی فورسە، صاحیبی دیوان

لەوتارەکەی یەکەمدا (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بووە) وتوومە مەحوی خۆی بەگەدایەکی نەتەوەکەی زانیوە کە ئەمە یەکێکە لەسیفەتەکانی هەلگرانی بیروباوەڕی نەتەوەیی، چونکە مرۆڤی نەتەوەیی هەرچەند پایەی بەرزبێ، نابێ لووت بەرزبێ، بەلکو پێویستە هەمیشە خاکی (متواضع) بێ لەگەلْ ئەندامانی خۆیدا، بۆیە مەحوی لەو هەلبەستەیدا خۆی وەکو گەدایەکو قەلەندەرێکی کورد پیشانداوە، لەکاتێکدا کە ئەو کەسێتییەکی زۆر ناودارو پایەبەرزو زانا بووە، ئەوە لەکاتێکدا مەحوی خۆی لەپاشایەکی فورس بەکەمتر نەزانیوە، ئەمەش هەر هەستە نەتەوەییەکە ئەگەیەنێ کە مرۆڤی نەتەوەیی نابێ خۆی لەخەلکی بێگانە بەکەمتر بزانێ ئەگەرچی ئەو بێگانەیە پاشایەکیش بێ، جا ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ، زیاد لەوتەکانی ئەو وتارەم بیلێم لەسەر ئەم هەلبەستە، هەستە نەتەوەییەکەی مەحوییە بەوەی ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین لەگەلْ فارس دا. وشەی (دیوان)یش ئەشێ مەحوی بەدوو واتا بەکار هێنابێ: بەواتای دیوانی هەلبەستو بەواتای دیوانی پاشایەتیش کە لەئەنجامدا ئەوە ئەگرێتەوە کوردیش ئەبێ خاوەنی دیوانی پاشایەتیی خۆی بێ.

جگە لەو هەستەو هەر لەم وەلامانەمدا وتم: کۆلەکەی دووەم وەك بنەمایەکی بەهێزی کەلتووری نەتەوەییمان، زمانی کوردیمانە، بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێ، دیارە مەحوی هەستی بەم راستییەش کردووە، بۆیە لەجێگەی (همزیەو بوردە)ی عەرەبی، هەلبەستێکی کوردیی داناوە:

لەهمزیەو بوردەم چونکە کەم دی ئیستفادەی کورد
منیش ئەم کوردییەم دانا لەرێزی ئەو قەصیدانە

ئەم کارەی مەحوی جیاوازە لەکاری ئەو هەستیارانەی تر کە تەنیا بەکوردی هەلبەستیان وتووە، یان وەك د. محەمەد عەزیز ئەلێ: (بەپێویستی نازانم گەر یەکێکی وەك مەحوی کوردایەتی نەکردبێ هەر لەبەر ئەوەی هۆنراوەی بەکوردی داناوە، ئەوڕۆ دوای پتر لەسەدەیك لەتەمەنی رێژەیی خۆی، بەزۆر بەکوردایەتی بۆی بژمێرێ).[٧] مەحوی زۆریەی هەلبەستەکانی بەکوردی وتووە، من ئەوانەم بەکوردایەتی بۆ مەحوی ژمێرە نەکردووە، بەلام ئەمەیانی بەکوردایەتی بۆ دائەنێم، چونکە هەستی کوردایەتییەکەی پالی پێوە ناوە کە لەجێگەی ئەو هەلبەستە عەرەبییە، ئەم هەلبەستە کوردییە دابنێ، ئنجا پێداگرتنی مەحوی لەسەر زمانی کوردی لەهەندێ هەلبەستی تریدا، ئەوە سەلماندنی بیروبۆچوونەکەی ئێمەیە:

بدە ئیزن ئەم قەصیدەی کوردییەش بێتە مەقامی عەرض
ئەگەرچی وەك شرعورم شیعرەکانیشم پەرێشانە

یان کە ئەلێ:

موکەرەر بوو قەصیدەی بوردە ئەشئەی عالەمی پڕ کرد

---

(٧) ل ٥٤ گۆڤاری ئاینده ـ ژمارە ١٥ ت ٢ ی ٢٠٠٠.

بفەرموو بەم قەصیدەی کوردە نۆبەی ئەشنە پێوانە

هەروەها:

کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بەکول

بۆ فارسی، بەکوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

دیسان:

چەند گەوهەرێ لەجوهرە ضەم بەو لەئالییە

نەظمی بکەم بەکوردییەکی صرفی جوملەزان

هەم یادگاری ئەهلی کەماڵو ئەحیبەبێ

هەم رەهنوما بەوانە کەبێ عیلمنو نەزان

بڕوانن چۆن مەحوی ئەم گرنگی دانەی بەزمانی کوردی کردۆتە رێنمایی بۆ ئەوانەی بێ زانستو نەزانن؟

بەڵێ ئەم گرنگی دانەی مەحوی بەزمانی کوردی، بەڵکو ئەم شەڕکردنەی مەحوی لەسەر زمانی کوردی، کوردایەتییە، کام لەهەستیارەکانی تری سەردەمی مەحوی ئەم گۆمی زمانی کوردییەیان وەك مەحوی شڵەقاندووە؟ ئایا دوای مەحوی، بەڵکو لەم سەردەمەی ئێمەشدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، چەندین شەهیدی نەبەخشیوە لەپێناوی ئەوەدا رادیۆیەك، رۆژنامەیەك، وانەی قوتابخانەیەك بەکوردی بێ؟

ئنجا مەحوی کە ئەڵێ:

دووری مەبینە تۆ لەکەریمی بەهانە جوو

هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشی بەئەبولوەفا

ئەمە، وەك لەوتارەکەی ژمارە (١٥) ئایندەمدا وتوومە: مەحوی گەر پاڵپێوەنەری کوردایەتییەکەی نەبوایەو هەر موسوڵمانێتی بکردایە، ئەیوت (هەرچی ئیسلامە پاکی ببەخشێ) نەك هەرچی کوردە، بێگومان وشەی (هەرچی کوردە) هەموو کوردێك ئەگرێتەوە بەکوردی گاورو کوردی جوولەکەو کوردی ئێزیو زەردەشتیو کوردی دیندارو بێ دینەوە.

جگە لەوانە، مەحوی کە بەراوردی خۆیو وڵاتی بابان ئەکات، دوای تێکچوونی میرنشینی بابان، ئەوە تەواو لەهەستی جۆشخواردوو و پیشخواردووی کوردایەتییەکەیەوەیەتی:

لەدووری دڵمی کە دیی ئەم هەموو غەمو تەعەبە

دەروونی کەیلە لەزووخاوو دەردو تا بەلەبە

وتی: بیێ دڵە! وەك تۆ خەرابو شیفتە حاڵ

بەڵێ هەیە لەمن ئاشفتەتر: وڵاتی بەبە

ئەم هەڵبەستەی مەحوی، چەپی ئەگەڕاوەتەوە لەو قسانەی خوالێخۆشبوو شاکر فەتاح کە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول کودنیو بوونە هۆی شەهیدکردنی، مەحویش دوای هەرەسی میرنشینی بابان ئەم هەڵبەستەی وتووە. ئەوە بۆ ئەو رۆژە بارودۆخە کەم نەبووە.

• ئایا مەسەلەی تەسەوف و پەیوەستبوونی مەحوی بەڕێبازی نەقشبەندییەوەو خودی ئەو ڕێبازەش کە بەجۆرێك نزیکایەتی لەگەڵ ڕۆحی کوردایەتیدا هەیە.. دەشێ پارمەتی سەلماندنی نەتەوایەتی بوونی مەحوی بدات؟

– زۆر وایە، من لەچەند نوسینی پێشتری خۆمدا وتوومە: دوای شەپۆلی فتوحاتی عەرەبی – ئیسلامی کە کوردو فارس و تورك نەیانتوانی خۆیان لەبەریدا بگرن، فارس شیعەگەرێتی کردە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیی خۆی، تورکیش بەرەی خەلافەتی بردە ئەستەموڵ، نەك لەڕووی نەتەوایەتییەوە هەر بێ زیان بو لەو شەپۆلە، بەڵکو سوودمەندیش بو، بەوەی قەوارەی نەتەوەیی خۆی پێپاراست و گەلێ وڵاتی تریشی کردە ژێردەسەی خۆی، لەو بەینەدا تەنیا کوردەکە بەدەستی بەتاڵ مایەوەو لەڕوویی نەتەوەییەوە سەرگەردان بوو وەك ئەیزانین، هۆی ئەوەش نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی بوو لەناو کوردا.

ڕێبازی نەقشبەندی، ڕێبازێك بوو کە ژمارەیەك لەبیریارانی کورد ویستیان وەك هەلێك بیقۆزنەوە بۆ هەمان ئەو مەبەستەی فارس و تورك. بەڵام بەداخەوە هەلێکی درەنگکات بوو، بێگومان ئەگەر کوردەکە هەمووی، یا زۆربەی زۆری بکەوتایەتە سەر ئەو ڕێبازە، ئەوا نەتەوەی کورد ئەبوو بەخاوەنی ڕێبازێکی ئاینی تایبەت بەخۆی، ئەوسا بەهۆی ئەو ڕێبازەوەو تێکەڵ بەهەستی کوردایەتییەکەی، ئەبوو بەخاوەنی قەوارەی تایبەتیی خۆی و لەژێر دەستەیەتی نەتەوەکانی تر ڕزگاری ئەبوو، ئەشی مەحویش وەك بیریارێکی هوشیار، وەك نەتەوەییەکی کورد، هەمان دیدوبۆچوونی هەبووبێ، ئێستاش، وەك ئەڵێن: (دنیا ئەوەی ماوێتی، زیاترە لەوەی ڕۆییوە) بیریاران و زانایانی ئاینی کورد کارێکی لەو جۆرە بەئەنجام بگەیەنن، کەڵکێکی زۆری ئەبێ بۆ ئایندەمان.

• ئایا چۆن سەیری پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت دەکەن؟ ئایا سیاسەت لای ئێمەی کورد زۆرجار زیانی لەلایەنی هونەری و داهێنان نەداوە؟ ڕای جەنابتان لەم بارەیەوە؟

– خۆی لەڕاستیدا، پێویست نیە پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا هەبێ، بەڵام لەناو نەتەوەیەکی وەك کوردا، داگیرکراوو بەشبەشکراوو چنگ لەمەناوو بوونی نەتەوەییمان نراو، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەدەب تێکەڵ بەسیاسەت ئەبێ، چونکە ئەدەب لەزەمینەیەکی ئازادا گەشە ئەکات، هەر هیچ نەبێ بۆ بەدەستخستنی ئەو ئازادییە، ئەدەب خۆی تێکەڵ بەسیاسەت ئەکات، ئنجا بەڕای من سیاسەت لای ئێمەی کورد زۆرجار سوودی بەئەدەب گەیاندووە نەك زیانی لێدابێ، هەروەها سیاسەت سوودی بەلایەنی هونەری و داهێنان گەیاندووە.

تۆ سەرنج بدە، ئەگەر بەهۆی سیاسەتەوە نەبوایە کە نیمچە ئازادییەکی دەستەبەر کردووە لەباشووری کوردستاندا، لایەنی هونەری و داهێنان لەم ناوچەیدا وا گەشەی ئەکرد؟ نەتەوەیەك چۆن ئەتوانێ خاوەنی ئەدەب و هونەر و داهێنانی خۆی بێ ئەگەر نەك هەر قەوارەیەك یا نیمچە قەوارەیەکی تایبەتیی خۆی نەبێ، بەڵکو زمانەکەشی لێ قەدەغە بکرێ؟ لەبەر ئەوە تا نەتەوەی کورد، نەگاتە ئازادی و سەربەخۆیی تەواو، نەك هەر ئەدەب و هونەرەکەی، بەڵکو وەرزش و خوێندن و سەیران و خەو

خوارەنیشی تێکەڵ بەسیاسەت ئەبێ، یا بەواتایەکیتر، سیاسەت سوود بەهەموو ئەو لایەنانە ئەگەیەنێت.

• هەندێ لەنووسەرانی کورد زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە هەر نووسەرێك بەرەگەز کورد بێ، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت هەر موڵکی کوردە.. بۆ نموونە یەشار کەمال، عەبدولمەجید لوتفی، سەلیم بەرەکات بەتورکی و عەرەبی دەنووسن.. ئایا رای جەنابتان چییە لەم بارەیەوە؟ ئایا کوردایەتیبوون لەرێگای زمان و رەفتاری کوردانەوە دەسەلمێنرێت یان تەنیا بەرەگەز؟

– بەلای منەوە، هەستی نەتەوەیی دەوری سەرەکی ئەبینێ بۆ ئەو مەبەستانەی بەرێزتان هێماتان بۆ کرد نەك رەگەز یا زمان، ئەی من لەوەڵامی پرسیارێکتانا ئەموت: هەستی نەتەوەیی بەهێزترین کۆڵەکەی راگری بوون و مان و ئایندەمانە؟ لەبەر ئەوە هاوکێشەکە بەم جۆرەیە:

• نوسەرێك لەنێوان نوسینەکانیەوە، ئەوە دەرکەوێ کە خۆی بەکورد ئەزانێ و بۆ خزمەتی لایەنێك لەلایەنەکانی نەتەوەی کورد ئەنووسێت، ئەوە بەهەر زمانێك بنوسێت هەر موڵکی کوردە ئەگەرچی ئەو نووسەرە بەرەگەز کوردیش نەبێ.

راستە زمان کۆڵەکەی دووەمە، بەلام کۆڵەکەیەکی یاریدەدەرە بۆ گەشەکردنی هەستە نەتەوەییەکە. واتا زمان هۆکارە (الوسیلة) نەك مەبەست (الغایة) مەبەست نەتەوەکە خۆیەتی، من بۆیە ئەڵێم پێویستە گرنگی بەزمان بدرێ، چونکە ئەزانم ئەبێتە هۆی گەشەکردنی هەستەکە، بەلام ئەگەر کەسێك بەبێ فێربوونی زمانی کوردیش ئەو هەستەی هەبێ و گەشەی پێبدات، ئەوە خۆیشی و ئەو نوسینانەشی کە تەرخانە بۆ خزمەتی کورد، موڵکی کوردن.

بۆ رونکردنەوەیەکی زیاتر، با هەندێك نمونە لەسەر هەستی نەتەوەیی و جیاوازیی رەگەز و جیاوازیی زمان بێنینەوە:

• کەسێك تەنیا باوکی یا دایکی کوردە، بێگومان هەستەکەی خۆی بڕیار ئەدا کە خۆی بەکام لەو دوو نەتەوەیە ئەزانێ، نەتەوەی باوکی یا هی دایکی؟.

• من خۆم هەندێ جار لەگەڵ خەڵکی سویسرادا تووشی مشتومڕ ئەبووم، ئەوان لەسێ زمانی سەرەکی پێکهاتوون: ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی، کە هیچیان خۆیان بەنەتەوەی ئەڵمانی یا فەرەنسی یا ئیتالی نەئەزانی، ئەیانوت ئێمە لەنەتەوەی سویسرین.

• ئێستا ئەمەریکاییەکانیش وایانلێهاتووە خۆیان بەنەتەوەی ئەمەریکی ئەزانن ئەگەرچی هەر کۆمەڵەیەکیان لەوڵاتێکی جیاوازەوە هاتوون و بەزمانێکی جیاواز ئەدوێن.

• دکتور فوئاد لەوەڵامی سەرۆکی دادگایەکی تورکیدا کە پێی وت تۆ کوردی نازانی، بۆچی بۆ کورد خۆت ئەدەی بەکوشت؟ وتی: راستە من زمانم بەتورکی ئەدوێ، دەستیشم بەتورکی ئەنووسێ، بەلام دڵم بۆ کورد لێئەدات.

لەبەر ئەوە یەشار و لوتفی و بەرەکات موڵکی کوردن، چونکە خۆیان بەکورد ئەزانن، ئەو نوسینانەشیان کە تەرخانن بۆ کورد موڵکی کوردن، بەلام ئەگەر نوسینێکیان هەبێ تەرخان نەبێ بۆ خزمەتی کورد، ئەوە موڵکی کورد نیە، نوسینەکانی کەسێکی وەك (ئیسماعیل بێشکچی)ش، ئەگەرچی

تەرخانن بۆ ئازادەی سەربەخۆیی کوردستانیش، بەلام چونکە ئەو خۆی بەکورد نازانێ، بەلکو وەك تورکێکی هەقبێژو بەویژدان قسە ئەکات، مولکی کوردنین.

• چۆن دەڕوانە باری شیعری کوردی لەئێستادا!!

– ویرانە، بەتایبەتی ئەوانەی جارجار بەرچاوم ئەکەون لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، رەنگە تاکە تاکەیەك هەڵبەستی باش هەبێ، بەلام بەداخەوە بەرچاوم ناکەون، چونکە من ئەوەندەم کات نیە ئەو هەموو شتانە بخوێنمەوە کە ناوی هەڵبەستیان لێنراون، هیوادارم ئەمە بەجۆرێك لەخۆهەلکێشان نەدەنە قەلەم، باوەڕبکەن تامەزرۆی خوێندنەوەی هەڵبەستێکی چاکم، جاران ئێمە هەر ژین یا گەلاوێژ یا هیوا مان هەبوو، هەموویانمان ئەخوێندەوەو ئەمانتوانی چاكو خراپ لەیەك جیابکەینەوە،، بەلام ئێستا رۆژنامەو گۆڤارو دیوانی هەڵبەستو ناهەڵبەست ئەوەندە زۆرن، چاکیش لەناو خراپدا ونبووە ! من وای بۆ ئەچم مەسەلەی پاداشت (موکافەئە)و چاپکردنی بەرهەمەکان لەلایەن دەزگاکانەوە، پالەپەستۆیەکی ئەوتۆی دروستکردووە کە خراپ نایەلێ چاك دەرکەوێ! ئەوە مەسەلەی حیزبایەتیش لەولاوە بوەستێ کە چۆن کەروێشکێك ئەکرێ بەئاسکێكو ئاسکێك بەکەروێشك.

• ئایا ئەو شاعیرانەی کە جێگای سەرنجی تێوەن کامانەن!

– من بەر لەئێستاو ئێستاش (هەڵبەست) سەرنجم رائەکێشێ نەك (هەستیار)، لەو باوەڕەدا نیم هەموو هەڵبەستی هەستیارێك چاك یا خراپ بێ، هیوادارم هەلم بۆ برەخسێ بۆ خوێندنەوەی زیاترین هەڵبەست، بەتایبەتی هی نەوەی نوێ، لەو باوەڕەدام نەوەی نوێ هەڵبەستی چاکیان هەیە یا ئەیانبێت بەتایبەتی ئەوانەی بەهرەی هەڵبەستیان هەیەو گەشە بەو بەهرەیە ئەدەن بەزانیاریو مەشقکردن.

تێبینی/

کامیل نیزامەدین کە نازناوی کامیل ژیرە، سالی ١٩٢٤ لەدایکبووە، لەخێزانێکی خوێندەوارو نیشتمانپەروەردا پەروەردە بووە، کۆلیژی یاسای تەواوکردووە، ئێستاش بەکاری پارێزەرییەوە خەریکە، کامیل ژیر یەکێکە لەو چەند کەسەی کە کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد واتە (کاژیك) یان دامەزراند.

عەتا قەرەداغی

لەوەڵامی دوو پرسیاری بەڕێز مامۆستا (عوسمان بەرزنجی)دا
بۆ نامەی دوکتۆراکەی

هێشتا ساغ نەبۆتەوە کە شێرکۆ بێکەس هەستیارێکی بەهرەمەندە

پێخۆشحاڵم کە نامەی دوکتۆرا ئەگوزەرێنن، سەرکەوتووبن

یەکەم/ من لەو باوەڕەدا نیم کە گوایە منو د. ئەسرین فەخریو نوری وەشتی، بەسێ کوچکەیەک لەنوێکردنەوە، لەهەڵبەستی کوردیدا، ساڵی ١٩٥٣ دابنرێین! وەک ئێوە ئەڵێنو ئەپرسن: ئایا بنەمای ئەو نوێخوازییە چی بوو؟

جارێ منو ئەو دوو بەڕێزە، رۆژێك لەرۆژان پێکەوە کۆنەبووینەتەوە بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی لەو جۆرە پێکەوە دابنێین، ئەگەرچی هەردووکیان برادەرو خۆشەویستن. لەبەر ئەوە من تەنیا بەش بەحاڵی خۆم قسە ئەکەم. راستە من هەندێك هەوڵمدا، بۆ ئەوەی لەڕووی فۆرمەوە، هەندێك گۆڕانکاری لەهەڵبەستدا بکەم لەدوای ئەو ساڵەوە، بنەمای ئەو هەوڵەشم لەو باوەڕەوە بوو کە ژیان هەمیشە لەگۆڕانو پێشکەوتنو نوێخوازیدایە، ئەی بۆچی هەڵبەستیش وانەبێ؟ بەرئەنجامی ئەو هەوڵانەشم، بەزۆری لەرۆژنامەی ژیندا بڵاوکردەوە. دواییش لەبەشی یەکەمی دیوانی هەڵبەستەکانمدا بەناوی (نازەنین)ەوە کە ساڵی ١٩٥٧ لەسەر ئەرکی نامەخانەی زێوەر لەسلێمانیو لەچاپخانەی النور لەبەغداد چاپکرا.

لەپێشەکیی ئەو دیوانەدا نوسیومە: (ئەم کۆمەڵە هەڵبەستە تێکڕا ئەتوانین پێیان بڵێین هەڵبەستی تازە، یان کتەوە بۆ هەڵبەستی تازە). دوایی نوسیومە: (لەهەڵبەستی تازەدا ئەتوانرێ لەوەزنو قافیە، واز لەیەکێکیان بهێنرێ).

ئەوە دیدوبۆچوونی ئەوسام بوو، بەلام لەدوای ساڵی پەنجاوحەوتەوە لەو رایە پەشیمان بومەوە. ئەو هەوڵانەشی بۆ هەڵبەستی بێ کێشو سەروا، یا بێ کێش، یا بێ سەروادابووم.. لەچاپکردنی سەرجەمی هەڵبەستەکانم تا ساڵی ١٩٩٣ بەناوی (هەڵبەستەکانی ژین) لە ٤٦٤ لاپەڕەدا لەسەر ئەرکی دەزگای چاپەمەنیی رۆژ لەسوید.. ناوی هەڵبەستم لەسەر لابردنو لەژێر ناوی پەخشاندا چاپم کردنەوە. لەوانە (یەکەم– گەشتێك ل ٢٩٩ لەدیوانی نازەنیندا ل٩، دوەم– دولنامە ل٤١٩ لەنازەنیندا ل٢٧، سێیەم– بۆ گوڵی ئاواتم ل٢١٦ لەنازەنیندا ل٣٨، چوارەم– سپلە ل٢٢١ لەنازەنیندا ل٥١). ئیتر دوای ئەوە گەڕامەوە سەر هەڵبەستی بەکێشو سەروادارو بەشی دوەمی هەڵبەستەکانم (کوردایەتی) لەچاپخانەی النجاح لەبەغداد ساڵی ١٩٦٠و بەشی سێیەم (جوانی) لەچاپخانەی سەرکەوتن لەسلێمانی ساڵی ١٩٨٣و هەموو هەڵبەستەکانی تریشم، کێشیان هەیەو سەروادارن.

جا ئەگەر مەبەست لەپرسیارەکەی بەڕێزتان، ئەو هەڵبەستە بێ کێشو بێ سەروایانەبێ کە ئەوانەی د. ئەسرینو نوری دەشتیش هەروابوون، ئەوا من ئێستا ئەوانەو هەموو ئەو هەوڵانەی خەڵکی تریش لەبواری بێ کێشیو بێ سەروایەدا ئەیدەن، بەهەڵبەستیان نازانم، من ئەوانەی خۆمم ناونا پەخشان، چاك وایە ئەو خەڵکەش بگەڕێن ناوێکی تر بۆ ئەو هەوڵانەیان دابنێن، پەخشانە هەڵبەست، پەخشانی

هونەری، فریشتە، ئاسمان، یا هەر ناوێکی تر، نەك هەڵبەست. چونکە کێش‌و سەروا، دوو کۆڵەکەی سەرەکیی هەڵبەستی کوردین‌و لەگەڵ زەوقی مرۆڤی کورد ئەگونجێن‌و بێ بوونی ئەو دوو کۆڵەکەیە، کارەکان ئەبنە جەستەی بێ گیان لای زەوقی هەڵبەستخوازی کورد تا ئەم رۆژگارەمان. ئایندەش، نازانرێ چۆن ئەبێ‌و چی نوێ دائەهێنرێ کە لەگەڵ خواست‌و زەوقی نەوەکانی ئەو ئایندەیەدا بگونجێ.

من لەپاشبەندی (هەڵبەستەکانی ژێر)دا لەلاپەڕە چوارسەدو بیست‌و نۆدا، لەو بارەیەوە بەدرێژی دواوم، لەگەڵ ئەم وەڵامەدا، وێنەیەکی ئەو پاشبەندەتان پێشکەش ئەکەم.

کەواتە من ئەو هەوڵانەی (سێ کوچکەکە!) بەنوێخوازی نازانم لەهەڵبەستی کوردیدا، ئەگەرچی ئەشێ بەو هەوڵانە بوترێ جۆرە داهێنانێك، یا نوێکارییەك لەوێژەی کوردیدا کە وەك وتم نازانم چی ناو بنرێت.

شێخ نوری شێخ سالح‌و گۆران، نوێکارییەکیان لەهەڵبەستی کوردیدا ئەنجام دا، بێ ئەوەی واز لەکێش‌و سەروا بێنن، من‌و چەند هەستیارێکی تری وەك دیلان‌و کامەران‌و ع.ح.ب و هەندێکی تر، زوو تێکەڵاو ئەو رەوتە بووین‌و ئێمەش چەند خشتێکمان لەتەلاری هەڵبەستی نوێی کوردیدا دانا. من ئەمەیان بەنوێخوازی ئەزانم لەهەڵبەستی کوردیدا، بۆ بنەمای ئەم نوێخوازییەش، وەڵامەکەی لەپاشبەندەکەدا ئەبینی.

دوەم/ لەوەڵامی پرسیاری دوەمتانا، گوایە کاك شێرکۆ بێکەس رلوبۆچوونی لەسەر ئێمە ئەوەیە کە لەو کاتەدا تەنها هەڵچوونێك بوەو هیچی ترو خزمەتی شیعری نوێی کوردیمان نەکردووە..

ئەڵێم: بۆچی کاك شێرکۆ، حەکەمی هەڵبەستی کوردییە؟ کێ ئەو مافەی بەو داوە خۆی بکاتە مامۆستاو پرۆفیسۆری زانکۆی هەڵبەستی کوردی، تا پلەو پایە بۆ هەستیارانی کورد دابنێ؟ بۆچی هێشتا ئەوە ساغ بۆتەوە کە شێرکۆ خۆی هەستیارێکی بەهرەمەندە؟

من ئەو قسەیەی شێرکوم، دەمێکە، لەنامیلکەی (روبەڕوو لەسێبەری چیادا) خوێندۆتەوە، لەوێدا لەوەش زیاتری وتووە، ئەڵێ: (ئەو سێ کوچکەیە تا دواییش کەسیان نەبوون بەشاعیر)، جا لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڤولتێر ئەڵێ: (من رام جیاوازە لەگەڵ هەموو وشەیەکدا کە تۆ ئەیڵێی، بەڵام هەتا مردن بەرگریت لێ ئەکەم کە مافی خۆتە هەرچی بڵێیت). من تا ئێستا هیچ گرنگییەکم بەو قسەیەی شێرکۆ نەداوە، چونکە وەك بنەما یاساییەکە ئەڵێ: (فاقد الشيء لايعطيه)، ئەو وەك وتم، هێشتا ئەوە ساغ نەبۆتەوە کە هەستیارێکی بەهرەمەندە؟ یا بەزۆر سواری هەڵبەست بووە؟

شێرکۆ بەتەمەن شەش ساڵێك لەمن منداڵترە، ئێمە ژمارەیەك لاو، لەناوەڕاستی پەنجاکاندا سەرەتەتییەکمان لەوێژەو هەڵبەستدا ئەکرد، ئێواران لەباخی فەرەج لەتەکێی سەرکارێز لەسلێمانی، کۆڕی شەڕە شیعرمان ئەبەست، بەبەیانیانیش سەردانی چایخانەی ئەوقافمان ئەکرد. کاك شێرکۆش وەك مێردمنداڵێك هاتە ناومان. زۆرمان رێز لێگرت بەهۆی ئەوەوە کوڕی هەستیاری بەناوبانگ فائق بێ کەس بوو. ئەوە جگە لەوەی کە بێ باوکو تاقانەش بوو، بەڵام زۆری نەخایاند، ئەوەمان بۆ ساغ بووەوە کە ئەم لاوە بەهرەکەی باوکی تێدا نیە، بەڵام ئەیەوێ بەزۆر سواری هەڵبەست بێ. هەرچەند گەڵێ جار رێنماییان ئەکرد لەڕووی زانیارییەوە، ئەوەندەی ئەمانزانی، یارمەتیمان ئەدا، بەڵام بێ سوود

بوو، ئەو بەهرەیەمان تیا بەدی نەکرد، کەچی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەموو شتێکی شێرکۆیان بڵاوئەکردەوە، لەبەر هەمان هۆ، ئەو بڵاوکردنەوانەش بەزیان گەڕایەوە بۆ شێرکۆ خۆی، چونکە بووە هۆی ئەوەی لەخۆی بگۆڕێت و هەوڵێك نەدا بەخۆیدا بچێتەوەو ئەوانەی ئەینوسی پێیاندا بچێتەوەو پاکژیان بکاتەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە، شێرکۆ هەر زۆر ئەڵێ، بەڵام بۆر.

لەبەر ئەوە من ئەگەر بوویم بەهەستیار، یا نا، ئەوە کاری شێرکۆ نییە، من ئەوەندەم شانازی بەسە کە ساڵی ١٩٥٧ هەڵبەستەکەی من (بەهاری کوردستان) بەیەکەم هەڵبژێردرا.. کە هەڵبەستی (خاڵوی خاڵ)م وت، خوالێخۆشبوو نجم الدین مەلا ڕۆژنامە ژینەکەی وەك ئاڵا بەرزکردبووەوەو لەو سەری سابونکەرانەوە بەڕاکردن ئەکشا بۆ بەر سەراو هاواری ئەکرد: (مەولەوی زیندوو بۆتەوە) کەسێکی وەك دوکتۆر جەمال نەبەز ئەڵێ: (ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیەی ژێر، بەلای منەوە نمونەی هۆنراوەی نوا ڕۆژمانە)، کە خولێخواشبوو ب. هەندرێن ئەڵێ: (ژێری شاعیر کەلێنێکی گەورەی گرت لەئەدەبی کوردیدا بەوەی بیری کوردایەتیی لەهەستە دەروونیەکەو گیانە ستایشەکە تێپەڕاندو گەیاندییە بارە تیورییەکەو هەتا ئەمڕۆ شاعیرانی ترمان خۆیان لەو بوارە نەداوە)، هەروەها ئەوەندە شانازی بۆ من بەسە کە ئێستاش، دوای ٤١ ساڵ، هەندێ کەس ماون کە هەموو دیوانی کوردایەتییەکەی منیان لەبەرە.

قسە زۆرە، بەڵام با نەبێ بەخۆهەڵکێشان، تەنیا ئەوەندە ئەڵێم، شێرکۆ خۆی گۆشکراوی هەڵبەستەکانی ناو دیوانی کوردایەتییەکەی منە لەڕووی بیرەوە لەبواری کوردایەتیدا، ئنجا دوایی کە ئەو ڕایەی داوە، ئەوە لەئەنجامی ڕووداوێکی سیاسییەوەیە کە ئەمە کورتەکەیەتی: شێرکۆ لێپرسراوی لقی سلێمانی کاژیك بوو، منیش ئەندامی سەرکردایەتی، لەبەر هەندێك هۆ شێرکۆمان لەو پلەیە لابردو دابەزان، ئەویش لەوە تۆراو وازی لەکاژیك هێنا. لەو ڕۆژەوە لەمن لاڵووتە، چونکە ئەوە بەکاری من ئەزانێ، ئیتر وەك کوردەکە ئەڵێ: شەڕ بەکوتە قین ئەکرێ، دیارە ویستویەتی بەو قسەیە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. ئەگینا کەی ئەوە کاری ئەوە؟ هەرچەندە ئەشێ قسەکەشی ڕاستبێ و من شاعیر نەبم، چونکە ئەگەر شاعیریتی، وەك ئەوبێ، ئەوە من شاعیر نیم. لەڕاستیشدا ئێستا من دەربەستی ئەوە نیم بەهەستیار (شاعیر) بزانرێم، چونکە دەمێکە بەلای هەڵبەست وتندا ناچم، ئەوەشم لەو باوەڕەوەیە کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆی میللەتاندا، شیعرو شاعیر، بوونەتە دیاردەیەك لەدیاردەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان، ئەوە ڕۆژگارێکی تر بوو کە هەڵبەست بایەخێکی زۆری هەبوو بۆ ڕابوونی ئەم دەڤەرەی ئێمە، من لەڕۆژە ڕەش و دژوارەکانی ئەو ڕۆژگارەی نەتەوەکەماندا، ئەو کارەم بەهەڵبەستەکانم بەچاکی و بەپاکی ئەنجامدا، دوای ئەوە ئەرکی گرنگترم کەوتە ئەستۆ.

لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی بەڕێزی (جەماوەر)دا ـ ژمارە (٤٨) دووشەممە ٢٠٠٣/٩/٢٩ ل٢

کەس‌وکاری کیمیابارانو ئەنفالەکانو لادێ وێران بووەکان بەبینینی ئاڵای بەعس لەشاری سلێمانیدا برینەکانیان دەکولێتەوە..

• لەوەتەی ئاڵای بەعس لەشاری سلێمانیو هەڵەبجەی شەهید هەڵکراوە.. هەڵەبجە خوێن لەهەناوی دەتکێو هەموو ڕۆژێ شەهید دەکرێتەوە..

• هەڵکردنی (عەلەم)ی عێراق لەتەک ئاڵای کوردستان پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ لکاندنەوەی کوردستانی ئازاد بەعێراقەوە..

• نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیرانو ڕووناکبیران لێکرا بەیەک دەنگ تکا دەکەن.. ئاڵای بەعس لەشاری سلێمانی داگیرێ..

ماوەیەکە ئاڵای کوردستانو چۆنیەتی هەڵکردنی لەتەک ئاڵای بەعسییەکان لەشاری سلێمانیدا بۆتە باسێکی گرنگو ڕۆژانە لەنێو خەڵکی شارداو ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دووپات دەکرێتەوە، چونکە ئاڵا پیرۆزە، هەر بۆیە پیرۆزیی ئاڵا لەهەموو کاتێکدا ڕەچاو کراوە بەو پێودانگەی گوزارشت لەبوونو بەردەوامیو سەروەری نەتەوەکەمان دەکات.. جا پێویست بوو لەشاری سلێمانی کوردپەروەرو کانگای بزاڤی نوێخوازیو نەتەوەیدا ڕەچاوی ئەوە بکرایەو پیرۆزیی ئاڵای کوردستان لەدەستنەدرایەو ئەو ئاڵایە هەرگیز نەکرایەتە خوێناوی بەعسییەکان.. چونکە جوداییەکی زۆر لەنێوانیاندا بەرجەستە دەبێت، ئاڵای بەعس مێژوویەکی ڕەشی لەلای خەڵکی کوردستان هەیە بەتایبەتیو زیاد لەهەمووان شاری سلێمانیو هەڵەبجەی شەهید کە تا ئێستاش هەڵەبجە بریندارەو برینەکانی سارێژنەکراوە.

جا ئەو کردەوەیەش لەلای زۆرێک لەڕۆشنبیرانو نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو خەڵکانی ئازارچەشتووی بریندارو خوێناوی دەستی ئەو ڕژێمە، بۆتە مایەی توڕەییو ناڕەزاییو گازندەیەکی زۆرو پاش چەندین ساڵ نەبوونی هیچ وجودێکی ئەو ڕژێمەی بەعس ئاڵای عێراقیان بەبێ پرسو ڕاوبۆچوونی خەڵکی لەسەر سەرجەم فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان هەڵکردووە کە بەپێی بڕیارێکی ڕەسمی ئیدارەی سلێمانی دەرچووە.. لەلایەن ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە چەندین ڕیپۆرتاژو وتارو نووسراو بڵاوکرایەوە تا ئەو (عەلەمەی) بەعس لەم شارە داگیرێ، بەڵام بەداخەوە کەس هەر گوێی لێنەگرتنو هەر حسابیشیان بۆ نەکردن.

هەر لەم ڕووەوە خەڵکی دەڵێن بابەسبێت برینمان بکولێتەوەو هەموو ڕۆژێک بەعسمان وەبیربێنێتەوە.. ئەو ئاڵایە دابگرن.

ڕیپۆرتاژ ـ زانیار سەردار قرگەیی ـ سلێمانی

کامیل ژیر (نووسەری سیاسی): ئاڵای عێراق، ئەم ئاڵایەی ئێستا لەشارێکی وەک سلێمانیدا، لەپاڵ ئاڵای کوردستاندا هەڵئەکرێت!! بەپێی یاسای ژمارە (٣٣) ساڵی ١٩٨٦ (یاسای ئاڵای عێراق)و بەبڕیاری ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٨ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس قيادة الثورة)ی ڕژێمی بەعس ڕەوایەتی دراوەتێو نەخشەکێشکراوە.

بەپێی بڕگەی دوو لەمادەی دووەمی ئەو یاسایە، ڕەنگەکانی ئەو ئاڵایە ڕەنگەکانی ئاڵای عەرەبەکان ئەنوێنن کە لەمێژووی عەرەبیدا بەکارهێنراون. سێ ئەستێرەکەی ناوەندێ ئاڵاکەش بنەماکانی (الوحدة

والحرية والاشتراكية) ئەنوێنن هەر لەم برگەیەدا نوسراوە کە (پاڵەوانەکانی ئەم ئاڵایە گەلی عێراق، لەقادسیەی سەددامدا جەنگاوەو لەپێناویدا قوربانیان داوە بۆ بەرگری لەنیشتمانو ئازادیی گەلو سەربەخۆیی روخساری بەخشینو شەهادەتو قوربانیش ئەنوێنێ کە لەو جەنگە شکۆدارەدا بەدیار کەوتووە).

بەسەرنجدانێك لەناوەڕۆکی ئەو یاسایە، ئەم راستیانە لای هیچ کەسێك شاردراوە نابێ.

١- دارشتنو روخسارو رەنگەکانی ئەو ئاڵایە، هیچ لێکدانەوەو بیانوویەکی نیە بۆ کورد.

٢- سێ ئەستێرەکە، نیشانەی سێ دروشمەکەی بەعسن. دەی خۆ بەعس لەسەر حوکم نەماوە، کەواتە ئاڵاکە، نەك هەر لەکوردستاندا، بەڵکو لەعێراقیشدا رەوایەتی نەماوە.

٣- یاساکە، هێما بۆ قادسیەی سەدام ئەکات، ئەی لەو جەنگی قادسیەی سەدامەدا نەبوو، کورد ئەنفالو کیمیابارانو کۆکوژکرا!؟

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەی بۆچی، لەگەڵ ئەو هەموو نالەبارییەی ئەو ئاڵایەدا، لەهەندێ شوێنی کوردستاندا، ئەو ئاڵا ناموبارەکە، هەر هەڵئەکرێ!؟ من هیچ وەڵامو بیانوویەك شك نابەم، تۆ بڵێی (هاوفایلەگیراوەکان) لە پشتی هەڵکردنی ئەم ئاڵایەوە نەبن؟!

خۆ ناکرێ بڵێین ئەوە هاومامەڵە کردنە (المعاملة بالمثل)، چونکە تا ئێستا نەماندیوە، نەك هەر لەتکریتو فەلوجەو رومادی، بەڵکو لەنەجەفو عەمارەو بەسرەشدا، ئاڵای کوردستان لەپاڵ ئاڵای عێراقدا هەڵکرێت. کەسێکی وەك هەڤاڵ مام جەلالیش، نەئەبوو بەو جۆرە بەئاڵا کوریپە هەژارەکەی کوردستاندا، لەئوستترالیا، هەڵشاخێ لەبەر ئەوەی ئەو ئاڵایە لەتەنیشت خۆیەوە ئاڵایەکی عێراقی دانەچەقاندبوو!! ئاخر خۆ تا ئێستا نەماندیوە، نەك هەر یەکێکی وەك محەمەد دووری، بەڵکو یەکێکی وەك ئەحمەد چەلەبیش کە هاونەنجومەنو هاو ئۆپۆزسیۆنی مام جەلالە، بەئاڵای عێراقدا هەڵشاخێ لەبەر ئەوەی ئاڵای کوردستانی بەتەنیشتەوە نەبووە!!

من تێناگەم، هەڤالان لەکاتی شەڕە پەڕۆکەیاندا، نەك هەر پەڕۆ بەڵکو کراسی سەوزو زەردیشیان، لەیکتری قەدەغەکردبوو! ئەی بۆچی ئێستا ئاڵای ئەو عێراقە قەدەغە ناکەن کە شەڕە چەکی کیمیایی لەگەڵ ئەکردین!؟

خۆناشکرێ بڵێین (نهێنییەکە، ترسە) ئەی ئاڵێن سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانییە!؟ راستییەکەی ئەبوو، ئەو رۆژەی ئاڵای کوردستان، دوای کەوتنی رژێم لەسلێمانیدا هەڵکرا، ئەو جەماوەرەی هەڵمەتو قوربانییە، دەستەونەزەر، لەبەردەم ئاڵاکەدا بوەستانایەو هەموو بەیەکدەنگ سروودی ئەی رەقیبیان بوتایە، یا کەسێکی وەك من کە لەچەند هەڵبەستێکمدا ناوی ئاڵای کوردستانم هێناوە، لەوانە ئەم هەڵبەستەم کە ساڵی ١٩٥٨ وتوومە لەدیوانی (کوردایەتی) یەکەمدا کە ساڵی ١٩٦٠ چاپکراوەتەوە ئەبوایە لەهەموو کەس پەرۆشتر لەبەردەم ئاڵاکەدا بچەمایەتەوە کەچی ئەوەم نەکرد!! ئەزانن بۆچی؟! چونکە لەتەنیشت ئاڵا پیرۆزەکەی کوردستانەوە، ئاڵا خوێناوەییەکەی عێراقیش قوت کرابووەوە!! وتم نەبا ئاڵا شەرمەزارەکەی عێراق بڵێ: نیوەی چەماندنەوەکە بۆ ئەو بووە!! ئاخۆ ئەو زوڵمە بۆ لەکەسێکی وەك من ئەکەن کە پەنجاو پێنج ساڵ لەمەوبەر لەو هەڵبەستەمدا وتوومە:

گوڵی گەش بەبای شەماڵی بەهار ئەشنێتەوە	قاسپەی کەوی کەژ، بەرامبەر نزار بەرزدەبێتەوە
من کە دیم لەرەی شەپۆلی شنەی ئاڵای کوردستان	تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی ئەستێرەی بەیان
ئەو کاتە هیواو ئامانجی دووریم هەرسوو پێکەوە	ئەبن بەپرشنگ، گوڵاڵەی سوورم ئەگەشێتەوە

رۆژنامەی رێزداری (هاوڵاتی) ژمارە (١٤٥) رۆژی ١٥/٢/٢٠٠٣

وەڵامێک بۆ:

رێبین هەردیو بەهەڵە تێگەیشتن لەکێشەی کەرکوكو کوردو دیموکراسی

پێشەکی ئەمەوێ خوێنەرەوەی بەڕێز، ئەو راستییە بزانێ کە من وەك برازایەکی خۆشەویست، ئەڕوانمە رێبین هەردی، چونکە ئەو کوڕی برای ئازیزو هاوبیری مێژام مامۆستا ئەحمەد هەردییە کە پێکەوەو لەگەڵ ژمارەیەك هاوبیری ترماندا لەکۆتایی پەنجاکانی چەرخی پێشوودا، رەنگی قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی کوردیمان رشتو کارمان بۆ کرد، ئێستاش جێگەی شانازیمانە، کە هێشتا لەژیاندا ماوین، ئەبینین تۆوی ئەو بیرە، کە ئەوسا، سەرەتا لەکێڵگەیەکی بچووکی وەك سلێمانیدا ئەمانچاند، ئێستا لەسەرتاپای کوردستاندا سەوز بووە، ئەوەش، بە بەڵگەیەی ئەوەی ئێمە لەکولەکەدا، بەهۆی گوشارێکی زۆرەوە لەسەرمان، بانگمان بۆ ئەدا، ئێستا نەك هەر زۆربەی جەماوەری کوردی بێلایەن، بەڵکو زۆربەی ئەندامانی ئەو حیزبە کوردیانەی ئەوسا دژایەتییان ئەکردین، بەحیزی شیوعیشەوە، ئێستا وەك ئێمە داوای جیاکردنەوەی کوردستان ئەکەن لەداگیرکەرانو خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆو ئازادو دیموکراتنو بەشوێن میکانیزمێکدا ئەگەڕێن کە ئەو مەبەستە بپێکێو ئەو ئامانجە بەدەستبخات. کە دواتر لەبارەیەوە ئەدوێم، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیو سەرسوڕمانە تازە رێبین هەردی، ئەیەوێ بمانگێڕێتەوە بۆ چەمکی هەڵەی چوونە ناو باوەشی عێراقی دەسکردو پێکەوەژیانی زۆردارو زۆرلێکراوو دیموکراتیزەکردنی داگیرکەرو داگیرکراوو برایەتیی باوەکوشتەو باوەکوژراو!! ئەوە لەکاتێکدا کە ئێستا زێڕینترین هەل لەئارادایە بۆ سەربەخۆیی کوردستان!

لەژمارە (١٤٤)ی رۆژنامەی رێزداری (هاوڵاتی) رۆژی ٨/١٠/٢٠٠٢دا، کاك رێبین لەوتاری کێشەی کەرکوكو چەند سەرنجێکدا، ئەڵێ: (گەورەترین تەحەدای دیموکراسی لەبەردەم هێزە سیاسیەکانی عێراقدا کێشەی شاری کەرکوکە)، لەوەڵامدا ئەڵێم: بۆچی دیموکراسی، پێشترو ئێستاش، لەکەرکوكو لەعێراقدا، بوونی هەبووە تا تەحەدا بکرێ!؟ یا چاوەڕوان ئەکرێ، بەکەوتنی رژێمی بەعس، کەرکوكو عێراق ببنە سویسراو وڵاتانی ئەسکەندەنافیە؟ یا ئەشێ بەم وتارەی کاك رێبین، هاوبیرانی موقتەدا سەدرو بەچکە بەعسیەکانو عەرەبە دە هەزاریەکانو تورانیە کەمالیەکان ببن بەدیموکراتی!؟

من پێشتر لەچەندین وتارمدا وتوومە: (فرەلایەنیو دیموکراسی وەك ئاوو خواردن وایە بۆ ژیان، بەڵام لەکەشێکی نەگونجاودا، بۆگەن ئەکەنو ئەبنە ژەهرو ژیان لەناوئەبەن) کەشی عێراق، بەکەرکوكو موسڵو هەموو ناوچە کوردیە بەعەرەبکراوەکانی ترەوە، کەشێکی گونجاو نیە بۆ دیموکراسی، ئەو شوێنانە، ئەشێ کاتێك دیموکراسیان تیا پیادە بکرێو کورد زەرەرمەند نەبێ تیایاندا، کە شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردنو بەتورانیکردنیان تیا نەهێڵرێ، لەبەر ئەوە، بەکاك رێبین ئەڵێم: وەك تۆ پێتولیە: (حەساسیەتە گەورەکە، بانگەشەی کوردبوونو ئاڵا سێ رەنگیەکەی کوردستان، لەکەرکوکدا، خولقاندوێتی!) ئەوە ولنیە، ئەو حەساسیەتە گەورەیە، هۆی ئەمڕۆو هی ئەو بانگەشەو ئاڵایە نیە، بەڵکو ئەو حەساسیەتە لەرۆژێکەوە دروست بووە، کە باشووری کوردستان، بێپرسو خواستو ویستی نەتەوەی کورد، خرایە سەر عێراقی عەرەبیو کەرکوكو موسڵو چەندین شارۆچکەو دێهاتی کورد، لەکورد شێوێنراو ماڵ لەخانەخوێ حەرامکرا.

تۆ ئەڵێی: (لەبری ئەوەی هێزە ناکوردییەکان بوروژێنین، بیانخەینە پاڵ خۆمان‌و لەپێناویدا کاریکەین)! من ئەم قسەیەی تۆ ئەچوێنم بەو قسەیەی کاک مستەفا چاورەش کە لەهەمان ژمارەی هاولاتیدا بلاویکردۆتەوەو ئەڵێ: (من لەدوژمن بەفێڵ‌و دوژمنیش لەمن بەفێڵ بوو، سەرەنجام من خەڵەتام‌و فێڵی دوژمن سەریگرت) ئێستاش تۆ ئەگەر لەو قسەیەت مەبەستت فێڵ بێ، ئەوا دیارە تۆ هیچ پەندێکت لەچیرۆکەکەی (کاک مستەفاو دەیان چیرۆکی لەو جۆرە) وەرنەگرتووە، ئەگەر لەناخ‌و دڵێکی راستگۆیانەشەوە ئەو قسەیە ئەکەی؟ ئەوا بێگومان هیچ پەندێکت لەچیرۆکی (مارەکەی شێخ هۆمەر) وەرنەگرتووە. لەو باوەڕەشدا نیم تۆ ئەوەندە ساویلکەبیت! تەنیا لێکدانەوەیەك بۆ ئەو قسەیەش، ئەشێ ئەوەبێ کە دووی کڵاوی بابردووی (دیموکراسی) کەوتبی لەدۆزەخی ئەو عێراقەی لەسەر زەوتکردنی باشووری کوردستان‌و بەخوێنی سەدان هەزار کورد دروستکراوە لەماوەی هەشتا ساڵێکی رابردوودا.

لەجێگەیەکی تری وتارەکەیدا، کاك رێبین ئەڵێ: (بۆ من گرنگ نیە چ ئاڵایەك لەکەرکوکدا هەڵدەکرێ، هی عێراق یان کوردستان یان بەرەی تورکمانی، بەڵام یەکجار بەلامەوە گرنگە کۆی ئەو ئاوارانەی لەشاری کەرکوك دەرکراون بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان، بۆ من گرنگ نیە دەگوترێت ئەم شارە تورکە یان عەرەبی، بەڵام بەلامەوە گرنگە چەند گەڕەکی وێرانکراوو چۆڵکراو ئاوەدان دەکرێتەوەو قەرەبووی زیانەکان دەکرێت). لەوەڵامدا ئەڵێم: ئەگەر کوردبوونی کەرکوك‌و ئاڵای کوردستان‌و هەستی کوردایەتی لای کوردی کەرکوك گرنگنەبوایە، ئەوا ئەو کوردانە هەر لەسەرەتاوە دەرنەئەکران‌و ئاوارە نەئەکران‌و گەڕەکەکانیان وێران نەئەکران‌و ئێستا پێویستیان بەقەرەبوو نەئەبوو، ئەگەر بەلای نەتەوەی کوردیشەوە، ئەوە گرنگنەبوایە، ئەو شارە، تورکە یان عەرەبی، ئەوا کێشەی کورد لەباشووری کوردستاندا، هەر لەبەیانی یازدەی ئازارەوە چارەسەر ئەکراو ئەو هەموو کوشتارەی دوای ئەو بەیانەی نەئەویست! دیارە رێبین‌و هەموو ئەو کەسانەی وەکو رێبین، نانەتەوییانە بیرئەکەنەوە، ئەوەش بەلایانەوە گرنگنیە کە دەهۆك‌و هەولێرو سلێمانیش تورك بن یا عەرەب، گرنگ بەلای ئەوانەوە، وەك رێبین لەجێگەیەکی تری وتارەکەیدا ئەڵێ: (کردنەوەی قوتابخانەو کتێبخانەو چاندنی درەخت‌و دروستکردنەوەی پارکی گشتی)یە!! وەك لەوەوپێش کەرکوك قوتابخانەو کتێبخانەو درەخت‌و پارکی گشتی تیانەبووبێ! ئێوە سەرنج بدەن، رێبین لەوتارەکەیدا ئەڵێ: (دەگوترێ تورکمانەکان خۆپیشاندان دژی کوردو ئاڵای کوردستان دەکەن، دەگوترێت ئەوان دەڵێن ئەم شارە تورکە، بەڵام ئایا ئەوان مافی خۆیان نیە چی بەڕاست دەزانن‌و چ بڕوایەکیان هەیە بیڵێن‌و کاری بۆ بکەن) کەچی بەلای رێبینەوە: (بانگەشەی کوردبوون‌و ئاڵا سێ رەنگییەکەی کوردستان لەو شارەدا، هەساسیەت ئەخولقێنێ!!) و کاك رێبین ئەوانەشیان پێ رەوانابینێ. دوای ئەوانە، ئەڵێ: (کەرکوك شاری تورك‌و کوردو عەرەبە، بەڵام هیچ کام لەم دەستنیشانکردنانە، پەیوەندی بەکەم‌و زیادی ئەو مافانەوە نیە کە هەموو دانیشتوانێکی ئەم شارە بەیەکسان هەیانە). جارێ با خوێنەرەوەی ئازیز لەوە گەڕێت کە ئەم نووسەرە، تورکی پێش کورد خستووە بۆ خاوەنداریتی کەرکوك! دێینە سەر ئەو مافانەی هەموو دانیشتوانی کەرکوك بەیەکسان هەیانە بەقسەی رێبین! لەوەڵامدا ئەڵێین: کام ماف؟ مافی درەخت‌و پارکی گشتی، یا مافی نەتەوەیی؟ ئەگەر مەبەست لە دووەمیانە، ئەوا مافی نەتەوەیی چۆن بۆ کورد بەدەستدێ لەکاتێکدا کە گەڕەکەکانی قادسیەی یەك‌و دوو، نەصری یەك‌و دوو، حی العسکری، ۱ آذار، ۱ حزیران، الحریة، حی الواسطی، حی الخضراء، البنیدار فی العرقة، البو علك،

الحديدين‌و چەندین شوێنی تر لەناو کەرکوکدا عەرەبڕێژ کراون! کە بەوانە ڕێژەی عەرەب بۆتە چەندین ئەوەندەی ڕێژەی کوردو تورکمانیش! ئەوە جگە لەناوچەکانی وەك حەویجەو دبس‌و ریاض‌و تازەو داقوق‌و لەیلان‌و ڕەشادو کوێ‌و کوێ کە بۆ نمونە گوندەکانی سەر بەداقوق لە ٩٠ نەوت گوند ٦٠ شەستیان عەرەبنشین کراون! کە ئەمانە زۆربەی زۆریان بۆ تواندنەوەی کوردهێنراون لەکەرکوکدا، بەو جۆرە ئێستا ڕێژەی کورد، بەئاوارەکانیشەوە ٢٥٪ لەسەدا بیست‌و پێنج دروست ناکات. گومان لەوەشدا نیە، ئەگەر عەرەبە هاوردەکان نەگەڕێنرێنەوە بۆ زێدی خۆیان، ئەوا وردە وردە کەمینە لەزۆرینەدا ئەتوێتەوە، ئەمە دەرئجامی ژیانە، ئیتر کام مافی نەتەوەیی؟ کام یەکسانی!؟ لەبەر ئەوە ڕێبین کە ئەڵێ: (من مەستدەکەم هیچ کەسێك هێندەی ئێمەی کورد لەورووژاندنی مەسەلەی نەتەوەیی لەو شارەدا زەرەر ناکات‌و هیچ کەسێکیش هێندەی ئێمەی کورد لەبەرگریکردن لەدیموکراتیدا لەو شارەدا قازانج ناکات) ئەوە بەتەواوی پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە دیموکراسی، واتا حوکمی زۆربە زۆربەکەش ئەوەیە، ئیتر ئەبێ قازانجەکەی ئێمە چیبێ!؟ حەزیش ئەکەم کاك ڕێبین‌و هاوبیرەکانی ئەو ڕاستیە بزانن کە وورووژاندنی مەسەلەی نەتەوەیی بۆ ئێمەی کورد لەکەرکوك‌و عێراق‌و تورکیاو ئێران‌و سوریەو ئازەر ــ ئەرمەنیشدا، شاڕێگەی ڕزگاری‌و بەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکانمانە، بیرکردنەوەکانی ڕێبین‌و وێنەکانی، بیرکردنەوەیەکی کۆسمۆپۆلیتیانەیەو تەنیا داگیرکەرانی کوردستان سودمەند ئەبن لێیان. ئاخر کێشەی کوردو کێشەی کەرکوك‌و دەیان شاری وەك کەرکوك، لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە؟ لەوەوە نیە کە کوردستان بەگشتی‌و ئەو شارانە بەتایبەتی، داگیرکراون‌و لەکوردو کوردایەتی‌و کوردبوون شێوێنراون!؟ ئاخر تۆ جارێ نابێ ئەوەی ترازاوە، بیخەیتەوە سەر سکەی خۆی؟ ئنجا نەك بۆ شاری کەرکوك، بگرە بۆ عێراقیش، ئایا ئێستا هەل لەبارە بۆ پیادەکردنی دیموکراسی!؟ بۆچی دیموکراسی، کراسێکە، بەکەوتنی ڕژێمێك، کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو لەبەریکات!؟

ڕۆژئاوا بەسەدان ساڵ گەیشتە ئەوەی دیموکراسی پیادە بکات، ئەویش تا ئێستا بەتەواوی نا، هیچ کام لەو وڵاتانەی ڕۆژئاواش، لەپێناوی دیموکراسیدا، وازی لەسەروەری‌و مافی نەتەوەیی‌و سەربەخۆیی‌و ئاسایشی نەتەوەیی‌و بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆی نەهێناوە، ئیتر نازانم کاك ڕێبین بۆچی لەکۆتایی وتارەکەیدا، چارەنوسمان بەتەواوی ئەبەستێتەوە بەو عێراقەوە: (کە بڕیارە لەداهاتوودا تیایدا بژین!!) نازانم ئەوە بڕیاری کێیە؟ بڕیاری ئەمەریکایە؟ هی عەرەبە؟ بڕیاری حیزبی کوردییە؟ یا هی ڕێبین خۆیەتی!؟ من بەدڵنیاییەوە ئەڵێم: ئەوە بڕیاری هەر کەس‌و لایەکبێ، بڕیاری جەماوەری کوردی تێکۆشەر نیە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا، کە لەوتارێکی تردا، لەمیکانیزمی ئەو تێکۆشانەو ئەو سەربەخۆییە ئەدوێم، لێرەدا تەنیا ئەوەندە ئەڵێم: کێشەی کورد، بەکێشەی کەرکوك‌و بەکێشەی ئازادی‌و دیموکراتی‌و بەکێشەی نان‌و درەخت‌و پارکی گشتیشەوە، بێ سەربەخۆیی کوردستان‌و ئازادیی نەتەوەی کورد، چارەسەری تەواو ناکرێ، چارەسەرییە نیوەناچڵەکانیش لەدەرزیی سڕکەر بەولاوە، چیتر نابن‌و دەیان ئەنفالی تریان بەدوادا دێت، لەباشترین باریشدا، ئەو چارە نیوەناچڵانە، لەچارەنووسی ئەو فیدراڵیە چاکتر نابێ کە ئێستا هەندێ لایەنی کوردی، پێش عەرەب‌و تورك، دەسبەرداری ئەبن لەپێناوی عیراقی یەکگرتوودا!!

با لەقۆناغی قسەوە بگوێزینەوە بۆ قۆناغی کار

دوای بڵاوکردنەوەی سەرنجەکانم لەژمارە ١٤٥ی (هاوڵاتی)دا لەسەر وتارەکەی کاك رێبین هەردی لەبارەی کێشەی کەرکوکەوە، ئەمویست لەبارەی میکانیزمی سەربەخۆییەوە شتێکی تر بنووسم وەك بەڵێنم دابوو. بەلام وەڵامەکانی رێبین لەژمارە ١٤٧دا، ناچاری کردم کە جارێ ئەم وەڵامەش بدەمەوە. مەبەستیشم دەوەن بەناش نیە، بەڵکو بەهیوام منو سەلاحو رێبینو خوێنەرەوەی شارێز بگەینە راستیەکان. ناشڵێم ئەو راستیانە هەمووی لەوەڵامەکانی من یا کاك سەلاح ئەحمەد دایە، بەڵکو نوسینو دیدوبۆچوونەکانی رێبینیش، گەلێ راستیمان پیشان ئەدەن، ئێستاش سەرەتا بەوە دەست پێئەکەم کە بڵێم: با نوسینەکانی هەموومان هەمووی هەر بابەتیانەبێ نەك دەمارگیریو پێداگرتن لەسەر هەڵەو بەکارهێنانی وشەی ناشایستەو نەگونجاوی وەك: (نەتەوەچی، فسفس پاڵەوانو شتی تری لەو جۆرانە).

زۆرم لاپەسەندە کە رێبین ئەڵێ: (من نەمنوسیوە کەرکوك کوردستان نیە، بەڵکو باسی ئەوەم کردووە لەچ رێگەیەکەوە هەوڵبدەین ئەم کوردستانی بوونە بسەلمێنین) کەواتە لێرەدا جیاوازیمان لەسەر رێگەکەیە، رێبین لای وایە: (ئەوەی کەرکوكو عێراق رزگار دەکات کارکردنە بۆ سیستەمێك کە دەتوانێ زیاد لەنەتەوەیەکی تیابژی، بێ ئەوەی کەس مافی ئەوی دی زەوت بکات..) مەبەستی لەسیستەمەکەش: دیموکراسیە. ئەمە هەر دیدی رێبین نیە، هی تریش هەن کە بۆ نمونە هێما بۆ سویسراو ئەمریکا ئەکەن کە لەسایەی دیموکراسیدا، زیاد لەنەتەوەیەکیان تیا ئەژی، بێئەوەی کەس مافی ئەویدی زەوتبکات، منیش ئەڵێم: هەڵەکە لێرەوە دەستپێئەکا، بابزانین چۆن؟:

سویسرا، وڵاتی هیچ کام لەو گەلانە نەبوو کە ئێستا لەناویدانو بەزمانەکانی ئەڵمانیو فەرەنسیو ئیتاڵی قسە ئەکەن، بەڵکو ئەوانە لەسنورەکانی ئەڵمانیاو فەرەنسەو ئیتاڵیاوە، دزەیان کردووە بۆ ناو سویسرا. واتا ئەوانە، هیچ کامیان، شارو وڵاتی ئەوانیتریان زەوت نەکردووە، بەڵکو هەریەکەو بەشێك لەنیشتمانی سویسرای بندەست کردووە، وەك چۆن ئێستا هەریەك لەعەرەبو تورکو فارسو ئەرمەنو ئازەر، بەشێك لەکوردستانیان بندەستی خۆیان کردووە، واتا ئەوانە، هیچ کامیان، شارو وڵاتی ئەوانیتریان زەوت نەکردووە، بەڵکو خاکی سویسراییەکانیان زەوتکردووە، بۆیە هەموویان لەسەر ئەو زەوتکردنە، (دیموکراتی!) و کۆکن لەناو خۆیاندا!! بەو جۆرە، ئەمریکاش وڵاتی هیچ کام لەو گەلانە نەبووە کە ئێستا هەریەکەو ناوچەیەکی بۆ خۆی پاوانکردووەو فەرمانڕەوایی ئەکاو پەنجا ولایەتیان لێدروستکردووە. بۆیە هەموویان لەسەر ئەو پاوانکردنەی خاکی ئەمریکا (کۆكو دیموکراتیو یەکگرتوون!!) بەو جۆرە ئەوانە، داگیرکەرو زەوتکەری وڵاتو مافی ئەو کۆمەڵە خەڵکەبوون کە بەر لەوانیتر، لەناو سویسراو ئەمریکادا ئەژیانو ئێستا ئەوانە، یا توێنرلونەتەوە، یا بەئاستەم نووزەیەکیان تیاماوەو بەرەو تواندنەوە ئەچن.

بەرامبەر بەوانەش، هەموومان دیمان، کە چەندین تێکەڵەی تری وەك یەکێتی سۆڤێتو یوگوسلاڤیاو چیکوسلوڤاکیاو شوێنی تر، چۆن لەیەك ترازان، ئەو لێکترازانەش، لەبەر ئەوە نەبوو کە دیموکراسی لەو شوێنانە نەبوو، بەڵکو لەبەر ئەوەبوو کە گەلەکانیان توانای خۆڕزگارکردنیان مابوو لەزەوتکردنو

داگیرکردن. واتا لەلایەك داگیرکردن‌و زەوتکردن هەبو، لەلایەکی تریشەوە، توانای خۆڕزگارکردن مابوو، لەعێراقیشدا ماوکێشەکە هەر بەو جۆرەیە، باشووری کوردستان لەلایەن عێراقی عەرەبییەوە داگیرو زەوتکرابوو، ئێستا جگە لەدهۆك‌و هەولێرو سلێمانی کە بەهۆی پاراستنی هاوپەیمانانەوە رزگاربوون، شارەکانی تری وەك موسڵ‌و کەرکوك‌و خانەقین‌و هەندێك ناوچەی تر، هێشتا هەر داگیرو زەوتکراون. لەبەر ئەوە تەنیا دوو رێگە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی تیایاندا، ئەویش یا ئەبێ ئەو شوێنانە بخرێنە سەر عێراقی عەرەبی‌و کوردیان (بەدەرکردن‌و بەتواندنەوە) تیا نەمێنێ. یا ئەبێ ئەو شارانە بخرێنەوە سەر بەشە رزگارکراوەکەی کوردستان. ئەوسا ئەگەر چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی‌و ئاینی لەکوردستاندا بمێننەوە، ئەوا مافی کەمینەیان ئەبێ، نەك مافی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ. باوەڕیش ناکەم هیچ کوردێك چاوی لەوەوە بێ مافی کەمینەکان بخوا.

لێرەدا ئەشێ کاك رێبین بڵێ: ئەوە چارەسەرکردنێکی بەعسیانەیە بۆ کێشەکە. لەوەڵامدا ئەڵێم: نەخێر، ئەوە چارەسەرکردنێکی سویسریانەو ئەمریکیانەشە کە لەگەڵ خەڵکە ئەژادەکەی سویسراو هیندیە سوورەکانی ئەمریکادا کران. لەهەمان کاتدا ئەو چارەسەریەشبوو کە کێشەی زۆربەی نەتەوەکانی سۆڤیەت یوگوسلافیاو هەندێ وڵاتی تری فرەنەتەوەی پێچار کرا بەجیاکردنەوەیان لەیەکدی. بەکورتی کێشەی وڵاتی فرە نەتەوە کە لەسەر بنچینەی زەوتکردنی یەکدی دروست بووبێ. یا بەتواندنەوە، یا بەجیابوونەوە چارەسەر ئەکرێ‌و چارەسەرکراوە، رێگەی سێیەم، تەنیا لەخەیاڵی ئەو کەسانەدایە کە شوێن کڵاوی بابردووی دیموکراسی کەوتوون. لەبەر ئەوە کاك سەلاح ئەحمەد لەسەر رەوایە کە لە(هاوڵاتی)٢٢/١٠/٢٠٠٣ دا ئەڵێ: (کەرکوك بووە بەمەڕی مەلود کە دەبێ بیەشرێنێتەوە).

هەموومان ئەزانین کە مێژووی پەلکێشکردنی عەرەب بۆ پارێزگای کەرکوك، زۆر کۆن نیە. دە ئێستا من تازەترین ئاماری ئەنجومەنی شارەوانی ـ نوسینگەی راگەیاندنی قەزای داقوقی سەر بەکەرکوکم لەبەردەستدایە، بۆ نمونە بەپێی ئەو ئامارە: ناوچەی (تازە) بەمجۆرەیە:

ژمارەی گوندەکانی تازە: ٢٨ گوند

ژمارەی گوندە عەرەبنشینەکان: ٢١ گوند

ژمارەی گوندە تورکماننشینەکان: ٥ گوند

ژمارەی گوندە کوردییەکان: ٢ گوند

ناوەندی ناوچە (ناحیە)کەش تێکەڵەیە لەهەر سێ رەگەزەکە.

باشە ئەوە، بەخشینەوەی کەرکوك نیە، بەسەر عەرەبدا؟ ئایا ئێمە ئەوە ناگەیەنێ کە چارەنووسی کەرکوك، بەهەر هۆکارێکی دیموکراتیانەی وەك هەڵبژاردن، یا راپرسی، کەوتۆتە دەس عەرەبە هاوردەکان؟ ئیتر چۆن ئەبێ رێبین بەسەلاح بڵێ: (ئەمجۆرە نوسینانە کە لەخۆیانەوە شانی پیادەکەن‌و بەمەیلی خۆیان شت دروستدەکەن‌و هێرشی دەکەنە سەر، جگە لەنەخۆشیەکی رۆشنبیری ترسناك هیچی دی نیە) بەتایبەتی رێبین لەهیچ جێگەیەکی وتارەکەی‌و وەڵامەکانیدا هێمایەك بۆ ئەوە ناکا کە ئەبێ ئەو عەرەبە هاوردانە بگەڕێنرێنەوە سەر زێدی خۆیان. نەك هەر ئەوە، بەڵکو رێبین خۆی ئەڵێ دژی ئەو کوردستانیبوونەی کەرکوکە ئەگەر ئەو عەرەبانە، نەك هەر نەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی

پێشوویان، بەڵکو ئەگەر وەك میوانیش قبوڵ کرێن! وەك لەم دەقەیدا دەرئەکەوێ: (کەرکوك بەشێکە لەکوردستان، بەڵام ئەگەر بەدەستهێنانەوەی ئەم مافە بەمانای میوانکردنی تورکەکانو عەرەبەکانی ئەو شارەبێ، بەمانای ئەوە بێت تورکو عەرەبەکان هیچ مافێکیان تیا نەبێ، ئەوا من یەکەم کەسم دژی ئەمجۆرە کوردستانیبوونەم)!! لەلایەکی تری وەڵامەکەیدا، رێبین زیاتر پێ لەسەر ئەم دیدەی دائەگرێو ئەڵێ: (کورد هەنووکە لەکەرکوکدایەو زۆرینەی ناوەندە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی ئەو شارەی بەدەستەوەیە.. کاریان هانوهاولرو ئیستیفزازکردنی نەزعەی نەتەوەیی، نەتەوەکانی تری ئەو شارە نیە، بەڵکو هەنوکە کاری ئەوان بریتیە لەباوەشکردنەوە بۆ هەموو هاوشارییەکی ئەو شارە بەدەر لەئینتیمای نەتەوەییان، بریتیە لەکارکردنی کردەگی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکانو مافدانەوە بەو کەسانەی مافەکانیان زەوتکراوە) بێئەوەی رێبین رەچاوی ئەم راستیانە بکات:

١- زۆرینەی ناوەندە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی کەرکوكو قەزاو ناوچەکانی، هەنووکە بەدەست کوردەوە نیە، ئەگەر مەبەستی خودی پارێزگارو چەند فەرمانبەرێکی تری کوردە، ئەوا ئەوانە لەئاستی ئەو واقیعە تاڵکراوەی کەرکوکدا دەستەوستانن.

٢-ئاوارەکان چۆن بگەڕێنەوە یا بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو پارێزگایە کە ئاوا بەو جۆرە عەرەبڕێژ کرابێ؟!

٣- ئاخۆ چۆنو بەچ شێوەیەك ماف ئەدرێتەوە بەو کەسانەی مافەکانیان زەوتکراوە، لەکاتێکدا ئەو مافانە لەبندەستی زەوتکارەکاندابێو بەپێی رێبینیش نابێ لەگوڵ کاڵتریان پێبوترێ!؟ لەکۆی ٢٨ گوند لەناوچەیەکی وەك (تازە)دا ٢٢ گوندی لەژێر دەسەڵاتی عەرەبو پێنج گوندی لەژێر دەسەڵاتی تورکمانو بۆ کوردەکەش تەنیا ٢ گوند مابێتەوە!!

تا لێرەوە ئەکرێ بازنێك بدەین بەرەولای ئەو رۆشنبیرانەی خەریکی بانگەشەی ریفراندۆمن کە من لەچەند رووبەڕووبوونەوەیەکدا پێم وتوون: ئەو راپرسییەی ئەوان ئەشێ ببێتە هۆی ئەوەی گەلێ شوێنی وەك موسڵو کەرکوكو خانەقینو چەندین قەزاو ناوچەی تری کوردستانمان لەدەستبچێ، بۆ؟ چونکە ریفراندۆم، دیاردەیەکی دیموکراتیانەیە، هەر بەپێی ئەو بنەما دیموکراسیە، خەڵکی ئەو شوێنە کوردستانیانەی ئێستا کورد تیایاندا بۆتە کەمینە لەچاو رەگەزە سەپێنراوو هاوردەکانی تردا، بۆیان هەیە بڵێن: (وەرن راپرسی لەو شارو شارۆچکەو ناوچەو گوندانەشدا بکەن کە ئێمەی تێدایین، بزانن زۆرینەی ئەو ناوچانە ئەیانەوێ بچنە سەر کوردستان یا سەر عێراق؟) بێگومان ئەوسا زۆربەیان کە کورد نین، دەنگ بۆ ئەوە ئەدەن کە بچنە سەر عێراق! بەوەش کوردستانەکەی ئێمە ئەمێنێتەوە سەر دوکانی بەکرو سێ قاڵب سابوونەکەی دهۆکو هەولێرو سلێمانی، جا ئەگەر کورد بەئەنجامێکی لەو جۆرە رازیبوایە، ئەوا هەر لەبەیانی یازدەی ئازارەوە، کێشەکەی بەنیوەناچڵی چارەسەر ئەکرا!!

ئەوەیە ئەنجامی چارەسەری دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد کە رێبین هەردیش بانگەشەی بۆ ئەکات بێگێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ ترازووی لاسەنگ! ئەوەتا بەڕاشکاوی ئەڵێ: (مەسەلەی کەرکوك هەر ئەوە نیە تورکو عەرەبیشی تێدا دەژی، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە هەر سێ نەتەوەکە بانگەشەی خاوەندارێتی دەکەن) لەهیچ شوێنێکی وتارەکەیشیدا، هێمایەك بۆ ئەوە نابینین کە رێبین بانگەشەی عەرەبی هاوردە بۆ خاوەندارێتی کەرکوکی کوردستان، بەناڕەوا بزانێ، ئایا ئەوە لەوە ناچێ ژمارەیەك

دز، یان راگوزلر، یا میوان بچنە سەر ماڵێکو دوایی بڵێن: لەبەر ئەوەی ژمارەی ئێمە لەخاوەن ماڵەکە زیاترە، ئیتر ماڵ ماڵی خۆمانە؟ یا وەك رێبین مەبەستێتی، بڵێن: ئێمە سیانو خاوەن ماڵ یەك، لەبەر ئەوە ماڵەکە، سێ بەشی بۆ ئێمەیەو یەك بەشی بۆ خاوەن ماڵ! راستییەکەی، دیموکراسیەکەی رێبین، بەپێی خوێندنەوەی نوسینەکانی، ئەنجامێکی لەو جۆرە ئەگەیەنێت! کەسیش نازانێ چی لەدڵی مەستیاردا هەیە! بۆیە ئەشێ لێرەدا لەکاك رێبین بپرسین، ئایا تۆ لەچ رێگەیەکەوە ئەتەوێ کوردستانیبوونی کەرکوك بسەلمێنی؟ ئەگەر رێگەکەت، هەر رێگەی ئەو جۆرە دیموکراسیەیە کە دزو خاوەن ماڵ بکاتە هاوبەش، ئەوا ئەو رێگەیە تا ئێستا لەهیچ کام لەو جێگایانەدا پەیرەو نەکراوە کە خۆت لەوەڵامەکەتدا ناویانتهێناوە، وەك: قودس، کشمیر، ئەلزاسو لۆرین، ئەسکەندەرونەو قبرس، ئیتر بۆچی ئەتەوێ ئەم تاقیکردنەوە دیموکراتیە سەیرو سەمەرەیە لەسەر حسابی کورد بەسەر کەرکوکو عێراقدا بسەپێنی!؟

گریمان وابێ وەك رێبین ئەڵێ: (دیموکراتی بەحوکمکردنی زۆرینەدا نەناسرێتەوە. بەڵکو بەفرەیی‌و پاراستنی مافی کەمایەتی‌و کۆمەڵگای مەدەنیدا بناسرێتەوە) لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئێستا عێراقو کەرکوکو کوردستانیش، ئەو زەمینە بەپیتەیە کە ئەو جۆرە دیموکراسیەی تیا سەوز ببێ!؟ ئایا ئەو سیستەمەی رێبین باسی ئەکا کە شتێکی تیانەبێ ناوچەی پەراوێزبێ، ئەوە نەك لەعێراقدا، بەڵکو لەئەوروپاو ئەمەریکاشدا، سیستەمێکی لەو جۆرە هەیە!؟ ئایا ئەم قسەیەی رێبینو هاودیموکراتیەکانی رێبین، لەقسەی ئەو کەسانە ناچێ کە خەیاڵ لەکانیەك ئەکەنەوە گورگو مەڕ پێکەوە ئاوی لێبخۆنەوە!؟ دواجار، گریمان ئەو خەو خەیاڵانە، رۆژێك ئەبێ بێنەدی، ئاخۆ ئەو رۆژە، دوای چەند چەرخی تر، لەعێراقاو کەرکوکدا بێتەدی!؟ لەبەر ئەوە رێبین وتبێتی یا نەیوتبێ، ئێمە ئەگەر بەتەمای دیموکراسیەکەی کاك رێبین بین، ئەبێ تا ئەو رۆژەی کە دەنگی هەیەو رەنگی نابێ، هەر لەپەراوێزدا بین، ئەو لەپەراوێزبوونەش، دەیان ئەنفالی تری بەدواداێ. ئنجا ئەشێ ژیانی من ئەوەندەی بەبەرەوە نەمابێ، خوا بکا برا عەرەبو تورکمانە دیموکراتیەکانی رێبین، ئەو بپارێزن لەو ئەنفالە چاوەڕوانکراوانە ئەگەر باشووری کوردستان هەر لەبندەستی عێراقدا مایەوە.

هەموو ئەو ئەنجامانە، ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە کێشەی وڵاتی فرە نەتەوە کە لەسەر بنچینەی زەوتکردنی یەکی دروست بووبێ، یا بەکەڵەگایەتی لایەنێك یا بەدابەشکردنی ئەو وڵاتە چارەسەر ئەکرێ کە هەر لایەو بگەرێتەوە سەر زێدی خۆیو خۆی فەرمانڕەوای خۆیبێ. ئەو فەرمانڕەوایەتیەش، مەرج نیە لەیەکەم رۆژیەوە دیموکراتی بێ. خۆ ئەگەر بووش، ئەوا باشتر، چونکە عەرەب واتەنی: (مالا یدرك کلە، لایترك کلە)، لەراستیشدا لەهیچ وڵاتێکی ئەم دنیایەدا، رێنەکەوتووە لەیەکەم رۆژی دروستبوونی دەوڵەتێکەوە، دیموکراسی پیادەکرابێ، کەسیش دەوڵەتی خۆی رەفز نەکردووە لەبەر ئەوەی دیموکراسی تیا پیادە نەکراوە، بەڵام ئەشێ کەسانێك رژێمێکی نادیموکراتی رەفز کەن، نەك دەوڵەتەکە. لەسەردەمی بەعسدا، هەزاران عەرەب عێراقیان بەجێهێشت، بەڵام کەسیان دلوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراقیان نەکرد. بەڵکو تەنیا دلوای گۆڕینی رژێمەکەیان ئەکرد. تەنانەت ئەو یەك کەسەی (لەکۆی ٢٥ ملیۆن) حاشای لەجنسیەتی عێراقیبوونی خۆی کرد (وەك رێبین ئەڵێ) ئەویش داوای نەمانی دەوڵەتی عێراقی نەکردو وەك رێبین سەد جار لەعنەتی لەو دەوڵەتە ئەکرد!

ئەگەرچی ئەشێ لەعنەتی لەڕژێمەکەی صدام کردبێ. منیش و هەموو کەسێکی تری وەك من ئەو دەوڵەتە بەچاك ئەزانین کە دیموکراتی و پاراستنی مافی هاوڵاتیان ڕەچاو بکا. بەڵام کەسێکی قامیدە شکنابەم وەك ڕێبین بڵێ: (ئەو دەوڵەتەی بوون و مەرجی دروستبوونی نابەسترێتەوە بەدیموکراتی و پاراستنی مافی هاوڵاتیانەوە، نەبوونی لەبوونی گەلێك باشترە). چونکە ئەشێ دەوڵەتێك دیموکراتی نەبێ و مافی هاوڵاتیانی تیا نەپارێزرێت لەسەردەمی ڕژێمێکی ئەو دەوڵەتەدا، بەڵام لەسەردەمی ڕژێمێکی تردا، وا نەمێنێ، بەڵام لەنەبوونی دەوڵەت، لەپاشاگەردانی زیاتر، چیتر سەوز نابێ.

ئەو دنیایەش هەروابووە، دەوڵەتەکان، هیچیان لەپڕێ نەبوونەتە کوڕێ؛ دەوڵەت کە پێناسەکەی بریتیە لە: (جیاکردنەوە لەنێوان حاکم و مەحکوم دا) واتا لەنێوان ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستەوە نیە لەکۆمەڵدا، بەچەندین جۆرە قۆناغدا تێپەڕیوە، وەك دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتی ناناوەندی (لامرکزی)، دەوڵەتی خاوەن سەروەریی و تەواو و دەوڵەتی خاوەن سەروەریی ناتەواو وەك ئەوانەی ژێر ئینتیداب و ژێر پاراستن و ژێر سپاردە(وصایة)، دەوڵەتی سادە و دەوڵەتی ئاوێتە وەك فیدراڵی و کونفدراڵی، دەوڵەتی دەستووریی و هی نادەستووری، دەوڵەتی پاشایی و هی کۆماری، دەوڵەتی دیکتاتۆری و هی دیموکراتی و.. هتد، دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایانیش بەرەبەرە کەمبوونەتەوە تا گەیشتۆتە دەوڵەتی دیموکراتی کە ئەویش هێشتا دەوڵەتێکی تەواو دیموکراتی و نموونەیی لەم دنیایەدا لەدایك نەبووە، ئنجا خۆ دنیاش هەر لەیەك توێکڵدا نامێنێتەوە.

لەوانەیە لەئایندەدا دەوڵەتی وا بێتە ئاراوە کە چەندین جار لەدەوڵەتی دیموکراسی چاکتربێ، بەتایبەتی ئێستا دەوڵەتە دیموکراتیەکان، ئەگەرچی لایەنی باشیان زۆر تێدایە، بەڵام لایەنی خراپیشیان تێدایە کە ئەمەیان باسێکی تایبەتی ئەوێ.

لەبەر ئەوە، من ئێستا، خراپترین دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیم لاپەسەندترە لەچاکترین دەوڵەتێك کە بەشێك لەکوردستانی بندەست کردبێ، چونکە دەوڵەتە سەربەخۆ کوردیەکە، چاوەڕوانی چاکبوونی لێئەکرێ، بەڵام دەوڵەتە ئاوێتەکەی سەردەستی بەشێك لەکوردستان، زیاتر چاوەڕوانی خوێنڕژانی چەندین جارەی تری لێئەکرێ، ئنجا کێش ئەڵێ ئەو دەوڵەتە کوردیە سەربەخۆیە؛ دیموکراتی نابێ و مافی هەموو هاوڵاتیان و هەموو کەمینەکانی تیا پارێزراو نابێ؟ بۆیە داوای من لەکەسێکی وەك کاك ڕێبین و هەموو ڕۆشنبیرێکی تر و هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەوەیە: فەرموون با هەموومان پێکەوە کارئامێر (میکانیزم)ێك دروستکەین بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ و دیموکرات کە هەموو مافێکی ڕەوای تیا پارێزراوبێ، با لەقۆناغی قسەوە بگوێزینەوە بۆ قۆناغی کارکردن.

با ئێمە چێنەری ئەو تووە بین بۆ ئەوەی ئەگەر خۆشمان بەرەکەی نەخۆین، ئەوەکانمان پێی شادبن، جۆری ئەو کارئامێرەش، وەك پێشتر بەڵێنم دابو، جێگەباسی وتارێکی ترمان ئەبێ.

جەماوەری کوردستان بەگشت کەرتو توێژەکانییەوە خوازیارن هەرچی زووترە بەرگی شۆڕشگێڕی لەبەر خاوەن فایلەکان دا بماڵدرێتو دادگایی بکرێن

دوابەدوای سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگاری عێراق، چەند کێشەو گرفتێك سەری هەڵدا، یەکێك لەو گرفتانەی کە بووە مایەی سەرسوڕمانو تێڕامان لەنێوان گومانو ڕاستو ناڕاستیدا.. مەسەلەی ئاشکرابوونی فایلی بەرپرسە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ بوو، کەلافو گەزافیان لێدەدا گوایە کوردپەروەرو شۆڕشگێڕ بوون، بەڵام دەرکەوت کە پەیوەندی ژێراوژێریان بەسەختترین دوژمنی گەلی کوردەوە هەبووە، کە ئەم پەیوەندی کردنەش دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتمانییو ناپاکییەوە.

پاش ئەم ئاشکرابوونە، فایلەکان هەر بەهەڵواسراوی مایەوەو هیچ کام لەحزبەکان هەڵوێستیان نەبوو، بەڵام وا بەشێنەیی لەلایەن چەند ڕۆژنامەیەکی ئەهلی بوێرو جەربەزەوە ناوە ناوە فایلی سیخوڕەکان ئاشکرا دەکەن.. هەر بۆ ئەم مەبەستە جەماوەری کوردستان بەگشت کەرتو چینو توێژێکەوە خوازیارن هەرچی زووترە ئەو کەسانە لەپلەی بەرپرسیێتی لابرێنو دادگایەکی تایبەتیان بۆ دابنرێت بۆ دادگاییکردنیان.

زانیار قرگەیی/ سلێمانی

کامیل ژیر

پارێزەر لەدادگای سلێمانی

نووسەری سیاسی:

لەڕاستیدا ئەو فایلانە هی ئەو شۆڕشگێڕانە بێت یا هی هەر کەسێکی دیکە بێت بەتایبەتی هی کەسێکی کورد، خۆی بۆ خۆی شتێکی نادروستەو ئەچێتە خانەی ناپاکیی نیشتمانییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کەوا خەڵکی تریشیان ئەزیەت داوە یا خەڵکیان بەگرت داوە یا خەڵکیان ڕاکێشاوە بۆ ئەندامێتی حزبی بەعسی لەگۆڕنراو.

لەڕاستیدا بەرامبەر بەوانە من وەکو یاساناسێك ڕایەکی یاسایی دەردەبڕم ئەویش ئەوەیە ئەوانە چەند جۆرێکن، جۆرێکیان ئەوانەن کە خەڵکی تریان ئازار داوە.. جا ئازاردانەکە خەڵکیان بەگرت دابێ، یا بەکوشت دابێ ئەوانە بێ قەیدو شەرت دەبێ دادگایی بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن، بۆ ئەم مەبەستەش من لەدیمانەیەکی تردا، ڕای خۆم دەربڕیوە کە دەبێت دادگایەکی تایبەتی دابنرێ بۆ ئەوانە، چونکە دادگا ئەمەی کە ئێستا هەیەو بەدەستەڵاتی دادوەریدا هەیە بەپێی یاسای سوڵتەی قەزایی، ئەم جۆرە دادگایە کە دادگای ئاساییںو لەهەموو وڵاتێکدا هەن، بەپێی بەڵگەنامەو مستەمسەکاتی تەواو نەبێت دەستیان گیراوەو ناتوانن هیچ بڕیارێکی حوکم دەرکەن، بۆ کەسانێکی لەو

جۆرەش بەڕاستی ڕەنگە ئەوەندە بەڵگە کۆنەکرێتەوە لەسەریان، بەڵام لەبەردەمی دادگایەکی تایبەتیدا کە کەمتر خۆی دەبەستێتەوە بەدەقە یاساییەکانەوەو زیاتر وەکو دادگایەکی عورفی مامەڵە دەکات، زیاتر بەقەناعەتی دادگا حوکم ئەدرێ بەسەر ئەو کەسانەدا، بەباوەڕی من ئەبێت دادگایەکی تایبەتیان بۆ دابنرێتو بدرێن بەو دادگا تایبەتییە بۆ ئەوەی هەر کاتێک ئەو دادوەرانە قەناعەتیان پەیداکرد، ئیتر بەپێی ئەوە کاریکەنو فەرمانی حوکمی خۆیان دەربکەن، ئەوە ئەوانەی فایلیان گیراوەو لەئەنجامی ئەوەدا لەپاڵ ڕژێمدا بوون، جۆرێکی تر هەن لەمەرکەزی مەسئولیەتدان، جا لەمەسئولیەتی حکومەتی هەرێمدا یاخود مەسئولیەتی حزبدا بێ لەیەکێك لە حیزبەکاندا ئەو جۆرە کەسانە کەمترین کارێك کە بەرامبەریان ئەنجام بدرێت ئەوەیە کە دەبێت یەکسەر لەمەرکەزی مەسئولیەت لابرێن، ئەگەر تاوانیشیان ئەنجامدابێ بێگومان دەبێت دادگایی بکرێن، ڕەنگە خەڵکانێکی تریش هەبن بڵێن لەناچاریدا یان لەترسدا یان قوتابی بووبێ لەبەر ئەوەی لەشوێنێکی باش وەربگیرێ یان دابمەزرێ وەرەقەیەکیان لێ وەرگرتووە، هەر ئەو کاغەزە بووەو هیچی تر کە هەرچەندە ئەوەش ئەبوایە نەبوایە؛ چونکە مرۆڤێك خۆڕاگرێبێت نیشتمان پەروەربێت نابێت بۆ وەزیفە نە سەردانەوێنێت نە مل کەچ بکات، ئەگەر حەمالی یان کرێکاری بکات زۆر لەوە باشترە وەزیفەیەکی دەست بکەوێت لەپێی ئەوەی ئینتیما بکات بۆ حزبێکی تری وا کە دوژمنی نەتەوەکەی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەسێك ئەو پاڵەوانەو ئەو توانایەی نییە، جا ئەو جۆرە کەسانە ئەکرێ فەرمانێکی بەخشین (عەفویەك) یان بۆ دەربکرێت بەو مەرجەی کە جارێکی دیکە کردەوەیەکی وا بۆ هیچ داگیرکەرێکی کە ئەنجام نەدات ئەوانە کارەکەیان تۆزێك ئەهوەنترە، بەڵام بۆ کەسێك هۆشیار بێتو ڕۆژێك لەڕۆژان ناوی نیشتمانپەروەری یان حزبایەتیو بەرپرسێتیان هەبووبێ بچێت ئەوە بکات بەڕاستی ئەوە دەچێتە خانەی ناپاکی نیشتمانییەوەو پێویستە ئیجرائاتیان بەرامبەر بکرێت، ئەوانەی هەڵدێن بۆ دەرەوە کە فایلیان گیراوە ئەگەر حزبەکە ڕەوانەی دەرەوەیان بکات ئەوە بێگومان کارێکی زۆر ناپەسەندە، بەڵام ئەگەر خۆیان هەڵبێنو دەرچن لەمەسئولیەت ئەوە شتێکی ترەو لەدەسەڵاتی کەسدا نییە هەر کاتێك بەردەست کەوت ئەوجا ئیجرائاتی بەرامبەر دەکرێت.

بەدواداچوونێک لەسەر وتارێکی بەڕێز ئاسۆس هەردی ـ (هاوڵاتی) ژمارە(١٥٧) رۆژی ٢٠٠٤/١/١٥

با منیش قسەی خۆم بکەم

نوسینەکەی کاک ئاسۆس هەردی لەژمارە (١٥٦)ی رۆژی ٢٠٠٤/١/٧ی رۆژنامەی رێزداری (هاوڵاتی)، هانیدام منیش قسەیەك بکەمو بڵێم: بۆ لەپارتیو یەکێتی ناڕازین!؟ ئاخر ئێستا سەردەمی ئازادیو دیموکراتی نیە!؟ ئەی ئەوانیش مافی خۆیان نیە چۆنیان پێباشبێ، وا سیاسەت بکەن؟ کراسی ستراتیج چ پێویستە!؟ ئەی مرۆڤ بەڕووتی لەدایك نابێ؟ بۆ رەخنە لەشەڕەکانیان ئەگرن؟ ئایا شەڕ یەکێك نیە لەغەریزەکانی مرۆڤ؟ ئەوە نیە هەزاران کەس بلیتی گرانبەها ئەکڕن بۆ سەیری شەڕەبۆکسو زۆرانبازیو فلیمی جەنگ. خۆ ئاژەڵو پەلەوەریش گیاندارن وەك ئێمە، ئەگەر شەڕەقۆچی مەڕو شەڕە دەنوکی کەو رەوابێ، بۆ ئەبێ شەڕە چەکی پێشمەرگەش رەوا نەبێ!؟ دەی خۆ ئەوانیش لەوە زیاتریان نەکردووە.. یاریکردن بەداشی دامە، وەك یاریکردن بەداشی پەرلەمانە، پەرلەمانیش پەرلەمانی خۆیانە، رۆژێك پەنجا بەپەنجا، رۆژێك دوو لەت، رۆژێك پەنجاو یەك بەچل‌ونۆ، ئێستا ئێکسپایەر، سبەینێ جۆرێکی تر! پەرلەمانتارەکانیش رۆژێك خۆیان ئەبەستن بۆ جەنگ، رۆژێك هێورو بێدەنگ، تا ئیمێڵێکی حیزبیان ئەگاتە دەس، دەنگ نادەن بۆ هیچ بڕیارێكو بەهیچ کەس.. کەی ئەو دوو حیزبە باسی سەربەخۆیی کوردستانیان کردووە؟ بۆ بوختانیان بۆ ئەکەن!؟ ئایا مافی خۆیان نیە بووکی رازاوەی خەیاڵیان، عێراقێکی یەکگرتووبێ؟ ئەوپەڕی ئاواتیان فیدراڵی پارێزگاکان، یا فیدراڵی نیوەی باشووری کوردستان بێ؟ ئەوە جاران کەرکوك دڵو قودسی کوردستان بوو، ئێستا ئەوەی دەسبەرداری موسڵ بێ، دەسبەرداری کەرکوکیش ئەبێ، یا دوای ئەخات بۆ دوای دەستوورو دوای هەڵبژاردن، یا ناوێکی تازەی بۆ دائەهێنێ وەك (شاری ئاوکۆیی) ئاوکۆیی نێوان دە هەزاریو جلخواریو حەوتەغاری. کێ ئەڵێ بۆ ئەم داهێنانە تازەیە، بەرائەی ئیختراعێك وەرناگرن؟ گرنگ پاداشتە پاداشت!! یا هەستکردنە بەگەورەیەتی. ئەو هەستکردنەیە وا لەکەسانێك ئەکات بەهیچ کورسیەکی حوکمی ناوچەیەکی سروشتی خۆیان رازی نەبن، نە لەهەولێرو نە لەسلێمانی، بەڵام بۆ کورسیی حوکمیی پایتەختی دەوڵەتێکی دەسکرد کە بەبەشێك لەنیشتمانێکی تر ناونەبرێ، بەخێرایی ئیشك، تا بەغداد بۆی رابکەن..

بۆ ئەوەندە خۆتان بەکردنەوەی گرێی ئەو ئیدارەکەی کوردستانەوە خەریك ئەکەن؟ چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان خواردنی خوانێکدا لەدوولاوە بەجیا، یا لەناوەڕاستەوە پێکەوە!؟ بۆ ئەتانەوێ بیردۆزە بەناوبانگەکەی ئەنشتاین، بیردۆزەی رێژەیی، بەدرۆ بخەنەوە. راستە خاوەن فایلەکان لەچاوی ئێوەوە ئەبێ شەرمەزار بن، بەڵام لەچاوی ئەوانەوە ئەبێ رێزدار بن! ئەوەندە ناویان مەهێنن‌و مەیانخەنەوە بیر، با هەموویان ئەکرێن بەوەزیرو گزیر.. خزمایەتی رەگی گوڵ نیە، چیی تیایە، جاران خزمانی جافو هەمەوەندو هەرکیو مزوری، ئێستا خزمانی رومادیو راویو بەیاتیو جبوری..

ئەو خەڵکە ئەوەندەی دەمیان ئەخەنە کار بۆ ئامۆژگاریی پارتیو یەکێتی کە دەمێکە قۆناغی ناکامییان تەواوکردووەو لەوسەری مەسەلەکان دێنەوە، ئەوەندە دەستیان بخەنە کار بۆ کارێکی بەکۆمەڵ تا ئەوەی بەوان ناکرێ، یا نایانەوێ بیکەن، ئەمان خۆیان بیکەن، باشتر نیە؟؟

رۆژنامەی ڕێژداری (هاوڵاتی) ژمارە (١٦٠) ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/١١

ترازوو

لەوەڵامی هەرایەکدا لەسەر بڕیاری ١٣٧

ئەو هەرایەی ئەئەویست، گریمان بڕیارەکە لەلایەن هەر سیازدە ئەندامە شیعیەکە، یا لەلایەن هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی دەسەڵاتەوە لەبەغدا، دەرئەچوو، گریمان بڕیارەکە ئەبوو بەیاساو لەرۆژنامەی فەرمیشدا بڵاوئەکرایەوەو کاری پێ ئەکرا، یا گریمان دەسەڵاتی هاوپەیمانانیش ئەو بڕیاری (١٣٧)ەی لەبەر خاتری ریشەکەی سیستانی، یا لەترسی هەڕەشەکان ئال صەدرو ئال حەکیم پەسەند ئەکرد. بۆ نا؟ ئەی دیموکراتی مانای چی؟ ئەی حیزبکارانی کورد هەمیشە نەیانوتووەو ناڵێن ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی بۆ کوردستان‌و دیموکراسی بۆ عێراق؟ ئەی عەرەب بەگشتی‌و شیعە بەتایبەتی، زۆرینەی عێراق نین؟ ئەی ئەوانە هەموو موسوڵمان نین؟ ئایا مافی خۆیان نیە بەپێی شەریعەتی ئیسلامی کاربکەن‌و واز لەو یاسای باری کەسێتی ژمارە (١٨٨)ە بهێنن؟

ئێمە تاکەی، بێ ئەوەی ترازووی سوودو زیان بۆ خۆمان بخەینە کار، بۆ خەڵکی تر بگرین!؟ بەتایبەتی ئەگەر ئەو خەڵکی ترە نەیاریش بێ!! نەیارەکەش ئەوەندە رق ئەستور بێ مردنی خۆی‌و زیانی ئێمەی بوێ!! فەرموو ئەوەتا حیزبکارانی کورد، لەراهی خواداو بێ ئەوەی راپرسییەکی گشتییان کردبێ لەکوردستاندا، بەسەری رووت‌و دەستی بەتاڵەوە رایانکردووە بۆ بەغدادو هاوار ئەکەن: (ئێمە ئامادەین واز لەقەوارە سیاسییە سەربەخۆکەی باشووری کوردستان بێنین لەپێناوی عێراقێکی یەکگرتوو و نیمچە قەوارەیەکی فیدراڵیدا) کەچی ئەوان ئەوەشمان پێ رەوا نابینن، لەکاتێکدا فیدراڵی دژو پێچەوانەی سەربەخۆیی ئەو کوردستانەیە کە بۆتە سەرچاوەی ژیان بۆ ئەوان، ئەوە هەشتا ساڵە بەنەوت‌و ئاوی ئێمەوە کورێنی دەکەن. بابڕۆ زیاتر، ئەو چەند دێڕەی سەرەوە، لەم وتانەی خوارەوەدا، شیبکەینەوە:

بڕیاری (١٣٧)ی ئەنجومەنی دەسەلات، ئەگەر بشخرێتەکار، پەیوەندیی بەناوچەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نیە، ئەویش بەپێی برگەی دووەمی بڕیاری ژمارە (١١)ی رۆژی ١٩٩٢/٨/٣١ ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە ئەڵێ: (کار بەو یاساو رێساو بڕیارو ئامۆژگاریانە ناکرێ کە لەدەسەلاتی حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون، یا دەرئەچن، دوای کێشانەوەی ئیدارە حکومەتییەکان لەکوردستان لە ١٩٩١/١٠/٢٣دا، مەگەر دوای دانانان بەڕەوایەتیی کارپێکردنیان لەهەرێمدا لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە) ئنجا ئەم دەقە بۆ ئێستاو بۆ ئایندەی فیدراڵیش (خوانەخواستە) هەر وابێ، چونکە ئەم جۆرە یاسایانە لەهەموو دەوڵەتێکی فیدراڵدا، لەناوچەیەکی فیدراڵیەوە بۆ ناوچەیەکی فیدراڵی تر، ئەشێ جیاواز بن.

بەو جۆرە، ئەو بڕیاری (١٣٧)ە، ئەگەر خراپیش بێ، ئەوا بۆ پەزەکەی ئێمە زیانی نیە، مەگەر حیزبکارانی کوردستان، لەبەر خاتری چاوی رەشی برا سەردەستەکانیان، گوێ بەو بڕیارەی پەرلەمانیش نەدەن! لەسیاسەتیشدا هەموو ئەگەرێك شیاوی بوونە!! کەواتە ئەو هەرایەی ژنان‌و

ئافرەتانی دەڤەری خۆمان، ناویانەتەوەو خۆپیشاندانی بۆ ئەکەن، هەرایەکی رەواو بیانوودار نیە، چونکە:

–ئەگەر بنەمای دیموکراسی رەچاو بکەین، ئەوا خەڵکی خۆیان سەرپشکن لەهەر بریارێکدا بۆ خۆیان.

– ئەگەر یاسای پارێزەری رەچاوکەین، ئەوا کەس بۆی نیە ببێتە پارێزەری کەسێکی تر تا ئەو کەسە بریکارنامەیەکی بۆ ئەکاتەوە، یا دەسەڵاتێك ئەیکاتە بریکار بۆی، هیچ بریکارنامەو بەبریکارکردنێکی لەو جۆرەش بۆ ئێمە لەئارادا نیە.

– ئەگەر دەستپاوین، ئەوا بەدرێژایی ساڵانی کۆکوژی‌و ئەنفال ئێمە، خەڵکی ئەو دەڤەری عێراقە، هەرایەکو خۆپیشاندانێکیان بۆ ئێمە نەکرد.

– ئەگەر بەپێی بەکارهێنانی ترازووی سوودو زیانیش بێ، ئەوا وەك خۆیان ئەڵێن (مصائب قوم عند قوم فوائد) یا وەك کوردەکە ئەڵێ: (شینی گورگ شایی مەرە). خەڵکانێك کە هیچ مافێك بەئێمە رەوا نەبینن، بەڵکو هەراو خۆپیشاندانیش دژمان بکەن. دیارە بریارێکی لەو جۆرە کە ئەو نەیارانەمان بۆ دولوە ئەگێرێتەوەو دووریان ئەخاتەوە لەشارستانێتی سەردەم، بێ سوود نابێ.. وەرن گەلی خوشك‌و برایان، با فێری بەکارهێنانی ترازووی سوودو زیانبین..

ئاخر ئەگەر دیاردەیەکی وەك یەکسانیی هەردوو رەگەزی نێرومێ، روخساری گەش‌و شارستانێتی دەڤەرەکەی ئێمە پیشان ئەدات ئەوانیش پاشەکشێ لەشارستانێتی ئەکەن، چۆن لەپێشبڕکێدا گرەوەکە ئەبەینەوە؟

بسم الله الرحمن الرحيم

قرار (١٣٧)

قرر مجلس الحكم بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠٠٣/١٢/٢٩ مايلي:

١. تطبيق أحكام الشريعة الإسلامية فيما يخص الزواج والخطبة وعقد الزواج والأهلية واثبات الزواج والمحرمات وزواج الكتابيات والحقوق الزوجية من مهر و نفقة وطلاق وتفريق شرعي أو خلع والعدة والنسب والرضاعة والحضانة ونفقة الفروع والأصول والأقارب والوصية والايصاء والوقف والميراث وكافة المحاكم الشرعية (الأحوال الشخصية) وطبقاً لفرائض مذهبة.

٢. إلغاء كل القوانين والقرارات والتعليمات والبيانات واحكام المواد التي تخالف الفقرة (١) من هذا القرار.

٣. يعمل به من تاريخ صدوره.

السيد عبدالعزيز الحكيم

رئيس مجلس الحكم

٢٠٠٣/١٢/٢٩

دروستو نادروست لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا بۆ قۆناغی گواستنەوە

یاسای ناوبراو، ئەوەی پەیوەندە بەکوردستانەوە، هەندێ لایەنی دروستو هەندێ لایەنی نادروستی، لەیەك کاتدا، لەخۆگرتووە، بەپێچەوانەی بنەمای یاساییەوە کە ئەبێ گونجاویو هاوئاهەنگی لەنێوان بەندەکانیدا هەبێ. ئەوەش وا ئەکا کە بایەخی ئەم یاسایە کەمبێتەوەو خەڵکی هوشیار بەچاوی گومانەوە سەیری ڕاستگۆیەتیو بەردەوامیی بکەن، ئەویش بەم جۆرە:

یەکەم: دروست لەدیباجەکەیدا ـ هێماکردنە بۆ ئازادیو ڕێزگرتن لەیاسای نێودەوڵەتی، نادروستیش پێداگرتنە لەسەر یەکێتی عێراق.

ئاشکرایە باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ) بەزۆرو بەبڕیارێکی کۆمەڵی نەتەوەکان لە ١٩٢٥/١٢/١٦دا، لەئەنجامی سەنگوسوکیی نێوان بەریتانیاو تورکیاو حکومەتی فەیسەڵدا خرایە سەر عێراق، بێ خواستی کورد کە ئەوەی نەئەویست، ئەو نەویستنەش لەشۆڕشەکانی مەلیك مەحمودو ڕوبەڕووبوونەوەکانی شەریف پاشادا بوو لەگەڵ کۆنگرە نێودەوڵەتیەکانو کۆمەڵی نەتەوەکاندا، دوای ئەوە هەمان ئەو نەویستنە، لەڕاپەڕینەکەی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ و شۆڕشەکانی بەرزانو شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ و ڕاپەڕینەکەی ئازاری ١٩٩١و قەوارە سیاسیە سەربەخۆکەی باشووری کوردستاندا ڕەنگی دایەوە کە تا ئێستاش ئەو قەوارەیە بەردەوامە، ئەو نەویستنەش لەگەڵ بنەماکانی ئازادیو یاسای نێودەوڵەتیو مافی مرۆڤو مافی چارەنوسی گەلاندا گونجاوە. لەبەر ئەوە گوزارەی (پارلەمانی یەکێتی عێراق) نەگونجانو ڕەتکردنەوەیە بۆ ئەو بنەمایانەو ئەو مافانە، بەتایبەتی لەیاسایەکدا کە هێما بۆ فیدراڵی بکات وەك ڕژێمێك بۆ عێراقی ئەمڕۆ.

فیدراڵی گرێبەستەیەکە لەنێوان لایەنەکانیدا، هەر کات یەکێك لەو لایەنانە سەرپێچیان لەبەندەکانی ئەو گرێبەستەیە کرد، مافی لایەنەکانی ترە لێی دەرچنو هەڵیوەشێننەوەو بەبەندەکانیەوە پابەند نەبن، لەبەر ئەوە واچاکتر بوو، داڕێژەرانی ئەو یاسایە، خاڵێکی وایان تیا بنوسیایە کە مافی چارەنووسی لایەنەکانی پیشانبدایە، بێ هیچ مەرجو سنورێك هەر کات بیانویستایە، نەك دەقێکی لەو جۆرە، کە ئەبێ پابەند بن بەیەکێتی عێراقەوە.

دووەم: دروست لەمادەی چوارەمدا ـ فیدراڵیو دابەشکردنی دەسەڵاتە لەسەر بنچینەی ڕاستیە جوگرافیو مێژووییە کان، نادروستیش ئەوەیە کە لەمادەی پەنجاو سێدا هاتووە کە سنوری هەرێمی کوردستان بەو زەویانە دیاری ئەکات کە لە ١٩ ی ئازاری ٢٠٠٣ دا لەژێر ئیدارەی حکومەتی کوردستاندا بوون.

گومانی تێدا نیە کە ڕاستیە جوگرافیو مێژووییەکان، بەڕوونی ئەوە ئەسەلمێنن کە هەموو ئەو ناوچانەی بە (باکووری عێراق) ناو ئەبرێ، بەپارێزگاکانی موسڵو کەرکوکو دیالەشەوە، کوردستانین، ئنجا ئێستا لەو ناوچانەدا کێ ئەژی (کورد، عەرەب، تورکمان، کلدو ئاشور، یا خەڵکی کە) ئەوە هیچ

لەکوردستانیبوونی ئەو ناوچانە ناگۆڕێ. ئەوە وەك ئەوە وایە کە سەدان هەزار خێزانی کورد لەبەغداو شارەکانی کەی ناوەڕاستو خوارووی عێراق ئەژین، بێ ئەوەی لەعەرەبستانی ئەو شارانەیان گۆڕیبێ. هەروەها پەنابردن بۆ ئەژماری دانیشتوان (الأحصاء السكاني) کە لەبڕگەی (ج)ی مادەی پەنجاو هەشتا هاتبوو بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەرە، بەکەرکوکیشەوە، ئەوەش نادروستیو پێچەوانەیە لەگەڵ بەشی کۆتایی مادەی چواردەدا کە ئەڵێ (نەك لەسەر بنچینەی نەتەوەییو ئاینزایی) پارێزگای کەرکوکو پارێزگا کوردستانیەکانی تر، وەك جوگرافیا، لەسەر هەرێمی کوردستانن زوربەیان کوردبن یا ناکورد. ئەژمارکردن ئەمانیاتەوە بۆ دابەشکردنی دەسەلات لەسەر بنچینەی نەتەولیەتی نەك لەسەر بنچینەی راستیە جوگرافیەکان. لەمبارەیەوە، بارزانی نەمر کەرکوکی بەدەورییەك چواند کە هی خۆی بێ لەبارەی ئەژمارەوە بەوەفدێکی راوێژکاری وت: ئەم دەورییە هی منە ئەگەرچی ئێوە پریشی بکەن بەشتی خۆتان.. هەروەها لەبارەی خانووبەرەیەکەوە کە هی کەسێك بێ، کرێگرتە یا زەوتکەرێك، بەخاوەنی ئەو خانووبەرەیە ناژمێردرێن با لەرۆژانێکی زۆریشەوە ئەو خانووبەرەیەیان لەبندەستابووبێ. بەسەرچوون (تقادم) و هەقی بەدەستکەوتوو (الحق المكتسب) بەرامبەر خاوەندارێتی (الملكيه) نیە، هەروەها بەرامبەر راستییە جوگرافیەکان.

سێیەم: دروست لەمادەی شەشەمدا ـ ئەوەیە: عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە گەلی عەرەب لەناویدا بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب، نادروستیش بێ دەنگبوونی یاساکەیە لەبارەی گەلی کوردەوە کە دارێژەری یاساکە ئامادە نەبووە دان بەوەدا بنێ کە بەشێکە لەنەتەوەی کورد، ئەوەش وەك پەندە کوردییەکەیە (بانێکەو دوو هەوا).

چوارەم: دروست لەمادەی پەنجاو هەشتا ـ ئەوەیە کە ئەڵێ حکومەتی عیراقی کاتی کێشە خانووبەرەییەکان چارەسەر ئەکاتو ئەو ستەمانە لائەبات کە رژێمی پێشوو کردبوونی لەبارەی گۆڕینی دانیشتولنی هەندێ شوێنی دیاریکراوەوە، کەرکوکیش لەناویاندا. نادروستیش ئەوەیە کە لەبڕگەی (ج)ی مادەی شازدەدا هاتووەو ئەڵێ: (هاوڵاتیانی عێراقی مافی تەواوو بێ مەرجیان هەیە کە ببنە خاوەن موڵك لەهەموو ناوچەیەکی عێراقدا بەبێ هیچ رادەیەك).

چاکتر وابوو ئەم یاسایە ئەو بڕگەیەی دانەنایە، هیچ نەبێ، لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا بەتایبەتی بۆ کەرکوك کە ئەم شارە لەزۆر بەندەکانی کەی ئەم یاسایەدا هەڵاوێردراوە، چونکە بەپێی ئەو بڕگەیە، نیشتەجێکراوە عەرەبەکان ئەتوانن لەم پارێزگایە ملکێکی زیاتر بکڕنو تیا نیشتەجێ ببن ئەگەر موڵکەکانی ئێستایان لێ بسەندرێتەوە بەوە قورەکە زیاتر لیتاوی ئەکەنو سودێك لەمادەی پەنجاو هەشتدا نامێنێ.

پێنجەم: دروست لەسەرجەمی یاساکەدا ـ دانپیانانە (بەرووکەش) بەرژێمی فیدراڵیدا لەعێراق، نادروستیش ئەوەیە کە (بەناوەرۆك) لەو رژێمە لایداوە لەزۆر بەندەکانیدا.

ئەوەی نەگۆڕە لەوڵاتە یەککگرتووە (فیدراڵی)یەکاندا، ئەوەیە کە یەککگرتنێکە دوو، یا زیاتر لەدوو لایەن، ئەگرێتەوە لەیەك دەوڵەتدا، لەگەڵ پاراستنی سەربەخۆیی ناوخۆو ئەو لایەنانەدا لەڕووی دەستوریو یاسادانانو دادوەریو کارگێڕی خۆیانەوە. بەو جۆرە، پێوانەی فیدراڵی لەسەر دوو بنکەیە،

یەکەم: بەشداربوونی ئەو ئەندامانەی یەکێتییەکەی پێکهێناوە لەدانانی ئەو یاساو بڕیارانەدا کە لەدەسەڵاتی ناوەندییەوە دەرئەچن، ئەو بەشداربوونەش، هی ئەو ئەندامانە، لەئەنجومەنی دەوڵەتۆکە، یا ولایەت یا هەرێمەکان (ئەنجومەنی باڵا)وە بەدیار ئەکەوێ، کە لەو ئەنجومەنەدا، ئەندامەکان یەکسانن، بنکەی دووەم: سەربەخۆیی ناوخۆیە بۆ هەر یەك لەلایەنەکانی یەکگرتنەکە، هەر یەك لەوان دەستورو یاساکانی خۆیان دائەنێنو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو دادوەریشیان هەیە، بەڵام ئەم (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقە لەقۆناغی گوستنەوەدا) لەو دوو بنکە یاساییە گشتییە دەرچووە، ئەویش بەوەی ئەنجومەنی هەرێمەکان (ئەنجومەنی باڵا)ی تێدا نیە کە ئەندامەکان تیایدا بەیەکسانی خۆیانی تێدا بنوێنن، سەرباری کۆمەڵەی نیشتمانی (الجمعیة العامة ــ أو البرلمان) کە ئەندامەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکان لەخۆی ئەگرێ بۆ هەر هەرێمێك. ئەوەشی کە لەمادەی بیستو چواردا هاتووە کە حکومەتی عێراقی گوێزەرەوە لەئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی سەرکردایەتیو ئەنجومەنی وەزیران پێك دێت.. هتد، ئەوە ئەو ئەنجومەنەی بە (ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، یا سەرکردایەتی) ناوبراوە، جێگرەوەی (ئەنجومەنی باڵا، یا ئەنجومەنی هەرێمەکان) نیە، چونکە ئەندامەکان یەکسان نین تیایدا، بەڵکو ئەوە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو ئەبێ لەلایەن کۆمەڵەی نیشتمانی (الجمعیة الوطنیة) بەپێی مادەی سیو شەش، کارەکەشی ئەوەیە وەك سەرۆوەریی عێراق خۆی ئەنوێنێو سەرپەرشتیی کاروباری باڵای وڵات ئەکات، کۆمەڵەی نیشتمانیش دەسەڵاتی لابردنی هەریەك لەئەندامەکانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەیە بەهۆی ئەبوونی توانا یا ناپاکیانەوە، بەو جۆرە دەرئەکەوێ کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هیچ پەیوەندییەکی بەئەنجومەنی هەرێمەکانەوە نیەو جێگرەوەی ئەو نیە، چونکە ئەنجومەنی هەرێمەکان لەنوێنەری هەرێمەکان پێکدێنو ئەوان دیارییان ئەکەنو ژمارەشیان یەکسان ئەبێو کاریان یاساکاری ئەبێ نەك سەرپەرشتی کاروباری باڵای وڵات. ئەو دیارنامە (لوائح)ە یاساییانەی ئەنجومەنی نیشتمانی ئامادەی ئەکەن، ئەبێ ئەنجومەنی هەرێمەکان پەسەندی بکەن، ئەگینا ڕەتئەکرێنەوەو نابنە یاسا. لەبەر ئەوە ناکرێ دەوڵەتێکی فیدراڵی بەبێ ئەنجومەنێکی هەرێمەکان ببێ، بۆیە دەوڵەتی عێراق لەقۆناغی گواستنەوەدا، بەپێی ئەو یاسایە، جگە لەدەوڵەتێکی سادە کەلامەرکەزی یا ئوتونومی یا فیدراڵی ئیداری ڕەچاو ئەکات بۆ هەندێ ناوچە، چیتر نیە، ئەو شتانەش، هەرکات دەسەڵاتی ناوەندی بیەوێ، ئەتوانێ بەیاسایەکی ئاسایی نەیانهێڵێ، ئنجا ئاخۆ فیدراڵی چاکترین چارەسەرە بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرە ئایەفەو فرە ئاین؟!

چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەڕێگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە

ئەوە ناونیشانی ئەو کۆڕە بوو کە زانکۆی سلێمانی ـ کۆلیجی زمان ـ لیژنەی ڕۆشنبیری بۆ هەردوو بەڕێز: د. فەرەیدون ڕەفیق حیلمی و پارێزەر کامل ژیر سازیکرد لەهۆڵی کۆلیجی پزیشکی، کاتی ١٠ی بەیانی ڕۆژی ٥ شەممە ٢٠٠٤/٤/٢٩.

سەرەتا د. هۆگر محمود فرەج، هەردوو ناوبراوی پێشکەشکرد، ئنجا پارێزەر کامل ژیر بابەتەکەی خۆی بەمجۆرە پێشکەشکرد:

نامەوێ خۆم بکەم بەمامۆستاو وانەیەك بڵێمەوە، ئەمەوێ دەرگایەك بکەمەوە، هەمووومان پێکەوە لێوەی بچینە ناو جیهانی یاسای نێودەوڵەتی و بزانین ئاخۆ ئەکرێ کێشەکانی نەتەوەکەمان لەڕێی ئەو یاسایەوە چارەسەر بکەین؟

با کێشەکان بکەین بەسێ کۆمەڵەوە:

١-کێشەی بژاردنی ئەو زیانانەی بەهۆی کردەوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و گونده تێکدراوەکان و خەڵکە ئاوارەکراوەکانەوە لێمانکەوتووە.

٢-کێشەی ئەو هەموو سامانی سەرزەوی و ژێرزەوییەی کوردستان کە براوەو ئەبرێ بەتاڵان. یا ئەو هەموو دزییەی لەڕێژەی ١٣٪ەکەی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك ٩٨٦ کراوە.

٣-کێشەی نەبوونی سەربەخۆیی کوردستان و ئەو هەڕەشانەی لەبوونی نەتەوەییمان ئەکرێ.

مادەی ١١ برگەی ٢ لەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ساڵی ١٩٤٥ لە سان فرانسیسکۆ واژۆ کراوەو تا ئێستاش کاری پێئەکرێ، لەبارەی مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ئەڵێ: (بۆ کۆمەڵەی گشتی هەیە لەهەر مەسەلەیەك بکۆڵێتەوە کە پەیوەندییەکی هەبێ بەپاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، هەر کام لەئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یا دەوڵەتێك ئەندام نەبێ تیایدا، بەرزی کاتەوە)، هەروەها مادەی ٣٥ برگەی ٢ ئەڵێ: (بۆ دەوڵەتی نائەندام لەنەتەوە یەکگرتووەکان هەیە، ئەنجومەنی ئاسایش یا کۆمەڵەی گشتی، ورپاکاتەوە بۆ هەر کێشەیەك خۆی لایەنێك بێ تیایدا).. تێگەیشتنی ئەم دوو مادەیە، ئەم ئەنجامانە ئەدات بەدەستەوە:

أ–ئەبێ کێشەکە، دەوڵەتێکی ئەندام، یا نائەندام، بەرزی کاتەوە، واتا جگە لەدەوڵەت، بۆ کەسێك، لایەنێك یا گەلێك نیە ئەو کارە ئەنجام بدات.

ب–ئەندامێتی لەو کۆمەڵەیەدا، مەرجێك نیە بۆ بوونە دەوڵەت، واتا ئەشێ دەوڵەتێك دەوڵەت بێ ئەگەرچی ئەندام نەبێ لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

جگە لەو دوو مادەیە، بەپێی مادەی ٣٤ش لەدەستووری بنچینەیی دادگای دادی نێودەوڵەتی، جگە لەدەوڵەت بۆ کەسی تر نیە ببێتە لایەنێك لەو دلوایانەدا کە لەو دادگایەدا ئەکرێن.

بەپێی ئەو سێ مادەیە، نەتەوەی کورد، تا پێش ساڵی ١٩٩٢ بۆی نەبوو، سکاڵاکانی خۆی بخاتە بەردەم کۆمەڵی نەتەوەکانو دادگای دادی نێودەوڵەتی، چونکە نە خۆی دەوڵەت بوو، نەدەوڵەتێکیش ئەو کارەی بۆ ئەکرد. جگە لەیەك جار نەبێ کە مەنگولیا ویستی کێشەی کورد بخاتە بەردەم ئەو کۆمەڵەیە، ئەویش هەر زوو پەشیمان بووەوە بەهۆی گوشاری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە.. بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٢ مەسەلەکە گۆڕرا، کورد لەبەشێك لەباشووری کوردستاندا، بوو دەوڵەت.

ئێستا بابزانین دەوڵەت چیە؟ یا چی دەوڵەتە؟

هەموو زانایاران (فقهاء)ی یاسا، لەسەر ئەوە کۆکن کە دەوڵەت بریتییە لەسێ توخم: (گەل، هەرێم، حکومەت) واتا لەهەر کاتێکدا حکومەتێك فەرمانڕەوایی گەلێك لەهەرێمێکدا بکات، دەوڵەت هەیە، یا ئەوە دەوڵەتە، کەواتە ئەو قەوارە سیاسیەی باشووری کوردستان، دەوڵەتە، کە دەوڵەتیش بوو ئەتوانێ دەنگو کێشەکانی نەتەوەی کورد، بخاتە بەردەم کۆمەڵی نەتەوەکان، یا دادگای دادی نێودەوڵەتی، ئیتر ئەوەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ کە ئەم قەوارە سیاسیە، دەوڵەتی دێ ژوور (De Jure) یا دەوڵەتی دێ فاکتۆ (De Facto)یە، هەروەها ئەوەش گرنگ نیە کە لەئاستی نێودەوڵەتیدا دانی پیانراوە یا نا، ئەگەرچی لەهەندێ رووەوە دانیشی پیادانراوە، چونکە دانپیانان، یا ڕاستەوخۆ ئەبێ، یا ناڕاستەوخۆ. ئەم قەوارەیە بەوەی کە هەندێ دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات، وەك ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ترانسیت، کردنەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەزۆر وڵاتدا.. هتد ئەوانە هەمووی دانپیانانی ناڕاستەوخۆن.

پێشکەشکردنی کێشەکانیش، بەدوو رێگە ئەبێ: رێگەی ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە خۆی. رێگەی دووەم لەلایەن بریکارێکی حکومەتەوە. لەم ڕووەوە مادەی ٤٢ لەدەستووری بچینەیی دادگای دادی نێودەوڵەتی ئەڵێ: (لایەنەکانی کێشەکان، بریکارەکانیان، نوێنەرایەتییان ئەکاتو بۆیان هەیە پەنا بەرنە بەر ڕاوێژکارانو پارێزەران لەبەردەم دادگاکەدا).

ئەوانە بەگشتی لەبارەی کۆمەڵە کێشەی یەکەمو دووەمەوە، واتا بۆ داواکردنی قەرەبووی ئەو زیانانەی لەکورد کەوتووە بەهۆی ئەنفالو کیمیابارانو وێرانکاریو ئاوارەکردنەوە، یا بۆ ئەو زیانانەی لەئەنجامی تاڵانکردنی سامانی ژێرزەویو سەرزەویو لەئەنجامی ئەو دزیانەی لەبەشی کوردستان لەبریاری ٩٨٦ لەکورد کەوتووە یا کراوە، بەڵام بۆ سێیەم، واتا سەربەخۆیی، بابزانین یاسای نێودەوڵەتی ئەڵێ چی؟ برگەی (٢) لەمادەی (١)ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو پەیمانە یەکێکە لەسەرچاوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەڵێ: (گەشەدان بەپەیوەندیی دۆستانە لەنێوان نەتەوەکاندا لەسەر بنچینەی رێزگرتن لەو بنەمایەی یەکلاییکردنەوەی ماف لەنێوان گەلاندا ئەنجام ئەداتو بۆ هەریەکێکیان هەیە چارەنووسی خۆی دیاری بکات)، هەروەها مادەی (٥٥) لەهەمان سەرچاوە ئەڵێ: (بۆ خواستی هۆکانی ئارامیو خۆشگوزەرانیی پێویست بۆ پەیوەندی دۆستانەی پتەو لەنێوان نەتەوەکاندا کە لەسەر ڕێزگرتنی بنەمای یەکلاییکردنەوەی ماف لەنێوان گەلاندا دامەزرابێو بۆ ئەوەی هەریەکێکیان دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ). کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس،

بەمافی جیابوونەوەو ڕاگەیاندنی سەربەخۆییشەوە، مافێکی دانپیانراوە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە، بەڵام ئەمەیان مافێك نیە یا کێشەیەك نیە کە لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، یا لەدادگای دادی نێودەوڵەتی، یا لەهیچ سەرچاوەو دامودەزگایەك، داوا بکرێ، بەڵکو ئەمە مافێکە، هەر گەلێك بۆی هەیە بەخۆی ڕەوا ببینێ، یا بۆ خۆی ڕابگەیەنێ، بەڵام ئەگەر هاتوو هەر لایەنێك، یا دەوڵەتێك هەڕەشەی لەو گەلە کرد، یا پەلاماری دا بۆ ئەوەی ئەو مافەی لێ زەوت کات، ئەوا ئەوسا، ئەو گەلە بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر یاسای نێودەوڵەتیو دەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی بیپارێزن، بەپێی مادەکانی ٣٩ و ٤٠ و ٤١ و ٤٢ و ٧٧ لەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوەبوو بینیمان هاوپەیمانان، بەبێ داواکردنی گەلی کوردیش ناوچەی ئارامیان بۆ باشووری کوردستان دابینکرد بەپێی بڕیاری ٦٨٨.

بەڕێزان، ئامادەبووانی کۆڕ:

من نامەوێ وەك کۆڕە ئاساییەکانی کە، بەدەستی بەتاڵ بڵاوەی لێبکەین، ئەمەوێ ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا خاوەن بڕیارین، ئەگەر ئێمە بەردی بناغە دابنێین، ئێوە دیوارەکە تەواوکەن، فەرموون ئێوەش لەگەڵماندا، با هەموومان وەڵامی پرسیارە چارەنووسسازییەکان بدەینەوە:

یەکەم: ئاخۆ بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵە کێشەی یەکەمو دووەمی سەرەوە، واتا بژاردنەوەی ئەو زیانانەی لەنەتەوەکەمان کەوتووە. کام ڕێگا کردەییانەترو ئەنجامدارترە؟ ڕێگای یاساو دەزگا نێودەوڵەتییەکان؟ یا ڕێگای وتووێژ لەگەڵ داگیرکەراندا؟ یا بێدەنگیو چاوەڕوانی قەدەر؟ یا ڕێگای توندوتیژی؟ یاخود ئێوە ڕێگایەکی کە شك ئەبەن کە من نەیزانم؟ جگە لەوە، ئایا بەرپاکردنی کێشەکانمان لەدەزگا نێودەوڵەتییەکاندا، هەر هیچ نەبێ، هۆکارێك نیە بۆ ئەوەی کێشەی کورد لەئاستی ناوچەییەوە بگوێزرێتەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی؟

دووەم: بۆ کێشەی نەبوونی سەربەخۆیی، بابزانین ئەگەر هەر ئێستا پەرلەمانو حکومەتی هەرێم جیابوونەوەی ئەم قەوارە سیاسییەی خۆی، لەعێراق، ڕاگەیاندو بانگی سەربەخۆیی بۆ دا، ئاخۆ بەوە دنیا ژێرەوژەبەر ئەبێ؟ بۆ وەڵام: باخراپترین کاردانەوە ڕەچاو بکەین، با وای دابنێین ئێرانو تورکیاو سووریاو عێراق پەلامارمان ئەدەن، یا ئابڵوقەی ئابووریمان ئەخەنە سەر. لەئاستی ئەگەرێکی وادا، ئاخۆ ئەوانە سەرکەوتوو ئەبن؟ ئەوانە ئەگەر ئەوەیان لەتواناندا بوایە، ئایا بەرامبەر بەقەوارە سیاسییە ئەمەی دوازدە ساڵەکەمان، خراپتریان نەئەکرد؟ ئایا ئێستا ئێرانو سووریای ناو بازنەی (محوری شەڕ) لەترسی کڵاوەکەی خۆیان، زاتی هەنگاوێکی لەو جۆرە ئەکەن؟ ئایا تورکیای ئێستا، تورکیاکەی زەمانی ئەتاتورکە کە یەکێتی سۆڤێت پشتی بگرێ؟ یا تورکیاکەی زەمانی ئانسرچیلەرو بلند ئەجەویدە کە ئەمریکا پشتی بگرێ؟ ئایا دوای ڕمانی بلوکی ئیشتراکی، ڕۆژئاوا کارێکی ئەوتۆی بەتورکیا ماوە؟ ئایا تورکیا ئەوەی بەسەرەوە ئەچێ کە ڕێگەی بەسوپای ئەمەریکا نەدا، بێتە عێراقەوە کاتی داگیرکردنی عێراق. لەبارەی عێراقیشەوە، عێراقەکەی سەدام حسێن نەیتوانی پەلاماری ئەم قەوارە سیاسییەمان بدات، ئێستا عێراقی لەیەك هەڵوەشاوەی لاواز ئەتوانێ ئەوە بکات؟ لەبارەی ڕۆژئاواشەوە، ئێستا ئەورووپا بەگشتیو ئەمریکا بەتایبەتی بەدەست تیرۆرەوە ئەناڵێنن، لەم

ناوچەیەشدا جگە لەکورد کەسی تریان دۆست نیە، لەبەر ئەوە، بەلگەنەویستە کە پشتی کورد بەرنادەن، ئەوەش نەك لەبەر چاوی کالّی ئێمە، بەلکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان، یا بۆ بەرژەوەندی هاوبەشمان، لەبەر ئەوانە هەمووی، سەربەخۆیی کوردستان، یا هیچ نەبێ جارێ هی باشوور، ئەو وەهمی کاری نەکردەیە نیە کە لەلای هەندێ کەس و لایەن دروست بووە! ئەوانە ئەشێ لەسەر رەوا نەبن کە ئەڵێن جارێ کاتی سەربەخۆیی نەهاتووە. ئەی کەی ئەو کاتە دێت؟ ئەوانەی ئەڵێن: ئێمە فیدرالیەکمان بۆ دەستەبەر ناکرێ، سەربەخۆیی چۆن؟ ئەشێ ئەوە دیمەنێکی راستی چوونێکی راست نەبێ. چونکە فیدراڵی پێویستی بەرەزامەندیی لایەنەکانی ترە. فیدراڵی، گرێبەستەیە، لەنێوان چەند لایەنێکدا، بێ رەزامەندیی هەموویان، فیدراڵی دروست نابێ. جگە لەوە، ئاکە گەرەنتییەك بۆ فیدراڵی؛ دیموکراسیە، دیموکراسیش کراسێك نیە لەچرکەیەکدا بێتە گۆڕین، ڕۆژئاوا بەسەدان ساڵ گەیشتنە ئەم دیموکراسیەی ئێستایان، ئاخۆ سوننەی فەلوجەو شیعەی نەجەفو دەوروبەرەکانیان، کەی لەکلتوری بەعس ئەشۆرێنەوەو ئەبنە دیموکراتی!؟ ئنجا ئەوانە کەوابن، ئایا راگەیاندنی سەربەخۆیی، کردەییترو ئاسانترو ئەنجامدارتر نیە؟ ئەشێ ئەوانەش کە چاوەڕوانی رەزامەندیی هاوپەیمانان، یا ئەمریکان بۆ سەربەخۆییمان، لەسەر رەوا نەبن؛ ئەوانە لەخۆیانەوە بەوە رازی نابن، ئەبێ ئەوانە ناچار کرێن و بخرێنە ئەمری واقیعەوە، ئایا لەهەندێ وڵاتی تردا، ناچار نەکران؟

سێیەم: ئایا ئەم پەرلەمان و دوو حکومەتی هەرێمە، کارو ئەنجامێکی وایان لێ چاوەڕوان ئەکرێ؟ ئەگەرنا، ئەی دەوری میللەت چی ئەبێ؟ ئایا وشەی میللەت، بەرەهایی، هیچ واتایەك ئەبەخشێ؟ ئایا دروست بوونی رایەکی گشتی نابێتە رێکخەرو ئاراستەکەری میللەت؟ ئەی ئەو را گشتییە لەخۆیەوە دروست ئەبێ؟ ئاخۆ ئەکرێ ئەم کۆڕە بکرێتە یەکەم بەردی بناغەی رایەکی گشتی و دوایی پەرەی پێ بدرێ و پەرلەمانی داهاتووی کوردستانی پێ موتوربە بکرێ لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەرێگەی یاسای نێودەوڵەتی و دیموکراسییەوە؟

دوای ئەوە د. فەرەیدون رەفیق حیلمی وتەکانی خۆی پێشکەشکرد کە هاوئاهەنگ بوو لەگەڵ وتەکانی پارێزەر کامیل ژیردا. باسی لەشارەزایی و زلنارییەکانی خۆی کرد لەبارەی چۆنیەتی پەرلەمان و دەوری رای گشتی کە لەماوەی چل و سێ ساڵی ژیانی خۆی لەئەوروپادا بەدەستی کەوتووەو وتی: پەرلەمان ئەبێ نوێنەری میللەتبێ، کاتێکیش ئەبێتە نوێنەری میللەت کە نائیبەکان بەئازادی و لەکەشێکی دیموکراتییانەدا هەڵبژێردابن و هەر کەس بزانێ نوێنەری ناوچەکەی خۆی کێیە، بۆ ئەوەی هەمیشە بچێتە لای و کێشەکانی ناوچەکەی لا باس بکاتو ئەویش هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات، ئەوەش بەهەڵبژاردنی تاکەکەسی ئەبێ نەك بەلیستە. هەڵبژاردن بەلیستە، فێڵە، لەمیللەت ئەکرێ. کەس نازانێ نوێنەری ناوچەکەی خۆی کێیە!؟ کێشەکانی میللەتێك بەگەیی و بۆڵەبۆڵ چارناکرێ. لێرە خەڵکی هەمیشە خەریکی بۆڵەبۆڵن! بەسە ئیتر، با خەریکی چارەسەرکردن بین، یا هەنگاوی کردەیی بنێین، چارەسەرکردنی کێشە گشتییەکان لەرێگەی پەرلەمانەوە ئەکرێ، واتا لەرێگەی دیموکراتییەوە، پەرلەمان خاوەنی بڕیارە، پەرلەمان ئەتوانێ وەزیرەکان و دەسەلاتی

جێبەجێکردن بهێنێتە گیروگاز، لێیان بپرسێتەوە، باوەڕیان لێبکێشێتەوە، بیاندانە دادگا لەسەر خراپەکارییەکانیان. نابێ پەرلەمان هی حیزب بێ و هەر چاوی لەقسەی سەرۆکی حیزبەکەیەوە بێ. با کاریگەرێ بۆ یاسای هەڵبژاردن بەجۆرێکی گونجاو لەگەڵ ئەو مەبەستانەدا، با کاریگەبێ بۆ سەربەخۆیی.

دوای ئەوە، نۆرەی وتەی ئامادەبووانی کۆڕەکە هات، بەگشتی وتەکانی ئەوانیش هاوئاهەنگ بوون لەگەڵ دوو وتارەکە، بەڵام ڕاو دیدوبۆچوونی تازەو جیاوازیش هەبوو بەمجۆرە:

مامۆستا جەمال بابان لەگرنگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دواو وتی ئەبێ ئاراستەکەرێن، وتی کەی ئەمە دەوڵەتە؟ دەوڵەت ئەوەیە دڵنییانرابێ و باڵێوزی هەبێ.

مامۆستا جەمال عەبدول لەگرنگی هوشیاری میللەت دوا، لەبارەی کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی ژێر دەستی ڕژێمەوە، وتی ئەو شوێنانە لەدەست دران، وەک تاریق عەزیز وتی ئەبێ بەراگوزار بەلایاندا تێپەڕین.. دروستبوونی هێزی سێیەمی بەپێویست زانی لەکوردستاندا، باسی لەبزاڤی ریفراندۆم و کۆکردنەوەی ملیۆنێک و حەوت سەد هەزار واژوو کرد، باسی لەکۆڕی سەربەخۆیی کردو وتی: ئەوانە چییان بەسەر هات، گلەیی زۆری لەپەرلەمان هەبوو.

د. سامان شاڵی وتی: کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدەوڵەتان دروست بوون و هەر گوێ لەوان ئەگرن، گلەیی لەو کاربەدەستە کوردانە هەبوو کە هەمیشە ئەڵێن کێشەکەمان، کێشەیەکی ناوخۆییە، وتی ڕێگای ئێمە تەنیا ڕێگای سەربەخۆییە، ئەمیش لەگەڵ دروستبوونی هێزی سێیەمدا بوو، داوای گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنی کردو داوایکرد میللەت بێتە سەرجادە بۆ داواکارییەکانی.

سەیران خان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لەیاسای نێودەوڵەتیدا، باسی لەکێشەی سایکۆلۆجی مرۆڤی کورد کرد، وتی: تووشی کەم باوەڕی بووم، هەروەها وتی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق مافی چارەنووسی کوردی تیانیە، ئەوەشی دركان کە پێکەوە ژیان لەعێراقدا ئەستەمە.

مامۆستا محەمەد سەعید داقوقی وتی: بەدڵنوسنتان هیچ ناکرێ و چارە گرتنی ڕێگەی یاسایی نێودەوڵەتییە گرنگی بەدەوری ڕاگەیاندندا، لەگەڵ دروستبوونی هێزی سێیەمدا بوو، وتی باکۆمەك بۆ ڕاگەیاندن و ئەو هێزی سێیەمە بکرێ.

مامۆستا نزار محەمەدی ڕۆژنامەنووس وتی: ئەم کۆڕە شتێکی تازەیەو بیرۆکەکانی لا پەسەند بوو، وتی دوای بڕیاری ٦٨٨ نەئەبوو کورد ڕوو لەبەغداد بکات، وتی موعارەزە بێ هێزە، پێویستە موعارەزە هەمیشە بوونی هەبێ و شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات.

مامۆستا حەمە عەلی فەرەج وتی میللەت گوناهی نیە، میللەت زۆری کردووە، با هەمیشە باسی دەوڵەتی کوردی بکەین.

د. فەرەیدون عەبدول ستار وتی: با نەخۆشییەکان چارەسەر بکرێن ئەوسا داوای دەوڵەت بکەین، وتاری یەکگرتوومان نیە، گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدەین بۆ سەربەخۆیی کوردستان، نەخۆشی ناوچەگەرێتی نەمێنێ، با ئەم کۆڕانە بەردەوام بن.

مامۆستا محەمەد سالح سەعید پێی وابوو ئەمە بەشێکە لەکوردایەتی، بادەسبەکاربین، قسەی لەپەرلەمان و دەسەلاتی سەپاو کرد، گلەیی لەمرە ئایدیا هەبوو.

پارێزەر شێخ محەمەد وتی ئیدارەیەك هەیە نەك دەوڵەت، دادگای عەدل تەنیا کێشەی دەوڵەتان ئەبینێ نەك گەلان.

پاشان د. فەرەیدون حیلمی وەڵامی ژمارەیەك پرسیاری گشتیی لاوەکانی دایەوە، دواجار د. هۆگر مەحمود ڕووی لەپارێزەر کامیل ژیر نا ئەگەر شتێکی هەبێ لەسەر قسەکان، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە:

سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی بەدوادلچوونیان هەبوو، هەموو وتەکانیان تۆمارکراون و سودیان لێ وەرنەگرین، منیش هەندێك سەرنج و بەدواداچوونم هەیە: ئەوە تەنیا قسەی من نیە، بەڵکو هەموو یاسازانان کۆکن لەسەر ئەوەی لەهەر کوێ حاکم و مەحکوم هەبێ، لەوێ دەوڵەتێك هەیە. کاربەدەستانی ئەم هەرێمە ئەگەر بەخۆیان ڕەوا نابینن ئەمە دەوڵەتە، ئەوە گوناهی من نیە، لەبارەی ریفراندۆمەوە، ئەو براددەرانە زۆر ماندوو بوون، کۆکردنەوەی ئەو هەموو واژوە، کارێکی مەزن بوو، بەڵام ڕێبازەکەیان هەڵەبوو، ئەبوو ئەو واژۆنە بدرانایە پەرلەمان، پەرلەمانیش بیکردایە بەبڕیار و حکومەتی هەرێم لەسەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، داواکاریی گشتپرسییەکەی بناردایە بۆ دەزگا نێودەوڵەتییەکان و سەرچاوە بڕیاردەرە جیهانییەکان ڕاستەوخۆ یا لەڕێگەی وەکالاتەوە. ڕاستە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدەوڵەتان پێك هاتوون، بەڵام سەیری کێشەی میللەتانیش ئەکەن بەمەرجێك لەدەوڵەتێکەوە بەرزکرابێتەوە بۆیان، ئەوە یاسایەو دەقی یاسایی لەسەرە (ولا اجتهاد في مورد النص) ئەی بڕیارەکانی ٦٨٨ و ٩٨٦و چەندین بڕیاری تر کە گەلی کورد سوودمەندبوو لێیان، لەکوێوە دەرچوون؟.. کێشەی کورد ئەوە نیە کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق مافی چارەنووسی کوردی تیا نیە. گریمان ئەوەشی تیابوو، گەرەنتی چیە بۆ ئەوەی سبەینێ ئەو یاسایە ناگۆڕرێت، خۆ لەدەستوورەکەی قاسمدا کورد و عەرەب هاوبەش بوون، ڕێکەوتننامەی یازدەی ئازاریش ئۆتۆنۆمی تیا بوو بۆ کورد. کوا ئەوانە چییان بەسەر هات؟

بەو جۆرە کۆڕەکە لەکاژێری ١ ی دوای نیوەڕۆدا کۆتایی هات بەچەپڵەڕێزانێکی گەرم وەك نیشانەیەك بۆ ڕەزامەندیی ئامادەبووان لەبابەت و مەبەستی کۆڕەکە.

کامیل ژیر: هەندێ لەئەدەبیاتی کاژێک رەنگدانەوەی هەڵبەستەکانی منن

دیمانەی: کاندیش

(کامیل ژیر) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەگەرمەی زەمانێکی پڕ لەتەوژمی سیاسی و ململانێ و دەستپێکردنی شۆڕشدا بەجۆش و خرۆشێکی کوردانەوە تێکەڵ بەدنیای شیعری کوردی بووە.

ئەم زاتە بەشیعر هاتە ناو دنیای نوسینەوەو یەکەمین دیوانی لەساڵی ١٩٥٧ بەچاپ گەیاندووە، دوای ئەوە دیوانێکی بەناوی کوردایەتی ـ بڵاوکردەوە، ئیدی لەساڵی ١٩٦٢ چووەتە کۆلیژی ماف و لەساڵی ١٩٦٦ خوێندنی زانکۆی تەواوکردو دوایی بو بە (پارێزەر)، بەڵام دوای ئەوەش دەستبەرداری هەڵبەست و شیعر نووسین نەبووەو هەر بەردەوام بووە، بزانین چۆن ئەم شاعیرە سێ کوچکەی شیعرو پارێزەری و سیاسەتی لەیەک کات و زەماندا بەهاوسەنگی پێکەوە گونجاندووە.

• چۆنە لەدوای ئەوەی بوویتە پارێزەریش کەچی هەر تامەزرۆییت بۆ دنیای هەڵبەست وەک خۆی مایەوە.

– ئەگەر کەسێ هەستیارێکی رەسەن و نەژادبێ، هەڵبەست لەدەروونیدا چەکەرە دەکات و تا تەمەنیش بەرەو ژوور بچێ بەرهەمی جوانتر دەخاتەوە، کەسی هەستیار ئەگەر پیشەکەشی پێوەندی بەئەدەب و هەڵبەستەوە نەبێ ئەو هەر لەنووسین دانابڕێ، ئیدی من هەر بەردەوام بووم و دوای ئەوانەش لەساڵی (١٩٨٣) دیوانێکم لەژێر ناوی (جوانی) بەچاپ گەیاند، لەساڵانی (١٩٩٣-١٩٩٤) سەرجەم هەڵبەستەکانم لەسوید چاپکران، چەندین هەڵبەستی دیکەم هەیە زیاتر لەدووساڵە داومەتە دەزگا ئاراس لەهەولێر کە سەرجەمی هەڵبەستەکانمەو دەکاتە دیوانێکی نزیکەی (٥٥٠) لاپەڕە، چونکە ئەوەی سوید هەر وەک چاپنەکرابێ وایەو نزیکەی دە نوسخەیەکی گەیشتۆتەوە ئێرە، بەڵام تا ئێستا دەزگای ئاراس هەواڵیان پێنەداومەتەوەو نازانم بۆچی تا ئێستا چاپیان نەکردووە.

• لەناو کۆلیژی ماف ـ دا گروپ و ئەزموونی شیعری دیکە هەبوون یان هەر خۆت بەتەنیا لەوێ خەریکی شیعرو هەڵبەست نووسین بوویت؟

– لەڕاستیدا زیاتر قوتابیەکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی یاسایی بوون و کەسێکی وانایەتە خەیاڵم کە خەریکی ئەدەبیات بووبێ، بەڵام لەدەرەوەی کۆلیژ یەکەمین هەستیارێ کە ناسیبم (جەوامێری) بو لەساڵی ١٩٥٩ لەرۆژنامەی ـ خەبات ـ ماوەیەک بوومە سەرپەرشتیاری کە بارەگاکەی لەشەقامی ـ متنبی ـ بوو لەچاپخانەی جەوامێری بەچاپمان دەگەیاند، گەلێ شەو کە دەمابنەوە بەبیار هەڵەچنی و چاپەوە لەگەڵ جەوامێری دادەنیشتین و شیعرمان بۆ یەکدی دەخوێندەوەو باسی ئەدەبیاتمان بۆ یەکدی دەکرد، کەڵکم لەبیرو بۆچوون و هەڵبەستەکانی وەرگرت.

• لەئەرشیفی خۆتدا شتێك ماوە بەڵگەیی بێ وەك یادەوەری باسی بکەیت؟

– بەداخەوە بەهۆی چەندینجار دەربەدەری‌و کوردایەتییەوە زۆربەی بەڵگەو ئەرشیفەکەم فەوتان، دوای ئەوەی کە چووینە ناو شۆڕشەوە، لەترسی پشکنین‌و هەڵکوتانە سەرماڵان زۆربەی وێنەو بەڵگەکانی کە هەمبوون بوونەتە خۆراکی ئاگر بەبێ ئاگاداریی خۆم.

• کە ناوی – کامیل ژیر – دێت خەڵکی یەکسەر ناوی – کوردایەتی – دێتە زەینیان.

– کوردایەتی ناوی یەکێك لەدیوانەکانمە بەر لەبەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول بەساڵێ چاپم کرد، لەو دیوانەدا گەلێ هێمای تێدایە کە داوای ئەوەم کردووە کورد دەستبداتە چەك‌و شۆڕش بەرپا بکات بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی خۆی، چونکە هەموو ڕێگە سیاسیەکانی دیکە خڕ دادەخران، بیرۆکەی ئەو دیوانە هاوزەمان بوو بەقۆناغێکی نوێی خەباتی گەلەکەمان، زیاتر لەبیرۆکەی دروستبوونی حزبی کاژیك کە من یەکێك بووم لەدامەزرێنەرانی کاژیك، ئەو بیرۆکانەی کەلەکاژیك‌و لەئەدەبیاتیدا هەبوون لەدیوانەکەمدا دیکۆمێنت کراون‌و هەندێ لەو ئەدەبیاتە ڕەنگدانەوەی هەڵبەستەکانم بوون‌و بەپێچەوانە هەندێ لەبیروباوەڕی ئەو حزبە لەهەڵبەستەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە هەردوولا چ هەڵبەستەکانم‌و چ ئەو بیرۆکەیە؛ کاژیك، کاریگەریمان لەسەریەك هەبووە؛ (د. جەمال نەبەز) پێشەکی بۆ دیوانەکە نوسیوەو منیش پێشکەشم کردووە بەشاگردانی ئەو بیروباوەڕە جوانەی کاژیك، جەمال نەبەز لەپێشەکییەکەدا ئاماژەی پێداوە کە ئەو بیروباوەڕە تازەیەی لەشیعرەکانمدا هەوێنی ئەدەبێ لەدوارۆژدا دەبێتەوە بەبڕوای هەموو کوردێك، چونکە لەو سەردەمەدا زۆر بیروبڕوای نامۆ مێشك‌و زەینی خەڵکی پڕکردبۆوە، کوردایەتییان بەقۆناغێك دادەنا لەمێژوودا، بەڵام من ئەو کاتەش دەمگوت:

ئەڵێ کردەم جێی داخ نییە، کوردایەتیم قۆناغ نیە.

• یەکێك لەو ڕەخنەو گازندانەی کە بەبەردەوامی ئاراستەی ڕێکخراوی کاژیك دەکرێن ئەوەیە کە گوایە هەر لەقۆناغی هاتنی داواکردنی سەربەخۆیی کە مافێکی ڕەوای گەلی کوردە کاژیك دوا قۆناغی ئەو داواکردنەی دەخستەڕوو.

– دەمەوێ ئەو ڕاستییە بدرکێنم کە کاژیك لەئەدەبیاتەکانیشدا زۆر واقیعی بووە، کە باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردووە، وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی خستویەتییە بەرباس، ئەگینا ئەگەر کورد لەقۆناغێکدا شتێك لەسەربەخۆیی نزمتری دەسکەوت بووبێ، کاژیك دژایەتی ئەو دەسکەوتەی نەکردووە، بۆ نمونە حزبە شیوعیەکان کە دەڵێن (یا عمال العالم اتحدوا) ئەمە دروشمێکی ستراتیژی بوو کە وەدینەهات؛ هاوکات لەگەڵ داوای سەربەخۆییدا ئێمە خۆشحاڵیمان دەربڕی بەڕێکەوتنی ئازار، ئێستا هاوبیرانی نەتەوەیی لەسەربەخۆیی کەمتر بە دەسکەوتی باش نازانن، ئێمە لەساڵی ١٩٩٢ تا ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆین بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بەم قەوارە سیاسییەی ئێستای کورد دەوترێ سەربەخۆ، ئەمە دەوڵەتێکی دیفاکتۆیەو ئیعترافی نێودەوڵەتیمان هەیە، کە ئیعترافی نێودەوڵەتی دوو شێوەیە، دانپیانانی ڕاستەوخۆ هەیەو دانپیانانی ناڕاستەوخۆش هەیە، ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا ئیعرافێکی ضمنی – مان هەیە، ئەمەش لەو مامەڵەکردنە دەردەکەوێ کە وڵاتانی

دەوروبەر لەگەڵمان کردبوایانە بەدرێژایی ئەو (١٣) ساڵەی کە ئەم قەوارە سیاسییەی ئێستامان خولستویەتی، لەڕووەکانی دیبلۆماسیو ئابووریو ترانزێتو مامەڵەی بازرگانیو چەند پێوەندی دیکە کە بۆ خۆی ئیعترافی ناڕاستەوخۆن، بۆیە هەوڵ بدرێ بەناوی فیدرالییەتەوە ئەم قەوارە سەربەخۆییە لەدەست نەدرێو هەوڵبدرێ بپارێزرێ باشەو زیاتر بیکەینە دەوڵەتێکی حەقیقی باشە، نەك بەناوی یەکێتی خاکی عێراقەوە، ئەم هەلەمان لەکیس بدرێ، چونکە ئەو نەتەوانەی لەعێراقدا دەژین هێشتا ئاستی هۆشیارییان نەگەیشتووە بەئاستی هۆشیاری ئەو نەتەوەانەی کە لەئەمەریکادا کۆبوونەتەوە، پێکەوەژیان لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کوێرەوەریمان بۆ دێنێو لەپاشەڕۆژدا لێی پەشیمان دەبینەوە.

• باشە ئامانجەکانی کازیك چ کاریگەرییەکی لەسەر دانانی شیعرەکانت هەبووە یان شیعرەکانت بەچ شێوەیەك رەنگدانەوەی بیرو بڕوات بوون؟

– من وەك هەستیارێکو کازیکیش وەك حزبێك، هەردوولا کاریگەریمان بەسەر یەکدی هەبووە، بۆ نموونە دیوانی کوردایەتی کە لەنێوان ١٩٥٨–١٩٦٠ نوسراونو کازیك لە ١٩٥٩ دامەزراوە، هەندێ لەهەڵبەستەکان کاریگەریی بەسەر کازیکەوە هەبووەو پێچەوانەش هەر راستە، چونکە خۆم یەکێك بووم لەدامەزرێنەرانی ـ کازیك ـ بەگشتی زیاتر پیاو دەبێ قسەی هەق بکات، بیروباوەڕی کازیك ئیلهام بەخشی زۆر لەهەڵبەستەکانم بووە، زۆربەیان بەر لەدامەزراندنی کازکیش بەتایبەتی لەدیوانی (نازەنین) کە لەساڵی ١٩٥٧ چاپمکردووە، هەندێ لەو هەڵبەستانەم مێژویان بۆ پەنجاکان دەگەڕێتەوە کە من باسی سەربەخۆیی کوردستانم تێداکردوون، بیرۆکەی کازیکی تێدابووە، کە کاتێ باسم لەیەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان بەشیعر کردووەو ئەوانەش لەدیوانەکانمدا هەن بەتایبەت لەکۆی بەرهەمەکانم کە لەدیوانێکدا چاپکراونو لەسوید چاپیان کردبو ئەو بیرۆکانەی کازیکی تێدان تەنانەت لەزۆر گۆڤارو رۆژنامەی کوردی ئەو سەردەمانەشدا باسم لە جۆشو خرۆشی ئەو بیروبڕوایەم کردووە کە چۆن کاری کردۆتە سەر هەڵبەستەکانم.

• چەند شاعیرێکی دیکەیش کە نزیکبوون لەو قۆناغەی تۆ هەڵبەستت تێدا گوتووە هەمان شێوە بیروبڕوایان لەهەندێ شیعریاندا رەنگی داوەتەوە لەوانە (ئەحمەد هەردیو محەممەد سالح دیلانو کامەران موکری) ئەوانیش شیعرەکانیان زۆرجار ئامۆژی بیروبڕواکەیانی داوە ئەگەرچی جیاوازیش بن لەیەکدی، لەو ماوەیەدا پەرژۆتان چ پێوەندییەکی ئایدیۆلۆژی یان ئینسانی بەو شاعیرانەی دەبەستێتەوە).

– لەراستیدا ـ کامەرانو دیلانو من ـ هەرسێکمان کوڕی گەڕەکێکو شارێك بووینو لەیەکیەوە نزیکبووین هەڵسوکەوتو هاتوچۆو پێوەندی برادەرانەمان هەبوو بیروبڕواشمان لەگەڵ یەکدی بەگفتوگۆ ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەوانیش کوردایەتییان دەکرد، بەڵام ئەوان بەتەقلیدیو لەڕووی عاتیفەوە شیعرەکانیان تێکەڵ بەبیروبڕوای سیاسیو کوردایەتی دەبوو نەك بەو قوڵییەی کە ئێمە بەفەلسەفە کوردایەتیمان کردە رێبازێك بۆ خۆمان، ئەوان نامۆبوون بەبیروبڕوای کازیکو هیچیان لێنەدەزانی، چونکە لەو سەردەمو باروذۆخە خوێناوییە ئاڵۆزەدا کازیك زۆربەنهێنی کاری دەکردو دوژمنی زۆربوو، هەڵبەستەکانی (کامەرانو دیلان) کوردایەتی تێدایە، بەڵام زۆر عاتیفانە دەریانبڕیوە، نامەوێ خۆم مەدحی هەڵبەستی خۆم بکەم، چونکە گونجاونییە، بەڵام بەڕێز لەتیف قەرەداغی (ب. مەنمرێن) کە

باسی لەهەڵبەستەکانم کردووە، کتێبێکی بەناوی (کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی، لەهەڵوێستو رەخنەدا) بەچاپگەیاندووە، هەرکەسێ بیەوێ بیروبۆچوونی ئەدەبیو سیاسی لەهەڵبەستەکانم وەربگرێ دەتوانێ لەڕێی ئەو کتێبە بیانناسێ.

• لەدوای زیاتر لەپەنجا ساڵ کە دەکاتە تەمەنی شیعری خۆت ــ کامیل ژیر ــ چ گازندەو گلەییەکی هەیە بەگشتی..!

– گلەییم زۆرە، رەنگە هەمووی نەوترێت، ئەم دەسەڵاتە سیاسییەی کە لەکوردستاندا هەیە وەك پێویست ئاوڕیان لەبەهرەمەندانی کورد نەداوەتەوە، هەرچەندە ئێستا بەرەو باشی دەچێو ئەوەتا لەیادی ١٠٦ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا لەهەولێر ئاوڕێکی باشیان لەهونەرمەندانو هەستیاران داوەتەوە، بەهەزارانیان رێزلێنراونو مانگانەیان بۆ تەرخان کردون، پێشتریش لەسلێمانی بەهەمانشێوە گلەییەکانم لەمانگانەو پارەو پول کە دەدرێ بەم توێژە ناسکەی کۆمەڵ نییە، چونکە بەش بەحاڵی خۆم موحتاجی ئەوەنیم، بەڵام گەلێ ئەدیبو نووسەری دیکە هەن کە بەو رێزلێنانە باری بژێویان باش دەبێ، نووسەرو ئەدیبی برادەرم هەبووە لەو ساڵانەی دوایدا کتێبخانەکەی خۆی بۆ کەمێ خۆراك فرۆشتووە، دوای راپەڕین قاتوقڕی بوو، من مەبەستم لەڕووی مەعنەوییە، منێك کە تاقیکردنەوەم لە بواری سیاسەتو ئەدەبیشدا هەیە، دیوانێکی (٥٠٠–٦٠٠) لاپەڕەییم بەئامادەکراوی خستۆتە بەردەمی (دەزگای ئاراس) بەبێئەوەی داوای هیچ پاداشتێ لەو دەزگایە بکەم پێمگوتون چاپی بکەن بۆ خۆتان، کەچی چەند ساڵێکە لەوێ ماوەتەوەو چاپنەکراوە، چاپکردنی کتێبێك ئەوپەڕی رێزلێنانە بۆ ئەدیبێك کە پەنجا ساڵە خزمەتی ئەدەبی کوردی دەکات.

• بەداخەوە لەناو کوردا بووە بەنەریت تا شاعیرو نووسەر نەمرێ، کەس مشوور لەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ناخوات، لەکاتێکدا خەڵکانێکی زیندوو هەن دەکرێ تا لەژیانیاندا دڵیان خۆش بکەن بەچاپکردنی کتێبێك یان دوو کتێبیان کە خزمەتی قۆناغێکی ئەدەبی مێژوویی رۆشنبیری کوردیان کردووە.

– ئەمەی یەکێك لەبرادەرە شاعیرەکانم لەسەر میللەتی کورد گوتویانە بەڵگەیە لەسەر راستێتی ئەم بۆچوونەت، ئەڵێ ئێمە میللەتێکی زیندووکوژی مردوو پەرستین، بۆ نمونە ــ حەسیب قەرەداغی ــ رەحمەتی، تا لەژیاندا بوو بەکامی دڵی خۆی تامی ژیانی نەکرد، بەڵام کە وەفاتی کرد لەفیستیڤاڵێکدا بەسەرکراپەوە نیوەی ئەو پارەیەی لەفیستیڤاڵەکەیدا سەرفکرا، ئەگەر ئەو کاتەی لەژیاندا بوو بۆی سەرفبکرایە لەوانەبوو بیست ساڵی دیکە بەخۆشی بژیایە!

• لە دیوانی کوردایەتیدا یەکێك لەهەڵبەستەکانت کە ئەوسا وتوتن بۆ بۆنەی گەڕانەوەی (بارزانی نەمر) بووە کە لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕاوەتەوەو لەبەغدا دابەزیوو لەناو جەماوەری خەڵکەکەدا بەدەنگی بەرز شیعرێکت وتووە ئەگەر ئێستا بیڵێیتەوە.

– بەڵێ گوتم (ژیان ئەمڕۆ بژەی ئەوە بژەی لێوی نێکۆشەرە).

تێکۆشەرەکە مەبەستم لەبارزانی بوو کە هێمام بۆ ئەکردو ئەو پێی خۆش بوو، خەڵکەکەش بەچەپڵەڕێزان ڕوویان تێکردم، هەر ئەوەنا، بەڵکو لەو کاتانەدا گەلێ شیعری دیکەم بۆ جۆشانی خەڵکی ئەو سەردەمە گوتووە، جارێکیان لەبۆنەیەکدا گوتم:

ئاشتی لای ئێمە ژێر دەستی نییە
ژیانی دیلی سەربەستی نییە
کاتێ کوردستان گەیشت بەهیوا
بەسەربەرزی تیاهەڵکرا ئاڵا
ئەو کاتە ئاشتی پێمان ڕەوایە
بۆ کوردایەتی کاڵای بالایە

من وەك کوردێك تا سەربەخۆییم دەستنەکەوێ ئیدی ئاشتی ئاشتی چییە، ئاشتی نێوان گورگو مەڕ سوودی نییە یان لەیادی (٦ی ئەیلوول ١٩٣٠) کە من لەشیعری عەولە سیسە گوتومە:

ئەی شارەکەی عەولە سیسە بەڵێن بێ ئەو دەستە پیسە کە هەروا بەدەستی ئەنقەست جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست، تا دەگاتە ئەوەی:

بۆ تۆڵەی خوێنی ڕژاوت کوردستانی زەوتکراوت پشتێنی تۆڵە سەستێن، ئەیکەینەوەو ڕانەوەستێن تا تێکڕا ئەم خاکە پاکە خاکی ئەم کوردە چالاکە ئەخەین بەدیار یەك تەنو پۆ، بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ.

من لەو کاتەوە باسی سەربەخۆییم کردووەو ئومێدمە بۆ سەرتاسەری کوردستان بێتەدی.

• پێش تۆ ج کەسێك هەبووە لەناو خانەوادەکەتان کە ڕێچکەی ئەدەبیاتی گرتبێتەبەر!

– مامم کە ناوی (أ ـ ب ـ هەوری) بوو، هەروەها شێخ سەلامی شاعیر کە خاڵی باوکمە، باپیرم کە ناوی (شێخ جەلال)ە، موفتی شاربازێڕ بووە، باپیرە گەورەمان شێخ نیرامی ئەویش خوێندەوارێکی باشبووەو لایەنی ئاینی گرتووەو مەرقەدەکەی لەگوندی چنارەی لای دەربەندیخانەوەیە، براکەم ناوی (فازل نیزامەدین) خاوەنی فەرهەنگی شیرینو فەرهەنگی ئەستێرە گەشەیە، خەزووریشم (شێخ حەسەنی شێخ حەمە مارف) ئەویش نووسەرێکو سیاسەتکاری ڕۆژانی خۆیبوو، ناوی هەیەو لەدەنگی گێتی تازە شتی نووسیوە خێزانو منداڵەکانیشم بەگشتی وەك بیروڕای کوردایەتی هەر هاوبیری منن.

شێخ سەلام

أ.ب. هەوری

شێخ حەسەن مەعروف

فازل نیزامەدین

لەوەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی ریزداری (هەواڵ)دا ـ ژمارە ٨٥ رۆژی ٣ای حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤

کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان

لەبەدواداچوونێکی (هەواڵ)دا

ئامادەکردنی: هەواڵ

لە ٢٢-٢٠٠٤/٥/٢٥ لەشاری هەولێر دووەمین کۆنگرەی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێ پێشێلی یاسایی و نایاسایی لەکۆنگرەدا پەیڕەو کراوە، بەڵام چەند ڕێچکەیەکی تێدا شکێنراوە و کۆمەڵێ شەڕی مەدەنی و جوانی تێدا کراوە، لەوانە لیستی ئیئتلافی لەکۆنگرەدا نەبوو کە ماوەیەکە پەیڕەو دەکرێ و خەریکە دەکرێتە باو. دووەم جگە لەلیستی حزبەکان لیستی بێ لایەن هەبوو، سێیەم قبوڵکردنی ئەنجامەکانی کۆنگرەکە بووە لەهەموو لایەکەوە.

هەواڵ بەدواداچوونی خۆی بۆ کۆنگرەکە کردوە بەچەند بەشێک بڵاوی دەکەینەوە بۆ ئەوەی لەکۆنگرەکانی تردا سود لەلایەنە جوانەکانی وەربگیرێ و لایەنە نەگەتیفەکانی بخرێتە لاوە

پارێزەر کامل ژیر:

بەڕاستی حزبایەتی ئەمڕۆ بەڵایەکە، کێشەیەکە، کورد دووچاری بوە.

سەرەتا چەند پرسیارێکمان ڕوبەڕووی پارێزەر "کامیل ژیر" کردەوە بەم شێوەیە:

هەواڵ: وەك ئەوەی سەردەمێکە رۆشنبیران و بیرمەندانی کورد باس لەدامەزراندنی دامەزراوەی مەدەنی و جیاکردنەوەی حزب لەدەسەڵات دەکەن، دەکرێت بڵێین کۆنگرەی پارێزەران بۆ یەکەمجار بەبەشداریکردنی لیستی سەربەخۆ هەنگاوێکی عەمەلی بێت لەم ئاڕاستەیە؟

کامیل ژیر: لەراستیدا هەڵبژاردنی سەندیکای پارێزەران کە لەرۆژانی رابردوودا کرا هەڵبژاردنێکی ئاساییە وەك هەر رێکخراوێکی تری پیشەیی کە ساڵانە یان چەند ساڵێك ئەنجام دەدرێت.

ئەمە کۆنگرەش بو، هەڵبژاردنیش بو، ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەهەڵبژاردنەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە لەم کۆنگرەیە لیستێکی بێلایەنان هەبو کە بۆ پلەی نەقیب کاك "کۆڤەند" و بۆ ئەندامەکانیش "فەوزیە"خان و کاك "ستار خوارەحم" و چەند کەسێکی تر بوون، بەداخەوە ئەوانیتر لەژێر گوشاری حزبەکان پەشیمانکرانەوە، ئەم دوان سیانەش کە ناومان بردن، ئەمانیش لەراستیدا گوشارێکی زۆریان خرایە سەر، ئەوەی کەوا من بیستم لەسەرەتاوە هەوڵیاندا ئیغرایان بکەن بەماڵی دونیاو بە "منصب" و ئەو شتانە.. هەروەها قسەی خۆش. نیمچە هەڕەشەشیان بەکارهێنا، بەڵام دوایی هەڕەشەکە زیاتر

قورسی بەست. بەواتایەکیتر گوشارەکە زیاتر چووە سەریان، ئەمانیش بڕیاریاندا کە بکشێنەوە بۆ ئەو مەبەستە بەیانێکیان دەرکردو لەبەیانەکەدا وەك من ئاگادار بوم هۆی کشانەوەکەیان پێشاندابوو، دوای ئەوەی کە بەیانەکە بڵاوبۆوە هەر لەخۆیانم بیست کە گوایە تۆمەتی ئەوەیان بۆ کراوە چەندین دەفتەر دۆلاریان وەرگرتووە لەبەرامبەر خۆکشانەوەیاندا، بەڵام ئەم کردەوەیە لەڕەوشتی ئەم برادەرانەوە دوورە من ئەم بەڕێزانە بناسم کە وەکو هاوپیشەمن لەپیشەی پارێزەریدا لەئاستێکی زۆر لەوە بەرزتردان بەپارە مەبدەئی خۆیان بفرۆشن، بەڵام ئەمان توشی کاردانەوەیەك بون بەرامبەر بەو تۆمەتانە لەڕێی ئەو تۆمەتانە جارێکی تر خۆیان کاندید کردەوە.

هەواڵ: مامۆستا کامیل ژیر مەبەستێك هەبووە لەپشت تۆمەت و پڕوپاگەندەکانەوە!!

کامیل ژیر: دیارە مەبەستێکیان ئەوەبو بەهەموو جۆرێك دژی خەڵکی بێلایەن بوەستنەوە بەتایبەتی ئەمان دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان بەرزکردبۆوە کە بەداخەوە حزبی کوردی ئەمڕۆ دوورە لەو دروشمەوە، زیاتر ئەوان عێراقچێتی دەکەن، خۆیان بەکاری عێراقچێتییەوە سەرقاڵ کردوە، بەو دەورەدا ئەڕۆن کە کوردەکانی بیستەکان بەرەوپیر یەکێتی خاکی عێراق دەچوون، ئەچون بۆ پایتەخت و ئەو کات پیرەمێردی ئەمر هۆنراوەی (وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان)ی بۆ وتن، ئەمە بەڕاستی ئەمڕۆ لەمانرویداوە ئەمانیش دوای کیمیاباران و دوای ئەنفال رانەکەنەوەو ئەچنەوە بۆ بەغداو دەعوات بۆ قاتلەکان و پیاوکوژانی کیمیاباران دەکەن، دەست دەکەنە ملیان و ئاشتیان دەکەنەوە، واتە دەتوانم بڵێم ئەمە زۆر زۆر شیعرەکەی پیرەمێردیان بەسەردا دەچەسپێ و هەمان دەور دوبارە دەکەنەوە یاخود مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە کە بەداخەوە ئەمە زەرەر لەکورد دەدات.

بێینەوە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنەکە، ئەم کارەی کە ئەم چەند برادەرە بێلایەنە کردیان کارێکی ئازایانە بو و کارێکی هەقیش بو، بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو کۆسپانەی خرایە رێیان بو بەهۆی ئەوەی وەك پێویست دەنگ نەهێنن، چونکە هاوسەنگی نەبو لەنێوان ئەمان و لەنێوان حزبەکاندا، حزبەکان ئەتوانم بڵێم لەسنوری ملیۆن دینارییان خەرج دەکرد بۆ ئەوەی سەرکەون لەو هەڵبژاردنەدا، ئیتر ئەمە بەحجزکردنی ئوتێل و بەگرتنی ئوتومبیل و بەدەعوەتکردن و ئەو شتانەوە، خۆ ئەوە مافێکی خۆشیانە، هەر کەس بۆ خۆی دیعایە دەکات، بەڵکو من مەبەستم ئەوەیە کەوا هاوتای یەك نەبون لەو هەلومەرجەدا کە بۆ پاڵاوتێکی حزبی رەخسا لەبەرامبەر پاڵاوتێکی بێلایەندا.

هەواڵ: مامۆستا کامیل مانشێتی کۆنگرە دەڵێ کۆنگرەیەکی پیشەیی دیموکراتی سەربەخۆ!

کامیل ژیر: خۆ بەقسە ئەوە زۆر دەوترێت لەپڕۆستیدا مادەی "٤٥" لەیاسای سەندیکای پارێزەرانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە سەندیکا رێکخراوێکی بێلایەنی سەربەخۆیە، بەڵام خۆ شەرت نیە کە هەر لایەك دروشمێکی بڵاوکردەوەو شتێکی وت، بەکردەوەش ئەوە بکات، ئێمە بەتاقیکردنەوە بۆمان دەرکەوتووە کە بەقسە جۆرێکن و بەکردەوە جۆرێکی ترن.

هەواڵ: دەکرێت بڵێین ئەم کۆنگرەیە هیچ دیموکراسیەتێکی تیادا نەبووە؟

کامیل ژیر: خۆی دیارە ئەگەر دیموکراسی بوایە، چ پێویست بو ئەو گوشارە بخەنە سەر ئەمان تا پەشمیان بنەوە، چ پێویست بو هەڕەشەیان لێبکەن، چ پێویست بو تەماعیان بدەنێ؟! ئەمانە هەمووی دوورن لەدیموکراسیو لەمافی مرۆڤیشەوە.

هەواڵ: لەم کۆنفرانسەدا ئەم دوو حزبە هیچ گۆڕانێکیان بۆ دیموکراسی لێبەدی دەکرا یان بڵێین ئەم کۆنگرەیە هیچ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ کۆنگرەکانی پێشوودا؟

کامیل ژیر: نەخێر ئەمان بەپێچەوانەی بێلایەنەکانەوە هیچ بەرنامەیەکیان نەبو، من نەمبینی ئەم دوو حزبە بەیانێکیان هەبێ، بەرنامەیەکیان هەبێ، بەپێچەوانەی لیستی بێلایەنەکانەوە کە بەیانیان هەبو ئامانجەکانیان نوسیبوو دەسکەوتەکانیان کە لەمەودوا چی دەکەن چی بکەن، بەلام حزبەکان هیچ بەرنامەیەکی لەو شێوەیەیان نەبو بۆ ماوەی داهاتوو.

هەواڵ: بەڕای تۆ ئەم حزبانە بۆچی لەسەندیکای سەربەخۆ بەگشتیو سەربەخۆی سەندیکای پارێزەران دەترسن؟

کامیل ژیر: بەڵێ ئەمە یەکێ لەلایەنە خراپەکانی ژیانی حزبایەتیە بۆ میللەتێکی وەکو کورد، گەلێ زەرەرمەند دەبێت لەحزبایەتی، بەڕاستی حزبایەتی ئەمڕۆ بەلایەکە، کێشەیەکە کورد دووچاری بوە، بەهۆی حزبایەتییەوە ئێمە بینیمان شەڕی ناوخۆ چۆن هەڵگیرساو دوبەرەکی دروست بو، نیمچە حکومەتێکمان هەبو کرا بەدوو لەتەوە، تەنانەت ئەم سەندیکایەی ئێمەش چەند ساڵ پێش ئێستا جیاکرایەوە، بەلام دواتر ئێمە کە چەند کەسێکی بێلایەن بووین هەوڵێکی زۆرمان دلو توانیمان هەردوو سەندیکا یەکبخەینەوە، لەڕاستیشدا ئەو هەولانە هەموو هەوڵی خەڵکی بێلایەن بون نەك حزبەکان.

گەمەی عێراق

لەوەڵامی پرسیارێکدا: تاکەی بەشداریکردنی کورد لەدەسەڵاتەکانی بەغداد دروستە؟

من ناڵێم نەدەبوو کورد بەشداریی لەکردەوەی رزگارکردنی عێراقدا نەکردایە، یا لەئەنجومەنی حوکمدا بەشدار نەبوایە، چونکە نەتەوەی کورد، لەباشووری کوردستاندا، قەرزاری هاوپەیمانان بەگشتیو ئەمریکا بەتایبەتی بوو، قەرزەکەش دابینکردنی ناوچەی ئارام بوو بۆ ئێمەی کورد دوای راپەڕینو دوای کۆڕەوەکە، ئەوە سەرباری بڕیاری ۹۸٦ کە بەدوای بڕیاری ٦٨٨دا لە UN ەوە دەرچوو و بوونە هۆی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی کوردیی، بەهەر سێ دەسەڵاتی یاسادانانو بەڕێوەبردنو دادوەرییەوە، جا ئەگەر کورد ئەو هاوکاریو هاوپەیمانیەی لەگەڵ ئەمریکاو بەریتانیادا نەکردایەو بەشداریی ئەو کردەوەو ئەنجومەنەی نەکردایە، ئەوا ئەکەوتە هەڵەیەکی وەك هەڵەکەی تورکیا کە ڕێگەی نەدا بەسوپای هاوپەیمانان لەوێوە بێنە عێراق لەکاتی کردەوەی رزگارکردن، یا بڵێین داگیرکردنی عێراقدا، کە ئەو هەڵەیە زۆر کەوت لەسەر تورکیاو زیاتر ئەکەوێ لەسەری لەئایندەدا، ئنجا خۆ ئەگەر شەڕ بەکۆنەقینیش بکرێ، ئەوا قینی کورد لەرژێمی ستەمکاری بەعس، لەهەموو قینێکی تر زیاتر بوو و زیاترە.

ئەوەی من ئەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە (گەمەی عێراق) بۆ کورد، وەك گەمەی کورسی کورسی وایە!! ئەو گەمەیەی کە دە کەس بەدەوری نۆ کورسیدا رائەکەنو لەکاتی فیکەی ناوبژیواندا، هەرچی چۆنێ هەڵپە بکەن، هەر تەنیا نۆکەس کورسیی بەرئەکەوێو یەکێك لەدە کەسەکە ئەکرێتە دەرەوەی گەمەکە.

بەو جۆرەو هەرجاری کورسیەك لائەبرێو یەکێك ئەکرێتە دەرەوە تا ئەمێنێتەوە یەك کورسیو یەك کەس، گەمەی عێراقیش هەرچی چۆنێ نەتەوەی کورد بەشداریی تیا بکات، لەئەنجامدا ئەمێنێتەوە تەنیا یەك کورسیی حوکمو ئەو کورسیەش تەنیا بۆ عەرەب ئەبێ، چونکە ئەگەر بەپێی زەبرو هێز بێ، عەرەب گەمەکە ئەباتەوە لەبەر ئەوەی زەبرو هێزیان زیاترە، ئەگەر بەپێی بنەمای دیموکراسی بێ، ئەوا هەر ئەوان گەمەکە ئەبەنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان لەعێراقدا زۆربەن. بەتاقیکردنەوەش ئەو راستییە دەرکەوتووە، کە نەك هەر لەعێراقدا، بەڵکو لەهەموو وڵاتە هاوشێوەکانی عێراقدا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو دیموکراسیەی کە لەژێر سێبەریدا گورگو مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، لەخەیاڵێکی خاو بەولاوە چیتر نیە، بۆیە پێویستە ئەو بەڕێزە کوردانەی لەئەنجومەنی حوکمو لەوەزیرانی عێراقدا بەشدارییان کردووە، یا بەشداری ئەکەن، تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی لەو جێگایانەدا بمێننەوە، با زیاتر تواناکانی خۆیان تەرخان کەن بۆ ناوچەی کوردستان، بۆ ئەوەی هەرچی زووترە، ناوچەکانی موسڵو کەرکوكو خانەقینو هەموو شوێنە کوردییەکانی تر، بخرێنەوە سەر قەوارەکەی کوردستان، چ بۆ مەبەستی فیدراڵی، یا بۆ مەبەستی سەربەخۆیی کە پێویستە سەربەخۆییەکە هەڵبژاردەی سەرەکیو یەکەمینمان بێ، لەراستیشدا تا ئێستا هەڵێکی وا چاك ڕێنەکەوتووە بۆ سەربەخۆیی، ئەوە هاوپەیمانان لەعێراقی عەرەبیدا گوللەباران ئەکرێن، لەکوردستاندا گوڵباران، خێرو بێنەکەی عێراقیش بۆ ئەمریکاو

بەریتانیا، لەکوردستاندایە، نەك لەبەغداو تکریتو رومادیو بیابانە بێ پینەکانی تر. تێگەیاندنی ئەم هاوکێشەیە لەئەمریکا، کارێکی ئەوەندە گران نیە، رۆژگاریش ئەم ئەنجامە ئەسەپێنێ، ئەوەش سڵێ ئەبینێ.

بەریزەکانی بەشداربوو لەئەنجومەنی حوکمو لەوەزیرانی عێراقدا، نەك پێنجیان کورد، ئەگەر هەموشیان کوردبن، ئەوا لەبەغدادی عەرەبستاندا، ئەهیچیان پێکراوەو نە هیچیشیان پێ ئەکرێ بۆ کورد، ئەی لەهەموو دەسەلاتەکانی دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا، لەبیستەکانەوە تا ئەمڕۆ، چەندین سەرەك وەزیرانو وەزیرو سەرکردەی سوپا، کورد نەبوون!؟

کێشەی عێراق، لەپێکهاتە موزاییکە ناسروشتیو نەگونجاوەکەیەوە دەست پێئەکا، چارەسەری کێشەکە، تەنیا بەجیاکردنەوەی (جۆرە) جیاوازەکان ئەکرێت، بەکۆتایی هێنان بەگەمەی عێراق ئەبێ، پشتبەستن بەدەسەلاتەکانی بەغداد، لەدەرزیی سڕکردنو خۆهەڵخەڵەتاندنو کورد لەخشتەبردن بەولاوە، چیتر نیەو نابێ.

ئێستا ئەشێ وەڵامی پرسیارەکە: ئاکەی بەشداریکردنی کورد لەدەسەڵاتەکانی بەغداد، دروستە؟ بەڕای من، ئەوەبێ: تا دانانی دەستوری عێراقی کە ئەگەر لەو دەستورەدا مافی چارەنووسی کورد، بەجیابوونەوەشەوە بەبێ هیچ مەرجێك دیاری نەکرا، ئەوا ئیتر ئەو بەشداریکردنە هیچ مانوویەکی نامێنێ وەك پێشبینیەك ئەوەش ئەڵێم کە نەك مافی جیابوونەوە، بەڵکو ئەو دەستورە، فیدراڵیەکی راستەقینەش ناگرێتەخۆ، ئەوەنیە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبە دیموکراتیە بەشداربووەکانی کۆنگرەی لەندەنو کۆنگرەی سەلاحەدین، هەروەها ئەوانەی ساڵانێکی زۆر بەنارو ناوی کوردستان ئەژیانو لەکوردستاندا ئەپارێزران، ئێستا بەلالوتێکەوە فیدراڵیەکە ئەکەن بەفیدراڵی پارێزگاکان!! جاوەی لەرەگەزپەرستەکانیانو لەبەچکەکانی موقتەدا سەدرو هاوشێوەکانی!!

گەمەی عێراق، گەمەی کورسی کورسییەکەیەو هەمیشە بەشکستی کورد کۆتایی دێت، با تا هەل لەدەستی کوردا ماوە، هەموو ناوچە بەعەرەبکراوەکان، لەعەرەبە هاوردەکان پاك بکرێنەوە، ئەمەش کەمترین ئەرکێکی ئێستامانە وەك هەنگاوێك بەرەو سەربەخۆیی، یا بەرەو هەر جۆرە قەوارەیەکی سیاسیی رەواو دروست بۆ باشووری کوردستان.

خۆپیشاندان لەگۆشەیەکی بیرەوەریدا

بیرمە، پەنجاکانی چەرخی پێشووبوو، ژمارەیەك ئاژاوەچیبووین، بەڵێ وایان پێئەوتین، هەر خۆپیشاندانێك بکرایە، ئێمەیان ئەگرت، جاری وا هەبوو، بەشداریش نەبووینایە، هەر ئەگیراین!

* بابە بۆ ئەمگرن؟ خۆ من لەو ڕۆژەدا لەسەفەر بووم!

– وسبە، بۆ ناتناسین؟ جا با لەسەفەریش بووبن.

* ئەی بۆ!؟

– چونکە ئەگەر لێرەبوویتایە، لەوان خراپتر ئەکرد.

هاوگرتووخانەکانم لەسلێمانی، تێکەڵبوون لەشیوعیو پارتی، وەك: دوکتۆر فارس، ئەحەی عارف، قادری میرزا کەریم، فەتاح کاوە، عەبدول سوران، حسەینی مەلا حەکیم، حەمەساڵح دیلان، جەلال عەزیزو زۆری تر.. بەو جۆرە گوزەراندمان تا دوای چواردەی تەموزی ١٩٥٨.. خۆپیشاندان دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان ترس و گرتنی تێدا نەبوو.

قادر وتی:

* کەی ئەمە خۆپیشاندانە!؟

– بۆ؟

* خۆپیشاندانێك، بابەشێخو سەعید ساقی، سەری ژمارەیەك خۆپیشاندەر بەدارودۆنکی ئەشکێنن و بەتەکان نەیانبەن، ئەوە چ خۆپیشاندانێکە!؟ ئاخر دوور لەترس و بگرە کوشتنیش، خۆپیشاندان نابێتە جۆرێ، لەسەیران!؟

خۆپیشاندانەکەی ٢٠٠٤/٢/١٤ لەسلێمانی ئەوانەی وەبیرهێنامەوە، نازانم بۆچی ئەو برادەرەم بەشداریی تێدا نەکرد؟ تۆ بڵێی لەو ڕۆژەدا سەفەری کردبێ؟ یا ئەشێ نەیبیستبێ چ ترس و بیمێك بۆ ئەو خۆپیشاندانە دروست کرا! ئەگینا ئەویش بەشدار ئەبوو.

* چۆن؟

– کاتژمێر دەی ئێوارەی ٢/١٣ تەلەفۆنێك خەوی ئەو شەوەی لەسازدەرانی ئەو خۆپیشاندانە زڕان.. وتی:

ئەو خۆپیشاندانە مەکەن.

* بۆ!؟

– چونکە ئێمە، وەك دەسەلات، زانیاریمان هەیە کە تەقینەوەی تێدا ئەبێ.

ئیتر بەو جۆرەو چەندین هەواڵیتر: (نۆزدە تیرۆریست هاتوونەتە شارەوە.. ئۆپێڵێکی سور مین ڕێژکراوە.. نەکەن ئەو خۆپیشاندانە بکەن، ئەگینا تاوانەکە ئەخەینە ئەستۆی کاف و میم).

تا بەو جۆرە گۆمەکە قووڵ بوو، گومیش تا قووڵ بێ مەلەی خۆشە. ئەم خۆپیشاندانە نەك هەر دارو دۆنکی و گرتن، بەڵکو ئەشێ مین و تی ئێن تی و کوشتنیشی تێبکەوێ. گرنگ نیە، ئەمجارەیان داخوازیەکە گەورەیە، بۆ سەربەخۆیی کوردستانە، ئەهێنێ! کوڕینە ئەڵێن چی؟

أ- من ئەگەر بەتەنیاش بم، ئەو خۆپیشاندانە هەر ئەکەم.

ب- منیش

ج- با خۆمان بچینە ریزی پێشەوە بۆ ئەوەی ببینە قەڵغان و سپێر بۆ جەماوەرەکە.

د- ئەوە راو هەڵوێستی من و هەموو ئەوانیکەشمانە.

بۆ رۆژی دوایی، واتا ٢/١٤ زەنگی چەند تەلەفونێکی تری لەو جۆرە، لەزۆر فەرمانگەو قوتابخانەو پەیمانگەو زانکۆ، لێدرا. ئەو زەنگانە، ئەگەرچی کاریان کردە سەر چەندێتی خۆپیشاندانەکە، بەڵام کاریان لەچۆنیەتی خۆپیشاندانەکە نەکرد جەماوەرە قارەمانە بەشداربووەکەش، ئەیانووت:

* ئەو تەلەفۆنانەش نەبووبایە، ئێمە خۆمان هەر چاوەڕوانی هەموو جۆرە تەقینەوەیەک بووین و نەبین، خۆ بۆ سەیران نەهاتووین.



هەندێک لەکۆبوونەوەکانی کۆڕی سەربەخۆیی کوردستان و دیمەنەکانی خۆپیشاندانەکە. ئەم کۆڕە لەکۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ــ سەرکردایەتی باشوورو ناوەندی رۆشنبیری ئاڤێستاو ژمارەیەک کەسایەتی بێ لایەن و لایەنداری سەربەخۆییخواز پێکهاتبوو. یەکێک لەکارەکانیان خۆپیشاندانەکەی ٢/١٤ ٢٠٠٤ بوو.

14.02.2004

14.02.2004

Slemani

ردا على اسئلة وجهتها راية الحرية في عددها ٦٦ ليوم ٢٠٠٤/٨/١٦

كامل زير: أرى قانون ادارة الدولة مجرد خدعة للشعب الكوردي،

لأنه لامعنى للفيدرالية من غير مجلس الأقاليم

• كيف تنظر الى التداخلات التركية في شؤون كوردستان العراق، والى اجتماعاتها مع دول الجوار ضد الكورد؟

- لايخفى على احد بأن تركيا لازالت تحن الى الامبراطورية العثمانية، والحقيقة أن الشعب التركي لم يكن اصلاً يعيش في هذه البقعة الجغرافية المسماة حالياً بتركيا، انه اصلاً من بقايا المغول الذين اتوا زحفاً الى هذه المنطقة واستوطنوا فيها، وهم يتقاطعون مع احفاد هولاكو وجنكيزخان، في ان مبدأهم الظلم والتعدي على الغير.

كان جنوب كوردستان قبل تأسيس الدولة العراقية جزءاً من الإمبراطورية الثمانية، وبعد الحرب العالمية الثانية ووفقاً لمصلحة بريطانيا انتزع جنوب كوردستان وضم الى الدولة العراقية الحديثة بسبب وجود بترول كركوك، بالإضافة الى خيرات كوردستان الكثيرة، لرادت بريطانيا من هذا الإجراء أن تضع العرب في العراق حراساً على أبار نفط كركوك ورقباءً على الشعب الكوردي. في البداية كانت هناك خلافات كثيرة بين تركيا وبريطانيا والعراق حول هذا الإجراء، ولكن في النهاية تم راضاء واسكات تركيا، ولكن تركيا لازالت تحلم بجنوب كوردستان، ولهذا السبب تقف دائماً بالمرصاد امام حقوق الشعب الكوردي في جنوب كوردستان، ومن هنا نجدها تقوم بعقد اجتماعات مع دول الجوار للتآمر على الكورد.

كانت تركيا خلال السنوات المنصرمة تتدخل في شؤون العراق بصورة عامة وفي شؤون كوردستان بصورة خاصة، بحجة القضاء على حزب العمال الكوردستاني، كانت حكومة صدام حسين أنذاك ضعيفة، كما ان العراق نفسه قد سمح لها بالتدخل في اراضيها الى حوالي ١٥ كم، فيما تركيا تجاوزت تلك المسافة.

• لماذا الحكومة العراقية صامتة؟

يعود هذا الصمت لسببين: الأول هو ان الحكومة العراقية لم تثبت الى الأن أقدامها ولايمكنها الإمساك بزمام الأمور كلها، وأما السبب الثاني فهو أن بعض الجهات العربية والتركمانية التي لها النفوذ في الحكومة المؤقتة ترى ان التدخل التركي بشؤون العراق يخدمها.

حقيقة لا أدري لماذا الخوف من الكورد؟ وحتى قانون ادارة الدولة العراقية المؤقت الذي أقر الفيدرالية لكوردستان العراق هو أقرار غير متكامل، ذلك لأن من مستلزمات الدولة الفيدرالية وجود مجلسين هما المجلس الوطني (البرلمان) ومجلس الأقاليم، أي أن السلطة التشريعية في الدولة الفيدرالية يجب أن تتضمن هذين المجلسين، فكما هو معلوم يكون التمثيل في المجلس الوطني حسب النسبة السكانية، بينما مجلس الأقاليم يكون التمثيل فيه حسب المساواة بين الأقاليم. بالنتيجة فإن مجلس الأقاليم لاوجود له اصلاً في هذا القانون، ومع ذلك تجاهل الجانب الكوردي وخصوصاً الجهات المشاركة في السلطة ببغداد هذه الحقيقة، وبالتالي أرى أن هذا القانون مجرد خدعة للشعب الكوردي، لأنه لا وجود لمعنى الفيدرالية فيما هي تفتقر الى مجلس الأقاليم. ولكن مع الأسف نرى الأحزاب الكوردستانية وبالذات الحزبين الرئيسين صامتة تجاه هذه المسألة المهمة، وذلك لأجل المصالح الحزبية الضيقة لا أكثر ولا أقل.

• لكل شعب حق تقرير مصيره وهذا بند واضح في ميثاق الأمم المتحدة، السؤال: متى يشعر الكورد مطالبتهم بهذا الحق؟

- ان من حق الشعب الكوردي والأمة الكوردية المطالبة بهذا الحق والعمل من اجله، أي من أجل الاستقلال، وباعتقادي الظرف مؤات لأن يكون لجنوب كوردستان كيان مستقل ودولة مستقلة وليس لتهديدات تركيا أو غيرها من دول الجوار أية أهمية وهذه التهديدات ليست الا تصريحات لا تتعدى الكلام الفارغ.

لاياصديقي

الخبز ليس من عمل القصاب

تمهيداً لحوار أخرى مع الدكتور كمال مظهر

انه من جيلي المضطهد، وابن بار لمدينتي المناضلة، ورفيق لي في مسيرة قوامها مئات الكيلومترات في الطرق الجبلية الوعرة مشياً على الأقدام، أو ركوباً على بغل مجازف وحمار خنوع، نحو الالتحاق بثورة ايلول المجيدة.

انه اختار ذلك الحمار بمحض ارادته، لكنه لم يخف حسده (ولو على سبيل النكتة) عندما يكرر قوله طوال المسيرة، بأن للمحظوظ سوبر بغل وللمنكوب حماروفيج (نسبة الى سوبر صالون وموسكوفيج) وفي معرض جوابه على فكرة التبادل، كان يقول: بأنه يفضل الخنوع على المجازفة، وقد انعكست هذه الكيفية في كل منا بما لنا من تركيب فكري وعضوي.

انه اتجه نحو الانزواء ليتفرغ لكتابة التأريخ، وحسناً فعل ذلك، لأن هذا المسلك ينسجم مع طبعه في الحياة، الا وهو الابتعاد عن المجازفة، أما أنا فقد رافقتني السياسة منذ نعومة أظفاري. والسياسة بحد ذاتها مسلك من مسالك المجازفين، خاصة لدى الشعوب المضطهدة، وكم تعرضت للاعتقال والتعذيب والنفي والتهديد ومحاولات الأغتيال من مختلف السلطات الحاكمة بسبب انتماءاتي الحزبية ومواقفي المعارضة والتحدي لكل ما يسمى بالأمر الواقع في ميدان السياسة، من تلك المجازفات على سبيل المثال لا الحصر، عضويتي في الحزب الشيوعي الذي كان ألد أعداء السلطة في العهد الملكي ثم عضويتي لقيادتي كازيك وياسوك المناضلين من أجل الأستقلال[1] وتوجهي نحو باريس لادارة اذاعة معارضة لمحتلي كوردستان[2] اضافة الى أشعاري و مؤلفاتي وكتاباتي ومحاضراتي حول الأستقلال وبأسمي الصريح، لذا كان من الطبيعي أن نقسم البغل والحمار بيننا في تلك المسيرة على النحو المذكور، غير أن هذا الصديق، وبعد سقوط النظام البعثي، يأتي الى السليمانية ويلقي محاضرة في الجامعة فحواه (اخماد الروح الثورية لإستقلال كوردستان ولو دون القصد)، خلال أفضل فرصة لتحويل الكيان السياسي القائم في جنوب كوردستان الى دولة مستقلة لتكون نقطة انطلاقة لتحرير بقية الاجزاء غير المحررة من كوردستان.. الأمر الذي أدى بي الى الرد عليه في نفس القاعة، ونالت ردودي رضا واستحسان جمهرة الحاضرين من خلال التصفيق الحاد والمصافحات الكثيرة من الجمهور دون أن يتمكن هو من الادلاء باجابات موضوعية مقنعة. الا انه يحاول الآن تبرير ما أورده في تلك المحاضرة من خلال حديثه لصحيفة راية الحرية الغراء في عددها ٦٦ ليوم ٢٠٠٤/٨/١٦ وياحبذا لو لم يأت بهذا التبرير وبقي الموضوع طي النسيان، كما سأتطرق اليه بعد قليل، ولكن قبل ذلك، أود أن أذكر، بياناً للحقيقة والتأريخ، أن ما ورد في تلك المحاضرة وذلك الحديث، لم يأت عن سوء القصد والنية. انه قدم أفضل خدمة لبني جلدته من خلال كتاباته المبدعة عن التأريخ، وهو بحق أفضل المؤرخين الكورد في عصره، وهو صادق في قوله بأنه يحلم باستقلال كوردستان ولو شتان مابين الحلم والعمل. أما الأشكال، فأنه يكمن في تجاوز الأخ للحدود الحمراء. واعني الخط الذي يتجاوزه القصاب ليجعل من نفسه خبازاً، وتلك هي العلة في الاخفاقات المتكررة للحركات الكوردية التحررية طوال تأريخها الحافل بالفشل والخسران بسبب قيام الجاهلين بالسياسة بنصب انفسهم

على قمة الهرم في تلك الحركات والثورات وبالتالي الحيلولة دون أخذ الساسة المحنكين بزمام الأمور، والنتيجة الفشل والخسران.

من هذا المنطلق، انني أتوجه بالرجاء الى أصحاب الكفاءات العلمية الذين لاعلم لهم بالسياسة عدم اضاعة أوقاتهم الثمينة بمثل هذه المحاضرات. والا يقعون في اخطاء تمس شخصياتهم العلمية كما في الأخطاء التي وقع فيها الأخ العزيز الدكتور كمال مظهر وهي:

١- انه يتكلم عن العقل في حديثه لراية الحرية بصيغة توحي بأن العقل هبة من الله الى الخنوعين الخاضعين للأمر الواقع دون سواهم من البشر، وخاصة الذين يتحدون الأمر الواقع ويصنعون المعجزات بمجازفاتهم الشجاعة، الحقيقة أن العقل قد أثبت قدرته العظيمة عند مجازفاته وتحدياته للأمر الواقع وجعل اللاممكن ممكناً. أن مقولة السياسة فن الممكنات هي مقولة تروج لها أصلاً الأقوياء الظالمون، لكبح جماح الضعفاء المظلومين، ويرددها أصحاب المصالح الخاصة والنفوس الضعيفة والعقول الجامدة، فلولا القدرة المجازفة الخارقة للعقل وتحديه للأمر الواقع، لما تقدمت البشرية ولبقيت على حالتها البدائية ان لم تؤل الى الزوال.

انه يحذرنا في حديثه بأن لانجازف ولانتجاوز الخط الأحمر، جاهلاً أو متجاهلاً بأن السياسة هي بحد ذاتها مجازفات وتجاوزات للخطوط الحمراء، فلولاهما، لما قامت الحركات التحررية للشعوب ولما حدثت الثورات والانتفاضات بوجه الطغاة. ان الثورات الكوردية وانتفاضة آذار والهجرة المليونية بوجه أكبر طاغية في العالم، كانت أكبر مجازفة وتجاوز للخطوط الحمراء التي وضعها الطاغية بجيشه الجرار وأسلحته الفتاكة وقوانينه الصارمة، والنتيجة كانت اقامة الكيان السياسي الكوردي في المنطقة الأمنة. أما مجرد الحلم، حسب قوله فأنه لايغير من الواقع شيئاً، فكم من الشعوب الجامدة أو المسلمة (بفتح السين) بمفهوم الأمر الواقع، أو بمبدأ تحقيق الأستقلال شيئاً فشيئاً دون المجازفة، انصهروا في بودقة غيرها من الشعوب الحية المجازفة والمغامرة؟ وخير دليل على ذلك، الزحف المغولي لاسيا الوسطى والفتوحات العربية الأسلامية اللذين أديا الى توسيع رقعة أوطانهما على حساب أوطان غيرهما من الشعوب وبالتالي ابتلاعهم أثناء ما كانوا هم في انتظار جودو، أو السير بسرعة السلحفاة، حسب مبدأ تحقيق المبتغى شيئاً فشيئاً وحسب الدكتور كمال مظهر هكذا فأن من يرفع شعار استقلال كوردستان، يرفعه عن عقل سليم وليس عن العاطفة، بالأضافة الى استفادته من النتائج المأساوية عن تجربة العيش المشترك مع تلك الشعوب.

٢- انه، وفي معرض اجابته لسؤال من راية العربية مفاده: ماذا تعني بالخطوط الحمراء؟ يقول: (مثلاً أن تأتي تصرفاتنا بشكل تسبب في وقوف مجموعة من دول المنطقة في موقف العداء منا، أن تتحالف ضدنا)!! كأن تلك الدول ليست اعداء لنا ولم تتحالف ضدنا وكأن مجرد تسمية انفسنا بالكورد لم تشكل جريمة عقوبتها الأبادة الجماعية عبر التأريخ وهو خير العارفين بذلك!!

٣- لاياصديقي العزيز، لاتقم بألقاء مثل تلك المحاضرة أو ذلك الحديث ولنك غير مختص بالسياسة رغم كونك عالماً بالتأريخ، والا تقع في اخطاء أخرى، كخطأ قيامك بقياس المعضلة الكوردية بمعضلة الألزاس واللورين، وشتان مابين الشعوب الشرق أو سطبة والشعوب الأوروبية ألم تقل في حديثك: (أن وجود العبيد والجبور في المناطق المتاخمة لكوردستان يعود الى أواخر القرن الثامن عشر والى أواسط القرن التاسع عشر؟ بينما يعود وجود الكورد في تلك المرابع الى الاف السنين، وبشهادة زينفون سنة ٤٠١

قبل الميلادج)؟ أيمكن أعادة تلك المرابع ومعها بلاد مابين النهرين الى كوردستان أو استعادة حدودنا المائية لغاية بحر الأبيض والخليج بمثل ماتم اعادة الألزاس واللورين الى فرنسا؟؟

٤-ماذا تقصد بكلامك: (أن يومنا افضل من أمسنا)؟ وانك عالم بالتأريخ وبأن أيامنا تتجه من سيء الى أسوأ وان رقعة كوردستان تتقلص باستمرار بسبب عمليات التتريك والتفريس والتعريب والابادة في ظل الأحتلال والعيش المشترك مع هؤلاء الشعوب وتقسيم وطننا وامتنا فيما بينهم.

٥- من الذي يكتب ويعمل بالعاطفة ويتصف باللاعقلانية؟ الذين يرفعون شعار استقلال كوردستان ويعملون من أجله؟ أم هؤلاء الذين يشاركونك في قولك: (أنا أؤكد بأن حق تقرير المصير للشعب الكوردي لايعني بالضرورة الأنفصال، بل يعني أن يقرر الشعب الكوردي مايريد، مثلاً أن يقرر أن يكون الاتحاد اختياريا)!!

- ألايعني ذلك الأتحاد، الأستمرار على ماهو مستمر؟
- ألا يعني ذلك الأتحاد، الأبقاء على تقسيم كوردستان؟
- هل يعقل أن ترتقي تلك الشعوب مرتبة الشعبين الفرنسي والألماني أو السويسري والأمريكي؟؟
- هل أن الديمقراطية قميص تتبدل بتبديل أنظمة الحكم في أي من الدول المحتلة لكوردستان؟

- كم من الأنظمة تغيرت لتلك الدول، وكم من الدساتير ألغيت وحلت محلها غيرها من الدساتير، وبعضها نص على الشراكة في الوطن، وقوانين شرعت واتفاقيات أبرمت بشأن حقوق الكورد؟ والنتيجة، الأبادات الجماعية لنا؟؟ لماذا ننظر الى الشعبين التركي والعربي من خلال عدد من الأشخاص لايتجاوز عددهم أصابع اليدين؟ ومعلوم أن عامة هذين الشعبين هم أنفسهم دون التغير و (أن النخبة منهم تكاد لاتعرف شيئاً يذكر عن تأريخ الشعب الكوردي ويتصورون بأن كوردستان كانت جزءاً من العراق منذ الأزل، من قالوا بلى ـ حسب اقراركم في راية الحرية)

- هل مجاملة عشرة أشخاص من مجموع أكثر من ربع مليار من العرب والترك، قد حركت عاطفتك وأدت الى وقوعك في تلك الأخطاء؟ كم من هؤلاء قطعوا وعوداً فضفاضاً قبل تسنمهم دست الحكم ثم نكثوا بوعودهم!؟

- لماذا تمهد للاتحاد ولو اختيارياً؟ أيوجد كوردي شريف عاقل أن يفضل الأتحاد (مع كل تلك المساويء) على الاستقلال الذي هو دواء لكل داء لأمتنا الكوردية؟؟

- وأخيراً وليس آخراً، ألم اكن على حق، والحالة هذه، عندما قلت لك بعد المحاضرة: مامعناه انك لاتؤيد ولاتميل الى استقلال كوردستان؟ أرجو أن أكون مخطئاً ولني أكن لك كل الأحترام[٣].

---

[١] وأنا بصفتي القانونية، أعلم قبل غيري، بأن عقوبة مجرد الانتماء الى حزب يدعوا الى انفصال جزء من العراق، هي الاعدام.

[٢] سبق أن تطرقت الى موضوع هذه الأذاعة خلال مذكراتي المنشورة في صحيفة تايم والمعاد نشرها في هذا الكتاب.

(٣) نشر هذا الرد في العدد ٦٧ ليوم ٢٠٠٤/٩/١ من نفس الصحيفة.

کێڵگەی رەسەنی کوردایەتی کوردستانە

* جوێننامەیەکی نوێ دەرچووە (بیدی نەتەوەیی و نانەتەوەیی) نوسەرەکەی: حسەین محەمەد عەزیزە، لەچاپخانەی ئەزمر لەسلێمانی ۲۰۰۲ چاپکراوە.

– چیی تیایە؟

* هێرش و تولنج و جوێن و هەڵبەستن و تاوانباکردنی زۆری بۆ تۆ تیایە.

– بۆچی؟

* چونکە لەژمارە ۱۸ ساڵی ۲۰۰۱ی گۆڤاری ئایندە دا، رەخنەت لەوتارێکی ئەو گرتووە کە لەژمارە ۱۵ ی ۲۰۰۰ی هەمان گۆڤاردا بلاوکرابووەوە. وتارەکەی ئەو بەناوی (مەحویی لەنێوان خواپەرستی و کوردایەتیدا) و ئەوەی تۆ بەناوی (رەخنەو لێکۆڵینەوە ـ مەحوی لەبیدی نەتەوەییانەوە) بوو، ئەشڵێ: ئەو (ژین)ەی، لەسەردەمی برژانندنەوەی بزوتنەوەی کوردایەتیی ساڵانی پەنجاو شەستەکاندا، بەتیشکی گڕی بلێسەی روناکی مۆنراوە جولنە نەتەوەییەکانی، رێی پڕ لەتاریکو نوتەکی شەوەزەنگی کوردایەتی، بۆ لاولنی نەتەوەکەی رۆشن دەکردەوە، ئەو (ژین)ەی بەبیری وردی بەپیت و پیتۆلانەی هۆنراوەکانی نێو دیوانی (کوردایەتی)، کێڵگەی خاکی پڕ لەدرکوداڵی کوردستانەکەی بۆ خاوێندەکردینەوە، ئەو (ژین)ەی بستبەبستی نیشتمانی هەزاران ساڵەی داگیرکراوی بەدیوودرنج تەنراوی، لەدوژمنان و داگیرکەران بۆ رزگار دەکردین، ئەو (ژیرە)ی درکەزی کارەبایی چوار دیواری سنوری دەستکردی گرتوخانەکەی کوردی بۆ دەقرتاندین، ئەو (ژین)ەی، تۆوی بیری کوردایەتی راستەقینەی لەزەویی بەیاری خەباتی نەتەوەیی و رلمیاریی کوردا بۆ دەوەشاندین، ئەو (ژین)ەی کەرەسەی دیدو بۆچوونەکانی سەردەمێکی مێژوویی بیرکردنەوەو کارکردنی من بوو!). لاپەڕە (۸)

– جا کەی ئەوە جوێننامەیە؟

* تۆ راوەستە، دوایی وردە وردە. جوێنەکانیش بەئەدەبی ساتیری نەتەوەییانە ئاسا ناو ئەبا. ل/۱۱

– بابزانین جوێنەکانی چیە؟

* ئەمە نمونەی هەندێکێتی لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەکانی: وەك چۆن گای ئسپانی بەڕەنگی سور بەلەسە دەبێ، وەها یەکەچەڵ بەکولایەوە، مامە سەعە بە تۆزدەی هار، حاجی بەبەغدای ئەدیوە تورە دەبوون، ژیریش بەناوی حەمەی مەلا کەریم بەرچاوی خۆی نەبینێ! ۷۰ ئەم جارەش عەرەب وتەنی: حەلیمەی کوردیی بۆ سەر خووە کۆنەکەی خۆی گەڕاوەتەوە ۷۵ وەك ناوی نزاوەو دەنگی نرلوە لەنێو جەماوەری شارەکەدا، بەبەعسیش ناو دەبرێ ۸۰ ژیرو ئاگرین سەرو قنگی یەکتری بوون ۱۰۵ نەك هەر هیچی بۆ کورد نەکردووە، بگرە هێندێ جاریش زیانی پێگەیاندووە ۱۰۸ هەموو شتێکی دیکەی خراپ، لەپیاوێکی پاسانا سو پارێزەری وەك ژیر چاوەڕێ دەکەم ۱۱۰ ترسنۆك ۱۱۲ ئەم قسانەی لەورگی خۆیەوە دەرهێناوە، حەشری سەگ بەیەکدی دەکەن، ۱۲۲ هیچ ئەندامێکی سەرکردایەتی کازێك باوەڕی بەئاینەو خوا نەبووە ۱۴۶ هەلپەرست ۲۱۶ یەکێ گوێ بەباوەڕو ویژدان نەدا، هەڵبەتە وەك ژیر لەپێناوی

بەرژەوەندیی چەپەڵی تاکەکەسیی خۆیدا، دەست لەنێو دەستی هەموو کەس و دوژمنێکیش دەنێ ٢١٨ ناوو ناوبانگی خۆشی بەتەواوی پیس و رەشکرد. وەك میزی حوشتر رابووە، ٢١٩ نەبەز زۆر بەرلشکاوی گورتی بەهیچ شێوەیە باوەرم بەخولو شایین نیە ٢٤٤ وەك کەری نێو جۆگەکەی لێهاتووە ٢٩٥ سەرکردەکانی کاژێك ترسنۆکترین کەس بوون٢٢١.

ئەشڵێ هیوادارم توانیبێتم، دەمەتەقییەکی هێمنانە، دیموکراسیانە، کوردانەو زانستانەم لەگەڵ ژیردا کردبێ ١٥.

– بەگشتی، جوێن، پیشەی مرۆڤی بێدەسەلاتو هیچ لەبارا نەبووە، هەندێ جار جوێن ئەنجامی پەروەردەی خراپی منداڵیە، جاری واش هەیە جوێن کاردانەوەی نزراوی و ژێرکەوتنە. جارجارەش جوێن بۆ وروژاندنی بەرامبەرە، بۆ ئەوەی ئەو بەرامبەرەش ناچار بکا دابەزێ بۆ ئاستی جوێنفرۆشەکەو وەلامی بداتەوە، بەوە جوێنفرۆشەکە، ناوو ناوبانگێ پەیدا بکا! ئەدەبی ساتیریش، جوێندان و درۆ هەلبەستن و تۆمەتی ناراست نیە، لەبەر ئەوە گوێ وایە هیچ وەلامێکی نەدەینەوە.

* بەلام لەپاڵ جوێنەکانیدا، بازدی بۆ لایەنی تریش داوەو گەلێ رای هەلەو نا دیموکراتیانەو ناکوردانەو نازانستانەی ئاخنیوەتە ناو جوێننامەکەیەوە بۆ پەردەپۆشکردنی جوێن و درۆو تۆمەتەکانی، ئەوەش لەم رستەیەوەی دەرئەکەوێ: (هەرگیز رۆژێ لەرۆژان، بیرم لەوە نەکردۆتەوە، لەگەڵ هۆنەرێکی وەك کامیل ژیردا، لەسەر یەکدی بنوسین، یا راستتر وایە بڵێم: رەخنە لەیەکدی بگرین و وەلامی یەکدی بدەینەوە٨) ئەم قسانەش بەلگەی ئەوەن، ئەو بەزۆر سواری ئەو بابەتانەی تر بوە بۆ ئەو پەردەپۆش کردنەو بۆ تۆڵەی ئەو رەخنەیەی تۆ لەوت گرتووە، ئەو ئەگەر بابەتیانەو زانستانە بولیەو تۆڵەسێن نەبوایە، ئەبوو زووتر لەو دەرگایانەی بدایە، بەتایبەتی مێژووی هەندێك لەو بابەتانە، ئەگەرێتەوە بۆ پێش نزیکەی چل ساڵ، ئەی بۆچی بەدرێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ بوو، ئینجا تێکڕا پرژی جوێن و بابەتەکانی، کەس و لایەنی کەش ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە ناکرێ وەلام نەدەینەوە، وەلامەکانیش، ئەوەی پێویستە، هەریەکەو بۆ جێگەی خۆی.

* هەر دوای ئەوەش ئەڵێ: نە کامیلەو نەژیریشە ١٠.

– دیارە رەخنەکەم ئازاریداوە!!

▪ بەشێکی نوسینەکەی تەرخان کردووە بۆ رەخنەی زمانەوانی لەتۆ ــ ل٤٤ تا ل٦٨، کەچی نوسینەکەی خۆی پرە لەهەلە.

– وەکو؟

* ئەگەر خشتەیەك بۆ هەندێکیان بکەم، وەك نمونە:

راست	هەڵە	ل	سەرنج
گەلەکۆمەکێ	گەلەکۆمەکیی	١٦	وەك: چاوشارکێ، حەمامۆکێ، منمنۆکێ.
مەحوی	مەحویی	١٦	بەو جۆرە هەموو (ی)کی داکشاوی بەدوو (ی) نووسیوە. کە ئەوە دەمێکە وازلێهێنراوە.
مەلەوی	مەولەویی	١٨	

فەرمانڕەوایان	فرمانڕەوایان	٢١	فرمان (کارە) فەرمان (ئەمرە) فەرمانڕەوا لەدووەمەوە هاتووە.
گرنگیدان	گرینیدان	٦٠	لەگرنگەوە هاتووە، وشەی گرنەلنو گرین بەو واتایە لەکوردیدا نیە.
ئاینیەکەی	ئایینییەکەی	٦٤	زمان بەرەو کورتکردنەوە ئەڕوات، نەك درێژکردنەوە، لەجێگەیەکی تردا، زیاتر لەسەر ئەم لایەنە ئەڕۆم.
کوردایەتیان	کوردایەتییان	٦٤	
بەلکو	بەلکوو	٨٦	واوی کورتە، نەك درێژ، ئێستا هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی واوە درێژەکانیش هەر بەیەك واو بنووسرێ.
نەشارەزا	ناشارەزا	١١ ٦	چونکە پێشگری (نە) نەفی سیفەتەکە ئەکات، وەك: نەگۆڕ، نەترس، نەبەز، نەبزووت.
لوولەی	لووللەی	١٢ ٧	لامی دووەم، شەدەی نیە وەك گوللە، لەبەر ئەوە دوو لامی ناوێ.
لەهەموو ژیانی خۆشیدا	لەهـــــەموو ژیانیشی خۆشیدا	١٨ ٤	شینی یەکەم زیادەیە.

جگە لەوانە کە چەندین جاز لەنووسینەکەیدا دووبارە بوونەتەوە، لەلاپەڕە (١٢) دا ئەڵێ: (پەنیری ڕەخنەکەی ڕەخنەگرن ئاوی زۆر کێشا) کورد ئەڵێ: هەویرێکی ئاوکێش، نەك پەنیر، لەجێگەیەکی تردا ئەڵێ: (با بەدەولری بیابانی نەکردووە) کورد ئەڵێ: با بەدەولری شەپی ئاکا، نەك دەولری بیابان.

لەلاپەڕە (٩)شدا ئەڵێ: (بەناوی بیری نەتەوەییەوە بڕیاریدلوە کوتاڵی لەکەلکەوتووی (دیدە نەتەوەیی)یەکانی خۆی پێ فرۆشتووین!) کە ئەبوایە، لەڕووی زمانەوانیەوە، بیوتایە (دیدە نەتەوەییەکانی خۆیمان پێ بفرۆشێ).

لەلاپەڕە ٢٠ شدا ئەڵێ: (کێشەی کوردبوون و کوردایەتی، تەنیا بەگەز و جاوی زمان ناپێورێ)! ڕاستە (گەز) ئامێرێکی پێوانە، بەڵام (جاو) ئامێری پێوان نیە. گەز (ئەپێوێ)، جاو (ئەپێورێ)، ئەبوایە بیوتایە: جاوی کێشەی کوردبوون و کوردایەتی، بەگەزی زمان ناپێورێ.

لەلاپەڕە ٨ دا ئەڵێ: (دڕکەزی کارەبایی)، جارێ لەڕووی زمانەوانیەوە، بەتایبەتی بەپێی تێگەیشتن و شێوازی نوسینەکانی خۆی، ئەبوایە بینوسیایە (دڕکەزیی) واتا (ی)ی ئیزافەی بخستایەتە سەر، لەڕووی ولتاییشەوە، دڕکەزی، کارەبایی نابێ. چونکە دڕکەزی، ڕووەکە، ڕووەك ئەگەیەنەر (عازل)ە و کارەبا ناگوێزێتەوە. ئەبوایە بیوتایە (تەلبەندی کارەبایی).

– لەراستیدا، تا ئێستا ئێمەی نووسەرانی کورد لەسەر ڕێنوس‌و ڕێزمان‌و خاڵبەندییەکی یەکگرتوو، پێکنەهاتووین، بۆیە ئەبینین هەر نووسەرێك بەشێوازێك ئەنووسێ [*]، جگە لەوە، زمانیش وەك هەر شتێکی تر، هەمیشە لەگۆڕان‌و گەشەکردندایەو وشەکان بەرەو کورتکردنەوە ئەبرێن، ئەو رادیۆیەی جاران ئەوەندەی دەهۆڵێك ئەبوو، ئێستا ئەوەندەی پاکەتە جگەرەیەکە، جارێك مامۆستایەکی ئەمریکی زمانی ئینگلیزی ئەوتەوە، وتی "ئێستا هەندێ کەس وشەی (Before) بە (B4) ئەنووسن"، لەسلێمانی ڕۆژنامەیەك بەناوی (هاوڵاتی)ەوە دەرئەچێ، هەموو کەس ئەزانێ وشەکە لە (هاو +وڵاتی) پێکهاتووە، کارێکی باشیان کردووە کە یەکێك لە (و) کەیان فڕێداوە.

* ئەڵێ: نوسەر (مەبەستی تۆیە) لەهەموو نوسینەکانیدا (نیە = نییە) بەنیە نوسیوە.

– جارێ ئەبوایە پیتی (ی) ی بخستایەتە دوای کەوانەکەیەوەو بینوسیایە (نیە = نییە)ی بەنیە نوسیوە، ئینجا (نیە، نییەو نیە) وەك یەك ئەخوێنرێنەوە، ئیتر کە هەموو دنیا بەرەو بچوکردنەوەو کورتکردنەوە بڕوات بۆچی ئەمیش کورتەکەیان نەبێ؟

بەپێی ئەم بنەمایە، چاك وایە ئەم وشانەی خوارەوە، بۆ نموونە، کورتکەینەوە، بەم جۆرە:

ڕاستتر	ڕاستر
خەریکبکەم، خەرککەم	خەریکەم
دەست تێ وەردان	دەستێوەردان
دەست نوێژ	دەسنوێژ، دەزنوێژ
شتێ‌یەك	شتێك
بچووك کردنەوە	بچوکردنەوە

هەر کاتێکیش کارێکی وشەسازیمان ئەنجامدا، ئەڵێین: ڕاستر لە (ڕاست + تر)ەوە هاتووە، دەزنوێژ لە (دەست + نوێژ)ەوە هاتووەو بەو جۆرە.

* لەوە ئەچێ ئەم نووسەرە کە لەتەمەنێکی گەورەدا دەستیداوەتە نووسین، یا وەك خۆی ئەڵێ: (ئەز، چەندین ساڵ بوو، لەزمانی کوردیی دابڕابووم، تەنیا لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٠ وە، دەستم بەنوسینی کوردیی کردۆتەوە ٤٥) وەك ئەوانە بێ کە بەگەورەیی، فێری پڵاوخواردن ئەبن! یا وایزانیبێ کە ئەو دوکتۆرایەی لە (پەتاتە)دا وەریگرتووە لەسۆڤێت، لەزمانی کوردیدا وەریگرتبێ!. ئەگەر وانەبێ، چۆن بەزمانێکی بازاڕی ئەنووسێ‌و ئەڵێ: (لەوە دەچێ، وەك چۆن گای ئیسپانی بەرەنگی سور بەلەسە دەبێ، وەهایە کەچەڵ بەکولایەوە، مامە سەعە بەنوزدەی هارو حاجی بەبەغدای ئەدیوە تووڕە دەبوون، (ژین)یش بەناوی (حەمەی مەلا کەریم) بەرچاوی خۆی نەبینێ ٧٠). لەل ٧٥دا ئەڵێ: حەلیمەی کوردی، بۆ سەرخووە کونەکەی خۆی گەڕاوەتەوە، مەبەستی گەڕانەوەیە بۆ سەر حەمەی مەلا کەریم.

---

[*] ڕاستە ئەگەر ڕەچاوی ڕێزمان‌و ڕێنوس بکرێ باشترە، بەڵام وەك ب. هەندرێن ئەڵێ: تا ئەم دەمە، سەرووبەر، نەیتوانیوە ڕێ لەبابەتی جیاوەڕ بگرێ – کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێستو ڕەخنەدا. ل٤.

- ئەو بەو قسانە، گوزارە لەدەروونی خۆی ئەکا، زۆر کەس هەن بەو زمانە ئەدوێن کە پێی گۆشکراون! لەبارەی حەمەی مەلا کەریمیشەوە، با ئەم نوسەرە تازەیە بزانێ، منو حەمەی مەلا کەریم، ئەگەرچی بەنووسین رەخنەمان لەیەك گرتووە، بەلام لەرووبەڕووبوونەوەدا، هەمیشە رێزی یەکترمان گرتووە، دوا یەکتربینینێکمان، لەفیستیڤاڵی هەزاری موکریانیدا بوو ساڵی ٢٠٠٢ کە موو بەبەینماندا نەئەچوو، پێش ئەوەش، لەیادی حەسیب قەرەداغیدا ساڵی ٢٠٠١ لەوتێل چوارچرای هەولێر، هەر وابووین، لەدانیشتنێکیشدا، لەهۆڵی وتێلەکە، لەبەرچاوی ژمارەیەك کەس وتی: (من کاتی خۆی کە زوێر بووم، وام ئەزانی رەفیق چالاك، (کوردایەتی بزوتنەوەو بڕولو رۆژنە)ی نووسیوە.

(بەلام کاتێ زانیم جەمال نەبەز نوسیویەتی، رام گۆڕا)، ئەم قسەیەش ولتای باوەڕهێنان ئەگەیەنێ بەناوەڕۆکی ئەو نامیلکەیە، ئەوەش هەڵوێستێکی بابەتیانەیە لەکاکە حەمەوە، شایانی سوپاسە.

* ئەڵێ تۆ، دوای هەرەسی شۆڕشی ١١ی سێپتەمبەر ١٩٦١ سەرچۆپی ئاهەنگی سەری ساڵانت، لەیانەی فەرمانبەرانی (سولەیمانیی) گەرمکرد٠٨.

- لەڕووی زمانەوانیەوە، ئەبولیە (ی) ئیزافەی بخستایەتە سەر وشەی (سەرچۆپی). ئەم نووسەرە، لەئاستی پیتی (ی)دا، سەری لێتێکچووە، لەجێگەیەکدا کە پێویستە، نایئووسێ، لەجێگەیەکیشدا کە پێویست نیە، لەجیاتی یەك (ی) سیان دائەنێ، ولدیارە وەك ئەو کوردەی بەسەر هاتووە کە وتی: (من لەداخی ئەلفو لامی سەگبابە فێری عەرەبی نابم، دایئەنێم، ئەڵێن نایەوێ، دلینانیم، ئەڵێن ئەیەوێ). هەروەها ئەبولیە بینوسیایە (فەرمانبەر) نەك (فرمانبەر)، چونکە وشەکە لە ·فەرمان)موە هاتووە کە بەواتای (أمر) دێت، نەك (فرمان) کە بە ولتای (عمل) دێت. بۆیە عەرەب بۆ (موظف)، (مأمور)یش بەکاردێنێ، ولتا ئەمرپێکرلو.

ئینجا لەبارەی سەرچۆپیەوە، ئەوە مافی هەموو کەسێکە، هەڵپەڕێو سەرچۆپی بکێشێ، کەسیش دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول قوڕی نەپێولوە. وەك راستییەکیش، من هەرگیز لەیانەی فەرمانبەرانی سلێمانی نەهەڵپەڕیومو نە سەرچۆپیم کێشاوە. یانەی فەرمانبەرانی سلێمانیش، لەدوا ساڵەکانی هەشتاکاندا نەبێ، ئاهەنگی سەری ساڵی هەر تیا نەکرلوە، پەتی درۆش کورتە.

* ئەڵێ: هەڵبەتە، بەخۆڕایش، کاری بەڕێوەبەری (کۆمپانیاکانی زیوتی ئەباتیو محەلەباتو ئەلشەریکەی ئەلعراقیە ئەلتجاریەو مەوادی ئینشائی) لەسولەیمانی پێ نەسپێردرابوو ٨٠.

- ئەو زانیاریانە، کە من بەڕێوەبەری ئەو جێگایانە بووم، ئەوە من خۆم لەناو هەندێك لەبەرهەمە چاپکراوەکانمدا نووسیومن، ئەو بەڕێوەبەرێتییانەش کەس بەخێر نەیدابوون بەمن، من خۆشم هەڵپەم بۆ نەکردبوون، بەرامبەر هیچ سازێکیش نەبوون، هەموو کاتێکیش من خۆمم لەپلەو پایەی وەزیفیو حیزبایەتی بەگەورەتر زانیوە. ئەو کارانە، بەهۆی توانا (کفاءة)ی خۆمەوە بەخەیان گرتبووم، من چەندین جار، لەکاتی ئەوکارانەمدا، داوای خانەنشینیم کردووە بۆ ئەوەی بچم پارێزەری بکەم، بەلام کاربەدەستانی سەرووی خۆم قایل نەئەبوون.

دۆسیەی کەسێتی خۆم، وێنەی ئەو داوایانەی منی تیایە بۆ خانەنشینی، ئینجا ئەم نووسەرە شتێکی تری نەزانیوە، ئەویش ئەوەیە، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، زۆربەی ئەو فەرمانبەرانەی

لەشۆڕشەوە گەڕانەوەو پێیان ئەوتن (عائدون) گواسرانەوە بۆ باشووری عێراق. بەلام من چوومەوە سەر کارەکەی خۆم (بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای زیوتی نەباتی لەسلێمانی) ئەزانی بۆ!؟

* بەر لەوەی بزانم بۆ، با ئەوەش بڵێم کە هەر بەدوای ئەو قسانەیدا، ئەڵێ: جگە لەوەی، وەك ناوی زڕاوەو دەنگی دڕاوە، لەنێو جەماوەری شارەکەدا، بە (بەعس)یش ناو دەبرێ ٨٠.

– من نەناوم زڕاوە، نەدەنگم دڕاوە، ئەستێرەی ناوم هەمیشە لەئاسمانی کوردستانو دەرەوەی کوردستانیشدا ئەدرەوشێتەوە، سەریشم ئەوەندە بەرزە کە هەمیشە دەنگی دلێر کردووە بەڕادەیەك کە هەموو کاتێ خاوەنی هەڵوێست بووەو وەك شێر نەڕاندوومە بەسەر، نەك هەر تەنیا پێنووسێکی وەك ئەم پێنووسە لەرۆژەکەی هەتا راپەڕین ئەوێراوە لەهەندەرانیش وشەیەك بۆ کورد بنوسێ، بەڵکو نەڕاندوومە بەسەر هەموو ئەو دەسەلاتانەشدا کە فەرمانڕەوای عێراقو کوردستانیش بوون. لەنێو جەماوەری شارەکەشمدا، نەك هەر بە (بەعسی) ناو نەبراوم، بەڵکو بەدژی بەعسو هەموو داگیرکەرانی کوردستانو بەکەسێکی خاوێنو ئازاو نەترسو توندڕەوو تێکۆشەرو جەربەزە ناسراوم، هاوڕێیانی کاژێکو پاسۆك، کە ئەوان لەنزیکەوە شارەزاو هاوخەباتو هاوکاری من بوون، هەروەها زیندانەکانو خۆپیشاندانەکانو کۆڕە جەماوەرییەکانو لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکانو هەموو ئەوانەی من ئەناسن، شایەتی ئەم راستییەن، چەمیش بێ چەقەڵ نابێ. لەناو ئەم شارەی منیشدا، دوور نیە چەند چەقەڵێك یا (هاوائازان)ەکانی ئەو بەرەخنەکانم، ویستبێتیان دەسە چەورەکەی خۆیان بەمندا بسوون، وەك ئەوانەی لەبەر دەرگای ئەمنەکەی فازیل بەراکدا دەستیان پانەکردەوە بۆ کڕینی ئەو کتێبانەی سەدام کە وەریانەگێڕا بۆ کوردی یا بۆ روسی، یا هەندێ لەوانەی ئەقڵیان لەچاویاندایە، وتبێتیان مادەم بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیانە بووە، یا مادەم ئەویش لەعائدون بووەو نەگواسراوەتەوە بۆ باشووری عێراق، کەواتە ئەبێ بەعسی بووبێ!

من دەربەستی قسەی رێویو چەقەڵەکان نیم، بەلام بۆ ئەوانەی ئەقڵیان لەچاویاندایە، جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێك راستییان لەو بارەیەوە بخەمە پێش چاو:

١– لەبارەی ئەو وەزیفانەوە کە ئەم نوسەرە، بەسەرسوڕمانەوە، هێنایان بۆ ئەکا، من پێشتر لەژمارە ٣٢ی رۆژنامەی رێزداری (تایم)ی سلێمانیدا، لەبواری بیرەوەرییەکاندا، لەوەلامی پرسیارێکی رۆژنامەکەدا کە ئەڵێ:

(* ئەو فەرمانبەرانەی دوای هەرەسی شۆڕش گەڕانەوە، زۆربەیان گواسرانەوە بۆ خوارووی عێراق، چۆن لەسلێمانی مایتەوەو بوویشیتە بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایانە؟) وتوومە:

(من بەر لەوەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە بکەم لەمانگی مارتی ١٩٧٤دا، خۆم هەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای زیوتی نەباتی بووم لەسلێمانی، ئەو کاتە حاتم عبدالرشید کە زاوای احمد حسن بکر بوو، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای زیوتی نەباتی بوو لەبەغداد، حاتم هاوکاری کۆلێجی حقوقم بوو، برادەرایەتیشمان خۆشبوو، سالەکانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٦ لەبەغداد، پێکەوە حقوقمان تەواوکرد، هەر ئەویش بەبەڕێوەبەری زیوتی نەباتی لەسلێمانی سالی ١٩٧١ دایناوم، ئیتر سالی ١٩٧٤ کە بریارمدا پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە بکەم، هاتم هەرچی مەوادی لقی کۆمپانیای زیوت هەبوو فرۆشتم،

سەرجەمی پارەکەی گەیشتە (١٣٠) سەدو سی هەزار دینارێك، ئەو کاتە ئەو پارەیە زۆر بوو، خەڵکی وا هەبوو لەفەرمانبەران، هەزار دینار لەقاسەکەی دائیرەکەیدا هەبوو، ئەیخستە گیرفانی‌و ئەوسا ئەچووە ناو شۆڕش! بەڵام من ئەو سەدو سی هەزارەم برد بۆ بانق، ئەوسا حاجی ئەکرەمو دلاوەر مەجید، ئەمین سندوقبوون. زۆر سەریان لەوە سوڕما.

ئینجا نامەیەکم بۆ حاتم نوسی‌و لەگەڵ قەسیمەی پارەکەدا، بەپۆستەدا ناردم بۆ حاتم. لەنامەکەدا نووسیم: (من ئەرکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پاڵی پێوەنام کە بچمە ناو شۆڕشی میللەتەکەمەوە، ئەرکی ئەخلاقی‌و برادەرایەتیش وای لێکردم کە خیانەت لەتۆو لەوەزیفەکەم نەکەم. بۆیە وا هەموو مەوادەکانی شەریکەم فرۆشت‌و پارەکەم بۆ خستنە بانقەوە)، حاتم نامەکەی بردبوو بۆ خەزووری (ئەحمەد حەسەن بەکر)و پێی وتبوو من فەرمانبەری وام هەیە، ئیتر دوای گەڕانەوەم، حاتەم هاتە سلێمانی‌و سەردانی کردم‌و وتی تۆ لەجێگەی خۆت ئەمێنیتەوەو نایەڵم نەقڵت بکەن بۆ جنوب، هەرواش بوو). دوای ئەوە، من لەناو لقەکانی کۆمپانیاکاندا لەسلێمانی: وەك تایەی سپێر ولبووم، بەڕێوەبەری هەر کام لەو لقانە پەنچەربوونایە، منیان بۆ جێگەکەی ئەو نەقڵ ئەکرد. ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە من شارەزاییەکی زۆرم هەبوو لەئیشوکاری کۆمپانیادا، چونکە لەساڵی ١٩٥٨ ەوە تا ساڵی ١٩٦٨ لەبەغداد خزمەتی وەزیفەم لەم کۆمپانیایانەدا بوو: (شرکة المواد البنائية، شركة الصناعات العقارية و مصلحة الخياطة). لەسلێمانیش لەکارگەی جگەرە تا ساڵی ١٩٧١. دوای ئەوە وەك وتم، لەلقی زیوتی نەباتی لەسلێمانی. جگە لەوانە، عەرەبیەکی باشم ئەزانی، حقوقیش بووم، چەندین خولی ئیداریم لەبەغداد بینیبوو، بەو هۆیانەوە، هەمیشە من منەتم ئەکرد بەسەر کاربەدەستاندا کە ئیدارەی ئەو جێگایانە ئەکەم، زۆریش مەبەستم بوو خانەنشین کرێم بۆ ئەوەی خەریکی پارێزەری بم، بەڵام ئەوان رازی نەئەبوون هەتا ساڵی ١٩٨٢ کە جەماڵ حاجی شەریف بوو بەسەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی‌و بەهۆی ئەوەوە کە برادەری منداڵی‌و قوتابخانەی سەرەتایم بوو، زۆرم لێکرد کە رازی ببێ بۆ خانەنشین کردنم. ئەوەندەش پەلەم بوو بۆ ئەو خانەنشینیە، چاوەڕوانم نەکرد کە شەش مانگی تر خزمەتم ببێ، بۆ ئەوەی (٢٥) ساڵ تەواو بکەم، بەڵکو بەهۆی تەمەنەوە کە بەپێی پێناسەی نفوس پەنجا ساڵ زیاتر بووم، خۆم خانەنشین کرد *.

بۆ زانیارییەکی زیاتریش، من هەمیشە لەگەڵ شێخ جەعفەری پارێزگار ناکۆك بووم، لەبەر ئەوەی بەعسی نەبووم، نووسراوێکی نهێنی لێنووسیم بۆ ئەوەی لەمودیری لابرێم، لەو کاتەدا سیروان جاف ئەمین عام بوو لەهەولێر، نوسراوەکەی پیشاندام‌و وتی: ئەگەرچی من ئەزانم کەس لەمودیرەکانی لقی ئەو کۆمپانیایانە لەسلێمانی لەتۆ بەتواناتر نیە، بەڵام ئەگەر داواکەی شێخ جەعفەر جێبەجێ نەکەم، ئەوا ئەو تۆ تووشی بەلایەکی گەورە ئەکا. وتم بەکاتبیش رازیم بەو مەرجەی دوایی خانەنشین کرێم، ئیتر نەقلی کردم بۆ دائیرەی چاودێری بازرگانی، وەك فەرمانبەرێك نەك مودیر، مودیرەکەی عەلی سالح

* من خۆم لەدایکبوونی ١٩٣٤م، بەڵام لەسەرژمێری ١٩٥٧دا، بەهەڵە بە ١٩٢٤ نوسراوم.

بوو، کە پێشتر لای من فەرمانبەرێك بوو لەشەریکەی ئەفریقی! ئەوەبوو دوای چەند مانگێك خانەنشین بووم پێش ئەوەی ٢٥ ساڵ خزمەتی وەزیفە تەواوکەم.

جگە لەوە، خۆ هەر من تەنیا نەبووم کە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بمو بەعسیش نەبم، لەو کاتانەدا دەیانی تر، بەڕێوەبەریش بوون‌و بەعسیش نەبوون، وەك: شێخ جەمالی خەزێنە، عەلیی ئەحمەدی تەهای باجی دلفات، محەمەد سادقی باجی خانوبەرە، کەمال کەریمی کۆمپانیای تەئمین، کەمال بەگی بەنزینخانە، عەبدول ڕەزاقی تاپۆو چەندین بەڕێوەبەری قوتابخانەکان‌و شوێنی تریش.

ئێستاش دوای خستنی ڕژێمی بەعس، خاوەن فایلەکان ئاشکرا بوون، ولتا ڕەشو سپی، لەبولردا دەرکەوت، من لەچەندین بۆنەو نوسینمدا لەدژی ئەو خاوەن فایلانەی بەعس دواومو نووسیومە، بەڵام هەرگیز دەروونم ئەوەندە نزم نەبووە کەسێکی چالتو پاك بەتۆمەتێکی وا ناڕەوا تاوانبار بکەم چجای کەسێك کە هەموو ژیانی بۆ ڕازەی نەتەوەکەی تەرخان کربێ ئەگەرچی ئەو کەسە دوژمنیشم بێ. لەڕاستیشدا تاوانبارکردنێکی لەو جۆرە بۆ هەرکەسێك، بەبێ بەڵگەو هەر بە (ئەڵێن) ئەوە مەگەر هەر لەیەکێکی وەك خاوەنی ئەو جوێننامەیە بوەشێتەوە، ئەو بۆ بەرۆکی خاوەن فایلەکان ناگرێ وەك من بەرۆکیانم گرت!؟

* ئەڵێن: (زێر.. ئایا، تەنیا دێرە هۆنراوەیەکیشی بۆ کوردو شۆڕشە نوێکەی هۆنیوەتەوە؟ مەگەر تەنیا هەر لەدڵی خۆیدا هۆنراوەی بۆ کورد گوتبێ ٨٠.

– عەرەب ئەڵێ: (ئەگەر شەرمت نەکرد، چیت ویست بیکە) ئەی ئەو وەك تۆ وتت، خۆی لەلاپەڕە هەشتی کتێبەکەیدا نەینوسیوە: (ئەو زێرەی لەسەردەمی بوژاندنەوەی بزوتنەوەی کوردایەتیی سالانی پەنجاو شەستەکاندا، بەتیشکی گڕی بلێسەی روناکی هۆنراوە جوانە نەتەوەییەکانی، ڕێی پڕ لەتاریکونوتەکی شەوەزەنگی کوردایەتیی، بۆ لاوانی نەتەوەکەی ڕۆشن دەکردەوە.

(ئەو زێرەی، بەبیری وردی بەپیت‌و پیتۆڵانەی هۆنراوەکانی نێو دیوانی کوردایەتی کێلگەی خاکی پڕ لەدڕکودالی کوردستانەکەی بۆ خاوێندەکردینەوەی.. هتد!؟) دواییش دێمە سەر ئەو هەڵبەستانەی کاتی شۆڕشی نوێ وتومن.

* بەڵێ، خۆی لەڕاستیدا، ئەوەیان گرنگترە کە بەر لەشۆڕش، تۆ جەماوەری کوردت هاندلوە بۆ شۆڕش؛ بۆ ڕزگاریو ئازادی، بۆ یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان، بۆ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، ئینجا ئاوا بەو زەقیەو بەو بوێرییەو لەژێر دەسەلاتی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، ئەو هەڵبەستانەت بەناوی ئاشکرای خۆتەوە بڵاوکردۆتەوەو چاپکردووە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەدا، ڕێکخستنی سیاسی شۆڕشگێڕانەشت بۆ نەتەوەکەت دروستکردووە لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوبیرانتا بەناوی (کۆمەڵەی ئازادیو ژیانەوەو یەکێتی کورد ـ کاژیك)ەوە بەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول بەدوو ساڵو چوار مانگو بیستو حەوت ڕۆژ. واتا ١٩٥٩/٤/١٤، کە نەك هەر ڕژێمە داگیرکەرەکان، بەڵکو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان‌و کەسایەتییەکانی سەر بەو ڕێکخراوانەش (بێجگە لەخودی سەرۆك بارزانی‌و هەفاڵ ئدریس) دژایەتی کاژیکیان ئەکرد، کاژیکیش پەیتا پەیتا لاوانی گۆشو پەروەردە ئەکردو ئەیخستنە ناو شۆڕشی ئەیلولەوە، بەتایبەتی هێزی خەبات کە

گەورەترین هێزی شۆڕشی ئەیلول بوو، بەسەرکردەکەی فەتاح ئاغاو جێگرەکەی نوری حەمە عەلی و نێرەی زۆری پێشمەرگەکانیەوە، کاژیک بوون، ئەوە جگە لەوەی، وەك ب. هندرێن (لەتیف قەرەداخی) ئەڵێ: (سەرهەڵدانی هۆنراوەی کوردایەتی ژێر، گواستنەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی بوو لەسۆز (عاتیفە)وە بۆ تیور (النظریة) لەدنیای هۆنراوەی کوردیدا*.

بەرامبەر بەو قسەیەشی کە ئەڵێ: (خۆ ناشتوانێ بڵێ هۆنراوەی گوندەکان و هەڵبجەو ڕاپەڕینم هۆنیوەتەوە، چونکە، ئەو هۆنراوەیەی لە ١٩٩١/٢/١٠ دا نوسیوە) کە ئەشێ مەبەستی ئەوەبێ تۆ لەپێش ڕاپەڕیندا هەڵبەستی نەتەوەییانەت نەنووسیوە، ئەوا من لەجیاتی تۆ، وەڵامی ئەدەمەوەو ئەڵێم: بابچێ لاپەڕە ٤ی ژمارە ٣٢ی ڕۆژنامەی تایم بخوێنێتەوە کە لەبارەی ئەو هەڵبەستەوە وتووتە: (ساڵی ١٩٨٨ دوای تێکدانی گوندەکان و ئەنفال، بە هاوبیر حەمە ساڵح هۆشمەندا* ئەو هەڵبەستەم بۆ ناردن واتا بۆ سەرکردایەتی پاسۆك لەشاخ).

- ڕاستییەکەی ئەو هەڵبەستە، دوو بەشە، بەشی یەکەمیان کاتی تێکدانی گوندەکان، پێش ڕاپەڕین، وتوومە بەشەکەی تری دوای ڕاپەڕین، بەشی یەکەم:

ئەو گوندانە مەڕوخێنن
ئەو گوندانە مەسووتێنن
بەبێ ورە، لەدووکەڵی ئەو گوندانە زیڕە مەکەن
لەبەربووره، تۆپی دەستی نامەردانە ئاگر مەدەن
ئەگەر سزای ئەو گوندانە سوتاندنە، چونکە گوندی جۆرە خەڵکێکی نەبەردن
کوڕە کوڕەی ئەو گوندانە ولن لەچیا، ئەڵێن ئێوە ئەگەر ئازان، ئەگەر مەردن
وەرن ئێمە جەنگاوەرین، دروستکەری ئەو گوندانەین، وەرن وەرن
ئێمەین گیان و چاوو دەستی ئەو گوندانە، یەخەی ئێمەی لەسەر بگرن

---

* ب. هەندرێن: لێکۆڵینەوە، کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێستو ڕەخنەدا. چاپخانەی ئۆفسێتی میناو ـ بغداد ـ ١٩٨٥ ل٢.

*حەمە ساڵح هۆشمەند، ئەوسا پەیامنێری پاسۆك بوو، لەنێوان سلێمانی و بارەگای پاسۆکدا ئەهاتو ئەچوو، ئێستا یاریدەری پزیشکییە لەخەستەخانەی کۆماری لەسلێمانی، لەشەقامی گۆرانیش فرۆشیاری دەرمانی پزیشکییە، شایانی وتنە هەر ئەم هاوبیر هۆشمەندە، کتێبەکەی هاوبیر ب. هەندرێن (لەتیف قەرەداخی) بەناونیشانی: (کامیل ژیرو هۆنراوەی نەتەوەیی لەهەڵوێستو ڕەخنەدا)ی بەخەتە خۆشەکەی نوسییەوەو هەر بەو دەستخەتە ساڵی ١٩٨٥ ئۆفسێت کراو زۆریشی نەبرد، فرۆشتنی کتێبەکە لەلایەن میرییەوە، قەدەغە کرا. ئامادەکردن و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە، لەو ساڵەدا، کە هەمووی بەسەرپەرشتی من بوو، کارێکی نەتەوەییانەی ئەوتۆ بوو، لەو ڕۆژگارەدا، لەهەموو کەس نەئەوەشایەوە، زۆری وەك پاڵەوانەکەی دوای ڕاپەڕین، لەهەندەرانیش نەیانئەوێرا کتێبێکی وا بخوێننەوە، نەك ئامادەیکەن!

وەرن لەمەیدانی جەنگدا دەرئەکەوێ: کێ سوارەیە، کێ پیادەیە
کێ لەسەر مافی نەتەوەی، لەگەڵ ئێوەی ترسنۆکا، یەک بەدەیە
ئەگەر کێشەی نارەواتان، دەستەو یەخە، لەمەیدانو کۆڕی جەنگدا
لەگەڵ ئەو خاوەن گوندانە یا لەتاوان دەسپەڵگرتن ئەنجام ئەدەن
ئەوا لەجێی ئەو گوندانە، ئەو مەردانە، کە دەستێکیان پیادا هێنان
لەکەلەی سەری پەڕیوتان، گوندی جوانو رازاوەترن دروست ئەکەن.

پێشبینییەکانی ئەو هەڵبەستەش هاتنەدی، ئەوەبوو لەراپەڕیندا، کەللەی سەریان پەڕیو گوندەکانیش تازەکرانەوە. بۆیە دوای راپەڕین، بەشەکەی تریم تەواوکرد.

ئێستا جێگەی خۆیەتی بپرسین: ئاخۆ خاوەنی ئەو جوێننامەیە لەهەندەرانیش، ساڵی ۱۹۸۸ ئەو ساڵەی کە من ئەو هەڵبەستەم تیا وتووەو تیا بڵاوکردۆتەوە، ئەو ئەیوێرا ئەو بەشی یەکەمی هەڵبەستە بخاتە گیرفانیشی، نەک شتێکی وابنووسێ!؟ ئینجا خۆ من وەنەبێ پێش راپەڕین هەر تەنیا ئەو هەڵبەستەم وتبێ.

* من لەو باوەڕەدام، ئەو هەڵبەستانەی ترت کە لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۸۲–۱۹۹۰دا وتوتنو بەناوی ئاشکرای خۆتەوە بڵاویشت کردوونەتەوە، لەو بەشی یەکەمەی هەڵبەستی (گوندەکانو راپەڕینو هەڵبجە)یە کەمتر نین، ئەوانەی لەژمارە ۳٤ ی رۆژی ۲۰۰۲/۱۲/٤ی رۆژنامەی تایمدا لە هێمات بۆ کردوون.

* جگە لەو هەڵبەستانە، نوسینەکانیشت لەبواری نەتەوایەتی بەگشتیو کوردایەتی بەتایبەتی، هەمان گرنگیان هەبووەو بەڵگەی ئەوەن ئێوە هەمیشە رۆڵەی دڵسۆزو جەولمێری نەتەوەی کوردنو هەمیشە لەسەنگەری خەباتی کوردایەتیدا بوون، نمونەیەکی ئەو نووسینانەش، وتارە شاکارەکەت (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بووە)ی ناو پەڕاوی (لەبارەی مەحوی لوتکەوە) یە کە ساڵی ۱۹۸٦ لەچاپخانەی سومەر لەبەغداد چاپکراوە.

ئینجا وەک هەستیار ئەڵێ:
بازاڕی دەهرە، قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە
مێشێ گەیە رووی نیگارێ، بەخاڵ ئەچێ

ئەو وتارو هەڵبەستانەی تۆ، هی ساڵانێکە کە رژێمی فاشستی بەغداد، درندانەترین هێرشی ئەبرد بۆ سەر نەتەوەی کوردو بۆ سەر رۆشنبیرانی کوردو تێکڕا جەماوەری کوردستان، لەرۆژگارێکی ئاوادا، نووسینو هەڵبەستی لەو جۆرانە لەدەست هەموو کەس نایەت، بەتایبەتی لەژێر ئاگریارانی ناو کوردستاندا، ئاخۆ ئەم نووسەرە تازەکوردەیەی دوای راپەڕین، لەئەورووپای شەقام تەختیشدا، لەو رۆژانی ئاگربارانەی کوردستاندا، نووزەیەکی لێوە هاتووە بۆ کورد!؟ بۆ!؟ خۆ منداڵ نەبوو!!

– کەواتە جێی خۆیەتی ئێستا من پرسیارەکانی لاپەڕە ۸۰ی ناو جوێننامە زەردەکەی (دیدی نەتەوەییو دیدی نانەتەوەیی) ئاراستەی خۆی بکەمەوەو بڵێم: ئەرێ کاکە تۆ ئەو زمانە درێژەی دوای راپەڕینت، بۆچی تاکە یەک جاریش بۆ کوردو کوردایەتی نەخستە کارو لەو هەموو ساڵانەی کوردستان

تیا بندەستبووە، کورد بەخراپترین شێوە ئەچەوسێنرایەوە، ئەو هەموو کیمیابارانەی ناوچەکانی هەڵەبجەو قەرەداغو بادینانی تیا ئەکرا، ئەو ئەنفالانەی روویاندا، ئەو هەموو کوڕە کوردەی بەدەستی داگیرکەرەکە لەزیندانە تاریکەکانی دەوڵەتی عێراقدا لەسێدارە ئەدرا، ئەو هەموو پێشمەرگە ئازایانەی کوردستان لەسەنگەری کوردایەتیدا بەگوللەی دوژمن ئەپێکران! ئاخۆ لەو ساڵانەدا، تۆ لەکام دیسکۆی مۆسکۆو ستۆکهۆڵمدا سەرچۆپیی دانس‌و هەڵپەڕکێت کێشابێ!؟ خۆ ناشتوانی ئەو چەند رۆژەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، چوویتە پاڵ پاسۆک لەشاخ (بەقسەی خۆت!) بکەی بەماڵ بەسەرمانەوە، چونکە تۆ تاسەر نە لەگەڵ پاسۆک مایتەوەو نە لەشاخەکانی کوردستان ئارامت گرت بۆ خەباتێکی چەکدارانە. لەشارەکانی کوردستانیشدا، وەك ئێمە، نەمایتەوە بۆ خەباتی ژێرزەمینی دژی ئەو رژێمە. زۆر کەس وەك تۆ، شاخەکانی کوردستانیان کرد بەپەیژە بۆ هەڵاتن لەکوردستان‌و بۆ خۆگەیاندنە سەرچۆپیکێشان لەدیسکۆکانی ئەورووپای ئەرمونیاندا! دیسان ناشتوانی بڵێیت لەپێناوی راژەی نەتەوەکەتدا، بۆ تەواوکردنی خوێندن چوویت بۆ یەکێتی سۆڤێت، چونکە دوای دوکتۆراکەت لەوێ، لەجیاتی ئەوەی رووبکەیتەوە کوردستان (شاخەکانی یا شارەکانی) هەولرت گواستەوە بۆ وڵاتی سوید!! ئێنجا ئەوا ئەمڕۆ چواردە ساڵێك بەسەر راپەڕیندا تێئەپەڕێ، کەچی هێشتا زاتی هاتنەوە بۆ کوردستان ناکەیت، لەکاتێکدا کە زانکۆکانی کوردستان، پێویستییەکی زۆریان بەئێوەو مانان هەیە، بەتایبەتی پێویستییەکی زۆر بەخاوەن بڕوانامەیەکی دوکتۆرا لە (پەتاتە)دا، ئیتر تۆ چ قارەمانێتییەك بەئێمە ئەفرۆشێت لەکوردستانی سویدەوە!؟

* ئەڵێ: (ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو کاتەی پاسۆك، ساڵی ١٩٧٩ ویستیان بتکوژن، بەڵام چانست هەبوو، لەشار نەبووی، هەروەها ئەڵێ: هەرچەندە ئەو کاتە ئەیناسیویت، بەڵام حەزی نەدەکرد، نەتەوەییەکانی کورد دەستیان بەخوێنی یەکدی سووربێ. لەبەر ئەوە ئاگاداری عەبدوڵا ئاگرینی کردووە، ئاگات لەخۆت بێ ٨٢..

– هەوێری ئەم قسەیە چەند جامێك ئاو ئەکێشێ:

١–ساڵی ١٩٧٩ لەشاربووم‌و بەبست لێی دوورنەکەوتوومەتەوە؛ هەمیشە بەکراسێك‌و پانتۆڵێك، یا ئەویەڕی چاکەتێکەوە ئەگەڕام، نەچەکداربووم، نەچەکدار ئەیپاراستم، چونکە نەئەگیرام دراببوو، نەناوم زڕابوو، ئێستاش نە بەکەسوەڕم، نەشاریەدەرم!

٢– ئاگرین لەو بارەیەوە هیچی پێنەوتووم، دووریش نەبوو لێمەوە، من‌و هاوبیر ئاگرین‌و هاوبیر مژدە تایەر، لەناو شاری سلێمانیدا، هەمیشە هاوبیرو هاوکاری یەکدی بووین تا راپەڕین، دوای راپەڕین، مەکتەبی سیاسیی پاسۆکمان ئاشکرا کرد کە پێکهاتبوو لەمولازم کەریم‌و مولازم شوان‌و ئێمە، ئەو سیانە.

* ببوورە، با من تەولوی بکەم:

٣– چۆن ئەڵێ ئەو کاتە ئەیناسیویت!؟ ئەی خۆی لەلاپەڕە هەشتی پەڕاوەکەیدا ناڵێ:

(ئەو ژیرەی کەرەسەی دیدو بۆچوونەکانی سەردەمێکی مێژوویی بیرکردنەوەو کارکردنی من بوو)!؟

٤- ئەو کە ئەڵێن: (حەزم نەدەکرد نەتەوەییەکانی کورد، دەستیان بەخوێنی یەکدی سووربێ) ئایا ئەمە دڵنیایان نیە، لەلای ئەوەوە، کە تۆ نەتەوەییەکی کورد بووی؟ ئایا ئەم قسەیەی هەموو ئەو بوختـان و تۆمەتانـەی نـاو قسەکانی پێشووی پووچەڵ ناکاتـەوە بەرامبـەر بـەتۆ، ئایا ئـەکرێ (بەعسییەك!) بە نەتەوەییەکی کورد ناوببرێ!؟

٥- من لەو باوەڕەدا نیم ئەو سەرکردایەتییە، بیری لەشتێکی واکردبێتەوە، بەڵکو ئەوەی من بیستوومە، سەرکردایەتیی پاسۆك زوو لەو گەیشت و لەریزەکانی خۆی دووری خستەوە.

- سەرکردایەتی پاسۆك لەدەورووبەری ئەو ساڵەدا، دووجار نامەی بۆ من نووسی، بۆ ئەوەی هەرەوەزیان لەگەڵدا بکەم، هەردوو نامەکە، مەلا شوان بۆی هێنام، منیش هەرەوەزییەکەم کرد، ئیتر مەلا شوان بەردەوام سەری ئەدام و چاپەمەنییەکانی ئەوانی بۆ ئەهێنام و منیش نووسین و هەڵبەستم بۆ ئەناردن. ئەوانەی ئێستا لەبیرمن: هەڵبەستی (گوندەکان)م بەهاوبیر حەمە ساڵح هۆشمەندا بۆ ناردن، ئەوانیش کتێبی (الأسس ـ للدکتور عصمت سیف الدولة) یان بەهاوبیر فریادی ژنبرامدا بۆ ناردم کە بۆیان وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، منیش دوای وەرگێڕانی، هەر بەودا بۆم ناردنەوە، ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٢ بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیای مەولدی ئینشائی بووم لەسلێمانی، یوسفە لچە، پاسەوان بوو لامان، زوو زوو داوای مۆڵەت (اجازە)ی ئەکرد، ئەمزانی کاری تەتەری بۆ پاسۆك ئەکات. ڕۆژێك پێم وت: ئەزانم تۆ ئەچیت بۆ سەرکردایەتی پاسۆك! یوسف زۆر ترسا! وتم مەترسە منیش هەوم. ئیتر کە لەیەك ئاشکرا بووین، ئەویش هەموو جارێ نووسراوەکانی ئەوانی بۆ ئەهێنام و ڕاسپاردەکانی منی ئەگەیاند، لەناو شاریش، وەك پێشتر وتم، لەگەڵ هاوبیر ئەندازیار مژدە تابەر کە لێپرسراوی پاسۆك بوو لەسلێمانی و هاوبیر ناگرین، یەکترمان ئەبینی و هاوکاری یەکبووین، هاوبیر مژدە، پێشتر کاژێك بوو. ساڵە ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ لەگەڵ فەتاح ئاغای ئامر هێزی خەبات چەند جار سەردانی ماڵی ئێمە و مامۆستا هەردی (کە لەیەك خانوودا بووین لەنەغەدە) ئەکرد وەك پابەندییەك بەکاژێکەوە، دوای ڕاپەڕین، لەسلێمانی هەموو یەکمان گرتەوە. دوای رەوەکەش سەرکردایەتی پاسۆکمان گواستەوە بۆ بیارە، دوایی بۆ قەڵاچوالان، کە ئیدارەی حکومەتیش لەکوردستان کشایەوە، گەڕاینەوە سلێمانی.

* ئەڵێن دوای هەرەسی ١٩٧٥، بەهاندانی دوو کوردی پەڕیدەی ئەورووپا، ویستووتانە بەناوی کاژێکەوە، گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بکەن لەسەر مافە رەواکانی گەل باشووری کوردستان. تا چەند هاوبیرێکی دیکە بەهۆشیان هێناونەتەوە و دەستیان پێ لەو کارە هەڵگرتووین ٨١ و ٨٢.

-ڕاستییەکەی ئەوە بیرۆکەیەك بوو، نەك ئێمە ویستبێتمان گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بکەین نە لەسەر مافی کوردو نە لەسەر هیچ شتێك.

ئەو کاتە، لەئەندامانی سەرکردایەتیی کاژێك، تەنیا منو هاوبیر فایەق عارف لەسلێمانی مابووین. ئێمە ئاگامان لە هیچ شتێکی لەو جۆرە نەبوو، بیرۆکەکەشمان زۆر بەلاوە سەیر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەك لەکادیرە پێشکەوتووەکانی کاژێکمان کۆکردەوەو بیرۆکەکەی ئەو دوو برادەرەمان پێ ڕاگەیاندن. لەئەنجامدا هەر هەموومان ئەو بیرۆکەیەمان رەتکردەوەو ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ئەورووپا، جا

ئەوە چیە!؟ ئەوە بیرۆکەی نوێ کەسبوو کە رەتکرایەوە، ئەو بۆ یەخەی ئەو حیزبانە ناگرێ کە لەگەڵ بەعس، دژی شۆڕشی کورد، چوونە یەک سەنگەرەوە!؟

* ئەڵێ زۆرو هاوبیرەکانی، کەیو لەکوێ نووسیویانە؛ بلۆکی سوسیالیستی مارکسییانە لەجیهاندا هەرەسدێنێ؟! ٨٢. ئەم پێشبینییەی لەکوێ کردووە، تۆ بڵێی خەوی دیبێ ٨٢.

– من خەوم دیوە؟ یا ئەو لەخەوی غەفڵەتدا نووستووە!؟ با سەیرێکی وتارەکەی من (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بووە) بکات لەپەڕاوی (لەبارەی مەحوی لوتکەوە) کە ساڵی ١٩٨٥ نوسیبووم و لەلاپەڕە ١٣٦ دا بلاوکراوەتەوە کە وتوومە: (دەربڕینی زانستانە، ج بەوەی بخرێتە پاڵ پێڕەو، یا ج بەوەی بخرێتە پاڵ سوشیالیستی، لەرۆژێکدا باوبوو کە زانست پێشنەکەوتبوو، بەڵام ئەمڕۆ، دوای ئەوەی زانست پێشکەوت و بیردۆزەی واهاتە ئاراوە کە سەلماندی: مادە ناکۆك نیەو لەناو ناخی مادەدا پێچەوانەیەتی و دژایەتی و ناکۆکی نیەو دوای ئەوەی بەخستنە کار (التطبیق) دەرکەوت کە سوشیالیستی مادی سوشیالیستیەکی زانستانە نیەو ئەنجام وەك پێشبینی و بیردۆزەکەیان دەرناچێ و لەهەر وڵاتێکی سوشیالیستی مادیانە، ئەنجام جۆرێکی جیاوازە لەوانی ترو پاشەکشەو گەڕانەوەش، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر ئەبێ).

ئایا ئەو قسانە ئەوە ناگەیەنن کە ئەو سوسیالستییە هەرەس دێنێ؟ خەتای من چیە ئەو هێشتا پێویستی بەوە هەبێ هەموو شتێکی بۆ حونجە بکرێ!؟، بەڵێ هەر دیاردەیەك لەم گەردوونەدا ئەگەر بنچینەیەکی زانستی نەبێ، ئەنجامەکەی هەرەس ئەبێ. ئەمە راستییەکی بەڵگەنەویستە، بلۆکی سوسیالیستیش لەجیهاندا، چونکە لەسەر ئەو سوسیالیستیە نازانستییانەیە دروستکرابوو، ئەوا دیاربوو ئەمیش هەر هەرسی ئەهێنا، چونکە ئەوەی لەسەر بۆش دروست بکرێ، ئەویش هەر بۆشە. ئەو پاشەکشەو گەڕانەوەی رۆژ لەدوای رۆژە لەسوسیالیستی مادیانەیە، ئەوە بەڵگەی ئێمە بوو بۆ هەرەسی ئەو سوسیالیستی مادیانەو مارکسیانەیەو بۆ هەرەسی بلۆکەکەشی. سەلماندنی نازانستیی ئەو سۆسیالیستییەش، هاوکێشەیەکی ئەوەندە گران نەبوو، ئەنجامی بیردۆزەی ئەو سوسیالیستییە مارکسیانەیە، دوای نزیکەی حەفتا ساڵ خستنەکار، چەند جار دەرکەوت کە لەهەموو کات و هەموو جێگەیەك، نەیەکسان بوو، نە سەرکەوتووش بوو، بیردۆزی زانستیانە، ئەبێ ئەنجامەکەی نەگۆڕێ، کە گۆڕا، ئەوە زانستیانە نیە. کە سەرکەوتووش نەبوو، ئەبێ (بیردۆزەکە) چارەسەر کەیت، نەك (ئەنجامەکانی)، کە بیردۆزەکەشت دەسکاری کرد، ئەوە واتا بیردۆزەیەکی تازەت هێنایە ئاراو ئەوی پێشوو نەما.

*ئەڵێ: (ئەگەر ئەو سوسیالیستەی کۆمۆنیستەکان، زانستانە نەبووبێ، ئەدی سوسیالستی زانستانە کامەیە؟ ٨٣.

– ئەڵێم تا ئێستا هیچ سوسیالیستیەکی زانستانە نەهاتۆتە ئاراوە لەجیهاندا، بەسوسیالستییەکەی کاژیکیشەوە، من زوو لەو سوسیالستییەش کەوتمە گومان و وتوومە: ئێمەی ئەوەی ئەمڕۆ، بۆمان نیە لەئێستاوە سیستمێکی ئابوری بسەپێنین بەسەر ئەوەکانی دوارۆژماندا کە بێگومان ئەوان لەئێمە پێشکەوتووتر ئەبن، بەپێی بیردۆزی گۆڕان (تطور). ئەوەی نوێ، با خۆیان رژێمی ئابوری بۆ خۆیان

دلێن. بۆ ئەمڕۆش (قسەکە هی پێش زیاتر لە ٣٠ ساڵە) فەرمانڕەوایەتیی کوردستان، بەدەست کورد خۆیەوە نیە تا سیستمی ئابوورییەك بۆ خۆی دیاری بکا. لەجیهانیشدا، ئەوە بەچاوی خۆمان ئەمانبینی ئەگەر گەنمو برنجی رۆژئاوای پیشەسازو ئابوری ئازاد نەبوایە یەکێتی سۆڤێتی کشتوکاڵو سوشیال بەهیلاك ئەچوو! من هەمیشەش سەرنجی ئەوەم ئەدا کرێکارێك ئەگەر بەپارچە کاربکات، یا کارێك بۆ خۆی بکات، بەهەرمێکی زیاتری ئەبێ وەك لەوەی بەکرێیەکی دیاریکراو کار بکات. کەواتە ئابوریی ئازاد، لەو سوسیالستییانەیە باشترە. بەڵام بۆ ئەوەی مرۆڤی هەژارو بێدەسەڵاتو بێدەرەتانیش، کەمترین رادەی ژیانی دابین بێ، جۆرێك لەدادو زامنکردنی کۆمەڵایەتی پێویستە.

من پێشتریش لەسەرکردایەتی پاسۆکدا، لەو جۆرە قسانەم بۆ کردن، قسەکانیان بەهەند وەرگرتو وازیان لەبیرۆکەی سوشیالستی هێناو لەکۆنگرەکەی قەلاچوالاندا ساڵی ١٩٩٢، درێژەی ناوی پاسۆکیان لە (پارتی سوشیالستی کورد)ەوە، گۆڕی بۆ (پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کورد).

من بەهەڵبەستیش ئەوەم پیشانداوە کە لەئاستی نەتەوەی کورددا، جیاوازییەك نیە لەنێوان (دارو پەردوو)دا کە مەبەستم هەردوو زلهێزەکەی دنیابووە، هەروەها بەبەرەی چەپم وتووە: پێڕەوەکەتان پێڕەوێکی زانستی نیە، چونکە سەرەتاکەی لەگەڵ ئەنجامەکەیدا جیاوازە، کە زانستیش نەبێ، دیارە هەرەس ئەهێنێ، ئەو هەڵبەستەشم ساڵی ١٩٧٦ وتووە*. ئەمە بەشێکە لەو هەڵبەستە:

ئەی خەڵکو خوا مرۆڤەکان: لەلاتان
ئاشکرایە (دەستی درێژی تاوان!!)
دەربیێنن دەفتەری رەشکراوە
بەو وشانەی گوایە هی ئێوەی پیاوە!
کوا مافی مرۆڤی چەرخی ئەستێرە؟
کوا چارەنووسی ئەو خەڵکەی لەژێرە؟
خۆشەویستەکەم، ئەو شاگوڵە شەنگە
ناوهێنانی لەلای ئێوەش بۆ نەنگە!؟
چونکە بەناوهێنانی نەو دڵی دێو
دائەخورپێو ئەپەنجێ: جنۆکەو خێو!؟
ئەی ئافەرین پشتو پەنای لاوازان!
بۆ قسەی رووتی بێکردار کە ئازان!!
نەخێر ئێوەش دێوو خێوێکن تەواو
گورگە بۆرەن بەپێستی مەڕ داپۆشراو!
منی رەجاڵ خەبەر نابم بەئێوە
رێڕەوێکتان هەیە ئێوەش هی دێوە

---

* بڕوانە: زێر ـ هەڵبەستەکانی زێر ـ دەزگای چاپەمەنیی رۆژ لەسوید ل٩١ و ٩٢.

لەلای من دارین یا پەرپوو، یەکسانە
دۆستایەتی لەلای ئێوەش، سامانە
پێڕەوی ئێوە خەڕەکی سولوە
بەپێنەی ئاگرو ئاسن وەستاوە
ناوی ئەنێن زانستی زانستەکان
خەڕەکێکە ناوی زلو دڵی وێران!
زانستی چی!؟ ئامێرێکی ناسازە
سەرەتای لەگەڵ ئەنجامدا جیاوازە!

*ئەڵێ: زۆربەی زۆری (کاژێکنامە) زادەی بیری ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر (مەبەستی دەستەی دامەزرێنەری کاژێکە) نەبووە، چونکە، بەشێکی زۆری، لەسەرچاوە مێژوویی‌و نوسینەکانی نووسەرە نەتەوەییەکانی عەرەبو خۆرئاواوە وەرگیراون ٨٣.

– بابچن کتێبەکەی دوکتور جەمال نەبەز بخوێننەوە (بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری قەومیەتی رۆژهەڵاتی‌و نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایە). هەرچەندە لەو باوەڕەدام کە خوێندبێتییەوە. چونکە ئەو کتێبە وتارێکی سمیناری بوو لەرۆژی ١٨/٨/١٩٨٤دا لەستۆکهۆلم ـ سوید خوێندراوەتەوە بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی رێکخراوی خوێندکارانی سوسیالیستی کورد لەئەورووپا ـ سوکسە Sokse وە کە لە ١٨ و ١٩ ئابی ١٩٨٤دا لەستۆکهۆلم بەسترا. چاپی یەکەمی هەر هەمان ساڵ ١٩٨٤ لە ستۆکهۆلم کرا. چاپی دووەمیش لەلەندەن ساڵی ٢٠٠٢ کرا. کە بەڕێز دوکتۆر نەبەز بە (٢٢٠) لاپەڕە راڤەی ئەو راستییەی کردووە. پێویست ناکا من لێرەدا ئەو راستیانەی ناو ئەو پەڕاوەی د. نەبەز دووبارە بکەمەوە، هەر کەس ئەو پەڕاوە بخوێنێتەوە، تێئەگا کە کاژێکنامەو هەموو دیدوبۆچوونە نەتەوەییانەکانی ئێمە، زادەی بیری خۆمانە. سوسیالیستییەکەی کاژێکیش، هەر تایبەت بوو بەکورد، ئەگەرچی من پارێزگاریم بەرامبەر بەوەش هەبوو، تەنیا سوسیالیستییەك کە من پەسەندم ئەکرد، دادی کۆمەلایەتی بوو، وەك سوسیال دیموکرات.

* وتراوە: (کورد بدوێنە، شەرعی خۆی ئەکا!) ئەم نووسەرە تازەکوورەیە، دوای ئەوەی چەردەیەك بەپەسەندکردنی یەکێتی سۆڤێت‌و سوسیالیستییەکەی‌و بەخشینی ماف بەکەمینەکانی‌دا هەڵئەدا، ئینجا ئەڵێ: ئەوەی لەوێ نەبوو: (ئازادیی رادەربڕین‌و دیموکراسی بوو) ٨٤.

– جاچی مایەوە!؟

* لەوەش سەیرتر ئەڵێ: (دیکتاتۆری‌و نان، لەئازادی‌و برسێتی باشترە) ٨٥.

– ئەی ئەمانوت ئەوەی بەگەورەیی فێری پڵاوخواردن بێ، دەس ئەبا بۆ لووتی، ئەمیش چونکە بەگەورەیی سواری نووسین بووە، ئەوەتا وڕێنەی وائەکا!

* نوکتەیەکی تر! ئەڵێ: (بریا، کوردیش لەبندەستی دەوڵەتێکی کومۆنیستی وەك یەکێتی سۆڤێتدا بووایە، جا ئەو کاتە دەمانبینی، چۆن دەژیاو ئازاد دەبوو)٨٥.

– ئەمەیە ئەڵێن لەگوێی گادا نووستووە! ئەی بەشێك لەنەتەوەی كورد لەبندەستی یەكێتیی سۆڤێتی كۆمۆنیستدا نەبوو!؟ ئەی نەمانبینی چۆن ژیاو، چۆن نەك هەر ئازاد نەبوو، بەڵكو چۆن ئەشكەنجە دراو پەرتوبڵاو كرانەوەو زۆریەی زۆریان توێنرانەوە؟

* لەلاپەڕەكانی ٨٦ تا ٨٩ دا بەراوردی وڵاتانی سوسیالیستیو سەرمایەداری ئەكاتو یەكەمیانی لەدووەمیان زۆر زۆر لاباشترە!.

– ئەی ئەگەر وایە بۆچی خۆی بەهەشتی سۆڤێتی سوسیالیستی بەجێهێشتو ڕووی كردە دۆزەخی سویدی سەرمایەدار!؟

* ئەمەیان سەیرە! باسی چاوو گوێی خۆی ئەكا!! ئەڵێ: (با لێرەدا، دەربارەی یەكەمین دیداری منو ژیر، چیرۆكێكی كۆن بگێڕمەوە، كە پێوەندیی بەزاراوەی نەتەوەوە هەیە، پێش ئەوەی لەنزیكەوە ژیر بناسم، لەدوورەوە ناوم بیستبوو. هۆنراوەی نێو دیوانە بچكۆلە خنجیلانەكەی ـ كوردایەتی ـ م، چەند جارێ خوێندبووەوە، زۆر سەرنجی ڕاكێشابووم، بەشێوەیە زۆریەشیانم لەبەر كردبوو، بەكوردیی كوشتەی بیروباوەڕو ڕێبازەكەی بووم، جاروبارێش، لەسەرجادەو لەكۆڕە وێژەییەكاندا دەمبینی، بەسەرسامییەوە تێیدەڕوانی. هێشتا ئەمدەناسیو حەزم دەكرد، لەنزیكەوە بیبینمو بیناسم، قسەی لەگەڵ بكەم، پتر لەهەستو سۆزی تێبگەم، تا بەتەواویی بیناسمو دەربارەی بیری نەتەوەیی، زانیاریی پتری لێ وەرگرم. كاتێ لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا، تێكەڵاویەكی لەڕێكخستنەكانی كاژیك بووم، ژیرم هێندەی دیكە خۆشویست، ئیدی وام لێهاتبوو، بێ ئەوەی بەباشی بیناسم هیچ شتێكی دیاریكراو، لەبارەی باوەڕ، هەڵوێست، ڕەوشتو ژیانی تایبەتیی خۆیەوە بزانم، بەچاكو بەخراپ، لای ئەندامانی پارتی كۆمۆنیستی عێراق، داكۆكیم لێ دەكرد، ڕەنگە چەن جارێ لەسەر ژیرو باوەڕەكەی لەگەڵ ئەو هەڤاڵو هاوڕێیانەدا، تووشی دەمقاڵێ، ساردیی و گرفت بوویم.. لەگەڵ دكتۆر كاوس عەزیزی هاوڕێمدا، پێكەوە خوێندكار بووینو لەزانكۆی سلێمانیی دەمانخوێند. پاش نیوەڕوان، ناوبەناو، سەردانی مامۆستا شاكیر فەتاحمان دەكرد) تا ئەگاتە ئەوەی ئەڵێ: (ڕۆژێكیان سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٧٢ ژیر لەوێ دانیشتبوو، ویستی باسێكی ڕامیاریو نەتەوەیی بكاتەوە. لەنێوان قسەكانیدا گوتی: نەتەوە شتێكی هێندە پیرۆزە تەنانەت خواش لەقورئاندا، چەن جارێ باسی كردووە ـ منیش زۆر سەیرم لێهاتو دەسبەجێ گوتم: ئەو نەتەوەیەی خوا لەقورئاندا باسیكردووە، لەگەڵ ئەو نەتەوەیەی وەك زاراوەیەكی ئێتنیك بەكاردێنرێ، زۆرجیاوازییان هەیە، بەچەن دێڕێكی كورت باسمكرد، ئیدی هەردووكیان بێ دەنگبوون. دوایی ناوی دوو پەرتوكی نووسەری عەرەب دوكتۆر كەمال یوسف ئەلحاجم بۆ ژیر نووسیو گوتم: حەز دەكەم ئەوانە بخوێنیتەوە، ئەویش بەخۆشییەوە وەریگرت، بەو جۆرە لەسەر قسەكانی ئەڕوا تا ئەگاتە ئەوەی ئەڵێ: (بەڵام هەر ئەو جارە بەسبوو، ئیدی بەتەواوی لێی تێگەیشتم، زانیم، ئەو ژیرەی چەن ساڵێ بوو، بەئاواتەوە بووم، بیبینم ئەوە دەرنەچوو كە من چاوەڕێمدەكرد، چونكە هێندێ جار گوێ پێش چاو دەكەوێ، بەتەڵەو فاقەی ناووناوبانگی ڕوناكبیر، نوسەر، هونەر، هونەرمەند، ڕامیارەكانەوە دەبێو بەخۆڕایی خۆشیدەوێن!)٩٦، ٩٧.

– ڕاستە سەیرە! سەیرەکەشی لەوەدایە، لەو چیرۆکە کۆمیدییەدا، خۆی تێکەوتووە! بابزانین چۆن؟:

١– چیرۆکێکی هەڵبەستراوەو من تا ئێستاش ئەوم ڕووبەڕوو نەبووە، هەرگیز قسەیەکی لەو جۆرەشم نەکردووە. گریمان کردبێتیشم، ئایا بەتەنیا قسەیەکی وا کە من گوایە وتبێتم (نەتەوە شتێکی هێندە پیرۆزە، تەنانەت خواش لەقورئاندا، چەن جارێ باسی کردوە)، بەوە هەموو نهێنییەکانی منی بۆ دەرکەوت و بەتەواوی لێم تێگەیشت؟! ئەمە ئەبێ چ قاوەگرەوەیەک بێ!؟

٢– دیارە ئەم کۆنە قوتابییە نازیزەکەی من، ئێستاش جیاوازی لەنێوان چاو و گوێو بیردا ناکا. بەبەڵگەی ئەوەی هەر دوای ئەو قسانەی ئەڵێ: (هێندێ جار گوێ پێش چاو دەکەوێ)! ئەم قسەیەی ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەو بەگوێ (هۆنراوەکانی منی خوێندبێتەوە) نەک بەچاو، هەروەها بەگوێ هۆنراوەکانی منی لەبەرکردبێ و سەرنجی ڕاکێشرابێ، نەک بەبیر، یا قسەکەی ئەوە ئەگەیەنێ کە بەچاو یا گوێ، کوشتەی بیروباوەڕو ڕێبازەکەی من بووبێ! نەک بەبیر.

٣– ئەگەر وایە ئەو ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی تەنیا ئەو قسەیەوە: (بەتەواوی لەمن گەیشتبێ و زانیبێتی ئەو زیرەی چەند ساڵی بوو، بەئاواڵتەوە بوو، بیبینێ، ئەوە دەرنەچوو کە ئەو چاوەڕوانی ئەکرد) ئەی بۆچی هەتا کوردستانیشی بەجێهێشت ساڵی ١٩٨١ هەر لەسەر بیروباوەڕەکەی من مایەوە ـ ١٠٧ ئەوەندەش دڵسۆزم بوو، کە خۆی وتەنی، ساڵی ١٩٧٩ ئاگاداری عەبدوڵا ئاگرینی کردووە کە ئاگام لەخۆم بێ ـ٨٢. نەک هەر ئەوە، ئەو تا ساڵی ٢٠٠٢ یش لەنوسینەکەیدا هەر مەستی (هۆنراوەی نێو دێوانە بچکۆلە خنجیلانەکەی ـ کوردایەتی ـ منە) وشەی خنجیلانە، بۆ مەتەڵ و سەرسام بوون بەکاردێ، نەک بۆ زەم.

٤– خۆی وایپیشان ئەدا، کە لەحەفتاکاندا، ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی ئەوەندە بەرزبووە، کە ئامۆژگاریی منی کردووە لەبارەی ئەو کفرە گەورەیە کە گوایە وتوومە: (نەتەوە ئەوەندە پیرۆزە خواش لەقورئاندا باسی کردووە). هەروەها سەرنجی بۆ دوو پەرتووکی یوسف حاج ڕاکێشاوم.. کەچی هەر خۆی ئەڵێ: (کاتێ لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا، تێکەڵاوی ڕێکخستنەکانی کاژێک بووم، زۆرم هێندەی دیکە خۆشویست، ئیدی بێ ئەوەی بەباشیی بیناسم، هیچ شتێکی دیاریکراو، لەبارەی باوەڕ هەڵوێست، ڕەوشت و ژیانی تایبەتی خۆیەوە بزانم، بەچاک و بەخراپ، لای ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، داکۆکیم لێ دەکرد ٩٦)! ئەم دوو قسە ناکۆکە چەندی بەچەندە!؟ ئەو ئەگەر لەئاستێکی ڕۆشنبیریی ئەوەندە بەرزدا بووبێ، چۆن وا کوێرانە داکۆکیی لێکردووم!؟ کە ئەوەندەش نەزان و ناحاڵی بووبێ بەبیری نەتەوەیی و حەزی کردبێ لەنزیکەوە بمناسێ و دەربارەی بیری نەتەوەیی زانیاریی پترم لێ وەرگرێ، چۆن ئەوەندە زانا بوو کە بەو جۆرە هەڵە بۆ من ڕاست بکاتەوەو ئامۆژگاریم بکاو منیش و شاکیر فەتاحیش بێدەنگ بکا!؟ کە لەڕاستیدا ئەو قسانەی لەچیرۆکێکی خەیاڵی بەولاوە چیتر نیە، من بەهیچ جۆرێ باسی نەتەوەم بەو جۆرە نەکردووەو نایکەم، خۆ ئەبوو، ئەگەر وابوایە جارێک لەنووسینەکانمدا قسەیەکی لەو جۆرەم بکردایە، ڕاستە من جارجار لەدوکانەکەی خوالێخۆشبوو شاکیر فەتاح دائەنیشتم. خەڵکی تریش ئەهاتن، ڕەنگە ئەویش هاتبێ، بەڵام ئەو ئەوەندە جێگە بایەخ

نەبووە کە ئێستا بینەوە یادم دیبێتم، لەهەموو بارێکدا، ئەوە چیرۆکێکی هەڵبەستراو درۆیەکی زلە، بەڵگەی نوسراویش بۆ ئەو درۆیە، ئەوەیە خۆی لەلاپەڕە ٨٢ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: (ساڵی ١٩٧٩ ویستیان بیکوژن.. هەرچەندە ئەو کاتە نەمدەناسی.. بەڵام حەزم نەدەکرد نەتەوەییەکانی کورد، دەستیان بەخوێنی یەکدی سووربێ، لەبەر ئەوە ئاگاداری عەبدوڵڵا ئاگرینم کرد، ئاگای لەخۆیبێ) واتا تا ساڵی ١٩٧٩ش، ئەو منی نەناسیوە، ئەی چۆن ئەڵێ ساڵی ١٩٧٢ منی لەدوکانەکەی شاکیر فەتاح ناسیوەو ئەو هەموو قسانەش لەنێوانماندا بووەو (ئیدی!) بەتەواوی لێم تێگەیشتوە!؟

٥- لەڕووی زمانەوانییەوە، ئەڵێ: (بەکورتیی: کوشتەی بیروباوەڕو ڕێبازەکەی بووم) ئەبوایە بیوتایە (بەکورتی) نەك بە (کورتیی)، چونکە مەبەست لەقسەکە (بأختصار)ە، نەك بەزمانی کوردی، لەهەموو بارێکیشدا، یای دووەمی (بەکورتیی) یەکە زیادەیە.

* هەر لەو لاپەڕەیەدا، لاپەڕەی ٩٦، جارێك ئەڵێ: (بێ ئەوەی هیچ شتێکی دیاریکراو، لەبارەی باوەڕەکەیەوە بزانم - دێڕی ١٩ و ٢٠) جارێکی تر ئەڵێ: (کوشتەی بیروباوەڕو ڕێبازەکەی بووم - دێڕی١٢).

- لێی مەگرە. بەگەورەیی فێری نووسین بووە.

* لەلاپەڕە ١٠٨ دا ئەڵێ (زۆر بەراشکاوی دەڵێم: زۆر لەمێژە، باوەڕم بەخەباتی چەکداریی نەماوە - دێڕی ٢٠ و ٢١) کەچی هەر لەو لاپەڕەیەدا ئانە لەتۆ ئەداو ئەڵێ: (هەرگیز بۆ گەلە بندەستەکەی، چەك بەدەست نەبووە - دێڕی ٧ و ٨)، هەر لەو لاپەڕەیەدا ئەڵێ: (بەکردەوەش، نەك هەر هیچی بۆ کورد نەکردووە، بگرە هێندێ جاریش، زیانی پێگەیاندووە! - دێڕی ٤ و ٥).

- ئەگەرچی من پێویستیم بەوەڵامی ئەو قسانە نیە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەرەوەی بەڕێز بزانێ ئەم کابرایە لەگوێی گادا نوستووە ئەڵێم:

١- لەناوەڕاستی مارتی ١٩٧٤ەوە تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، چەکی پێشمەرگایەتیم لەشاندا بوو، لەهەمان کاتدا، کاری پشکنەری دادم لەناو شۆڕشدا ئەنجام ئەدا، هەندێ جاریش ئەبوومە ئەندامی دادگای سەربازیی شۆڕش. لەماوەی ئەو ساڵەدا، بەپێ و بەسواری ولاخ، هەموو دادگاکانی شۆڕشم پشکنی، لەو پێناوەدا، چەند جارێك بەر مەترسیی کوشتن کەوتم. بەتایبەتی جارێکیان دوو فڕۆکەی میگی عێراقی لەنزیك سەری حەسەن بەگەوە کەوتنە دەرزێژکردن لەمنو عوسمان برایمی (پ.م) کە لەگەڵمدا بوو، ئەو دوو فڕۆکەیە، چەند جارێك دەرزێژیان لێکردین، بەڵام بەهۆی جۆگەیەکەوە بەرنەکەوتین کە خۆمان تیا پاراست. دوای ئەوە، بەردەوام بووین لەسەر پشکنینەکە، جارێکیش بومبایەکی ناپاڵم دای بەبەر ژوورەکەماندا لەچۆمان. ئەم قسانەم بۆ بەرپەرچی وشەی (هەرگین)ەکەی ئەوە، ئەگینا پێویست نەبوو بەسەرهاتی وا بگێڕمەوە، کەسێك کە بوو بەپێشمەرگە، ئەبێ دەیان مەترسیی وا رووی تێبکا، بگرە ئەبێ بەتەمای ژیانی خۆی نەبێ ئینجا ئەگەر من، بەیەکێك لەو رووداوانە، گیانم لەدەس بدایە، ئێستا ناوم لەلیستی شەهیداندا ئەبوو، ئەویش لەجیاتی جوێننامەکەی، سروودی ئەی شەهیدانی بۆ ئەوتم!! ئەمەیە مردوو پەرستی زیندوو کوژ!!.

ئەولە، سەرباری ئەو چەکەی لەکاتی رەوەکەدا کرىمەوە شانم، کاتی رەوەکە زۆرینەی خەلك بۆ ئەوبەر سنورەکانی کوردستان ئەکشان، ئێمەی پاسۆك لەبیارەو قەلاچوالان‌و زۆر شوێنی تر، سەنگەری بەرگریمان لێداو یەکەم مەفرەزەیەك کە پەلاماری سەربازەکانی رژێمی دا، پاسۆك بوو کە لەنزیك عەربەت ئەفسەرێك‌و چەند سەربازێکی بەدیل گرت.

٢- خەبات بۆ نەتەوە، تەنیا خەباتی چەکداری نیە. خەباتی ژێرزەمینی‌و نهێنی، ئەولەی لەشارەکانی ژێر دەستی رژێمدا بوون، زۆر لەخەباتی چەکداری شاخ سەختتر‌و پڕ بەمەترسیتر بوو، من بەش بەحالی خۆم، لەتەمەنی چواردە سالیمەوە، واتا لەسالی ١٩٤٨ەوە، وابەستەی خەباتی سیاسی بووم، سەرەتا بۆ ماوەی دە سال، واتا تا سالی ١٩٥٨ لەرێکخستنەکانی قوتابیان‌و گەنجان‌و کرێکارانی حیزبی شیوعی عێراقیدا بووم سەرباری شانەکانی حیزب خۆی، لەو پێناوەدا زۆرجار زیندانی کراوم، دوای هەمو خۆپیشاندانێك لەسلێمانی، من یەکێك بووم لەولەی بۆ ماوەی چەند رۆژێك، یا چەند هەفتەیەك، یا چەند مانگێك ئەگیرام، ئەو سەردەمە، بەزلزاوەی میری، بەئێمەو مانانیان ئەوت (مەشبووە!)و ئەبوایە هەموو جارێ بگیرلینایە، سالی ١٩٥٤ هەموو قوتابیە مەشبووەکان، گیراین‌و ناردیانین بۆ شورەیبە، لەوێ نزیکەی هەشت مانگ، بەناوی سەربازییەوە، زیندانی بووین، ناوەڕاستی ١٩٥٧ دیسان نەفی کرام بۆ ئەبوغرێب، تا چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لەوێ دەسبەسەر بووم، ئەو دە سال خەباتە، بەلای خۆمەوە، بۆ کورد بوو، چونکە ئەو کاتە منو هەزارانی وەك من، وامان ئەزانی، نەتەوەی کورد لەرێگەی شیوعیێتییەوە رزگاری ئەبێ، کاتێ زانیم وانیە، وازم لەشیوعیێتی هێنا. ئەوەبوو لە ١٩٥٩/٤/١٤ دا لەگەل شەش هاوبیری ترمدا، کاژێکمان دامەزراندو تا هەلپەسارتنی چالاکییەکانی کاژێك لەهاوینی ١٩٧٤دا، وەك ئەندامی سەرکردایەتی کاژێك خەباتی ژێرزەمینیم ئەنجام ئەدا. دوای ئەوە لەهێلی نهێنی پاسۆکدا بووم، ئەولە، زۆر بەکورتی، وەك کردەوە، خەباتی سەخت‌و ترسناکی من بوو بۆ کورد. ئەو رێکخستنانەش، لەپێناوی رلژەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد‌و سەربەخۆیی کوردستاندا بوون. ئینجا ئەو رێکخستنانە، تا چ رادەیەك سەرکەوتوو و ئەنجامدار بوون، یا نەبوون؟ ئەوە پەیوەندیی بەکۆمەلێك هۆکاری تایبەتی‌و گشتییەوە هەیە کە لێرەدا ئەو بوارە نیە بۆ شیکردنەوەیان. لەهەندێ نوسینی ترمدا، لەو بارەیەوە دواوم، گرنگ ئەوەیە ئێمە لەو پێناوەدا گیانفیداییمان کردووەو هیچ چرکەیەك بەتەمای ژیانی خۆمان نەبووین، خەلکی لەسەر داواکردنی تۆتۆتۆمییەك قەلاچۆ ئەکران. ئێمە دروشمی سەربەخۆییمان هەلگرتبوو. دەسدانە کارێکی لەو جۆرە لەدەست هەموو کەس نایەت، بەتایبەتی ئەولەی لەدوای راپەڕینەوە زمانیان پڕاوەو ئێستاش ناوێرن هەواریان بگوێزنەوە بۆ کوردستان، تەنیا جارجارێك، خۆیان ئەکەنەوە بەناو شارداو کە هەست بەمەترسییەك ئەکەن، فرتەی بۆ ئەکەنەوە بۆ دەرەوەی ولات!.

لەرێگەی پێنوسەکەشمەوە، کە هەمیشە شیشێکی سوورەوەکراو بووە بۆ چاوی دوژمنانی کورد، هەزاران لاری کوردم خستۆتە سەر رێبازی کوردایەتی، یەکێك لەو لاوانە، نوسەری ئەو جوێننامە زەردە بووە (بەقسەی خۆی) ئەگەرچی ئێستا لەکونی خۆی هەلگەڕاوەتەوەو ولزی وازی بەمامۆستای خۆی وازی، ئەوەش هەر ئەبێ، مرۆڤ کە کێلکەیەکی ئاودا، گولیشی لێ ئەپەڕێو درکیش.

٣- هەرگیز لەژیانمدا، زیانم بەکورد نەگەیاندووە، بەڵکو هەر خزمەتگوزارو گیانفیدابووم بۆ کورد. لەگەڵ ئەوەشدا، بەلای خۆمەوە، وەك پیرەمێردی هەستیار ئەڵێ: من چیم کردووەو هێشتا لەکوێمە، تازە وا میللەت ئومێدی پێمە.

٤- من کە لەخاڵی (٢)ی سەرەوەدا، لەگرنگیی خەباتی ژێرزەمینیو نهێنی دولوم، هەرگیز خەباتی چەکداریی شاخم رەت نەکردۆتەوە، بەڵکو هەمیشە هێزی چەکم بەپێویستییەکی زۆر زانیوە بۆ بەرگری لەنەتەوە. بەتایبەتی نەتەوەیەکی بێلو داگیرکراو بەش بەشکراوی وەك کورد. ئێمە کە سەرەتا لە ١٩٥٩/٤/١٤دا کاژێکمان دامەزراند، نەخشەو پیلانمان ئەوە بوو کە لەپاڵ خەباتی سیاسیدا، هەمیشە بنکەی چەکداریشمان هەبێ لەشاخو لەشارەکانیشدا هێزێکی چەکداری دەسوەشێن لەداگیرکەرانی کوردستانو نۆکەرەکانیان، پێویستە. واتا پێمان وابوو، هەردوو جۆرە خەباتەکە پێویستەو یەك تەواوکەری ئەوی ترە، لەراستیشدا هەر وامان کرد، ئەوە بوو هێزی خەباتی شۆرشی ئەیلولمان کردە بنکەی چەکداری خۆمان.

لەراستیدا، نەك هەر بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد، بەڵکو بۆ نەتەوە ئازادە خاوەن دەوڵەتەکانیش، بەزلهێزو بچووکهێزەوە، هێزی چەکدار پێویستە، هەر هیچ نەبێ لەم بارودۆخەی ئەمڕۆی جیهاندا، بۆ ئایندەش، نەوەکانی ئایندە خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیان ئەبنو کەس بۆی نیە لەئێستاوە خۆی بکاتە کوێخای ئەوان.

ئەو کە ئەڵێ: (زۆر بەراشکاویی دەڵێم: زۆر لەمێژە، باوەڕم بەخەباتی چەکداریی نەماوە)، بەم قسەیەی هونەرێکی نوێو بیرۆکەیەکی تازەی نەهێناوەتە ئاراوە بۆ نەتەوە ستەمدیدە داگیرکراوەکەمان. نەتەوەکەمان، ئێستاو دوای رزگاربوونیشی، ئەوەندەی پێویستی بەنانو ئاوە، ئەوەندەش پێویستیی بەهێزی چەکدارە.

* دوای ئەوە ئەڵێ: (بۆیە، حەز دەکەم، نەك هەردوو دەستم، بەڵکو هەر دە پەنجەکەشم، وەك پێنووسی لێبێو گوڵی وشەی رەسەنو ریالیزمانە بگرێ ١٠٨.

- ئافەرین. ئەشێ خۆیشی نیشانەی سەرسوڕمان (!)ی لە دوای ئەم قسەیەی خۆیەوە دانابێ، وەك بڵێ: ئەستی (لاشعوری) پێی وتبێ: ئەمە قسەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەرە بۆ ئەو، بەلای منەوە ئەو خەریکی کارێکی تایبەت بەپسپوریی دوکتۆراکەی بێ؛ باشترە، نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب. ئەوە کاری ئەو نیە، ئێستا نەتەوەکەمان پێویستی بەرووەکی (پەتاتە)* زیاترە وەك لەو نوسینە سیاسییە هەڵەقومەڵەقانەی ئەو!

* قسەکانی ناو لاپەڕە ١١٣ی، ئەوە ئەگەیەنێ کە تۆ کەسێکی لووت بەرزیت؟

- ئەشێ وابێ، کەسێك سەری بەرزبێ، ئەشێ لووتیشی بەرزبێ، بەڵام لەئاستی هەموو کەس نا، لووتی من وەك سۆنەر، ناخی بەرامبەرەکەی ئەبینێو ئەگەر نزم بوو، ئەو بەرزئەبێتەوە. هەروەها ئەشێ ئەم لووتەی من وەك تای ترازووبێ، ئەگەر تاکەی بەرامبەری نزم بوو، ئەم بەرز ئەبێ.

---

* ئەڵێن لەپەتاتەدا، کاندێتێکی هێناوە.

* باس لەتێکەڵبوونی نێوەو پارتی ئەکات، گوایە نەتەوەییەکانی کورد، هەندێ جار لەپارتی نزیک ئەبنەوە، یا تێکەلاوی ئەبن، هەندێ جاریش لێی دوور ئەکەونەوە. ئەمەش بەهەڵبەزو دابەزی سیاسی‌و هەلپەرستی‌و بەرژەوەندیی تایبەتی ئەداتە قەڵەم ۲۱٦-۲۲۱.

— ئەوە کاری ئەو نیە، وتمان نان بۆ نانەوڵو گۆشت بۆ قەساب، ئێمە وا ساکارانەو نەزانانە ناڕوانینە سیاسەت‌و نەتەوایەتی، بەلای ئێمەوە، هیچ کام لەپارتییە کوردستانییەکان نەچوونەتە بەرەی دوژمنەوە، ئەنانەت یەکێتی نیشتمانیی شەست‌و شەش‌و پارتی دیموکراتی سی‌و یەکی ئابیش. ئەوانە باروبۆخێکی تایبەتی ناچاری کردن بۆ ئەو دوو هەڵوێستە، هەرچەندە ئەو دوو هەڵوێستە دور لەکەی زەقە پێیانەوە، بەلام پارسەنگی هەڵوێستەو ئاراستە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانی ئەو دوو پارتییە، زۆر سەنگینترە لەو دوو هەڵوێستەیان. لەبەر ئەوە ئێمەی نەتەوەیی کورد، هیچ کات هەوڵمان نەداوە، هیچ کام لەپارتییە کوردستانیەکان لاواز بکەین، یا زیانیان پێبگەیەنین، بەپێچەوانەوە هەمیشە هەوڵماندلوەو پێمان خۆشبووە کە بەهێزتر ببن. هەوڵەکانمان شێوازی رەخنەو ئاراستەو هاوکاری‌و تێکەلاوبوونیان گرتۆتە خۆی. رەخنەمان لەکارە هەڵەکانیان گرتووە، بۆ ئەوەی دووبارەی نەکەنەوە. ئاراستەمان کردوون. بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەوە. هاوکاریمان کردوون بۆ ئەوەی بەهێزترین، تێکەلاویان بووین، بۆ ئەوەی بەکردەوەش بەهێزیان بکەین‌و بەلای نەتەولیەتیدا ئاراستەیان بکەین. لەهەموو ئەو هەولانەشماندا، خۆمان زەرەرمەندو ئەوان سوودمەندبوون. پێشەکیش ئەوەمان زانیوە، بەلام دەربەستی ئەو زەرەرمەندییەی خۆمان نەبووین، چونکە ئێمە هەمیشە بەرژەوەندیی فراوانی نەتەوەی کوردمان لاچاکتر بووە وەك لەبەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتی خۆمان.

من پێشتر لە نوسینەکانمدا کە لەزۆر رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانمدا بلاوم کردونەتەوە، بەلگەبەستی ئەو قسانەی سەرەوەم کردوە. بەتێکەڵبوونی پاسۆك‌و پارتیش، قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کورد، دانەخراوە، لەمبارەیەشەوە زۆرم نووسیوە.

* لەبارەی مەحوییەوە، هەمان قەوانە کۆنەکانی لێئەداتەوە، بەلام بەچەند ئاوازێکی ناسازی تازەوە..

— مەحوی کێویکە، بەو ناڕووخێ، ئەوانەی من لەبارەی مەحوییەوە وتوومە، لەویژدانو لەباوەڕمەوەیە، هیچ بەرژەوەندییەکم لەو دیدوبۆچوونانەدا نیە، بنەماڵەکەی مەحویش ئەوەندە دەسڕۆیشتوو نین تا قسەکانی من بەرووپاڵی لێکبدرێتەوە بۆیان، مەحویش هی هەموو کوردە، نەك هەر بنەماڵەکەی، ئینجا مەحوی ئەگەر هەستیارێکی نەتەوەیی بێ، یا نەبێ، ئەوە کاری ئەو نیە. لەبەر ئەوە، ئەو بابی ئەوە نیە، لەو بارەیەوە، وەلامێکی زیاتری بدەمەوە.

* ئەڵێ: ژیر چۆن توانیویتی، بنوسێ، موسوڵمانێکی راستەقینە، وەك کوردێکی نەتەوەیی بیر دەکاتەوە ل١٥١.

دوای ئەوە لەسەر ئەم قسەیەی، بەشێکی زۆری نووسینەکەی ئەچوێتەوەو شیکردنەوەو بەرلوردێکی دوورودرێژی لەسەر ئەکات.

– من کەی وام وتووە؟! ئەوەی من لەدێڕەکانی (٥،٦،٧)ی لاپەڕە ٢٨ی گۆڤاری ئایندە ـــ ژمارە ١٨ دا وتوومە، بەمجۆرەیە: «ئەکرێ موسوڵمانێکی راستەقینە وەك کوردێکی نەتەوەیی بیربکاتەوە) ئەو قسەکەی شێواندووە، وشەی (ئەکرێ)ی لابردووە، وشەی (بیربکاتەوە)شی گۆڕیوە بە (بیر ئەکاتەوە) ئەو دوو گۆڕینەش، گەلێ لەواتای رستەکە ئەگۆڕێ. ئەوەش ناڕاستی و نامتمانەیی ئەگەیەنێ. قسەگۆڕین لەدیدی کۆمەڵایەتییەوە شوورەییەو ئەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەچاوی سووك سەیری ئەو قسە گۆڕە بکەن. لەدیدی یاساییشەوە تاوانەو سزای هەیە. بنەمایەکی یاساییش هەیە ئەڵێ: ئەوەی لەسەر ناڕاستی دروست بکرێ، ئەویش هەر ناڕاستە (ما يبنى على الباطل فهو باطل أيضاً) لەبەر ئەوە من بایەخێك بەهیچ لێکدانەوەیەکی ئەو نادەم لەو رووەوە، بەڵکو ئەوانە شایانی خوێندنەوەش نیە، نەك وەڵام.

* قسەکانی تری ناو کتێبەکەی ٢٢٢ لاپەڕەی پێگرتۆتەوە، ئەوانیش هەر شایانی خوێندنەوەو وەڵامدانەوە نین، ئەگەرچی من سەری خۆمم پێوە ئێشان، بەگشتی زۆرێك لەدیدو بۆچوونە نەتەوەییەکانی ناو ئەدەبیاتی کاژێكو نووسینەکانی د. نەبەز تۆزێ وەرگرتووەو بەشێوێنراوی پێتانئەفرۆشێتەوە.

ئینجا ئەڵێ: (بۆ ئەوەی ژێر دڵنیابێ، ئەشێرزە بووم، کاتێ گوتارەکەم نووسیوە، ئەخۆشم تووشی گەلێ دیدو بۆچوونی پێچەوانەو دژ بەیەك کردووە ٢٤٤) کەچی لەراستیدا لەمەشدا هەر تێشکاوە، بابزانین چۆن؟

– پەلاماری مامۆستا محەمەد حەمە باقی ئەدا لەسەر ئەوەی ناگەڕێتەوە کوردستانو ئەڵێ: بۆ بەیەکجاری نەگەڕاوەتەوە، لەنزیکەوە، ئاگای لەباری نالەباری گەلەکەی بێ، قوژبنی پڕکاتەوەو سەرەگوریسێ بگرێ؟ ئەدی، لەئێران چی دەکاو چۆن دەژی؟!! ٢٩١.

* دژەکە ئەوەیە: ئەی ئەو خۆی بۆ بەیەکجاری ناگەڕێتەوە کوردستان، لەکاتێکدا زانکۆکانی کوردستان پێویستییان بەوە کە قوژبنێکیان بۆ پڕکاتەوە، نەك بەکاك محەمەد، کاك محەمەدیش لەدەرەوەی کوردستان نیە، بەڵکو لەرۆژهەڵاتی کوردستانەو ئاگای لەباری نالەباری گەلەکەیەتی. ئینجا ئەو لەپەراوێزی هەمان لاپەڕەدا، نەگەڕانەوەکەی بەوە پاساو ئەداتەوە کە گوایە هەڵوێستی بەرامبەر پارتیو یەکێتی هەیە!!

لەوەڵامی ئەو پاساوەدا، ئەڵێین: ئەوەش دژێیەکی تریەتی، چونکە ئەو جارجار هاتۆتەوەو پارتیو یەکێتیش، نەك هەر هیچیان لێنەکردووە، بەڵکو رێگەیاندلوە لەتەلەفیزیۆنەکانیشیانەوە قسە بکات، ئینجا ئەگەر مەسەلە هەڵوێست بێ، هەڵوێستەکانی ئێمە بەرامبەر پارتیو یەکێتی هەمیشە لەکوشتن نزیکمان ئەخاتەوەو لەکوردستانیش هەڵنەهاتووین.

– هیچ بایەخێکی نەتەوەییو نیشتمانیو رامیاری بۆ مەحوی دانانی کە تۆز زۆر نووسەری کەی وەك م. مەلا کەریم، م. خاڵ، م. باقیو ك. غەمبار لەبارەیانەوە دواونو بەڵگەبەستتان کردووە. کەچی بەخۆی ئەڵێ (ناسیونالیست) لەکاتێکدا خۆی بەکوڕی سۆفیێتو سوید ئەزانێو بیرۆکەی کوسمۆپۆلیتیانە ئەچێنێ، وەك ئەوانەی لەکتێبە زەردەکەیدا نووسیونی. هیچ شەرمیش ناکات.

لەلاپەڕە ٣١٢ی کتێبەکەیدا ئەڵێ: (ناسیونالیستی ڕاستەقینە ئەوانەن، لەگەڵ ئازارو ئاواتی نەتەوەکەیاندا دەژین، لەنێو شارو گوند، لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکان، چەک لەسەر شانو گیان لەسەر دەستان، ژیانبازی لەگەڵ مەرگدا دەکەن. دژی داگیرکەران، درێژە بەخەباتی خۆیان دەدەن، نەک ئەوانەی لەدڵی خۆیاندا کوردنو سروودی ئاگرە سوورە لەخۆم بەدوورە، فێری منداڵەکانیان دەکەن. لەهەموو کەسێکیش دەمیان گەرمترو پێنووسەکانیشیان نووکتیژترە). بەرامبەر بەم قسانە، پرسیارەکان ئەشێ ئەمانەبن: تۆ لەگەڵ ئازارو ئاواتی کام نەتەوەتدا ئەژیت، سۆڤێت یا سوید؟ لەسەر چیای کام ناوچە چەک لەسەر شانیت، مۆسکۆ یا ستۆکهۆڵم؟ ئاخۆ تۆ بۆ ئەوەی لەئاگرە سوورە دوورکەویتەوە، ئەو هەڵاتنەی هەڵاتووی، تا هەزاران کیلۆمەتر، دوور لەکوردستان، نەوەستاویتەوە، ئێستاش نەک هەر لەداگیرکەرانی کوردستان، لەدوو پارتیی نیشتمانی وەک (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)یش ئەترسیت. دەی تۆ کە ئاوایت، ئیتر ئەم دەمە گەرمەو ئەو پێنووسە کولەو ئەو جوێنفرۆشییەت لەچی!؟ هەر وازی وازی، بەپێشی مامۆستای خۆت وازی!؟ تۆ بۆچی زووتر گەوهەرەکەی خۆتت دەرنەخست، وەک لەلاپەڕە ٣١٥ی کتێبەکەتدا نووسیوتە: (هەمیشە لەیەزدان دەپاڕێمەوە، ئەو کەمە سەربەستیو سەربەخۆییەی ئەوڕۆ، لەبەشێکی باشووری کوردستاندا هەیە، سەراپای کوردستانی مەزن بگرێتەوە) ئافەرین ئەمە بابەتی تۆیە. تۆ بۆ خۆت لەکوردستانی سویدەوە لەئاگرە سوورە بەدوور بەو وەک ئەو مەلایانەی پرسە هەڵئەسێنن، هەر دوعا بکە، ئاگرەکە بەجێبێڵە بۆ ئەو خەڵکی کوردستانەی بەرەو ڕووی هەموو مەترسییەکان ئەبنەوەو هەڵنایەن!

* ئەڵێ: نەژیرو نەقوتابخانە نەتەوەییەکەی کاژێک ڕۆژێ لەڕۆژان توانیویانە من پەروەردە بکەن ل٧٤.

– دژەکانی ئەو وتەیەی: قسەکانی لاپەڕە ٨ی هەمووی، بەکورتی، ئەوە ئەگەیەنن کە تۆ ڕێی پڕ لەشەوەزەنگی کوردایەتیت بۆ ڕوونکردۆتەوە.. بەبیری وردی بەپیتو پیتۆڵانەی هۆنراوەکانی تۆ، کێڵگەی خاکی کوردستانت بۆ خاوێنکردۆتەوە.. تۆوی بیری کوردایەتی ڕاستەقینەت لەزەویی بەیاری خەباتی نەتەوەییو ڕامیاریی کوردا بۆ وەشاندووە.. کەرەسەی بیدو بۆچوونەکانی سەردەمێکی مێژوویی بیرکردنەوەو کارکردنی ئەو بوویی.. هتد، ئینجا دوای ئەو قسانەی هەر بەدوای هەمان لاپەڕەدا، لەو قسانەی خۆی هەڵئەگەڕێتەوەو ئەڵێ: (ئەو پیاوە نەکامیلو نەژیریشە.. لەدڵی خۆمدا گوتم گەر کامیلو ژیریش بێ، یا نەبێ، من هەر وەڵامی ئەدەمەوە ل ١٥) .. (خۆ ئێستاش سەرەتای ساڵەکانی حەفتای سەدەی پێشوو نیە، مێشکم بەبیدو بۆچوونە نەتەوەییەکانی کاژێک جەڕێندرابێ ٧٦) .. (١٩٦٣ – ١٩٦٤ ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی نەتەوەیی کورد بووم ٧٤) .. (لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠ وە تا ١٣/٧/١٩٨١ سەرەتا لەکاژێکو پاشتریش لەپاسۆکدا وەک ئەندامێکی هەرە چالاکی ئە دوو ڕێکخراوە نەتەوەییە ١٠٧) کاریکردووەو..هتد.

وردبوونەوە لەو ڕستانەی سەرەوە، ئەوە ئەگەیەنن کە ئەم بیریارەی دوای ڕاپەڕین لە ١٩٦٣ وە تا ١٩٨١ پەروەردەی بیروباوەڕەکانی ژیرو قوتابخانە نەتەوەییەکەی کاژێک بووە، واتا ١٨ ساڵ، ئینجا لەساڵی ٢٠٠٢ دا، لەکامیل ژیرو کاژێک گەیشتووەو ئەو جوێننامەیەی نووسیوە کە بەهەمووی ئەکاتە

٣٩ساڵ!! واتا دوای ٣٩ ساڵ لەژێرو کاژیك گەیشتووەو تەریحەی ئەو جوێننامەیەی کراوەتەوە!.
ئەوەیە زیرەکی! ئافەرین!!

* ئەشێ ئەویش بەمن بڵێ: ئەی تۆ بۆچی دوای دە ساڵ وازت لەشیوعێتی هێنا یا تێی گەیشتیت؟ لەوەڵامی ئەگەرێکی وادا ئەڵێم: من، وەك چەندجار لەنووسینەکانی ترمدا وتوومە، هەرگیز وەك بیروباوەڕ شیوعی نەبووم، وەك ڕێکخستنیش لەتەمەنی ١٤ساڵیمدا تێکەڵاو ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بووم، ئەو تەمەنەش چەقۆی لەسەر نیە، دە ساڵەکەش بەمجۆرە بوو:

١٩٤٨ تا ١٩٥٣ حیزبی شیوعی خۆی دوچاری ئیعترافەکانی سەرکردەکانی خۆی بوبوو، لەکەرتبوون و سڕبوون و نەبزووتندا بوو. من هەر بەناو لەسەر میلاکی ئەوان بووم. ١٩٥٤ تا ١٩٥٨ زووریەی ئەو ماوەیەم بەزیندانی و دوورخستنەوە لەسلێمانی و شوعەیبەو ئەبوغرێب بەسەربرد. چەوامێریش نەبوو بەو گرتن و زیندانی و دوورخستنەوانە واز لەو حیزبە بهێنم. لەڕۆژێکدا وازم لێهێنا کە ئەو حیزبە هەندەی نەمابوو بێتە سەر حوکم!

– ئەڵێ: مەحوی هەرگیز نەتەوەیی نەبووە، وەك کوردێکی نەتەوەیی بیری نەکردۆتەوە، چونکە هەرگیز ناگرێ و نابێ و ناگونجێ، مەحویی، لەیەك کاتدا، موسوڵمانێکی ڕاستەقینەو نەتەوەییەکی کوردبووبێ ٢١.

* دژەکانی ئەو وتەیەی ئەڵێ: سەعیدی نەورەسی، هەم خواپەرستێکی ڕاستەقینەو هەم کوردێکی نیشتمانپەروەر بوو ١٢٨.. ئەڵێ: شێخ عوبێدولای نەهری، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ سەعیدی پیران و شێخ ئەحمەدی بارزانیی، ئەم کەڵە پیاوە کوردە خواپەرستە ئاینپەروەرانە، هەم کوردێکی نیشتمانپەروەرو هەم ڕێبەری ڕێبازی نەقشبەندیش بوون ٢٥٥.. دوای ئەوە ئەڵێ شێخەکانی هەورامان خۆیان لەکاری نەتەوەیی و رامیاری بەدوور گرتووە ٢٥٥. کە تێگەیشتنی ناوەڕۆوی قسەکە ئەوەیە، کارەکانی چوار شێخەکەی سەرەوە، نەتەوەییانە بووە. واتا لەیەك کاتدا، موسوڵمانێکی ڕاستەقینەو نەتەوەییەکی کوردیش بوون.

– ئەڵێ: خۆم بەناسیونالیست دەزانم ٧٢.. من وەك ناسیونالیستێکی کورد ١٥٨.

* دژەکانی ئەو وتانەی ئەڵێ: خۆم بەکوڕی ئەو سێ وڵاتە دەزانم ١٤٢ مەبەستی لەیەکێتی سۆڤێت و سویدو کوردستانە.. دیسان ئەڵێ: بیری ناسیونالیزم لەبیری ئینتەرناسیونالیزم نزیکبێتەوە، بەو بیرە مووتوربە کرێ و گەشەی پێ بدرێ ١٤٢ کە لەڕاستیدا ئەمانە قسەی کوسموپولیتیەکانن، نەك هی نەتەوەیی یا ناسیونالیستێك. ئەم قسانە چ جیاوازییەکیان لەگەڵ سەردەمی مارکسیێتییەکەی پارتیدا هەیە کە جاران ئەیانوت (سوود لەمارکسی لینینی وەرئەگرین)؟ دوای ئەوە، ئەم مرۆڤە پڕ لەناکۆکییە، جیاوازی لەنێوان زاراوەی ناسیونالیزم و کوردایەتیدا ناکات. ناسیونالیزم لەو ڕۆژئاوایەی ئەوی تیا ئەژی، بۆتە مۆرکێك بۆ نازیتی، بەلای ئێمەوە بیری نەتەوەیی کوردی (کوردایەتی) نەناسیونالیزمی ڕۆژئاواییە، نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتیە.

ئینجا لەکاتێکدا بەخۆی ئەڵێ ناسیونالیستێکی کوردو منەتباری ڕۆژانی کاژیك و پاسۆکیتی و ئەڵێ زۆر کەڵکم لەو ئەزموونە وەرگرتووە ٢١١، هەرچی ترفێکی لەناوەڕۆکی جوێننامە زەردەکەیدا

هاویشتووە، لەبەرگی دواوەوەیدا ئەیداتەوە بەڕووی خۆیدا. لەنیوەی ئەو بەرگە بچووکەدا، شەش جار بەنانەتەوەییەکاندا هەڵئەداو بەپاڵەوانو جەوامێر ناویان ئەبات. شەش جاریش پێچەوانەی ئەوانە ئەدات بەڕووی نەتەوەییەکانداو سووکایەتیان پێئەکا. وەك خۆی ٣٩ ساڵ تاوی لەکانیی نەتەوەییەکان نەخواردبێتەوە (بەقسەی خۆی) ئاشکرایشە مرۆڤی مەردو بەئەمەك، بەرد فڕێنادات کانیەکەوە کە ئاوی لێخواردبێتەوە.

– ئەڵێ: تا بەچاوی خۆم بەکێتی سۆڤێتم نەدی، منیش وەك زۆرو هێندێکی دیکە بەرەم دەکردەوە.. نەتەوە جیاجیاکان مافی جیابوونەوەیان سەلمێندرابوو ٨٤.

* دژەکانی ئەو وتانە، ئەڵێ: (تەنیا ئەوەی نەیانبوو، ئازادیی رادەربڕینو دیموکراسی بوو)، ئافەرین بلیمەتی دوای راپەڕین، نەتەوەیەك ئازادیی رادەربڕینی نەبێ، ئەتوانێ دلوای جیابوونەوە بکات!؟ ئەوە نیە ئێستاش روسیای باوکی سۆڤێت، مافی جیابوونەوە بەچیچان ئەدات؟!

– بەر لەوەی کۆتایی بەوتووێژەکەمان بهێنین، با شتێك لەبارەی ئەم خاڵانەشەوە بڵێین: ئەڵێ: هەمیشە هەوڵمداوە لەلقە دیالێکتی سولەیمانی دوورکەومەوەو پێڕەوی لقە دیالێکتی موکریی بکەم.

* کورد ئەڵێ: سلێمانی، نەك سولەیمانیی، واتا لەنووسینی ئەم وشەیەدا، سێ هەڵەی کردوە، یەکەم، ولوەکە زیادەیە، دوەم: لەنێوان لامو باکەدا، بزوێن نیە. سێیەم: یای کۆتایی، یەك یایە، هەروەها یای کۆتایی موکریش، هەر یەك یایە. ئێستاش ئەوەی، تارادەیەك، بۆتە دیالێکتی کرمانجیو زۆربەی میدیا کرمانجییەکان بەکاری دێنن، ئەوە لەدیالێکتی سلێمانی دەرچوەو بۆتە زمانی ئەدەبی هەموو ئەو لقە دیالێکتانە.

جگە لەوە، ئەوەی ئەو خۆی پێوە هەڵئەکێشێ، ئەگەر وشەکانی (یەکدی، ئیدی، دیکە) لەنووسینەکانیدا دەربهێنی، هەر ئەوە ئەمێنێتەوە، کە ئەو، پێی ئەڵێ دیالێکتی سلێمانی.

– ئەڵێ: تا لە ئەوروپابم، کوردایەتی ناکەم ٢٣٢.

* وەی خەم!

– ئەڵێ: گەر نەتەوەیەك، لەنێوان زمانو ئازادیدا سەرپشك بکرێ، گومانی تێدا نیە، دەبێ هەمیشە ئازادی هەڵبژێرێ ٢٠٧.

* ئەوە بۆیە لەئەوروپای ئازادا، وازی لەکوردایەتی هێناوە، ئینجا ئەو قسەیەش، کەس بەپوولێك نایکڕێو هیچ نەتەوەیەکیش بەوە رازی نابێ، بۆ نمونە، ئەگەر نەتەوەی کورد لەباکوورو لەباشووردا وازی لەزمانەکەی خۆی بهێنایە، ئەویش هەمان ئازادیی تورکو عەرەبی ئەبوو، ئەوەش، بمانەوێو نەمانەوێ، واتای توانەوەی کوردی ئەگەیاند لەناو تورکو عەرەبدا، دیارە ئەوە ئەنجامێکە کە ئەو پێی رازییە. ئەوە نیە خۆی کردووە بەکوڕی سویدو وازی لەکوردایەتی هێناوە!؟

– خۆی وا پیشان ئەدا کە لەکۆتایی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥-٧-١٢ سەرەتا لەکازێكو پاشتریش لەپاسۆکدا، وەك ئەندامێکی هەرە چالاکی ئەو دوو رێکخراوە نەتەوەییە بوە ١٠٧، پاشان ئەڵێ: نەتەوەییەکان.. کازێكو پاسۆك.. حەشری سەگ بەیەکدی دەکەن ١٢٩.

* واتا خۆی بەخۆی ئەڵێ سەگ.

– ئەوەی من بیستوومە، ئەو قورساییەکی نەبووە لەناو ئەو دوو ڕێکخراوە بووە.

* هیچ توفێکی تری پێماوە بیداتەوە بەڕووی خۆیدا؟

– لەنێوان لیکی هەندێ لەچوونەکانیدا، کاژێکو پاسۆک بەترسنۆک ناو ئەبا.

* لەناو هەموو کوڕو کۆمەڵێکدا، ئازاو ترسنۆکیش هەڵئەکەوێ، بەگشتی گەرمی ئەو کوردانەی لەشارو شاخەکانی کوردستاندا، لەژێر باری خەمو مەترسیو تۆقاندنەکانی ڕژێمی بەعسدا، مانەوەو نەئەوین، لەکێوی بێستوون مەحکەمتر بوو، ئاخۆ ئەو ئەندامی کاژێکو پاسۆکانەی لەرەشترین ڕۆژانی کوردا، بەتایبەتی لەهەشتاکانی چەرخی پێشوودا، هەڵاتنو لەکاتی ڕاپەڕینیشدا نەگەڕانەوەو ئێستاش هەر ناوێرن بەتەواوی بێنەوە، ئەوانە لەئازاکانن یا لەترسنۆکەکان؟؟

– ئەڵێ: هەمیشە حەز دەکەیو دەتەوێ لەگەڵ کەسو لایەنی بەهێزو دەسەڵاتدارو سەرکەوتوودابی ۲۰۸.

* ئەشێ لەخۆیەوە بڕوانێ، لەهەشتاکاندا، کە زۆرو ستەم ئەوژمی سەند، ئەو پشتی کردە خاکو کوردستانی دایکی لێقەوماوی خۆی هاویشتە باوەشی باوکە سۆڤێتییەوە، کە سۆڤێت رماو تڵپی ئەوی تیا نەما، بەرۆکی باوە پیارە سویدی گرتو وتی من کوڕی تۆمو خۆی سەپاند بەسەریا.. منیش لەسەردەمی پاشایەتیدا، وەك ئەندامێکی حیزبی شیوعی، دژی ئەو دەسەڵاتی پاشایەتییە بووم، ساڵی ۱۹۵۸ حیزبی شیوعی بەڕادەیەك بەهێزبوو کە هەندەی نەمابوو دەسەڵات بگرێتە دەست، لەو کاتەدا وازم لەو حیزبە هێنا، دوای ئەوە بەنهێنیو بەئاشکرا دژی هەموو ڕژێمو دەسەڵاتەکانی بەغداد کارم ئەکرد تا ڕاپەڕین. دوای ڕاپەڕین، نەچوومە پاڵ هیچ کام لەدوو حیزبە گەورە بەهێزو خاوەن دەسەڵاتە کوردییەکە. دوای ئەوەی پاسۆکو پارتیش تێکەڵاوی یەك بوون، من وازم لەپارتی دەسەڵاتدارو سەرکەوتوو لەهەڵبژاردندا هێنا. ئەوەتی خێری دنیاش بەسەر پارتیو یەکێتیدا ڕژاوەو پلەو سامانو زەویو شتی تریش بەسەر باشو جاشدا تەخشانو پەخشان ئەکەن، هیچ لەوانە بەمن نەبڕاوەو داوایشم نەکردوون. لەساڵی ۱۹۸۲شەوە تا ئێستا، پارێزەرێتییەکەی خۆمم لەوەزیریو گزیری لاباشترە.

– ئەڵێ: عەلی سام ئاغاو فایەق عارفو غەفور ئەمینو عومەر شەمەیی، لای ئەو وتویانە هۆی سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەی پاسۆك، ئێوە ئاگرێن بوون، بۆ بەرژەوەندیی خۆتان ۲۱۷.. من لەو چوار بەڕێزەم پرسی، وتیان درۆ ئەکا.

* ئەگەر ڕاستیش بێ، مرۆڤ ئازادە لەبیرکردنەوەو لێکدانەوەدا، گرنگ: پێکانی ڕاستییە، چارەنووسی پاسۆك، لەکۆنفرانسێکدا بەزۆرینەی ۹۶٪ دەنگ دیاریکرا، منیش هیچ بەرژەوەندییەکم لەوەدا نەبوو، لەو بارەیەشەوە، زۆرم نوسیوە.

– لەپەراوێزی لاپەڕە ۲۲۱دا، ئەڵێ تۆ داوای ئەدرەست لێکردووە.

* ئەشێ خەوی دیبێ!

– زۆر خۆی بەوەوە ماندوو کردووە کە گوایە تۆ ویستووتە کوردایەتیو ئایینی ئیسلام تێکەڵاوکەیت، بەبەڵگەی ئەوەی لەدیوانی کوردایەتییەکەتدا وتوتە: کوردایەتی خواپەرستییە.

* دیاره ئەو نازانێ خواپەرستی شتێکەو ئیسلام شتێکی تره، راسته هەموو موسوڵمانێك خواپەرسته، بەڵام هەموو خواپەرستێك موسوڵمان نیە، ئەوە مەبەستێکه، ئەو تەقەی سەری دێ لەبارەیەوە!

– ئەڵێ زانیاریی نهێنیم لایە، دەتوانم بڵاوی بکەمەوە ١٢.

* چاوەڕوانی چی ئەکا؟ ئەمە ئەڕێو ئەوە گەڕ.

– ئەڵێ گوایە پاسۆك جێی ئارەزووەکانی دەروونی چلێس و بەرژەوەندییە گڵاوەکانی تۆی تێدا نەبۆتەوە٢٠٧.

* ساڵەکانی ١٩٤٨ تا ٢٠٠٤ ئەکاتە (٢٠٤٤٠) رۆژ، باوەڕ ناکەم ئەو ئەوەندە تووك بەسەریەوەبێ، دەی من لەتووکی سەری ئەو زیاتر، لەو ماوەیەدا، نەك هەر بەبێ بەرژەوەندی، بەڵکو بەزیانێکی زۆریشەوە، لەگیرفانو لەوچانی خۆمو بەنزیکبوونەوە لەمەرگیشەوە، کوردایەتیم کردوە، نووسینو هەڵبەستەکانمو کارکردنم لەحیزبەکانی شیوعی و کاژێکو پاسۆکو رۆژانی نەفیکردنو زیندانیو خەباتی شاخ و تێکڕا هەڵوێستەکانم بەرامبەر دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانو..هتد شایەتی ئەو راستییەن، من هەمیشە بەرەنجی شانی خۆم، نانی مەردایەتیم خواردووە، رۆژانی لاویم وەك رەنجدەرێك بەسەربرد. هەموو قۆناغەکانی خوێندنم بەئێواران و بەدەم رەنجدەرییەوە تەواوکرد، هەمیشە بەکوێرەوەری پەیدام ئەکردو بۆ کوردایەتی بەختم ئەکرد، ئێمەی دلمەزرێنەرانی کاژێك، سەرباری موجازەفە بەژیانمان، حەفدە ساڵ ئەو رێکخراوەمان لەسەر گیرفانی خۆمان ژیاند، تەنانەت لەرۆژانی وەزیفەشمدا کە هەندێ جار بەڕێوەبەرایەتی هەندێ فەرمانگە، پەخەیان ئەگرتم، نەك خۆم خوازیاریان بووبم، ئەو رۆژانە ترسناکترین رۆژانی ژیانم بوو، چونکە ئەگەر رژێم بەوەی بزانیایە لەو رۆژانەدا پەیوەندیم بەکاژێك یا پاسۆکەوە هەیە، پێستیان ئەبردم بۆ دەباخانە.. ئێستا ئەشێ بپرسین: کام ئارەزووی دەروونی چلێس و بەرژەوەندیی گڵاو؟؟

تۆزێك شەرم، تۆزێکیش چاوەڕوانی، مەگەر دەستی رەوا بۆ ساردکردنەوەی دەمی پڕ لەجوێن نیە!؟

– ئێستاش ئەشێ بپرسین: ئەم جوێننامەیە لەپای چی؟

ئەو کە ئەڵێ: (هەرگیز رۆژێ لەرۆژان، بیرم لەوە نەکردۆتەوە، لەگەڵ هونەرێکی وەك کامیل ژیردا لەسەر پەکێ بنووسین، یا راستتر وایە بڵێم: رەخنە لەیەکدی بگرینو وەڵامی یەکدی بدەینەوە ٨) تێگەیشتنی ئەم قسەیەی ، ئەوە ئەگەیەنێ، کە ئەو تا ساڵی ٢٠٠١ کە من رەخنەیەکم لەوتارێکی ئەو گرتووە لەگۆڤاری ئایندەی ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠٠١دا، هیچ باری سەرنجێکی خراپی بەرامبەر من نەبووە کە ببێتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی لەسەرم بنووسێ، یا رەخنەم لێ بگرێ. بەڵکو خەمخۆریشم بووەو نەیهێشتووە بکوژرێم بەقسەی خۆی، کەواتە جوێننامەکەی لەپای ئەو رەخنەیەی من بووە. ولتا ئەگەر من ئەو رەخنەیەم لەو وتارەی ئەو نەگرتایە، ئەو نەك هەر ئەو جوێننامەیەی نەئەنووسی، بەڵکو لەوانە بوو، هەر بەمامۆستاکەی جارانی خۆی بزانیمایەو پیاهەڵدابایە! لەراستیشدا رەخنەکەی من، رەخنەیەکی بابەتیانە بوو، ئەویش ئەیتوانی بەوەڵامێك، یا رەخنەیەکی بابەتیانەو زانستیانە بەرپەرچی

ڕەخنەکەی من بداتەوەو ئا بەو جۆرە خۆی نەکردایە بەساتیریست (Satirist)ێکی لێنەهاتوو کە هەموو نوقەکانی ڕووی خۆی بگرێتەوەو ساتیرەکەی ببێتە ساتێر.

* ئەو هەر بەتۆوە نەوەستاوە، وەك تووشی هیستریا بووبێ، هەرچی هاتبێتە ڕێگەی، یا هەرچی بەخەیاڵی کاتی هیستریاکەیدا هاتبێ، پەلاماری داون، لەوانە: کازیك، پاسۆك، پارتی، یەکێتی، د. جەمال نەبەز، د. عەبدوڵا ئاگرین، ئەحمەد هەردی، محەمەدی عەزیزو شێخ محەمەدی هەرسین.

سەیر ئەوەیە، دوای ئەوەی لەجوێننامەکەی بۆتەوە، فیستیڤاڵی مەحوی ۲۸-۳۰ ئابی ۲۰۰۱ سازدراو هەموو بابەتەکانی، دوای یەك ڕۆژ، لەنامیلکەیەکدا چاپکرا، نووسەری جوێننامەکە سەیری کردووە، ژمارەیەك لەبابەتەکانی فیستیڤاڵەکەو نامیلکەکە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، هەمان باری سەرنجی وەك تۆیان هەیە بەرامبەر مەحوی کە هەستیارێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و خەباتکەرێکی ڕامیاری بووە. بەوە، مایەکەی بۆتە مایەی پیازفرۆش، بەتایبەتی کاتێ کە کاك محەمەدی حەمە باقی، لەژێی هەستەوەری ئەوی داوە، بەوەی وتوێتی: مەحوی، وەك ئەوانی تر هەڵنەهاتوە بۆ دەرەوەی وڵات!! ئیتر ئەو هیچی بۆ نەماوەتەوە، ئەوە نەبێ پەلاماری ئەوانیش بدا، بەکاك محەمەدی مەلا کەریمیشەوە.

– لەکۆتاییدا ئەڵێم: کێلگەی ڕەسەنی کوردایەتی، کوردستانە*، ئەوانەش خەڵکی کونە ماسیی کوردستانن‌و پاسی جرتاوای سوڤێت‌و سوید ئەکەن‌و خۆیان بەکوڕی ئەو وڵاتانە ئەزانن، ئەوەش ئاشکرا ئەکەن کە ئیتر کوردایەتی ناکەن، بۆیان نیە بەدەمی پڕ لەجوێنیان، بیرو بزاڤی پیرۆزی کوردایەتی لەکەدار بکەن.

*پێوانەکەش بۆ ئەم مەبەستە بۆ پێش نەمانی ڕژێمی بەعسە. ئەگینا دوای ئەوە، گەڕانەوە بۆ کوردستانی بێترس‌و پڕ دراو، ناکرێ شانازی پێوەبکرێ.

لەوەڵامی سێ پرسیاری مامۆستا سیروان کاوسیدا ـ سەرنووسەری کۆڤاری ڕێزداری کۆنکرە

عێراق و هەڵبژاردن و ریفراندۆم

*** دامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێی عێراق، چ کاردانەوەیەکی بۆ دۆزی کورد لەباشوور و هەموو کوردستان هەیە؟**

– کاردانەوەی ئەرێنی و نەرێنیش هەیە، ئەرێنییەکان: ١- بۆ یەکەمجار لەدەستورە کاتییەکەیدا دان بەفیدراڵیدا ئەنرێ، ئەگەرچی فیدراڵییەکی تەواویش نیە، چونکە سنووری تەولوی باشووری کوردستان دیاری ناکا. ئەنجومەنی هەرێمەکانی تێدا نیە، دان بەمافی جیابوونەوەشدا نانێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم فیدراڵیە، زەنگێکی ترسناکە بۆ ئێران و تورکیا و سوریا. ٢- وەرو گۆڕێکی نوێ بەجەماوەری کورد لەباشوور و هەموو کوردستان ئەدا. ٣- قەوارە سیاسیەکەی ئێستا باشووری زیاتر چەسپاند. ٤- ڕێز و پلەو گرنگییەکی زیاتری دا بەنەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەی.

نەرێنییەکان: ١- جارێکی تر باشووری لکاندەوە بەعێراقەوە کە ئەوە کێشەی کێشەکانی باشوورە. ٢- هەڵی ئەگەری سەربەخۆبوونی قەوارە سیاسییەکەی باشووری لەئێستادا لەدەستدا. ٣- ئەگەری لەدەسدانی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی دروستکرد لەکاتی کشانەوەی هاوپەیمانان و ڕوودانی کودەتایەکی نەتەوەییانەی عەرەبی لەبەغداد. ٤- ئەگەری ڕوودانی شەڕی کورد و نەتەوەکانی تر و دووبارە بوونەوەی مەرگەساتەکانی نوێ کردنەوە.

*** هەڵبژاردنی نوێ، چ دەسکەوتێکی ئەبێ و دەستەبەری داخوازیەکانی کورد ئەکا؟**

– ئەوە بەندە بەجۆرو ئەنجامی هەڵبژاردنەکەوە. جارێ هەر لەئێستاوە پیلانێکی دژ بەکورد لەئارادایە، بەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هی عێراق و هی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەیەک ڕۆژدا ئەکرێ. ئەمەش بۆ ئەوەیە، دەنگدانەوەی هەڵبژاردنی کوردستان بکرێ بەژێر هی عێراقەوە لەئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆشدا. بەر لەو هەڵبژاردنە، ئەگەر عەرەبە هاوردەکان دوورنەخرێنەوە لەکوردستان و شارۆچکەو ناوچەکانی جارانی کەرکوک نەخرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوک، کورد زیانێکی گەورە ئەکات، لەبەر ئەوە، ئەگەر ئەوانە نەکران، پێویستە کورد خۆی دابڕێ لەو هەڵبژاردنە لەعێراقدا، لەهەموو بارێکدا یەکدەنگی کورد، مەرجێکی سەرەکیە بۆ هەندێ دەسکەوت و داخوازیی کورد.

*** پرۆژەی ریفراندۆم بۆ ناچێتە پێش لەباشووری کوردستان وەک دۆزێکی یاسایی نێودەوڵەتی؟**

– لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژەیە، هەر لەسەرەتاوە بەسەقەتی لەدایکبوو، چونکە هەندێکیان ئەیانوت لەپێناوی سەربەخۆییدایە، هەندێکیشیان ئەیانوت بۆ چەسپاندنی فیدراڵیە، واتا بۆ جارێکی تر بەستنەوەی باشوورە بەعێراقەوە. شێوازی پێشکەشکردنی داخوازی و واژۆکان هەڵەبوو، ئەبوایە سەرەتا بدرانایە بەپەرلەمانی کوردستان، لەپەرلەمانەوە بۆ حکومەتی هەرێم، لەحکومەتی هەرێمەوە بۆ UN و هاوپەیمانان و پەرلەمان و حکومەتەکانی زلهێزەکان. ئەوانەش بەپێی مادەکانی (١١ بڕگەی ٢

لەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها مادەی ٣٥ برگەی ٢ لەهەمان پەیمان، چونکە بەپێی ئەودوو برگەیە، UN، ئەبێ دەوڵەتێک، داخوازی، یا کێشەیەک، بخاتە بەردەمی ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە ئەندامیش نەبێ تیایدا، دەوڵەتیش دوو جۆرە: دێ ژوور (De Jure)، (De Facto) دێ فاکتۆ. باشووری کوردستان، دەوڵەتی دێ فاکتۆیە، هەموو زانیارانی یاساش لەسەر ئەوە کۆکن کە دەوڵەت بریتیە لە (گەل، هەرێم، حکومەت) ڕۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢ ریفرلندوم خۆپیشاندانێکی سازدا، لەمەشدا هەمان دوو داخوازی پێچەوانەی یەک، دووبارەبووەوە، هەندێک بانگەشەی سەربەخۆییان ئەکرد، هەندێکی تر فیدرالی!

ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٩ لەکۆڕێکدا کە زانکۆی سلێمانی ئامادەی کردبوو بۆ مرۆ د. فەرەیدون رەفیق حیلمی، بەدوور درێژی لەبارەی (چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەڕێگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە) دوام*.

---

* لەجێگەیەکی کەی ئەم پەرتووکەدا، دەقی وتەکانی ئەو کۆڕە، بڵاوکراوەتەوە.

معاریفی کوردستان

هەوڵێکی نەتەوەییانەی هاوبیرانی کوردایەتی بوو

لەپەراوێزی وتاری (وەڵامێکی دۆستانە بۆ بەڕێز د. کوردۆ عەلی)دا، سەرنجی خوێنەرەوەی بەڕێزمان راکێشا بو خوێندنەوەی (بەدواداچوونێکو بەڵگەنامەیەك لەبارەی معاریفی کوردستانەوە). بەڵگەنامەکە نووسراوێکی زۆر نهێنیو کەسینەی سەرکردایەتی فرقەی دووەمە بۆ بەڕێوەبەرایەتی استخباراتی عەسکەری کە لەخوارەوە دەقەکەیو دەقی یاداشتێکی مامۆستایانی کورد، هەروەك خۆی بەعەرەبی، بڵاوئەکەینەوە، بۆ راستیو بۆ مێژوو، وەك ئەوەی لەلاپەڕە ٢٥٦ تا ٢٦٩ ی یاداشتەکانی (طبقچلی) منشورات المکتبە العصریە ـ صیدا ـ بیروت ١٩٦٩ بڵاوکراوەتەوە.

شایانی وتنە، ئەو یاداشتە گرنگە، لەلایەن هەشت مامۆستای هاوبیری کوردایەتیەوە، واژۆ کراوە، کە سیانیان لەدامەزرێنەرەکانی کاژیکن؛ نووسەری یاداشتەکەش هاوبیری هێژامان مامۆستا جەمال نەبەز بوو، ئەم یاداشتە، وەك پرۆژەیەکی نەتەوەیی، بۆ ئەو ساڵی (١٩٥٨)ە، گرنگیەکی زۆرو کاردانەوەیەکی جۆراوجۆری، بەنەرێنیو ئەرێنی، هەبوو.

گرنگیی یاداشتەکەی مامۆستایان، لەم بوارانەدا کۆبووبووەوە: پانۆرامایەکی باری ناهەمواری نەتەوەیی بەگشتیو باری رۆشنبیریی کورد بوو بەتایبەتی، سەرەتای بیرۆکەیەك بو بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسیی کوردی، نەخشەیەکی سنووری باشووری کوردستان بوو کە لیواکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوكو خانەقینو قەزا کوردییەکانی موسڵی ئەگرتەوەو ناوەندی قەوارەکەش شاری کەرکوك بوو، تێکڕا بانگێکی هوشیاریی نەتەوەییانە بو، بۆ هەژاندنی جەماوەری مامۆستاو قوتابیو رۆشنبیر. سەرباری بابەتە سیاسییەکان (یاداشتەکە)، پرۆژەیەکی چاکسازیش بوو لەبواری فێرکاریدا. **ئەم یاداشتە وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی بەکەمبایەخی هەوڵەکانی هاوبیرانی کوردایەتی ئەنرخێنن.**

کاردانەوە نەرێنییەکانی یاداشتەکە، سەرەتا لەشیوعیەکانی ئەوسای ناو کوردستانەوە سەری هەڵدا.

لەئەنجامی ئەم یاداشتەوە بوو کە ئەو شیوعیانە کەوتنە گاڵتەکردن بەمعاریفی کوردستانو بەمعاریفی قلیاسان ناویان ئەبرد. سەرکردایەتی ئەوسای پارتیش بەلالووتو ساردوسڕییەوە ئەیڕوانییە یاداشتەکە. ئەوانەش هەمووی بەڵگەی نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی بوو لەناو کوردا کە ئێمە لەگەڵێ لەنوسینەکانماندا هێمامان بۆ کردووەو داوامان کردووە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەو ئاستە، بکرێتە هەوڵە لەپێشەکانی روناکبیرانو کاربەدەستانی کوردستان. جگە لەوانە، کە یاداشتەکە رۆژی ١٩٥٨/٧/٢٦ لەرۆژنامەی (البلاد) لەبەغدا بڵاوکرایەوە، رۆژنامەکەی لەسەر داخرا.

بەپێچەوانەی ئەوانەوە، یاداشتەکە کاریگەرێتیو کاردانەوەیەکی ئەرێنی ئەبوو لەناو جەماوەری کورد بەگشتیو جەماوەری مامۆستایان بەتایبەتی. ئەو کاریگەرێتیو کاردانەوەیە، بۆ ناو هەندێ ناوەندی عەرەبیش تێپەڕی کرد، لەوانە نوسەرو مێژوونووسی ناسراوی نەتەوەیی عەرەب (منذر

الموصلي) لەکتێبەکەیدا (عرب وأكراد ـ رؤية عربية.. للقضية الكردية ـ الأكراد في وطنهم القومي وفي الجوار العراقي ـ التركي ـ الإيراني.. وفي سوريا و لبنان ـ دار الغصون ـ بيروت ـ چاپی یەکەم ١٩٨٦ لەلاپەڕەکانی ٣٢١ تا ٣٢٦ ئەو یاداشتە بەرز ئەنرخێنێ‌و ئەڵێ: (ولقد ثبتنا اسماء موقعي المذكرة هنا تقديراً واجلالاً لهم، لأن مطاليبهم تنم عن نظرة تربوية متقدمة، كما تدل على نضج واستيعاب صحيح لدور رجل التربية والتعليم والمهام الملقاة على عاتقه، وكان الأجدر لو أن الحكومة بادرت أنذاك لأصلاح شؤون التربية والتعليم بعد ثورة ١٤ تموز وفق التصورات التي تضمنتها المذكرة) دوای ئەوە نووسەر لەبارەی سەرجەم داواکارییەکانی یادداشتەکەوە ئەڵێ: (وهذه المطالب كلها محقة كما نرى، ومشروعة من كل وجه) پاشتر نووسەر هێما بۆ ژمارەیەك دەسکەوتی زمانەوانی‌و رۆشنبیری ئەکات وەك ئەنجامی ئەم یادداشتە.

دەقی بەڵگەنامەکەو یادداشتەکە

الصراع في منطقة الفرقة ٢

مذكرات ووثائق

قيادة الفرقة الثانية

الاستخبارات — سري للغاية وشخصي

الرقم ح — ش ٣-٥-٩١٤

التأريخ ٩-٩-١٩٥٨

الى

مدير الاستخبارات العسكرية

الموضوع مذكرة المدرسين الأكراد الى وزارة المعارف

حول رفع مستوى الثقافة في كردستان خاصة

بطية نسخة من المذكرة اعلاه للاطلاع

ورد في الصفحة (١٥) تحت عنوان (ب ـ التطبيق) المادة (١) مايلي:

(تحديد منطقة المعارف الكردية بالوية السليمانية وأربيل وكركوك وخانقين وأقضية الموصل الكردية)،

نود أن نلفت النظر الى خطورة التحديد اعلاه حيث نبدي المطالعة التالية.

١- أن أقرار حدود معارف كردستان معناه ضمنا الاعتراف بالخطوة التي يهدف اليها المدرسون الأكراد وهو اعلان كيان كردستان السياسي.

٢- ان زج كركوك ضمن منطقة المعارف الكردية وهي ليست بكردية بالمعنى الذي فسرته المذكرة. اذ فيها أكثرية (عربية وتركية ومسيحية) فالتعبير يبطن في طياته روح الرغبة في الأستيلاء عل (النفط) وهي الثروة الوطنية للجمهورية العراقية التي حررت هذا المصدر الحيوي لحياة ومستقبل العراق. كما أن ادعاء المذكرة بكردية كركوك معناه صهر القوميات الأخرى في اللواء وهذا ما ينافي روح دستور الجمهورية العراقية.

٣- ليس من المصلحة تأسيس مديرية معارف كردستان وليس من الصحيح أن يكون مركزها في مدينة كركوك.

٤-يجب اسناد منصب مدير المعارف في كركوك دوما (وأبداً) الى شخص عربي شرط أن تتوفر فيه صفة الحياد ويعمل للمصلحة وخدمة التعليم دون تحيز لقومية أو عنصرية.

٥- أما ما جاء في بقية المذكرة فنترك أمرها لوزارة المعارف لانها فرضت شروطا وليس اصلاحا.

أرجو اطلاع الجهات المعنية لخطورة المذكرة المبرقة باسم الاصلاح.

اننا لاننكر على اخواننا الأكراد حقهم في المطالب المنوه عنها على أن تتفق والمصلحة العامة التي هي رائد المخلصين لهذا الوطن.

توقيع

الزعيم الركن

قائد الفرقة الثانية

مذكرة المدرسين الأكراد الى وزارة المعارف

حول رفع مستوى الثقافة في كردستان خاصة والعراق عامة

سيادة وزير المعارف المحترم

تحية واجلالا

وبعد.. فقد جاء عهد الحرية والنور، جاء عهد الحق والعدل، ومضى دون رجوع عهد الذل والاستعباد. مضى ذلك العهد البغيض الذي كان فيه المسؤولون يأتمرون بأوامر اسيادهم المستعمرين ويمثلون مصالحهم في طول البلاد وعرضها. نعم، لقد جاء اليوم الذي يخضع فيه المسؤولون لارادة الشعب ويعملون بوحي من مصالحه، فقد آن الأوان أن نصارح المسؤولين بما يخالج نفوسنا المعذبة من أمان وآمال طيلة هذه السنين الطوال.

ياسيادة الوزير..

لاتخفى على سيادتكم التضحيات الجسام التي قدمها الشعب الكردي على مذبح الحق والحرية. ووقوفه بجانب الشعب العربي الشقيق في أحلك الساعات وأسوأ الظروف. كما لاتخفى عليكم ما قامت به زبانية الأستعمار في العهد البائد من اضطهاد شعبنا الكردي وضرب حركاته التحررية بأساليبهم الوحشية وزج أفواج من شبابه وشيوخه في السجون والمعتقلات وتشريد المئات منهم واقامة مجازر رهيبة في كردستاننا العزيزة ونصب المشانق للمناضلين الأحرار وتجويع آلاف العوائل الكردية. ثم تحريم شعبنا الأبي من كافة أوجه النشاط السياسي بل وحتى الأدبي بأسماء موهومة كمكافحة المبادىء الهدامة وحفظ الأمن والسلام وغير ذلك.

أجل.. لقد قام عملاء العهد البائد بكل ذلك ولم يكتفوا بها. بل شنوا حربا اجرامية ضد ثقافة الشعب الكردي المجاهد فوصدوا أبواب المدارس في وجه الجماهير المتعطشة للعلم والثقافة بحجج واهية واختلاقات كاذبة. وحرموا الأكراد من التثقف والتعلم بلغة آبائهم واجدادهم. ذلك الحق البسيط الذي لم تحرم منه الشعوب الواقعة تحت نير الأستعمار المباشر، كما ومنعت دراسة تاريخ الأمة الكردية في المدارس. ذلك التأريخ الحافل بالبطولات والأمجاد. فقد كان الطالب الكردي يدرس تأريخ مختلف الشعوب والقوميات وحتى العربي الذي كان يقرأ الشيء الكثير من التأريخ نفسه يبقى جاهلاً بتأريخ أخيه الكردي الذي يشاركه في الجهاد وفي الوطن.

أما وقد انقضى العهد البائد وزال ذلك الكابوس الجاثم على صدر شعبنا الأبي. فالشعب الكردي لايسعه الا أن يقف مرة أخرى بجانب شقيقه في النضال الشعبي العربي المجاهد ليحقق انتصارات أكبر وأكبر مدافعاً عن جمهوريتنا الفتية ومحتفظا بالمكاسب القومية التي احرزها شعبنا العراقي عربا وأكرادا. وفي الوقت عينه يصارح المسؤولين بكافة الحقوق الطبيعية التي حرمها عليه العهد البائد وأكدها الدستور الجديد وفي مقدمتها الحقوق الثقافية.

هذا ولما كنا نتشرف بالانتساب الى الأسرة التعليمية الموقرة ورغبة منا في محاربة الجهل رأينا من واجبنا أن نقدم لسيادتكم بعض المقترحات الأساسية لرفع مستوى الثقافة بين افراد الشعب الكردي آملين ان تلقى اهتماما وقبولاً من قبل سيادتكم.

وتفضلوا بقبول فائق الاحترام.

جمال نيز ـ المدرس في متوسطة الزبير (بصرة)

فائق عارف ـ المدرس في ثانوية السليمانية (سليمانية)

احسان عبدالكريم ـ المدرس في ثانوية السليمانية (سليمانية)

نجم الدين المفتي ـ المدرس في ثانوية اربيل (اربيل)

عبدالله محمد الحاج الياس ـ المدرس في مدرسة سوسينان (السليمانية)

احسان عبدالحميد ـ المدرس في المتوسطة الشرقية (كركوك)

عبدالرحيم رضا ـ مدرس ثانوية المصلى (كركوك)

مصطفى سيد احمد (نەريمان) ـ مدرس القلعة العراقية (كركوك)

* * *

أ ـ المقترحات

١- اللغة الكردية:

لما كانت اللغة القومية أهم وسائل الاتصال بين الطالب والبيئة التي يعيش فيها، وعن طريق اللغة يكتسب الطالب خبراته ومعارفه ويعبر عن مشاعره الخاصة وأفكاره الشخصية لذا كان الاهتمام بلغة الأم أمراً ضرورياً لرفع مستوى الثقافة وخاصة في سني الدراسة الأبتدائية. الأمر الذي يجعلنا أن نقترح بشأن اللغة الكردية مايلي:

أ- جعل اللغة الكردية لغة التعليم في كافة المناطق الكردية.

ب - تدريس اللغة الكردية وآدابها في جميع المراحل الدراسية (الأبتدائية والثانوية والعالية) أسوة باللغة العربية.

ج- جعل اللغة الكردية لغة اجبارية في دار المعلمين العالية ودور المعلمين والمعلمات. ذلك لان المعلم يتعرض للنقل من منطقة الى أخرى ومن لواء الى آخر. الأمر الذي يحتم عليه تعلم هذه اللغة.

د - تخصيص كرسي اللغة الكردية وآدابها في كلية الآداب بجامعة بغداد المنوى تأسيسها في المستقبل.

ه - فتح مدارس باللغة الكردية في المناطق العربية التي تقطن فيها جاليات كردية وكذلك في المناطق الكردية الواقعة في جنوب العراق. ونخص بالذكر منها الأكراد الفيليين في بغداد والحبانية ومركز لواء الموصل وجماهير الأكراد في لوائي الكوت والعمارة (بدرة وجصان وزرباطية وعلي غربي). هذا وأن الاهتمام بتطبيق هذه المادة في المدارس المتوسطة أمرا ميسورا. ذلك لان مرحلة الدراسة الابتدائية مرحلة تربوية لا تعليمية.

٢- اللغة العربية:

يعتبر تعلم اللغة العربية بالنسبة الى الطلبة الأكراد أمرا ضرورياً الا أن الطريقة التي اتبعت سابقا في تدريس هذه اللغة كانت عقيمة وغير مجدية للغاية. حيث كان المنهج المقرر للغة العربية يشكل العرب والأكراد على حد سواء. علما بأن طريقة تعلم لغة الأم يجب أن تختلف عن طريقة تعلم لغة أخرى غير لغة الأم. لذا نقترح مايلي:

١- وضع كتب جديدة باللغة العربية تحت اشراف لجنة من المربين وعلماء النفس واللغويين. تراعي فيها الأساليب التربوية والاستدراج ويراعي فيها التقارب بين اللغة الفصحى والمصلحات العامية. ليتمكن الطالب أن يقرأ بلغة سليمة قريبة من اللغة الدارجة. كالكتب التي الفت تحت اشراف منظمة اليونسكو.

ب- أن تدريس اللغات الاخرى بجانب لغة الأم في السنوات الأولى من الدراسة الأبتدائية تحدث الارتباك عند الطالب وبالتالي عدم الحصول على الفوائد المتوخاة من الدراسة في هذه المرحلة. لذا نقترح عدم تدريس اللغتين العربية والانكليزية في الصفوف الأولى من الدراسة الأبتدائية والاقتصار على تدريس اللغة الأولى اعتباراً من الصف الخامس واللغة الثانية ابتداء من الصف السادس. وهذه حقيقة ثابتة طبقت في مصر وسوريا وتركيا وايران فافلحت بالنجاح حيث لاتدرس اللغات الأجنبية في مدارسها الأبتدائية.

ج فتح دورات خاصة للمعلمين الذين يناط بهم تدريس هاتين اللغتين.

٣- التأريخ:

يدرس الطالب الكردي تأريخ الأمم والأقوام القديمة وحتى المنقرضات والبائدات منها. كما ويدرس تاريخ مختلف الشعوب الحاضرة دراسة تفصيلية ويحفظ أسماء الملوك والطوائف والمعارك بصورة ببغاوية الا انه يحرم من دراسة تأريخ امته والاطلاع على مفاخر آبائه واجداده. ثم ان الطالب العربي الذي يهتم بنفس الدراسة العقيمة يبقى جاهلاً بامجاد شقيقه الكردي والأدوار التأريخية المشتركة التي مر بها الشعبات العريقان.

هذا ورغبة منا في توطيد لواصر الأخوة والصداقة عن طريق التفاهم المتبادل نقترح مايلي:

أ- دراسة تاريخ الأمة الكردية دراسة تفصيلية في كافة مدارس كردستان.

ب – دراسة مجملة عن تأريخ الأكراد في مدارس المتوسطة والثانوية من قبل الطلاب العرب.

ج – جعل التاريخ الكردي مادة اجبارية في دور المعلمين والمعاهد والكليات التي تعنى بمادة التاريخ.

د – ترك الأساليب القديمة في دراسة علم التأريخ ووضع مناهج جديدة له تحت اشراف اخصائيين من علماء التأريخ. اذ ان التأريخ ليس هو ذكر الأشخاص والحوادث الطارئة بل هو سجل الشعوب ونضالها من أجل التحرر والانعتاق من الذل والعبودية والتقدم نحو مستقبل أفضل ثم أن التأريخ فيه دروس وعبر وتجارب وخبرات يستهدف من دراستها غرس بذور الروح الوطنية والقومية واذكائها في النفوس لا الاهتمام بحفظ اسماء الملوك والسلاطين وعدد الجواري والغلمان.

٤- جغرافية كردستان:

الغاية من دامسة علم الجغرافية هي الالمام بحدود الوطن القومي ومعرفة أحوال سكانه وأوجه نشاطهم المختلفة وثرواته الطبيعية وخيراته الزراعية والحيوانية وظروفه المناخية وكذلك العوارض الطبيعية من جبال وتلال وأنهار وسهول، ولما كان الاستعمار البغيض حرم الطلاب الأكراد من معرفة جغرافية بلادهم. لذا نقترح مايلي:

أ- دراسة جغرافية كردستان بصورة تفصيلية في المدارس الكردية بوجه عام والاهتمام بجغرافية كردستان العراقية بوجه خاص.

ب- دراسة موجزة لجغرافية كردستان في المدارس العربية كبحث متمم لجغرافية العراق والأقطار المجاورة.

ج- جعل جغرافية كردستان مادة اجبارية في دور المعلمين والمعاهد والكليات التي تعني بهذه المادة.

٥- البعثات:

لم تكن البعثات في العهد البائد تخضع لنظام يحقق العدل والمساواة بين المواطنين كافة. فكان الطالب الذي يحرز معدلا عاما يبلغ حدا معينا يبعث الى الخارج، بغض النظر عن لوائه وحاجة منطقته الأمر الذي يشكل ظلما وعدوانا بحق البعض من الطلاب. فلو أخذنا مركز لواء الموصل والأقضية الكردية التابعة له مثالا لذلك لرأينا عدد الطلاب الذين يتخرجون سنويا من الصف الخامس في مركز الموصل لايقل عن (٢٠٠) طالب في حين لايتخرج من سكان تلك الأقضية أكثر من عشرة طلاب في السنة الواحدة. بل نستطيع ان نقول ان عدد الطلاب الأكراد الذين يتخرجون من الصف الخامس في جميع انحاء العراق لا يبلغ هذا العدد عن (٢٠٠ طالب) خلال خمس سنوات لقلة عدد المدارس في المناطق الكردية وسد معظمها أيام العهد البائد لاقتراضات سياسية. ولما كان الطالب يبعث للخارج على أساس المعدل دون أن يكون للواء الذي ينتمي ليه أي اعتبار، لذا فان الطلبة الأكراد الذين يشتركون في البعثات يقل عددهم بل يتضاءل بالنسبة الى غيرهم، هذا ومن أجل أن يأخذ العدل مجراه الطبيعي نقترح مايلي:

أ- أن تكون البعثات حسب نفوس الألوية، أي يجب ان لاتقل نسبة طلبة الأكراد عن ربع مجموع المبعوثين الى الخارج ولو كانوا دون المستوى؟!

ب- ان ترسل البعثات الى جميع أقطار العالم دون الارتباط باقطار معينة، اذ ان العلم لا موطن له.

ج- ان تكون البعثات حسب حاجة الشعب العراقي من الخبراء والاخصائيين وان تعني عناية خاصة بالنواحي الصناعية والتكنيكية.

د- ان تراعي في قبول الطالب للبعثة درجات دروس الاختصاص والدروس الضرورية للبعثة فقط لا المعدل العام، كما هو متبع الان.

هـ- ان يطبق نفس الشروط المذكورة أعلاه على طلاب البعثات من خريجي الكليات والمعاهد من خريجي الكليات والمعاهد العالية.

٦- توزيع الكليات والمعاهد العالية:

ان حصر الكليات والمعاهد العالية ببغداد له تأثير سيء على مستوى الثقافة في البلاد. فالدراسة في بغداد بالنسبة الى طلاب بقية الالوية تكلف غاليا وتضع شتى العراقيل والعقبات امامهم وخاصة من الناحية الاقتصادية الأمر الذي يؤدي الى حرمان عدد من الطلاب من مواصلة الدراسة. لذا نرى من الأوفق توزيع بعض الكليات على بعض الألوية. لان القيام بهذا العمل ـ على ما نعتقد ـ يحل مشكلة هذا الحرمان الى حد كبير. فمثلا انشاء كلية كدار المعلمين العالية أو كلية الهندسة في لواء كركوك تسهل الدراسة لطلاب الوية (كركوك و موصل والسليمانية واربيل) كما ان انشاء كلية ككلية الطب أو الصيدلة في (البصرة) متبعة في كثير من الأقطار الاوروبية والأقطار الشقيقة.

٧- شروط القبول في الكليات والمعاهد العالية:

نقترح ان تراعي في قبول الطلاب والمعاهد العالية العراقية الشروط التالية:

١- نسبة نفوس الالوية.

٢- دروس الاختصاص لا المعدل العام.

٣- عدم الالتفات الى سنة التخرج.

٤- عدم الالتفات الى عمر الطالب.

٨- فتح المدارس:

رغم قلة المدارس (المتوسطات والثانويات بوجه خاص في كردستان قامت حكومة العهد البائد بسد بعضها متذرعة في ذلك بشتى الاعذار السخيفة! لذا نرى من الضروري اعادة فتحها جميا ونخص بالذكر منها ثانويتي(حلبجة وكويسنجق).

ثم هنالك بعض المناطق الأخرى تحتاج الى متوسطات وثانويات اذ ان معظم الطلاب ينقطعون عن الدراسة بعد تخرجهم من المدارس الابتدائية بسبب فقرهم وعدم تمكنهم من السفر الى مناطق أخرى. لذا نقترح فتح المدارس الضرورية لهم وخاصة مدارس البنات.

٩- الأقسام الداخلية:

يحرم الكثير من الطلاب وخاصة طلاب القرى والارياف من مواصلة الدراسة المتوسطة والاعدادية وذلك لعدم وجود تلك المدارس في قراهم. ولعدم تمكنهم من السفر الى المدن أو المناطق التي توجد فيها تلك المدارس وتحثهم على مواصلة الدراسة بلهف واهتمام.

١٠- اكمال نواقص المدارس:

نقترح بشأن ذلك مايلي:

١- سد الشواغر بالمدرسين الاختصاصيين أو المحاضرين ذوي الكفاءات.

٢- الاهتمام بالنواحي العملية ووسائل الايضاح وتجهيز المدارس بالمختبرات والمكتبات.

٣- توجيه الطلاب نحو النشاطات المختلفة، أي تشكيل اللجان المدرسية التي منعها العهد البائد وذلك تحت اشراف المدرسين الذين لهم مؤهلات خاصة.

٤- تشجيع الطلاب على القيام بسفرات مدرسية داخل القطر العراقي وخارجه.

٥- الاعتناء بالمدارس المسائية بما يكفل للطالب المسائي التعلم والتقدم وعدم فسح المجال بالتدريس لبعض المحاضرين الذين لاهم لهم سوى سد الشواغر.

٦- مد يد المعونة للمدارس الأهلية العراقية اسوة بالمدارس الرسمية.

٧- عدم تحديد الاجور التي يتقاضاها المدرسون من المحاضرات التي يلقونها بنسب رواتبهم بخلاف العهد البائد.

حيث كانت لجور المدرس من المحاضرات التي يليها لاتتجاوز نسبة معينة من راتبه فان زادت عن ذلك قطعت عنه في حين كان المحاضر غير المنتمي الى الأسرة التعليمية يقبض من الاجور ما شاء له ان يقبض.

١١- تطهير جهاز المعارف:

قام رجال العهد البائد بشن حملات ارهابية ضد الوطنيين والمناوئين للاستعمار والرجعية فشردوا وعذبوا وفصلوا وعاثوا في الارض فسادا ما طلب لهم ان يفعلوا. لذا نقترح:

١- تطهير جهاز المعارف من الخونة واذناب العهد البائد الذين سببوا فصل وتشريد الغياري والاحرار من المدرسين والطلاب وزجهم في السجون والمعتقلات.

٢- تطهير جهاز المعارف من الذين ليست لديهم كفاءات تؤهلهم للقيام بواجباتهم، ليحل محلهم ذوو المؤهلات والقابليات الممتازة.

١٢ قضية التنقلات ومراعاة حقوق الأسرة التعليمية:

كانت مسألة التنقلات بين المعلمين والمدرسين في العهد البائد امرا يسوده الفوضى ويعمه الاضطراب. اذ انها لم تكن تخضع لنظام يحمي لافراد الأسرة العليمية حقوقهم. فحتى ذلك القانون الشكلي الذي وضعه المسؤولون في عهدهم المشؤوم لم يكن يطبق. فقد كان من بين المعلمين جماعة سكنوا في المدن زهاء (٢٠ سنة) ولم يروا القرى مطلقا وعلى العكس فمن بينهم جماعة اخرى بقوا في القرى سنوات وسنوات ولم ينقلوا الى المدن رغم طلباتهم الملحة ثم ان التنقلات كانت خاضعة لمشيئة المتصرفين والادارات المحلية. فكان المعلم المسكين ينقل اداريا بجرة قلم من منطقة الى اخرى وفي أي وقت كان الأفتراضات سياسية بحتة ومن لجل ذلك نقترح مايلي:

١- وضع نظام خاص يؤمن الحق والمساواة لمعلمي الابتدائية من حيث نقلهم من القرى الى المدن وبالعكس.

٢- اخضاع التعليم الابتدائي لاشراف وزارة المعارف وعدم تسليمه الى الادارات المحلية بتاتا اذ ان الغرض من ذلك في العهد البائد لم يكن الا مراقبة المعلمين في القرى والأرياف مراقبة بوليسية.

٣- اعادة النظر في قضايا المدرسين الذين نقلوا وشردوا من لواء الى آخر بأوامر ادارية دون أي مبرر شرعي فلحقت أضراراً كثيرة من جراء ذلك.

٤-اعادة النظر في قضايا المعلمين الذين أصابهم الظلم والجور نتيجة للتصرفات الكيفية التي قام بها بعض المتصرفين ورجال الأدارة في العهد البائد.

٥- منح مخصصات محلية كافية للمعلمين الذين ينقلون الى القرى والارياف والعمل على تأمين دور ـ السكنى لهم كامتيازات خاصة تحثهم على القيام بواجبهم في مناطق متأخرة لا تتوفر فيها اسباب العيش كالمدن.

٦- مراعاة حقوق الاسرة التعليمية كالسماح لهم بتأسيس نقابة خاصة بهم وتقليل ساعات الدروس لهم.

ب- التطبيق

من الأهمية بمكان ان نضع بعض الخطوط الاساسية امام المسؤولين حول تطبيق المقترحات السابقة، أما تلك الخطط التي نحن نرتأيها القيام بتطبيق ماسبق هي:

١- ان تنظيم امور المعارف في المناطق الكردية وحل المشاكل المتعلقة بها يتطلب منا ان نفكر في ربط تلك المناطق بادارة معينة تكون لها بعض الصلاحيات الخاصة. لذا نرى من الاوفق ان تنظم شؤون المعارف في كردستان. (وهي الوية السليمانية واربيل وكركوك وخانقين والقضية موصل الكردية) تحت اشراف دائرةواحدة تدعى

(مديرية معارف كردستان) يرأسها مدير يدعي (مدير معارف منطقة كردستان) يكون مسؤولا امام وزير المعارف مباشرة. وانا نعتقد ان تطبيق المقترحات السابقة منوط الى حد كبير بتأسيس هذه الادارة الخاصة.

٢- من الاوفق ان يكون مقر هذه المديرية مركز لواء كركوك لكونه وسطا بين جميع الالوية والمناطق الكردية.

٣- ان يكون لهذا المدير معاونون في مراكز الالوية الأخرى، مسؤولين امامه مباشرة.

٤- اننا نعتقد جازمين بان السيد (رفيق حلمي) هو الشخص الذي يصلح لهذا المنصب لكونه مربيا قديرا وخبيرا ماهرا في شؤون الثقافة الكردية.

٥- تأليف لجان مختلفة من المدرسين والادباء والمؤرخين الأكراد تقوم كل لجنة حسب اختصاصها (بتأليف وترجمة الكتب العلمية والادبية الى اللغة الكردية) تحت اشراف وزارة المعارف.

٦- جعل التدريس باللغة الكردية في المدارس الابتدائية اعتبارا من هذه السنة وتطبيق نفس المادة في المدارس المتوسطة والثانوية حالما يتم اعداد الكتب المقررة باللغة الكردية.

٧- الايعاز الى مدرسي المتوسطات والثانويات باستعمال اللغة الكردية في الصف أثناء شرح الدروس ابتداء من هذه السنة والاستعانة بالكتب القديمة كمصادر ريثما يتم اعداد الكتب المقررة باللغة الكردية.

٨- اعادة المطرودين والمشتتين من المعلمين والمدرسين الى مناطقهم للاستفادة منهم في التدريس باللغة الكردية.

٩- منح مكافئات مادية ومعنوية للمشتغلين بقضايا التاليف والنشر والترجمة وتشجيعهم على القيام بالبحوث العلمية والأدبية.

١٠- فتح دورات خاصة للمعلمين والمدرسين الأكراد الذين لايتقنون اللغة الكردية قراءة وكتابة لكي يتمكنوا من القيام بواجباتهم على الوجه الاكمل.

ڕۆژنامەی (چاودێر) ژمارە (١٥) ڕۆژی ٢٠٠٥/٢/٧

بەڕێز مەلا بەختیارو

حەویجەو نەخشەی نوێی تیرۆرو تەعریب

وتارەکەی بەڕێز مەلا بەختیار، بەو ناونیشانە، لەڕۆژنامەی بەڕێزی (چاودێر)ی ژمارە ١٢ ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٧، وەك مەلا بەختیارێکی نووسەرم بەرز نرخاند، چونکە نووسەر بەوردیا دەستی خستۆتە سەر ئەو خاڵە ترسناکانەی لەحەویجەوە بەرەو ڕووی کورد ئەبنەوە. بەڵام وەك مەلا بەختیارێکی ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) کە ئەرکی جێبەجێکردنی ڕای گشتی لەئەستۆدایە، وتارێکی لەو جۆرە، ئەشێ هەڵوێستەیەکی لەسەر بکرێ!! بابزانین چۆن؟

مەلا بەختیار خۆی دەرکەوتوترین سەرکردەی ئەو لەشکرە کوردییە بوو کە خانەقینی لەعەرەبی داگیرکەرو تەعریب پاککردنەوەو هەر لەڕۆژانی یەکەمی ئەو داستانە شکۆدارەوە، لەکاتی جەنگی ڕزگارکردنی عێراقدا ساڵی ٢٠٠٣، منداڵانی خانەقینی بەسروودی ئەی ڕەقیب گوشکرد، نەئەبوو لەو وتارەیدا ئەوە بۆ سەرکردایەتی کوردستان بەکارێکی چاك بژمێرێ کە (ئەو سەرکردایەتییە، هەتا ئێستا دانی بەخۆیدا گرتووە، بەرامبەر کوشتنی ڕۆژانەی کوردو ناچارکردنی کورد بۆ کۆچکردنو بەجێهێشتنی ناوچەکە!!) ئەوە چ لێکدانەوەیەکە کە دوای چەندین سەدە، سەرکردایەتی کوردستان، بەئەزموونە دۆڕاوەکەی مەسیحدا بچێتەوە کە ئەیوت: ئەگەر شەپازلەیەکیان سرەواندە ڕوومەتی ڕاستت، ڕوومەتی چەپت ئامادەکە بۆ شەپازلەی دووەم! ئەوە بوو ئەو ئەزموونەی مەسیح، بەلەخاچدانی خۆی کۆتایی هات، بۆیە لەو ڕۆژەوە دنیای مەسیحیتان بەرامبەرو شەپازلەیەك، دەیان شەپازلەی کوشندە ئەوەشێننەوە کە دوا‌هەمینیان ئەو شەپازلە کوشندانانەیە ئەمریکا ئەیسرەوێنێتە تیرۆرستان.

ئاخر ئەزمونگەری کە ئەمڕۆ تەنگی بەفەلسەفەو بیرۆکە هەڵچنیوە، بۆ ئەوە نیە کە ئەزموونە سەرکەوتووەکان پەیرەو بکرێنو ئەزموونە سەرنەکەوتووەکان وازلێبهێنرێن؟ ئەزموونەکەی خانەقینی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بوو، ئەبوایە لەکەرکوكو حەویجەو ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تریشدا هەمان ئەزموون پەیرەو بکرایە، نەك پێچەوانەی ئەو ئەزموونە، ستایش بکرێ!! یا ئەوە بەڕەوا بۆ سەرکردایەتی کوردستان بژمێردرێ کە چاوەڕوان بکا، تا (تیرۆرستان نەخشەی تالێو دوو دوو تیرۆرکردنی هاوڵاتی بگۆڕن بۆ کوشتنی بەکۆمەڵو قەتلوعامی کورد) ئەوسا سەرکردایەتی کوردستان، کەپەنکی دوای بارانێکی لەو جۆرە لەسەر کات! یان ئێستا تەنیا بەوە دابین بێ کە (هەنگاوی ڕاگەیاندنو داوای یاسایی تۆمار بکا هەتا بێگوناهی کوردو تاوانی تیرۆرستەکانو پشتیوانەکانیان، باشتر بچێتە ناو ڕای گشتییەوە!!) یا (کاتێ تیرۆرستان بیگەیەننە ئاستی تاوانی گەورەترو پێویستی کرد کورد دەستبکاتەوە، با لای ڕای گشتیو دەزگا یاساییەکان ساغ کرابێتەوە کورد ناچاری بەرگری کراوە) وەك ئەو ڕستانەی ناو کەوانەکان کە لە وتارەکەدا هاتوون!!

ڕاستییەکەی، وەك عەرەب خۆیان ئەڵێن: (لایفل الحدید الا الحدید ـــ ئاسن نەبێ ئاسن ناچەمێنێتەوە) یا وەك فەرموودەکەی یەزدان: (ومن اعتدی علیکم فأعتدوا علیه بمثل ما اعتدی علیکم ـ ئەوەی دەستدرێژی کردە سەرتان، بەهەمان جۆر دەستدرێژی بکەنەوە سەر) یا (و جزاء السیئة

سیئة مثلها ـ سزای خراپە خراپەی وەك خۆیەتی)، ئەمڕۆ ئەركی سەركردایەتی كوردستان، ئەوەیە: بەر لەلافاوی قەتلوعامێكی تری كورد، بەربەستی ئەو لافاوە بكا ـ ئەمڕۆ كە بەشێك لەفەرمانڕەوایانی بەغداو كەركوك، لەئەندامەكانی سەركردایەتی كوردستانن‌و ژمارەیەك لەدەزگاكانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و سەرباز سەربەو سەركردایەتیەن، سەرباری هێزی پێشمەرگە لەڕۆژێكی ئاوادا ئەو سەركردایەتییە نەتوانێ، یا نەیەوێ بەربەستی كوشتنی تاك تاكو دوو دووی كورد بكا، یا تۆڵەیان بسەنێ، سبەی چۆن ئەتوانێ بەری قەتلوعامێكی لەو جۆرە بگرێ یا تۆڵەی بكاتەوە!؟ بەتایبەتی وەك لەتێكەیشتنی تێكڕای وتارەكەدا دەرئەكەوێ، ئەو سەركردایەتییە تا ئێستا بۆ ئەو مەبەستە هیچ نەخشەو پلان‌و بەرنامەیەكی نییە!! حكومەتی عێراقیش، وەك لەوتارەكەدا هاتووە (هیچ هەنگاوێكی لەجێبەجێكردنی مادەی ٥٨ دا نەناوەو پێ ناچێ بشیەوێ جێبەجێی بكا).

ئەوە هیچ شانازییەك‌و جەوامێرییەك نیە كە (هەتا ئێستا یەك هێرشی كورد لەبەرامبەر هێرشەكانی ئەواندا، بەبەرنامە جێبەجێنەكراوە) لەكاتێكدا ئەوان بەنەخشە بەردەوامن!! خۆپاراستن لەشەڕی تایەفەگەری‌و شەڕی ناوخۆ، هیچ بیانوو و پاساوێك نیە بۆ ئەم (هێمنی‌و پشوو درێژییەی سەركردایەتیی كوردستان!!) ئەوەش ناگونجێ خۆمان بەراورد كەین بەئەمریكاو بڵێین: ئەو چاری تیرۆری بۆ ناكرێ، ئێمە چۆن؟ ئەشێ ئەمریكا بەپای پیلان‌و بۆ بەرژەوەندی مەبەستەكانی خۆی، گەلێ چاوپۆشی بكا، یا بیەوێ درێژە بەم بارودۆخەبدا، یا نەشارەزاو نابەڵەدبێ بەناوچەكەو بەتیرۆرستان، بەڵام كورد هیچ بەرژەوەندییەكی لەوەدا نیە، وەك مەڕی قوربانی، چاوەڕوانی چەقۆی عەرەبی تەعریب بێ، یا بەبارمتە بیرێ، یا كوردەكان ناچار كرێن شوێنەكانیان چۆڵ بكەن، كورد نەشارەزاو نابەڵەدیش نیە بەو تیرۆرستانە، بەتایبەتی لەكەركوك‌و حەویجەدا، كوردەكانی ئەم ناوچەیە، یەك بەیەك‌و ماڵ بەماڵی بەعسیەكانی دوێنێ ئەزانن كە ئەمڕۆ هەر ئەوانن ئەنجامدەری تیرۆری ئەم ناوچەیەو كێشەی ئەم كوردانە (هێمنی‌و پشودرێژی) سەركردایەتی كوردستانە. ئێستا پرسیارەكە ئەوەیە: ئاخۆ ئەم سەركردایەتی كوردستانە، ئەو هەموو چەك‌و لەشكرو سامانەی بۆ چ كاتێكی تەنگانە هەڵگرتبێ!؟ بریا سەركردایەتی كوردستان، ئەو هێمنی‌و پشوودرێژییەی بۆ شەڕی ناوخۆی كوردستان هەبوایە، كێشەكانی ئەمڕۆی كورد، بەتایبەتی تیرۆر لەدژی كورد، پێویستی بەچارەسەری كوتوپڕ تەمێ كردن هەیە، نەك خەمساردی‌و چاونووقاندن.. ئافەرین بۆ ئەزموونەكەی خانەقین‌و شەرم بۆ ئەزموونی كەركوك‌و حەویجە.

سلێمانی ٢٠٠٥/١/٢٢

کامیل ژیر:

دەنگ دەدەین بەو لیستەی بیرو بەرنامەیان لەئێمەوە نزیکە

هاوبیر: دەنگ وا بوو کە هاوبیرانی کوردایەتیش لەخۆئامادەکردندا بوون بۆ هەڵبژاردنەکان، کەچی کەلیستەکان ئاشکرا کران، لیستی ئەوان دیار نەبوو!!

کامیل ژیر: ئێمە بەتەنیا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەخۆئامادەکردندا بووین، لەدوای کەوتنی رژێمی سەدامەوە، ئەگەری هەڵبژاردنی دووەم پەرلەمانی کوردستان دروست بوو، ئێمەش لامان باشبوو لیستێکمان هەبێ، بۆ ئەو مەبەستە، چەندین کۆبوونەوەمان کرد. پەیوەندیمان بەژمارەیەك لەهاوبیرانی دەرەوەی ولاتیشەوە کرد، ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٩ لەهۆڵی کۆلیجی پزیشکی زانکۆی سلێمانی، کۆڕێکمان بەست، کۆڕەکە، ئەگەرچی بەناونیشانی (چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەڕێگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە) بوو، بەڵام لەدەرگای هەڵبژاردنیشمان دا. لەم دواییەشدا لیستێکمان گەڵاڵە کرد، لیستەکە سەرەتا بریتی بوو لەهەشت پارێزەرو چوار مامۆستاو پرۆفیسۆری زانکۆو دوو مامۆستاو یەك ئەندازیارو دوو فەرمانبەرو دوو نوسەرو رۆژنامەنووس و یەك هونەرمەندو یەك بەڵێندەرو یەك پزیشك و تۆ خوشکی هاوبیر لەخاوەن پیشەو توانا جۆربەجۆرەکان. بەتەما بووین بەشداربوونی لیستەکەمان چەندین جار زیاتر کەین، بەڵام بەهۆی هەندێك ئاستەنگیەوە، هەڵوێستەیەکمان بۆ کرد.

هاوبیر: ئاستەنگەکان چی بوون؟

کامیل ژیر: یەکەم: دانانی بڕی پێنج هەزار دۆلار! لەڕاستیدا ئێمە ئەو بڕە پارەیەمان لەدەستدا نەبوو، دووەم: ماوە نەدان بەکوردانی هەندەران بۆ دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان! ئەوە ئەگەر بۆ هەموان زیانێك بێ، بۆ لیستەکەی ئێمە زیانێکی زیاترە، چونکە ژمارەیەکی زیاتر دەنگی لەکیس ئەدایین. سێیەم: ئەو مەرجە کە لەسەرەتاوە وتیان ئەبێ پیشەکی هەموو کەس خۆیان لەناوەندەکاندا ناونووس کەن. ئەمەش ئەبووە هۆی ئەوەی خەڵکی ناحیزبی کە جێگە هیوای ئێمە بوون دەنگمان بدەن، ئەو (خۆناونووسە) نەکەن و ڕۆژی هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان نەبێ و دەنگدانەکە پاوان بێ تەنیا بۆ حیزبەکان.

هاوبیر: ئایا هیچ پەیوەندیەکتان بەلیستەکانی ترەوە کردووە؟

کامیل ژیر: ئێمە لەو هەڵوێستەو بیرکردنەوەو لێکدانەوانەدا بووین، مامۆستا بەهادین نوری پەیوەندی پێوەکردین و وتی ئێمەش، چەند کەسێکی بێلایەن، لیستێکمان هەیەو پارەکەشمان داوە. داوای لێکردین هاوکاری یەك بکەین. بۆ ئەو مەبەستەو بۆ زیاتر لەیەکتر گەیشتن، ژمارەیەك کۆبوونەوەو دانیشتمان کرد. کاتێك گەیشتینە ئەو ئەنجامەی ئێمەو ئەوان پێکنایەین، ماوەی ئەوە بەسەرچوو لیستەکەی خۆمان پێشکەش کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان بکەین، لەلایەکی تریشەوە، یەکێك لە حیزبەکان، داوایان لێکردین، بەناوی بێلایەنەوە، بەشداری لیستەکەیان بین. لەوەڵامدا وتمان ئێمە وەك تاك ئامادە نین بەشدارییەکی لەو جۆرە بکەین لەگەڵ هیچ حیزبێکدا، بەڵام ئەشێ وەك (ائتلاف) هاوکاری بکەین بەو مەرجەی لەپەرلەماندا کەسایەتی لیستەکەمان بمێنێ و مافی ڕای جیاوازمان هەبێ، ئیتر ئەو حیزبە نەهاتەوە بەلاماندا.

هاوبیر: بەرنامەی لیستەکەتان چی بوو؟

کامیل ژیر: بەرنامەیەکی گشتگیری فرە بابەت بوو، لێرەدا تەنیا هێما بۆ چەند خاڵێکی ئەو بەرنامەیە ئەکەم:

١- وەستان دژی هەر کەرتبوونێکی قەوارە سیاسییەکەی باشووری کوردستان، یا بەستنەوەی بەداگیرکەرانی کوردستانەوە بەجۆرێك کە ژێردەستەیی و کۆیلەیەتی گەلەکەمانی لێبکەوێتەوەو فراوانکردنی ئەم قەوارەیە تاڕادەی ناوچە کوردستانیەکانی موسڵ و کەرکوك و دیالەو کوت.

٢- کۆتایی هێنان بەپاوانکردنی ئەو جۆرە حیزبایەتییەی بوە هۆی شەڕی ناوخۆو لەتکردنی کوردستان و تاڵانکردنی سامانی کوردستان و دروستبوونی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و سیاسی و یاسایی و رەوشتی و چاوپۆشین لەبەعسی و ناپاکان.

٣- دارشتنی دەستورێك بۆ قەوارە سیاسیەکەی باشووری کوردستان کە حوکم و سەروەریی یاسا لەو دەستورەوە سەرچاوە دەگرێ.

٤- نوسینەوەی مێژووی کورد لەدیدێکی نەتەوەییانەوە.

٥- هەموو داهاتەکانی کوردستان بچنە گەنجینەی حکومەتی کوردستانەوەو دەستی حیزبەکان لەسەر ئەو داهاتانە هەڵگیرێ و بنەمای (ئەمەت لەکوێ بوو؟) پەیرەو بکرێ.

٦- دامەزراندنی سوپایەکی بەرگری یەکگرتوو بۆ کوردستان.

٧- کورد یەك نەتەوەیەو کوردستان یەك نیشتمانەو هەموو دەستکەوتێکی سیاسی ئاراستە ئەکەین بۆ یەکێتی کوردو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان.

٨- مانەوەی باشووری کوردستان، لەم قۆناغەدا بەدەوڵەتی عێراقەوە، بەندە بەوەوە کە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی لەبەغدا، دان بنێ بەفیدراڵی راستەقینەو دیاریکردنی سنوری سروشتی کوردستان و فراوانکردنی هەرێمی کوردستان تا رادەی ئەو سنورە سروشتییەو دان بنێ بەمافی نەتەوەکەمان لەدیاریکردنی چارەنوسی خۆیدا بەڕەهایی و بەبێ مەرج.

ئەوە بەگشتی هەندێك لەو خاڵانە بوون کە ئەشێ جیاکەرەوەی لیستەکەی ئێمە بن لەلیستەکانی تر. ئەگینا ئێمەش لەبارەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شارستانی و ئازادی و مافی کەمینەکان و یەکسانی هەربوو رەگەز و عیلمانی و یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئابوری وڵات و نەوت و ئاو ژینگەو رۆشنبیری و زانست و وەرزش. . هتد وە باری سەرنجی خۆمان هەبوو. ئەم پەرلەمانەش، وەك ئەڵێن ئەگەر ماوەکەی یەك ساڵ بێ، ئەوا بۆ هەڵبژاردنێکی تر زۆری نامێنێ و ئەوسا هەڵوێست و قسەی ترمان ئەبێ.

هاوبیر: ئەی ئێستا دەنگ بەکام لیست ئەدەن؟

کامیل ژیر: لایەنگری لیستێك ئەبین کە زیاتر بیرو بەرنامەیان لەئێمەوە نزیك بێ، بۆ هەڵبژاردنی عێراقیش، ئێمە ئەگەرچی بەگرنجاوی نازانین خۆمانی بۆ کاندید بکەین، بەڵام وەك دەنگدەر، دەنگ ئەدەین بەلیستی کوردیی هاوبەش، بەمەرجی ئەم لیستە تێکەڵ بەهیچ لیستێکی ناکوردی نەبێ.

تیرۆرو غافڵ کوژی لە کوردستان دا
کێ لێی بەرپرسیارە...
چۆن بنـــەبڕ دەکرێ؟

گفتوگۆیەک لەگەڵ سیاسەتمەدارو ڕووناکبیران

هەر کە گوێبیستی وشەی تیرۆر دەبین ڕاستەوخۆ کۆمەڵێك حاڵەتی ناخۆش لە هەست و نەستدا جێگر دەبێت و مرۆڤ لە بارێکی ئاساییەوە دەچێتە بارێکی دەروونی خراپ و سەرجەم کارە دزێوەکانی وەك ترس و هەڕەشەو نەمان... هتد دەچنە بیرو هۆشییەوەو دووچاری شەکەتبوونی جەستەیی دەبێت. هەر بۆیە ئەو کەسانەی یان ئەو لایەنانە کە ڕەفتاری تیرۆرستانە ئەنجام دەدەن، کەسانی نەخۆش و دژ بە ئاسودەیی و ئاسایشی خەڵکین کەسانێکن کە بوونەتە داردەستی کۆمەڵە تێکدەرێك کە حەز بە هیچ گۆڕانێك و بەرەوپێش چوونێك ناکەن، بە عەقلیەتێکی دوگما بیردەکەنەوەو تەماشای دەوروبەر دەکەن. جا هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئاشکرایە کە تیرۆر لە کوردستاندا تا ئەندازەیەك پەرەی سەندوە.

ئەم جۆرە ڕەفتارە دژ بە مرۆڤایەتی و دزێوو ترسناکە ئەگەر سنورێکی بۆ دانەنرێت و کارێکی جدیانەی لە لایەن دەزگا بەرپرسەکانەوە بۆ نەکرێت ئەوا پشێوی سەرانسەری کوردستان دەگرێتەوەو دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پیادەکردنی دیمکراسیەت و ئەرکە نیشتمانییەکانی ئەمڕۆ و سبەینێ.

جا بۆیە بە چاکمان زانی کە کەسانی سیاسەتمەدارو یاسا ناس و دیموکراتیخواز بانگێشە بکەین تا ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر ئەم دیاردە تێکدەرو ترسێنەرە بخەنە ڕوو. بەو ئومێدەین کە ئەم ڕاوبۆچوونانە ببێتە هاندەرێك بۆ چارەسەرکردن و بن بڕ کردنی ئەم دیاردەیە.

ئا/ بەشی ڕێزۆاز

بەڕێز کامیل ژیر/ پارێزەر:

ئەگەر فەرمانڕەوایان لەوڵاتێکدا خۆیان ڕێزی یاسا نەگرن، یاخود توانای ئەوەیان نەبێ کە دەستورێك بۆ وڵات دابنێن و کۆمەڵێك یاسا لە چوارچێوەی ئەو دەستورەدا نەبێ، ئیتر چۆن چاوەڕوان دەکەن خەڵکی سادەو نەزان ڕێزی یاساو مافی مرۆڤ بگرێت، کەواتە بۆ ئەمڕۆی ئەم تاقیکردنەوەیەی هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەدەستورێك هەیە بۆ وڵات. ئینجا کۆمەڵێك یاسا کە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردەواریدا بگونجێ.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، گیانی بەبەردا نەکرێ، واتە هەموو دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن و یاساکاری و دادوەری تەواوی نەبێ، بەبێ دەستێوەردانی حیزبەکان، ئەوا ئەو حکومەتە هەر بەئیفلیجی ئەمێنێتەوەو نەیاسا جێبەجێدەکرێ، نە ڕێزی مرۆڤیش ئەگیرێت. وەك ئەبینین ئەمڕۆ

تیرۆر گەیشتۆتە رادەیەك كە دەستدرێژی ئەكرێتە سەر تەنانەت پیاوانی یاساو دادوەرو پارێزەر، كە ئەمانە پیشەو كاریان تەنیا جێبەجێكردن‌و چەسپاندنی یاسایە. بەرای من باشترین چارەسەر ئەمڕۆ بۆ هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە مل ملانێی حیزبەكان، جارێ دوابخرێ تا كاتی ئەم تاقیكردنەوەیەمان ئەكاتە قۆناغێك كە تەولو خۆی بگرێ‌و ئەو مەرجانەی كە بۆ قەوارەی حكومەتێك پێویستە دابینكرێ، ئەوساكە مەترسی هەرەس‌و رووخانێكی ترمان نەما، ئەوسا مل ملانێی حیزبایەتیش كارێكی خراپ نابێ. خاڵێكی تر ئەوەیە كە بەگوێرەی دیاردەی چەكداری نەمێنێت‌و هەموو دەسەڵاتێك بدرێتە حكومەتی هەرێم. بۆ ئەمەش پێویست بەوە دەكات كە كەسی یەكەمی ئەو حیزبانەی كە بارستاییەكی دیاریان هەیە، بەشداری فەرمانڕەوایەتی ببن. هەر بۆ رێزگرتن لەدیموكراتیەت‌و یاساو مافی مرۆڤ، پێویستە میللەت پرچەك بكرێت بە خوێندەواری‌و رۆشنبیری‌و هوشیاری. چونكە ئاشكرایە نەتەوەیەك ئەتوانێ رێزی یاسا بگرێت هەروەها بایەخی دیموكراتیەتی بزانێ كە هوشیارو رۆشنبیربێت.

بڕیاری ٦٨٨
لە دیدی یاساناسانی کوردستانەوە

ئامادەکردنی/ پارێزەر: چینەر عەلی جۆلا

پاش داگیرکردنی کوێت لەئابی ١٩٩١دا بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆز لەناوچەی کەنداودا هاتەگۆڕێ؛ کە لەپێناو گێڕانەوەی سەروەرێتی بۆ دەوڵەتی کوێت بەپشت بەستن و گەڕانەوە بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، وڵاتان کەوتنەخۆو چەندین بڕیاری گرنگ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرکران... بەڵام دوای کۆڕەوی کورد، بۆ ڕێگرتن لەپێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەکوردستان و عێراق لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگدا لە ١٩٩١/٤/٥ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی دەرکرد، کە بۆ کورد ئاوڕدانەوەیەکی نێودەوڵەتی گرنگ بوو. دوای خامۆشیەك ئێستاو جارێکیتر ناوی ئەم بڕیارە هاتەوەگۆڕێ.

بۆ تاووتوێکردنی مەغزا یاساییەکانی ئەم بڕیارەو کاریگەری لەسەر ئایندەی ئەزموونەکەمان، کردنەوەی بەم پرسیارانە بەپێویست دەزانین.

پرسیاری یەکەم:

❖ ئایا بڕیاری ٦٨٨ بڕیارێکی (ملزمە) لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی؟ یاخود تەنها توصیەك بوو بۆ بارودۆخێکی تایبەتی؟

پرسیاری دووەم:

❖ ئایا جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی بڕیارەکە لەڕووی (یاسایی)یەوە یاخود خەلفیەی سیاسی هەیە؟

پرسیاری سێیەم:

❖ تاچەند دەتوانرێت ئەم بڕیارە وەکو مەرجەعیەتێکی قانونی دەولی پشتی پێببەسترێت بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسی لەئاستی نێودەوڵەتی لەلایەن گەلی کوردەوە؟

پرسیاری چوارەم:

❖ لەداهاتوودا ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت؟ یاخود وەکو چەندین بڕیاریتر دەکرێت بەقوربانی بەرژەوەندی تایبەتی دەوڵەتان؟

بڕیاری (٦٨٨) ٥ی نیسانی ١٩٩١

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی:

١. سەرکوتکردنی خەڵکی مەدەنی عێراقی و ناوچە کوردنشینەکانی مەحکوم دەکات.

٢. داوا لە عێراق دەکات ئەو سەرکوتکردنە ڕاگرێت.

٣. سوورە لەسەر ئەوەی کەدەبێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ڕێگەیان پێبدرێ بۆ ئەوەی یارمەتییە مرۆییەکان بگەیەننە هەموو جێیەکی عێراق.

٤. داوا لەسکرتێری گشتی دەکا کە ڕاپۆرتێك لەسەر مەینەتیەکانی دانیشتووە مەدەنییە عێراقییەکان و بەتایبەت دانیشتووە کوردەکان ئامادەبکات.

٥. داوا لەسکرتێری گشتی دەکا تا بەپەلە پێداویستییەکانی ئاوارەو دەربەدەرە عێراقییەکان دابین بکات.

٦. بانگەشەی وڵاتانی ئەندام و هەموو ڕێکخراوە مرۆدۆستەکان دەکا تا لەم هەوڵە فریاگوزارییە ئینسانییەدا بەشداربن.

٧. داوا لەعێراق دەکرێ لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم مەبەستانە هاریکاری سکرتێری گشتی بکات.

٨. بڕیاردەدرێ کە ئەو مەسەلەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدا بمێنێتەوە.

پارێزەر کامیل ژیر:

بڕیاری ٦٨٨ بڕیارێکی مولزەمە

١. بۆ وەڵامی پرسیاری ئایا بڕیاری ٦٨٨ لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە مولزەمە؟ دەشێ سەرەتا بپرسین ئایا یاسای نێودەوڵەتی خۆی لەخۆیدا یاسایە؟ بەلای یاساناسێکی وەك Austin لەئینگلتەرا یاسانیە، بەڵکو ئەوە ژمارەیەك ڕەوشتی نێودەوڵەتی داتراوەو ناوی یاسایان لێناوە، لەئەلمانیاش Lasson و لەفەرەنسا Ferrandiere و لەئەمریکاش Sterling Edmunde لەسەر هەمان ڕابوون، بیانووی ئەمانە لەپێناسەی (یاسا)وە هاتبوو کەدەڵێ: یاسا کۆمەڵێك فەرمانە، دەسەڵاتێکی بەرزی یاسایی دەیسەپێنێ و چەسپاندن و جێبەجێکردنیشی دەکەوێتە سەر هەندێك دەستەی دادوەری و سەر سزایەك کەخەڵکی ناچاردەکا پەیڕەوی بکەن. جا لەبەرئەوەی یاسای نێودەوڵەتی ئەو دەستە دادوەری و سزاییەی نیە، بەیاسا ناژمێردرێ. دیارە کە بەیاساش نەژمێردرا مولزەم نابێ.

ئەم ڕایە زوو ڕەتکرایەوە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەمیشە پەیڕەوی ئەو یاسایانەی کردووە کە لەئەنجامی عورف و ڕێککەوتننامەوە هاتوونەتە ئاراوە، واتا مەرج نیە هەموو یاسایەك دەسەڵاتێکی یاسادانان داینێ. ئێستاش هەروایەو هەندێجار عورف یا ڕێککەوتننامە یا بڕیاری پێشووی دادگاکان، بەیاسا دەژمێردرێ و پەیڕەوییدەکرێ. لەبارەی دەسەڵاتی چەسپاندنیشەوە، ئەوەبوو ساڵی ١٨٩٩ دەزگای ناوبژیکردن لەلاهای و دادگای دادی نێودەوڵەتی هەمیشەیی ساڵی ١٩٢٠ و دادگای نێودەوڵەتی بەپێی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵی ١٩٤٥ دانران. لەم ساڵیشدا دادگایەکی هەمیشەیی لەلاهای دانرا بۆ دادگایی کردنی تاوانکارانی جەنگ.

لەبارەی مەرجی جێبەجێکردنی سزاکانیشەوە، بەکردەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گەلێ سزای سیاسیو سەربازیو ئابووری سەپاند، وەك ئەوەی بەرامبەر عێراق کرا دوای شەڕی کوێتو سزای جینائی وەك دادگاییکردنی تاوانکارانی جەنگ.

کەواتە ئێستا هیچ گومانێك لەوەدا نەماوە کەیاسای نێودەوڵەتی یاسایەکی تەواوە. کەیاساش یاسای تەواوبێ، ئەوا بێگومان مولزەمە بۆ هەمووان.

لەو گۆشەنیگایەوە، بڕیاری ٦٨٨ بڕیارێکی یاساییو مولزەمە. راسپاردە (توصیە)ش نیە. چونکە برگەی (١)ی بڕیارەکە دەڵێ: (ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی ئەو داپڵۆسینە دەکات کەبەرامبەر دانیشتوانە شارستانیە عێراقیەکان دەکرێ لەزۆر بەشی عێراقداو لەم دواییەشدا ناوچەی دانیشتوانی کوردی گرتۆتەوەو ئەنجامەکەشی هەڕەشە لەئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتیو ناوچەکە دەکات.

لێرەدا وشەی (ئیدانە) هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە کەعێراق بەتاوانکار زمێردراوە، بۆیە ئەو بڕیاری (٦٨٨)ی بەسەردا دراوە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەم بڕیارە خۆی ئیلزام کردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە. واتا بۆ سەرکوتکردنی عیراق هەرکات لەو بڕیارە لابدا، ئەمەش مەسەلەیەکی کاتی نیە، بەڵکو درێژخایەنە ئەگەر هەمیشەیی نەبێ.

٢. بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم ئایا جێبەجێنەکردنی بڕیارەکە تائێستا دەگەڕێتەوە بۆ کەموکوڕی بڕیارەکە لەڕووی یاساییەوە یاخود پێشینەی سیاسی هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێم ئێوە بۆچی ئاوا بەرەهایی دەڵێن بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە؟! ئەی هێڵی ٣٦و چەکوشی ئامادەو ناوچەی ئاسایشو هەرێمی نەفرینو سزای سەربازیو ئابووری بەرامبەر عێراقو ئەو هەموو رێکخراوە مرۆییەو ناچارکردنی عێراق بۆ رێپێدانیانو بڕیاری ٩٨٦و...هتد چین؟ بێگومان ئەوانە بەشێکی گرنگن لە ئەنجامی بڕیارەکە، بڕیارەکەش لەڕووی یاساییەوە وەك لەسەرەوە رۆشنمانکردەوە کەموکوڕییەکی یاسایی تێدانیە، وەك ئەنجامیش ئەو بڕیارە هەرئەوەندەی لێهەڵدەکرێ.

٣. من لەناواخنی وەڵامی یەکەمدا، ناڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیاری سێهەمیشم داوەتەوە، لێرەشدا دووپاتی دەکەمەوە کە لەڕووی یاساییەوە ئەو بڕیارە سەرچاوەیەکی نێودەوڵەتیەو پشتی پێدەبەستریَ لەو هەوڵو تەقەللایانەی گەلی کوردستان بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتی سیاسی لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەیدات.

٤. لەوەڵامی پرسیاری چوارەمدا دەڵێم: دوارۆژی ئەم بڕیارە بەندە بەخۆمانەوە ئێمەی کورد، ئێمە ئەگەر خۆمان رێکوپێك بین، نرخی ئەو بڕیارەو کۆششی دۆستەکانمان بزانین، ئاسایشی کوردستانو ناوچەکە نەخەینە مەترسییەوە بەشەڕی ناوخۆو کوردستان نەکەینە گۆڕستان بۆ کوردو دۆستانی کورد، گوێ لەقسەی ئەوانە نەگرین کەلەسای سێبەردلو لەپشتی لووتیانەوە فەلسەفەی سیاسیمان پێدەفرۆشنو دەڵێن ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاتوونو دەمانپارێزنو یارمەتیمان دەدەنو...هتد، ئەوا دوارۆژی بڕیارەکە درێژەی دەبێو ئەنجامدارد‌ەبێ.

من تێناگەم بابایەکی نەرویجی، سویدی، نەمسایی کەهەزاران فرسەخ رێگەیان بڕیوە بۆیارمەتی ئێمەو هیچ کام لەو وڵاتانەش بەئیمپریالیزم نەناسراون، دەبێ چ بەرژەوەندییەکیان هەبێ لەکوردستاندا؟ ئینجا ئەم دنیایەش خۆ هەمووی بەرژەوەندی دەیبزوێنێ، چی تیایە ئەگەر بەرژەوەندیەکی هاوبەش دوولا بەیەك بگەیەنێ؟

لەلایەکی ترەوە راستە لەو بڕیارەدا ئەوە هاتووە کەهەموو دەوڵەتە ئەندامەکان جەخت لەسەر ئیلتزام دەکەن بەرامبەر سەروەریی عێراقو هەموو دەوڵەتەکانی ناوچەکەو ئاسایشی هەرێمیانو سەربەخۆیی سیاسیان. بەڵام لەڕووی کردەییەوە ئەم بەشە ئازادەی کوردستان، ئەوە هەشت ساڵە هەموو مەرجێکی سەربەخۆیی تێدایە وەك سنوورێکی دیاریکراو، دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنو یاسادانانو دادوەری، هێزی سەربازیو پۆلیسو ئاسایش، سێ زانکۆ...هتد کەئەمانە هەمووی واتای سەربەخۆیی دەگەیەنن لەم بەشەدا ئەگەرچی نەتەوەی کورد چاوی لەسەربەخۆیی هەموو بەشەکانی تریشەوەیە، ئاکە خاڵێك کە دەشێ پرسیاری لەبارەوەبکرێ؛ ئەوەیە کەئێمە ئەندام نین لەکۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا؟ ئەوەش هیچ مەرجێك نیە بۆ قەوارەیەك. دەکرێ میللەتێك دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێو ئەندامیش نەبێ لەو ڕێکخراوەدا؛ وەك سویسرا کە تا ئێستا ئەندام نیە لەکۆمەڵی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

٥. خاڵێکی لاوازو گومڕا لەبڕیاری ٦٨٨ دا تەنیا خاڵی هەشتەمە کەدەڵێ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاردەدا ئەم مەسەلەیە لەبەر تێڕوانیندا بهێڵێتەوە. دیارە ئەوەش مافێکی خۆیانەو خۆ هەتا دنیا دنیایە پاسەوانی ئێمە نابن. ئێمە پێویستە ئەم هەلە لەدەست نەدەینو بەخێرایی ناوماڵی خۆمان ڕێکخەینو بگەڕێینەوە سەر ڕێبازی پیرۆزی کوردایەتیو واز لەحیزبایەتی بهێنینو یەکێتی کورد بخەینە سەروو هەموو بەرژەوەندیەکی تایبەتیو خۆییەوەو کاری گونجاو بسپێرین بەکەسی گونجاوو لەماوەیەکی کەمدا سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانیو ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەییو دەستوورێكو کۆڕێکی زانستیو گەلێ هەنگاوی تر ئەنجام بدەینو دەرگای مافیایەتیو گیرفانبڕکردن دابخەینو ریزەکانی گەلو فەرمانگەکان پاك بکەینەوە لەخراپەکارانو ئاشتبوونەوەی گشتی بەدیبهێنینو هەڵبژاردنێك بەشێوەی دانیری نەك ڕێژەیی بکەینو ئەوانەی میللەت هەڵیان دەبژێرێ ئەوانە ببنە فەرمانڕەواو کاری وڵات بگرنەدەستو ئیتر حیزبایەتیو هۆزایەتیو بنەماڵەیەتی قەدەغەبکرێ تا ڕۆژگارێك کەئاستی ڕۆشنبیری کوردیش دەگاتە ئاستی ڕۆژئاوا، ئەوسا فرەحیزبیش لەسەرچاوان، لەم بارەیەوە فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان (تریتشکە) دەڵێ: "ئەو نەتەوەیەی هێشتا لەپێناوی سەربەخۆییدا خەبات دەکات، بۆ فرەحیزبی دەست نادات" ساڵی ١٨٥٩ ش لەبیدمونت لەژێردەستی کافوردا حیزبایەتی کۆتایی پێهات. گرێکوێرەی کوردیش بەنەهێشتنی حیزبایەتی دەکرێتەوەو هیوادارم لەباسێکی تردا لەم مەسەلەیە زیاتر بدوێم.

ووردە ڕازێــــــــــــــك
لە باری ڕۆژنامەنووسییەوە

بۆ ڕۆژنامەی بەرێزی ڕێبازی ئازادی ژ ١٦٠ پێنج شمە ١٩٩٩/٩/٢

٥. گومان لەوەدا نییە کە ڕۆژنامەنووسی، خۆی لە خۆیدا پیشەو پەیامێکی مەزنو پیرۆزە، ڕاگەیەنەری دەنگی مرۆڤە بۆ مرۆڤ، دیاردەیەکی شارستانییە، ڕوخسارێکی دیموکراتیانەیە، دەستەلاتی چوارەمە. بەلام ئەم پیشەیەش وەك زۆر پیشەو دیاردەی تر، کاری خراپی تێکراوەو ئێستا ناتوانین بەو ڕەهاییەو بەو جۆرە پێناسەی بکەین.

٦. ئەمڕۆ ڕۆژنامەنووسی چەند شێوازێکی گرتۆتە خۆی:

٧. شێوازی زمانحالی حکومەتو حزبەکان کە ئەمانە تەرخانن بۆ خزمەتی لایەنەکانیانو تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی ئەو لایەنانەوە ئەڕواننە گێتیو ، عەرەب واتەنی (أنصر أخاك ظالما أو مظلوما) واتا پشتگیری براکەت بکە، زۆرداربێ یا زۆرلێکراو. ئەوانیش هەر پشتگیری دیدو بۆچوونو کارو کردەوەی لایەنەکانیان ئەکەن.

٨. شێوازی بەکرێگیراوی کە ئەمانە کێ شاباشی بداتێ بۆ ئەوان بلوێر لێئەدەن.

٩. شێوازی بازرگانی کە ئەم جۆرەیان وەك کارو کاسبیەك دەستیان داوەتە ڕۆژنامەنووسیو هەمیشە حسابی قازانجو زەرەر ئەکەن، بە دووی ئیعلان بلاوکردنەوەو پروپاگەندەدا وێڵن، هیچ جۆرە ئایدۆلۆجیەك بە ڕەوتی کارەکانیانەوە دیار نیە.

١٠. شێوازی خزمەتگوزاری کۆمەڵو مرۆڤایەتی کە ئەمەیان خاوەنی پیشەو پەیامە پیرۆزەکەنو ئەکرێ پێیان بوترێ دەستەلاتی چوارەم یا زمانحالی میللەت.

١١. لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا زیاتر ئەم شێوازی دواییەیان ئەبینرێت، وەك کوردستانەکەی میقداد بەدرخان تا ئەگاتە هەوڵەکانی پیرەمێردو حوزنیو گیوو موسا عەنتەرو بەڕێوبەرانی گۆڤارەکانی گەلاوێژو شەفەقو هیواو ڕووناکیو ڕۆژی کوردستانو گەلێ ڕۆژنامەو گۆڤاری تر کە ئەسەر بە هیچ لایەنێك بوونو نە لە دەرباری کەسدا بوون.

١٢. هەرچۆنێ بێت ئەرکی ڕۆژنامەنووس، وەك کار، ئەرکێکی سەختو گرانە لە دوو ڕووەوە. لە ڕووی بیرمەندیەوەو لە ڕووی بازوو ئامێزییەوە.

١٣. لە ڕووی بیرمەندییەوە، پێویستی بە ڕۆشنبیریو زانیارییەکی فراوان هەیە.

١٤. لە ڕووی بازو ئامێزیشەوە، پێویستی بە شەونخونیو ماندووبونێکی زۆرو کاتێکی فرلوان هەیە.

١٥. وەك ئەنجامیش، ژیانی ڕۆژنامەنووس، لە ژیانی گەلێ کارمەندی تر زیاتر لە مەترسیدایە.

١٦. بە تاقیکردنەوەی سالانی ڕابردوو دەرکەوتووە، ڕۆژنامەنووس، وەك ڕێژە، لە هەموو کارمەندی تر زیاتر تووشی گرتنو ئەشکەنجەو کوشتنو ناکاوکوژی بووە.

١٧. لە ڕووی یاداشتیشەوە، لە باشترین باردا، یادداشتەکەی بە پەرێزی ئەرکو ماندووبوونەکەیو مەترسی ژیانەکەیدا ناچێ، ئەوە جگە لەوەی ڕۆژنامەنووسانی شێوازی خزمەتگوزاری کۆمەڵو مرۆڤایەتی، سەرباری ماندووبوونو کوێرەوەرییو مەترسی ژیانیان، هەمیشە لە ماڵو موڵکو لە دەمی خۆیان گێڕاوەتەوە بۆ ئەوەی پەیامە پیرۆزەکەیانی پێ بگەیەننە ئەنجام.

١٨. لە یادمە سالانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ کاتێ زۆربەی ئەرکی دەرکردنی گۆڤاری (هیوا)ی یانەی سەرکەوتن لە بەغدا کەوتبووە سەرشانی من لەگەڵ ڕێزم بۆ خوالێخۆشبوو مامۆستا (کەریم زلنستی) و مامۆستا (محمد نوری عارف) و مامۆستا (نەسرین فەخری) کە هەریەکەیان بۆ ماوەیەکی کاتیو دیاریکراو یارمەتیان ئەدام، بێوچان بوومو یاداشتەکەشی نەی ئەژیانمو کاری ترم بەدەمەوە ئەکرد بۆ بژێوی. ساڵی ١٩٥٩ش لە بەغداد سەرپەرشتی دەرکردنی هەفتەنامەی پاشکۆی (ڕۆژنامەی خەبات) بە کوردی، بە من سپێردراو سەرەتا تەنیا خوالێخۆشبوو مامۆستا (حیلمی عەلی شەریف) یاریدەی ئەدام، لەو ماوەیەدا، بە ڕۆژ ئامادەکردنو شەوانیش تا درەنگ کاتو شەوانی کۆتایی هەفتەش لە چاپخانەدا ڕۆژم ئەکردەوە. ئینجا سەرباری ماندووبوونی خۆم، زۆریش بەزەییم بە خوالێخۆشبوو (جەواهیری) شاعیری گەورەی عەرەبدا ئەهاتەوە کە ئەویش شەو تا بەیانی لەو چاپخانەیەدا، کە هی خۆی بوو، ڕۆژی ئەکردەوە بە دیار ڕۆژنامەکەی خۆیەوە، ئەگەر چی ئێستا یەکێك لە یادەوەریە خۆشەکانم، ئەو شەوانەن کە ناوبەناو لەگەڵ جەواهیریدا باسوخواسی ویژەییو سیاسیمان پێکەوە ئەکرد، ئێستا زوو زوو یادی ئەو شەوانە ئەکەمەوە بە هۆی ئەوەوە کە پەیکەرەکەی جەواهیری نزیك ماڵی ئێمەیە لە سەرچنارو ڕۆژانە چەندجار بە لایا تێیەڕ دەکەمو جارجاریش ئەپرسم ئەڵێم تۆ بڵێی دوای مردنم کەللەسەرێکی تر نەبێتەوە بە ئاوەڵی کەللەسەرەکەی جەواهیری لە سەرچنار؟!

١٩. ساڵی ١٩٩١ یش وەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی ڕاگەیاندنی پاسۆك، سەرپەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی (سەربەخۆیی) کەوتە ئەستۆی منو لە کاتی ڕەوەکەشدا لە بەرزاییەکانی بیارەو ماوەیەکیش لە قەلاچوالانو دوای گەڕانەوەشمان بۆ سلێمانیو تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ ، بە تایپو بە ئامێری لەبەرگرتنەوە، بەردەوام بووم لەسەر ئەو کارە بە یارمەتیو هاوکاری ژمارەیەك لە هاوبیرانی وەك مامۆستایان ئازاد (ئازادە ڕیشە)و ئازاد عەلیو نزار محمدو کاندیشو سەلام عەبدولو دلێر. لە کۆتاییدا ئەڵێم ڕۆژنامە، ئەگەر چی کارێکی سەختو گرانە، بەلام لایەنی خۆشیشی تێدا هەیە. من بەش بە حاڵی خۆم لە دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانە، هەستم بە وچانێکو جۆرە بەختیارییەك ئەکرد.

ڕۆژنامەی ڕێزداری برایەتی ژ ٣٤٧٧ دووشەممە ٢٠٠١/٩/٣

شیعری کوردی ئەمڕۆ لە مەرگەساتێکی هەقیقی دایە

دیمانە: بوکان جلال

لە پەنجاکاندا، لە پاڵ شاعیرانی وەک عبدڵلا گۆران وەدەموش و کامەران موکری و هەردی و دیلان، شاعیرێکی دیکەی لاو، بەڵام بە ئەزموون و لێهاتوو لە ڕیزی ئەو شاعیرانە سەری هەڵداو بەرهەمەکانی کەوتنە بەر دیدو دڵی هەوادارانی شیعرەوە، ئەویش مامۆستا (کامیل ژیر)ی شاعیرە، کە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا لە هەولێر بووە میوانی فیستیڤاڵی مەحوی شاعیر، لە هوتێلی نوتێلی چوارچرا پێی شاد بووین و ئەم گفتوگۆیەشمان لەگەڵدا ڕەخساند:

❖ **وەچەی ئێوە چ ئیزافەیەکی خستوەتە سەر کاروانی شیعری کوردیمان؟**

- بە هۆی کاریگەریتی شیعری تورکیو ئینگلیزیەوەو لە سەر دەستی مامۆستا (شێخ نوری شێخ ساڵح)ی شاعیرەوە، دواتریش گۆران و هاوەڵانی، کە منیش یەکێک بووم لەوانە، کودەتای فۆرمی شیعری نوێی کوردیمان چەسپاند، تا ئەمڕۆکەش ئەو ڕێبازە شیعرییە لە ڕووی تەکنیکی فۆرمەوە پەیڕەوی دەکرێ و بەردەوامە.

❖ **بەڵام زیاتر وا زانراوە کە مامۆستا (گۆران) سەرکردەی ئەو کودەتایە بوویێت؟**

- نەخێر، زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم سەرەتا (شێخ نوری شێخ ساڵح) فۆرمی نوێخوازی لە شیعری کوردیدا هێنایە ئاراوە.

❖ **سیمای ڕۆمانسیەت بەسەر زۆربەی بەرهەمە شیعریەکانتا زاڵە؟**

- سەرەتای دەست پێکردنم بە شیعر کەوتبوومە ژێر کاریگەری شیعرە ناسکەکانی (ئەحمەد هەردی) شاعیرەوە، لە پاڵ ئەو هێزە لاسایکەرەوەیە، عەشقی جوانی ئافرەت و ستاتیکای سروشتی کوردستان خەیاڵی شیعری منیان دەوڵەمەند کرد، کە نەدەکرا لە هیچ هەڵبەستێکمدا ئەو هەقیقەتە بشارمەوە، دیوانی (تازەنین) و (جوانی)یش شایەدی ئەو قۆناغەی شیعری منن.

❖ **کەم و زۆرێک شێوازی شیعری کلاسیک لای نەتەوە دراوسێکانمان تا ئەمڕۆکەش بەکار دێت، بەڵام لای ئێمە خەریکە ون دەبێت؟**

- فەلسەفەی ژیان هەر وایە. هەموو شتێك دەبێ لە گۆڕان و جوڵاندا بێت، سروشتی مرۆڤیش هەمیشە حەزی لە گۆڕانکاریو تازەکردنەوەیە، ئەگەر تاکەتاکەیەك شیعری کلاسیك لەناو عەرەب و فارسەکان تا ئەمڕۆ مابێت و پەیڕەوی بکەن، بەڵام لەناو ئەوانیشەوە خەریکە بەرەو کۆتایی دەچێت.

❖ **بە لەناو چوونی شیعری کلاسیك لە ئەدەبدا، زیان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناکەوێت؟**

- سەبارەت بە شیعری کلاسیکی کوردیەوە دەڵێم (٤٠٠) ساڵ لەمەو بەر شیعری کوردی زۆر لە ئێستاکە بەرزترو بەچێژترو ماناداترو هونەریتریش بوو، شیعری سەردەمی نالیو جزیریو مەحوی‌و سالم و کوردی، لە ئاستێکی ئەوەندە بەرزدا بوون کە هەمیشە بە زیندوویەتی ماونەتەوە و وەچە سوودو چێژی لێ وەردەگرن، بەڵێ بەکزبوون و فەوتانی شیعری کلاسیکی ڕەسەن زەرەرمەند دەبن.

❖ **نوێخوازی لە شیعری کوردیدا چۆن دەبینن؟**

- شیعر کە زۆر بوو بۆر دەبێ، شیعری کوردی ئەمڕۆکە لە مەرگەساتێکی هەقیقی دایە، چونکە شیعری نوێ لایەنە سەلبیەکانی زۆر زیاترن لە ئیجابیەکانی، لەسەرەوەی هەمووشیانەوە هونەرییەتی لە شیعری ئەمڕۆدا نابیندرێت. بۆیە من نوێکارییەکی ئەوتۆ نابینم.

❖ **هەست دەکرێ لەجیاتی ڕەخنەنووسان، شاعیرو نووسەرەکان خۆیان بەو ئەرکە هەڵدەستن؟**

- دەبوایە کوردیش خەڵکێکی پسپۆڕو زلنای لە بواری ڕەخنەسازیدا هەبووایە، ئێمە یەك ڕەخنەگری ڕاستگۆمان هەبوو ئەویش بەهەشتی (د.کامیل بەسیر) بوو کە ڕەخنەسازێکی بێ لایەن بوو، بەڵام بەداخەوە زوو جێی هێشتین. لەبەر ئەوەی سروشت دژی بۆشاییە؛ بۆیە دەبینین بە ناچاری شاعیران و نووسەران خۆیان ئەو بۆشاییە پڕ دەکەنەوە.

❖ **کامیل زیر دوور لە ئەدەب؟**

- شانۆکار بووم، لە چەند شانۆگەرییەکدا بەشداریم کردووەو چەند شانۆگەرییەکیشم نووسیوە.

❖ **سیاسەت؟**

- بێ لایەن دانیشتووم، لەگەڵ ئەوەی لە سیاسەت دوور نەکەوتومەتەوە.

❖ **وێڕای ئەدەب ئارەزووت لەچیە؟**

- وەرزش.

❖ **ئەو چەشنە کتێبەی حەز لە خوێندنەوەیان دەکەیت؟**

- زیاتر مێژوو.

❖ **جگە لە نووسینی ئەدەبی؟**

- وەك پارێزەرێك، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی یاسایم نووسیوە.

❖ **باشترین شاعیری نوێی ئەمڕۆی کوردستان؟**

- فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.

❖ **ڕۆژنامەوانی؟**

- لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەنووس بووم و سەرپەرشتی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکیشم کردووە، لەبەر سەرقاڵی ناپەرژێمە سەر کاری ڕۆژنامەنووسی ئەگینا زۆری حەز لێ دەکەم.

❖ **هەولێر؟**

- ئێستا چ لە ڕووی هەستی نەتەوایەتییەوە چ لە ڕووی بواری بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا زۆر بەرەوپێش هەنگاوی ناوە.

❖ **ئەو قسەیەی دەمێکە دەتەوێت لەسەر ڕووی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەدا بیڵێیت؟**

با ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان کەم بکرێنەوە، زۆربەی ئاژاوە ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان و تەپڵانی نەمانی خوێنەرو لاوازیی بەرهەمە ئەدەبیو ڕۆژنامەوانییەکان، لە دەرئەنجامی زۆریی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە سەریان هەڵداوە.

" ئەبێ چارەنووسی کەرکوک، خەڵکی کەرکوک خۆی دیاریی بکات"

لە ساڵیادی شەهیدی بیروبزاڤی کوردایەتی جەمیل ڕۆژبەیانی دا

دەسەلاتێکی سیاسی، کە پەنا ئەباتە بەر ناکاوکوشتن (إغتیال) ی کەسێک، ئەوە بەلگەی ئەوەیە، ئەو کەسە، مەترسییەکی زۆری هەیە بۆ ئەو دەستەلاتە. ئەوەش، بەزۆری، دوای چەندین گوشار دێت بۆ سەرنەویکردنی ئەو کەسە. وەك ترساندنی، زیندانیکردنی، ئانبرینی یا هەر جۆرە گوشارێکی تر. کە ئەوانە سوودیان نەبوو، ئنجا ناکاوکوشتنەکە ئەنجام ئەدرێ.

بەو پێوانەیە، ڕۆژبەیانی، کەسێتییەکی گەلێ گەورەو زۆر ترسناك بووە بۆ سەر رژێمی بەعس، بۆیە بەو جۆرە ناکاوکوژی کرد. گەورەیەتی و ترسناکیەکەش، لە خودی تاکەکەسی ڕۆژبەیانی خۆیدا بوو. ئەو نە بەرپرسێکی حیزبی، نە سەرەك هۆزێ، نە فەرماندەی هێزێکی چەکدار بوو. لەراستیشدا، رژێمە یەك لەدوایییەکەکانی عیراق، هەموو هۆکارەکانی ترساندن و زیندانیکردن و ئانبرینیان لەگەڵ ڕۆژبەیانیدا بەکارهێنا. بەلام ئەوانە هەموو، بەئاستەمێکیش، لە گەورەیەتی و کەسێتی و جەوامێری و کوردایەتییەکەی ڕۆژبەیانیان کەمنەکردەوە.

من وەك یەکێك لەنزیکترین ئاوەڵ و هاوبیری ڕۆژبەیانی، ئاگام لەو راستییانە هەبوو، بەدەنگیەوە ئەچووم. کاتێ سەرنووسەری گۆڤاری هیوا بووم ۱۹۵۷و ۱۹۵۸، وتارە توندرەوەکانی ڕۆژبەیانیم بلاوئەکردەوە. ساڵی ۱۹۵۹ ڕۆژبەیانی، لەسەر وتارێك کە دژی حکومەت نووسیبووی، درا بە دادگاو حکوم درا بە ساڵێك زیندانی یا (۲۰۰) دووسەد دینار تاوانە (غرامە). ئەو برە پارەیە ئەوسا زۆر بوو. نە من هەمبوو نە ئەو. لەبەر ئەوە ویستم پەنا بۆ کۆکردنەوەی بەرم، بەلام هەموو پارەکە، پیاوچاك و نیشتمانپەروەری کورد عەلی کمال دای.

یادگارەکانی من لەگەلْ ڕۆژبەیانیدا زۆرن. چونکە ساڵانێك، ڕۆژانە لە بارەگای بەشیر موشیر لە بەغداد یەکتریمان ئەدی و بیروڕامان ئالوگۆڕ ئەکرد و گەیشتبووینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆژبەیانی خۆی بۆ کوردایەتی: قەلایەکی لە ڕووخان نە هاتووە. بیروباوەڕەکەی: هەمیشە بە برشتە بۆ ڕاژەی نەتەوەکەی. پێنووسەکەشی: رمێکی کوشندەیە بۆ سەر دڵی داگیرکەرانی کوردستان.ئەو سامانە بیرمەندییە زۆرەشی بۆی بەجێهێشتووین، بەلگەی ئەو راستیانەیە. لەبەر ئەوە، بەرێزەکان:

کەپرسیان ڕۆژبەیانی

بەچ کێش و پێوانەیەك

زۆر گەورە بوو، گەلێ مەزن؟

بڵێن بەوەی بەرەی دوژمن

بەرادەیەك لێی ئەترسان

لەترسانا، ناردیان کوشتیان.

خۆشەویستان: ڕۆژبەیانی یەکێك بوو لە ڕۆڵە بەئەمەکەکانی کەرکوك. ئەو کەرکوکەی ئێستا بەرەو چارەنووسێکی نادیار بوتەوە بە هۆی ئەوەوە کە ژمارەیەك سیاسەتکاری کورد، دوای کوردستانیبوونی کەرکوك لە لایەن و کەسانێك ئەکەن کە نە خاوەنی کەرکوکن نە دەسەڵاتدارن بەسەر کەرکوکدا!!.

خاوەنی کەرکوك و پاشخان (مرجعیة) بۆنیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك، خەڵکی کەرکوك خۆیەتی، نەك یاسا لاوازو کاڵوکرچەکەی ئیدارەی دەوڵەتی عیراقی کە خەڵکی کەرکوك دەستێکیان نەبوە لە دانانیدا. دەستەڵاتداریش بەسەر کەرکوکدا، ئەمڕۆ هاوپەیمانان و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی کەرکوك خۆیەتی، نەك شیعەو سونەی عەرەب. ئەگەر بیانوو ئەوەبێ، فلان لیست و فلان لیست بە زۆری ئەوەندە دەنگ لە عیراقدا هەڵبژێردراون، ئەوا ئەوانە لە ناوچەکانی خۆیاندا زوریە، یا ئەو ژمارانەی دەنگیان هێناوە، نەك لە کەکوکدا!. لەبەر ئەوە، ئەبێ چارەنووسی کەرکوك، خەڵکی کەرکوك خۆی دیاری بکا. کەرکوك منداڵێکی ناکام (قاصر) نیە تا ئەم و ئەو ببن بەسەرکار (وصی) بەسەریەوە. کەرکوك یەکێکە لە شارە دێرینەکانی جیهان وئێستا شیاوترین شارە کە ببێتە پایتەختی کوردستان، کە بەوە ماف ئەگەڕێتەوە بۆ خاوەن ماف و گیانی ئەمری ڕۆژبەیانیش شاد و ئارام ئەبێ.

کەرکوك

٢٠٠٥/٢/٢٧

کوردایەتی بیرو بزاڤە

مەبەست لەو سەرناوە، کە ناونیشانی ئەم بەرهەمەشمانەن ئەوەیە: کوردایەتی دوو لایەنی هەیە کە پێویست بەیەکو تەواوکەری یەکن‌و بێ یەک، نامەی پیرۆزی کوردایەتی، وەك پێویست، مەبەستەکە ناپێکی‌و ناگاتە ئەنجام، ئەویش لایەنی بیرو لایەنی بزاڤە.

یەکەم: لایەنی بیر

لێرەدا وشەی بیر، وەك کورتکراوەی (بیروباوەڕ) بەکاردێنم کە بەواتای (عقیدە)ی عەرەبی‌و (Creed یا Faith)ی ئینگلیزی دێت، بۆ ئەم لایەنە، بیریارانی کورد، لەهەستیاران‌و چیرۆك‌و ڕۆماننوسان‌و جوگرافی‌و مێژووکاران‌و زمانەوانان‌و نوسەرانەوە تا ئەگاتە هونەرمەندان، زۆریان وتووەو زۆریان کردووە، هەوڵەکانی ئەوانە هەمووی کە بەمەبەستی ڕاژەی نەتەوەی کورد بووە یا ئەبێ؛ لەهەر کام لەو بوارانەدا، ئەچنە خانەی کوردایەتیەوە. بەڵام ئەوانە هیچیان کوردایەتییەکە ناگەیەننە ئاستی بیر. ؛وەر (عقیدة). ئەوەی بۆ یەکەمجار گەیاندی، قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کورد (کاژێك) بوو کە لەنامە ـەی کاژێکنامەدا بەدیارکەوت. دیارە ڕاستیی ئەم بۆچوونە، لەخوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو نامیا‌ک ـەدا دەرئەکەوێ. بەتایبەتی دروشمە سەرەکیەکەی (کوردستان بۆکورد، یەکسانی بۆ گەل) واتا کورد..ـتان تەنیا موڵکی نەتەوەی کوردە. لەمەوە هەموو داگیرکارییەکی کوردستان، تاڵانکردنی هەموو سامانێکی سەر زەوی‌و ژێر زەویی کوردستان، پێکەوەژیان لەگەڵیاندا بەهەر ناوێکی وەك برایەتی‌و ئۆتۆنۆمی‌و فیدراڵی‌و.. هتد نادروستو ناڕەوان، ئینجا ئەو کوردستانەش ئەبێ کوردستانێکی یەکسانبێ بۆ گەلی کوردستان، مەبەست لەگەلی کوردستانیش، نەتەوەی کوردو هەموو ئەو کەمینە نەتەوەییانەن کە بەشێوەیەکی سروشتی‌و ڕەوا لەکوردستاندا ئەژین، ئەو یەکسانییەش، یەکسانییە لەبەردەم یاسادا، لەبەردەم هەموو مافێکی مرۆڤدا؛ لەبەردەم چەمکی ئازادیدا، بەواتا لەکوردستانێکی سەربەخۆدا، هاوڵاتی پلە یەك‌و پلە دوو نیە، هەر لەو کوردستانەدا، لەڕووی ئابورییەوە، جۆرێکی گونجاو لەدادی کۆمەڵایەتی ئەبێت، بەکورتی هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان، چونیەك ئەبن لەئەرك‌و لەمافدا. لەناوەڕۆکی ئەم پەرتووکەدا، زیاتر لەبارەی کاژێکەوە دواوین*. لێرەدا ئەوەی پێویستە، وەك پێناسەیەك، بیڵێین، ئەوەیە: بیری کوردایەتی، باوەڕکردنە بەبوونی نەتەوەی کورد لە کوردستاندا، وەك یەکەیەکی لەیەکنەپچڕاو. ئەو دابڕان‌و پارچەپارچەکردنەش، سرووشتی‌نین‌و بەویستی کورد نەبووە، بۆیە ئەبێ ئەو نەتەوەیە لەکوردستانێکی سەرتاسەریداو لەسایەی یەك دەوڵەتدا،

---

* مەبەستی سەرەکی لەو بابەتانەی لەم پەرتوکەدا لەسەر کاژێك پاسۆك هاتوون، سوود وەرگرتنە لەو دوو تاقیکردنەوە نەتەوەییانەیە بۆ ڕێنمایی لەداهاتوودا.

یەکبگرێتەوەو گەشەبسەنێو ببێتە خاوەنی پایەی شیاو بەنەتەوەیەکی زیندووی هاوچەرخ لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ ڕاژەی خەڵکی کوردستانو سەرجەم مرۆڤایەتی.

دووەم: لایەنی بزاڤ

هەموو هەوڵەکانی کۆمەڵانی کوردو تاکەکانی، وەك: دروستکردنی میرنشینەکان، بەرپاکردنی شۆڕشەکان، دامەزراندنی پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان بۆ ڕاژەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، پاراستنی سامانو ژینگەی کوردستانو.. هتد ئەچنە خانەی کوردایەتیەوە لەمەودا فراوانەکەیدا.

لێرەوە ئەگەڕێمەوە سەر مەبەستی ناونیشانەکە (کوردایەتی بیرو بزاڤە)و ئەڵێم:

تا ئێستا ئەو دوو لایەنەی کوردایەتی، بیرو بزاڤ، وەك پێویست تێکەڵو ئاوێتەی یەك نەبوون، کاژێك، یا ڕاستتر قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کاژێك، لایەنی یەکەمی کوردایەتیەکەی گەیاندە ئاستی بیروباوەڕ، بەڵام نەیتوانی ئەو بیروباوەڕە بەتەواوی تێکەڵ بەبزاڤێکی تونددوتۆڵو سەرتاسەری بۆ هەموو کوردستان بکات بەبەردەوامی.

هەڵبەت خوێنەرەوەی بەڕێز، لەبەشەکانی ئەم پەرتوکەدا، سەرنجی ئەو خاڵانەی داوە کە هێنام بۆ کردوون بۆ هۆی بەئەنجام نەگەیشتنی کاژێك کە سەرەکیترینیان نزمیی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی بوو، واتا کاژێك وەك ڕێکخستن پێش ڕۆژگارەکەی کەوت، ئەگەرچی وەك بیر لەکاتو جێی خۆیدا بوو. ئەبوایە سەرەتا کاژێك هەر وەك قوتابخانەیەکی بیرمەندیانە خۆی بەدیار بخستایەو بەلای ڕێکخستندا نەچوایە تا زەمینە تیۆرییەکەی بۆ ڕێکخستنەکە ئامادە ئەکرد. هەر کاتێکیش ئەوە ئامادە ببوایە، یا ببێ، ئەوا پێویستە ڕێکخستنەکە لەڕووی کردەیشەوە، سەرتاسەری بێ بۆ هەموو کوردستان.

هەرچۆنێ بێ، ئەوە ڕۆژگارێکی جیاواز بوو لەئێستا، ئێستا ئەو بیرۆکانەی کاژێك کە ئەوسا بەکۆنەپەرستیو نامۆو خەیاڵ ناوئەبران لەلایەن نەیارەکانیەوەو لەلایەن بەشێکی زۆر لەخەڵکی ساویلکەشەوە، ئێستا ویردی سەرزمانی زۆربەی جەماوەری کوردو زۆربەی ئەندامانی بنکەکانی ئەو لایەنانەشە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا زەمینەکە بۆ هاتنەوەکایەی کاژێك یا پارتێکی هاوشێوەی کاژێك نەڕەخساوە، بۆیە هیچ کام لەو پارتانەی ئەمڕۆ بەناوی نەتەوایەتییەوە، بەتەنیا لەبەشێکی کوردستاندا کار ئەکەن، فراوانبوونێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە کە شان لەشانی پارتییەکی وەك (پ.د.ك) یا (ی.ن.ك) بدەن، بێجگە لە PKK کە ئەویش بەهۆی ڕوخانی سەرکردەکەیەوە، تووشی نوشوستی بووە، بۆیە ئەرکی ئەمڕۆی هاوبیرانی نەتەوەیی کورد لەم خاڵانەدا کۆئەبێتەوە:

١- هەموو گروپە نەتەوەییەکان، لەهەر بەشێکی کوردستان یا دەرەوەی کوردستان، لەیەك ڕێکخراوی بەرەیی، یا کۆنگرەییدا کۆببنەوە بەهەر ناوێکەوە بێ کە بێگومان ئەبێ ناوەندەکەی لەکوردستاندا بێ.

٢- ئەو ڕێکخستنە، نابێ شێوەی پارتایەتی بگرێتە خۆی، چونکە لەلایەك پارتایەتی، بەهۆی کردەوەو ڕەفتارە شەڕئامێزەکانی هەندێك لەپارتییە کوردییەکانەوە، چارەگران بووەو لەبەرچاوی خەڵکی کەوتووە، لەلایەکی تریشەوە، زیانکردنی پارتییەکی کە، بچڕانی پارچەیەکی تری جەستەی

نەتەوەیە، لای سێیەمیش ئەوەیە، پارتایەتی بەهەموو جۆرەکانیەوە، هەر بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتی خۆیان لامەبەستترە وەك لەنەتەوە، مەگەر دەگمەن. ئینجا ئەو رێکخستنە ئەبێ چۆن بێ کە جیاوازبێ لەشێوەی پارتایەتی! ؟ ئەوە هەوێرێکی ئاوکێشەو لێرەدا ئەو ماوەیەمان نیە، بەلام ئەکرێ هێمایەك بۆ هەندێك لەبنەماکانی بکەین، وەك:

أ- سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی هەبێ نەك سەرۆك یا سکرتێری گشتی.

ب- ئەندامەکانی ئەو سەرکردایەتییە دوای ماوەیەکی دیاریکراو وەك سێ تا پێنج ساڵ بگۆڕرێن و ئەنجومەنێکی راوێژکاریان لێ پێکبهێنرێ.

ج- مەرج نیە گروپەکان تەواوی قەوارەی خۆیان لەدەس بدەن، هەرچەندە توانەوەیان لەیەکتردا باشترە.

د- رێکخستنەکە گروپەکان و تاکەکانی کۆمەڵیش بگرێتە خۆی. هەروەها رێکخراوە پیشەییەکان و سەندیکاکان و هەر تاکو کۆمەڵێکی تر کە باوەڕ بە پرۆگرام و پەیڕەوەکەی بهێنن، واتا هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زیاترین بەشی جەماوەر.

هـ- رێکخراوەکە سیستمی شانە بەکارنەهێنێ.

و- ئەوەندەی گرنگی بەلایەنی باوەڕو رێکخستن ئەدات، ئەوەندەش گرنگی بەلایەنی سەربازی بدات و ئەبێ هەر لەسەرەتاوە رەنگی سوپایەکی رزگاری کوردستان بڕێژێ.

ز- رێکخستنەکە سەرتاسەری بێ بۆ هەموو کوردستان، بەلام بۆ هەر بەشێك سەرکردایەتیەکی هەرێمی هەبێت و..هتد.

جگە لەوانە، رێکخستنێکی لەو جۆرە، ئەبێ زیاتر پشت بەنەوەی نوێ ببەستێت، بیریارە نەتەوەییەکانیش، ئیتر وازبێنن لەئامۆژگاری بێ هوودە بۆ ئەو پارتی و دامودەزگایانەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان لەنەتەوە لامەبەستترە. ئەوانە لەوسەری هاتوونەتەوەو گاڵتە بەو ئامۆژگاریانە ئەکەن، با ئێمە خۆمان بەکردەوە، بیرو بڕواکە ئاوێتەی یەککەین، دنیاش ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆییوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

Kurdistan Regional Government

MINISTRY OF CULTURE

وەزارەتی رۆشنبیری

ڕێزنامە

بەڕێز / ...کامل ژیر...........................

لەگەڵ چوونە نێو ساڵێکی نوێ و بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (ژمارە(٨٩)ی تایبەت بەپێزانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنووسەران و هونەرمەندان، خزمەتی بەرچاوی بەڕێزتان لەبواری بەرهەمی بەڕۆشنبیری کردن بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

فەلەکەدین کاکەیی
وەزیری رۆشنبیری
سەرۆکی دەستەی ڕێزلێنان لە نووسەران و هونەرمەندان

بۆ / کاک کامل ژیر

خزمەتی ئێوە بە دەستنیشان کردنی ئەدەبی میللیانەوە [illegible]

کەوتەوە ڕیبازانە ، بە گێڕانەوەی [illegible] بە بۆنەی سێیەم میهرەجانی شیعری

کوردی بەوە ، ئەوەندەی دەستنیشان کرتنی لیژنە بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانی [illegible]

[illegible] لەم ڕێگەیە [illegible] کردووە.

لیژنەی [illegible] سێیەم [illegible]

(لەولێن)
[illegible]

١٩٩٦.٩.٠٨

١٩٩٤

٢٠٠٢

٢٠٠٢

١٩٩٢

١٩٩٣


١٩٥٧

١٩٦٠

کوردایەتی
بیروبزاڤە

رۆمانێک
چاپنەکراوە

حوار
مع الذات
چاپنەکراوە

کوردایەتی
و
چەپی کورد
چاپنەکراوە



جامعة بغداد

بناءً على ما عرضه مجلس كلية الحقوق وافق مجلس جامعة بغداد على منح

كاظم نظام الزين

اجازة الدراسات العالية بمستوى الماجستير في الحقوق بدرجة جيد

بتاريخ ٢٢ حزيران ١٩٦٦ وبهذا يتمتع بجميع ما يخوله لحامليها هذه الاجازة من

حقوق وامتيازات

[redacted]

مركز تطوير الإدارة الصناعية

بارودۆخی کوردستان لە لیدس LEEDS

ئامادەکردنی: أ.ژ

بە بۆنەی سەردانیەوە بۆ بەریتانیا، نوسەر و سیاسەتکاری کورد پارێزەر کامیل ژیر لەسەر داخوازی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی لە بەریتانیا، ئێوارەی ٢٠٠٥/٩/٢٥ کۆڕێکی بۆ کوردانی شاری Leeds و دەوروبەری بەست.

لە کۆڕەکەدا کە سەرۆکی کۆنگرە د. جەواد مەلا و ژمارەیەکیش لە کوردانی دانیشتووی هەرێمی Yorkshire ئامادەی بوون، مامۆستا کامیل ژیر، بارودۆخی ئێستای کوردستانی لە هەردوو رووی ئەرێنی و نەرێنییەوە بۆ ئامادەبوان ڕوناکرد کە رووەگەشەکانی لەهەندێ خاڵدا پیشاندا وەك: ناوچەی ئارام، بوونی قەوارە سیاسیەکەی باشوور، سیستمی تازەی جیهان، جەنگی دژ بەتیرۆر، پەرەسەندی هوشیاری نەتەوەیی، هێڵە ئاسمانییەکانی کوردستان، نوێنەرایەتی کورد لە UN و هەندێك رۆشنایی لە ئاسۆی سەربەخۆییەوە. رووە تاریکەکانیشی لە رووکردنەوە بەغداد و گەندەڵیەکاندا چڕکردەوە.

لەبارەی پرۆژەی رەشنووسی دەستوورەکەی عیراقەوە وتی: ئەگەرچی فیدراڵی چارەسەرنیە بۆ کێشەی نەتەوەیەکی داگیرکراوو بەشبەشکراوی وەك کورد، ئەو دەستورە، فیدراڵیش دەستەبەر ناکات. چونکە گەورەترین کۆڵەکەی سیستمی فیدراڵی، بوونی دوو ئەنجومەنە یاساکارەکەیە، ئەنجومەنی نیشتمانی (پەرلەمان) و ئەنجومەنی هەرێمەکان. ئەو دەستوورە ئەنجومەنی دووەمی نەگرتۆتە خۆی، بەڵکو بەجێی هێشتووە بۆ یاسایەك کە لە ئایندەدا پەرلەمان دەریکات و تایبەتیش بێ بۆ کاروباری هەرێمەکان! کەلەراستیدا ئەنجومەنی هەرێمەکان زۆر گرنگتر و باڵادەسترە لە پەرلەمان و ئەو ئەنجومەنە بۆ هەموو کاروباری دەوڵەتیشە نەك تەنیا بۆ هەرێمەکان. ئاوا بەپێی ئەو دەستوورە چارەنووس و بەرژەوەندییەکانی کورد، دەکەوێتە دەست بڕیاری زۆرینەی پەرلەمان کە ئەو زۆرینەیە هەمیشە لایەنە عەرەبییەکەیە. بەوەش فیدراڵی بوونی نابێ و ناوێکی بێناوەرۆك دەبێ. ئەوە سەرباری ئەوەی هەموو ئەوخاڵانەی لەو دەستوورەدا دواخراون بۆ ئایندەو بۆ راپرسی و بۆ یاسای تایبەت، نایەنەدیی بۆ تەفرەدانە. ئنجا بۆ چارەسەر، هێمای بۆ لایەنێکی گرنگ کرد کە ئەویش لایەنی (هێز)ە و وتی لەسەرەتای مێژووەوە تائێستاو تا هەتاش، هێز پارێزەری مافەکان بووە بە ماڵ نەتەوایەتیشەوە. کورد ئەگەر لە رابوردوودا هەلی هێزێکی چەکداری کاریگەری بۆ نەڕەخسابێ بۆ بەرگری لەخۆی، ئێستا بەهۆی ئاماتی زۆری قەوارەکەی باشوورەوە، ئەو هەلەی بۆ رەخساوە.

دوای ئەوە، وتووێژێکی چڕوپڕ لەسەر بابەتی کۆڕەکە کراو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە و کۆڕەکە ١٠,٣٠ شەو کۆتایی هات. شایانی وتنە، مامۆستای ناوبراو ٢٠٠٥/٧/٢٧ هاتە بەریتانیاو ٢٠٠٥/١٠/٦ گەڕایەوە بۆ کوردستان. لەو ماوەیەشدا، بەشداری پێنجەمین کۆنفرانسی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی کرد کە ٢٠٠٥/٧/٣٠ لە لەندەن بەسترا. ژمارەیەك دیمانەی لەگەڵ هەندێ سایتی ئەنتەرنێتو ڕۆژنامەی کوردی کرد. چەندین وتارو بابەتی سیاسیشی وەبەرهەم هێناو لە میدیا کوردییەکانەوە بلاوی کردنەوە. کە لە مەودایەکی فراواندا لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا دەنگیان دایەوە. وەك: دۆزی کوردو چاوەڕوانییەکەی گوڵبەهار، کوردستانی دزراو، گەندەڵی، کۆنگرەی دەسەڵاتەکان، ئەفسەریەریوەبەر و بەڕێوەبەرتێکۆشەر.

لێدوانێکی بابەتیانە لەسەر دەستوورەکەی عیراق

لەدیدی یاسایی و دیدی نەتەوەییەوە

لەبارەی ئەو دەستورەوە کە بۆ ڕاپرسییەکە و بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئامادەکراوە:

مادەی (١) هەرچەندە هەردوو وشەی فیدراڵی و ئیتحادی لە ئەژادا یەك واتایان هەبوو، بەڵام بەرەبەرە، هەریەك بۆتە زاراوەیەکی واتاجیاواز بەسەر یەکەوە. فیدراڵی بەزۆری بۆ جۆرە سیستمی دەوڵەتێك بەکاردێت. بەڵام ئیتحادی بۆ مەبەستێکی تر. وەك ئیتحادی ئەورووپی، ئیتحادی لاوان، ئیتحادی وەتەنی، کەئەوانە بەواتای فیدراڵی نایەن. لەمادەی یەکەمی دەستوورەکەدا، گۆڕینی زاراوەی یەکەم بە دوەم، ئەوەسەرەتای پاشەکشەکردنە لە فیدراڵی. ئەوە جگە لەوەی ناوی دەوڵەتەکەش بە کۆماری عیراق هاتووە نەك کۆماری عیراقی فیدراڵی.

مادەی (٢) عیراقی کردۆتە بەشێك لە جیهانی ئیسلامیوگەلی عەرەبیشی بەبەشێك لە نەتەوەی عەرەب ناوبردوەوناوی کوردستانوکوردی تێدانەهاتوە. ئەوەش سووك سەیرکردنی کوردستانوکوردە. ئەومادەیە ئەبوایە هەر نەبوایە، کەبوو، ئەبوایە ئینتیمای کوردستانو کوردیشی دیاری بکردایە.

مادەی (٤-رابعاً) زمانی تورکمانیو سریانی بەدوزمانی ڕەسمی دانراوە لەو یەکە ئیداریانەدا کەبوونێکی چڕیان هەیە تیایدا. لەو دەستورەشدا کە پێشکەش بە کۆمەڵەی نیشتمانی ئەکرێ ئەڵێ لەوناوچانەدا کەبوونیان هەیە! ئەمە سەرباری ئەوەی پیلانێکە بۆ دابڕینی هەندێك ناوچە لەکوردستان، لەڕوی یاساییشەوە گونجاونیە. چونکە:

١- ئەوبڕگەیە دژو ناکۆکە لەگەڵ بڕگەی یەکەمی هەمان مادەدا کە ئەڵێ: زمانی عەرەبیو زمانی کوردی زمانی ڕەسمی عیراقن. کەچی لەوبڕگەی چوارەدا، دووزمانی تریشی کردوە بە زمانی ڕەسمی بۆ هەندێ ناوچە!.

٢- ڕستەی دانیشتوانێکی چڕ (كثافة سكانية) واتایەکی ڕوون نادات. کوردیش لە بەغداو لەهەندێ شاریتر، بوونو بوونی چڕی هەیە. ئینجا لەو یەکە ئیداریانەدا، جگە لە تورکمانو سریان، ژمارەیەکی زۆر کوردو عەرەبیش هەیە!

٣- لە ڕووی کردەییەوە، ئەوە ناگونجێ. چونکە زمانی ڕەسمی لەهەرێمێکدا یا لە پارێزگایەکدا، ئەبێ هەمووی هەر یەك زمانبێ. چونکە ئەوە زمانی فەرمانگەکانە. چۆن ئەکرێت هەر ناوچە، یا گوندێك، زمانێکی جیاوازی ڕەسمی هەبێ!؟

٤- ئەم قسانەی ئێمە، لاریبوون نیە لەماف تورکمانو سریان. ماف ئەوان لە هەمان ئەو برگەی یەکەمەدا دیاری کراوە کە ئەڵێ: (ماف عیراقییەکان دابین کراوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە زمانی دایك وەك تورکمانو سریانو ئەرمەن لەدەزگا فێرکارییە حکومەتیو تایبەتییەکانیشدا. ئەوە سەرباری مادەی (١٢٢).

مادەی (٩-ب) ئەڵێ: (میلیشیای سەربازی لەدەرەوەی چێوەی هێزی چەکداردا رێگەنادرێ) دەستوورەکەش بەگشتی لەئاستی هێزی پێشمەرگەدا بێدەنگە کەوەك هێزێکی چەکداری تایبەت بمێنێتەوە بۆ کوردستان. کەواتە بەپێی ئەم برگەیە، پێشمەرگە رەولیەتی نامێنێ. یا ئەبێ هەڵوەشێتەوە، یا ئەبێ ببێتە بەشێك لە هێزی چەکداری عیراقیو بەفەرمانی ئەوان بجووڵێتەوە، کە لەهەردوو بارەکەدا پێشمەرگە بوونی نامێنێ.

مادەی (٤٧) ئەڵێ: (دەسەلاتی یاسادانان لە ئەنجومەنی نائیبەکان و ئەنجومەنی ئیتحاد پێکدێ) ئینجا بۆ ئەنجومەی نائیبەکان، بەدرێژی چۆنیەتیو دەسەلاتەکانی دیاری کردوە. کەچی بۆ ئەنجومەنی دوەم، لەمادەی (٦٣)دا دروستبوون و مەرجەکانی دواخستوە بۆ ئاینده کە بەیاسایەك ئەنجام بدرێ! کەلەراستیدا ئەم ئەنجومەنە لەئەنجومەنی نائیبەکان کەمتر نیە. بەڵکو لە هەندێ باردا لەویش گرنگترە. بەگشتی ئەو دوو ئەنجومەنە تەواوکەری یەکترن. ئەبوایە ئەمیش هەر لە دەستورەکەدا دیاری بکرایەو رای گەلی لەسەربوایە چونکە ئەوە بابەتێکی دەستوورییە نەك یاسایی. لەراستیدا ئەوە پەراوێزکردنی ئەم ئەنجومەنەیە کەتاکە گەرەنتییەکە بۆ مافەکانی هەرێمەکانو بەبێ ئەم ئەنجومەنەو دەسەلاتە دەستوورییەکانی، فیدراڵی بوونی نابێ. ئەم راستییەش لەبرگەکانی (أ، ب، ج- خاصساً-مادەی ١٢٥) دەرئەکوێ کەتیایدا دەسەلاتەکانی ئەم ئەنجومەنەی داوە بەئەنجومەنی سەرۆکایەتی! بەوەش دەسەلاتی یاسادانانو دەسەلاتی جێبەجێکردن تێکەڵاو کراوە کەئەوە دژو پێچەوانەیە لەگەڵ بنەمای جیاکردنەوەی سێ دەسەلاتەکەی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری. لەو دەستوورەشدا کەپێشکەش ئەنجومەنی نیشتمانی کراوە، دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی ئیتحادی تەواو بچوك کردۆتەوەو ئەڵێ تەنیا سەیری ئەو پرۆژە یاساییانە ئەکات کە پەیوەستن بە هەرێمو پارێزگاکانەوە!

مادەی (١٠٧) ئەڵێ: (دەسەلاتەکانی ئیتحاد پارێزگاری لە یەکێتی عیراق ئەکات) بەوەش ئەم مادەیە، دەرگا بەرووی ماف چارەیخۆنوسینو بوختانی یەکێتی ئارەزوومەندا دائەخات!.

مادەی (١١٠) داهاتەکانی نەوتو غاز گولیە بە ئینسافەوە، بەپێی رێژەی دانیشتوان لەهەموو وڵاتدا دابەش ئەکات! ئەوەش وەك لەگەڵ بنەمای فیدراڵیدا ناگونجێ، تاڵانکردنێکی نائینسافانەی سامانی کوردستانە.

لە وڵاتانی فیدراڵدا، سامانی هەر هەرێمێك بۆ خۆیەتی جگە لە رێژەیەکی کە ئەدرێ بەناوەند یا بە هەرێمەکانی تر. هەر بۆیە ئەوترێ فلان هەرێم لە هەرێمەکانیکە دەوڵەمەندتر یا هەژارترە. بۆ

کوردستان، هیچ نەبێ، باداهاتی نەوتو غازەکەش ٢/٣ بۆ خۆی بێ. ئەوتو غازی شارەکانی تریش هەر بەوجۆرە ٢/٣ بۆ خۆیانبێ.

نائینصافییەکی کە، ئەوەیە کە ئەو ناوچانەی دیجلەو فوراتیان پیا تێپەڕ ئەکات، داهاتەکانی بەروبوومی دارو درخەتو کشتوکاڵیان زۆر زیاترە لە هی کوردستان. کەچی دەستوورەکە بۆ ئەومیان بێدەنگە !.

مادەی (١٢٩) ئەڵێ: (دەوڵەت قەرەبووی خێزانی شەهیدانو بەرکەوتوانی تیرۆر ئەکات) بەڵام خێزانی شەهیدانو زیانلێکەوتوانی ئەنفالو کیمیاباران لە کوولەکەی تەپی ئەودەستوورەدا باسیان نیە !.

جگە لەوخاڵانە، دواخستنی مادەی (٥٨)و نەگێڕانەوەی تەزاکانی کەرکوکو دیارینەکردنی سنووری کوردستانو نەگێڕانەوەی ناوچە کوردییەکانو گەلێ لایەنیکە کە دەستوورەکە لێیان بێدەنگە، ئەوە سەرباری ئەوەی هەموو دەسەڵاتە گرنگەکانی داوە بەسەرەك وەزیران کە هەمیشە یەکێك ئەبێ لەو شیعانەی دووجار بەچاوی کینەوە سەیری ئێمە دەکات. جارێك وەك کوردو جارێکیش وەك سوننە. بێجگە لەم خاڵانە، هێما ئەکەم بۆ ئەو باری سەرنجانەی ژمارەیەك ڕۆشنبیری بەرێز لە ڕۆژنامەکاندا لەم بارەیەوە پیشانیان داوە، بەتایبەتی دیدو بۆچوونەکانی بەڕێزان: د. جەمال نەبەز، د. نوری تاڵەبانی، غەفور مەخموری، سەلام سەعدی لە ڕۆژنامەی ئازیزی میدیای ژمارە (٢٠٦) دا. ئەوانە هەموو ناچارمان ئەکات بیر لە ڕێگەچارەیەکی کە بکەینەوەو پشت بەو دەستوورە نەبەستین. ڕێگە چارەش ئەشێ لەم خاڵانەدا خۆی ببینێتەوە:

یەکەم: گریمان هەر دەستوورێکی عیراقی، هەموو خواستو ویستەکانی ئێمە بگرێتە خۆو سیستەمە فیدرالیەکەی عیراق لەسەر کاغەز وەها داڕێژێ کە چاکترین فیدرالیبێ، ئەوە چ بایەخێکی ئەبێ لەئاستی هەلکەوتەی عیراقی دەسکردو ناسروشتیو تێکەڵە نەتەوەییو ئاینییە بەزۆرلکێنراوەکان بەیەکەوەو لەئاستی ڕووبارێك خوێن لەنێوانداو لە ئاستی بیری بەستەڵوکی ئاینیو بیرۆکەی ڕەگەزپەرستیو شۆڤێنیو ئەقڵی تیرەگەرییو کلکایەتی وڵاتانی دراوسێو زەبری تیرۆر! ؟ ڕاستییەکەی، دەستوورێك بۆ تێکەڵەیەکی پڕ لەناکۆکیی لەو جۆرە، هەرچۆنێ بێ، لەمەرەکەبی سەرکاغەز بەولاوە، چیی تر نابێ، چونکە لەهەر هەلێکدا، پاشەکشەی لێتەکرێو کاردانەوەی ئەو پاشەکشەیەش، لەئەنجامدا بەسەر لایەنە لاوازەکاندا ئەشکێتەوە بەجۆرێك کەهەزار ڕەحمەت بچێت بۆ کفن دز!.

لەبەر ئەوە، بۆ خۆپاراستنی کورد لەم زەلکاوی عیراقەدا، چاکترین گەرەنتییەك، خۆبەهێزکردنە. هێزیش بە یەکێتیو باوەڕو زانستو مەشقو زیرەکیو سامانو چەك دروست ئەبێ. بەلگەنەویستیشە کە لە سەرەتای مێژووەوەو تا ئێستاو تا هەتاش، هەر هێز بڕاوەی زۆرنبازییە جۆراوجۆرەکان بووەو

نەبێ. ئەگەر هێزت بوو، فیدراڵیش بۆ خۆی ئەبێ بە میوانت. سەربەخۆییت بوێ، دوژمنەکان لەپێش پۆستەکاندا دانت پێدا دەنێن، هەلی خۆبەهێزکردنیش، ئەگەر جاران بۆ کورد نەڕەخسابێ، ئێستا بۆ تەواوە سیاسەتەکەی باشووری کوردستان ڕەخساوە بەهۆی جۆرێک لە سەربەخۆیی قەوارەکەو ئەو هەموو سامانەی بەسەریدا ڕژاوە.

دووەم: بۆ ئەوەی کاتو ماوەیەکی زیاتر دەستەبەر بکەین بۆ بەخۆداچوونەوەو کۆکردنەوەو بەدەستخستنی هێز، بەتایبەتی هێزی سەربازیو بۆ ئەوەی ئەم دەستوورە خراپە نەسەپێ بەسەرماندا، چاک وایە هەرهەموو، بەلاگرو لانەگری حیزبە کوردییەکانەوە، بەخەڵکی هەردوو ئیدارە کوردییەکەوە، دەنگ بە بەڵێ بۆ ئەو دەستوورە خراپە نەدەین لە ڕاپرسییەکەدا، بەوەش دەستورەکە نابێتە بڕیارو حکومەتە دژبەکوردەکەی جەعفەری ئەکەوێتو هەل بۆ دەستوورێکی تر ئەڕەخسێ بۆ ئەوانەی بەدووی کڵاوی بابردووی فیدراڵیدا وێڵن. ئنجا لەماوەی ئەم کەینوبەینەدا، پەرلەمانی کوردستان دەستورەکەی خۆی بڕیاردائو ئەو دەستوورە ببێتە بنکەی گەڕانەوە (مرجعیە) بۆ نێردراوانی کورد بۆ وتوویژ لەبارەی دەستووری ئایندەی عیراقەوە.

سێیەم: هەموو بەڵگەکان ئەوە دەگەیەنن کە ئەگەر ئاشتیو ئارامی دەستەبەر نەبێ، ئەوا عیراقی یەکگرتوو هەڵئەوەشێتەوەو هەریەک لە شیعەو سوننەو کورد، بەشی خۆی ئەخاتە بندەستی خۆی، چونکە هیچ کام لەو سێ ڕەگەزە توانای داگیرکردنی ئەوانی تری نیە. ئەوکاتە هاوپەیمانانیش مل بۆ بارودۆخی سەپاو ئەدەنو بەرژەوەندییەکانیان بەلای کەرتی ئارامو دەوڵەمەندو بوتنی خۆشی ئەوتدا ڕایانئەکێشێ. هەڵبەت بۆ کەسێکیش کەسە، ئەلفێکی بەسە.

لەندەن: ٢٠٠٥/٩/١

jeerkamil@yahoo.com

گۆڕە تەلەفیزیۆنییەکەی بەڕێزان نەوشیروان - عیماد و چارەسەری ڕاستەقینەی گەندەڵی

مرۆڤ کە هاوکار (زەمیل) ی دز بوو، بیەوێ و نەیەوێ، شانی ئاردلوی دەبێ و ئەکەوێتە بەرپرسیاری لەمجۆرە:

ئەگەر تۆش هەو نیت، ئەی بۆچی ڕێگە بەهاوکارەکانت ئەدەی گەنجینەی ئاردەکە تالانکەن؟ کە ناشتوانی ڕێگەیان لێبگریت، بۆ لێیان دوورناکەویتەوە تا شانی تۆش ئاردلوی نەبێ؟ ئەگەر دەریەستی پەزەکەیشیت، بۆچی بەرەیەکی بەرهەڵستکار دروست ناکەیت؟ کە هەڵوێست هەر قسەی ڕووت بێ، قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە. کێ لەگوڵ کاڵتر بەخۆی دەڵێ؟ ئەی کورد نەیوتوە: تا خاوەن ماڵ دزی گرت. دز خاوەن ماڵی گرت؟.

بەو جۆرە، ڕاستییەکان لەناو کۆمەڵێ گوماندا، ون دەبن و ڕەش و سپی تێکەڵاو دەبن.

هەرچۆنێ بێ، قسەی بەڕێزان نەشیروان مستەفاو عیماد ئەحمەدو هاوکۆڕەکانیان لەشەوی شەمەی ٢٠٠٦/٣/٤ دا لە کەناڵی PUK وە، لەدڵسۆزییەوە بوو بێت، یا بۆ مژینی ڕقی خەڵکی، لایەنی بوێری و ڕوونی و ڕاستیی زۆری تێدابوو. بەڵام وەك چارەسەر؟ کۆڕەکە، ئامانجەکەی نەپێکا. چونکە پێشنیارەکان کەبریتی بوون لە: (١- سوودوەرگرتن لەپارتییە سوسیال دیموکراتەکان ٢- لەشارەزایانی دارایی ٣- ئاڵوگۆڕی دەسەڵات یا بەرپرسەکان) تەرازوە لاسەنگەکە ڕاستناکاتەوە. چارەسەری یەکەم: شیردا بۆ دڵپیرە. بۆ وەڵامی دوەم: یاسا دارایی و سزاییەکانی ئێستامان، کەموکوڕییان تێدا نیە. بۆ خاڵی سێیەم: کێ ئەڵێ لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕەکەوە ماری مارخۆر پەیدا نابێ و ناڵێین ڕەحمەت لە کفن دز؟.

کەواتە چارەسەرییەکان ئەبێ ریشەیی بن. سەرەتا هۆکارەکان دەستنیشانکەین، ئنجا یەك یەك چاریانکەین، بەمجۆرە:

١- پەرلەمانەکەمان، بۆیە کارتۆنیە، چونکە پەرلەمانی تەنیا پارتییەکانەو ئەندامەکانی لەداشی دامەو مورچەخۆری پارتییەکان زیاتر، چیتر نین و ئەوەی لای ئەوان گرنگبێ، ئەوەیە پارتییەکان لێیان ڕازیبن!.

ئاشکرایە لەکۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا، بەردی بناغەی هەموو دیوارەکان، پەرلەمانە. بنەما یاساییە گشتییەکەش ئەڵێ (ئەوەی لەسەر بۆش دروستبکرێ، ئەویش هەر بۆشە) کەواتە ئەبێ لەپەرلەمانێکی پتەوەوە دەستپێبکەین. پەرلەمانی پتەویش ئەوەیە نوێنەری ڕاستەوخۆیدەنگدەرانی بێت نەك سەپێنراوی لیستی پارتییەکان و شێوازی ڕێژەیی بێت، وەك ئەم پەرلەمانەی ئێستا کە پێویستە کۆتایی پێبهێنرێ و هەڵبژاردنێکیتر لەسەر شێوازی بازنەیی ئەنجامبدرێت. بۆ ئەوەی هەر ناوچەیەو نوێنەری خۆی بناسێ. ئەوسا پەرلەمانتارەکان، هەست ئەکەن زیاتر نوێنەری دەنگدەرەکانیانن، با ئەو پەرلەمانتارە حیزبیش بێت. ئیتر ئەو هەوڵ ئەدات زیاتر جەماوەرەکەی لێی ڕازیبێ. جەماوەرەکەش، جارێکیتر دەنگی ناداتێ ئەگەر لەئاستی کارەکەیدا نەبێت.

پەرلەمانێکی لەو جۆرە، لەدیاردەی پەنجا بە پەنجاش ڕزگارمان دەکات. چونکە خەڵکی بێلایەنیشی تێدەکەوێت. دواتر لەوپەرلەمانەوە، حکومەتێکی یەکگرتوو بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، دەستبەکاربێت. ئەو حکومەتەش، ئەبێتە حکومەتی یاسا، نەك هی حیزبێك. چونکە هەمیشە لە

مەترسی ئەوەدا نەبێ کە پەرلەمانەکە باوەڕی لێبسەنێتەوە. وەزیریش هەمان ترسی ئەوەی دەبێ ئەگەر کەموکووڕیی هەبێ؛ یا گەندەڵبێ، یا وەزارەتەکەی گەندەڵکاریی تێدا بێ، یاتێدا مابێ. واتا پاکتاوکردنی گەندەڵکاران لە حکومەتدا دەستپێدەکات و ئەنجامیش دەبێت.

٢- هۆی گەندەڵیی داراییی و ئاڵۆزەی داراییی پارتییەکان، ئەو پارە مفتە زۆرەیە کە ئارەوا ئەچێتە گیرفانی ئەو پارتییانە، یا گیرفانی سەرکردەکانیان. بۆیە ئەبێ بەبڕیارێکی پەرلەمان، هەموو داهاتەکانی دەوڵەت، بچنە گەنجینەی حکومەتەوە. هەر وەك لە هەموو دەوڵەتێکی یاسادا وایە. دوایی لە حکومەتەوە، ئەوەندەی پێویست خەرجی ڕۆژانەی پارتییەکان، دەرماڵەیەك وەرگرن. ئەویش تەنیا بۆ ئەو پارتییانەی ڕێژەیەکیان ئەبێ لە پەرلەماندا. کە ئەو پارە مفتە زۆرەش نەما، ئیتر بەڵگەنەویستە گەندەڵی داراییی ناو پارتییەکان نامێنێت.

٣- ئێستا بۆیە حکومەت دەستەوستانە لە ئاستی گەندەڵییەکاندا، چونکە سامان‌و زوربەی هێزە چەکدارەکان و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، لەدەستی پارتییەکاندایە. بۆیە ئەبێ هەموو ئەوانە ببنە هیحکومەت، وەك هەر دەوڵەتێکی یاساو دەستور.

ئەو چارەسەریانە. ئەشێ سەرەتا وا بنوێنن کە پارتییەکان لاواز دەکەن. لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەوە ڕاستە. ئەو پارتیانە کە ئێستا گەندەڵی تێیداون. ئەو گەندەڵیە وەك خۆرە لاوازیان دەکات‌و دەیانپوکێنێتەوە. هەڵەن ئەوانەی وا ئەزانن کە پارەو چەك‌و هۆکاری زۆری ڕاگەیاندن، ئەو پارتیانە، لە مەرگێکی چاوەڕوانکراو ڕزگار دەکەن.

ئەوانە بە گشتی، لەبارەی گەندەڵیەوە. ئنجا بۆ بەهێزکردنی قەوارەسیاسییەکەشمان، سەرباری نەهێشتنی ئەو گەندەڵیە زۆرە، ئەم هەنگاوانەش پێویستن:

أ- متمانەکردن بەقەوارە سیاسییەکەی خۆمان، زیاتر لە متمانە بە دەسەڵاتی حوکم لە بەغداد.

ب- پڕچەککردنی هێزی بەرگری کوردستان لەنزیکترین کاتدا، ئەوە سەرەکیترین گەرەنتیە بۆ پاراستنی قەوارەکەونەتەوەکەمان. پەندە کوردییەکەی خۆمان (کوتەك ئەزانێ قۆناغ لە کوێیە) لە سەرەتای مێژووەوە تاەتا، هەر دروستو کاریگەرە. ئێمە ئەگەر ئێستا ئەو سامانە لێشاوو زۆرەی بۆمان ڕژاوە، لەجیاتی گەندەڵیەکان‌و پرۆژە رووکەش‌و ناپێویستەکان، هێزێکی بەرگری مودێرنی پێ پڕچەك بکەین، ئەوا نەك فیدراڵی، بەڵکو سەربەخۆییش تا ئەوپەڕی سنوورە سروشتییەکانی کوردستان لەئامێزماندا دەبێت.

ج- هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن میللەتەوە ڕاستەوخۆ.

د- دروستکردنی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی بەهەموو دەسەڵاتەکانیەوەو دوور لە دەسەڵاتی پارتییەکان.

هیوادارم توانیبێتم خشتێکم خستبێتە سەر خشتێك بۆ نەهێشتنی گەندەڵی‌و بە ئەنجامگەیشتنی کاروانی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان.

هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ ئەنجامدار نەبوون ؟

بەمەبەستی توێژینەوە لەحوکمەت و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر ، وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان لەهەولێر ڕۆژانی ١١- ٢٠٠٦/٤/١٤ فیستیڤاڵێکی لەهۆڵی وتێل خانزاد سازدا . وتەکەی من ، کورت و پوخت ، بریتی بوو لەو پرسیارەی سەرەوە کە وەڵامەکەی لەسێ تەوەردا دایەوە :

یەکەم : ئینگلیز نەیویست کورد قەوارەیەکی سیاسی هەبێت لەوسەردەمەدا . ئەونیمچە قەوارانەش کەخۆیان ئەنواند لەحوکمدارییەکەی (١٩١٨/١١/١) وە مەلیکێتیەکەی (١٩٢٢/١١/٣)یدا ، لەگەمەیەکی سیاسی و بەکارهێنانی شێخ وەك کارتێکی گوشار بۆ سەر تورك و عەرەب بەولاوە ، چیتر نەبوو . پەیمانی سیڤەریش (کەلەڕاستیدا ، نەبوو بەپەیمان ، چونکە بەپێی هەندێ سەرچاوە ، واژۆ نەکرابوو) ئەویش هەرگەمەیەکی سیاسی کارتێکی گوشاربوو بۆ سەر تورکیا ، تاناچاری بکات دەستبەرداری ویلایەتی موصلْ ببێ و ملبدات بۆ پەیمانی دیاریکردنی سنوری تورکیاو ئیراق .

کێشەکە لەلای شێخ مەحمود لەوەدابوو کەنەیئە زانی هەموو ئەوگەمە سیاسیانە ، بۆ ئەوە بوو ئینگلیز دەس بەسەر نەوتی ویلایەتی موصلدا بگرێت کەلە ساڵی ١٩١٢ ەوە نەخشەی بۆ کێشابوو کۆمپانیای نەوتی تورکی T.P.C بەریتانی – هۆڵەندی – ئەڵمانی بۆ دروست کردبوو .

دووەم : نزمی ئاستی هۆشیاری نەتەوەی لەلای کورد لەوسەردەمەدا کەبوە هۆی ئەوەی شێخ محمود تەنیا باڵبی لەشۆڕشەکانیدا (جگە لەهەندێ نیمچە لایەنگری لەژمارەیەکی کەمی هۆزە کوردیەکانەوە) کەنەبوونە هۆی یەکدەنگی و گشتگیری شۆڕشەکان .

سێیەم : چەمکی شۆڕش لەلای کورد کەهەمیشە ، بەدوای تێکچوونی دەوڵەتی ماندەوە ، ناتەولو بوون . یابەدەربڕینێکی تر : شۆڕشەکان ، سەقەت بوون ! . چوونکە هەموویان ، شۆڕشی سەرنەکەوتوو بوون ، کەچی هەردووپارەکردنەوەی یەکتربوون بەهەمان شێواز . ڕوی هەڵەو ناتەواوی سەقەتیەکەش ، لەوەدایە کەئەو شۆڕشانە لەسنوری کوردستان تێپەڕیان نەکردووە ، بگرە بەزۆری ، لەشارەکانی کوردستانیش کشاونەتەوە بۆ شاخەکانی و لەوێ شۆڕش گێڕەکان تەنها بەرگریان لەخۆیان کردووە ! گەلێ جاریش بوونەتە هۆی ئەوەی ، دانیشتوانی شارەکان ، بێن بەزۆر دەست و پێی دوژمنەوە .

ڕاست وانەبوو پرژی شۆڕشەکان ، پایتەختەکانی دوژمنی هەڵتەکاندایە و نەیهێشتایە ئەو دوژمنانە لەماڵەکانی خۆشیاندا ئارام بوونایە . بەوە پشتی دوژمن دەشکێ ، نەك تەنها بەشە ڕێ ناوشاخەکانی کوردستان ، ئەووەش یەك لەسەر سەدی قوربانیەکانی ناو شاخ و شارەکانی کوردستانی ناوێت .

(ئەنجام)

١- ئێستاش ، هەندێ لەهێماکان ئەوە دەگەیەنن کەهاوپەیمانان ، هەرئێراقی یەککگرتوو ئامانجیانبێ ! بەرامبە ر ئەرکێکی وا ، ئەرکی کورد ئەوەیە کەنەك هەرنەبێتە هاوپەیمانێکی ئەریەککگرتوویە ، بەڵکو هۆکاری یەکنەگرتنیشیبێ .

٢- بنەمایەکی یاسایی گشتی دەڵێ : ئەگەر ڕێگر نەما ، ڕێلێگیراوە دەگرێتەوە (اذ زال المانع ، عاد الممنوع) ڕێگرەکەش بۆ دروست نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ کورد تائێستا نەوتەکەی کرکوك بووە کەڕۆژئاوای مسۆ گەرکردنی ئەونەوتە بۆ خۆی ، لەعێراقێکی یەککگرتوودا دەبینێت . بەرامبەر بەوە ، ئەرکی کورد ئەوەیە کە نەیەڵێ ئەونەوتە بەئاسانی بچێت بەگەرووی ڕۆژئاوادا . ئەویش بەوەی کورد خۆی دەستبگرێ بەسەرکرکوکدا . کەئەوەش ڕەواو ئاساییە چونکە شارێکی کوردستانیە. ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا ، ئەوسا ببێتە ڕێگری ڕۆشتنی ئەونەوتی بۆ هەرهۆکارێك .

٣- کورد پێویستی بەهێزی چەکدارە . لەم قۆناغەی ئەمرماندا ئەبێ بەشی شێری داهاتەکانی کوردستان بۆ ئەومەبەستە تەرخان کرێ و قەدەغەی بەفیڕۆدان و گەندەڵی بکرێت .

٤- کورد ستراتیجی خۆی ئاشکرابکات کەسەر بەخۆیی کوردستانە . هەردەسکەوتێکی لەوەکەم تر ، تەرخان بکات بۆ ئەومەبەستە .

دوای تەولوبوونی وتەکە ، وتووێژ بەم جۆرە دەستی پێکرد :

د. هۆگر محمود : شۆڕشەکان هەموویان سەقەت نەبوون .

وەڵام : بەلای منەوە ، هەموویان وەك یەك سەقەت و ناتەواو بوون . چونکە هەموویان دوپاتەو دووبارە کردنەوەی یەك بوون . هیچ کات دوژمن بەشۆڕشی شاخەکان ناڕوخێ و دەست لەکوردستان هەڵناگرێ . کام لەوشۆڕشانە ، چەند کردەوەیەکی سەربازی لەپایتەختی دوژمندا ئنجام دا ؟

د. ناصح عبدول غفور : قسەکان ناوەڕوون ، پەیمانی سیڤەر ئیمزا کرابوو ، شۆڕشەکان هیچی خراپ نەبووە . ئەودەست کەوتانەی ئەمڕۆ ، بەرهەمی ئەوشۆڕشانەیە . واقیعی ئەمڕۆ جیایە لەگەڵ خەیاڵدا .

وەڵام : پەیمانی سیڤەر واژوو نەکرا . من بەڵگەم هەیە ئەوە میستەر ئەنتۆنی کیگەر دڵنیشتومو ئەڵێ هەموویان بەڵگە نامەکانی زمانی کۆمەڵی نەتەوەکانم سەیر کردوە لەجنێف و پەیمانی سیڤەر بەبێ ئیمزایە . بەڵگەی دووەمم ئەوەیە کەکورد خۆی نوێنەرێکی نەبووە لەوپەیمانەدا . کەی کورد ئەوەندە بەختەوەربووە بەبێ نوێنەرێکی خۆی ، پەیمانێکی وای بۆ واژوو بکرێ !؟ ئەگەر تۆ بەڵگەت هەیە فەرموو من ئەم ووتوە شۆڕشەکان خراپ بوون . من خۆم هۆنراوەم بۆ شۆڕشەکان وتوە . من ئەڵێم : ناتەولو بوون سەقەت بوون .

د. ناصح : یانی شەل بوون ! ؟

وەڵام: شەل بوون گزج بوون ، هەرچی ناوبێنیت .. من ناڵێم شۆڕشەکان هیچ کاریگەریەکیان نەبووە . لەبارەی خەیاڵ و واقیعیشەوە ؟ من ئەڵێم : فیدراڵی نەك سەربەخۆی . فیدراڵی لەگەڵ کێ ؟ لەگەڵ مقتەداو جەعفەریو سوننەی تیرۆرست ؟ ئینجا ئەوەی ئێستا پێیدەوترێ فیدراڵی ، ئەوە فیدراڵی نیە ، چونکە دەستورەکە ئەنجومەنی هەرێمەکانی بەجێ هێشتووە بۆ یاسایەك کەپەرلەمان دەری دەکات ! لەکاتێدا ئەنجومەنی هەرێمەکان ئەبێ باڵادەستی بەسەر پەرلەماندا هەبێ نەك بەپێ چەوانەوە .

د. حوکمەتەکەی شێخ محمود ، ئەزموونە ب ۆ ئەمڕۆ

وەڵام : پێویستە ئەزمونبێت ، بۆ ئەوەی هەڵەکان دووبارە نەبنەوە .

د. حەسەن جاف : شۆڕشی ئەمڕۆ ، هەموولنی گزکردەوە شۆڕشی هێنایە ناوشارەکانی کوردستانەوە .

وەڵام : بەڵام دەستی نەگەیشتە پایتەختی داگیرکەر !

لەدەرەوەی هەوڵەکەش ، وتوو وێژ درێژەی هەبوو وەڵامەکانیش بەمجۆربوون :

ئێوەبزانن کەسێکی وەك بنلادن ، چۆن دەستی گەیشتە ژێر ئەرز !؟ تۆ وازبێنە لەمەبەستەکەی بنلادن ، چاکە یاخراپە ، من وەك نمونەیەك ئەڵێم . ئەی کورد بۆ دەستی نەگەیشتە پایتەختی ئەو داگیر کەرانەی شەڕی قەلا چۆکردنیان لەگەڵ دەکردین ؟ ئاخر کەسێکی وەك زەعیم صدیق چی پێ نەکردین ؟ کەچی کەخانە نشین بوون ، لەبەغدا بەجۆتێ نەعل و دزدلشەیەکەوە لەچاخانەکاندا ، تاوڵەی دەکرد ! بێ ئەوەی شۆڕش هیچی لێ بکات . ئەی نەئەوترا ئەوەی لەگەڵ عوسمان فایەق کرا ، کەکوردێك بوو لەگەڵ ئەوو وێنەکانی وەك ئەویکرلیە ؟

جگە لەوانە ، شۆڕشەکان ، بەپێی نەخشەو پلانی زانستیانەی پێشەکی نەبوون هەریەکە و شۆڕشی ناوچەیەك بوو . ناوچەکانی تر ، ئەگەر جاش نەبوو بن ، سەیر کەربوون !! یابەولتایەکی تر وەك مەڕی دلبەستە، چاوەڕوان بوون تاچەقۆی قەصابیان دەگاتێ !!! .

٢٠٠٦/٤/١٣

* زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە ، لەکتێبی کوردلیەتی و سەربەخۆر – کامیل ژیر – ٢٠٠٢ وتاری (حکومەتەکەی شێخ محمود بۆ سەرکەوتوو نەبوو ؟) پیشاندراوە .

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
وشەیەکی پێویست	٣
دەفتەرەکانی بیرەوەری بۆ رۆژنامەی تایم	٥
لەنێوان بارزانیو کاژیکدا	٧٧
ئدریس بارزانیو کاژیك	٨٠
ئەلقەیەکی تر لەزنجیرەی بیرەوەرییەکان	٨١
دەستوری عێراقو کوردستان	٨٢
لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لەهەرایەکدا	٨٦
لەوەلامی دلوپەکی بەڕێز هیمدادی حسەین بۆ نامەی ماجستێرەکەی	٩٠
بەدوادلچونێك لەسەر وتارێکی کاك فریاد رەواندزی لەبارەی یەکگرتنەوە	٩٣
رەفیق حیلمی لەئیبراهیم ئەحمەد زویر بوو ـ بۆ گۆڤاری تایم	٩٥
لەوەلامی پرسیاری بەڕێز سیروان کاوسیدا ـ بۆ گۆڤاری کۆنگرە	٩٧
مافی کورد لەبیرەوەرییەکانمدا ـ بۆ گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی	٩٨
وەلامێکی دۆستانە بۆ بەڕێز د. کوردۆ عەلی ـ بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ	١٠٥
کاژیك وەك بیروباوەڕ ماوەو رۆژێك ئەبێت بچێتەوە قالبی رێکخستنەوە ـ بۆ رۆژنامەی هاوبیر	١١٥
کوردایەتی نەك پارتایەتی ـ بۆ رۆژنامەی هاوبیر	١١٧
فرە پارتی رەولیەتییەکی نابێ تا نیشتمان رزگاری نەبێ ـ لەوەلامی پرسیارێکی بەڕێز د. جەمال نەبەزدا.	١١٩
نەتەوایەتی ـ بۆ گۆڤاری ئایندە ـ لەوەلامی پرسیارەکانی بەڕێز عەتا قەرەداغیدا.	١٢٢
هێشتا ساغ نەبۆتەوە کە شێرکۆ بێکەس هەستیارێکی بەهرەمەندە ـ لەوەلامی بەڕێز د.عوسمان بەرزنجیدا.	١٢٦
ئالای بەعس لەسلێمانیدا ـ بۆ رۆژنامەی جەماوەر ـ لەوەلامی بەڕێز زانیار قرگەییدا.	١٣٩
رێبین هەردیو بەهەڵەتێگەیشتن لەکێشەی کەرکوکو کوردو دیموکراسی ـ بۆ رۆژنامەی هاولاتی.	١٤١
با لەقۆناغی قسەوە بگوێزینەوە بۆ قۆناغی کار.	١٤٤
خاوەن فایلەکان ـ بۆ رۆژنامەی جەماوەر ـ لەوەلامی بەڕێز زانیار قرگەییدا.	١٤٩
با منیش قسەی خۆم بکەم ـ بۆ رۆژنامەی هاولاتی	١٥١
بڕیاری ١٣٧ بۆ رۆژنامەی هاولاتی.	١٥٢

دروستو نادروست لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا ـ بۆ رۆژنامەی هاوبیر	١٥٤
چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد لەڕێگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە.	١٥٧
هەندێ لەنەدمیانی کاژێک رەنگدانەوەی هەڵبەستەکانی منن ـ بۆ گۆڤاری هەرێم ـ لەوەڵامی بەڕێز کانیشدا.	١٦٣
کۆنگرەی دووەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان ـ بۆ رۆژنامەی هەواڵ.	١٦٨
گەمەی عێراق	١٧١
خۆپیشاندان لەکۆشەیەکی بیرەوەریدا ـ بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی.	١٧٣
لامعنى للفيدرالية من غير مجلس الاقاليم ـ بۆ رۆژنامەی رایة الحرية.	١٧٨
الخبز ليس من عمل القصاب ـ بۆ رۆژنامەی رایة الحرية ـ وەڵامێك بۆ بەڕێز د. كمال مظهر.	١٧٩
کێڵگەی رەسەنی کوردایەتی کوردستانە ـ وەڵامێك بۆ بەڕێز د. حسەین محەمەد عەزیز	١٨٢
عێراقو هەڵبژاردنو ریفراندوم ـ بۆ گۆڤاری کۆنگرە ـ لەوەڵامی پرسیاری بەڕێز سیروان کاوسیدا.	٢١٠
بەڵگەنامەیەکی مێژوویی ـ معاریفی کوردستان.	٢١٢
بەڕێز مەلا بەختیارو هەویجەو نەخشەی نوێی تیرۆرو تەعریب.	٢٢٠
هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥/١/٣٠ بۆ رۆژنامەی هاوبیر.	٢٢٢
تیرۆرو غافلکوژی لەکوردستاندا.	٢٢٤
بڕیاری ٦٨٨ لەدیدی یاساناسانی کوردستانەوە.	٢٢٦
وردە رازێك لەبارەی رۆژنامەنووسیەوە.	٢٣٠
شیعری کوردی ئەمڕۆ لەمەرگەساتێکی هەقیقی دایە.	٢٣٢٠
ئەبێ چارەنوسی کەرکوك، خەڵکی کەرکوك خۆی دیاری بکات.	٢٣٤
کوردایەتی بیروبڕوا.	٢٣٦
بەرهەمو بڕوانامەکان.	٢٣٩
باروودۆخی کوردستان لە لیدس	٢٤٣
لێدوانێکی بابەتیانە لەسەر دەستوری عێراقی	٢٤٨
کۆڕە تەلەفیزیۆنییەکەی بەڕێزان نەوشیروان ـ عیمادو	٢٥٢
هەوڵەکانی شێخ مەحمود بۆ ئەدجامدار نەبوون ؟	٢٥٥

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کوردیەتی بیرو براقە

ژێر

وەڵام و پەرچدانەوە

پەرچدانەوەکان بۆ بەڕێزان:

١- فریاد رەواندزی
٢- د. کوردۆ عەلی
٣- شێرکۆ بێکەس
٤- ڕێبین هەردی
٥- د. کەمال مەزهەر
٦- ئەحمەد حامید
٧- د. حسەین عەزیز

وەڵامەکان بۆ بەڕێزان:

١- شۆڕش قادر
٢- هیمدادی حسەین
٣- گۆڤاری تایم
٤- گۆڤاری جەماوەر
٥- پەیامی مرۆڤایەتی
٦- رۆژنامەی هاوبیر
٧- د. جەمال نەبەز
٨- عەتا قەرەداغی
٩- د. عوسمان بەرزنجی
١٠- زانیار فرگەیی
١١- ئاسۆس هەردی
١٢- کاندێش
١٣- رۆژنامەی هەواڵ
١٤- راية الحرية
١٥- سیروان کاوسی
١٦- مەلا بەختیار
١٧- چێنەر جۆلا
١٨- بۆتان جەلال
١٩- نەوشیروان مستەفاو عیماد ئەحمەد

لەگەڵ شەش بابەت:

١- بارزانیو کاژێک
٢- خاوەن فایلەکان
٣- گەمەی عێراق
٤- دەستوری عێراق و کوردستان
٥- کێشەی کوردو یاسای نێودەوڵەتی
٦- خۆپیشاندانەکەی ١٤/٢/٢٠٠٤و شتی تریش

نرخی ٢٠٠٠ دینارە